# مێنتەلێتیی خێڵ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# مێنتەلیتیی خێڵ

محەمەد فەریق حەسەن

ناوی کتێب: مێنتەلێتیی خێڵ
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٢٠
هەڵەگری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩٠٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێڕست

بەرایی ........ 9

پاژی یەکەم: خێڵ چییە؟ ........ 12

پێناسەیەکی خێرای خێڵ. سیستمی خێڵ هێشتا لە زۆر شوێن بەرقەرارە. خودکەفایی. سەرخێڵ. دەسەڵاتی سەرخێڵ. سۆزبەندی. مەرج نییە هەموو تاکێکی کورد خێڵەکی بێت. خێڵ مەڵبەندی کولتوور و داوونەریتەکانە. کەینێ ڕۆژی خێڵ و خێڵایەتیی ئاوا دەبێت؟. خێڵی شارە گەورەکان.

پاژی دووەم: ئاکاری مرۆڤی خێڵەکی ........ 37

کەسیەتیی چییە؟ خێڵ، پێش مەرجی ڕەسەنایەتی. نەوەی زۆر و بەرخی نێر. دەستی سڵاو. مەزنایەتی. بەشاندا هەڵدان. خێڵ کاتێک لێی دەقەومێت. خێڵی بێ دەفتەر و تۆمار. بەرچاوتێری و میواننەوازی. کەرامەت ڕووشاندن. ژن هەڵگرتن. زۆرەدەستگرتەی (إغتصاب). ئامادەباشی و توندوتیژی. فەرهەنگی سوارچاکی و چێوداری. جیاوازیی نێوان نیشتەجێ و کۆچەری. جیاوازیی نێوان خێڵی کورد و خێڵی عارەب. پیاو قسان دەکات. کوڕانی خێڵ متووی چەکن. مەرج نییە پۆستی سەرخێڵ بۆماوە بێت. خێڵ هەمیشە لەسەر هەقە. خێڵ لە هەموو سەردەمێکدا سوودمەندە. دیوەخانانە.

پاژی سێیەم: خێڵی کورد و پرسی نیشتمانی ........ 83

ئازایەتی. بەڵام بێ نەخشە و پلان. خێڵ کۆسپی ڕێی سەرفرازی. کەمسەریی نەتەوایەتی لای سەرخێڵی کورد. جاف و هەمەوەند و میرنشینی بابان. خەونی ئەورەحمان پاشای بابان. لە شۆڕشەوە بۆ کوردانەی جەنگ. مەلانێی نێوان

خێڵەکان. لە ڕۆژهەڵات و باکوریش هەمان پەتا بەردەوامە. خێڵ و پرۆسەی ئەنفال. خێڵ لەگەڵ سەرخۆبووندا نییە. ئەوێتیی "ئایدێنتیتی" ناتەواو. کاریگەریی بەعس لەسەر خێڵی کورد. میر و سەرخێڵ هەمان مێنتەلێتی. خێڵ و سامانی نیشتمانی.

پاژی چوارەم: تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە ........ 117

تۆڵە مێژوویەکی ڕەگاژووی هەیە. قوربانی جۆرێکە لە تۆڵە. جەنگی نێوان خێڵی توتسی و هۆتۆ وەک نموونە. خێڵی کورد مێژوویەک لە تۆڵە. خێڵی کورد تۆڵە لە بیانی ناکاتەوە. نموونەی تۆڵە لە شۆڕشی نوێدا. ئەمیر نیزام و هەمزاغای مەنگوڕ. کەشکیش برای دۆیە.

پاژی پێنجەم: ترش و تاڵانی ........ 139

خێڵ دزیی بەمێرخاسی دەزانێت. قەدەغە و پاوان. ڕاپەڕین و ترش و تاڵانی.

پاژی شەشەم: خێڵ دوای نیشتەجێبوون ........ 157

جیاوازیی گرینگ. لە نێوان گەڕیان و نیشتەجێبووندا. ئاژاوەی نێوان ڕەوەند و نیشتەجێ. کۆچ یەکسانە بە ئازادی. ماڵی سەرخێڵ داڵدەیە. جووتیاری بارگران. دیاردەیەکی سەرنجکێش. بەپیرۆزکردنی دەسەڵات. سەرخێڵ یان کۆنت و بارونەکان؟. باجەکانی سەرخێڵ و تایبەتمەندیی هەورامان. ژن دوای نیشتەجێبوونی خێڵ.

پاژی حەوتەم: نووسەری خێڵەکی ........ 179

پاشناوی خێڵ لەپای چی؟. خێڵ و ناوچە هاوسانن بەیەک. بەبێ پاشناویش داهێنان دەکرێت. نووسەر و هونەرمەندی ژن و پاشناوی خێڵ. نازناوی خێڵ و نەزمی نوێ. خێڵی ئەدەبی لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا.

پاژی هەشتەم: ژن لە دیدی خێڵەوە ........ 191

مێژوویەک لەگریان و خۆڕنینەوە. مێیینە لە شەجەرەی خێڵدا جێی نابێتەوە. کوشتنی ژنان لەسەر پرسی شەرەف. خۆشەویستیی و ژن و ژنخوازی لە لای خێڵ. کچ کەس پیرۆزانەی بۆ ناهێنێت. ترس لە شەوی یەکەم. ژن هەردەم لە دڵەڕاوکێدا دەژی. ژن کاتێک تەرازووی هێز ڕادەگرێت. سوورانە. ژن بەشێکە لە پێداویستییەکانی پیاو. ئەو پیاوانەی بەناوی دایک و ژنەکانیانەوە ناسراون. وێنەی ژاکاوی ژن لە پەندی کوردیدا. کاریگەریی خێڵی عارەب. جیاوازیی

جەستەیی. دووفاقیی پیاوی خێڵەکی. حیشمەت تایبەتە بە ژن. گەلەکۆمەکیی دین و خێڵ لەسەر ژن. هاوسەرگری بەتەمەنێکی کەمەوە. لە سایەی خێڵدا چەوسانەوەی مێیینە بەردەوامە. سوڵحی عەشایەری و مافی ژن. چەمکی جوانیی ژن لە دیدی پیاوی خێڵەکییەوە. ژن لە گەمەی شەڕە گاگەلدا. خواژنەکانی قۆناغی دایکسالاری.

پاژی نۆیەم: حزبی خێڵەکی ........ 275

بەیەکداچوونی خێڵ و حزب. پەز و شوان. میلیشیای حزبی خێڵەکی. گرینگیدان بەڕواڵەت. ژن لە حزبی خێڵەکیدا. حزبی خێڵەکی لە سروشتی گورگدایە.

پاژی دەیەم: مێنتەلێتیی خێڵ ........ 295

ژیرێتی چییە؟. عەقڵییەت یان مێنتەلێتی؟. مێژووی مێنتەلێتی خێڵ پارێزەری سیستمی پاتریێرکاڵە. کۆمەڵگەی زۆرەملێ و کاریگەریی بۆ سەر مێنتەلێتی. مێنتەلێتیی هەژار. کێ خێڵەکییە؟. تاکی خێڵەکیی. بە هاووڵاتی حیساب نییە. ئێمە و ئەوان. ناکۆکیی بێ بناخە. خێڵ و کۆمەڵگەی مەدەنی. ترس لە گۆڕان. خۆڕازاندنەوە. ئۆرتی ڕووناکبیری. حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە، ڕەش یان سپی. گومان و تۆڵەی بەردەوام. مێنتەلێتیی دەستەجەمعی و ئاوەزی میکانیکی. نابەرابەری. تاکێتیی "ئیندیڤیجوالیزم". عەیبە حەیامان چوو لیستێکی درێژی هەیە. میرایەتی وەک تاڵانی و دەستکەوتی جەنگ. ئەوێتیی "ئایدێنتیتی" تاکەکان کۆ دەکاتەوە. ئەوێتییەکی کاڵەوەبووی شێواو. سیماڵێکی گەورەی هاوچەرخ. کوردبوون و جیهانیبوون.

پاژی یازدەم: چارەسەر ........ 379

سەرچاوەکان ........ 388

# بەرایی

کەسمان وەک کوارگ لەو عەردە هەڵنەتۆقیوین. باپیرانی زۆرێک لە ئێمە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، جەنگاوەری خێڵ بوون. تەمەنیان لە گەرمیان و کوێستان و بن ڕەشماڵدا بەسەر بردووە و شانازیشیان بەخێڵەکانیانەوە کردووە و تیر و کەوان و شمشێریان حەمایل کردووە. لە ترش و تاڵانیش کۆیان نەکردووەتەوە. مێژووش هەر ئەوەیە کە ڕووی داوە. بەڵام ئێمە بۆمان هەیە شرۆڤەی ئەم مێژووە بکەین و لە دیدی ئەمڕۆوە بیخوێنینەوە. واتە بەر لەوەی ڕەخنە لە هەر ئازیزێک بگرم، لە پێشدا و ڕاشکاوانە ڕەخنەم لە باپیرانی خۆم گرتووە. بەهیوام دڵی هیچ کەسێک، یان هیچ خێڵێکم نەڕەنجاندبێت.

ئەم کتێبەش لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی مێنتەلێتیی خێڵ. هەرگیز نیازم بریندارکردنی ئەم و ئەو نییە. مێژوومان، کە موڵکی هەموومانە ئاوا هاتووە و ئەمەیە حەقیقەتەکەی، لانی کەم بەلای منەوە. هەر ئازیزێک بەم گوتار و دید و بۆچوونەی بەندە، گەرد لە دڵی دەنیشێت، بەداوای لێبووردنەوە چاوەکانی ماچ دەکەم. با ئەو ئازیزە بەوجۆرەی، خۆی بەلایەوە دروستە، لەسەر مێنتەلێتیی خێڵ بنووسێت. دیارە ڕاکانی بەندەش پیرۆز نین، دەکرێت گەنگەشە بکرێن، تەنانەت ڕەتیش بکرێنەوە.

مەبەست لە ورووژاندنی ئەم باسە، لاقرتیش نییە بەهیچ نووسەر و هونەرمەندێک. بەڵکو ڕۆشنایی خستنە سەر بابەتێکە، دەبوو لەمێژەوە لە لایەن ئەو ڕووناکبیرە ئازیزانە خۆیانەوە تاووتوێ بکرایە. سەبارەت بەهونەرمەند، مەبەست لەو توێژە ڕووناکبیرەیە، کە لە بواری شێوەکار و شانۆ و مۆزیکدا چالاک و داهێنەرن و

بەشوێنداچوونیان هەیە.

زاراوەی نووسەر بۆ (سیاسەتنووس) بەکار نابەم. چونکە پێم وایە ئەوان بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی تایبەت بەخۆیان و حزبەکانیان دەنووسن. بگرە پاژێک لەم نووسینە ڕووی دەمی لە سەرجەم ئەدیبانە. هەر دیاردەیەکیش ملی بگریت، دەکرێت لەسەری بووەستیت و لە هەمبەری بدوێیت. نەخاسمە ئەم دیاردەیەی، کە لێرەدا لەسەری دەڕۆم، پێوەندیی بەتوێژێکی کۆمەڵەوە هەیە، کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر زەین و هزری وەچەی نوێدا هەیە.

دەزانم بەندە یەکەم کەسم بابەتێکی وەها هەستیار و ناسک دەوروووژێنم. هەموو دەستپێشخەرییەکیش، ئەرێنی بێت یان نەرێنی، ڕەنگدانەوەی دەبێت. هەن دەبنە لایەنگر و هەشن پێشبڕیاریان داوە دژ بەهەموو وتارێکی نوێ بن و دەنگی گازن بەرز دەکەنەوە. ئەوانەی وا نازناوی خێڵیان هەڵگرتووە و خۆشیان بەئەدیب و هونەرمەند دەزانن، ڕەنگە سەرکۆنەم بکەن و باس و خواسی وەهاشیان بەئاسانی پێ قووت نەچێت. بەڵام بەهەردوو بارەکەدا مەردم سەرپشک و ئازادن چۆن بیر دەکەنەوە.

لەم کتێبەدا گرینگییەکی زۆرم بەئافرەت لە دیدی خێڵەوە داوە. ئەو پاژەی بەڕەوشی ژنی بن دەسەڵاتی خێڵ تایبەتە، لە زۆربەی پاژەکانی دیکە درێژترە. لێرەدا هیچ مەبەستم نەبووە خۆم بکەمە پارێزەر و بەرگری لە مافی ژن بکەم. چونکە پێم وایە زۆرینەی ئەو پیاوانەی بەرگری لە ژن دەکەن ڕاستگۆ نین و نان و پیازی پێوە دەخۆن. بەپلەی یەکەم، گەرەکە ژن خۆی بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات. گومانی تێدا نییە، ئەوان لە من و لە هەموو ئەو پیاوانەشی خۆیان بەدەمڕاستی ژنان ناوزەد کردووە چاکتر دەزانن کێشەکانیان چین و چلۆنیش چارەسەر دەکرێن. ئەمڕۆکە کوردی باشوور لە هەموو سەردەمێک زیاتر ژنی سەلار و ڕووناکبیری هەیە.

ئەوەندە هەیە، وەک پاشتر لە پاژی "ژن لە دیدی خێڵەوە" بەدرێژی دێینە سەری، لە سەرەڕۆییەکانی کوڕانی خێڵدا، دایک و کۆرپەکەی لە هەمووان پتر زیانیان پێ دەگات. دوای ئەوەش من لێرەدا لە کێشەی ژنی ژێر سایەی سیستمی خێڵ وەک خۆی، کە هەبووە دەکۆڵمەوە و هیچ مەبەستێکی دیکەی نهێنیم لە پشتیەوە

نەشاردووەتەوە.

بەندە منداڵی قەرەداخم. مەگەر لە سەروبەندی ئەنفالدا دەنا لێی دانەبڕاوم. هەمان دەستوور لە گەرمیانی مەڵبەندی خاڵوانیشم دانەبڕاوم. بەشێکی تەمەنی هەرزەکاریشم لە شاری هەڵەبجەی زێدە ئازیز گوزەراندووە، کە مەڵبەندی ئێلی جافە. ماوەی نۆ ساڵانیش لە نێو خێڵەکاندا، لە دەڤەرەکانی شارەزوور و دەشتی هەولێر مامۆستا بووم. واتە ساڵانێک بەکردەوە لە نێو چەندین خێڵدا ژیاوم. لە نزیکەوە و بەپەرۆشەوە گوێم لێ گرتوون و سەرنجی ژیان و گوزەرانیانم داوە. وێڕای ئەوەی، بۆ نووسینی ئەم کتێبە پشتم بەدەیان سەرچاوەی ناوازە و دەوڵەمەند بەستووە. لەگەڵ ئەوەشدا کار نییە کەموکوڕیی تێ نەکەوێت.

محەمەد فەریق حەسەن

کۆپنهاون

٢٠٠٨/٠٨/١٠

# پاژی یەکەم

## خێڵ چییە؟

### پێناسەیەکی خێرای خێڵ

خێڵ لە کۆندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی بووە. هەستی بەجۆشی دەمارگیری (تعصب) بۆ خێڵ تاکەکانی خێڵی پێکەوە گرێ داوە. هەر ئەم دەمارگیرییەشە بۆیان بووەتە سەرچاوەی هێز؛ توانای مانەوە و بەرگری پێ بەخشیون. تەواوی نەتەوە ئارییەکان سەرەتا، لە سەدان خێڵی خاوەنی بڕوا، ئاین، شێوەزار و زمانی جیاواز پێک هاتبوون. وەک گەلێک لە سەرچاوە مێژووییەکان باس دەکەن، لە باکوری ئەوروپاوە ڕووەو باشوور ڕەویان کردووە. کوردیش کۆمەڵێک خێڵ بووە لە نێو ئەم سەدان خێڵەدا و لە نیشتمانی ئێستایدا گیرساوەتەوە. شانازیکردنی لە ڕادەبەدەری تاکی کورد بەخێڵەکەی خۆیەوە، وەهای کردووە کورد بەگشتی نەتوانێت خۆی لە چوارچێوەی خێڵ ڕزگار بکات و نەتوانێت نەتەوە چێ بکات. بگرە خێڵە کورد بەوشەی (نەتەوە) نائاشنابوون، تاکو لە ماناکەی تێ بگەن و بەهەندی بگرن و هەوڵی چێکردنی بدەن.

ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان خێڵ و شارستان لەوەدا بێت، خێڵ بەپشت و بەخوێنەوە دەنازێت و شارستان خۆی بەخاکەوە گرێ دەدات. خێڵ گەڕۆکە و شارستان نیشتەجێیە. پێداویستییەکانی خێڵ سەرەتایین و شارستان تەکلیف و پێویستییەکانی پتر و ئاڵۆزن.

خێڵ لە کۆمەڵە خەڵکانێک پێک دێت، کە پێوەندیی خوێن، واتە خزمایەتی لەگەڵ یەکدا کۆی کردوونەتەوە. بەردەوام بەهۆی هاوسەرگیری لە نێوان خۆیاندا ئەم خزمایەتییە نوێ و پتەوتر دەکرێت. ئەمانە بەزۆری، لە بنەچەدا باپیرە گەورەیەکیان هەبووە و هەموو لەوەوە کەوتوونەتەوە. پاشان لکیان لێ جودا بووەتەوە. کاتێک تاکێکی خێڵ ژن لە خێڵێکی دیکە دەخوازێت، ئەوا منداڵەکانی پاشناوی خێڵی پیاوەکە هەڵدەگرن نەک ژنەکە. هەندێک جاران کەسانی بێ پشت و پەناش خۆیان بەنێو خێڵێکی بەهێزدا کردووە تاکو بیانپارێزێت و لە سایەیدا هەست بەپشت و پەنا بکەن.

هەرکە باسی خێڵت کرد، ئیدی بیرت بۆ لای ڕانەمەڕ، گا و گۆتاڵ و ئەسپ و وشتر دەچێت. ئەم خێڵانە مەڵبەند و کانگەی سەرهەڵدانی ئەفسانە و حیکایەتەکانن. هەیانە سەبارەت (خەلق) و دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی، ئەفسانەی تایبەت بەخۆیان هەیە:

"بیرنت گلاتزەر" لە تافی نووسینی کتێبەکەیدا، بەناوی "چەمکی جڤاکی خێڵەکی" یەکێک لەو پاشتوونە خێڵەکییانەی، کە سەرگوزشتەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی خۆی موسوڵمانە و لە قورئاندا بەڕوونی چیرۆکی ئەفراندنی بابەگەورەی مرۆڤ باس کراوە، کەچی ئەو ئاوا "ئەفسانەی خەلق"ی لەمەڕ خێڵەکانی پاشتوون دەگێڕێتەوە: «کاتێک خواوەند ئاژەڵ و مرۆڤی ئەفراند. ئەو سەرەتا مێروولەیەکی نێری خولقاند ئەمجا مێیینەکەی. پاشان سابرێنێک و بزنەکەی. ئەوجا بەرانێک و مەڕەکەی، لە کۆتاییدا پیاوێک و ژنەکەی. لەمانەوە، کە بابەگەورەن، خێڵەکانی (قەوم) مێرووله و بزن و مەڕ؛ لە کۆتاییشدا خێڵی ئادەم خولقا.. ل ٣»

دیارە ئەم گێڕانەوەیە، ئەفسانەیە و فڕی بەسەر زانستەوە نییە. بەڵام ئەگەر زەینی بدەیتێ دەبینیت لە نێو ئاژەڵ و مرۆڤیشدا سەرەتا ڕەگەزی نێر دەرکەوتووە، واتە دەسپێک و ڕەسەنایەتی بۆ نێرە. دوای ئەوەش لە هەر جێیەک باس لە خێڵ کرا، ئەوا بەدوایدا مەڕ و بزن دێت. چونکە بەنزیکەی تەواوی خێڵەکانی ئاسیا پیشەیان مەڕومالات بەخێوکردن بووە.

عەباس ئەلعەزاوی، لە کتێبەکەیدا "عشائر العراق" ئاوا باسی ڕچەڵەکی خێڵی

هەمەوەند دەکات: «باپیرەگەورەیان خوامرادەشێر، لە ماهیدەشتەوە هاتووە. لقێکی بەناوی هەماوەند بیتونی لێ جیا بووەتەوە، نەهۆ لە نێوان قەسری شیرین و کرماشاندا نیشتەجێن. ڕێ و جێی بەرزیان لە ئێراندا هەبووە. خوامرادەشێر، چوار کوڕی هەبووە: یادگار، کە بەگزادە لەوانە و چەلەبیشیان پێ دەوترێت. سەفەر، کە سەفرەوەنی لێ کەوتووەتەوە، ڕەمەزان، کە ڕەمەوەنی لێ کەوتووەتەوە، ڕەشید، کە ڕەشەوەندی لێ کەوتووەتەوە. عشائر العراق، ج١، ص ١٥٦»

ئەندامانی خێڵ سۆزبەندییان لە ناودا هەیە و دەمارگیرییان بۆ هۆزەکەیان بەهێزە. واتە بەتەنگ ئێش و ئازاری یەکەوەن. سوورن لەسەر ئەوەی لەسەر یەکدی هەڵبدەنێ و بەدەستەجەمعی خۆیان لە هێرشی هێرشبەران بپارێزن. بەشێوەزار، یان بەزمانێکی هاوبەش دەدوێن. خاوەنی کولتوورێکی ناوکۆیین، کە بەتەنگیەوەن، پارێزگاریی لێ دەکەن و پەیڕەوی دەکەن. بەتێپەڕبوونی زەمانەش ئەم خێڵانە لکی نوێیان لێ بووەتەوە.

لە دنیای نوێدا، خێڵ مانایەکی ناجۆر و نەرێنیی لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگرتووە. تاکی خێڵەکی بەمانای مرۆڤی سەرەتایی، ناشارستانی، نیمچە کێوی، کاڵفام، ئینکار، توندەتەبیات و پاشڤەڕۆ دێت. بۆیەکا وەک چۆن لە ڕووی نەزاکەتەوە بەوڵاتانی پاشکەوتووی دنیا دەوترێت، تازە پێگەیشتوو، یانژی لە کاتی جەنگی سارددا بەجیهانی سێیەم ناسرابوون، بەهەمان مەبەست بەکۆمەڵگە خێڵەکییەکانی ئەفریکاش، کە لە سەدان خێڵ پێک هاتوون، بەزۆری زمانی ئاخافتنیان هەیە، بەڵام ئەم زمانانە هێشتا لە ئەلفابێتێکدا شکڵگیر نەبوون و لە بەردەم گوشار و ئەگەری توانەوەدان. ئەمانەیش لە ڕووی نەزاکەتەوە وەک کۆمەڵگەی فرەخێڵ یان (گرووپی ئیتنیکی) پێناسە و پۆلێن دەکرێن.

کاتێک توێژەرێکی ڕۆژئاوایی کۆمەڵگەیەک بەخێڵەکی پێناسە دەکات، مەبەستی ئەوەیە بڵێت: هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی پێی بوترێت گەل یانژی میللەت و نەتەوە. وەلێ لە کن ئێمەی کورد و گەلانی دیکەی دواکەوتوو، هێشتا خێڵ جێی شانازییە. خەڵکی پێیان شەرم نییە خۆیان بدەنە پاڵ خێڵ.

وەنەبێت خێڵ دیاردەیەکی تایبەت بەکورد بێت. بەڵکو ئەم ئەورووپا پێشکەوتووەی

ئێستا؛ سەردەمانێک جێگەی ململانێی دەیان خێڵی جەربەزەی جێ بەخۆ نەگرتووی چەکداری وەک ئیگلۆسەکسۆن و کیلتی و ڤیکینگ بووە. وەلێ ئەوان لەگەڵ پێشەوەچوونی زەماندا لە شارەکاندا ئۆقرەیان گرتووە و داسەکناون. جڤاکی نوێ و شارستان و نەتەوەیان پێک هێناوە. پاشان دەستبەرداریی زۆرێکیش لە ئاکارە ناجۆرەکانی خۆیان بوون و ڕوویان لە کشتوکاڵ و پیشەسازی کردووە. کیانیشیان بۆ خۆیان پێک هێناوە.

ئیبن خەلدوون پێی وایە دوو هۆکاری گرینگ هەن، کە بەسن بۆ ئەوەی دەوڵەتیان پێ پێک بهێنیت، یەکەم: تەعەسوب واتە دەمارگیری، کە مەبەست پێی ئەوەیە ئەو کۆمەڵە خەڵکە خۆیان بەجیاواز لە دەوروبەر بزانن و بەهۆی زمان و داوونەریت و کولتوور و هەندێک جاران ئاینەوە خۆیان لەوانی دیکە هەڵاوێرن و شێلگیرانە داکۆکی لەو جیاوازییانەی خۆیان بکەن. مەرجی دووەمیش فاکتەری ئابوورییە کە بەبێ وی دەوڵەت پێک نایەت.

## سیستمی خێڵ هێشتا لە زۆر شوێن بەرقەرارە

تاکو ئێستاش زۆرێک خێڵ، لە ئاسیا و ئەفریقادا، بەو شێوە سەرەتاییەی سەدان ساڵ لەمەوبەر، هەر ماون و خەریکی مەڕوماڵات و وشتر بەخێوکردنن. ئاین و بیروبڕا و پۆشاک و خۆراک و تەواوی داوونەریتە کۆنەکانی خۆیان پاراستووە. وەک خێڵەکانی بوشمێن، کە ئینسکلۆپیدیای ویکیپیدیا، ئاوا باسیان دەکا: تاکو نهۆش هەر لە بیابانی کالاهاری، لە سنووری وڵاتانی نامیبیا، بۆتسوانا و باشووری ئەفریقادا، بەماڵات بەخێوکردن ژیان بەسەر دەبەن. ئاینی سەرەتایی و تەواوی نەریتەکانی خۆیانیان پاراستووە. جێی باسە بوشمێن، ناوێکە داگیرکەرانی ئەورووپا، کاتێک بۆ یەکەمین جار گەیشتوونەتە ناوچەکەیان بەسەریاندا دابڕیون.

ئینیسکلۆپیدیای ناوبراو باسی خێڵەکانی بیجاش دەکات، کە نموونەیەکی دیکەن، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سوداندا دەژین. هەروەها خێڵە بەناوبانگەکانی تەواریق، کە بەڕەگەز دەچنەوە سەر گەلی ئەمازیغ. ئەمانە خەڵکی ڕەسەنی باکوری ئەفریقان. لە ڕاستیدا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقادا هێشتا هەر دەمارگیریی خێڵ لە

جێی خۆیەتی. دوژمنایەتی و ناکۆکیی خوێناویی درێژخایەنی نێوان خێڵەکان درێژەی هەیە.

ئەمانیش، واتە تەواریق لە بیابانەکانی باشووری ئەلجەزائیر و مەرۆکۆ و لیبیادا، بەشێوەیەکی سەرەتایی و ساکار بەهۆی ئاژەڵداری و پیشەی دەستی و کشتوکاڵی سەرەتاییەوە ژیان دەگوزەرێنن. جێی سەرنجە زۆربەی ئەم خێڵانە هێشتا هەر چۆڵگەڕن (بدو) واتە بەبیابانەکاندا دێن و دەچن دوورەشار و دوورەشارستانن. دەکرێت بڵێین: تەواوی وڵاتانی ئەفریقا وەلێ بەپلەی جیاواز هێشتا هەر پێڕەوی سیستمی خێڵایەتی دەکەن. لە نیشتمانی عەرەبیشدا بەتایبەتی لە وڵاتانی یەمەن و عومان لە هەرەتی خۆیاندان. لە وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستانیش بەهەمان شێوە خێڵ هێشتا یەکەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پتەوە و گوێڕایەڵییان بۆ خێڵ پترە هەتا دەوڵەت.

لە ئەفریقای خێڵەکیدا جەنگی دژواری نێوان خێڵەکان چەندین کارەساتی مرۆییی لێ کەوتەوە. بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەنگۆلا و ڕواندا و بۆروندی و زیمبابۆی و سەنیگال. لە جەنگی نێوخۆی بیافرادا نزیکەی چارەکی دانیشتوان بوونە قوربانی. عێدی ئەمینی سەرۆکی پێشووتری وڵاتی ئەنگۆلا بەکۆمەڵێک پلە و پایەی سڤیل و بڕوانامەی فەخرییەوە، بۆ خۆی ئاگری شەڕی لە نێوان خێڵەکاندا خۆش دەکرد. وڵاتی نێجیریا کە بەحەشیمەتترین وڵاتی ئەفریقایە نزیکە دوو سەد و پەنجا خێڵی گرتووەتە خۆی. جەنگی نێوان دوو خێڵی گەورەی توتسی و هۆتیش، خوێناویترین جەنگی ئەفریقای دوامای سەدەی بیستەم بوو.

حاڵی حازر، واتە لە ٢٠٠٨دا، بەپێی ڕاپۆرتەکانی هیومان ڕایتس وۆچ، زۆربەی سەرکردەکانی میلیشیای جەنجەوید لە سەرخێڵەکان. لەوێ سەرخێڵ داوا لە ئەندامانی خێڵ یان تایەفە ئیتنیکییەکەی خۆی دەکات، تاکو لەگەڵ تایەفەیەکی ئیتنیکیی دیکەدا بەشەڕ بێن. لەم پرۆسەیەدا هەموو بەشدار دەبن. ئەم میلیشیا خێڵەکییە، ساڵانێکە بەهاوکاریی دارایی حکوومەتی ناوەندیی سودان، لە دژی تایفەکانی: فور، سالیت و زغاوەی هەرێمی دارفۆردا دەجەنگن. هیومان ڕایتس وۆچ، ناوی تەواوی سەرخێڵە بەجاشبووەکانی تۆمار کردووە و بەدنیای ناساندوون. خێڵ

لەوێندەرێش ڕۆڵی جاش دەبینێت و دژی ئەو تایەفە ئیتنیکییانە دەجەنگێت، کە بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوای خۆیان تێ دەکۆشن. تاکو نهۆ جەنجەویدەکان بەهەزارانیان لێ کوشتوون و بەدەیان هەزاریشیان دەربەدەری خێوەتگەکان کردووە.

لەم سەردەمەدا. لە نێوەندە عەرەبییەکەدا؛ واتە لە نێو وڵاتانی عەرەبدا بەتایبەتی، باداناوەیەکی تیژ و خێرا بەلای خێڵ و داوونەریتی خێڵدا بەدی دەکرێت. تەواوی خێڵەکانی وڵاتی یەمەن چەکدارن و هەندێکیان خاوەنی چەکی قورسیشن. گەلێک جاران گوشار بۆ حکوومەتی ناوەندیی ئەو وڵاتە دەهێنن و بەزەبری بارمتەگرتن و بەهەڕەشەی لوولەی چەک دەستکەوت لە حکوومەت دەستێنن.

حاڵی حازر لە وڵاتی عەرەبی سعودیدا، هەر تیرەیەک و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم خێڵانە مینا چاخی جاهیلی بەبنەچە و ڕچەڵەکی ڕەسەنی خۆیاندا هەڵدەدەن و شانازییەکی بێ وێنە بەداوونەریت و باوانیانەوە دەکەن و خۆیان دەبەنەوە سەر تیرە بەنامێکانی سەر و کڵاوی سەرهەڵدانی ئیسلام. هەر تیرەیەک دەکۆشێت بیسەلمێنێت، کە لەوی دیکە ڕەسەنترە. ڕەنگە ئەم دیاردەیە، لەم سەردەمەدا و بەو زەقییە لەو سۆنگەیەوە بێت، کە شانشینی سعودیە خۆیشی، دەیان ساڵە لە لایەن بەرەبابێکەوە حوکم دەکرێت، کە زۆر بەشەجەرەی خۆیەوە شانازی دەکات.

## خۆکەفایی

هەندێک پێیان وایە، خێڵ درێژەپێدان، یان لە پاشماوەکانی کۆمۆنەی سەرەتاییە. هەر خێڵێکیش بگریت لە خۆیدا جڤاکێکی بچکۆلەی نیمچە سەربەخۆی نیمچە داخراوی لە شێوەی گوندێک یان کۆمەڵە گوندێکدا، بۆ خۆی پێک هێناوە. خێڵ لە توانایدا هەیە خۆکەفایی، یانژی بەشی بژێوی خۆیان لە بەروبوومەکانی کێڵگە و ئاژەڵ بەرهەم بهێنێت. وێڕای دەستکەوتی ڕاووشکار بەهەموو جۆرەکانیەوە. بەڵام تەواوی ئەم خێڵانەی، کە نهۆ لە سنووری ئەو گوندە سەرەتاییە بێ خزمەتانەدا ژیان دەگوزەرێنن. ڕۆژێک لە ڕۆژان بەدووی لەوەڕدا بۆ ئاژەڵەکانیان سەرگەرمی گەڕان بوون. ئەوان تەنیا لە وەرزی سەرمادا گەڕاونەتەوە هەواری زستانەیان.

وەلێ ئەم زستانە هەوارەش دیسان نەبووەتە نیشتمانی هەتاهەتاییان. بەڵکو لە سۆنگەی جەنگی نێوان خۆیان بەلایەک و ناتەباییان لەگەڵ دەسەلاتی ڕۆژدا بەلایەکی دیکەوە، خێڵی وەها هەبووە چەندین جار جێ و مەنزڵیان گۆڕیوە و هەندێک جار بەسەدان کیلۆمەتر چوونەتە نێو قووڵاییی سنووری وڵاتانی دیکەوە.

برۆنەس، ئاوا پێناسەی خێڵی کردووە: «هۆز کۆمەڵێک، یاخۆ چەند کۆمەڵێکی یەککگرتووە، کە بۆ پاراستنی ئەندامانی لە دەستدرێژیی دەرەکی و بۆ پارێزگاریی داوونەریتی میللی پێک هاتووە. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل١٣٤» هەر لە هەمان لاپەڕەدا درێژە بەم پێناسەیە دەدات و دەڵێت: «جیهانێکی گچکەیە و لە هەناوی خۆی دەڕوانێت؛ ئامرازێکی بەرگرییە، دەزگەیەکی نەریتی و پارێزگارە، کۆمەڵێکە خۆی لە هاوشێوەکانی بەمەزنتر دەزانێت.»

ئابووریی خێڵ بەشێوەی سەرەکی برێتی بووە لە بەخێوکردنی مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ و ڕەنێوهێنانی ئەسپ. هەر هۆزێک لە گەرمیان و لە کوێستانیش لەوەڕگە و پاوانی تایبەت بەخۆی هەبووە. هیچ خێڵ و تیرەیەک بۆی نەبووە پەزەکانی بەرداتە ناو لەوەڕگە و پاوانی خێڵ و هۆزی دیکە و زیانەخۆری بکات. هەردەم گێچەڵ و شەڕی گەورەی نێوان هۆزەکان لەسەر پاوان و لەوەڕگە بووە. ئەوان برێک جاران لە ڕێگەی دوورودرێژیاندا بەرەو کوێستانەکان و لە ڕێی گەڕانەوەیاندا، کاتێک پەزیان بەرداوەتە نێو کشتوکاڵی جووتیارەوە. یان بەریان داوەتە لەوەڕگەی هۆزی دیکەوە، ئەوا لەگەڵ جووتیاری گوندەکاندا بەیەکدا هەڵپژاون و بووەتە شکات و شکاتکاری، گەلێک جاریش بەپارە مەسلەتییان کردووە.

برۆنەسن لە تۆژینەوە گرینگەکەی خۆیدا، سەبارەت بەخێڵ و دابەشبوونی دەڵێت: «خێڵە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەلایەتیی سیاسین و بەگشتی بەمەڵبەندێکەوە بەستراونەوە و لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریش پێک دەهێنن و لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یاخۆ هەڵبەستراو هەڵچوون و شیرازەیەکی نێوخۆییی دیاریکراویان هەیە. خێڵ لە چەند کەرتێکی لە خێڵ گچکەتر پێک دێت و ئەوانیش لە چەند یەکەیەکی گچکەتری وەک تیرە و تایەفە... هتد، پێک دێن. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل١٠٢»

خێڵە سەرەتاییەکانی گشت جیهان، لە سۆنگەی دوورییانەوە لە شارەکان و سەنتەرەکانی بازرگانی و پیشەسازی، درەنگ کەوتوونەتە سەر مامەڵەکردن بە دراو. ئەوان لە مێژووی کۆنی خۆیاندا پتر واڵە (شمەک، کالاّ)یان لە نێوان خۆیاندا گۆڕیوەتەوە. جێی باسە تاکو نەهۆش کورتەبالاّکانی نێو قووڵاییی دارستانەکانی ئەفریکا، کە ئەوانیش بەسەر خێڵەکانی لەمەڕ خۆیاندا دابەش بوون و سیستمی تۆکمەی خێڵایەتی ژیانی کۆمەڵایەتییان بەڕێوە دەبات، هێشتا هەر لە کولبەی لە لقوپۆی درەخت چنراو و چێکراودا ژیان دەگوزەرێنن. ئەوان هێشتا هەر لە قۆناخی ئاڵوگۆڕی کالاّ نەپەڕیونەتەوە.

ئەوان ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەتاییانە لەسەر بەرهەمی دارستانەکان و کرمی زەوی دەژین. گوێ بەهیچ جۆرە پارە و دراوێک نادەن. ئەوەندە هەیە، ئەگەر پێویستی کرد ئەوا لە نێوان خۆیاندا بەروبوومەکان دەگۆڕنەوە، بێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ جۆرە دراوێک ببەن. بگرە ئەوان شتێکی ئەوتۆ گومان نابەن ناوی جزدان بێت، تاکو پارەی تێدا هەڵبگرن.

## سەرخێڵ

مانەوەی هێز و شان و شەوکەتی هەر خێڵێک، تا ڕادەیەکی زۆر سەرخێڵ خۆیەوە، کە ڕۆڵی سەرداری لە سنووری خێڵەکەی خۆیدا بینیوە، بەند بووە. تا چەند توانیبێتی کارا، بیرتیژ و سیاسەتوان، کاروباری خێڵەکەی بەڕێوە ببات و لەگەڵ خێڵەکانی هاوسنووریدا بەسەرێک و لە تەک حکوومەتە یەک لە داوی یەکەکاندا بەسەرێکی دیکە، هەڵی کردبێت و توانیبێتی خۆی و خێڵەکەی لە گێچەڵ و بۆسەکانی ڕۆژگار دەرباز بکات.

هەر خێڵێک سەرخێڵێک، واتە سەرۆک عەشیرەتێکی گشتیی هەبووە، کە هۆزە بچووکەکان گوێڕایەڵی بوون. خەراجیان پێ داوە. هەندێک جار ئەگەر لە نێوان یەکدا بەشەڕ هاتبان ئەو مەسلەت و جەریمەشی کردوون. ئەوان چاویان لە سەرۆکی گشتییەوە بووە، بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرۆکە کەسێکی بەدەسەڵات و زەبربەدەست بووبێت. بۆ نموونە کاتێک محەمەد پاشای جاف لە ١٨٧٠/٤/٩دا بەرەو ئێران

کۆچی کردووە، بەنزیکەی تەواوی هۆزەکانی جافی دیوی عوسمانی. یان با بڵێین خاکی بابان دوای کەوتوون. هەر ئەم محەمەد پاشایە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر مەڕ و ئەسپ بووە.

«محەمەد پاشای جاف، دایما بیست هەزار سەرمەڕی بووە. هەشت سەد مایینی یەڵخی لە سەحرادا بووە. هەر وڵاخێک کە دابێتی بەسوارەی خۆی لەو یەڵخانە پەیدا بووە و پارەی پێ نەداوە. بڕوانە، تەئریخی جاف، ل ١٨٥».

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ «حاجی قادر کە میکایەڵییە و باوکی حەسەنی قادرە، بەتەنیا سێ سەد ماینی یەڵخی بووە. سەردەمێک ژمارەی مەڕ و بزنی میکایەڵیی چووەتە ١٢٠هەزار سەر. ل ١٢٨». تۆ سەرنجی ئەو ژمارە زۆرە بدە. تەنیا محەمەد پاشا بیست هەزار سەرمەڕی هەبووە، کە دەکاتە دەیان مێگەل. ئایا چییان بەسەر هات؟ بۆچی کورد نەبووە خاوەنی کارگەی ڕستنی خوری و کارگەی شیرەمەنیی تایبەت بەخۆی؟

یەڵخی، واتە ڕەوە ئەسپی شەوبەکێو. سەردەمانێک کورد خاوەنی ئەسپی ڕەسەنی خۆی بووە، کە وەک شارەزایان باسی دەکەن هیچی لە ئەسپی عارەبی کەمتر نەبووە. محەمەد پاشای جاف ئەوەندەی ڕەوە ماین هەبووە بتوانێت بێ منەت ئەسپ بۆ تەواوی سوارەکانی لەمەڕ خۆی بەرهەم بێنێت. هەشت سەد ماین ژمارەیەکی گەورەیە و دڵنیاشم کەریم بەگ ڕاست دەفەرمووێت. بەڵام کوا ئەو ڕەوگە ماینانە؟ بەندە بەشێکی فراوانی باشووری کوردستانم دیوە، بەدرێژاییی تەمەنی خۆم ڕەوە ماینم (یەڵخی) بەرچاو نەکەوتووە. وا دیارە گشتیان فەوتاون. ئەگەر ئەو حەمکە مەڕ و ماینانە بەشێوەیەکی نوێ ڕەنێو بهێنرانایە، ئەوا ئێمەش وەک میللەتێک دەبووینە خاوەنی سەرچاوەی دەرامەت و ژێرخانێکی ئابووریی تۆکمە.

هەر تایەفە و فیرقەیەک، سەرۆکێک کاروبارەکانی ڕایی کردووە و مەزنایەتیی کردووە. زیاتر بەپێی ئاستی وابەستەبوونی بەداگیرکەرانی کوردستانەوە و ئاستی ئەو خزمەتەی پێشکێشی کردوون، یان ئاستی ئەو ڕێزەی لە نێو کورد و خێڵەکەی خۆیدا هەیبووە، هەروەها بەپێی ژمارەی سوارە و پیادەی چەکداری جەنگاوەری، کە پێی هەڵسوڕاوە. یان بەپێی ئاستی ئەو مەترسییەی، کە لێی چاوەڕوان کراوە، لە

لایەن پاشا و سوڵتانەکانی سەفەوی و قاجاری، لە دیوی ئێران و خەلیفەکانی عوسمانی لە دیوەکەی دیکە، نازناوی خان و پادشایان خەلات کراوە.

ئەوان میدالی زێڕیان پێ بەخشیون تاکو سینگ و بەرۆکیانی پێ برازێننەوە. زۆر جار، گوند و دێبەریان بەناوە کردوون. یاخۆ "شمشێری مورەسەع"یان بەدیاری بۆ ناردوون، تاکو کەمەریانی پێ برازێننەوە. سەرداری خێڵەکانی گشت هەورامان بەسان، کە کورتکراوەی سوڵتان بووە بانگ کراوە، دوای ئەویش لە پلە و پایەدا پێیان وتراوە بەگ. یان وەک مەحموود خانی دزڵی نازناوی خانی هەڵگرتووە.

خۆشناوەکان سەرخێڵی خۆیان بە"میران" واتە بە(کۆ) بانگ دەکەن. بەناوچەکەشیان دەڵێن خۆشناوەتی. کەمال میران لە کتێبەکەیدا بەناوی خۆشناو و خۆشناوەتی، سەرەتا، واتە بەر لەوەی دەسەلاتیش بگرێتە دەست دوو نازناوی داوەتە پاڵ باپیرە هەرە گەورەیان و بە"میر ئەمبێز خان" ناوی دێنێت. واتە هەم میر و هەم خان. بەلام ئەم پۆلێنە ئەوەش ناگەیەنێت، کە یاسایەکی نەگۆڕە و هاوێردەی تێ ناکەوێت. سەرخێڵی جاف، واتە سەرۆکی هەموو تیرە و هۆزەکانی جاف. بڕێک جاران بەبەگ بانگ کراوە، وەک کەیخوسرەو بەگی جاف. هەندێک جاریش بەپاشا، وەک حەمەپاشا و مەحموود پاشای جاف؛ کە دەشێت ئەم نازناوە، یان ئەم پلە و پایەیە لە لایەن خەلیفەوە پێیان بەخشرابێت.

هەرچی خێڵی هەمەوەندە سەرداری خۆیان بەئاغا بانگ دەکەن. بەلام ئەوەندە هەیە سوڵتانەکانی عوسمانلی بەو نیازە نازناوی بێگلەر بێگ و پادشایان پێ داون و شمشێری مورەسعیان پێ بەخشیون تاکو گوێڕایەڵیان بن، باج و خەراجیان بۆ کۆ بکەنەوە و لە تەنگانەدا، لە سنووری خێڵی خۆیاندا لەشکریان بۆ کۆ بکەنەوە و سنوورە نائارامەکانیان لە وەزەن یان هەڵمەتی دەرودراوسێ بۆ بپارێزن. وەک خۆیان دەڵێن: "هاوئاوزەنگی"یان بن. هەر نەتەوەیەک کوردیشەوە ئەگەر کەڵکەڵە و هەوای سەربەخۆبوونیان لە لا چەکەرەی کرد هەر بەلەشکری خۆیان تەپەسەریان بکەنەوە. هەر کاتێکیش ئەم خێلانە لێیان هەڵگەڕابێتنەوە، ئەوا هەڵمەتیان کراوەتە سەر. ماڵ و ڕەشماڵیان ئاور تێ بەرداون و قەتلوعامیان کردوون و ئاوارەی ولاتانیان کردوون.

هەروەها زاراوەکانی عەشیرەت و تایەفە "العشیرة والطائفة" هەردووکیان عارەبین.

زاراوەی فیرقەش، کە لە بری بەرەباب بەکار هاتووە، دیسان وشەیەکی عارەبییە. یەکەم بەمانای خێڵ دێت و بەشێوەی کۆش، کە دەکاتە عەشایەر دیسان بەکار دێت. دووەم لە تیرە بچووکتر دەگەیەنێت. تەنیا وەک تاک پەڕیوەتە ناو زمانی کوردییەوە. هەروەک تایەفە مانای ئاینیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەک تایەفەی سوننە، شیعە، کاکەیی، ئێزدی... هتد.

پێ دەچێت ئەم زاراوە بەڕەچەڵەک عارەبییانە لەگەڵ گەیشتنی ئاینی ئیسلامدا بەکوردستان، کەوتبنە سەر زاران و پاشان تێکەڵ بەفەرهەنگی خێڵی کورد بووبن. دیارە ئەوانە ئەگەرچی بەڕەگیش عارەبین بەڵام ئەگەر وەک زانستیی زمان سەرنجیان بدەین، ئەوا دەبێت بەکوردی حیسابیان بکەین، چونکە بوونەتە بەشێک لە کولتوور و چوونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و چەسپیون.

بنیاتی خێڵ لە شێوەی قووچەکدایە. لە دوای سەرۆکی گشتیی خێڵ، کە پێم وایە، لە جێیە بە(سەرکۆمار) بانگ بکرێت، نۆرە دێتە سەر سەرۆک هۆز، کە پێکەوە، لە تەک هۆزەکانی دیکەدا بنیاتی تەواوی عەشیرەتەکەیان پێک هێناوە و گوێڕایەڵ بوون بۆی. دواتر نۆرە دێتە سەر تایەفە، ئەوجا بنەماڵە.

کەریم بەگی فەتاح بەگ، کە بۆ خۆی سەرۆکی تەواوی تایەفە و فیرقەکانی جافی دیوی ڕۆژهەڵات و باشوور بووە، ئاوا مەزنە خێڵی جافی پۆلێن کردووە. «تایفەکانی جافی بابان: میکایەڵی، شاتری، ڕوغزادی، تەرخانی، باشکی، هاروونی، سەدانی، کەماڵەی، بەداخی، عەمەلە، عیسایی، گەلاڵی، نەورۆڵی، یەزدانبەخشی، وەڵی، نەژوێنی، مەسوّدی، شێخ سمایلی، سۆفیوەند، تاووگۆزیی، میراوڵی، پشتماڵە، سمایل عوزێری، بێسەری، چووچانی، تیلەکۆ. ئەوانەشی کە لە ئێران ماونەتەوە ئەمانەن: قوبادی، باوەجانی، ئیمامی، یەناخی، قادرمیروەیسی، گایشەیی، کۆیک، نێرژی، دەروێشی، وەڵەدبەگی، دەلەژێری، کۆکۆیی، زەردوویی، عەلی ئاخەیی، پەپلّی، تاووگۆزی، دووڕوویی، کوێرەکەیی، دواتر لە پاشکۆدا ئەم تایەفانەشی خستووەتە سەر: گوێکوڕی و وردە گوێکوڕی، قەڵمان چەک، نەیلەکی، جافەڕەشکە. بڕوانە تەئریخی جاف.. ل ١٢٤»

ئەم هەلارهەلاربوونەش نە لە بەرژەوەندیی خێڵی جاف خۆی و نە لە بەرژەوەندیی میللەتی کوردیشدایە. چونکە کۆکردنەوەی ئەم هەموو تایەفە پەڕاگەندەیە، کە

هەریەکە و خۆی بەسەردارێک زانیوە کارێکی تەواو سەخت بووە. گەلێک جاران جەنگی درێژخایەن و قورس لە نێوان فیرقەکانی یەک خێڵدا بەرپا بووە و چەندین ساڵی خایاندووە و چەندین کەس لە سەرانی ئەم فیرقانە کوژراون. هەندێک جاران ئەو لایەیان کە خیچاوە، پاشماوەی شکستخواردووی، واتە ئەوانەیان کە توانیویانە بەهەر حاڵێک بووە سەری خۆیان دەربکەن، لە وڵاتی کوردەواری تەقیونەتەوە و جارێکی دی نەگەڕاونەتەوە زێدی باب و باپیرانیان. تێکەڵ بەخێڵی دیکەبوون و بەیەکجاری ناو و ناوبانگیان لە دەست داوە.

بەزۆری سەرۆکایەتیی هۆز و خێڵ بۆماوەیە، لە بابەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە. بەڵام هەردەم دەسەڵات، یەکسانە بە ژمارەی سوارەی جەنگاوەر و پیادەی تفەنگچی و وڵسات و مێگەل و ڕووبەرە بەراوی زۆر. ئەگەر زەبروزەنگی لەگەڵدا بەکار بێت ئەوا دەکرێت پیاوێکی کردە و بەدەسەڵات، دەست بەسەر کۆمەڵە گوندێکدا بگرێت. بەرزەفتیان بکات و ببێتە ئاغایان و داوای تەکلیفیشیان لێ بکات. پاشای وەختیش، ئەگەر عوسمانی یان قاجاری بووبێت سەری ڕەزامەندی بۆ بلەقێنێت. ئەو دەمە کێ بەکێ بووە؟

برۆنەسن نووسیویەتی: «هەندە تایفەیەک، یاخۆ بنەماڵەیەک "هەتا هۆزێکیش" لە بنەچەدا لە خێزانێکی دەسەڵاتدار کەوتوونەوە. لە ئاکامی سەرکەوتنێکی سوپایی یاخۆ سیاسیدا، لایەنگرێکی فرەی تاکە تاکە یاخۆ بنەماڵەی لێ خڕ بووەتەوە. پاش چەند وەچەیەک چۆنیەتی کەوتنەوەی بنەچەکە لە بیر چووەتەوە و سەرگوزشتەیەک بۆ پێکهاتی ئێستای تایەفەکە داتاشراوە و وا پیشان دراوە کە گوایە گشتیان لە بەرەبابێک کەوتوونەتەوە. ئاغا و شێخ و دەوڵەت. ل ١٠٣»

هەمیشە بڕیاری کۆتایی و یەکلاییکەرەوە لە دەست خاوەن هێزدا بووە، نەک خاوەن هەق. دیارە لە دۆخی وەهادا، ئاغای نوێ پێویستی بەوەش دەبێت خەڵکی ئەو دێیە یان ئەو چەند دێیە، دان بەدەسەڵاتیدا بنێن. بەڵام هەردەم خەڵک لە ئاستی هێزدا ملیان لە موو باریکتر بووە. دوای ئەوەش لە هەمووی گرینگتر ئەوە بووە نوێنەری دەسەڵاتی داگیرکەر، جا والی بووبێت یان ئوستاندار، دەسەڵاتداری عوسمانلی بووبێت یان سەفەوی و قاجاری پشتیوانیی لێ کردبێت.

## دەسەڵاتی سەرخێڵ

دیارە هەر خێڵە و سەرخێڵێکی هەیە، کە بەزۆری لە باوانیەوە بۆی ماوەتەوە. بەهاوکاریی ئەنجوومەنی خێڵ کاروباری خێڵ ڕادەپەڕێنێت. لە ڕاستیدا ئەنجوومەنی خێڵیش هەر لە کەسوکاری سەرخێڵ و ئەو دەمسپییانە پێک هاتووە، کە لە سەرخێڵ خۆیەوە نزیکن و لە هەمان بەرەباب کەوتوونەتەوە. هەمیشە سەردار، جا ئەگەر لە میرنشیندا بێت یانژی لە ڕیزی خێڵدا، هەر سەرخێڵ خۆی بووە. دەبوو هەردەم سەرباز و جەنگاوەران لە کوڕانی خێڵ بن. خەڵکانی نیشتەجێ، لە جووتیار و پیشەوەران، ژێردەستەی ئەمان بوون. ساڵانە بڕێک خەراجیان لە ژێر چەند ناونیشانێکدا بەسەرخێڵ داوە تاکو مەسرەفی دیوەخان و سوارەکانی پێ بکێشێت. سەرخێڵ خۆی فەرماندەی هێزی چەکدار بووە، هەر خۆشی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ و مەسڵەت چێکردنی هەبووە.

لە تافی جەنگدا، کاتێک خێڵ بەرەوڕووی هێرش و تاڵانی و ئەگەری لەناوچوون بووە، ئەوا سەرخێڵ (عێلجاڕ: نفیر عام)ی ڕاگەیاندووە. واتە فووی بەنێو دێهات و ڕەوندی قەڵەمڕەوی خۆیدا کردووە. بانگهێشتنی ئەو خورتانەی، کە دەستیان چەک دەگرێت کردووە تاکو ئامادەباشی بەرگری بن.

خێڵ دوای ئەوەی لە گوندەکاندا نیشتەجێ بوون، ئیدی پیاوانی ئاینی لێ دەرچێت، کە خزمەت کراون، دەنا تەواوی جووتیار و خاوەن پیشەکانی دیکە، ئاستی ژیانیان لە کۆیلە و کەنیزەوە نزیک بووە. هەردەم چەوساونەتەوە و بێدادییان بەرامبەر کراوە. ئەوان لە بەرامبەر جەنگاوەرانی ئامادەباشدا نەیانتوانیوە بکۆکن.

## سۆزبەندی

پێوەندیی نێوان تاکەکانی خێڵ لەسەر بناخەی خزمایەتی و خوێن دامەزراوە. ئەوان لە کۆمەڵگە هاوشێوەکانی خۆیان دوورەپەرێز ژیاون. بەو دوورەپەرێزییەش قەوارەی خۆیان پاراستووە. تاک لە جیهانێکی ناسەقامگیری پڕ لە جەنگ و کارەساتدا، لە نێو خێڵەکەی خۆیدا، هەستکردن بەئارامیی دەروونی و هەبوونی پشت و پەنا و داهاتووی مسۆگەرتر دەکات. لە ڕیزی خێڵدا، لە کاتی تەنگژە و

لێقەوماندا، تاکەکان بەهانای یەکەوە دێن. گیانی ئالیکاری لە نێویاندا بەهێزە. لە پرسەدا، هەموو لایەک بەهانای خاوەن مردووەوە دێن. هەواڵی مردن وەک ئاگری ناو پووشوو بەنێو عێلدا بڵاو دەبێتەوە. بەنیازی بەشداری، جووتیار جووت بەردەدات و ئەوەی لەسەرمەزرا بێت، دەمودەست دەگەڕێتەوە ئاوایی و کار و فرمانی ئەو ڕۆژەی بۆ کاتێکی دیکە دوا دەخات.

خاوەن مردوو، کاتێکی زانی گۆڕ هەڵکەندراوە و بەرد ئامادەیە. مردوو شۆردراوە. لە پرسەدا هەر لاوە و چایی دەگێڕت و هەر ژنە و کەوگیری لە مستە و خەریکی ئامادەکردنی نانی پرسەیە. هەموو لایەک ئەو پرسە و تەنگانەیە بەهی خۆیان دەزانن. هەروەک کەسیش بەدەستی بەتاڵ ناچێتە پرسە. هەریەکە بەگوێرەی توانای خۆی بەشداری دەکات. لێرەوە خاوەن مردوو هەست بەپشتەوانی و سۆزبەندی دەکات.

ئەم هاوکاری و سۆزبەندی و دەربەستبوونە، سەبووری بۆ خاوەن مردوو دێنێت و لە خەم و پەژارەی کەم دەکاتەوە. ئەگەر ئەندامێکی خێڵ لە دەستی قەوما و خوێنی ڕشت، ئەوا کوڕانی خێڵ، دەست و دڵ ئاوانن، ئامادەن کۆمەکی دارایی پێ بکەن، ئەگەر خاوەن خوێن لە مەسلەت بێت و خوێنبایی قەبووڵ بکات.

لەوێندەرێ داوونەریتەکان، کولتوور، بەسەرگوزشتە و گۆرانی و سەما و پۆشاک و خۆراک و بۆنە و جەژنەکانەوە، کە سەدان ساڵە هەن و ڕەگوڕیشەیان بەناخدا ڕۆ چووە، ئامادەن. لە بۆنەکاندا پیادە دەکرێن و هەمووشیان بەدڵی ئەون. لەوێ ژیان بەپێچەوانەی شارستانیی جەنجاڵی کەس کەس نەناس و کەس لە کەسەوە، هەموو لایەک دۆست و ئاشنا و خزمی یەکن. خوێن و پشتیان یەکە و یەکدی دەناسن و ئاستی ژیان و ژیاریان تا ڕادەیەک لەیەکەوە نزیکە و لە زمان و ستایلی ژیان و ئاماژەکانی یەکدی حاڵین. تاک لەوێدا هەست بەئارامیی دەروونی دەکات و دڵیشی لە جێدایە. کاتێکیش لە خێڵەکەی دوورکەوتەوە هەست بەنامۆیی دەکات و دڵنیایی لە دەست دەدات.

## مەرج نییە هەموو تاکێکی کورد خێڵەکیی بێت

ئەم کتێبە نیازی ئەوەی نییە تەواوی میللەتی کورد بەخێڵەکی ناوزەد بکات. چونکە ئەگەر سەرژمێری بکرێت ئەوا پێم وایە زۆرینەی دانیشتوانی باشووری کوردستان، کە شارنشینن، کەسانێکن لە دەرەوەی خێڵن و شانازی بەخێڵیشەوە ناکەن. هەروەها زۆر کەس هەن سەربەخێڵی بەژمارە گەورەن، وەلێ مرۆڤی وریا و رۆشنبیرن و خێڵ و مێنتەلێتیی خێڵیان تێ پەڕاندووە.

ئەوەی ئەم کتێبە جەختی لەسەر دەکات مێنتەلێتیی خێڵە. دەیەوێت بڵێت: ئەگەرچی خێڵ کەمایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری پێک دێنێت وەلێ لە سۆنگەی نزمیی ئاستی هۆشیارییەوە، مێنتەلێتیی خێڵ باوە و باڵی بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسیدا کێشاوە. هەندێک جاران کەسانی خوێندەوار، ناوی دیاری ناوکۆمەڵیش، بێ ئەوەی مەبەستیان بووبێت کەوتوونەتە داوی خێڵەوە و لەدیدی خێڵەوە دنیایان دیوە؛ خێڵەکییانەش بیریان کردووەتەوە. ئەمەش مانای وایە خێڵ بەتەواوی هزر و میکانیزمەکانیەوە لە نێو جەنگەی شارەکانیشدا ئامادەیە.

سەردەمی زوو، سەرژمێریی دانیشتوان بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە. لەم بارەیەوە رۆژهەلاتناسی رووس ب. لیرخ لە کتێبەکەی خۆیدا، کاتێک باس لە هەر خێڵێکی کورد دەکات؛ بۆ دەرخستنی حەشیمەت و قەبارەیان، لەبری ژمارەی تاکەکان بە رەشماڵ حیسابیان دەکات. وادیارە پێش ئەویش هەر بەو شێوەیە سەرژمێریی خێڵ کراوە. لیرخ نووسیویەتی، «شێخ بزێنی برێتین لە ١٠,٠٠٠ رەشماڵ و سورچی ٢٠٠٠ رەشماڵ.. هتد» ئەوی راستی بێت رەشماڵیک دەکاتە خێزانێک. ئێستاشی لەگەڵدابێت، ئەو خێڵەی ژمارەی سوارچاک و تفەنگەکانی زۆرتر بێت، ئەوا لەوانی دیکە خۆی بە گەورەتر و لەپێشتر و بەرێزتریش دەزانێت و پێوەی دەنازێت.

## خێڵ مەڵبەندی کولتوور و داوونەریتەکانە

لە جڤاکە چکۆلەکەی خێڵدا، تاک دەتوانێت بەتەواوی ئازادی کولتووری خۆی پەیرەو بکات و ئاسایی رێورەسمی ئاینیی رۆژانەی خۆی بەجێ بێنێت، کە رەنگە ئەگەر برێک لە خێڵ دوور بکەوێتەوە ئەم پێداویستییە جڤاتی و روحییانەی، کە لەوانی

دیکەی جیا دەکاتەوە، بۆ دەستەبەر نەبێت. یان لەوانەیە نارەحەتیی بۆ بێنە پێش. بۆ نموونە کاکەییەک ناتوانێت بەکەماڵی ئیسراحەت مەراسیمە دینییەکانی لەودیو کۆمەڵگەی خێڵ، یان تایەفەی ئاینیی خۆیەوە جێبەجێ بکات. ڕەنگە لە زۆر شوێن ئەو سمێڵە گەورە و جوانەی، کە ئەو پێوەی دەنازێت و تاشینی بە حەرام دەزانێت، بە ئیراد لێ بگرن. هەروەها ڕەنگە پرچ هێشتنەوەی هەندێک لە ئێزدییان، یان گۆکردنی هەندێک وشە و نێرین بۆ ڕەنگ و تف ڕۆکردن و... لە دەرەوەی خێڵ و تایەفەکەی خۆی گێچەڵی بۆ دروست بکەن. دوور نییە لێرە و لەوێ گوێشی بەوشەی ناجۆر و نابەجێ بزرنگێتەوە، کە ئەم لەلای خۆیەوە وەک دژوێن و کەرامەتڕووشێن لێکیان دەداتەوە.

هەندێک خێڵ بۆ ئەوەی خۆیان لەوانی دیکە هەڵاوێرن، دەیانبینیت لەجۆری پۆشاک و شێوەی بەستنی سەر و مێزەر و ڕەنگی مێزەر و بەستنی پشتوێندا لەچاو خێڵەکانی دەوروبەریاندا جیاوازییان هەیە. ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییانە لە نێو نزیکەی گشت خێڵەکانی دنیادا هەیە. هەر بۆ نموونە هەر تاکێک لە خێڵی تەواریق ئەگەر دەمامکی نەکردبێت، ئەوا لە نێو خۆیاندا بە تەواریق نایەتە ژماردن. چونکە تاکی سەربەخێڵەکانی تەواریق مەرجە تەنیا چاوی بەدەرەوە بێت. «دەمامک یەکێکە لە تەواوکەرەکانی پیاوەتی، ئەوەی دەمامکی نەکردبێت نابێتە جێی بڕوا و کەسێکی کارای کۆمەڵگەی تەواریق. کاتێک باڵق بوو، لە ئاهەنگێکدا دەمامک دەکات، ئەوجا دەبێتە ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵگەی دەمامککردوواندا. بڕوانە: عمر الانصاري، الرجال الزرق، ص ٣١»

بەڵام ئەو سرووت و کولتووره جیاوازە، لە کۆمەڵگە چکۆلەکەی خۆیدا، ڕەها و ئاسایی بەڕێوە دەچێت. دوور نییە پۆشینی کوڵەباڵ، کە خۆیان فەرەنجیی پێ دەڵێن، بۆ تاکێکی هەورامی، لە دەرەوەی هەوراماندا ببێتە مایەی نارەحەتی. چونکە بەلای زۆرێک خێڵ و تایەفەوە، دەستوەردانە کولتوور و داوونەریتیان یان بەکەم سەرنجدانی کولتوور و داوونەریتیان وەک هێرش بردنە سەر کەرامەت و پیرۆزییەکانیان حیسابی بۆ دەکرێت. بۆیە ئەم کێشانە بە تەواویی زەق دەبنەوە کاتێک بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێن.

لەوێ، لە ڕیزی سوپادا گەرەکە کاکی ئێزدی سەری بتاشێت و کاکەیی سمێڵی بڕێک کورتر بکاتەوە و ڕەنگە ڕۆژانە گوێیان لەزۆر ئیدیۆمی وروژێنەری وەها ناجۆریش ببێت، کە ئەمان بەدڵیان نییە و پێی قەڵس و هەراسان دەبن. زۆر جاران ئەم جیاوازییانە بوونەتە مایەی یاخیبوون و تایەفە و خێڵیش بۆ یاخیبووان بووەتە قەڵا و پشتیوان.

لەم ڕووەوە جووتە نووسەری سەفەرنامەی (مد البشرية) نووسیویانە: «بەم دواییە ئێزدییەکان سەرپشکایەتییەکی (إمتياز) سەیریان وەرگرت. ئەوان لە خزمەتی تەوزیمیی سەربازی بووران. ئەوەش لێبووردنێکە، هەموو کورد و عیساییەک چوونیەک چاویان تێ بڕیوە. ئەم لێبووردنە لە سۆنگەی دەربڕینی سۆز بەرامبەر بەوان سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو بە نیازی حەسانەوەی سوپا و تەکووزی بوو. چونکە تاکی موسوڵمان خووی پێوە گرتووە ڕۆژانە لانی کەم دە جاران دژی شەیتان، پەنا وەبەر خوا ببات. تاکی ئێزدیش ئەم کوفرەی پێ قەبووڵ ناکرێت. ناچارە لەدوان یەکێکیان هەڵبژێرێت. یان کافرەکە بکوژێت یانژی خۆی... ل٨٧»

لێرەدا، واتە لە کۆمەڵگە نیمچە داخراوەکی خێڵدا، نەخەڵک بەو ڕادەیە ئاڵۆزن و نەژیان و پێویستییەکانیشی ئەوەندە گران و بەگرێ و گۆڵن. لێرە هەر نەبێت دیوەخانێکی گەرموگوڕ هەیە، تەواوی ئەو خەڵکە کۆ دەکاتەوە، کە تاک دەتوانێت بەئازادی دەردی دڵی خۆی تێدا بکات و کەسانێکیش هەبن بە پەرۆشەوە گوێی لێ بگرن و بەتەنگیەوە بن. ئەگەر پێویستی کرد بەهاناشیەوە بچن. لێرەدا ڕێوڕەسمەکان ئاسان بەڕێوە دەچن. دەرگەی ماڵەکان ئاوەڵان. بگرە زۆر ماڵی گوند، مینا سیامالّ بێ دەرگەن. لێرە کەمتر هامشۆ و دیدەنی، پێویستیی بەزەنگ لێدان و پێشەکی لێگێڕانەوە و ڕوخسەت خواستن دەبێت.

هەموو لایەک پێیان خۆشە و بەئەرکی سەرشانی دەزانن لە خزمەتی ئەوانی دیکەدا بن و خۆیان بەکەسی یەکدی دەزانن. لێیان تێ دەگات و لێی تێ دەگەن. ڕاووشکارە، هەمیشە هەیە. دەمەتەقێ و شەوچەرەیە هەمان دەستوور. هەرچی مێیینەیە خۆیان ناشارنەوە. خەڵک سڵاو لەیەک دەکەن و لە مزگەوتدا ڕۆژانە چاویان بەیەک دەکەوێت. لە بۆنە ئاینییەکاندا ماڵی یەکدی بەسەر دەکەنەوە و گەردن ئازادی

لەیەک دەکەن. ئاین و ئاینزا و ماڵی خوا؛ لەوەڕخۆری، گەرمیان و کوێستان و خەم و خولیایان تا ڕادەیەکی زۆر چوونیەک و هاوبەشە.

لە ژیانی ڕۆژانەی خێڵدا، عورف و ترادسیۆن و داوونەریتەکان جێی یاسا و سیستمە نوێیەکان دەگرنەوە. پێوەندیی خزمایەتی و خوێن جێی پێوەندییە چینایەتی و کۆمەلایەتییەکان دەگرنەوە. ئاغای سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵیش لە جێی دەزگەکانی دەوڵەت کار دەکەن. یەکسانی و دادی کۆمەلایەتی، بەتایبەتی بەر لە نیشتەجێبوونی خێڵ، تاڕادەیەک لە نێو ئەندامانیدا بەرقەرار بووە.

ئەگەر قسە لەسەر ژیان و گوزەران بێت، ئەوا بۆ هەمووان چوونیەک بووە. خۆ ئەگەر جەنگ و مەرگیش بێت ئەوا هەموو لایەک پێکەوە بەرەوپیری چوون. سەرپێچی کردن لە یاسای وڵات بەلای تاکی خێڵەکییەوە وەک ئاوخواردنەوەیە، وەلێ سەرپێچی لە داوونەریتی خێڵی بەلاوە گەلێک سەختە.

## کەینێ ڕۆژی خێڵ و خێڵایەتی ئاوا دەبێت؟

دابەشبوونی کار و پەیدابوونی چینەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ، دکارن بناخەی مادی و مێژوویی بۆ ئاوابوونی ڕۆڵی خێڵ دابڕێژن و جێ بۆ سەرهەڵدانی نەتەوە و میللەت خۆش بکەن و تەنگ بەخێڵە دوورەپەرێز و ناکۆکەکان هەڵبچنن. ئەگەرچی لەگەڵ پێشکەوتنی خوێندەواریی و زانست و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکاندا بەرەبەرە خێڵ و سیستمی خێڵ ڕۆڵیان لە پێشرەوی و ئاراستەکردنی خەڵکدا بەرەو کزی و ئاوابوون دەچێت، وەلێ بۆی هەیە ترادسیۆنەکانی خێڵ، هزر، دیدی خێڵەکییانە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە خدە و ئاکار و یادەوەریی خەڵکدا، کە لەوانەیە بۆ سەدان ساڵ درێژە بکێشێت، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەر بمێنێت.

بۆیە لە ئێستاشدا، کە خەریکە سنووری نێوان گەلان بەرەو کاڵبوونەوە، یانژی سڕینەوە بچێت، چاوەڕوانی ئەوەش بکە ڕێکەوتی نوژدارێک، ئەندازیارێک، تەنانەت مامۆستایەکی زانکۆش بکەیت، سەرباری ئاستی کۆمەلایەتی، کەچی بەرگری لە خێڵەکەی بکات و پێوەی بنازێت. لە ماڵەکەیدا خێڵەکییانەش مامەڵە لەتەک ئەندامانی خێزانەکەیدا بکات. وەلێ بە هەموو بارێکدا پەرەسەندنی زانست و بواری

پیشەسازی و خێرابوونی بزاڤی بازرگانی، ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕن و لە کاریگەریی خێڵ و سیستمی خێڵایەتی و مێنتەلێتیی خێڵ کەم دەکەنەوە.

گۆشەگیری و دابڕانی خێڵەکان لە یەکدی، لەسۆنگەی نەبوونی پێوەندیی نوێ و ڕێگەوبانی نوێ و دابڕانی کوردستان بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ لە دنیای پێشکەوتوو، هەروەها دابڕانی دێهات، کە لە خۆیدا مەڵبەندی تەواوی داوونەریتە خێڵەکییەکانە لە شار و شارستان، ئەمانە هەموو پێکەوە، فاکتەری مانەوە و درێژەپێدانی تەواوی ئاکارە خێڵەکییەکان بوونە.

لە دێرزەمانەوە دوژمنانی کورد سوودیان لەم دۆخە، بۆ لەتوپەتکردنی کورد وەرگرتووە تاکو لە تەنگانەدا وەک "سوارەی حەمیدی" لەمەڕ سوڵتان عەبدولحەمید، بیانکەنە کوتەکی دەستی خۆیان. بۆیە هەرکاتێک ئەستێرەی خێڵ ڕوو لە ئاوابوون بووبێت، دوژمنان بۆ سوودی خۆیان زیندوویان کردووەتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، ڕاکێشانی ڕێگەوبانی نوێ، لە نزیککردنەوەی گوند و شارەکان و یەکترناسینی هۆزەکان و لە بەگەڕخستنی بواری بازرگانیدا، ڕۆڵی گرینگ دەبینێت. ئەمانەش بەسەریەکەوە بەچاکەی کۆمەڵگە دەشکێنەوە. چونکە ئەوەی زیاتر تاکەکانی خێڵێکی لەیەک نزیک دەکردەوە و تەباییی لە نێواندا دەخولقاندن و بووبووە بناخەیەک بۆ یەکڕیزییان؛ ئاستی ژیان و ژیاریان بوو. ئەوان لە ئاستی گوزەران و ژیاندا تاڕادەیەکی بەرچاو یەکسان بوون. ئەمەش کارێکی وەهای کردووە، بەنزیکەی یەکسانییەکی تەواویش لە ئەرک و مافەکانیادا ڕەچاو بگیرێت. وێرای ئەوەی بە یەکگرتوویی، هەموو پێکەوە لە هەرێمێکی سنوورداری نیمچە داخراودا ژیانیان گوزەراندووە. وەلێ لە جڤاکی نوێدا، کاتێک تاکەکان دەبنە مووچەخۆر، سەرباز و کرێکار، ئەوا ئەگەری ئەوەش دێتە گۆڕێ بەژمارەی زۆر، بەرەو هەرێمە دوورەکانی دیکە بگوێزرێنەوە. لە زێد و هەرێمەکەی خۆیان هەڵبکەندرێن و دوور بکەونەوە. ئیدی پتر چاویان دەکرێتەوە و دکارن سامان کۆ بکەنەوە و کەسانی سەربە خێڵی دیکەش بناسن. بەم پێیە ژنخوازی لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە و گۆڕینیش لە هزریاندا ڕوودەدات.

کاتێک ئاستی خوێندەواری و ڕووناکبیری، پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیانەوە

دەبین، ئیدی ئاکار و جۆری بیرکردنەوەیان سەبارەت بەشکۆ و سەروەریی خێڵ و پیرۆزیی داوونەریتەکانی خێڵ گۆڕانیان بەسەردا دێت. لێرەشەوە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان وەک جاران نامێنن. ئەو ڕیزبەندی و هاوکاری و یەکدەنگییەی ئەوسایان لە نێواندا دەپووکێتەوە و بەرەبەرە نامێنێت. بگرە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان کارێک دەکەن ناکۆکی بکەوێتە نێوان توێژ و تاکەکانی هەمان ئەو خێڵەوە، کە تاکو ماوەیەک لەمەوبەر موو بە بەینیاندا نەدەچوو.

ئیدی سەرخێڵیش دەسەڵاتە ڕەهاکەی جارانی لەدەست دەدات. ئەو حەلە جیاوازی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا جێگەی هاوسانییەکەی ئەوسا دەگرێتەوە. ئەو حەلە دوورەپەرێزی ڕوو دەکاتە نێوان توێژ و تاکەکانی هەمان خێڵ، کە جاران ئەو دوورەپەرێزییە لە نێوان خێڵ و هۆزە نەیارەکاندا بوو. چیدی تاکەکان وەک پێشتر گوێڕایەڵی سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ نابن. بیروڕای ناکۆک و دژ بەیەک لە نێوەندەکەدا سەرهەڵدەدات. بۆیە زۆرێک لەوان بەدوای ژیان و گوزەرانی باشتردا، گوند یان هەرێمە هاوبەشەکەی خۆیان جێ دێڵن. ئیدی وردە وردە هەست بە هاتنەپاڵ (إنتماء) بۆ نەتەوە و پارتی و دەستە و تاقمی کۆمەڵایەتی کراوەتر و گشتگرتر لە لایان سەرهەڵدەدات.

ئەوێک پێشتر وەهای زانیوو، کە دوور لە خێڵ ژیانی مەحاڵە و کەسێک لە دەرەوەی سنووری خێڵەکەیدا سەنگ و نرخێکی بۆ دانانێت. ئەو وەهای بۆ چووبوو، کە بەبێ خێڵ تاکێکی نەناسراوی لە خێڵ جێماوی تەنیاباڵ و بێ هێزە. بوونی ئەو تەنیا لە ڕێگەی بوونی خێڵەکەیەوە دەسەلمێت و گوزارشتی لێ دەکرێت. کەچی هەر کاتێک ئەو پێچکردنەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە گەورەیە ڕووی دا؛ ئیدی هەمان تاک دەرک بەوە دەکات، کە یەکێتیی ڕیزەکانی گەلەکەی و سەروەریی نەتەوەکەی و گەڕانەوەی بۆ ناو مێژوو، بە لەبەریەک هەڵوەشانی خێڵە پاشڤەڕۆکان مسۆگەردەبێت.

تێ دەگات هێزی نەتەوەکەی، وا لە بێهێزی و بێدەسەڵاتیی خێڵ و مێنتەلێتیی خێڵدا. تێ دەگات، کە دەسەڵاتی خێڵ لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی شکۆ و دەسەڵاتی دەوڵەتە. بۆیە لەبەینچوونی خێڵ و سیستەمی خێڵی دەها پێ باشترە. ئەودەم تێ دەگات، کە ئەو خێڵەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شانازیی پێوە کردووە، تەنیا

بەشێکی بچووکی گەلەکەی پێک هێناوە. بۆیە چاکتر وایە، لە پێناوی باڵادەستی و سەروەریی نەتەوەکەیدا، قوربانی بەدەسەڵات و نەریتەکانی خێڵ بدات.

گەرەکە ئەوەیش بزانین، ئەگەر بێتو ئەم پرۆسە گرینگ و ئاڵۆزە بدرێتە دەست مێژوو، تاکو بەکاوەخۆ، بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە بچێت؛ ئەوا دەسخەڕۆ دەبێن و زەمانە بەئاسانی ئەم پرسەمان بۆ چارەسەر ناکات. بەڵکو ئەو حەلە پرۆسەکە زۆر بەخاوی بەڕێوە دەچێت و ساڵانێکی دوورودرێژ دەخایێنێت. بۆیەکا بۆ دەستوبرد لەم پرۆژە گرینگە نیشتمانی و شارستانییەدا، پێویست دەکات بە دەستەبژێری ڕووناکبیر ڕۆڵی خۆیان ببینن.

گەرەکە پرۆگرامی خوێندن لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا گۆڕینی گەوهەرییان بەسەردابێت. هەروەک گەرەکە پارتە پێشکەوتووەکان بە بەرنامەی نوێوە کاربۆ هەڵتەکاندنی خێڵ، بەخۆی و دەسەڵات و داوونەریتە دزێوەکانیەوە بکەن. لەم پێناوەدا توانایان بخەنە کار و ئالیکاری بکەن. بۆیە خێڵەکیی بەلایەک و هەموو ئەوانەی دژی سیستمی خێڵ و تیرەگەرین بەلایەک؛ وەک دوو تەرەف، یەکێکیان پاشڤەڕۆ و دژ بەرەوتی مێژووە، ئەوی دیکەیان داهاتووخواز و شارستانییە و بەدوو میتۆد و ئاراستەی جیاواز کار دەکەن. ئەوانە دوو تەرەفی ناکۆکن و هەرگیز بەیەک ناگەن.

بورهان غلیون، لە کتێبەکەیدا، (سیستمی تایەفەگەریی لە دەوڵەتەوە بۆ خێڵ) سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: «بریتییە لە هاوکارییەکی زگماک لە نێو بەشێکی گچکەی کۆمەڵگەدا، کە لەسەر حیسابی گوێڕایەڵیی گشتی بۆ تەواوی جڤاک، جا ئاینی بێت یان نەتەوەیی دێتە دی. پێی دەڵێین زگماک، تاکو لە گوێڕایەڵیی شارستانی، کە بابەتییانەیە و هەمووان دەگرێتەوە و لە لایەن دەوڵەتەوە پەرەی پێ دەدرێت جیای بکەینەوە. جەختکردن لەسەر خۆ، لە کن خێڵەکی گرینگیی زۆر تایبەتیی پێ دەدرێت.»

هەرچۆنێک بێت مانەوە و بەردەوامیی تایەفەگەری و خێڵ، پەتایەکی کۆمەلایەتی و ڕامیاریی خەتەرناکە؛ چونکە لەبری ئەوەی تاکەکان گوێڕایەڵی و دانەپاڵیان (ولاء و إنتماء) تەنیا بۆ یەک سەرچاوە هەبێت، کە ئەویش نیشتیمانە، سیستمی تایەفە و خێڵ، فرەدانەپاڵ و فرەگوێرایەڵی دێنێتە ئاراوە. مانەوەشی، بە مانەوەی پاڵنەرەکان،

نزمی و سستیی ئاستی ڕووناکبیری و هۆشیارییەوە بەندە.

گەڕانەوە بۆ بنەما نیشتمانییەکان و جێگیرکردنیان لە هزری کۆمەڵانی خەڵکدا دەبێتە مایەی ئەوەی لە داهاتوودا بەسەر پاشماوەکانی سیستمی خێڵدا زاڵ ببین. دەسەڵاتە ناجێگیرەکانیش بۆیە هاوکاریی خێڵەکانن و دەیانبووژێننەوە، یان خێڵی نوێی قەڵب و دەستکرد دێننە ئاراوە، تاکو لە کاتی لێقەوماندا پەنایان بۆ ببەن. بەڵام ئایا لە ڕۆژی لێقەوماندا خێڵ، کە هەردەم لە دووی بەرژەوەندیی خۆی دەگەڕێت، دێتە کۆمەکی هێزی ڕووخاوی شکستخواردوو؟

غەلیون پێی وایە: «کۆمەڵگەی خێڵەکی، جڤاکێکی هەلارهەلار بووە. زۆرینەیەکی نەگۆڕی ڕاستەقینەی لێ پێک نایەت. نەبوونی زۆرینەیەکی باڵادەستیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئایدیۆلۆجیای زۆرینەش دروست نەبێت و دەوڵەت نەتوانێت دەسەڵاتی ناوەندیی خۆی پیادە بکات. لێرەوە خێڵ و دەڤەرگەرایی پەرەبسێنێت و دەسەڵات ڕاستەوخۆ، بەخێڵی سەرۆک یان بەشار و گەڕەکی سەرۆکەوە گرێ بدرێت.»

یەک لەباری دەسەڵاتی کورد، پێویستە پشت و پەنای ئەو ڕووناکبیرانە بێت، کە بەدەر لە تایەفە و دەڤەرگەرایین. لەودیو ئاوەزی ڕەشماڵی خێڵەوە ڕەنج دەدەن. ئەوانەی بە تەواوی دڵنیایی و پشت ئەستوورییەوە کار بۆ سەروەریی نیشتمان دەکەن. هەموو ڕووکردنە خێڵێکیش وەها لێک دەدرێتەوە، کە لەو وڵاتەدا حزب و حکوومەت دەسەڵاتیان لە کزیی داوە و ناتوانن جومگەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی بپارێزن. تەنانەت ناتوانن وەک پێویست تاکەکانی کۆمەڵیش لە مەترسی و دەستدرێژیی دەرەکی و ناوەکی بپارێزن.

خێڵ بۆی هەیە گەورە ببێت و دەسەڵات بەسەر چەندین خێڵی دیکەشدا بسەپێنێت؛ یاخۆ لەگەڵیاندا هاوپەیمانیەتی ببەستێت. سەرخێڵی هەڵکەوتوو بۆی هەیە بیر لە پێکهێنانی میرنشین و دەوڵەتی خاوەن ئاڵاش بکاتەوە و دروستیشی بکات. دیارە نموونەی زۆری میرنشینان هەن. بەڵام هەر ئەم خێڵە، دوای هەموو ئەم سەرکەوتنانەش بۆی هەیە وەک خێڵ لەسەر نەخشەی جوگرافیا نەمێنێت و وەرد و پەرەناو ببێت. بەتایبەتی دوای تێکشکانی قەوارەی میرایەتی و نیمچە دەوڵەتەکەی. بۆ نموونە کوان بەبە یاخۆ بابانییەکان، بەو هەموو لەشکر و دەبدەبە و

ناووداوەیانەوە؟ ئەمڕۆ ئەوان وەک خێڵ و بنەماڵەیەک، کە بتوانێت لە قەوارەیەکدا کۆیان بکاتەوە، دەتوانین بڵێین تەواوبوون. مەگەر لێرەو لەوێ وەک خێزانی پەڕاگەندەی بێ پێوەندیی ئاسەواریان مابێت.

هەروەک بۆی هەیە خێڵەکان لەناو خۆیاندا لکوپۆیان لێ ببێتەوە و پاشان هەر لکە و ببێتە خێڵێکی دیکەی سەربەخۆ. یان بۆی هەیە لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی دەرەکی و ناوەکیدا، خێڵ هەبێت قڕی تێ بکەوێت. یان بەهۆی گوشارەوە، بەتایبەت بۆ سەر خێڵە بزێوەکان و ئەوانەی بیری ئازادییان تێدا بەهێزە، سەرکوت بکرێن و بەجارێک بپووکێنەوە. یانژی لەگەڵ ڕەوتی زەماندا ئەو دەرەوشانەوەیەی جارانیان نەمێنێت. هەر وەک خێڵە کورد هەن بۆ باکوری ئەفریقا نەفی کراون. ئەوەش لەولاوە بوەستێت، کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت خێڵە کوردەکانیان بڵاوە پێ کردووە. بەڕادەیەکی ئەوتۆ لەیەک دایان بڕیون، نەتوانن جارێکی دیکە یەک بگرنەوە.

لەم بارەیەوە لە کتێبی خێڵەکانی کوردستاندا هاتووە: «لە درێژایی تەمەنیاندا، زۆر خێڵ پارچە پارچەبوون. ئەمەیش لە ئەنجامی هەڵمەتی کۆچ پێکردنیان و کۆچی بە خوایشتی خۆیاندا ڕووی داوە. هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ خێڵی (خەلەکان) لە باشوور، لە نزیک هەولێرەوە هەن. هەر ئەم خێڵە بەناوی (قالخان)ەوە، لە نزیک کرماشانیش هەن. هەروەها لەنزیک (ئەنکارە) و (قۆنیا)وە، لە تورکیاشدا هەن. بێجگە لە بوونیان لە خوراسان و تورکمانستان و ئەرمینیا و لەسەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا نزیک بەماکۆ. بەڵام ئەو تۆمارە کۆنانەی لەبەردەستدان، خێڵی خەلەکانیان لە ناوچەکانی چواردەوری هەولێر دیاری کردووە. عشائر کوردستان ل ١٦٩»

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەبارەت بە دروستبوونی خێڵ، هەر پیاوێکی زەبردەست، ئەگەر خاوەنی ژمارەیەک کوڕو براو برازا و ئامۆزای گوێڕایەڵ بێت و مەیلی لەسەر بێت، دەتوانێت هەر لە بەرەبابەکەی خۆی هۆز و تیرەی نوێ پێک بهێنێت و ناویشی بۆ دابتاشێت. هەروەها دەتوانێت بۆ پەیداکردنی ئابووری، دەست بەسەر چەند گوندێکدا بگرێت، یاخۆ دکارێت بە هاوکاریی حزبەکان ببێتە خاوەنی ئابووریی خۆی. سەرۆک هۆزی نوێ، بۆ بەردەوامیی خۆی، بەئاسانی دەتوانێت دیوەخانانەش وەربگرێت.

لەم ڕوووە هێژا کەمال میران ئاوا سەربوردەی خێڵی خۆشناو دەگێڕێتەوە: «میر ئەمبێز خان لەگەڵ سێ کوڕیدا لە قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەڵانەوە کۆچیان بۆ هەرمکی دۆڵی بالیسان کردووە. لەو دەمەدا شەرک میری خۆشناو بووە. ڕێزی لێ ناوە و ئاش و ڕەز و باخی پێ داوە. ئەمبێز ئەستێرەی لە درەوشانەوەدا بووە. کوڕانی میر شەرک چاویان پێیدا هەڵنەهاتووە. بەردەوام جۆگەی ئاوی ئەمبێزیان شکاندووە. شەوێک ئەمبێز و دەستەیەک چاودێریی جۆگەکە دەکەن، لەو دەمەدا چەند کەسێک پەیدا دەبن و جۆگەی ئاشەکەی تێک دەدەن. ئەمبێز هێرش دەکاتە سەریان و دەیانکوژێت. کاتێک سەرنج دەدات دەبینێت یەکێک لە کوژراوەکان کوڕی میر شەرکە. دەزانێت کار لە کار ترازاوە. ئیدی هێرش دەباتە سەر میر، دەیکوژێت و بانگ دەدات، کە لەمەولا دەسەڵات هی ئەمبێز خانە. خەڵک سەریان بۆ دانەواندووە و کەوتوونەتە جمێندان بەمیر شەرک و هەزار ناو و ناتۆرەیان بۆ دۆزیوەتەوە. لەپاش ئەم ڕووداوە هەموو خۆشناوەتییان داگیر کردووە.. خۆشناو و خۆشناوەتی ل٤٤–٤٥» لەم سەربوردەیەوە دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

یەکەم: لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا هێز لە سەروو هەموو شتێکەوەیە.

دووەم: کوڕانی خێڵ بێ بڕوا و بێ بارن. کێ شوان بێت ئەوان مێگەلن.

سێیەم: خێزانێکی زەبردەست بۆی هەیە ببێتە سەرخێڵ و میرایەتیش بکات.

چونکە تاکو ئێستاش، لەم باشوورەدا، تیرەو تایەفەی وەها سەرهەڵدەدەن، کە پێشتر نەناسراون و لە کوولەکەی تەڕیشدا ناویان نەبیستراوە. زۆر جاریش خێڵ ناوی ئەو تاکە زەبردەستە هەڵدەگرێت، کە سەرەتا دروستی کردووە. پاشتر خەڵکی دیکەی هاتوونە پاڵ و نەوە و وەچەیان لێ کەوتووەتەوە و لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان فراوان کردووە.

د. ئیبراهیم داقووقی، لە کتێبە نوێیەکەیدا بەناوی (أكراد تركيا – کوردانی تورکیا) نووسیویەتی، «دەبینین هەندێک لەم خێلانە ناوی خۆیان لەناوی سەرخێڵەکانیانەوە خواستووە، وەک: موسا بەگ، مەحموودی، بایەزید، نیعمەت، ڕەجەبلو، شێخ داوود، شێخ حەسەنلو، میکائیلان. هەروەک ناوی هەندێ خێڵ لەو گوند و شارانە نراون، کە دواتر و بەیەکجاری خێڵە ڕەوەندەکانی تێدا

نیشتەجێبوون. وەک: شێخان، شارەبان و ئامران، لە عێراق و مەحموودی و ئولوس و گەرگەر و سرووج لە تورکیا.. ل ١٢ - ١٣»

## خێڵی شارەگەورەکان

ژنە نووسەری دانیمارکی "هەیدی لاورا" لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "خێڵی شارەگەورەکان" باسی ئەو دیاردەیە دەکات، کە لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا پەیدایە. لەم شارانەدا کەس لەکەسە. ئەوانەی هاو ئارەزوون و مەزاجیان لەیەکەوە نزیکە، سەربەیەکدا دەکەن و بەجارێک لەوانی دیکە دادەبڕێن و لە کلووبی گچکەدا خۆیان ڕێک دەخەن. پەرە بەتوانا و ئارەزووەکانی خۆیان دەدن و هەقیان لەسەر خەڵکانی دیکە نییە. تەنیا بۆ ئەو مەبەستەی خۆیان دەژین. لەم کتێبەدا، لاورا خانم چەندین گرووپی ڕیزکردووە و لەسەریان دەدوێت. بۆ خۆی لە شاری کۆبنهاون سەردانی کردوون. ئەو خێڵانە، وەک ئەو وەسفیان دەکات دوور لە چاوی ئەوانی دیکە لە ژێرزەمیندا و بەپەنهانی کار دەکەن و بەخێڵی شارەگەورەکان ناویان دەبات.

وەک گرووپەکانی کاراتێ، یۆگا و گرووپە ئیتنیکییەکان، گرووپی سەمای تانگۆ، یان گرووپی مووسیک و سەمای سکا، کە خەڵکێکی زۆر هێشتا ناویشی نەبیستوون. گرووپی زمانی ئیسپەرانتۆ، کە زمانێکی دەستکردە، وشەکانی دەچنەوە سەر زمانە ئەورووپاییەکان و بەو نیازە ڕۆنراوە ببێتە زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو جیهان. یان کلووبی مۆسیکی تێکەڵ و هەوا بەرزی "دی جەی"، کە تەمەنی هەوا چەن دەیەیەکە.

لاورا خانم دەڵێت: «لە دنیایەکدا، کە هاوبەندییە میللی و لۆکالەکان بوونەتە ئەبستراکت و زەبەلاح. خەڵکانێک پێکەوە لە دووی هاوقۆڵی تر، ڕەسەنتر، ئەزموونی قووڵتر، ئازادیی پتر و خۆمانەترن، یان کلووبی تایبەت و نهێنی هەڵدەبژێرن، ئینتیمای بۆ بکەن، تاکو مۆرکی خۆیان لەسەر ئەم دنیایە دابنێن. ئەمەش هەروا ئاسان نییە. بڕانە: هەیدی لاورا، خێڵی شارە گەورەکان، ل ١٥»

# پاژی دووەم

## ئاکاری مرۆڤی خێڵەکی

### کەسیەتیی چییە؟

بەر لەوەی بەنێو تایبەتمەندییەکانی تاکی خێڵەکیدا ڕۆبچین، باشتر وایە چەردەیەکیش لەمەڕ چەمکی کەسیەتی، لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بدوێین. سەرەتا، کەسیەتی کاتێک بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت و بەرجەستە دەبێت، کە بەدەوروبەری خۆی بەراورد کرا. هەروەها کاتێک بەڕوونی بەهای کەسیەتیی بەدیار دەکەوێت، ئەگەر ئەم پرسیارەمان بەرەوڕوو کردەوە. داخۆ گرینگیی بوونی ئەم کەسیەتییە بۆ ئەوانی دیکە لە چیدایە؟ مەبەست لە لایەنەکانی ئابووری، ڕامیاری، ئاینی و ڕۆشنبیری، یان دەکرێت وەک دیوی دەرەوەش بینرخێنین و حیسابی بۆ بکەین و بڵێین فلان کەس، کەسێتێیەکی خۆش پێکەتوو، سەر و سیما جوان، دەمولەبز شیرینە و بەتەنگ دەوروبەری خۆی و خەڵکەوەیە. چونکە دیوی دەرەوەش بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی خێڵدا بەهەند دەگێرێت و ڕۆڵ دەبینێت. وەلێ کەسیەتی لە کردەوەکانیدا بەدروستی بەرجەستە دەبێت. چونکە بەشی زۆری کەسیەتی لێهاتوویی و تواناکانی تاک دەگەیەنێت.

فەرهەنگی "پۆلیتیکن"ی دانیمارکی ئاوەها پێناسەی کەسیەتی دەکات و نموونەشی بۆ دەهێنێتەوە، «کۆکراوەی فیزیکی، دەروونی، هەڵسوکەوت، تواناکان و چلۆنایەتییە کە تاکێک جودا دەکاتەوە، یان شتێک لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە و یەکسانە بە کارەکتەر. نموونە: کارەساتەکە تەواوی کەسیەتیی ئەوی گۆڕی.

خانووەکە کەسیەتییەکی ڕاستەقینەی هەیە.»

بەسەرێکی دیکە کەسیەتیی دیوی دیار و نادیاری هەیە. دەکرێت لەدیوی دەرەوە سەرنجکێش و بەدەمولەبز و فریادڕەس بەدیار بکەوێت، بەڵام لەوانەیە هەموو ئەم پێناسانە ڕواڵەت، یان دەمامک بن، فڕیان بەسەر ناخ و کەسیەتیی ڕاستەقینەی ئەو تاکەوە نەبێت. دەکرێت دیوی دەرەوەی کەسیەتی چاوخاپێن بێت. وەک کەسیەتیی فایلڕەشەکان. واتە کەسیەتی بەدوو دیو تەواو دەبێت، گەوهەر و ڕواڵەت.

وەلێ کەسیەتی لە گۆڕاندایە، وەک ئەو نموونەیەی فەرهەنگی پۆلەتیکن: «کارەساتەکە تەواوی کەسیەتیی ئەوی گۆڕی» دەشێت بڵێین، پشکێکی کەسیەتی، لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، زگماک لە تەک خۆیدا هەڵی گرتووە، پشکەکانی دیکەش، لە ئەنجامی تێکەڵاوی بەجڤاک و ڕووناکبیرییەکان، بەچنگەکرێی خۆی پەیدای دەکات. زەکەریا ئیبراهیم لە کتێبێ (برجسون)دا دەڵێت: «کەسیەتیمان لە ڕسکانی بێ پسانەوەدایە، چونکە بەهۆی ئەو ئەزموونانەی لە لامان کەڵەکە دەبن، لە هەر چرکەساتێکدا بنیات دەنرێت، کەسیەتیمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، لە کاتێکدا ئەو بێ وچان دەگۆڕێت، کارێکیش دەکات لە ناخی خۆماندا تاکە دۆخێکی دەروونیش پاتە نەبێتەوە، گەرچی بەڕووکەش وەها بەدیاردەکەوێت، کە ئەوە هەمان دۆخی پێشووە. لێرەدایە، کە بەردەوامیمان دووبارەبوونەوەی قەبووڵ نییە. زکریا إبراهيم، برجسون، ص٢٥٤»

وەلێ کەسیەتیی بەهێز، ئەوانەی خەمی گەورەیان لە کۆڵە و بۆ ئەوانی دیکە دەژین و خەڵک بەپێشەوای خۆیان قەبووڵیان کردوون، دەتوانن بەسەر هەوا و هەوەس و داواکارییە لەبن نەهاتووەکانی (من- ئیگۆ)دا زاڵ بن. چونکە کەسیەتیی ئیگۆییست لە کۆمەڵدا پەسەند نییە.

هەندێک جاران گوێمان لێ دەبێت دەڵێن: لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی ساغڵەم و دامەزراوە. واتە ناکرێت، دوور لە باری دەروونی، کەسیەتی تاک ڕوومال بکەین. هەروەها ناکرێت، بەپێوەری سەردەمی خۆی، دوور لە ڕووناکبیری، کەسیەتی هەڵبسەنگێنین. یان دەگوترێت: کەسیەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕووناکبیری. ئەمەش لە کاتێدا دەگوترێت، کە یەکێک لەم لایەنانە باڵی بەسەر ئەو کەسیەتییەدا کێشابێت.

وەلێ کەسیەتیی دەوڵەمەندیش هەیە، بەو مانایەی فرە ڕەهەند و فرەلایەنە. چەندین توانای لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، کە خوێندنەوەی درێژتر و قووڵتریان پێویستە. وەک ئەوەی تاکێک هەم کەسیەتییەکی سەربازیی بێت و هەم ڕامیاری و هەم ڕووناکبیری، بەڵام کەسیەتیی لەم تەرحە لە نێو کورددا، ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە.

کەواتە کەسیەتی وەک بوونەوەرێکی زیندوو، هەر تەنیا بۆدی یان جەستەی تاکەکە نییە بەقەدەر ئەوەی گەوهەریەتی. چونکە کەسیەتیی کامڵ نەفسێکی خاوەنبیری چاکەخوازی ئازادە، لە دزی و درۆ و داوێنپیسی بەرامبەر دەوروبەر خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت. خۆ ئاژەڵیش جەستەی هەیە. بەڵام مرۆڤ هەم کەرامەتی هەیە و هەم ئاگەداری کەرامەتی ئەوانی دیکەشە. واتە کەرامەت خەسڵەتێکی ناوکۆی مرۆڤە و لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە. ئەو لە هەست و نەست ڕسکاوە و بە دەوروبەر کاریگەرە.

زانستە کۆمەلایەتی و ڕەوانییەکانیش زۆریان لەسەر لایەنەکانی مرۆڤ وتووە و کاریگەریی خۆیان لەسەر ئاکارەکانی مرۆڤ داناوە و پێیان وایە کردەوەکانی مرۆڤ پەرچەکردارن. هەرکەسێک ملی بگریت، لە بناخەدا ڕۆنراوی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیەتی، بەیاسا و ڕۆشنبیری و داوونەریتەکانیەوە. دەروونناسیی لەمەڕ فرۆید پێی وایە، کەسیەتیی ڕۆنراوی لەنگەرگرتنی نێوان توخمەکانی من و ئەو و بەرزەمنە. لە سۆنگەی چاودێری و براگەورەییی بەرزەمنەوە، تاک بۆی نالوێت تەوای ئارەزووەکانی تێر بکات، بۆیە دووچاری چەپاندن دەبێت. تێکچوونی بالانسی نێوان ئەو سێ جەمسەرە، گرێ و گۆڵ و نادروستی لە کەسیەتیدا پەیدا دەکات.

هەروەک لە توانای کەسیەتیدا نییە لە دەرێی مێژوودا بێت. چونکە ئەو بوونەوەرێکی ڕسکاوی دەور و زەمانی خۆیەتی. واتە بەرهەمی جڤاکێکی تایبەتە، لە مێژوویەکی دیاریکراودا، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە و کۆمەڵێک ئەرکیشی لەسەرشانە. مرۆڤ بەکاریگەریی ئەو نێوەندەی کە تێیدا پەروەردە دەبێت گەشە دەکات و کاریگەریشە.

کەسیەتی لە جڤاکی داخراو و پاشڤەڕۆدا قوربانی لە پێناوی گشتدا دەدات و کەسیەتیی خۆی لە نێو جەنجاڵیی بەرژەوەندییە بەیەکداچووەکاندا دەتوێنێتەوە،

کەچی لە جڤاکی ئازاد و پێشکەتوودا سنووری ئازادییەکانی بەرفرە و فرە بوارە، لێرەدا ئاکارە تایبەتەکانی تاک پتر بواری گەشەسەندن و دەرکەوتنیان بۆ دەلوێت، لێرەدا دەتوانێت وەک هەیە خۆی بەڕوونی بنوێنێت و گەشە بکات. گەرچی جڤاکی پێشکەوتووش نەخۆشیگەلی تایبەت بەخۆی و لایەنی نەرێنیشی هەیە، کە هەندێک جاران تاک بەرەو دوورەپەرێزی و تەنیابالّی و خەمۆکی پاڵ دەدات و دەیترنجێنێتە نێو گۆشەیەکی بەرتەسکەوە و لای لێ دەبڕێت.

کەسیەتی خواوەکیلی و لەخۆڕا چێ نابێت. هۆکارەکانی بۆماوە، لەپەڵ ئەو دۆخ و هەلومەرجەی دەوری داوە، لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی، کە مرۆڤ پێیدا تێ دەپەڕێت و لە مێژوویدا کۆی کردوونەتەوە، کە زۆر جار بۆ خۆی ئەو دۆخ و ئەزموونانە هەڵنابژێرێت، هەموو ئەمانە پێکەوە قاڵ و شکڵگیری دەکەن و کەسیەتیی گەلاڵە دەکەن و سیفاتەکانی بالاپۆش دەکەن. خەڵکانی دەوروپشتیشی ناوی لێ دەنێن و هەڵی دەسەنگێنن. تاکمان زۆر هەیە، وەختی خۆی بابی بەو ئومێدە ناویناوە مەحموود تاکو کەسیەتییەکی هەڵکەوتووی وەک شێخ مەحموودی لێ بڕسکێت، بەلام ئەو لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکیدا دەداتەوە کەندێ و خەڵکیش لە قەد کەسیەتیی خۆی سیفاتەکانی دەدەنە پاڵ و بە خولە کەچەڵ، خولەجاش.. هتد ناوی دێنن. لێرەدا ڕوونە، کە هەمیشە مەرجی ئامادەبوونی "ئەوانی دیکە" پێویستە بۆ ئەوەی تاک کەسیەتیی خۆی بۆ کەشف ببێت. وەک سارتەر جەختی لەسەر دەکات.

تۆ ئەگەر تاکێکی کورد بیت. چوار کەنارت هەرگاف هەستی پڕ لە گومانت بەسەردا بسەپێنێت. تۆش لەگەڵ پێشڤەچوونی زەماندا دەبیتە کەسیەتییەکی گەمارۆدراو و لە دەوروبەر بەگومان. ناچار دەبیت گاز، نەوت، ترخێنە، ساوەر و دۆینە و تەقەمەنی ئازووقە بخەیت، کە ئێستاکە هیچ گەلێکی زیندووی جیهان ئەم کارە ناکات. ئیدی بڕوات بە ژینگەکەی خۆت لەق دەبێت و هەوڵ دەدەیت فێڵەکانی شالاوبردن و پاشەکشە و خۆشاردنەوە، فێر ببیت. هەوڵ دەدەیت پارچەیەک چەک پەیدا بکەیت و لەجێیەکی پەنامەکیدا بۆ ڕۆژی تەنگانە بیشاریەوە. ناچاری ئەسپت هەبێت تاکو بتوانی لە تەنگانەدا خۆت هەڵبدەیتە سەر پشتی و لە مەترسی

دوورکەویەوە، یان لە تافی بەرەورووبوونەوەدا سواری پشتی بیت.

دەبێت خۆت ڕابێنی بەرگەی ڕۆژبەکێو و شەوبەکێو و برسێتی و تینوێتی بگریت و پشوودرێژ بیت. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەر کەسیەتییەکان چوونیەک و عارەب واتەنی "نمطی" دەرناچن. ئێمە گەلێک جاران، جا ئەرێنی بووبێت یانژی نەرێنی، بیستوومانە وتوویانە: «ئەم کارە لە ئیشی فلان کەس دەچێت» واتە مۆرکی، شەقڵی، جێ دەستی، فلانی پێوە دیارە. یان بەوشەگەلێکی دیکە کارەکانمان کەسیەتیمان دەستنیشان دەکەن. چونکە کارەکانمان مۆرکی کەسیەتیمانیان هەڵگرتووە.

زاراوە ڕۆنان بۆ کەسیەتییەکان وەک: خاین، فایلڕەش و جاش، لە لای میللەتانی زیندوو بەرچاو ناکەون، لەلای ئەوان، مەگەر لە بنکی فەرهەنگی زماندا بۆیان مابێتەوە. تۆ هەر بەوەی تاکێکی سەر بەم نەتەوەیەیت، ئیدی کۆمەڵێک قاڵبی کەسیەتیت بەسەردا سەپیوە، وەک جاش یان باش.

زۆرێک لە کەسیەتییە نوێیەکانی دوای ڕاپەڕین، لەگەڵ کەسیەتییەکانی بەرلە ڕاپەڕیندا خەرەندێکیان نێوانە. ئەمانە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا سەریان هەڵداوە. بەو ئەزموونە تاڵانەدا نەڕۆیشتوون، کە نەوەی پێش خۆیان چەشتیان. بۆیە ئەمان ئارەزوو، خولیا و ئاواتەکانیان گەلێک جیاوازە. ئەمان لە سایەی هەلومەرجێکی دیکەدا سەریان هەڵداوە.

دیکارت، سەبارەت کەسیەتیی مرۆڤ لە کتێبی "التأملات، التأمل الثاني"دا دەپرسێت: «ئەی کەواتە من چیم؟ من شتێکم بیر دەکەمەوە. ئەدی ئەو شتەی وا بیر دەکاتەوە چییە؟ ئەوە شتێکە گومان دەبات، تێ دەگات و وێنا دەکات، دەسەلمێنێت و ڕەت دەکاتەوە، دەیەوێت خەیاڵ بکاتەوە و هەستیش بکات» دیکارت باسی گەوهەری تاک دەکات، جەخت لەسەر "من"ی کەسیەتیی و لەسەر کارو تێفکرین و ڕاونین و گومان و بەکاربردنی هەستەکان بۆ پەیبردن دەکات. ئەو حەقیقەتی کەس لە بیرکردنەوەدا دەدۆزێتەوە.

کەسیەتی لە جڤاکی فرەچیندا فرە ڕەهەندیشە. بەو مانایەی هەر چینە و بەگوێرەی خۆی کەسیەتیی خۆی ئیفراز دەکات. کەسیەتیی سەرکەوتوو لە لای جووتیار جیاوازە هەتا لای شارستانییەکی خوێندەوار. هەروەها بەپێی تەمەنیش

گۆڕانی بەسەردا دێت. کەسیەتیی نێوەندی قوتابیان لە زانکۆدا جیاوازە لە کەسیەتیی لای مامۆستایانی هەمان زانکۆ. ئەم کەسێتێیانە هەریەکە و دەتوانێت لە نێوەندەکەی خۆیدا ڕۆڵ بگێڕێت و پێشەنگ بێت. وەلێ لە نێوەندێکی وەک زانکۆدا، کە هۆشیاری لە ئاستێکی بەرزدایە، ڕۆشنبیری بەپلەی یەکەم قیبلەنومای کەسیەتییە، کە ڕەنگە کاریگەریی غەیری جڤاکی خۆی، واتە هی وڵاتانی دیکەی دەوروبەریشی لەسەر بێت. وەلی لە نێوەندی خێڵدا کۆمەڵێک فاکتەری دیکە ڕۆڵ دەبینن، کە دواتر لەسەریان بەقسەدێم.

## خێڵ، پێش مەرجی ڕەسەنایەتی

لاو بووم کاتێک بۆ یەکەمجار لە گوندی باشتەپەی دەشتی دزەیی بە مامۆستا دامەزرام. هەر لە یەکەم هەفتەوە، ئەو جووتیارە زێدە بەڕێزانەی بە نیازی بەخێرهێنانم هاتبوونە سەردانم، هەریەکەیان ناوی خۆی و عەشیرەت و سنووری عەشیرەتی خۆی پێ دەوتم. ئەوجا داواشیان لە من دەکرد ناوی هۆزەکەی خۆمیان پێ بڵێم. کاتێ پێم دەوتن: «بەڕێزینە من باوەڕم بەخێڵ نییە» ئەوق بوونم لە سیمایاندا دەخوێندەوە. چونکە ئەو ئازیزانە، پێش مەرجی ڕەسەنایەتی و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و مانای شەرەف و هەموو ئاکارێکی دیکەی بەرزیان لە گوێڕایەڵی بۆ خێڵدا دەبینییەوە. ئەمەش دید و بۆچوونی هەموو تاکێکی خێڵەکییە.

تاکی خێڵەکی بەوە لە گۆران، واتە نیشتەجێ جیا دەکرێتەوە، ئەم کەمتر ئارەزووی لێیە فێری پیشەی دەستی ببێت، بەڵکو پیشەی دەست بە نەنگی و شانکورتی دەزانێت. هەر لەبەرئەمەیشە، کە زەڕەنگەر و ئاسنگەر و دارتاش و شیرگەری کوردستان بەزۆری مووسایی و عیسایی بوون.

تاکی خێڵەکی توانای بەرگەگرتنی گەرما و سەرما و شەوبەکێو و ڕێڕۆیشتنی زۆرە. وەکی دی لە دڵەڕاوکێی ڕووداوی لە پڕ و لە پێشوازیی مەتریسیی سروشتی، یان شڵاوی گورگ بۆسەر پەزەکانی، یان لە گومانی هێرشی دوژمندایە بۆ سەر خۆی و پەزەکانیشی، ئەو خۆشی دەبێت لە سروشتی گورگدا بێت، بەچاوێک نوستوو بەچاوێک بێدار بێت. بوێری و سوارچاکی هۆکاری گرینگن بۆ ئەوەی تاکی خێڵەکی بتوانێت بەسەربەرزی بژی و کەسێک پرکێشی نەکات دەستی لێ بکاتەوە، یان تەماح

لە مــاڵ و حــەلاڵی بکات. بوێری و هـاتنەدەست لە ڕۆژی تـەنگانـەدا تەرازووی هێــز ڕادەگرێت.

مرۆڤی خێڵەکی تاکێکی بزێوە. نائارامە، داناسـەکنێت و توێتکە ناخوات. هەوەسی لە خۆگۆڕین و خۆڕازاندنەوەیە. ئەویش بەپۆشینی جلکی نایاب و تەواوکەرەکانی، کە بریتین لە هەڵگرتنی خەنجەر و حەمایەڵکردنی شمشێر و قەرەبینا و ڕم و... هتد.

ئەم تاکە نائـارامە سەری لە جەنگ و بەرەنگاریی دەخورێت و پێی خۆشە ئامبالآی لە فیشـەکدا زەرد بچێتـەوە و خۆی پێوە بابدات. حەزی لێیە سەرگەرمی جلیتبازی و ئەسپسواری و نیشانـنانەوە بێت. لە کن ئەو گرینگ ئەوەیە بۆ خـۆی نیشـانەشکێن و سوارچاک و ئەسپەکەشی خۆشبەز بێت. ناو و ناوبانگ پەیدا بکات. زۆرترین ژمارە خـەڵک بناست و وەک جەنگاوەر بناسـرێت. جـەنگاوەرانی خـێڵ جووتیار بەمـسکێن دەناسن و هـیچ ئۆرتێکی بۆ دانانێن. لـەو سـۆنگەیەوە، کـە سـەری کـردووەتـە ئیش و کارو پیشــەی گرتووەتە دەست، مـانای وایە لـە دیدی ئەمـەوە تاکێکی نـەکردەیە و لە ماناکانی جوامێریی بێ بەشە.

گرینگترینی وەرزشێک لە کن ئەوان باوی بووبێت، تا ئەم دواییەش بریتی بووە لە سوارچاکی، پێشبڕکێی غاردان بەئەسپ لە نێوان خۆرتەکاندا، کە برێ جار لەسەر پارە ئەنجام دراوە. هەروەها شەڕەبەران، شەڕەکەو و شەڕەسەگ. میستەر ڕیچیش لە گەشتنامەکەی خۆیدا جەخت لەسـەر ئەم چوار جۆرە وەرزشە دەکات. بەلآم ئەگەر نەختێک بیری لێ بکەیتەوە، دەبینی لەم چوار جۆرە وەرزشـە، سـیانیان بریتییـە لە شەڕ. ئەگەر نەختێک وردتر لێکی بدەینەوە ئەوا دەبێ بڵێین: لە سەدا حەفتا و پێنجی یارییەکانی کوڕانی خێڵ بریتین لە جەنگ لە فۆرمی جیاوازدا.

پێویسـتـە ئەوەش بڵێم، کـە سـەگ ئەگەرچی لە دیدی ئاینەوە گیـاندارێکی گلآوە، بەلآم وەکـوتر لە کن کـوڕانی خـێڵ حیـسابی تایبـەتی بۆ دەکرێت. ڕەوندی چێـودار هـەردەم بەدوای سەگی دڕدا وێڵن. پارەی پێ دەدەن و خزمـەتی دەکەن و ناوی وەهـای لێ دەنێن دەلالەتی جـوانی و ئازایەتی لە خـۆیدا هەڵگرتبێت وەک شـێـرە، شـەپاڵ، گورزە، گۆپاڵ. چونکە هەم خۆیان و هۆبەسـات و هەم سـامانەکەیان، کە بریتییـە لە ترش و تەواڵ، لە دز و شـالآوی گـورگ بۆ دەپارێزێت. مـێگەل و گـاگـەل بەبێ سـەگ

ڕەوانەی ئەو کوێستان و پاوانانە ناکرێن. تۆ ئەگەر هاتو لە دەستتت قەوما و سەگی ڕەوەندێکت کوشت، وەک ئەوە وایە ئەندامێکی خێزانەکەیت کوشتبێت. بۆیە دوچاری تۆڵەسەندنەوە دەبیت.

سەگ هەستی بۆنی بەهێزە و زوو لە ڕەوشی دەوروبەر ئاگەدار دەبێت، بەتایبەتی لە شەودا، بۆیە ڕاگرتنی گەلێک پێویستە. ئەو خاوەن پەزانە شەوانە هەر بەشێوەی وەڕینی سەگەکاندا پێ دەزانن بەرەوڕووی چ جۆرە هەڕەشە و گەفێک بوون، دڕندەی کێو یان زیانیدەی دووپا. بۆیە گەلێک جاران بەهۆی سەگە دڕەکانیانەوە، بەر لەوەی کارەساتەکە ڕووبدات فریای خۆیان و پەزەکانیان دەکەون و دێنە دەست.

ئێس. ڤی. ڤیگین لە ڕۆمانەکەیدا، بەناوی "لە سەرچاوەکانی دیجلەوە"، بەگشتی دەرهەق کورد دەڵێت: «هەلومەرجی ژیان وەهای لە کوردان کردووە گەلێکی مایل بەگومان و لەڕادەبەدەر ئازابن. توانایەکی باشی ڕوانین و چاودێرییان هەبێت. ل ٦٩»

لە جێیەکی دیکەدا دەڵێت: «کوردان خاوەنی تێبینیی بەهێزن و بەگومانن.» خێڵی بەهێزیش ئەو خێڵەیە، کە بەزەبری چەک و بەتوانای جەنگاوەرانی خۆی، بوون و ئامادەیی لە ناوچەکدا بسەلێنێت و بەرگری لە قەوارە و بوونی خۆی بکات و بژێوی خۆی پەیدا بکات. بۆ خێڵ نەنگییە کاتێک لەتەرەف نەیارانەوە دووچاری شالاو هات، نەتوانێت بەرگری لە خۆی و سنووری دەسەڵاتی بکات.

لەو سۆنگەیەوە، کە کورد لە هەر چوار کەنارەوە بەدوژمن دەوری تەنراوە و هەزاران ساڵە بێ دەوڵەتە، تاکو سنووری دیار و دان پێدانراوی هەبێت و سوپایەکیشی هەبێت ئەم سنوورەی لە هێرشی ناحەزان بۆ بپارێزێت. دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی خۆشی نەبووە تاکو دادپەروەری لە خاکیدا بەرکەماڵ بێت. بۆیە هەردەم بەدەست هەڕەشەی بیانی بەلایەک و کێشمانەکێشی ناوەخۆی نێوان خێڵە نەیارەکانەوە بەلایەکی دیکە ناڵاندوویەتی. بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بتوانێت بەرگەی ئاکامەکانی ئەم ملانێ سەختە دوولانەیە بگرێت، هەلومەرجی ناوەکی و دەرەکی بەسەریدا سەپاندووە زەبردەست و جەربەزەبێت. ڤیگین لەمەڕ پەروەردەی منداڵ لای خێڵە کورد دەڵێت: «منداڵی نێرینە هەرکە گەیشتە سونعی نۆ دە ساڵی،

لە تەرەف بابییەوە تیر و کەوانێکی بەدیاری دەدرێتێ. ئەویش بەڕاوی باڵندە مەشقی لەسەر دەکات. کاتێکیش بەخۆیدا هات، خەنجەری چەماوە دەبێتە بەشێک لە جلک و بەرگەکانی.. ل ١٥٢»

ئەسپ و تفەنگ دووانەیەکن شکۆ و هێز دەبەخشنە تاکی خێڵەکیی کورد و خۆیانی پێوە ڕادەنێن. ئەم دوانەیە بۆ هەر گرووپێک، کە بەدوژمن دورەدرابێت و هەردەم لە چاوەڕوانی شالاو و بەرتەکدانەوەی شالاودا بێت، زۆر پێویستن. هەروەک ئەسپی کورد بەنامێ بووە. ئەوان هەمیشە بەژمارەی سوارچاکانیدا، هێز و توانا، یانژی قەبارەی خێڵیان دیاری کردووە. بۆ نموونە میستەر ڕیچ دەبێژێت: «خێڵی جاف هەزار سوارە و چوار هەزار تفەنگچیی پیادەیان هەبوو.»

پێویستە باسی ئەوەش بکەم، کە ئەسپی کورد هیچی لە ئەسپی عەرەبی کەمتر نییە. ئەوان تا ئەم دواییەش زۆر بەجوانی ئەسپیان تەعلیم دەدا. بەپێی ڕەنگەکانیان ئەسپ پۆلێن کراون و ناویان لێ نراوە، وەک: «ڕەش، ڕەشمارۆ، ڕەشبۆرە، کوێت، کوێتمارۆ، شێ، شێمارۆ، شێکاڵ، شێتاڵ، کللی، پیازی، قولە و سپی...»

هەرماینە، یان ئەسپە بەپێی توانا و هەڵکەوتنی خۆی سیفەتیان داوەتە پاڵ وەک، «ڕەوەک، محەنەک، حدوود و گوێبەل، سەرکێش و سەروەشێن..» بۆ پەسندانی سوار، وتوویانە «ڕکێبشۆڕ، شۆڕەسوار، قنجەسوار...» ئەوی ڕاستی بێت لە کن خێڵی کورد، بەتایبەت خێڵی گەورەی جاف فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمان، سەبارەت ئەسپ و سوارچاکی هەیە. لە لای بەتەمەنەکانیان هێشتا ئەو فەرهەنگە ماوە. بەڵام دوای چەند ساڵێکی دیکە و بە مەرگی ئەو بەساڵاچووانە ئەم فەرهەنگە، کە زمانی کوردیی لەم ڕووەوە دەوڵەمەند کردووە، لەبەین دەچێت و دەفەوتێت. بەڵام ئەمەیان زیاتر کاری ئەوانەیە، کە لە دووی ڕۆنانی فەرهەنگ وێڵن.

تاکی نێرینە هێشتا مێرمنداڵە مەشقی سوارچاکیی تەواو کردووە و بێ پەروا ئەسپی خۆی لینگ دەدات. دانا ئادەمز شمیدت، لەم ڕووەوە، لە کتێبی (رحلة الی رجال شجعان في کوردستان: گەشتێک بۆ لای پیاوە ئازاکانی کوردستان)دا، دەڵێت: «لە ماوەی ئەم چەند سەدەیەی ڕابردوودا کار لە کوردستاندا هەر وەها ڕۆیشتووە، تاکی کورد هەستی نەکردووە، کە پیاوی تەواوە هەتا تفەنگی هەڵنەگرتبێت. ل ٩٢»

دواتر لەمەڕ هەڵگرتنی تفەنگ لەسەری دەڕوات: «دەستڕاستی و نیشان پێکان جێی شانازیی نزیکەی هەموو کوردانە.»

میستەر ڕیچ، کە لە ساڵی ١٨٢٠دا گەشتی بۆ کوردستان کردووە، ئاوەها باس لە جۆری چەکوچۆڵی جەنگاوەرانی ئەو سەردەمە دەکات: «کورد بەهەموو چینەکانیەوە، هەژار و دەوڵەمەندیان، گەورە و بچووکیان خەنجەر هەڵدەگرن. سەرباری جاف و خێڵەکانی تر، جگە لە چەکەکەی خۆیان مێکوتیشیان هەیە، کە دارێکی درێژە و سەرێکی ئاسنی پێوەیە. کەوابوو خەنجەر و گورز و شمشێر و مەتاڵێکی بچووک، کە دەیخەنە سەرشانیان، بریتییە لە چەکی کوردێکی پیادەڕۆ. بەڵام سوار، جگە لەم چەکانە نێزەشی پێیە و دەمانچەش بەشانیدا هەڵدەواسێت. هەرکەسێکیشیان بتوانێت، لە کاتی جەنگدا بەرگێکی زرێ و کڵاوێکی ئاسنیش دەپۆشێت و پیادەکانیان وەک شتێکی ئاسایی تفەنگی درێژ و قورس هەڵدەگرن، کە شتێکیان بۆ کراوە وەک قاچ، تا لە کاتی تەقاندندا لەسەری دابنرێت. گەشتەکەی ڕیچ. ل٢٦٥»

هەرچی مەلا مەحموودی بایەزیدیشە، لە کتێبەکەی خۆیدا "ڕسووماتی ئەکرادییە"، سەبارەت چەکوچۆڵی سوارێکی جەنگاوەر دەڵێت: «هەموو سوارێکی جەنگاوەر دوو دەمانچەی بەقەدەوەیە، دوانی دیکەش وا بە پشتوێنەکەیەوە، لەگەڵ تفەنگێکی جۆری قەرەبینا. ڕمێک و شمشێرێک و سێ سەرەڕم بەملا و ئەولای ئەسپەکەیەوە. بەکورتی سوارەی جەنگی خاوەنی دە پارچە ئامرازی جەنگە.»

بڕیارە گرینگ و چارەنووسسازەکان بە دەست سەرخێڵن، دیارە هەندێ جاران دوای پرس و ڕاویژ بە ئەنجوومەنی خێڵ. ئیدی ئەندامانی خێڵ تەنیا گوێڕایەڵی و ڕاپەڕاندنی فرمانیان لەسەرە. ئەوان هەر فەرمانێکیان بەسەردا بدرێت، بێ بیرکردنەوە جێبەجێی دەکەن. تەنانەت دوای ڕاپەڕاندنیشی، بە هەر بارێکیشدا بکەوێتەوە؛ ئەنجامەکانی هەرچییەک بن، ئەوان پێیان قەبووڵە و گەنگەشەی لەسەر ناکەن. سەرخێڵ بۆی هەیە لە سۆنگەی هەر سەرپێچییەک، مسکێنی خۆی جەریمە بکات و نەخت و پارەی لێ بسێنێت، یان زیندانیی بکات و لەلای خۆی گلی بداتەوە.

سەرۆک خێزانی خێڵەکیش لە ماڵەکەی خۆیدا، هەمان دەستوور لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا ڕەفتار دەکات. باوکی خێڵەکی منداڵەکانی خۆی بەکۆیلە دەزانێت نەک

بەمرۆڤی سەربەخۆ و ئازاد. پێی وایە دەبێت هەتا دەمرێت گەرەکە منداڵەکانی خزمەتی بکەن. تەنانەت لە ماڵی خۆیدا ئەگەر تینووی بوو، ئاوی ئاوئاسایش دەبێت یەکێک بۆی بهێنێت. گەرەکە مەسینەی بۆ پڕ بکرێت. بەرماڵی بۆ ڕابخرێت. گەورە و بچووکی خێزان بەتەنگییەوە بن. دوای باوک، لە نێو براکاندا، بچووک دەبێت گوێڕایەڵی برا گەورەبێت. برای بچووک گەرەکە هەردەم لە ئاستی سەرو خۆیدا دەستەونەزەر ڕاوەستابێت. بەڵام خوشک هەرچەندە تەمەنیشی لەوان گەورەتر بێت، هێشتا هەردەبێت گوێڕایەڵی برابێت، ئەگەرچی ئەو برایە بەتەمەن لە خۆی گچکەتریش بێت.

## نەوەی زۆر و بەرخی نێر

تاکی خێڵەکی هەمیشە بیری هابەلای نەوە و وەچەی زۆرەوە. گوێ بە چۆنێتیی پەروەردەکردنیان نادا ئەوەندەی ئەو ژمارەیانی بەلاوە مەبەستە. ئەو پێی خۆشە نەوەی نێرینەی زۆربن، تاکو وەک پشت و هێز لە دوایەوە بڕۆن و بەنەوەکانیەوە خۆی بڕانێت. تاکو ئەو نەوانە چەکی بۆ هەڵبگرن، وڵسات و پەزەکانی بۆ بلەوەڕێنن، ڕاوی بۆ بکەن و وەجاخی پێیان ڕوون بێت و مێیینەکانیش لە دەستدرێژی بپارێزن.

بۆیە پیاوی وەجاخکوێر لە جڤاکی کوردەواریدا وەک بەدوم (نحس) سەرنج دەدرێت. ئەو ڕێزەی پیاوی وەجاخڕوونی لێ ناگیرێت و بێ زاخ سەیر دەکرێت. بگرە دیاردەی وەجاخکوێری لە خۆیدا نەنگییە و وەک نەنگی و تانە وایە، دەیدەنەوە بەچاوی ژن و مێردی بێ نەوەدا. منداڵی نێرینەش بەردەوامیدانە بە بەرەباب و ناوی باوک و باپیرانی خۆی هەڵدەگرێت و لەکوێربوونەوە دەیانپارێزێت.

لە کۆنی کۆندا، جەستەی مێ هێمای پیت و بەرەکەت و بەخشندەیی بووە و بەخاک چوێنراوە. یان خاک بەجەستەی مێ چوێنراوە. ژن بەو نەوانەی لە داوێنی دەکەونەوە و خاک بەداهاتی بەردەوامی بەژیان دەبەخشن. نەزۆک و بهیچەڵ، هاوواتان و دوو وشەی نەرێنین. وەک خاکی کرێن بێبایەخن.

دانا ئادەمز شمیدت، لە لاپەڕە حەفتای کتێبی "رحلة الى رجال شجعان"دا، باس لە جەنگی پارتیزانی و شۆڕشی ئەیلوول بەسەرکردایەتیی سەرۆک مستەفا بارزانی

دەکات، نووسیویەتی: «پیرەمێردێکم لە گوندێکی شاخاویی جوانەوە هاتەوە یاد. ئەو پێی وتم: کوردان دەتوانن هەتاهەتایە لە پێناوی پرسەکەیاندا درێژە بەخەبات بدەن. چونکە ئێمە گەلێکین دەتوانین قوربانی بە تەواوی بەرهەمی منداڵدانی ساڵێک بدەین. چونکە ئێمە تەواو لەوە دڵنیاین، کە ژنەکانمان دکارن لە ساڵی داهاتوودا قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە. ل ٧٠»

قسەی ئەم پیرەپیاوە چیاییە، وەک ئەوەیە بڵێت: ئێمەی کورد لە لامان بووەتە نەریتێک، نەوە دوای نەوە، لە پێناوی بەردەوامی و مانەوەماندا، ئامادەی قوربانیدانین و ئاوەهاشمان لە چارە نووسراوە، دەبێت خوێن بدەین تاکو بمێنین. لێرەوە کورد بەگشتی حەزی بەنەوەی زۆرە. ناوی زبر لە نێرینەکان دەنێت وەک: (شێرۆ، سەرخێڵ، هەڵۆ، قارەمان، شاسوار، سەنگەر، هەڵمەت، شالاو، جوامێر... هتد) گەلێک جاران بەناوی سەرکردەیەکی ئازاوە ناوی دەنێت، بەو نیازەی کەسێکی وەک ئەو قارەمانی لێ دەربچێت.

وەک نەریتێک، بە نزیکەی، لە نێو هەموو خێڵەکانی دنیادا، بەتەمەنێکی کەمەوە هاوسەرگیری چێ دەبێت. ئەو پەندەش، کە دەڵێت: "بەرخی نێر بۆ سەربڕین" پێ دەچێت خێڵەکییانە بێت. لە سۆنگەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و کەرتبوون و دابەشبوونی کورد بەلایەک و چاو تێبردنی گەلانی دەوروبەر لە ئاخ و ئاوی بەلایەکی دیکە، دۆخێکی وەها هاتووەتە پێش، تاکی کوردی ناچارکردووە هەردەم لە تافی ئامادەباشیدا بێت. هەمیشە بەتەمای ئەوەبێت ناکاو هەڵبکوتنە سەری. بۆیە منداڵی نێرینە لە وەها دۆخێکدا ئەرک و ڕۆڵی خۆی بەزۆریی لە شەڕ و دەعوادا بینیوە.

بۆیە زۆر جاران بەر لەوەی بگاتە سونعی بیست ساڵی، بابی ژنی بۆ هێناوە. چونکە تاکی کورد هەردەم تەمەنی کورت بووە. ئەگەری ئەوە لە ئارادا بووە لە جەنگێکدا، جا ناوەکی بوویێت یان دەرەکی، واتە لەگەڵ دوژمنە تەقلیدییەکانیدا تێدا بچێت. بۆیەکا باب و داک هانی نەوەیان دەدەن و داوایانە بە تەمەنێکی کەمەوە زەماوەند بکات. نەبادا لە ئەنجامی تێ هەڵچوونە خوێناوییەکاندا ئەو بنەماڵەیە قڕیان تێ بکەوێت و توخماتیان ببڕێتەوە. یان وەک لە ناوچەی شارەزوور دەڵێن: "جوجکە بڕیاگ" بن. یانژی بۆ ئەوەی بەرلە مردنیان وەچەی خۆیان ببینن.

## دەستی سڵاو

لەو ڕۆژەوە کورد وەک میللەتێک لە مێژوو وەدەرنراوە، خێڵی کورد (بەزۆری) ئەم پەندە سەقەتەی خۆی، کە دەڵێت: «دەستێک نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم.» خستووەتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەم پەندە، جیهان بە دوو ڕەنگ دەبینێت، ڕەش و سپی. خێڵەکی دەبێت جەخت بکات دەستەکان ببڕێت. ئەگەر پێشی نەکرا، ئەوا چاکتر وایە کڕنووشیان بۆ ببات و ماچیان بکات. لە کاتێکدا لە نێوان دەستبڕین و دەست ماچکردندا. گەلێک هەڵوێستی دیکە لە ئارادان. دەستی سڵاو و دەستی هاوکاری و یارمەتی درێژکردن و دەستی هاوبەشی درێژکردن و دەستی تەوقەش هەیە. بەڵام ئەو وتەیەی سەرەوە هیچکام لەم ئەگەرانەی لەلا مەبەست نییە. ڕەنگە مەبەستی پێ ئەوەبووبێت، مادام ماچکردنی دەستەکان، ئەگەر بە تەپەسەریش بووبێت، مانەوەم مسۆگەر دەکات. کەواتە ئەگەر دەستەکانم بۆ نەبڕانەوە چاکتر وایە ماچیان بکەم. ئەمەش لۆجیکێکی تەواو ئیفلیج و بێ مانایە. نەفرەت لە هەزار مانەوەی وەها بێت.

مەگەر بە دەگمەن؛ دەنا سەرخێڵی کورد هەوڵی داوە بەکردەوە دەستی خێڵە هاوزمان و هاوخوێنەکانی خۆی ببڕێت و دەستی درێژی داگیرکەرانیش ماچ بکات. بگرە زۆرجاران سەرخێڵی کورد دەستی ڕەش و بەخوێنی لاوانی کورد سووری داگیرکەری بەپیرۆز و موفەڕک زانیوە و لەبان تەپڵی سەری خۆشی داناوە. ئەم ئاکارەش، کە لە دێرزەمانەوە دەردەکورد بووە و هەتا ئەم دواییەش بەردەوام بووە.

سەبارەت ئەم پەتایە میستەر ڕیچ لە دانیشتنێکی شاری سلێمانیی سەردەمی مەحموود پاشای باباندا، کە بەسەر زاری هاووڵاتییەکی ساکاردا هاتووە، ڕێک ئاوەهای دەگێڕێتەوە: «ڕقەبەریی نێوان میرەکانمان خۆیان، خۆیان لەناودەبات، ئەگینا نەتورک و نەئێرانی، ناتوانن بەسەرماندا زاڵ بن، ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکیی نێوان بنەماڵەکانی سەرۆکەکانمان نەقۆزنەوە.. گەشتنامەی ڕیچ، ل ١٠٠»

ئەم پەندە کوردییەیش دیسان زارکردی خێڵەکییانە، کە دەڵێت: «دەستێک دەوڵەت بیبڕێت خوێنی نییە.» تۆ بزانە؛ خێڵەکی ناهێڵێت هەقی خۆی بەسەرکەسەوە بچێت. ئەگەر گەرماوگەرم ئەو هەقەی بۆ نەسەندرا، ئەوا بۆی دەبەستێتە پریاسکە و هەڵی

دەگرێت تا ڕۆژی خۆی دێت. کەچی لە ئاستی دەوڵەتی داگیرکەردا گوێی لێ دەخەفێنێت و داوای خوێن ناکات. دیارە دەوڵەتیش هەمیشە بیانی و غەیرەکورد بووە. ئەم پەندە سەقەتە بێ کەم و زیاد وەکو ئەوە وایە بیوتایە: «ئەو دەستەی داگیرکەر ببڕێت خوێنی نییە.»

## مەزنایەتی

شانازی بەباب و باپیرانەوە، بۆ خۆ جیاکردنەوەیە لەوانی دیکەی بەقەولی خۆیان نارەسەنن، ئاکارێکی دیکەی خێڵە. پیاوی خێڵەکی هەردەم کوشتەی دوای ناوداو و مەزنایەتییە. ئەو خەونی پێوە دەبینێت، جەنگاوەرێکی دلێری ئەوتۆ بێت ناوبانگی لە مەملەکەتدا دەنگ بداتەوە. یان خاوەنی دیوەخانێکی ئەوەندە گەورە بێت بەردەوام سیرەی بێت لە عەگیدان و بتوانێت نانی زۆترین میوان لە ڕۆژێکدا بدات. ئەو پێی شانازییە زۆرترین دۆست و ناسیاوی لە ریزی پایەداران و کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتدا هەبێت، جا سیستەمی دەوڵەت هەرچۆنێک بێت و نێرینی بۆ کورد وەک نەتەوەیەک هەرچۆنێک بێت، بەلای ئەوەوە مەسەلەیەک نییە. لە دیدی ئەوەوە گرینگی لەوەدایە، تاکێکی کەم وێنە و سەرنجڕاکێش و خاوەن دەبدەبە بێت. دۆست و ئەحبابی زۆربن. لەکۆڕ و کۆمەڵدا ناوی بهێنن. بەسام بێت. خەڵک سڵی لێ بکەنەوە و پێشی سەرسام بن.

توولە و تاژی و ژمارەی چەک و جەنگاوەر، وەک ژمارەی ڕەشماڵ و تەنانەت ژمارەی ستوونی ڕەشماڵەکانیش هەتا زۆرتربن، بۆ تاکی خێڵەکی مایەی سەربڵندی و ناووداوی زیاترن. تۆ ئەگەر بەمیوانداری ڕێت بکەوێتە زۆمێکی ڕەوەند، دیارە هەر لە دوورڕا ڕەشماڵەکان دیارن. بەڵام تۆ دەبێت ڕوو بکەیتە ڕەشماڵێکی گەورە، کە ژمارەیەکی زۆری ئەستوون لە ژێردا بێت، تاکو لەوێندەرێ پتر خزمەت بکرێیت. چونکە ڕەشماڵ ئەگەر بچووک بوو، تەنیا دوو ئەستوونی لەبندابوو، ئەوە مانای وایە خاوەنەکەی کەسێکی نەدارە و جێگەی تایبەتی بۆ میوان نییە. ناتوانێت بەتێروپڕی مێوان بەڕێ بکات.

سێر مارک سایکس، ئاوا باسی ڕەشماڵەکەی ئیبراهیم پاشای میللی دەکات:

«دەمودەست بۆ لای ڕەشماڵە مەزنەکەی بردم، کە بەپتر لە سەد ستوون هەڵدرابوو. لە قوماشیک بە ئەندازەی ١٥٠ یاردی دووجا چێ کرابوو. نزیکەی ١٥٠ پیاو لە دەوری ئەو سەکۆ نزمە بوون، کە پاشا لەسەری ئەوسەری ڕەشماڵەکەدا لە بانی دانیشتبوو. عشائر کوردستان ص ١١٤»

زۆر جاران، نیشانەشکاندن، سوارچاکی و سمێڵ بابڕی، دەبنە مایەی شکۆ و ناووداو. خۆ ئەگەر نەختاڵێک سیاسەتیشی لەگەڵدا بێت، ئەوا ئەو خۆرتە بۆی هەیە بتوانێت لە نێوەندی خێڵدا قەڵەمبازێکی کۆمەڵایەتی بدات و ببێتە سەرۆک خێڵێک. زۆرجاران هەر بەمەبەستی ناودەرکردن لە نێو خێڵە دراوسێکاندا، سەرخێڵ هەبووە ڕێگەی دژوار و دژ بەبەرژەوەندی گەلەکەی خۆی گرتووەتە بەر. بووە بەکوتەکی دەستی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان. هەر لە ڕێکە چەوتەیشەوە بووەتە بکوژ و ببڕی ناوچەکەی خۆی. ئەمەشی هەر لە پێناوی سامان و ناووداودا کردووە، ئەگەرچی ئەم هەنگاوەی لەسەر حیسابی ئەوانی دیکەش تەواو بووبێت.

ئەوان هەمیشە سەرگوزشتەی نانبدەیی، ئازایەتی و سوارچاکیی باب و باپیرانیان لەکۆڕ و کۆمەڵدا دووبارە دەکەنەوە و دووجا بەوانی دیکەی دەفرۆشن. بۆ پێشکەوتن و وەرگرتنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەیخەنە کار. خۆیان بە نەجیبزادە لە قەڵەم دەدەن و لاف و گەزافی پێوە لێ دەدەن. هەمیشە وشەکانی (ناڕەسەن، ناجسن و نانەجیب و بۆرەپیاو، ناچیز، نائەسڵ» زاراوەگەلێکن وەک جمێن و بۆ شکاندن و دابەزاندنی ئۆرتی بەرانبەر بەکارهاتوون. هەردەم میرزادە و بەگزادە و شێخزادە، خۆیان لەوانی دیکە بە پایەبڵندتر دەزانن. هەندێک درۆی شاخدار هەڵدەبەستن تاکو بەناڕەوا خۆیان لەوانی دیکە هەڵاوێرن. تاکو ئەوانی دیکە کڕنووشیان بۆ ببەن. ئاو بەدەستیاندا بکەن و بەحازریی ئەوەی بەنرخ بێت بیهێننە بەردەستیان. ئەوانی نەجیب پێیان ڕەوایە هەژار هەر بەهەژاریی بمێنێتەوە تاکو خزمەتیان بکات. ئەو پەندەی کە دەڵێت: «بۆز بەلەڕی» بەرهەمی مێنتەلێتیی ئەو ئەسڵزادانەیە.

محەمەدئەمین هەورامانی، ئەم سەرگوزەشتەیەی لە زاری شێخێکی هەورامانەوە بیستووە و دەق لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "مێژووی هەورمانان"، تۆماری کردووە،

«من لە فلانە ساڵدا، لە سەفیاوا لە دایک بووم. دایکم منی خستبووە سەر پلاوپاڵێو و بابۆڵەی کردبووم. ناوماڵەکەمان پڕ بوو لە مێرووڵە سوورە و منیش هەڵسامەوە بڕۆمە بەرقاپی، دایکم هاواری کرد: ئۆی کوڕەکەم دەکەویتە خوارەوە، ئیتر نەیزانی ئەو مێرووڵە سوورانە مەلائیکە بوون و منیش بۆیە هەڵسابوومەوە، بۆ ئەوەی بەپیری پێغەمبەرەوە بڕۆم، کە بۆ پیرۆزبایی لە دایکبوونی من هاتبوو... ل ٥٤٧»

## بەشاندا هەڵدان

بە شاندا هەڵدان، یەکێکە لە ئاکارەکانی تاکی خێڵەکی. ئەگەر سەرخێڵێک کۆمەڵێک سەرکەوتنی بەرچاوی بۆ خێڵەکەی تۆمارکردبێت، یان هەر تاکێکی خێڵ لە بەڕێوەبردنی تیپێک سواردا، جوامێریی نواندبێت و پیشانی دابێت، کە ئەو توانای سەرکردایەتیی هەیە و کەسێکی لێزانە و بەکردوە و لە مەیداندا تواناکانی خۆی سەلماندبێت، یان توانیبێتی بۆ ماوەیەک مەترسی لە سنووری خێڵەکەی خۆی دووربخاتەوە. لە تافی بەرگرییەوە، خێڵەکەی گەیاندبێتە تافی شاڵاوبردن بۆ سەر ئەوانی دیکەی دوژمن. ئیدی کوڕانی خێڵ لە خەیاڵی خۆیاندا مێژوویەکی ئەفسانەیی درەوشاوەی پڕ لە سەروەرییان بۆ هۆنیوەتەوە. مێژوویەکی ئەوتۆ کە ڕەنگە ئەو قارەمانە میللییە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەفتارگەلێکی بەو ڕادەیەشی نەنواندبێت و کاری وەهای لێ نەوەشابێتەوە. یان بەو ڕادە ئەفسانەیییەش قارەمان و خاوەن توانا نەبووبێت. بەڵکو ئەم وێنە گەشەی ئەو، بە تەنیا لە خەیاڵی ئەم گرووپەدا بەو ڕادەیە گەشە. دەنا ئەگەر بچیتە بنج و بناوانی، ئەوجا تێ دەگەیت، کە زۆرێک لەو پەسندانانە زێدەڕۆییان تێدایە.

بەتێپەڕینی زەمان ئیدی ئەوەندە پاڵەوانێتی و ژیریی دەدرێتە پاڵ، دەبێتە ڕەمز و جێی شانازیی خێڵ. بەڵکو هەندێک جاران لە خێڵی تێ دەپەڕێنێت و دەبێتە مایەی شانازیی گەلێک. یاد دەکرێتەوە و دەبێتە پیاوی درەوشاوەی مێژوو. کەسانێک پەیدا دەبن بەشانیدا هەڵدەدەن و وتەکانی دەڵێنەوە، کە ڕەنگە خاوەنی ئەو تانەش نەبووبێت. ئیتر ئەم ڕەمزە نوێیە دەهێنرێتە پێش و ڕووناکیی دەخرێتە سەر و دەخرێتە پێش چاوی نەوەکان.

ئیدی بۆ تاکی بێ دەسەڵاتی پرزە لێبڕاوی ئەمڕۆ، کە بە دوژمن دۆڵپێچ کراوە، بەیادهێنانەوەی ئەم جۆرە کەسیەتییە بەهێزانە، کە خاوەنی سەروەریی دەورانی خۆیانن، بۆ زامی ئێستا ڕۆڵی هەتوان دەبینن. شانوشکۆی ئەم سەرکردە میللییانە بۆشاییەکانی ناخی تاکەکانی ئێستایان پێ پڕ دەکرێتەوە. لە نێو دنیایەک ڕووخاندا ئەو ڕووبەرێکە لە بنیاتنان. لە نێوەندێکی پڕ لە گوماندا ئەو دورگەیەکە بۆ ئارامی و دڵنیایی، کە دەستی گومان و ڕاڕایی بەداوێنیدا ناگات.

لەو دۆزەخەدا، ئەو دڵنیایی و شادمانییان پێ دەبەخشێت. ئەو لە ژیاندا نەماوە، وەلێ ئازارشکێنی زامەکانی ئێستایە. ئەو لە خۆیدا بۆ سەردەمێک، کە مرۆڤی نموونەیی تێدا چووەتە قاتی، نموونەیەکی درەوشاوەیە. ئەو قەڵایە پشتی پێوە دەدەن. توانا مێژووییەکانی، بۆ ئێستاش سرووش بەخشن. تاکە پەڕاگەندە نادیار و بێ ناونیشانەکان کۆ دەکاتەوە. ورە و تواناکیان تێ دەڕژێنێت. لە یەکدییان نزیکتر دەخاتەوە. چونکە ئەو سەرکردەیە لە خۆیدا، بۆ هەموو لایەکیان، بەدارا و نەداریانەوە، بەزانا و نەزانیانەوە ئێکۆنێکی هاوبەشە. لە نێو دنیایەک بێ ڕێزیدا ئەو خەرمانەیەک لەڕێز و شکۆ، دەوری سەری داوە. وێنەکەی بەلای سەراوردەوە هەڵواسراوە، تاکو هەموو لایەک کارە شیاوەکانی ئەویان لە یاد بێت. چاویانی پێ بڕێژن و سرووشی لێ وەربگرن.

ئەو باوە گەورەی هەموو لایەکیانە، سوێند بەگۆڕی موبارەکی دەخۆن. لە ئاستی ئەودا ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە مەلانێ دەوەستن و خۆیان بۆ مەلانێی دەرکی سازدەدەن. هەموو لایەک خەمەکانی ئەو، لە سەردەمی خۆیدا بەخەمی ئێستەی خۆیان و سەرکەوتنەکانیشی بەسەرکەوتنی خۆیان دەزانن. شاعیرانی خێڵیش قەسیدەی پێدا هەڵدان بەباڵای دەبڕن و وەک قارەمان دەیناسێنن.

## خێڵ کاتێک لێی دەقومێت

لەکاتی لێقەوماندا کەمتر خێڵە هاوسنوورەکان چوونەتە هانای یەکدوو. لە مێژووی کورددا دەگمەنە بەخوایشتی خۆیان چەند خێڵێک قسەیان کردبێتە یەک و بووبێتنە هاوپەیمان. ساڵانێکی دوور و درێژ بوو خێڵی ئازای هەمەوەند و جوامێر ئاغای

سەرخێڵە دلێرەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، لە جەنگدا بوون. بیهێنە پێش چاوی خۆت؛ جەنگی لاسەنگ و نابەرانبەری خێڵێک بەرامبەر دەوڵەتێکی تەیاری زەبەلاحی ملهوڕی وەک عوسمانی، کە خەلیفەکەی خۆی بەسێبەری خواوەند لەسەر زەوی و ڕابەری تەواوی موسوڵمانانی جیهان زانیوە. سنووری دەسەڵاتی بەناو کەرتەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریکادا کشابوو. دەڵێن هەندێک لە ژنانی خێڵەکەش بەشداریی جەنگیان کردووە.

کاتێک شکاون، ناچاربوون بۆ سەردەمێک ئەودیوی سنووری ئێران بڕن. بەسەدانیان بەرەو باکوری ئەفریقا دوور خراونەتەوە. سەدانایشیان لێ کوژراوە. وەیلانی وڵاتان بوون و لانە و بانەیان لێ شێواوە. بەڵام نەبیستراوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان خێڵێکی دیکەی ناوچەکە غیرەتیان جووڵابێت و چووبنە پاڵیان. خێڵەکانی دیکەی ناوچەکە تەنیا بینەربوون. مەگەر دەگمەن، دەنا خێڵی کورد نەیانتوانیوە قسە بکەن بەیەک و چەند خێڵێک پێکەوە بەگژ داگیرکەردا بچنەوە. بۆیە دوژمن، جا هەر لایەک بووبێت. هەمیشە دەستی واڵابووە و یەکە یەکە پێملی کردوون. یان سەرخێڵەکەیانی کڕیوە.

سوارەی حەمیدی، بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشای میللی، سەرۆکی هۆزی بەهێز و ناوداری میللی، کە وێرانشار پێگەی سەرەکیی بوو. سەرلەشکری چواردە هەزار سوار بووە. ئەوان هەموو خورتی سوارچاک و تفەنگچی زەبردەست بوون. بەحوکمی توانای سەربازی و دەسەڵاتیان، ژمارەیەکی دیکەش خێڵە کورد گوێڕایەڵی ئەو بوون. سوڵتان عەبدولحەمید، ئەم هێزە سەرکوتکەرە ئامادەباشەی، کە هەموویان کورد بوون، بەو مەبەستە پڕ چەک کردبوو، تاکو وەک کوتەکی دەستی خۆی، لە تەنگانەدا بۆ چاوترسێنیی ناوخۆ و بیانی، ئامادە و لەبەردەستدابێت. ئەم لەشکرە کوردە، کە هەموو کوڕی یەکی یەکی بوون، نموونەیەکی مێژوویی بەرچاوە بۆ ئاکار و ڕوانینی کوڕانی خێڵ و هێشتا مێژوویەکی زۆر بەسەر ئاوابوونیاندا تێ نەپەڕیوە. ئەمانە هەتا سەردەمێکی دوور و درێژ بکوژ و ببڕ خۆیان بوون.

برایم پاشای سەرۆکیان بە کووپە لیرەی هەبووە. سوڵتان عەبدولحەمید وەک کوڕی خۆی سەیری کردووە و دەستی واڵا کردووە، بەڕاست و چەپدا تاڵان بکات. کەسێک

نەبووە لێی بپرسێتەوە. ئەو بۆ زۆرێک خەڵکی بێ داڵدە، داڵدە بوو، کاری قورسی بۆ ڕادەپەڕاندن. خەڵک لە دووری دوورەوە بە دیاریی قورسەوە پەنایان بۆ برایم پاشای سەرکردەی ئەم لەشکرە تەیارە هێناوە. بەڵام وەختایەکیش کاریان بەخۆی و بە لەشکرەکەی نەما، بەو دەردە مێژووییەیان بردن، کە تاکو نهۆش کەس پێ نازانێت چلۆن لەنێو برا. کەسیش نەهاتە هانای. جێی باسە بابی برایم پاشاش هەر بە دەستی تورکانی عوسمانلی لە شاری دیاربەکر لە سێدارە دراوە.

بەڵام مەبەستی ڕاستەقینە، لە پشت دروستکردنی هێزێکی غەیرەنیزامیی زەبردەستی دەستکراوەی بەناز لە لایەن خودی خەلیفەوە سەیرکراو و بەخێوکراو، وەک زۆربەی ئەوانەی لەسەریان نووسیوە، لەم چەند خاڵە تێ ناپەڕێت: بە نیازی دابڕانیان لە جەستەی کورد، کە دەکاتە سیاسەتە دێرینەکەی تورک، "پەرت کە و زاڵ بە"، بەتایبەت لەو سەروبەندەدا، کە بیرۆکەی سەرخۆبوون لە نێو توێژی ڕووناکبیرانی باکوردا باوی بوو. هەروەک خێرا لە بەینبردنی هەر بزاڤێکی میللەتی کورد بەنیازی سەرخۆبوون، بەتوانا و بەهێزی کورد خۆی بوو. واتە کورد بەکورد بەکوشتدان. هەروەها بۆ ڕکابەریی ڕووسیای تزاریی عیسایی مەزەب. گوایە بەناوی ئەوەی عوسمانی ڕابەری سەراپای گەلانی موسوڵمانە و بەرگری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات. بۆ ڤەمراندنی ئاگری هەر کودەتا و شۆڕشێک، کە لە نێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانلییەوە سەر هەڵبدات. هەر وەک بۆ بەگژداچوونەوەی هەر بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستەی عوسمانی، کە لە پانی و درێژیی قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتەدا سەر هەڵبدات.

«ئیبراهیم پاشای میللی دوای سوڵتان عەبدولحەمید، دووەم دەوڵەمەندترین پیاوی ڕۆژهەڵات بوو. دەستی بەسەر تەواوی خێڵەکانی کورد و عارەبی میللیی نێوان دووزێ و کوردستاندا دەڕۆیشت. سوڵتان پلەی جەنراڵی (فریق) بەخۆی و پلەی قایمقامی بەکوڕەکانی دابوو. هەروەک نازناوی (حەمیدی)ی بەخێڵەکانی ژێر دەسەڵاتی بەخشیبوو. لە هەرێمەکەدا خۆی فەرمانڕەوای ڕەهابوو. سوڵتان عەبدولحەمید لە بۆنە فەرمییەکاندا بەکوڕی خۆی ناوی دەهێنا. بڕوانە: عشائر کوردستان، إبراهيم الداقوقي و.. ل ١٣٠ – ١٣١»

## خێڵی بێ دەفتەر و تۆمار

لە سۆنگەی ئامادەنەبوونی مێژوونووسی کوردەوەیە، کە ئەوانی دیکەی غەیرە کورد بەپێی مگێزی خۆیان بەسەرهات و مێژووی ناوچەکەی ئێمەیان گێڕاوەتەوە و وێنە کێشاوە. ئەوانیش ئێمەیان وەک چۆن هەین ڕیالانە وێنە نەکێشاوە، بەڵکو لێڵ پۆرترێتیان بۆ کێشاوین.

خێڵی ئەوسا، کە بەگشتی نەخوێندەوار بوون، مانای وایە خاوەنی تۆمار و کتێب و بەڵگەنامە نەبوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مێژووی نووسراویشیان نەبووە هەتاکو سوودی لێ وەربگرن، ئەسڵ و فەسڵی خۆیان بزانن. تاکو هەڵەکانی ڕابردوویان پاتەنەکەنەوە و کەڵک لە لایەنە گەشەکانی مێژوویان وەربگرن، ئەگەر مێژوی گەشیان هەبوبێت. تەنانەت میرنشینەکانیش مێژووی خۆیان تۆمار نەکردووە. میرنشینی بابان مێژوویەکی دوور نییە ئاوا بووە، کوا بۆ هیچ تۆمارێکیان لە پاش جێ نەماوە؟

ڕیچ نووسیویەتی: «ئەمڕۆ لەگەڵ میردا، کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بەجەرگی خۆمدا نا و سەرسامیی خۆمم بۆ باس کرد، کە بۆچی ئاگەداری تەواوی مێژووی بنەماڵەکەیان نییە. بەنەزاکەت و سەنگینییەوە پێی وتم ئەو مێژووە شایستەی نووسینەوە نییە، چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەلاتدار نییە، بەڵکو مێژووی خێڵێکی سادەیە. گەشتنامەی ڕیچ.. ل ٢٧٤»

مەحموود پاشا بەتەواوی ڕاستگۆییەوە وەلامی میستەری داوەتەوە. کەچی مێژوونووسانی ئەم سەردەمە زۆر بەگەرمی و بەجدی خۆیان بەمێژووی ئەم میرنشینانەوە سەرقاڵ کردووە. لە ڕاستیدا مێژووی ئەوان نەشایانی بەدواداچوون و نووسینەوەیە و نەشایانی شانازی. خوێندنەوەی مێژووی ئیمارەتەکان لەوە بترازێت خوێنەر بێزیان لێ دەکاتەوە، چی تری تێدا بەستەیە؟

سەرخێڵەکانی کورد هەمیشە باسی (ئەسڵ و فەسڵ) دەکەن، کەچی کۆنترین مێژووی خێڵەکانیان هەر ئەوەندە بووە، کە لە یادەوەریی پیاوە بەتەمەنەکانیادا ماوە. دیارە ئەوان وەک ڕابردوویان نەبووە داهاتووشیان نابێت. بەو مانایەی ڕەنگڕشتن بۆ

داهاتوو و ستراتیج لە کن خێڵ و پیاوی خێڵەکی و تەنانەت لە کن ڕێکخراوی خێڵەکیش نەبووە و نابێت. ئەو میرنشینانە چونکە بۆ خۆیان کەوتبوونە پەراوێزی مێژووەوە. ئەوتا ڕووناکبیر و مێژوونووسی بەدەربەستی ئەم سەردەمە، بۆ کۆکردنەوەی چەردەیەک دێرووکی پەرت و بڵاویان، دەبێت بەناچاری پەراوێزی مێژووی دەرودراوسێ و داگیرکەرانی کوردستانیان بەشوێندا بگەڕێن.

ئاوا کەوتووەتەوە، لە سایەی باڵادەستیی سیستمی خێڵەکیدا، کورد بێ مێژووە. واتە بەخۆی نامۆ و لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی بێ ئاگایە. بۆیە سەیر نییە کاتێک دەبینین دوژمن بە ئارەزووی خۆی، لە پەراوێزدا مێژووی بۆ هەندێک لە میرنشین و ڕێکخراوی ڕامیاریشمان نووسیوە. بۆیە زۆربەی ئەو ڕێکخراوە کوردییانەشی، کە لەم سەد ساڵەی دواییدا سەریان هەڵداوە، ئەوانیش ئەرشیڤ و مێژووی تایبەت بەخۆیان، بۆ نەوەکانی داهاتوو جێ نەهێشتووە. گەرەکە ڕۆشنبیری ئەمڕۆ و داهاتوو بەهەزار چنگەکرێ هەوڵ بدەن دێرووکیان بۆ بنووسن. سەرنج بدە، تەنانەت ئەو ئەرکەشیان هەر بەکۆڵی نەوەکانی دوای خۆیاندا داوە. وەکوتر لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا، تاکەکان ڕوو لە پیاوە بەهێزەکان دەکەن نەک لە کەسانی ڕووناکبیر.

## بەرچاوتێری و میواننەوازی

دیوان، وشەیەکی بەڕەگیشە فارسییە، مەبەست پێ ئەو جێیەیە بەنیازی چارەسەری شەڕ و دەعواکان لێی کۆبوونەتەوە. هەروەها بەواتای ئەو شوێنەش دێت، کە کاروباری دەوڵەتی تێدا ڕێک خراوە. وەلێ دواتر عارەب و تورکیش هەمان وشەیان بەکاربردووە و برێکیش دەستکارییان کردووە. عوسمانی بە ژوور، یاخۆ بەجێی حەوانەوەی میوانیان وتووە (دیوەخانە)، کە بە ئاغا و کوێخایان تایبەت بووە. جێی وتنە وشەی (دیوان: دیڤان) لە زمانەکانی ئینگلیزی و دانیمارکیشدا هەیە. واتە وشەیەکی قەرز کراوە. لای ئەم دوو گەلە بەواتای (قەنەفەیەکی نەرمی بێباڵ و پشت دێت، پاڵی بەدیوارەوە دەدرێت و بۆ خەوتنیش بەکار دێت) لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی (دیواخان، دیوەخان، دیواخانە) لە (هەمبانە بۆرینە)دا بەواتای (هۆدەی میوانی ئاغا و خان و گزیر) هاتووە.

سەرخێڵ و ئاغاکان خاوەنی دیوەخان بوون. لەوێدا کە بەشێکی جیاواز بووە لە شوێنی نیشتەنی خۆیان، پێشوازیی لە مێوان کراوە. ئێستاشی لەگەڵدا بێت ژووری میوان لە ژوورەکانی دیکەی ماڵ گەورەترە، تاکو زۆرترین ژمارە میوان بگرێت. لە ژوورەکانی دیکەش پۆشتە و پەرداخترە. ئەو ژووری میوانە کە ئێستاش لە زۆر ماڵە شاریشدا ماوە، هەر درێژەی دیوەخانەکەی دەورانی زووە. لە ئێستادا بەجوانترین تاخمی قەنەفە درازێنرێتەوە و لە ژێریدا فەرشی پان و پۆڕ (هۆرتە) ڕادەخرێت. چلچرا بەبنمیچدا هەڵدەواسرێت. چونکە ئەگەر ژووری میوان ڕووتوڕەجاڵ بوو ئەوا تەواوی ماڵەکە ڕووت و بێ دەرەتان دێتە پێش چاو.

ئێمە بێ ئەوەی بەخۆمان زانیبێت لاسایی سەرخێڵ و کەیخوایان دەکەینەوە، کاتێک ژوورێکی وەهای پۆشتە چێ دەکەین. ئەگەرچی لە هەندێک ماڵدا مەگەر جەژناوجەژن دەنا میوان بەخۆیەوە نابینێت. وەلێ لە گوندان، لێ ڕاهاتوون پێشوازی لە میوان بکەن. لە دیوەخانی لادێدا بەستەکە نوێن لەسەریەک هەڵچنراوە. زۆپا، ئەسبابی چایی، سەرینی پەڕی گەرە گەورە، بەرماڵ، ژێرسیگار و هەندێک جاران باوەشێن بەدی دەکرێت. لە گوند، میوان شەو و ڕۆژی بۆ نییە و بەبێ ژاون دێت و دەبێت خزمەت بکرێت. کاتی خۆی دیوەخانی سەرخێڵ وێڕای میوان، مەکۆی بەیتبێژ، حیکایەتخوان و مەتەڵزان بووە.

وەلێ لە کن ئاغایان خزمەتکاری تایبەت بەدیواخان هەبووە. گوندنشینان شەوانە لێرە کۆبوونەتەوە. لە هەواڵی دەوروبەر و ناوەخۆش ئاگەداربوون. ئەگەرچی لە شاردا (میوانخانە: ئوتێل) هەیە لێ زیاتر بۆ بیانییە. گوندنشینان کاتێک بە سەردان دێنە شار، خزم و ناسیاوی خۆیان دەکەنە خانەخوێ.

لەڕووی میوانەوازییەوە پێم باشە ئەم نموونەیەی، کە بەچاوی خۆم دیومە بگێڕمەوە: ساڵ ١٩٨٩ بوو، دەبووایە وێنەی دیمەنەکانی فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان) لە کەشوهەوای لادێی کوردەواریدا تۆمار بکرێن. ئەو سەردەمەیش دێهات لە لایەن دەسەڵاتەوە کاول کرابوون. لە دەڤەری سلێمانیدا تەنیا چەند دێیەک بەپێوە مابوون. بۆیە بەناچاری دەبوو ستافی فیلمەکە بۆ مەبەستی وێنەگرتن هەر ڕوو لەوێ بکەن.

ئەو چەند دێیەش بریتی بوون لە بێتواتە و دووئاوە و سەرئەشکەفتان و سەروچاوە. ئەمانە هەموو دێی ئەنوەربەگی بێتواتە بوون، کە خەڵکەکە بەمیر ناویان دەهێنا. لەو سۆنگەیەوە، کە بەندە حیکایەتی فیلمەکەم نووسیبوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە لایان مامەوە. دیتم ماڵی میر هەرچی توانایان هەیە ناویانەتە بەردەست دەرهێنەر و ستافی وێنەگرتن و تەواوی ئەکتەرەکان. شوێنی نووستن و خواردنی ئەو هەموو خەڵکەیان لە ئەستۆ گرتبوو. بەرێوەبەری بەرهەم سەبارەت دابینکردنی بژێویی ئەو هەموو ئەکتەرە دەستی بەگیرفانیدا نەدەکرد. نیوەڕۆیەکیان ژماردمن، دیتم (٦٤) کەس، کە بریتی بوون لە ئەکتەر و هونەرکارەکانی فیلمەکە، لەسەر خوانێک لە گوندی سەرئەشکەفتان نانیان دەخوارد. ماڵی میر ئەوەندەیان خستبووە بەردەستیان، هەندێک ئەکتەر خەریکی گرتنی دۆشاوی تەماتە و گوڵەبەڕۆژە بۆ خۆیان بوون.

ماڵی جووتیارەکان بووبوونە ستۆدیۆ و وێنەی دیمەنەکانی فیلمەکەیان تێدا دەگیرا و کەسێکیش ڕووی گرژ نەدەکرد. کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە و دێبەر بووبوونە کەرەسە و شوێنی وێنەگرتنی دیمەنەکانی دەرەوە و پێخوستی ئەو هەموو ئەکتەرە.

گەلێک جاران جووتیارەکان بێ بەرامبەر، بەشێکی زۆری پێداویستی و ئێکسسواری فیلمەکەیان بۆ خاوەن بەرهەم دابین دەکرد، کە ئەمە کاری ئەوان نەبوو. بۆ نموونە کەسێک هەر بەرپرسی ئەوەبوو، بەیانیان ئەسپەکەی لەمەڕ نێرگزی قارەمانی فیلمەکە، بەزینکراوی بهێنێتە شوێنی وێنەگرتن و ئێواران بیباتەوە گوند. بەشی بەرهەمهێنانیش، خەرجیی فیلم دەگرێتە ئەستۆ. بەبێ بەشی بەرهەمهێنان هەرگیز فیلم چێ نابێت.

دیارە ئەم نانبدەیی و میواندۆستییە، بەم ڕادەیەش؛ لە دنیای نوێدا بەرچاو ناکەوێت و بێ وێنەیە. لەلای خێڵی کورد میوان کاتی بۆ نییە. هەر کاتێک شەو بێت یان ڕۆژ بەبێ لێگێڕانەوەی پێشوەخت، بۆی هەیە بچێتە میوانیی و گەرەکە خزمەت بکرێ.

میستەر ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا، کاتێک لەتاو گەرما لەگەڵ یاوەرانیدا بەرەو قزڵجە دەڕۆن و سلێمانی جێ دێڵن. سەبارەت میواننەوازیی مەحموود پاشای میری بابان

نووسـیـویـەتی: «پیـاوێکی زۆر خـۆشـەویسـتـە، لە ناخـەوە ئاوات دەخـوازم پەژارەی نەمـێنێت و بەخـۆشی و ئاسـوودەیی بۆخـۆی بژی. جـێـهـێـشـتنی هاوڕێیـانی سلێـمـانیـمـان، بۆ ئەم مـاوە کـورتە ئازارێکی زۆری داین. هەر بەڕاست ئەوەتەی لە ژیاندام ئەوەندەی ئەمـان مـیـوانداری و بەخـشندەییم لە کەس نەدیوە. گەشـتنامـەی ڕیچ، ل ١٥٤»

خێڵی کورد بێجگە لە نانبدەیی و ڕێزگرتنی میوان، خاوەنی گەلێک ئاکاری دیکەی جـوان بوون. وەلێ لە دیوی باشـوور، بەعس لە درێژاییی فـەرمـانڕەوایی خـۆیدا زۆر بەنەرێنی کاری تێ کردن و فرەیەک لە ئاکارە جوانەکانیانی پایەماڵکردن و لە برییان ئاکاری بەعسییانەی تێدا چاندن. وەک غـەدر و خیـانەت و بێوەفـایی و چاوچنۆکی و نیشـتمـانفرۆشی. هـەمـوو ئەم ئەتوارە دزێوانەی وەک دڵڕەقی و بێ دینی و پشـتکردنە هـەمـوو بنەمـایەکی جـوان و ئینسـانی، لە بەرامـبـەر چەردەیەک دینـاردا تێدا ڕواندن. کورد جوان دەڵێت: «ئەو کـانییـەی ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ فڕێ مەدە». ئەمـەش بەئەمـەکی دەگـەیەنێت کـەچی بەعس لە سـەروبەندی پرۆسـەی ئەنفـالدا خـێڵـە کوردە بەجاشـبووەکـانی فێر دەکرد: «ئەو کانییـەی ئاویان لێ خواردووەتـەوە بەردی تێ فڕێ دەن و کوێریشی بکەنەوە».

خـێڵـەکـیی کـورد دەڵێن: «خـێوەت دەرگـەی نییـە» بەو مـانایەی لە ئاسـتی مـیـواندا هـەردەم ئامـادەن و دەرگـەیان ئاوەڵایە. ئـەوان بۆ خـزم و ناسـیـار و نەناس چوونـیـەک ئامـادەی مـیـوانداری و هـاوکـارین. لێ ئەگـەر سـاڵانێک بگەڕێینە دواوە و زەینی بدەینێ، دەزانین ئەم بەرچاوتێرییـە زیاتر لەوەوە سـەرچاوەی گرتووە، مرۆڤی خـێڵـەکی لە جێیـەک توێتکەیان نەخواردووە. ئەوان هـەردەم بەڕێی گەرمیان و کوێستانەوە بوون. جـێگیـربوونیـان بۆ مـاوەیەکی کـورت بووە و ژیانیـان لە ڕەشـمـاڵدا بەسـەر بردووە. کـەلوپەل و تـفـاقی سـادەیان بەکـارهێناوە. قـەراریـان نەگـرتووە هەتا وشـکەدان و ئازووخە و پێداویستیی دیکەی ڕازاندنەوەی ناومـاڵ (کەمالیات) لە دەوری خۆیان خڕ بکەنەوە. ئەوان کەمتر بەلای پاشەکەوت وکالا ئەمبارکردندا چوون.

ڕەنگە هۆیەکی دیکەی نانبـدەییی خـێڵ بۆ ئەوە بگەڕێتـەوە، ئـەوان بۆخـۆشـیـان برسـێتییـان نۆشـیوە. کـاتێک بەو کـەژ و کێـوانەوە یان بەو سـاکە دەشـتـانەوە بەدیار

پەزەکانیانەوە برسێتی زۆری بۆ هێناون و کەسێک نەبووە لایەکی بەخێریان لێ بکاتەوە. بۆیە دەشێت هەر ئەو ئەزموونە تاڵە بێت لە نەستیاندا بنی نابێتەوە، بۆیە وا ڕووخۆشانە بەدەم ڕێبواری شەکەت و برسییەوە بچن و بیلاوێنن و خزمەتی بکەن. ئەوان هەردەم تانەیان لە جووتیار داوە و مۆری ڕژدی و دەست نووقاوییان پێوە ناون.

بەسەرێکی تر، بەشێکی زۆر لەوەی ڕەوەند هەیبووە، لە ڕێی ڕێگری لە کاروانەکانی بازرگانی و هەڵکوتانە سەر گوندەکان بەدەستیان هێناوە. بەتایبەتی دەمە و پایزان، کە وەرزی کۆکردنەوەی بەروبوومی کێڵگەیە. واتە ئەوان پشتیان بەو کالایانەوە نەیەشاوە، کە لە ڕاستیدا دەستکەوتی جەنگ بوون. بۆیە هەم خۆیان لێیان خواردووە و هەم بەشی دۆست و ناسیاو و خزمیان لێ داوە و پیاوەتییان بەسەرەوە کردووە. لەم ڕووەوە دەشێت بڵێین ئەوان تەنیا بۆ خۆیان تالانیان نەکردووە، بەڵکو بەشی ئەم و ئەویشیان لێ داوە. بەڵام هەرچی جووتیارە، ئەوەی هەیبووە پشتی پێوەی یەشاوە، بەڕەنجی شان و ئارەقەی نێوچاوانی خۆی پەیدای کردووە. بۆیە وەک ڕەوەند بەهەردوو دەست تەخشان و پەخشانی نەکردووە.

ڕەوەند وەک مرۆڤی شارستان بیریان لە لای پاشەڕۆژ نەبووە. بەڵکو پاشەڕۆژ لە فەرهەنگی ئەواندا نەخش و نموودێکی ئەوتۆی نەبووە، تاکو خەمی هەڵبگرن. بۆیە میتۆد و شێوازی ژیانیان وەهای خواستووە دەست و دڵ کراوە و بەرچاو تێر بن و بەتەنگ ماڵی دنیاوە نەبن. بەزۆریی ئاستی ژیان و بژێویشیان چوونیەک بووە. ئایە و مایەیان ئاژەڵ بەخێوکردن و تالانی بووە. پاشان هاتوونەتە سەر کشتوکاڵ، ئەویش بە شێوازێکی ساکار و سەرەتایی. بەتێپەڕینی زەمان و دووبارەبوونەوەش ئەم سیفەتی دڵفراوانییەیان لە لا جێگیر بووە و پشتاوپشت لەگەڵیاندا هاتووە.

هەر لەمەڕ دڵئاوایی تاکی خێڵەکی، دەبێت ئەوەش بڵێین، بەپێی کتێبی (خێڵەکانی کوردستان) بێت، کورد لە دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهانیدا «خاوەنی ٤٠ ملیۆن سەر مەڕومالات بووە.. ل ٩٧». ئەمەیش بە بەراورد لەگەڵ حەشیمەتی ئەوکاتەی کورددا، ژمارەیەکی زۆرە و ڕەنگە ئێستا ئەوەندی پێ هەڵنەسووڕێت.

خێڵەکی بۆ ئەوەی ناو دەربکات، دەبێت دیوەخانی هەبێت و بەرچاوتێر بێت.

هەندێک جار وشەی ئازا بەواتای نانبدە دێت. ئەوان زاراوەگەلێکی فرەیان لەم ڕووەوە هەس وەک: بەدەست و دڵ، سەخی تەبیات و بەخشندە. دەستبڵاوی لای خێڵ سیفەتێکی جوان و ئەرێنییە. پێچەوانەکەشی وەک: «چرووک، نانتاڵ، ڕژد، هەتیوچە، کوێرنان، نانکوێر، ڕەزیل، بەرچاوتەنگ، سەقیل، دەخس، چکوود، جەبوون، پووڵەکی، پارەخۆشەویست، پارەپیس، گونکژمێر، ئەنگوتکژمێر، پیسکە، دەستنووقاو، دەستقووچاو، بەرچاوتەنگ، ڕەزیل، پارەخۆشەویست، پارە بەقنگهەڵگر، چاوچنۆک، چاوچڵێس، سەقیل، ماڵپارێز، قارنان، چکووس، قەمتەر، قەمتەرکراو...» هەندێک جار لە شێوەی وتەیەکی جێگر، یان لە فۆرمی ڕستەیەکدا دەری دەبڕن وەک: «گوو ناکا تابرسی نەبێ».

لێرەوە بەدیار دەکەوێت، کە لە دیدی خێڵەوە سیفەتی نانبدەیی و بەدەست و دڵی لە پێش هەموو ئاکارە جوانەکانی دیکەوە دێت، دوکتۆر حەسەن جاف، لە کتێبی (تەئریخی جاف) دا، کاتێک پەسنی کەریم بەگی فەتاح بەگی کوڕی حەمەپاشای جاف، کە یەکێکە لە سەرخێڵە ناودارەکانی عێلی جاف دەدا، بەری هەرشتێک ئاوا دەست پێ دەکات: «کەریم بەگ پیاوێکی تەبیات ئاچوخ و دەستبڵاو بوو، لە سەخاوەتدا گەلێک مەیدانداریی کردبوو. قاپیی دیوەخانی بۆ هەموو کەس بەربڵاو بوو. ل٩٥» واتە ناوبراو سیفەتی سەخاوەتی پێش هەموو سیفەتە جوانەکانی دیکە خستووە.

## کەرامەت ڕووشاندن

بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کەسیەتیی مرۆڤی کورد بناسیت، وەک دەستپێک باشتر وایە لە پێکهاتەی کەسیەتیی تاکی خێڵەکی بگەیت و بچیتە بنج و بناوانی. شەرەف، کەرامەت، ناموس و عەیب و شوورەیی، زاراوەگەلێکن، هەمیشە بەسەر زاری تاکی خێڵەکییەوەن. کەرامەت ڕووشاندنی تاکێکی خێڵەکی، دەبێتە دیاردەیەکی هەستیار و ناسک. سەرپاکی ئەندامانی خێزان و بەرەباب و بگرە خێڵەکەیش دەگرێتەوە و پێی شانکورت و لەکەداردەبن. بۆیە خراپ دەورووژێن و نەرێیانە کار لە ناخیان دەکات. ئەمە مەسەلەیەکی ئەوەندە هەستیارە، لێبووردن و تۆلەرانس هەڵناگرێت و ئەوان لە

هەمبەریدا کاردانەوەی خێرا و توند دەنوێنن. کاردانەوەیان هەڵچوونی بێجا و توندوتیژی لەگەڵدایە. بەخێرایی دەتەنێتەوە و کەسانی دیکەی تێوە دەگلێن.

تۆ هەر بەوەندەی کچەکەیت خۆش بوێت، ئەگەرچی تەنیا گفتوگۆشتان لە نێواندا هەبووبێت و دەستیشت بەر دەستی کیژەکەی نەکەوتبێت؛ بەڵام بەو خۆشەویستییە، تۆ دەچیتە خانەی دوژمنەوە. چونکە لە فەرهەنگی ئەودا خۆشەویستی قەدەغەیە و بە پێشێلکردنی نامووس لێکی دەداتەوە.

## ژن هەڵگرتن

وەلێ دەبێت باسی ئەوەش بکەین، کە ئەم دەستوورە لە سنووری خێڵەکانی مەنگوڕ و بڵباسدا وەها نەکەوتووەتەوە. لە کن ئەوان دیاردەی ڕەدووکەوتن، یان ژن هەڵگرتن، واتە فڕاندنی کچ یان ژنی بەمێرد تاکو ئێستاش درێژەی هەیە، کە دیاردەیەکی هەتا بڵێی دزێوە. جێی باسە ئەم ژن هەڵگرتنە سەردەمێک لە کن هەندێک خێڵی باکوری کوردستانیش لە ئارادا بووە.

لەو سۆنگەیەوە، کە هەمیشە ڕەوەندی کورد بەتەک گوندە کریستیانەکاندا هامشۆی گەرمیان و کوێستانیان کردووە، یان دراوسێ دێ بوون، جاروبارە ئەم دیاردەی ژن هەڵگرتنە ئەوانیشی گرتووەتەوە و کچی ئەوانیشیان هەڵگرتووە. ژن هەڵگرتن لە کن ئەو خێڵانە بووەتە بەشێک لە کولتوور، بۆیە سەرسوڕمێن و دانسقە نییە. بەڵکو هەردەم ئەگەری ڕوودانی هەبووە. بەڵام هەتا بڵێی ناشارستانییە. چونکە لە دنیادا واباوە ژن و مێردایەتی بە ئاشکرا و بە ئامادەبوونی کەسوکاری هەردوو لا و بەفەرمی، لە بەردەم کامێرا و ئاپۆڕەی خەڵکدا بەڕێوە دەچێت. پێم وایە ئەم ئاکارەش، هەر بەشێک بێت لە کولتووری ڕاوڕووت و ترش و تاڵانی، کە خێڵ لە دێرزەمانەوە لەسەری ڕاهاتووە. لە بەشەکانی داهاتوودا بەدرێژی باس لە ترش و تاڵانی لە کولتووری خێڵدا دەکەین.

وا دیارە سەردەمانێک لە قۆڵی بادینایشەوە ژن هەڵگرتن باوی بووە. کاوە فەریق ئەحمەد، لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکەیدا، سەبارەت بەم پرسە دەڵێت، «نەریتی کچ فڕاندن و هەڵاتنی کچان لەگەڵ دڵدارەکانیاندا لە بادینان، بەتایبەتی لە گوندەکاندا

هەبووە.. (إمارة بادينان، القسم السابع، گولان العربي، العدد ٥٠).» وەلێ هەمیشە هۆیەکی گرینگ، کە لە پشتی ئەم دیاردەیەوە بێت ئەوەیە، کە کیژەکان بەزۆری بەدڵی خۆیان شوویان نەکردووە، بەڵکو بەدڵی بابیان بەمێرد دراون.

## زۆرەدەستگرتەی: **إغتصاب** Rape

خێڵی کورد زۆر بەتەنگ پرسی شەرەفەوەیە و تەواوی چەمکی ئابڕووی لە جەستەی ئافرەتدا بەرجەستە کردووە. هەر بەپێی یاسای نەنووسراوی خێڵ، لەوتاندنی شەرەف توندترین سزای لەسەرە. کەچی لە بەرامبەر وشەی (إغتصاب)ی عارەبیدا زاراوەیەکی تەواو پڕ بەپێستی خۆی، لە فەرهەنگی کوردیدا نییە. تەعەدای نامووسی گوایە بەمانای Rapeی ئینگلیزی، یان (إغتصاب)ی عارەبی دێت. (لاقەکردن)یش هەندێک ناوچەدا بەکاردێت. وەلێ واتای دیکەشی هەیە و پڕبە پێستی وشەی (إغتصاب) نایەتەوە.

چونکە وشەی (إغتصاب) لە زمانی عارەبی و فرەیەکیش لە زمانە ئەوروپاییەکاندا توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی تێ دەکەوێت. بۆیە مەگەر زاراوەی زۆرە دەستگرتەی، کە وشەیەکی لێکدراوی کۆنی زاری هەورامییە، تا ڕادەیەک لەو مەبەستەمان نزیک بخاتەوە، چونکە بەکاربردنی (زۆر، زەبر، هێز)ی تێ دەکەوێت.

جێی ئاماژەپێدانە بەم دواییە هەندێک ڕووناکبیر زاراوەی خورتیگێ بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەبەن. ئەگەرچی هێشتا بە تەواویی زاراوەکە نەچەسپیوە و نەپەڕیوەتە نێوەندەکانی میدیا و ڕۆژنامەکان بەتایبەتی. لەم ڕووەوە گرینگ ئەوەیە داخۆ دەسەڵاتی یاسایی، کە لە باشوور، بەکوردی زاراوەی بۆ ڕۆنراوە، چ ناوێکی لەم کردەیە ناوە. هەرچۆنێک بێت، بەلای تاکی خێڵەکییەوە ئەم کردەوەیە ئابڕووبەرە و دەبێت بەخوێن تۆڵەی بکرێتەوە. دیارە ئەم تاوانە لە دنیای پێشکەوتووشدا سزای قورسی لەسەرە. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی، کە کەسوکاری مێیینەکە بەدەستی خۆیان و بە خوێنڕشتن تۆڵەی بکەنەوە. بەڵکو وەک هەر دەستدرێژییەکی دیکە سەیر دەکرێت و ئەنجامدەرانی بەرەو ڕووی یاسا دەکرێنەوە. کەمتر بەخوێن تۆڵەی دەسێنرێت.

هەر چۆنێک بێت؛ لەپێناوی کۆکردنەوەی کەرامەتی لەوتاو و ڕژاویاندا هەموو

ئەندامانی خێڵ ئامادەی قوربانی و تۆڵە و هاریکارین. جێی باسە بەشی هەرە زۆری ئەو ئاکـارانەی خـێڵ و کـوڕانی خـێڵ بەعـەیب و بێ ئابڕوویی دەزانن، لە دنیـای مـۆدێرندا تەواو ئـاسـایین. بەپێـچـەوانەیشـەوە ئەو ئاکـارانەی، کـە خـێڵ بە جـوان و لەباریان دەزانێت و خـۆی پێـیـانەوە بـادەدات، لە دنیـای پێـشکەوتوودا تۆزیـان لێ نیـشـتـووە و چوونەتە مـۆزەخـانەوە. هەندێکیـان تەواو قـێـزەونن. بەڵکو ئەوانە هیچ پێوەندییان بەڕەوشت و مۆراڵەوە نییە.

لە کن ئەوان مـۆراڵ پاراسـتن و ڕاگـرتنی کـەرامـەتی خـێڵ بەرادەیەک گـرینگ و هەسـتـیـارە، پاراسـتنی کـەرامـەتی گـەل و نیـشـتـیـمـانی لە بیـر بردوونـەتەوە. یان کـەرامـەتـی خێڵ پێش کـەرامـەتی نـەتەوە دەکەوێت. جار هـەیە سووکـایەتیـکردن بە ئەندامـێکی خـێڵ، دەکـاتە سـووکـایەتی بە سـەراپای خـێڵ و بەتوندی کـار لـەزەینی مرۆڤی خێڵەکی دەکات و یەکسەر گیانی پەرچدانەوە و تۆڵەی لەلا دەورووژێنێت.

## ئامادەباشی و توندوتیژی

مرۆڤی خێڵەکی گەرەکە هەردەم ئامادەباشی پەرچدانەوە بێت. ئەو گـەرەکە کەللەڕەق و دڕ و کردە و ئازا بێت و نەرمی نـەنوێنێت. گەرەکە هـەردەم خـۆی بەستبێت. خوێنی ڕژاو بە خوێنڕشتن، بەماڵی دنیا، بەوەی ژن بەکەسی لەپێشی کوژرا و بدرێت، یان بە هـەردووکیان پێکەوە، تۆڵە دەکرێتـەوە. شـەرەفی لەوتاو بەخوێن ڕشتن پاک دەبێتـەوە. هـەر کـاتێک خـێڵ حـەوجـەی کـەوتە هـەر تاکێکی خـۆی، ئەو دەبیت ئـامـادەبێت، کوڕی ڕۆژی دەعـوا و تەنگانـە بێت. ئەگـەر سـسـتـی و ترس و ڕاڕایی نواند ئـەوا ئۆرت و ڕێزی خۆی لە نێوەندەکەدا دەدۆڕێنێت و دەبێتە گەپجاڕی کوڕگەلی خێڵ و ئیدی وەک تاکـێکی ئەو کۆمـەڵگە داخـراوە بایەخی خـۆی لەدەست دەدات. لێرەدا دەردەکـەوێت کەشوهەوای خێڵ تا چەند نێوندێکی هەستیارە.

لە کتێبی خێڵەکانی کوردستاندا هـاتووە: «پیـاوکوشتن لە لای کوردان نیشـانەی ئازایەتی و پاڵەوانێتییـە. ئەگـەر ویسـتـیان کـەسێک بەئازا وەسپ بکەن، پێی دەڵێن: مـێرکوژە "پیـاوکوژ". ئێزدییەکانی شـەنگال بەچیاکەیان دەبێژن "کەلا خـونیـا". واتە قـەلای پیـاوکوژان. دزیش هـەروەها پاڵەوانێـتییـە. دزی ئازا بەسـامـە و حیسـابی بۆ دەکرێت. ل ۷۷»

هەندێک ئاکاری خێڵ هەن تەواو قێزەونن و ڕووی بەیت و داستانە کوردییەکانیشیان شێواندووە، وەک لچ و لێوکردنی ناحەزان. بۆ نموونە لە بەیتی ناسر و ماڵماڵدا هاتووە: «لچ و لێوی یەکێکیان بڕی و بۆ شێخیان ناردەوە. کابرای بێ لچ و لێو بەرەو هۆبەی ڕەشماڵان گەڕایەوە.»

## فەرهەنگی سوارچاکی و چێوداری

تاکو ئێستاش جووتیاری کورد لەم باشووری کوردستانەدا، بە سەرەتاییترین شێوە کشتوکاڵ بەرهەم دێنێت وگاوگۆتاڵ و مەڕوماڵات و پەلەوەر و هەنگ بەخێو بەدەکات. لە سەردەمی کۆندا خێڵی کورد تەنیا سەرگەرمی چێوداری بوون. وێڕای چێوداری، وەک باسمان کرد ترش و تاڵانی یەکێک بووە لە پایەکانی ئابووریی خێڵ. لە پاڵ ئەمانەشدا، بۆ سواری، ئەسپی ڕەسەنیان ڕاگرتووە. ئەسپسواری هەم وەرزش و هەم ئارەزوو بووە. بۆ دەستوبردی جەنگ و تاڵانی پێویست و تەواوکەر بووە.

لێرەوە کورد خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە لەمەڕ ئەسپ و سوارچاکی و تەواوکەرەکانی، بەڕەنگ و جۆرەکانیەوە، بە ڕەسەن و نارەسنیەوە. ڕازاندنەوە و زەمبەری ئەسپ لە خۆیدا کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی بەگوڵنگە و نەخش و نیگار ڕازاوەیە. لەو سۆنگەیەوە، کە زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردییان ڕۆناوە بۆ خۆیان خاوەنی ئەسپ نەبوون، مەگەر بەدەگمەن دەنا نزیکەی تەواوی ئەو زاراوانەی لە دەوری ئەسپ و زەمبەری ئەسپ و ئەسپسواری دەسوڕێنەوە، فەرامۆش کراون، کە پێم وایە فەرهەنگی زمانی کوردی (قاموس) بەبێ ئەو زاراوەنە ناتەواوە.

خێڵەکان لە بواری چێوداریدا خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندن. سەرنج بدە لە بەرامبەر وشەی (خیمة)ی عارەبیدا، (تا ئەوەندەی من ئاگەدار بم) چەندین هاووانا هەن، وەک: «خێوەت، خێڤەت، ڕەشماڵ، سیاماڵ، هەواری، چاتۆڵ، چاتۆڵە، سەیوان، شاسەیوان، عەبر، کۆن، چادر، سیاچادر، دەوار، تاوڵ، تەوەندە». خێوەت لە مووی بزن چێ دەکرێت، جا چونکە بزن بەزۆری ڕەنگیان ڕەشە، ئەوا ئەو ماڵە گەڕۆکە کاتییەی لێی چێ دەکرێت، کە ڕەشماڵ، سیاماڵ، سیاچادری دەبێژنێ.

ڕەشمال، بەرز و بەڕێز سەیر دەکرێت. لە سایەیدا، تۆ ئەگەر دوژمنیش بیت، دەبێت ڕێزت لێ بگیرێت و پێشوازیی گەرمت لێ بکرێت. لە دەم ئەم ڕەشماڵەدا ئاگر دەکرێتەوە. ئاگر بۆ دەمکردنی قاوە و چایی و شیرکولاندن و پەنیر دروستکردنە. ئاگر بۆ خۆ گەرمکردنەوەیە و شیو لێنانە. "ئاگر لە ماڵما نەکراوەتەوە"، ڕستەیەکی تا بڵێی ناجۆر و ناسازە، بەواتای، ئەم ماڵە کوێر بووەتەوە. ئاوەدانی ڕووی تێ نەکردووە؛ شیویان لێ نەناوە و قاوە و چایان دەم نەکردووە.

لەو گەشتە دوورودرێژەی خێڵدا، لە پادەشت و دامێنی چیا و گردۆڵکەکانەوە بەرەو ئێلاخ لە کێوە بەرزەکان و بەنیازی لەوەڕخۆری، وەک میستەر ڕێچ لە گەشتنامەکەیدا بەدرێژی باسی کردووە، کاتێک بەنێو پێچ و لوولی ئەو چیایانەدا، مێگەل لەوای مێگەل بەشوێن یەکدا جەڵەدەبن و ڕووەو هەوراز گاوگۆتاڵ دەدەنە بەر. پیاوان بەسواری ئەسپی ڕەسەن و پۆشتەی بەکەفەڵپۆش و نەرمەزین و سەرکەلە و سینەبەندی بەوردە گوڵنکەی ڕەنگاوڕەنگ و ملی ئەسپ بە شیلان و زەمبەری زۆروزەبەندی ولاخ ڕازاوە، کوتەک بەبەر پشتێنیانەوە، کە دەرزیی سەرخڕی گەورەیان پێدا داکوتیوە و قەڵغانیان بەشانەوەیە، پەز ولاخەکانیان داوەتەبەر. بەتایبەت ئەگەر سوار لە توێژی بەگزادە بێت، ئەوا بە شیر و مەتاڵ و خەنجەری چەماوە و تفەنگەوە، بەسەر و بەستەوە. بارگە و بنە لەسەر پشتی گاو مانگا و بارگیر. ژنان بەبێ ڕووبەند، سەر بەگێز و گوڵنکە و خشڵ و بەجلکی ئاڵ و والاوە، ناوقەد بەکەمەرە و هەیاسە. کۆرپەکانیان لە بێشکەدا، بە کۆڵیانەوە و بەسەر پشتی گا و مانگاوە، ئەم دیمەنانە تەواو سەرنجکێش و وروژێنەرن. بۆیە لە دۆخێکی وەها بەئاپۆڕە و ئاوەداندا پێوەندییەکی پتەوی هاوخێڵی و سۆزبەندی و گیانی خزمایەتی و هاریکاری و هەرەوەز و هەستکردن بەبوونی پشت و پەنا و هاودەم و پەرۆشی و مەیلی کۆمەلایەتییان لەلا دروست دەبێت و دەبێتە مایەی شانازییان.

جا چونکە بەشێکی زۆری ژیانی خێڵەکی لەو زۆزان و سەهەندانەی کوێستان بەسەر دەچێت و هەمیشە پێویستییان بەئاگر بووە، بزانە بەرامبەر وشەی (جمرة)ی عارەبی (دیسان ئەوەندەی من پێ بزانم) چەندین هاوواتا هەن وەک: «پشکۆ، سکڵ، ئەسکڵ، پۆل، پۆلو، پۆلی، پەن، پن، پەڕەنگ، پەنگر، کۆزی، ئێزگڵ، پەل».

تۆ ئەگەر شاری بیت، ئەوا بێگومان، هەڕی لە بزِی جیا ناکەیتەوە ئەوان ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسانی نەزان و نەشارەزا بەکار دێنن. واتە کەسێک، کە ناتوانێت مەڕ و بزنەکانی خۆی لە هی خەڵکی دیکە هەڵاوێرێت و جیایان بکاتەوە. چونکە لە کن تۆی شاری، کار و بەرخ و مەڕ و بزنەکان هەموو لەیەک دەچن. بەڵام لە کن ئەو وەها نەکەوتووەتەوە. جیاوازییەکان زۆرن و تۆ هەستیان پێ ناکەیت. بۆ هەر جیاوازییەک، چەند گچکەش بێت، لەلای ئەو زاراوەیەکی تایبەت هەیە و شوان دکارێت لە نێو میگەلێکی گەورەدا، مەڕێکی ونبووی خۆی پێ بناسێتەوە.

## جیاوازیی نێوان نیشتەجێ و کۆچەری

نووسەری یابانی "نوتوهارا"، کە بۆ خۆی ماوەیەک لە نێو خێڵە عارەبەکاندا ژیاوە، تاکو لە نزیکەوە بیانناسێت و بەوردی لە ژیان و ئاکاریان بکۆڵێتەوە؛ سەبارەت خێڵی عارەب، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خێڵی کورددا نییە. لە لاپەڕە ٧٨ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی، «چۆڵگەڕ، لە نێو ڕەشماڵدا دەژی. لە نێوان ڕەشماڵ و سروشتدا هیچ لەمپەرێک نییە. چۆڵگەڕ، ڕەخنە لە جووتیار و شارنشینان دەگرێت و لاقرتییان پێ دەکات و بەترسنۆکیان دەزانێت. ئەوان خۆیان لەودیو دیوار و دەرگە داخراوەکانەوە دەپارێزن و لەودیو درەخت و تەختەوە خۆیان دەشارنەوە؛ لەکاتێکدا (بەدو: چۆڵگەڕ) بەبێ پاراستن (حماية) دەژی و پشت بە پتەوی و ئازایەتیی خۆی دەبەستێت. لە شوێنێکدا قەرار ناگرێت و لە بەرامبەر سروشتدا بەبێ لەمپەر و بەربەست، ڕووبەڕوو وەستاوە.»

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: «بەبێدەنگی و بەخێراییەکی زۆر و بەبێ وەستان نان دەخوات.» هەروەها پێی وایە، «بەدو پێویستی بە جۆرە پشوودرێژییەکە، لە سنووری سەبری ئێمەی تێ دەپەڕێنێت. وەک نموونەیەکی ساکار، من ئەو پشوودرێژییەم لەلا نییە، بتوانم لە خێوەتێکدا دابنیشم و چاوەڕوانی ڕۆژئاوابوون بکەم تاکو زەوی فێنک ببێت و دوای چەند سەعاتێک ئەوسا شەماڵێکی نیان هەڵبکات. بەڵام بەدو دەتوانێت..»

هەروەسا دەڵێت: «نیشتەجێکان لەدووی چەندێتی دەگەڕێن و بەدو لە دووی

چۆنێتی. بەدو دەپرسێت، چۆن؟ لە کاتێکدا نیشتەجێ دەپرسێت، چەند؟ هەروەها پێی وایە، لە ئاکارەکانی ڕەوەند، میواننەوازی و شانازی و خۆدەرخستن و پیشاندانی ئازایەتییە، ڕەنگە بڵێم لەوە دڵنیام، کە بەدو گرینگی بەشتی تایبەت نادەن و نهێنی ناپارێزن. هەروەها ئەوان وەک ئێمەی نیشتەجێ، خۆیان میوانەکانیان دەستنیشان ناکەن. بەڵکو بەدو بەبێ جیاوازی پێشوازی لە هەمووان دەکەن.» دیسان لە لاپەڕە ٨٧دا دەڵێت: «پیاوی بەدو کاتێک لە خێوەتەکەیدایە، دوو ئەرکی لەسەر شانە، خۆویستانە پێشوازی لە میوان بکات و بەرپەرچی دوژمنان بداتەوە. ئەوکەسەی نەتوانێت بەرپەرچی ئەو ناحەزانە بداتەوە، کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر خۆی و خێوەتەکەی، بەدو بەکەسێکی سووکی دەزانێت و سیفەتی سەرگەورەی خێزان لە دەست دەدات.»

جڤاکی کشتوکاڵی، ئافرەت بەزەوی دەچوێنێت. زەوی بەروبووم و بژێویمان دەداتێ و سەرچاوەی ژیانە. ژنیش توخماتی بەشەر لە فەوتان دەپارێزێ و منداڵمان پێ دەبەخشێ. کەواتە منداڵدانی ئافرەت لە خاک دەچێت. ئەویش واتە ئافرەتیش سەرچاوەی ژیانە. بەم پێیە لە زەینی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا ئافرەت شوێنێکی بەرزتری هەیە تاکو جڤاکی چێوداری. لێرەوەیە، کە زۆرێکیش لە خواوەندەکانی کۆن مێیینە بوون، کە دیارە بەپێی بڕاوی ئەودەمە، ئەوانیش ژیانیان بەمرۆڤ بەخشیوە. گرووپە چێودارەکان، واتە ئەوانەی تەنیا ماڵاتیان هەیە و گەڕیاون، زەوی ڕەنێو ناهێنن، ئەوان تەنیا بەکاربەرن. بەڵکو هەندێک جاران زیانیشیان بۆ کەرتی کشتوکاڵی هەیە. ئەوان ئەگەر برسی بوون و قاتوقڕی ڕووی تێ کردن، شاڵاو بۆ سەر جووتیار و خەلە و خەرمانەکەی دەبەن. کاول دەکەن. واتە ئەوان بنیاتنەر نین.

کشتوکاڵ ڕەنێوهێنان، گەرچی سست و سەرەتاییش بووبێت، هێشتا هەر زانستە و بۆی هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. لە کاتێکدا گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر ڕەشماڵ و ڕەنێوهێنانی پەزدا نایەت. وەلێ بەداسەکنینیان پیشەی چێوداریش دەبێتە بەشێکی گرینگی جڤاکی کشتوکاڵی. هەر ئەم گوندانەشە دواتر دەبنە شار، کە مەڵبەندی زانست و پیشەسازییە.

خێڵی گەڕۆکی ناجێگیر، نەخوێندەواریشن. ئەوان ناتوانن شارو دێ بنیات بنێن.

کـاڵایـەکی ئەوتۆ بـەرهـەم ناهێـنن. هەردەم لەسـەرچز و ئامـادەی جـەنگن. نان بدە و میواننەوازن.

جێی باسـە ڕەوەند هەمیشـە تەشقەڵەیان بەو خێڵانە کردووە کە پشتیان کردووەتە گەرمیـان و کوێسـتـان و نیشـتـەجێ بوون. ئەوانەی وا خوویان داوەتە کشـتوکاڵ و پیشە دەستییەکان. ئەوان گاڵتەیان بەو هەجیجییانە هاتووە، کە خەریکی هەندێک کەرەستەی ساکاری لە دار چێکراوی وەک کاسە و کەوچک و تەشـی و تیرۆک بوون. یان تەشـقـەڵەیان بـە دۆم کردووە، کـە خـێڵـێکی بچکۆلەن نزیک بەشـاری سلێمـانی نیـشـتـەجـێن، لەسـەر ئەوەی خـەریکی کـڵاش دروسـتکردن بوون. بەبێ وێڵ و بێ مـاریفـەتیـان ناوزەد کـردوون و ئێـسـتـاش ئەگـەر وشـەی دۆم بەڕووی هـەرکـەسـێکی بێئاگادا بدەی ڕەنگە بەتوندی بەرپەرچت بداتەوە. ڕاستییەکەشی تەنیا ئەوەیە دۆم لە خـێڵـەکانی دیکە هۆشیـارتر بوون و پێشـتر لەوانی دیکە داسەکنیون و دەسـتیـان داوەتە پیـشـەی کـڵاش چنین. بەکـورتی لە ڕووی ژیارییـەوە، ئەوان قـۆناغـێک پێش ڕەوەند کەوتوون.

خێڵەکی پیشـەی خەڕاتیش بە ناجۆر دەزانێت. لە ڕاستیدا خـەڕات، ئەوانەن کە لە دار کاسـە و کەوێل چێ دەکەن. لەسـەر ئەو پیشـەیە ژیاون. وەکو تر ماڵی کوردیان رازاوە و پڕ تفاق کردووە. خێڵەکی "دۆم و خەڕات"ی وەک ناتۆرە بەکارهێناوە. کەچی لە ڕاستیدا ئەمانە لە دەستڕەنگینەکانی کوردبوون. دەکرێت هەر ئەو خـەڕاتییـەی خێڵ بەشانکورتیی زانیوە؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان گەشەبسەنێت و کارگەی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی دارینی ناوماڵی لێ بکەوێتەوە، کە هەتا نهۆش لە هەموو دنیادا بەکار دێت. ئەم بۆچوونەی خێڵ کارێکی کردووە زۆر درەنگ مانیفاکتۆرە و پشەسازی لە ناوچەی کوردنشیندا باو بسەنێت.

## جیاوازیی نێوان خێڵی کورد و خێڵی عارەب

لە جـیاوازییـەکانی نێوان خـێڵـی عـارەب و خـێڵـی کورد، وەک لە کـتـێـبی "عشـائر کوردسـتـان"دا هاتووە، ئەوەیە: «کـورد نێوی ئەو خـێڵـە هەڵدەگرن، کە تێکەڵی دەبن و لەناویدا دەژین، بە پێچـەوانەی عارەبەوە، چونکە ئەوان ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش

لە نێو خێڵێکی غەریبدا بمێننەوە، هێشتا هەر پارێزگاری لە بنەچەی خۆیان دەکەن. ل ٧٦»

ئەوی ڕاستی بێت، کەسانێکی زۆر، جا لە سۆنگەی یاخیبوونی خۆیانەوە بێت، یانژی بەهۆی دوژمنایەتییەوە، یان لە ڕووی بێکەسی و بێ پشت و پەناییەوە بێت و ویستبێتیان ببنە خاوەنی سایە و پەنایەک، هاتوونتە پاڵ خێڵی گەورەی جاف. ئەوانیش پێشوازییان لێ کردوون. دواتر بەجافەڕەشکە، واتە جافی نارەسەن ناسراون. جێی باسە میستەر ڕیچێش لە گەشتنامەکەیدا ئاماژە بەو دیاردەیە دەدات، کە لە نێو کورددا باوە و ئەوان دەتوانن بە ئاسانی بچنە ڕیزی خێڵە بە دەسەڵاتەکانەوە: «لەبەرئەوەی هۆزی جاف بەهێزن و زۆر باشیش خۆیان پێ دەپارێزرێت، بۆیە ڕۆژانە چەندان پیاوی هۆزە چەوساوەکانی تر پێوەندییان پێوە دەکات. گەشتنامەی ڕیچ، ل٢٥٨»

ژمارەی سوارە و پیادەی خێڵ هەمیشە جێی سەرنجە. زەبردەستی و بەرفراوانیی ئەو بازنەیەی خێڵی تێدا دەجووڵێت دیسانەوە دەبێتە جێی سەرسامی لە لای خێڵەکانی دەوروبەر. سەبارەت بە گەورەبوونی خێڵ برۆنەسن نووسیویەتی، «هەرکات حاڵ و باری هۆزێک شکۆفە بکات، خێرا سەرچڵ و دەستەی لە هۆزی دیکە دابڕاوی لێ خڕ دەبێتەوە و چاوە چاوی ئەوەن لە سایە و پەنایدا کەمێک ئارامی و چکێک دەستکەوتیان پێ ببڕێت. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل ١١٨»

## پیاو قسان دەکات

تاکی خێڵەکی زۆر بەزەحمەت لەڕاو بۆچوونەکانی خۆی ژیوان دەبێتەوە، با لەناخیشڕا سوور زانیبێتی ڕاکانی پووچ و چەوتن. پاشگەزبوونەوە، ئەگەرچی لە هەڵەکانی خۆشی بێت هێشتا هەر بەلای ئەوەوە کارێکی ئەستەمە. چونکە یەک لەباری ئەوی هەستیار، پاشگەزبوونەوە کارێکی عەیب و شەرمئاوەرە. بەڵکو ئەو ئامادە نییە پۆزش بۆ بەرامبەرکەی بهێنێتەوە.

ئەو داوای لێبووردن ناکات. پۆزش هێنانەوە؛ یان پێداچوونەوە بەبڕیارەکانی خۆشیدا بە بێ هێزی لە قەڵەم دەدات. لەم ڕووەوە گەلێک بێژەی شێوە پەند لە زمانی

کوردیدا هەن، وەک: «پیاو قسان دەکات. قسە لە زارەوە دەردێت. پیاو ئەو پیاوەیە لە قسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە. تفێک ڕۆکرا هەڵناگیرێتەوە... هتد» تێکڕای ئەم گوتە و پەندانە جیڕی (مرونەت) نواندن لە بڕیار و هەڵوێستدا ڕەت دەکەنەوە.

وێڕای چەندین نوکتە و قسەی خۆش، کە ناوەرۆکیان قسە بەزۆراندان و پێداگرتنە لەسەر ڕا و هەڵوێستی هەڵە، مرۆڤ دەتوانێت لە ڕشتەی مرواریدا بیانخوێنێتەوە، وەک: «بشـفـڕێت هەر بزنە». دیارە ناوەڕۆکی ئەم بێـژانە بێـجگە لە کـەللەڕەقی و لەدەستدانی جیڕیی لە ئاکار و وتاردا، کە لە دەمارگیرییەوە سەرچاوە دەگرێت هیچ مانایەکی دیکەیان نییە.

## کوڕانی خێڵ متووی چەکن

خێڵەکییەکان تەواو بەپێچەوانەی گۆرانە جورتیارەکانەوە بوون، ئەمان گاڵتەیان بە کشتوکاڵ و پیشەکانی دارتاشی و جۆلایی و ئاسنگەری هاتووە. بەلایانەوە پەسەندبووە لە سوپادا جەنگاوەر بن و هەردەم خۆیان تیفتیفە بدەن و خەریکی کوڕێنی بن. جا ئەگەر ئەو سوپایە هی میرنشینەکەی لەمەڕ خۆیان بووبێ یان سوپای دەوڵەتی سەردەست. گرینگ ئەوەبووە ئەوان بەسواریی ئەسپی ڕەسەنەوە، بەنێزە و شمشێر و قەڵغان و خەنجەر و قەرەبیناوە دەربکەون و خۆیان بنوێنن.

جەنگاوەری خێڵ هەمیشە بەپارچەیەک چەک دانەسەکناوە. بەڵکو ئەو هەوڵی داوە زۆرترین پارچە چەکی باوی سەردەمی خۆی هەبێت. ماڵی سەرخێڵیش جبەخانەیەک بووە بۆ خۆی. ئەو سوپای تایبەتی هەبووە بۆ نواندنی هێز و تەمبێکردنی نەیاران و کۆکردنەوەی باج و خەراج بەکاری هێناوە. کەریم بەگی فەتاح بەگ بەم سوپا ئامادەباشە دەڵێت: «سوارەی پشت ماڵە»

دیارە هەندێک جاران کوڕانی خێڵ، بەهەموو هێزیانەوە، لە خزمەتی داگیرکەری بیانیدابوون. وەک ئەو هێزە تەیار و ئامادەیەی لەمەڕ "برایم پاشای میللی"، کە بە "سوارەی حەمیدی" ناوی ڕۆییوە. کوڕانی خێڵ هەردەم ڕیزی سوپایان بەلاوە بالاتربووە هەتا پیشەی دەست و جووتیاری، چونکە بەهۆی چەکەکەی شانیانەوە بەسەر ئەوانی دیکەدا خوڕییانە و خۆیان بەخاوەنی قودرەت و هێز زانیوە.

## مەرج نییە پۆستی سەرخێڵ بۆماوە بێت

ڕێک کەتووە کەسێکی هەڵکەوتوو، بەهۆی سامانەوە؛ یاخۆ بەهۆی توانا و جەربەزەیی خۆی و لە ڕووی بەتەنگەوەهاتن و فریاکەوتنی دانیشتوانی گوندێک یان چەند گوندێکەوە، بەتایبەت لە ڕۆژانی سەختی قاتوقڕی و تەنگانەدا توانیبێتی جێی خۆی لە ویژدانیاندا بکاتەوە و ببێتە سەرخێڵیان. پاشان ئەم سەرخێڵییە بووبێتە بۆماوە. بەڵام هەمیشە سەرخێڵ لە ڕووی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە خۆی لە ڕەشوڕووت بەخانەدانتر و بەرزتر زانیوە. هەر عەشیرەتێک بگریت لە ژمارەیەک تیرە، تایەفە و بەرەباب پێک هاتووە و هەریەکێک لەم ناونیشانانە سەرۆکی خۆیان هەیە، بەڵام بەگشتی گوێڕایەڵییان بۆ سەرکۆمار، واتە سەرۆکی گشتیی عەشیرەت هەیە.

لە تافی نیشتەجێبوونیشدا موڵکانەی بۆ کۆ دەکەنەوە. لە سەردەمی جەنگ و ئاشتیدا بەپێی فەرمایشتەکانی دەجووڵێنەوە. لە کاتی جەنگدا سەرکردەی جەنگاوەر و سوارچاکانی خێڵە. شارەزای بەکارهێنانی چەکوچۆڵی سەردەمەکەیەتی. شارەزای فێڵی جەنگ و پلاندانانیشە. ئەوی ڕاستی بێت، لەڕووی ئەسڵ و ڕەچەڵەکەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئاغا و کرمانجدا نییە. ئەگەرچی ئەوان خۆیان بەبالاتر دەزانن.

هەر کرمانجێکی جەربەزە ئەگەر بتوانێت ژمارەیەکی بەرچاو: کوڕ، برا، برازا و ئامۆزا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و سەرەوکارییان بکات، دکارێت ببێتە ئاغایان و دەشتوانێت بەخۆی بڵێت بەگ و هەڵیش بکوتێتە سەر دێهاتەکانی دیکە. دەتوانێت دەست بداتە تالانوبڕۆی ئەوانی دیکە و خۆی لە فەرمانڕاوایانی سەردەمەکەی نزیک بخاتەوە و جێ پێی خۆشی لە کن بەرپرسانی دەوڵەت قایم بکات. خۆ ئەگەر بتوانێت چەند دێیەک بخاتە بندەستی خۆیەوە، ئەوا دەکرێت چەندین جۆر باج و موڵکانەیان بەسەردا بسەپێنێت و میرایەتیش ڕابگەیێنێت. کوردیش بەسروشت دوای پیاوی بەهێز و زەبردەست دەکەوێت و ڕێزی لێ دەگرێت.

## خێڵ هەمیشە لەسەر هەقە

هێز، بەگشتی لە کن خێڵ جێی ڕێز و سەرسامییە، ئەگەرچی ناڕەوایی و ملهوڕیشی لەگەڵدابێت. پیاوی بەهێز و هەڵکەوتوو خۆشەویستە و سوێند بەسەری دەخۆن. لە تەنگژە و ئاخـۆران و بخـۆراندا پەنای بۆ دەبەن و گـوێی لێ دەگـرن. ئەو کـەسـەی دەسـتـڕاست و نیـشـانشکێن بێت، ئەوەی لە شـەڕ و بەرەنگاریدا دەسـتـوەشـێن و چەتوون و تاڵانکەربێت، ڕێزی لێ دەگیرێت و تاکەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا بە شانازییەوە ناوی دێنن. مرۆڤی خێڵەکیی پێداگر، ڕکۆ و لاملە، لەسەر ئەم ئاکارانەشی بەردەوام دەبێت.

ئەو کەسێکە لەسـەر ڕای خۆی سووره و لەکەلی یان لە کەری شەیتان دانابەزێت. پێش دەخـواتەوە، خـۆی شـین و مـۆر دەکـاتـەوە و ددان بە هەق و ڕاسـتـیـدا نـانێت، بەحیسابی خۆی، هەق هەمیشـە لە لای ئەوە. بۆیە ددان بە هەڵەدانان و ڕاگۆڕینیش بە بێهێزی، دۆراندن و نەنگی دەزانێت. تاکە خێڵەکییەکان لە کایە سیاسییەکانیشدا هەردەم لەسـەر لاملیی خـۆیانن و قسـە بـەزۆران دەدەن. کەسـانی خێـڵـەکی لە هەر حزبێکدا کارابن و پۆستی بەرزیان هەبێت، دەبنە جێی مەترسی و لەوانەیە سەری حزب و میللەتەکـەش بە فـەتارەت بدەن. ئەوان لە جـەسـتـەی حـزب و گـەلدا بۆمـبی تەوقیتکراون. ئەو «هەردوو پێت لێ دەکاتە کەوشێک» یانژێ «یەکپا دەوەستێت».

هەموو دنیا پێ دەزانێت، کە ئەو لە فلانە پرسی ڕامیاریدا نەیپێکاوە، یان بەهەڵەدا چووە. بەلام ئەوی خـێڵـەکی، کـەللەڕەق، وەک پێـشـتـر وتمان ددان بە هەڵەی خـۆیدا نانێت. لەم ڕووەوە پەیڕەوی ئەم پەندە کوردییە سەقەتانە دەکات: «سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب. تفێک ڕۆکرا هەڵناگیرێتەوە. پیاو قسان دەکات...»

کـوڕانی خـێڵ گـەرەکـە هەردەم براوە بن. دۆڕاندن و خـیـچـان تەنانەت ئـەگـەر لە وەرزش و گـەمـەشـدابێت، بۆ کـوڕانی خـێڵ هەر شـانکورتیـیـە. بۆیە ئەم جـۆرە کـەسیـەتیـیانە ئەگـەر تێکەلاوی سیـاسـەت بوون کـەتنیـان لە دەست دەقـەومێت و جەماوەریش باجی کەتنەکانیـان دەدات، نەک خۆیان. چونکە خـۆیان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و خێڵ دەبێتە پشت و پەنایان.

مەردمی خێڵەکی پەرچەکردار، یان کاردانەوەی زۆر خێرا و بێ بیرکردنەوە، بۆ پرسی گشتی و کێشە گرینگەکان دەنوێنێت و خراپ دەورووژێت. ئەو خێرا هەڵدەچێت. کەسێکی تەواو هەستیارە و بەسۆز بارگاوییە. خۆشباوەڕە. خێرا بڕوا بە دەمگۆ، دەنگۆ، پڕوپاگەندە، بانگەشە، هاشە و هووشە و مقۆمقۆی سیاسی، کە مەبەستی تایبەت و پەنهانیان لە پشتە، دەهێنێت. ئا لێرەوە، نەیارانی کورد، بەچاکەی خۆیان سوودێکی زۆریان لەم ئاکارەی کوڕانی خێڵ بینیوە. چونکە ئەو جۆرە کەسیەتییە بە شتگەلی زۆر سادە و بێ نرخ دەتۆرێت و لووتەلا دەبێت. یان بەتەواوی بادەداتەوە.

هەموو وتار و ئامـاژەیەک، تەنانەت هەندێک جاران گاڵتەش هەر بە جدی و بەڕاستی وەردەگرێت و گورج تووڕە دەبێت و قسە لە دڵ دەگرێت و درەنگ بیری دەچێتەوە و دێتەوە جێ. لە گەنگەشە و دانوستاندا قسە هەر قسەی خۆیەتی. «بلوێر بەژێنە؛ مەلا بەزێنە؛ بەرزەبڵێسە» بڕوای بەڕەخنە نییە. بگرە وەهای بۆ دەچێت ئەگەر ڕەخنەی لێ گیرا، ئەوە مانای وایە، ئەویان بە نەفام و سادەلەوح زانیوە. گوایە بەو ڕەخنەگرتنە، کەسیەتیی هاتووەتە خوار، ڕا و بۆچوونەکانی، کە بەلای خۆیەوە هزرن و نەخشی بەردن بەهەند نەگیراون. چونکە ئەو کەسێکە لە سەروو ڕەخنە و ئیرادەوەیە.

وەکی دی هەردەم لە زڕە گفتوگۆی بێ ئەنجامدایە؛ خەریکی سوێند و تەڵاق خواردنە. گەرچی ئەو بڕوایەکی ئەوتۆشی بەخوا و پێغەمبەر و قورئان و تەڵاقیش نەبێت؛ بەڵام کاتێک بەڵگەکانی چکیان کرد و گومانیان لە ڕاو ڕاستگۆیی پەیداکرد، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەڵوێست و ڕا و بۆچوونەکانی پەنایان بۆ دەبات و هەژدە هەژدە دووبارەیان دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەی بڕوا و متمانەی خۆی نەدۆڕێنێت. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بێ ئەوەی کەسێک سوێندی دابێت، لە خۆڕا سێ بەسێ تەڵاق دەخوات. سەرکردە و شەهید و چاکەکان، هەتا پیرە لۆکالەکانیشی بیردەکەوێتەوە و بەردەوام سوێند بەسەر و بە گۆڕیان دەخوات. مرۆڤی خێڵەکی وەک وتراوە، «قسە هەر قسەی خۆیەتی، یاخۆ قسە بەزۆران دەدات» بگرە هەندێک جاران وڕکن و گرۆزە، وەک منداڵ، پەڵپ و بیانووی ناماقوڵ و بێ جێ دەگرێت.

ئەو لەسەر پاراستنی سنوورەکانی خۆی هەتەرە. خوام لەو خوایەی یەکێک توخنی قەدەغەکەی بکەوێت و دەستەکێکی لێ ببڕێت. ئەو مەڕومالاّتەی لە پاوانی ئەودا بلەوەڕێت و ئەوەی ئاوی ئەو بۆ ئاودێری بەکار بێنێت. ئەوەی لە پاوەن و مڵک و کێڵگەیدا زیانەخۆری بکات، دووچاری سزا و بەرەنگاری دەبێتەوە. بەلاّم کاتێک دوژمن، خاکی کوردستان پێشێل دەکات؛ دێهات و شاری دەسووتێنێت، ئەو بێدەنگە و زیاتریش. کەچی لەگەڵ ناحەزێکدا ئەگەر هاوخوێن و هاوزمانی خۆی بوو؛ توندە و لێخۆشبوونی نییە. وەک خۆی دەڵێت: «دوژمن کەریشی بگێی هەر ئیفاقەیە».

بۆیە خەرمانی دەسووتێنێت، کە ڕەنجی ساڵێکی خێزانێکە. هەربۆ ئەتک، کلکی ئەسپ و کەری دەبڕێت، کە بێگومان گاوگۆتاڵ لە هیچ کێشەیەکدا تەرەف نین. لە بنەبانەوە بە شاپڵیتە ئاگر لە ماڵی بەردەدات. بەتەور و تەورداس ڕەز و باخی خاشەبڕ دەکات. لە دیدی خێڵەکییەوە، پیاو دەبێت بەهێز و دڕ و شەڕکەر بێت. بێجگە لە براگەورە و ڕیش سپیی خێڵ و سەرخێڵ، کەسی دی بەپیاو نەزانێت.

## خێڵ لە هەموو سەردەمێکدا سوودمەندە

دوای هەرسی دەوڵەتی عوسمانی، کاتێک ئینگلیز عێراقی داگیر کرد، لە لایەن خێڵە عارەبەکانی باشوورەوە بەرەورووی بەرەنگارییەکی بەهێز بووەوە. بە واتایەکی ڕوونتر سەرخێڵە عارەبەکان ڕۆڵێکی نیشتمانییان بینی. تاکو نهۆش نەوەکانیان شانازی بەڕۆڵی باپیرانیانەوە دەکەن. چونکە ئەو بەرەنگارییەی ئەوان ئینگلیزی ناچار کرد بیر لە پێکهێنانی حوکمێکی نیشتمانی بکاتەوە و لە گەلێک نەخشە و مەبەستی خۆی پەژیوان ببێتەوە. وەلێ کاتێک ئینگلیز بەتەواوی دەستی بەسەر ولاّتەکەدا گرت یاسایەکی بەناوی "قانون دعاوی العشائر" دەرهێنا.

ئەم یاسایە پێگە و دەسەلاّتی یاسایی سەرخێڵەکانی بەهێز کرد و گەلێک ئاسانکاری و دەستکەوتی ئابووریشی پێ بەخشین. مافی ئەوەی پێ دان دەست بەسەر ئەو زەوییانەدا بگرن، کە پێشتر موڵکی جووتیارە خێڵەکییەکان بوون. ڕەنگە ئینگلیز بەو مەبەستە ئەمەی کردبێت هەتا بیری یەکێتیی نیشتمانی لە لایان پەرە نەسێنێت و لە قاوغی بەرتەسکی خێڵدا چەقیان پێ ببەستێت. بەو حیسابەی گەشەکردنی بیری نیشتیمانی لەگەڵ تیرەگەریدا ناکۆک و دژبەیەکن.

حکوومەتی بەعسیش هەمان دەستوور، پاڵپشتی پێوەندییە خێڵەکییەکان بوو. ئەو پێوەندییانەشی کردە پێوەر و بناخە بۆ هەڵگران و دەوڵەمەندبوونی شێخی عەشیرەتەکان. زۆرێک لە سەرخێڵە هەوادارەکانی خۆی کردە خاوەن مۆڵکی عەقار و بەڵێندەر. هەروەک سەرپشکایەتیی زۆریشی بەو سەرخێڵە کوردانە بەخشی، کە پیاوی خۆی بوون. تێکشکانی ڕێژیم لە جەنگی کەنداودا، بووە مایەی بێ هێزیی بەعس و دابەزینی ئۆرتی لە کن جەماوەر. ئەم دۆخە نوێیە ناهەموارە، ڕێژیمی ناچارکرد، بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆی لە نێو جەماوەردا سوود لە پێوەندییە خێڵەکییەکان ببینێت. دەهات لەوانەی متمانەی تەواوی پێیان هەبوو، بە سەرخێڵ دایدەمەزراندن و دەسەڵاتی پێ دەبەخشین.

بەعس جارێکی دی "قانون دعاوی العشائر"ی سەردەمی ئینگلیزی زیندوو کردەوە. لە نوێ دەسەڵاتی یاساییی بەخشییە شێخەکان، تاکو جارێکی دیکە داوونەریت و عورفەکانی خێڵ بووببووژێنێتەوە؛ بیانکاتەوە بە بنج و بناخە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان تاکەکانی خێڵ لە لایەک و کێشەی نێوان خێڵە نەیارەکان لە لایەکی دی. ئیدی ئەم یاسای خێڵە بوو بە ئەلتەرناتیڤی یاساکانی دەوڵەت و جارێکی دیکە نەریتە کۆنەکانی خێڵی بەرهەم هێنایەوە.

هەروەها دەوڵەت بەوەی زەویی کشتوکاڵی و مەکینە و ئامێر، کە موڵکی خۆی بوون و بەرەوڕووی ئەم شێخانەی کردنەوە، یان کردنییە هاوبەش لە پرۆژە هەمەڕەنگە بەرهەمهێنەکانی خۆیدا وەک: کێڵگەکانی پەلەوەر و بەرهەمی ئاژەڵ و مەزراکانی دەوڵەت، مانای وایە دەسەڵاتی ئابووریی پێ بەخشین. لەم پرۆسەیەدا سەرخێڵی کوردیش بێبەش نەبوون. پرسەکە لێرەدایە: بۆچی بەعس ئەم هەنگاوەی نا؟

١- لە ئەنجامی ئەو جەنگانەی لەگەڵ دراوسێکاندا نایەوە، خەڵک بە تەواوی بڕوا و متمانەیان بە دەوڵەت و حزبی بەعس لەق بووبوو. چونکە دەوڵەت بەڕادەیەک بێ هێز بووبوو، نەیدەتوانی سەروماڵی هاووڵاتی بپارێزێت. هەرگاڤێک ڕۆڵی دەوڵەت بەو ڕادەیە هاتە کزی، ئیدی خەڵکیش بۆ پاراستنی سەروماڵ و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ناچار دەبن ڕوو بکەنە دەسەڵاتە سەلەفییەکان، کە خێڵ سەرباشقەیانە.

٢- بە پەراوێزبوونی ڕۆڵی پێوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بەهۆی دابەزینی بەرهەمی مادی و داتەپینی ژیانی ئابوورییەوە.

٣- ئامادەنەبوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی و پیشەیی و ناحکوومەتییەکان، لە کۆمەڵگەی عێراقدا، تاکو بتوانن لەنگەری ئەو پاشاگەردانییە ڕابگرن.

٤- تیرەگەری بەم ڕوخسارە نوێیەوە، ئامرازێکە بۆ کەرت و پەرتبوونی کۆمەڵگە و گەڕاندەوەی بۆ دۆخی خێڵە ناکۆک و لە نێو یەکدا بەشەرهاتووەکان، کەئەو دەم دەوڵەتی شموولی بە ئاسانی دەتوانێت بەسەریاندا زاڵ ببێت و ئەوانیش هەتا کێشەی نێوان خۆیان لە ئارادابێت، بیرلە تەنگژەکانی دەوڵەت و گۆڕینی دەوڵەت و سیستم ناکەنەوە.

٥- تیرەگەری لە خۆیدا کۆسپە لەپێش بنیاتنانی جڤاکی شارستانیدا، کە سیستمی دیموکراسی تێیدا بەرکەماڵ بێت و بتوانێت پەردە لە ڕووی نیازە بەدەکانی ڕێژیم هەڵبماڵێت و لە قاویان بدات. ئیدی لێرەوە ڕێگە خۆشە و ڕێژیم دەخوازێت و دەتوانێت لە ڕێی هاندان و خۆشکردنی شاپڵیتەی ناکۆکییە خێڵەکییەکانەوە، کۆمەڵگە کەرت و پەرت بکات، تاکو بتوانێت بەئاسانی جارێکی دیکە دەسەڵاتی لەرزیو و شلۆقی خۆی پێ بەهێز بکاتەوە و بەسەلامەتی لە تەواوی تەنگژەکان خۆی دەرباز بکات.

خێڵ لێرەدا، وەک لە زۆربەی وڵاتانی عارەبدا باوە، جێی شانازییە و بەرزترین بەها و مانای لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەر خۆیەتی بتوانێت لەکاتی تەنگانەدا، لەنگەری هێزەکان ڕابگرێت. وەختێک ئەو پرۆسە دیموکراسییە ساختەیەی لافی پێوە لێ دەدەن شکست دەخوات، جارێکی دی هانای بۆ دەبەنەوە. کاتێک تێورە پووچەکانیان، لە تەکتیک ستراتیجییان، لە توانای ڕێکخراوە حزبییەکانیان مایەپووچ دەبن، وەک سەردەمی جاهیلی بادەدەنەوە سەرخێڵ و هانا بۆ هێز و مێنتەلێتی ڕەشماڵ دەبەنەوە.

تەنانەت ئەوانەشیان کە لاف و گەزافی چەپایەتی لێ دەدەن و گرە و لەسەر توانای لەبنەهاتووی جەماوەری شۆڕشگێڕ و هیزە میللییەکان و جۆشدانی شەقام دەکەن،

هەرکاتێک تووشی چورتمێک هاتن، خێرا هانا وەبەر کوڕانی خێڵ دەبەن و سەربەکۆشی سەرخێڵەکاندا دەکەنەوە.

هەرچی چۆنێک بێت، زۆرمان گەوهەر و پێکهاتەی بەعس دەزانین. دەشزانین پرۆژە و هەنگاوەکانی بۆ ژیاندنەوەی تیرەگەری چۆن و چی بوون. بەڵام ئەوەی هێشتا بەعس بە بەعسایەتی خۆیەوە هەتا ئەو ڕۆژەی تەخت و تاراجی بە سەریەکدا ڕووخا دەرکی پێ نەکردبوو، یان پیادەی نەکردبوو، سازدانی میهرەجانی خێڵ و کۆنگرەی خێڵ بوو، کە خۆمان بە شانازییەوە لە دەڤەری سلێمانی و هەولێر سازمان دا.

خێڵ و جڤاکی خێڵ کەشوهەوایەک دەخولقێنن تۆ، کە تاکێکی ڕووناکبیری دوورە خێڵیت، تێیدا دەبیتە پووشی دەم ڕەشەبا و کەس حیسابێکت بۆ ناکات. تۆ هەرچەندە خاوەنی زانست و ئەدەب و هونەریش بیت، هێشتا هەر دەبیتە گەپچاڕ و کەس لایەکت لێ ناکاتەوە و ڕێز و ئۆرت بۆ تواناکانت دانانێت. کەسەر لەوەدایە هەموو ئەم نارەواییانە لە ژێر دروشمی دادپەروەری و جیهانگیری و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوسانی ژن و پیاو و ڕەخسانی دەرفەتی چوونیەک لە پێش هاوولاتیاندا بەبێ جیاوازی، بەڕێوە دەچن.

ڕاستە بەڕێوەبەری فڵانە کارگە ئەندازیارە، ملبەند بەکاردەبات و دەستێک پۆشاکی شیکی ئەوروپایی دەپۆشێت. بەڵام تۆ چی پێ دەڵێی و چی ناودەنێیت کاتێک ئەو سکاڵا و داواکاریی چەندین بێکاری بەتوانا، پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە ڕەت دەکاتەوە و دەیانهاوێتە تەنەکەی خۆڵی ژێر مێزەکەیەوە و دێت خزمێکی خۆی؛ یان ئەندامێکی حزبەکەی خۆی، بەبێ گوێدانە ئەوەی هیچ توانا و بەڵگەیەکی ئەوتۆی بە دەستەوەبێت، لەجێگە چۆڵەکە دادەمەزرێنێت؟ ئەگەر ئەم دیاردەیە، کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە بە ئاشکرا خێڵەکییانە نەبێت، ئەدی تۆ چ ناوێکی دیکەی لێ دەنێیت؟

لە کوردستانی باشووری، سەردەمی ڕاپەڕینیشدا، ئەوە بوو هەندێک سەرۆک جاش، زووتر بۆنی بارودۆخەکەیان کردبوو. ئەوان دەیانزانی دەوڵەت لە کوردستاندا هیچ کەڵەوەکێشییەکی پێ ناکرێت، بۆیە هەر زوو بایاندایەوە، چوونە پاڵ وەلی نیعمەتی نوێ. هەم بۆ خۆیان خەنی بوون و هەم حزبەکانیشیان خەنی کرد.

ئێستاش دوای ئەزموونێکی درێژی فەرمانڕەوایی، لەبەر هەر هۆیەک بێت، کاتێک کەسێکی ناسراو لەم حزب دەتۆرێت و دەچێتە پاڵ ئەویان، وەک تاکێکی کوردی سەربە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئەم حزبگۆڕکێیە ناکات، بەڵکو دێت وەک بەرەبابێک، بنەماڵەیەک، ئەم کارە دەکات. بەجارێک وەک ڕانەمەڕ یخەیان لێ دەکات، دەیانداتە بەر و گشتیان بەناو حزبە نوێیەکەدا دەکات.

وەک لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە هەموومان دەیبینین، سەرۆکی پارتە نوێیەکەش بە پێش چاوی جیهانەوە پێشوازیی گەرم لە خۆی و بەرەباب یان خێڵەکەی دەکات. هەریەکە و بەپێی توانای خۆی و بەزیادەوە، لای خانەخوێی نوێ دەبێتە خاوەنی پلە و پایە و دەستمایە. ئەم حزبانە ئەگەر بەڕاستی نیشتمانی و نەتەوەیین، پێویستە خۆیان لە ئاغا و سەرخێڵە ناپاکەکان جیا بکەنەوە تا خەڵک هەست بە جیاوازییەکان بکات.

لەم ڕووەوە د. ئەمیر حەسەن پوور دەڵێت: «ناسیونالیسمی کورد، کە وەک بزووتنەوەیەکی فکریی (نەک ڕێکخراوەیی) لە ئاخری سەدەی نۆزدە لە شیعری حاجی قادری کۆییدا سەری هەڵێنا. دوای سەدەیەک لە ڕێبازی دیموکراسیی کرچ و کاڵی حاجی قادردا تێدا ماوە و بگرە چەند هەنگاویش وەپاش کەوتووە. کێشە گرینگەکانی دیموکراسی لە کوردستان – هەڵوەشاندنی نیزامی عەشیرەگەری و دەرەبەگایەتی؛ پیاوەزنی (پاتریارکی)؛ دینمەزنی (تیۆکراسی) و ئیستیبداد – هیچ کامیان لە ئەزموونی دە ساڵ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی عێراق چارەسەر نەکراون و هیچ هەنگاوێکی بەرەو چارەسەرکردنیان دەرفەتی پێ نەدراوە.»

## دیوەخانانە

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەو موستەشارانەی دابوویانە پاڵ حزبەکان، تەنانەت ئەوانەشیان چالاکییان نەدەنواند و دوای ڕاپەڕین تەنیا بێدەنگ لە ماڵی خۆیاندا دانیشتبوون. سەری مانگان، بەناوی دیوەخانانەوە، هەزاران دیناری (چاپی سویسرا)یان بۆ دەچووە ماڵەوە. لانی کەم هەریەکە و هێندەی مووچەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییان بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستا و کارگوزارەوە پێ

دەدرا. ئەم دیاردەیە لە خۆیدا پشتەوانی و بەرزڕاگرتنی سیستمی خێڵایەتی دەگەیەنێت، کە هەردەم مستی کوشندەی لەگەلی کورد داوە و حزبەکانی کوردستانیش خۆیان بە حزبی نەتەوە دەناسێنن.

وەک پێشتر لەسەری دوام، ئەم موستەشارانە خۆیان وەک مۆراڵ و ئاکاری خێڵەکییانە نەفسیان نەیدەهێنا هەتا مەڵبەند و لقەکان بچن و لەوێ مووچەکەیان وەربگرن. بەڵکو بەدەستی بۆیان دەبرایە ماڵەوە. دیاربوو ئەوان داهاتوویان لە بەرچاو بوو، دەیانزانی دۆخەکە بەجەنگی ناوەخۆ دەشکێتەوە. ئەوان ئەم موستەشارانەیان بۆ ڕۆژی تەنگانە دابەستبوو، یان دانابوو. کەچی جێی لەسەر ڕاوەستانە کاتێک هەولێر شالاوی بەرەو سلێمانی هێنا، زۆربەی ئەو کەونە موستەشارانەی دەڤەری سلێمانی؛ دەردی خۆیان دەڵێن: قووچاندیان و فیشەکێکیشیان بۆ نەتەقاندن و هەندێک بەر لە خۆیان گەیشتنە سەیرانبەن و هەندێک پاڵیان لێ دایەوە و مێش میوانیان نەبوو.

ئەگەر بهاتایە و پارتی چەند مانگێکی دیکە لە شاری سلێمانی خۆی ڕابگرتایە و جێگیربووایە، ئەوا هەموویان بایاندەدایەوە لای ئەو.. ئەمەیە ناوەڕۆک و ئاکاری سەرخێڵی کورد. هەرکاتێک مەترسییەکە گەیشتە سنووری خێڵەکەی و دەرگەی پێ گرت ئیدی گێڕ دەگۆڕێت و بادەداتەوە. ئێستاش ئەو موستەشارانە لە جەستەی کوردستانی زامداردا مینی چێنراون. تۆ نازانیت کەی و لە کوێدا لە بن پێی ئەو خەڵکەدا دەتەقنەوە.

هەر ئاخۆران و بخۆرانێک هاتە ئاراوە دەچنەوە پاڵ دەسەڵاتی نێوەندی لە بەغدا، جا دەسەڵات بەدەست هەر ئاینزا و تاقمێکەوە بێت، بۆ ئەمان جیاوازییەک لە ئارادا نییە. ئەمان لەبەر خاتری پلە و پایە و چەردەیەک دەستکەوت، وەک جاری جاران دەبنەوە بە کوتەکی دەستی داگیرکەری عارەب و کەواسووری بەرلەشکر.

# پاژی سێیەم

## خێڵی کورد و پرسی نیشتمانی

### ئازایەتی بەڵام بێ نەخشە و پلان

ئیبن خەلدوون، لە کتێبە بەنامێیەکەی خۆیدا بەناوی (مقدمة، الجزء الثاني) و لە پاژی شازدەمدا بەناونیشانی: میللەتە دڕندەکان لەوانی دیکە توانای سەرکەوتنیان پتر تێدایە؛ بێ کەم و زیاد نووسیویەتی: «بزانە، ئەگەر چۆڵگەڕی ببێتە هۆی ئازایەتی، وەک لە پێشەکیی سێیەمدا وتمان، ئەوا گومانی تێدا نییە کە، نەوەی دڕندە لەنەوەی دیکە ئازاترە، لەوەدا کە توانای سەرکەوتنی بەسەر میللەتانی دیکەدا تێدا پترە و دەتوانێت لە دەستیانی دەربێنێت. بەڵکو نەوەیەک تا نەوەیەکی دیکە، بە گۆڕینی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت، هەتا ئەوان پتر بێنە نێو دێهات و ببنە خاوەنی ناز و نیعمەت و مووچە و بەرات و خۆشییەکانی ژیان، ئەوا لە ئاستی دڕندایەتییان کەم دەبێتەوە. چەندیش لە ئاستی چۆڵگەڕی و دڕندایەتییان کەم ببێتەوە ئەوەندەش ئاستی ئازایەتییان دادەبەزێت.»

ئیبن خەلدوون. لە ڕووی دڕندایەتییەوە، ڕەوەند لەچاو دێهاتنشیندا بەئاژەڵی کێوی و ماڵی بەراورد دەکات. لە ڕاستیدا ڕەوەندی کوردیش هەردەم ئازابوون، وەلێ هەمیشە غەدریان لە جووتیار و گوندنشین کردووە. ماڵیان تاڵان کردوون. کشتوکاڵیان کردوون بەژێر پێی دەوڵەتەوە. گاڵتەیان بەئەقڵی پیشەگەرەکان کردووە و بەلاژگ و ترسنۆک و نەکردە لە قەڵەمیان داون. بەڵام ئەم دڕندایەتییە، وەک ئیبن خەلدوون وەسپی دەکات تەنیا لە بەرانبەر خۆدا و لە نێو خۆدا بەتاڵ کراوەتەوە.

گـۆڕینی چلۆنایەتیی بەسـەردا نەهاتووە، وەک ئەوەی ببێت بە دەمـارگـیـرییـەکی نەتـەوەیی و ئـاراسـتــەی دەرەوەی خــۆی، واتە دەرەوەی کــوردی بکات و بەســەر داگیرکەراندا ئەم دڕندایەتییە قڵپ بکاتەوە، تاکو لە ئاکامدا ئەم دڕندایەتییـەی ئیبن خەلدوون باسی لێوە دەکات، کیانێکی سەربەخۆی بۆ کورد لێ بکەوێتەوە.

گومان لـەوەدا نییـە، کە خـێڵـەکانی کورد ئازا و سوارچاکن و مێژوو شـایەتیی بۆ داون. ئەوەتا لە ڕێی گەڕانەوەیاندا، کاتێک بـە کوردسـتـاندا ڕەت بوون. خـێڵی کورد بەگژ سـوپا نـیزامـییـەکەی گـەزنەفووندا چوونەتەوە و زیانیـان پێ گـەیاندووە. یان نموونەی داسـتـانی دوازدە سوارەی مـەریوان، کـاتێک بەگژ سـوپایەکی دوازدە هـەزار سـەربـازیدا چوونەتەوە و تا سنـووری وڵاتی خـۆیان ڕاویان نـاون. بەڵام ئەم ڕووداوانە برێتی بوون لە هەڵچوونێکی کاتی و لە پڕی نەخشـە و پلان بۆ دانەڕێژراو. تاوەتەرزە و گـەماڵـتاو بوون، لە سـۆنگەی هـەسـتی کـەرامـەت ڕووشاندن و کـوردە نامـووسـییـەوە سـەرچاوەیان گرتووە. دەنا خـێڵی کورد، بە مـیـرنشینەکانیشـەوە بۆ داهـاتوو کـاریان نەکـردووە. ئەوان خـاوەنـی ئاوەزێکی دووربینی ئـەوتۆ نەبوون، تاکـو بتـوانن ڕەنگ بۆ داهـاتوویان بڕێژن و ستراتیجیان هـەبێت.

دانا ئادەمـز شمـیـدت وەهـای بۆ دەچێت: «کـورد وەک تاکە خـێڵ بەرگرییان کـردووە نەک وەک یەک مـیللەت. هـەندێک جـاران ئەو بەرگرییە شـێوەی یەکـێتیی خـێڵـەکانی وەرگرتووە، بەڵام لەو ماوەیەشدا هـەر نەیانتوانیوە لەژێر دروشمێکدا، کە ناوەرۆکێکی نیشتمانی هـەبێت یەک بگرن.. رحلة الى رجال شجعان، ل ٧٨ - ٧٩»

## خێڵ، کۆسپی ڕێی سەرفرازی

نووسـەری دانیمـارکی، فلەمینگ مـادسن پاوڵسن، لە کتێبـەکەی خـۆیدا، کـاتێک دێتـە سـەر مـێـژووی بەر لە زاین، سـەبارەت کـوردان دەڵێت: «کـوردەکـان لە نێـو خـۆیاندا دابەش بووبوونە سـەر زنجیـرە خـێڵێکی زۆر سـەربەخـۆ و جـەنگاوەر. هـەریەکێک لەم خـێـڵانە بەسـوود و قـازانجی خـۆی پەیمان و ڕێککەوتنی لـەگـەڵ دراوسـێکانیـدا دەبەست. کـوردەکـان هـیـچ دەوڵەتێکیـان پێک نەهێنا. بڕوانە: کـورد، گـەلی هـەڕەشـە لێکراو. ل ١٥»

بەقسەی نووسەر بێت، لە بەرەبەیانی مێژووەوە کورد بەدەست خێڵ و سیستمی خێڵەوە نالآندوویەتی. خێڵ لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا، لە ڕێی پێکهێنانی دەوڵەتدا، کۆسپ بووە. هەر خێڵە و بۆ خۆی و بەجیا لەگەڵ دەر و دراسێکانیاندا ئامادەی پەیمانبەستن بوون، کەچی وەکی دی ئامادە نەبوون لە نێو خۆیاندا گەنگەشە بکەن و یەکێتی یان فیدراسیۆنی خێڵەکان بهێننە ئاراوە. تاکو بتوانن هەر لەوێشەوە دەوڵەتی هاوچەرخ، کە دەستەبەری هێز و مانەوەیە پێک بێنن.

ئەوی ڕاستی بێت لە فەرهەنگی خێڵدا وشەی دەوڵەت مانا و ئاماژەی ڕامیاریی لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵنەگرتووە. بەڵکو وشەی دەوڵەت مەڕومالآتی زۆر دەگەیەنێت. بۆیە هەروەک چۆن کاتێک ڕێت بکەوتە سەرخەرمانێک، نەریت وایە بە شەنکار، یان بە خاوەن خەرمان بڵێیت: خەرمان بەرەکەت. هەمان دەستوور ئەگەر لە ڕێوبانان تووشی شوان هاتیت دەبێت پێی بڵێیت: «شوان بەدەوڵەت بی» واتە هیوادارم پەزەکانت زیاد بکەن و بەرەکەتیان تێ بکەوێت.

هەروەک وشەی سەرکۆماریش دەکاتە سەرۆکی گشتیی خێڵ. ئەم وشەیەش دیسان، ئەوەندەی مانای کۆمەڵایەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە نیو ئەوەندەش مانای ڕامیاریی هەڵنەگرتووە. ئەگەر وتمان: مەحموود پاشای سەرکۆماری جاف، مانای وایە مەحموود پاشا، تەنیا سەرکۆماری خێڵی جافە و بڕایەوە. چونکە هەر خێڵە و سەرکۆماری خۆی هەیە. ڕووی نەداوە چەند خێڵێک کۆ ببنەوە، لە نێو خۆیاندا سەرکۆمارێک هەڵبژێرن و بچنە ژێر ئالآیەوە.

## کەمسەریی نەتەوایەتی لای سەرخێڵی کورد

ڕێک دەکەوێت سەرخێڵ خاوەنی دوو دەسەلآت بێت. دەسەلآتێکی زەمانی. واتە ئەو دەسەلآتەی خێڵ پێی داوە و بۆماوەیە. دووەمیشیان دەسەلآتی ئایینییە. گوایە بە بنەچە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی محەمەدی پێغەمبەر یان خێڵی هاشمی، یاخۆ کەسیەتییەکی ناوداری عارەبیی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام.

ئەمەیش هەستکردنە بە کەمسەریی نەتەوایەتی. هەندێک لە میرە کوردەکان هەر بەو نیازەی خۆیان لە ڕەشە خەڵکەکە بەرزتر و نەجیبتر پیشان بدەن، لەو

سۆنگەیەوە، ئیسلام لە بنەڕەتدا ئاینێکی عارەبییە؛ ئەوانیش خۆیان بەعەرب دەناسێنن، گوایە لە بنەماڵەی ئەهلی بەیتەوە نزیکن. لە دۆخی وەهاشدا کوردی ڕەشۆکیی بێ ئەسڵ و فەسڵ (بە بۆچوونی ئەوان) دەبێت دەستیان بۆ بەسینگەوە بگرن و سوێند بەسەریان بخۆن. بێ ئەوەی ئەمانە هیچ ڕازەیەکیان پێشکێش بە ئاینی ئیسلام کردبێت. بێ ئەوەی ئەم فریوی خۆبردنەوە سەر عارەبە، یان ئەم شەجەرە ساختەیە، هیندەی تەڵە پوشێک لە کن تورکی عوسمانلی، یان پێشتر لە کن کاربەدەستانی دەوڵەتانی عەباسی و ئومەوی، یانژی لە لای سەفەوی و قاجارییەکان شەفاعەتی بۆ کردبێتن و لە پێگەیانی بەرز کردبێتەوە. ئەم پەتایەش تەنیا گرێی کەمسەرییە (عقدة النقص) ئەوەندە هەیە ئەمان گەندەسوودیان (سوء إستفادة) لێ وەرگرتووە.

هەندێک لە میرە کوردەکان وێڕای ئەوەی ناوی عارەبییان لە نەوەکانیان ناوە، پاشگری (الدین)یشیان بەناوی خۆیانەوە لکاندووە. وەک "شرف الدین، رکن الدین، أسدالدین... هتد" هەر بۆ ئەوەی پتر دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئاینی ئیسلام و نەتەوەی عارەب نیشان بدەن. لە کاتێکدا بێجگە لە سەردەمی سەلاحەدین، کورد هەمیشە ئیسلامی پلەدوو بووە و لە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی نەتەوەکەی خۆیدا بووە. کورد لەو ڕۆژەوە، کە ئیسلامی بەئاینی خۆی قەبووڵ کردووە، بەموسوڵمانی پلە دوو حیسابی بۆ کراوە و قەید بووە.

هەموو ئەو خۆ بەکەمزانانەشی، کە بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی موحەمەد، درۆ دەکەن. ئەم نیشتمانەی ئێمەش هەرگیز نیشتمانی عارەب نەبووە. ئەوان بەناوی فتووحاتەوە، بەداگیرکاری نەبێت هەرگیز ئاویان لە قەرەداخ و هەورامان و شارباژێر نەخواردووەتەوە. ئەوان نیشتمانی پان و بەرینی خۆیان هەیە. بەم دواییانەش جارێکی دی، بەخورتی و بەنیازی نیشتەجێبوون ڕێیان کەوتووەتە کوردستان. وەک چۆن ئیسرائیل سیاسەتی زۆرەملێی نیشتەجێکردن لە کەرتی غەزە و کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردون، لەگەڵ فەلەستینییەکاندا پیادە دەکات و عارەبەکان لای خۆیانەوە ناوی (مستوطنات)یان لێ ناوە.

سەرخێڵەکان تەنیا بۆ خۆڕانان بەسەر خێڵی خۆیاندا و بۆ قەلاچۆی یەکتر

گەندەسوودیان لە ئاینی ئیسلام وەرگرتووە. "صدیق الدملوجی"، لە کتێبی خێڵەکانی کوردستاندا نووسیویەتی: «زێبارییەکان جەنگی ئێزدییەکانیان بە غەزا و جیهاد لە پێناوی خوادا زانیوە. هەرچەندە لێشیانەوە دووربوون بەڵام بۆیان دەچوونە چیای شەنگال غەزویان دەکردن. ساڵی ١٨٠٢ – ١٨٠٣ مەلا ڕەجەبی زێبار بە ٦٠٠ موجاهیدی زێبارییەوە، چوونە غەزای ئێزدییەکان.. ل ٨٢»

ڕاپۆرتێکی ناوەندی سەرەکیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا لە عێراق، کە سەبارەت بزووتنەوەی کورد، ئاراستەی وەزارەتی هێزی ئاسمانی لە لەندەن کراوە و لە لایەن ت. س. ر. هیگنزەوە واژۆکراوە، ڕۆشنایی ورد دەخاتە سەر کۆمەڵگەی کوردەواری. ڕاپۆرتەکە باس لە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و پەرەسەندنی لە باشووری کوردستان و ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوی ڕووناکبیران لەم بوارەدا دەکات و مێژووی ٣٠ مارسی ١٩٢٧ی پێوەیە. جڤاکی کوردەواری بە چوار توێژ، یان چینی سەرەکیی دابەش کردووە، کە ئەمانەن:

١– ئەفەندییەکان، مەبەستی پێ ڕووناکبیرانە، کە ئەوسا منەووەریان پێ وتوون.
٢– دامەزراوەی قووچەکی شێخە ئاینییەکان، سەیدەکان و مەلا و دەروێشەکان.
٣– سەرۆک خێڵەکان.
٤– ژمارەیەکی زۆری خێڵەکییەکان، کە بە پێچەوانەی زۆربەی عارەبەکان، کوێرانە و بێ پرسیار پەیڕەوی سەرۆکەکانیان دەکەن.

بەپێی بۆچوونی ڕاپۆرتنووسی ئینگلیز بێت تاکی خێڵەکیی کورد تەنانەت لە خێڵەکیی عارەبیش زیاتر پابەند و گوێڕایەڵی سەرخێڵەکانیانن. بێگومان ئەم دۆخەش ئاستی بەجێمان و پاشڤەڕۆییی جڤاکی کوردەواریی ئەو سەردەمە بەدیار دەخات.

ئێس. ڤی. ڤیگین، لەمەڕ خێڵی کورد، لە لاپەڕە ٦٧ی کتێبەکەیدا دەڵێت:
«خێڵە کوردەکان بەسەر دوو چیندا دابەش دەبن:
١– چینی ئاغاکان، کە سەرخێڵ و سوارەکان دەگرێتەوە.
٢– ڕەشورووت کە لە ڕاستیدا لە کۆیلەوە نزیکترن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدان، بوونەتە پاشکۆی تەواوی ئاغاکان.»

## جاف و هەمەوەند و میرنشینی بابان

مێژووی دوور و نزیک، پێمان دەڵێت: لە هەر هەرێمێکدا دوو خێڵی نەیار هاوسنوور بووبێتن، کاتێک یەکێکیان چووبێتە پاڵ پێشمەرگە و شۆڕش، ئەوا ئەوی دیکەیان، بێ ئەوەی بیرێک لە ئاکامەکانی بکاتەوە یەکسەر داوێتیە پاڵ داگیرکەر و پەنای بەحکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکەر گرتووە. ئەم هەڵوێستەی خێڵ هەر بەتەنیا لە بەرانبەر شۆڕشی نوێدا وەها نەبووە، بەڵکو بەدرێژاییی مێژووی دوور و نزیک خۆی پاتە کردووەتەوە.

داگیرکەرانی کوردستانیش هەمیشە بەم خێڵ، ڕاپەڕینی ئەو خێڵیان فت کردووە. یەک لە باری پرسی نیشتمانی، خێڵەکان ڕۆڵی پوازیان بینیوە. بۆ نموونە ئەگەر بهاتبا و هاوکاری لە نێوان جووتە خێڵی بەهێزی جاف و هەمەوەندا هەبووایە، ئەوا نە حەمەپاشای جاف و نە جوامێرئاغای هەمەوەندیش بەو مەرەیە دەچوون.

جێی باسە، ئەگەر بهاتایە و کاتی خۆی حەمە پاشای جاف، کە دەکاتە کوڕی کەیخوسرەوبەگ، ئالیکاریی ئەحمەد پاشای میری بابانی بکردایە، ئەوا میرنشینی بابان لە بەرانبەر هێرشی نەجیب پاشای والی بەغدا و لە ١٨٥١دا شکستی نەدەخوارد و میرنشینەکە بەردەوام دەبوو. بەڵام وادیارە نێوانیان خۆش نەبووە. بۆیە هیچ قەول و بڕییەکیان لە نێواندا نەبووە. هەردەم سەفەوی و قاجاری و عوسمانلی لە کورد بەفێڵ و دەهۆتربوون. والی بەغداش ڕۆڵی تێکدەری لە نێوان بنەماڵە خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتووەکانی کورددا بینیوە.

لە سەردەمی عوسمانلیدا و لەو هەرێمەدا، کە ئێستا بە وڵاتی عێراق ناسراوە، ئیمارەتێکی عارەبی بەناوی (منتفق)ەوە هەبووە، کە هاوسەردەمی ئیمارەتی بابان بووە. بەهۆی پێگەی جوگرافییی ئیمارەتە عارەبییەکەوە، کە بەزۆنگاو دەورەدرابوو، ئیمارەتە کوردییەکەش، کە لە شوێنێکی شاخاویی سەختدا هەڵکەوتبوو، عوسمانلی نەیتوانیوە بەهێرشی ڕاستەوخۆی سەربازی لە هەق هیچ کامێکیان بێت. بۆیە هەردەم چاوەڕوانی دەرکەوتنی ناکۆکیی نێوان سەرۆکەکانی ئەم دوو ئیمارەتە بووە. تاکو لەم کەلێنەوە خێڵێکی عارەب بەگژ ئیمارەتە کوردییەکە و خێڵێکی کورد بەگژ

ئیمارەتە عارەبییەکەدا بدات و دۆخی ناتەبایی نێوان خێڵ و میرنشینەکان بقۆزێتەوە.. بڕوانە: عباس العزاوی، عشائر العراق ج١، ص ٣٠٨»

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا، حکوومەتی عێراقی ئەو دەمە، هەر بە جلکی میللیی خۆیانەوە، ژمارەیەک خێڵە عارەبی بیابانگەی (بدو)، بەنیازی سەرکوتی پێشمەرگە هەڵخڕاندبوو. ئەم چۆڵگەرانە بەدەم قوولە و هۆسەی "أحنا البدو، وين العدو"ەوە، هێرشیان کردبووە سەر دەڤەری قەرەداخ، کە ئەوساکە قەڵایەکی بەهێزی پێمیم بوو. ئەوانیش بەدەم قوولەی "أحنا العدو، وين البدو" بەرەنگاریان بووبوونەوە.

## خەونی ئەوڕەحمان پاشای بابان

سەردەمی خۆی، وەختێک ئەوڕەحمان پاشای بابان لە هەوڵی خۆ قایمکردن و سەربەخۆیی کوردستاندا بوو. هاوکات جاشی خۆماڵی لە پێناوی چەردەیەک پارەدا پرۆژەکەیان لێ تێک دا. ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا ئاوەها دەیگێڕێتەوە: «کاتی خۆی ئەوڕەحمان پاشا تەنگەی دەربەند بازیانی قایم کرد. وارش و دەروازەیەکی بۆ دروست کردو سێ چوار تۆپیشی لێ دانا، دووانیانی لە بەرزاییەکان بۆ تۆپبارانکردنی لەشکری تورک، لە چالاییەکدا دانا. سلێمان پاشاش بیویستایە هێرش بکاتە سەری، تەقەڵلایەکی بێهوودە دەبوو. ئەگەر سەرکردەیەکی کورد بەناوی مەحموود بەگی خالید پاشا نەبوایە، کە لەگەڵ تورکاندا ڕێک کەوت و بەخۆی و هەندێ جاشە کوردەوە، سەرکردایەتیی تیپێکی تورکی کرد و لە کەلێنێکەوە شاخەکانی گرت، کە ژمارەیەکی کەم کورد پێیان دەزانی. ئەوڕەحمان پاشاش ئەو شوێنەی گوێ پێ نەدا و پێی وابوو ئەو جۆرە شتانە ڕوو نادات. بەم جۆرە بۆی دەرکەوت سەنگەرەکانی لە پشتەوە لێ گیراوە و تۆپە دابەستراوەکانی سەر بەرزاییەکانیشی لە سەرووترەوە نیشانیان لێ گیراوە، لەبەرئەوە ناچاربوو پاشەکشێ بکات، سلێمان پاشای بەغداش وارشەکەی تێک دا و پاشان بەرەو سلێمانی کشا. گەشتنامەی ڕیچ، ل ٧٥»

## لە شۆڕشەوە بۆ کورداندنی جەنگ

خێڵەکان بەزۆری خۆپەسەند و خۆپەرستن. لە ئاستی پرسە چارەنووسسازەکاندا بێ دەربەستن. خێڵەکان بەزۆری لە ئاستی یەکدا هەستیار، ناکۆک و لووتبەرز و خۆبەزلزانن. هەروا بەئاسانی ددان بە قەوارە و بوونی یەکدیدا نانێن. لە سۆنگەی نزمیی ئاستی هۆشیارییانەوە، دەمچەورکردن و دەمگۆی چەواشەکار زوو کاریان تێ دەکات و بەگژیەکیاندا دەدات.

جەرجیس فەتحوڵلا، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "يقظة الكرد" نووسیویەتی: «لە ساڵی ١٩٠٠دا، قازی فەتاح، کە سەرۆکی مەلاکانی سابڵاخ بوو، پێشەوایەتیی بزاڤێکی کرد. ژمارەیەکی کەم لە سەرخێڵە بێزارەکان، کە دیارترینیان ئاغاکانی مەنگوڕ بوون، بە دەنگیەوە چوون و پشتگیرییان کرد. هۆی پشتەوانی ئەمانیش بۆ ئەو دوژمنایەتییە دەگەڕایەوە کە لەگەڵ مامشدا هەیانبوو. ئەوەبوو مامشەکان بۆ دامرکاندنەوەی بزاڤەکە پشتیوانیی حکوومەتیان کرد. ل ٢٢»

لە دوای شەڕی ئاوباریک لە ساڵی ١٩٣١دا، شێخ مەحموود گەیشتە ئەو قەناعەتەی بەردەوامبوونی شۆڕش بەچاکەی خۆی و میللەتی کورد ناشکێتەوە. چونکە حکوومەتی پاشایەتیی بەغدا، توانیبووی کێشەی نێوان خێڵەکانی ناوچەکە بۆ چاکەی خۆی بقۆزێتەوە و تەماح بنێتە بەریان و هەندێکیشیان لە شێخ مەحموود ڕاست بکاتەوە. بۆیە ئەگەر بهاتایە و شێخ لەوە زیاتر بەردەوام بوایە، شەڕەکە دەبووە شەڕی نێوان شێخ و جاشی کورد. لە دۆخێکی وەهاشدا، حکوومەتی بەغدای ئەودەم دەبووە بینەر و کوردیش دەبووە سووتەمەنیی ئاگرەکە. بۆیەکا شێخ بێدەنگی و پەناگرتنی هەڵبژارد و لە پیران مایەوە.

شێخ مەحموودی نەمر خۆی دەفەرمووێت: «بەکرەشێت (بەکر سدقی) منی تاوانبار دەکرد کە گوایە ڕقم لە پشدەرییەکانە. ڕاستییەکەی ئاغاکانی پشدەر ڕقیان لە من بوو، خیانەتیشیان لە من کرد. دواییش هەندێکیان بوونە نۆکەری ئینگلیز و نووری سەعید، بەڵام بەکرەشێت پێی وابوو، ئەوانە کوردی باشن. دەرچوو پارە و چەکی دابەش دەکرد بەسەریاندا. ئەو کەرە پێی وابوو کە پشدەرییەکان لە تەنگانەدا

دەیپارێزن، چاکیان پاراست. بڕوانە: جەمال نەبەز، پاشنیوەڕۆیەک لە خزمەت شای کوردستان «شێخ مەحموودی نەمردا»

زۆر لەمەڕ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی حکوومەتی کوردستان (١٩٤٦ – ١٩٤٧) نووسراوە. وەک ئاشکرایە کاتێک حکوومەتی ئازربایجان ڕووخا و هێرشی سوپای شا لە سنووری حکوومەتی کوردستان نزیک بووەوە، بێجگە لە بارزانی و هێزەکەی، هێزی چەکدار لە دەوری قازی نەما و تێکڕا بڵاوەیان لێ کرد. هۆکاری سەرەکیی ئەو ورەبەردان و داڕووخانە لەپڕەیش ئەوەبوو، کۆمار بەشێوەیەکی سەرەکی، پشتی بەکوڕانی خێڵ بەستبوو. خێڵیش هەردەمێک هەڕەشەی بیانی دەرگەی پێ گرت ئەوا یەکسەر بادەداتەوە، چونکە تەواوی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدۆڕێنێت. دیارە خێڵیش بەرژەوەندیی خۆی بەلاوە لەپێشترە هەتا بەرژەوەندیی گشتی.

خێڵ بۆ دەستکەوت و ڕاووڕووت دوای هەر بزاڤێک دەکەوێت. دەنا ئەگەر کۆماری کوردستان، لەبری کوڕانی خێڵ، پشتی بەسوپایەکی نوێ و پێمیمی وشیاری خاوەن بیروباوەڕ ببەستایە، ورەی نەدەڕووخا و بەرەنگاردەبوو. هەر ئەمەشە هۆکاری سەرەکیی هەرەسی کۆمار.

لە تۆژینەوەیەکدا، کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، د. فوئاد قادر وەری گێڕاوەتە سەرزمانی عارەبی بەڵام ناوی تۆژەر کەوتووە، لەوێدا هاتووە: «یەکێک لە بازنە لاوازەکانی سوپا، باری خوێندەواری و خێڵ بوو، وەک شێوەیەک لە شێوەکانی پێشمەرگە. زۆرێک لە سەرکردەکانی پێمیم سەرخێڵ بوون. ئەوان پێوەندیی ژێربەژێریان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا هەبوو، کاتێک سوپای ئێران هەوڵی داگیرکردنی کۆماری دا، ئەو خێڵانەی پێوەندییان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا هەبوو، ئامادەنەبوون بەرگری لە دەوڵەتەکە بکەن، لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتەشدا بوو، قازیی محەمەد خۆی بەدەستەوە دا. جمهوریە کوردستان، گوڵان العربی، العدد ٧٧»

زۆر جارانیش، کاتێک سەرخێڵەکان بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان کەوتبێتە مەترسییەوە، ئانکو دەسەڵاتی داگیرکەر، گەیشتبێتە سنووری پاوانیان، تەنانەت

ئەوانەشـیـان، کـە لەگـەڵ شـۆڕشـدا هـاوئاهـەنگ بوون و لێـوەی نزیک بوون، ئیـدی لە شۆڕش هـەڵگـەڕاونەتەوە و داویانەتە پاڵ دوژمن. واتە لانی کەم نەیانکردووە بێلایەنی هـەڵبژێرن.

لە مێژووی شـۆڕشـی ئەیلوول و شـۆڕشـی گـولانیشـدا زۆر نموونەی وەهـامـان هـەن. هـەروەها لە سـەروبەندی شـۆڕشـەکانی شـێخ مـەحـموودیشـدا زۆرێک لە خـێڵـەکانی ناوچەکە ئامـادەی هـاوکاریی شـێخ نەبوون. بەڵکو لە پێناوی چەردەیەک دەسـتکەوتدا پشـتیـان تێ کرد. پێـچەوانەی خێڵـە عـارەبەکانی باشـووری عێـراق، کە هـەڵوێسـتی نیـشـتـمـانیـیـان نواند، کـاتێ ئەوان بەچەکی سـەرەتاییـیـەوە بەگـژ سـوپای تەیاری ئینگلیزی داگیرکەردا چوونەوە. هـەندێک لە خێڵە عارەب، بەرگریی بێ وێنەیان نواند. بەڵام کـەمـجـار ڕێک کـەوتووە خـێڵـی کورد وەک پێویست ڕۆڵی نیـشـتـیـمـانیـیـان هـەبووبێت.

هـەر دوای دامـرکاندنـەوەی شۆڕشـی شـێخ مـەحـموود، خـێڵەکانی دەوروبەر، دایانە پاڵ ئینگلیـز و بە توندی بەگـژ ئیـبـراهیم خـانی دەلۆدا چوونـەوە، کاتێک ئەو پیـاوە گـەورەیە لەتۆڵـەی شکسـتـخواردنی شـۆڕش و دەسـتگیرکردنی شـێـخدا، لە ناوچەی گەرمـەسێر شـوڕشـی بەرپاکرد. مێژوو شـەرمی لە کـەس نییـە و پێمان دەڵێ، ئینگلیز هـەروا بـە ئاسـانی نەیدەتوانی هـەوڵ و کـۆشـشـی جـوامـێـرانـەی برایم خـان پووچ بکاتەوە، ئەگەر پەلاماری خێڵەکانی دەوروبەری نەبووایە.

## ملانێی نێوان خێڵەکان

جوناسـان ڕاندڵ، لە کتـێبـەکـەیدا بەناوی "أمة في شـقاق" نووسـیـویەتی: «کـوردان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسـەر ئاسـتی سـیاسـی یەکیـان نەگرتـووە. ئەوان زۆریان بەدەست پارچە پارچەبوونی قـووڵی ڕیزەکانیـانەوە نۆشـیـوە. مـەیلێکی ڕەگاژووی ناپاکـیـان دژبەیەک تێدایە. لـە بەرەنگاربوونەوەی حکوومـەتە سـەرکـوتکەرە خـاوەن سـوپا دڕندە پڕچەکـەکـاندا، ئامـاژەیەکی دەگـمـەنی وەهایان پیـشـان نەداوە، کـە گـوایە ئەوان سوودیان لە هەڵەکانی ڕابردووی خۆیان وەرگرتبێت.. ل ٢٤»

ڕاندل، مـەبەسـتی پێ ئاوەزی خـێـڵـەکییـانەیە، کە وای کـردووە، سـەرەکـهـۆزەکان

ئامادەنەبن لووت بەیەکدا دابێن و بەرێزەوە سەرنجی یەکودوو بدەن و بەرژەوەندیی گشتی بەهەند بگرن. بۆیە بەردەوام کوردناسەکان لەمڕووەوە هۆشدارییان داوەتە کورد، بەڵام گوێیان لێ نەگیراوە.

با لەمـــڕووەوە بەراوردێک بکەین. یەک لەباری وڵاتی ســـۆمـــاڵ، ئەوەی تەواو ئاشکرابێت ئەوەیە بەهۆی پارچە پارچەبوونی هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە، لە دوای ڕووخانی حکوومەتە سەربازییەکەی جەنەراڵ زیاد بەرییەوە نەیانتوانیوە بگەنە یەک و حکوومەتێکی نیشتمانی وەها لە مەگەدیشۆی پایتەخت دابمەزرێنن، کە هەموو لایەک لەسەری کۆک بن. سۆماڵ کۆمەڵگەیەکی تەواو خێڵەکییە. ئەوەندەی لێرە لە نزیکەوە قسەم لەگەڵیاندا کردبێت، بۆم دەرکەوتووە نزیکەی هەموویان شانازیی بەخێڵەوە دەکەن. بەڵام هەر کاتێک ئەو میللەتە هەژار و بێدەرەتانە سەد لە سەد خێڵەکییە بووبێتە پێخوستی بیانی، جا لە ژێر هەر دروشم و پاساوێکدا بووبێت. وەک هاتنە ناوی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی ئەمریکا و هاوکاریی ئەم دوایییەی ئەتیوپیا بۆ چاکەی حکوومەتی سۆماڵ، لە بەیدەوا و دواتر لە مەگەدیشۆ، دژبە حکوومەتی "محاكم إسلامية"؛ هیچ کام لەو خێڵانەی ئەو وڵاتە پان و بەرین و کەس لەکەسە، پێیان قووت نەچووە سوپای بیانی پێ بنێتە سەر خاکیان. لە ئاستی بەزاندنی ئەم هێڵە سوورەدا، واتە لەئاستی بەزاندنی سنووری خاکەکەیاندا لە لایەن بیانییەوە، ناکۆکییەکان دەنێنەلاوە و بەنزیکەی هەموو لایەک، کۆکن لەسەر دەرپەڕاندیان.

دەمەوێت لێرەوە بڵێم: پێ دەچێت خێڵی هیچ نەتەوەیەک وەک خێڵی کورد ئامادەباشی ساتوسەودا لەگەڵ بیانیدا نەبن. سەرخێڵی کورد زۆرجاران دەستی دوژمنیان گرتووە و ڕێیان پێشان داوە. دوا جار ئەوەبوو بەسەدان فەوج لە خێڵەکان. هاوئاهەنگ و بەهاوکاریی ڕێژیمی سەدام کوردستانی باشووریان ئەنفال کرد.

ڕاندڵ، لەم بارەیەوە دەڵێت: «ملانێی نێوان خێڵەکان لە کوردستاندا بەڕادەیەک بەهێزە، ئەگەر سەرەکهۆزێک چووە پاڵ بزاڤی نەتەوایەتی، ئەوا ئەو سەرخێڵەی، کە ڕکابەرێتی لەوانەیە بێلایەن بووەستێ یان لەوانەشە پارە و چەکوچۆڵ لە حکوومەت وەربگرێت و بچێتە پاڵ هێزەکانی. کێشەکە تەنیا لەسەر ئاستی خێڵەکاندا

ناوەستێت، بەڵکو هەموو ئەو تیرانەش دەگرێتەوە، کە سەربەو خێڵەن. ئەگەر لەم سەدەیەدا مەلا مستەفا بۆ کۆکردنەوەی پشتەوانیی کوردە نەتەوەییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان توانیبێتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام گەلێ جاران ناچاربووە شەڕی زۆرێک لەو هۆزانە بکات، کە لە خزمەتی حکومەتی عێراقدا بوون... ل ٤٥»

کورد گەلێک جار بەر لەوەی بیانی بیخاپێنێت، میرو سەرخێڵەکانی خۆی فێڵیان لێ کردووە. ئەم میر و سەرخێڵانە لەگەڵ یەکدا شێری نەڕ بوون و لە بەرامبەر داگیرکەردا پشیلەش نەبوون. مێژوو دەگێڕێتەوە، کە سەرخێڵەکان لە نێو یەکدا تەنانەت لەسەر ئەوەش ناکۆک بوون، کام سەرخێڵ پێش بکەوێت، کاتێ بە کۆمەڵ بۆ میوانداری چوونەتە دیوانی والییە بیانییەکان.

لە دیوانی والییەکانیشدا لەسەر جێگەی دانیشتن لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون. چونکە هەریەکەیان ویستوویەتی خۆی لە کورسییەکەی پاڵ جەنابی والیدا دابنیشێت. بۆیە ناچار، والیی داگیرکەر خۆی بڕیاری داوە و بەپێی گرینگییان، ڕێزی بۆ داناون و لە دیوانی خۆشیدا جێی دانیشتنی بۆ دەستنیشان کردوون. ئیدی هەرکاتێک سەریان دابێت هەریەکە و لەسەر کورسی لەلایەن والییەوە بۆ دەستنیشانکراو دانیشتووە، بەڵام ئەو سەرخێڵانە بیریان لەوە نەکردووەتەوە کارێک بکەن خۆیان لە پێش والیی بیانییەوە بڕۆن. بۆیە هەتا خێڵ و سیستمی خێڵ پایەدار بێت، ڕەوشی ئێمەیش هەر وابووە و هەر واش دەبێت.

هەر لەم ڕووەوە سەبارەت پرسی، "کۆماری کورد لە نێوان خەون و واقیعدا" ئیبراهیم داقوقی لە کتێبە نوێیەکەیدا "أکراد ترکیا" نووسیویەتی «... بەڵام هەڵکەوتنی کورد لە ناوچەی کێشەی دەوڵەتە گەورەکان و ئیمپراتۆریای ماد و ئاشووری و حیسییەکاندا لە لایەک و ملانێی خێڵە کوردەکان لە لایەکی دیکەوە، بووبووە لەمپەر لە ڕێی چێکردنی کیانێکی نەتەوایەتیی سەربەخۆ بۆ کوردان؛ چونکە ئەوان جارێک پێملی فەرمانڕەواییی فراوانی ئامۆزاکانیان بووبوون، کە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتبووەوە و جارێکی دیکە بووبوونە ژێردەستەی ئاشوورییەکان لە وڵاتی نێوان دووزێدا و جارێکی دیکەش بووبوونە ملکەچی ئیمپراتۆریای حیسییەکانی

ولآتی ئەنادۆڵ و هەندێک جاریش دەبوونە ژێرماڵەی بیزەنتییەکان. ل ٤٥١ »

وەک ئاشکرایە، ئەم نووسەرەش ملمـلانێی ناوەخـۆی خـێڵـەکـان بە هۆکـارێکی درێژەکێشـانی ژێردەستـەیی کورد داناوە. ئامۆزاکانمان، مەبەستی پێ دەوڵەتە لە شوێن یەکەکانی فارسە. وادیارە مێژونووس ئیبراهیم داقوقی، میدییەکان بە باوانی کورد نازانێت.

هەرچۆنێک بێت، ئەمە ڕای ئەوە، لەمەڕ هەلومەرجی نێودەوڵەتی و کۆمەڵایەتیی کۆنی کـورد. بەڵام لە هەمان کتێبدا لەمەڕ خەونی لەمێژینەی کورد دەنووسێت: «ئەگەر زۆربەی نووسەران هۆی شکستی بزاڤە کوردییە ئازادیخوازەکان لە پێناوی سەرخۆبوون و بەدەستهێنانی مافەکانیاندا، بۆ ملانێکانی نێوخۆ لە لایەک و زۆریی ژمارەی دوژمنانی کـورد لە لایەکی دیکەوە بگێڕنەوە، ئەوا میرنشینە کوردەکان لە سەدەی شازدەیەمەوە لە نێو جەنگ و ڕکابەرییدا ژیاون، بێ ئەوەی یەکێکیان بەتەنیا توانیبێتی دەست بەسەر کوردستانی گەورەدا بگرێت، یان توانیبێتی لە کیانێکی سەربەخۆدا کۆیان بکاتەوە. بەڕادەیەک ملانێی خێڵەکیی ناوەخۆ، ملانێی ئاینی، ملانێی نێوان دێهات و شار یان خێڵایەتی – ڕووناکبیریی، یاخۆ نێوان چەپ و نەتەوەیی، یانژی نێوان ڕەوتی تەقلیدی و میللی، بووەتە جیاکەرەوە و نیشانەی مێژووی کورد.. أکراد ترکیا، ص ٤٧»

## لە ڕۆژهەڵات و باکوریش هەمان پەتا لە ئارادایە

لەدیوی ڕۆژهەڵاتیش، هەڵوێستی خێڵەکان هەر وەها بووە. جەرجیس فەتحوڵڵا نووسیویەتی: «کاتێک لە ساڵی ١٩٠٦دا شۆڕشی دەستووری (مەشرووتە) لە ئێران بەرپابوو. هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وشیارکردنەوەی نەتەوەی کوردی ژێر باڵی نەتەوەی فارس دانەنا. چونکە کوردە خێڵەکییەکان سەرگەرمی جەنگی ناوەخۆ و شاڵاو و شاڵاوی بەرامبەر بوون. پیلانە خوێناوییەکانیان لەسەر زەعامەت، کوشتار و ڕسواییان لەگەڵدا بوو. "یقظة الکورد" ل ٢٣»

چەندین هەلی زێڕین بۆ کورد هاتوونە پێش. بەڵام لەو سۆنگەیەوە، کە هەردەم توێژی هۆشیار و ڕووناکبیر کەمایەتی و نەخوێندەواریش زۆرینە بوون؛ کوڕانی

خێڵی (ئیگۆییست)یش چاویان لە بەرژەوەندیی تەسکی خۆیانەوە بووە، گوێیان لێ نەگرتوون و بانگەوازەکانیان بەهەند نەگرتوون. بۆیە هەموو ئەو هەڵانە لەدەست چوون. مەگەر بەدەگمەن، دەنا ئەوان خەمی نیشتمانیان بەکۆڵی خۆیاندا نەداوە. لەم ڕووەوە جەرجیس فەتحوڵلا لەسەری دەڕوا و دەنووست:

«لە ئێران، لە ئاکامی شۆڕشی مەشرووتەدا، ئۆپۆزسیۆن دەستیان بەسەر پایتەختدا گرت. شایان ناچارکرد ئەنجوومەنی شوورا پێک بهێنێت و دەستوور دابنێت. بازرگان و خاوەن پیشە لە شارە گەورەکان کۆمەکی خۆیان بۆ دەستوورییەکان ئاشکراکرد. لە کوردستانیش، کرماشان و شارە گچکەکانی وەک ئوورمیە و مەهاباد و سنە و سەقز، بەڕووی کاربەدەستانی لای خۆیاندا هەڵسان و دەستیان بەچێکردنی لیژنە میللییەکان کرد. ئەوان تەواو وەک باقی وڵاتی فارس ڕەفتاریان نواند. بەڵام کار لە کن سەرۆک هۆزە کوردەکان پێچەوانەبوو. چونکە شا سیستەمی دەرەبەگایەتیی دەپاراست و ئەمانیش بەشێکی ئەو سیستەمەیان پێک دەهێنا، بۆیە بە گشتی لایەنی شایان گرت. بەم پێیە هەڵوێستێکی دوژمنانەیان لە دەستوور و ڕیفۆرمی دەستووری وەرگرت. ل ٢٦»

لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە باکوری کوردستانی ژێر سایەی ئەتاتورک، کاتێک تورکیا لە ڕۆژهەڵاتەوە لەبەر شاڵاوی ئەرمەن و لە ڕۆژئاواشەوە لەبەر شاڵاوی یۆناندا بوو، لەو ئاخۆران و بخۆرانەدا، بۆ ئەوەی لە وەزەنیان پارێزراوبێت؛ ئەتاتورک دێت عەلیشان بەگ و حەیدەر بەگی جووتە برای سەرخێڵ و کەسیەتیی ناسراوی ناوچەی دێرسیم، بە قایمقام دادەمەزرێنێت. وەلێ لەپڕ کاروانێک چەک، کە لەبناخەدا بۆ ئەتاتورک هاتووە، دەکەوێتە دەست عەلیشان. ئەویش چەکەکان بەسەر خێڵەکانی ناوچەی دەرسیمدا دابەش دەکات و داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و کۆمەڵێک داواکاری دەخەنە پێش حکوومەتی ئەنکارە. دوای ماوەیەکی کورت داواکارییەکان بۆ ئاستی سەربەخۆیی کوردستان سەردەخەن و مۆڵەتی تەنیا دە ڕۆژ، لە بەردەم ئەتاتورکدا دەهێڵنەوە، دەنا جەنگی ڕزگاری بەرپا دەکەن. بەڵام دوای ماوەیەک ئەتاتورک خۆی بەشەخسی پێوەندی بە عەلیشان بەگەوە دەکات و بەتەماحی ئەندام پەرلەمان ژیوانی دەکاتەوە. بەم شێوە گاڵتەجارییە

سەکردەی شۆڕشی نەتەوەیەک دەستبەرداری سەربەخۆیی تەواوی کوردستان دەبێت و پشتیش دەکاتە حەیدەر بەگی برای. جەرجیس فەتحوڵلا بەدرێژی ئەم بەسەرهاتە شەرماوەرەی لە کتێبەکەی خۆیدا «یقظة الكرد» گێڕاوەتەوە.

زۆر جاران ڕێک کەوتووە، چەند خێڵێک هێزەکانیان بکەن بەیەک و هەڵبکەنەسەر خێڵێکی دیکەی کورد، بەو نیازەی لە پاوەن و مەڵبەندی خۆی دەری پەڕێنن، تاکو ناوچەکەیان بەتەواوی بۆ تەخت ببێت. لەم ڕووەوە نموونە زۆرن. بەڵام بەدەگمەن ڕوویداوە، چەند خێڵێک لەسەرئەوە ڕێک بکەون و قسە بکەن بەیەک، تاکو دەسەڵاتی بیانی لە خاکەکەیان وەدەرنێن. وا لێرەدا پیلانێکی مێژوویی، کە لە کتێبی "عشائر کوردستان"دا هاتووە، بە نموونە دەهێنمەوە:

چاخ، سەردەمی عوسمانییە. ساڵ ١٨٦٠ی زاینی و شوێن باکوری کوردستانە. خێڵی میلان، کە لە ڕۆژهەڵاتی گۆمی واندا نیشتەجێیە، بەهێز و زەبردەست و دەوڵەمەندە. بۆیەکا خێڵە کوردەکانی دەوروبەری چاویان پێیدا هەڵنایەت. بەتایبەت ئەحمەد ئاغای سەرخێڵی موکورو نەخشەی ئەوە دەکێشێت ئەم خێڵە تەفروتونا بکات. دەیانەوێت لە زێدی باب و باپیرانیان هەڵیان بکەنن و فڕێیان بدەنە ناو خاکی ئێرانەوە، تاکو لە وەزەنی هێزی هەڵکشاویان پارێزراو بن و هەم موڵک وماڵیشیان لێ داگیر بکەن. جێی باسە خێڵی میلان خاوەنی ١٦٠٠ سوارە. بەڵام خێڵەکانی دەوروبەر، کە بەنیازی گرێدانی پەیمانێکن و لە پەیجۆری پیلانێکدان بریتین لە: موکورو، شکاک و باموری، کە هەرسێکیان پێکەوە خاوەنی ٢٥٠٠ سوارن. سەرلەبەری پیلانەکەیش بە ئاگەداریی دەسەڵاتدارانی عوسمانییە. تەنیا خێڵی میلان، کە بووەتە ئامانج، لێی بێ ئاگایە. ئیدی ئەحمەد ئاغای سەرۆکی هاوپەیمانەکان بەهاوکاریی حاکمی وان، بەشێنەیی پیلانی لەناوبردنی خێڵی میلان، کە ئەمە پوختەکەیەتی، دادەڕێژێ:

«پاشای وان گەشتێک بەنێو خێڵە کوردەکانی قەڵەمڕەویدا دەکات. داوای گرتنی سەربازی تەوزیمی دەکات. هاوکات باج و خەراجییان لەسەر زیاد دەکات. لێرەوە خێڵە هاوپەیمانەکان و خێڵی میلان لەسەر بەرپاکردنی ڕاپەڕینێک دژ بە دەوڵەتی عوسمانلی ڕێک دەکەون و بڕیار دەدەن نەسەرباز بدەن و نەئەو باج و خەراجە

زۆرەش بدەن. دیارە ئەو خێڵەی سەرباز و باج و خەراج بەدەوڵەت نەدات، بە یاخیبوو حیسابە و لە لایەن دەوڵەتەوە حەملەی دەکرێتە سەر. ئیدی بەنیازی بەرپاکردنی ئەم ڕاپەڕینە هەموو لایەک بڕیاردەدەن عومەر ئاغای سەرخێڵی میلان بکەنە سەرکردەی ڕاپەڕینەکە. عومەر ئاغاش کەسێکی نیشتمانییە و خاوەنی قسەی خۆیەتی و بەشان و شەوکەتە. پێشنازەکەیان قەبووڵ دەکات و جڵەوی سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە دەگرێتە دەست. ئیدی بەرگری دژی پاشای وان دەست پێ دەکات.

دوای ماوەیەکی کەم هەرسێ خێڵە هاوپەیمانەکە، کە لە بنەوە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، کلکیان گرێ دابوو، هەموو کەین و بەینێکیان بڕاندبووەوە، کشاندنەوەی خۆیان ڕادەگەیەنن و تەسلیم بە دەوڵەت دەبن. خێڵی میلان بەتەنیا دەمێنێتەوە و ڕاپەڕینەکە بەڕاستی دەکرێت. بەرگریی دەکەن و تەنیا پشت بەتوانای خۆیان دەبەستن. ئیدی پاشای وان هەڵدەکوتێتە سەریان. خێڵە هاوپەیمانەکانیش حیز فرسەتانە لە پاڵ دەوڵەتدا دەکەونە پەلاماردانیان. کوشتارێکی زۆر و شەڕی دەستەویەخەیشی تێ دەکەوێت. لە ئەنجامدا میلان ئەودیوی ئێران دەکەن. لەوێ، شازادەی ئێران عومەر ئاغا دەخاتە ژێر ئەشکەنجەوە گوایە زێڕی زۆری پێ گومان دەبات. وەلێ عومەرئاغا ددانی پێدا نانێت. ئیدی لەملی خۆی و هاوکارانی دەدەن و پاشماوەی خێڵەکەیش لە دۆخێکی سەختدا ژیان دەگوزەرێنن. عشائر کوردستان، ل ١٠٤ – ١٠٥»

جەنگی نێوان خێڵەکان خوێناوی و بێبەزەییانە و تووڵانی بوون. ئەوان بەپاساوی پاراستنی بەرژەوەندی و سنووری تەسکی خێڵ و هەندێک جارانیش بەناوی پاراستنی سنووری ئیمارەتەکەیان، کە نزیکەی هەموویان بێ داهاتوو و بێهوودە بوون و مەبەست پێیان تەنیا پاراستنی سنووری ئیمپراتۆریاکانی فارس و عارەب و عوسمانلی بووە؛ قەڵاچۆیان خستووەتە یەک و تاڵانکردنیشی لە تەکدا بووە. جەنگیان لە بابەوە بۆ وەچەی نوێ گواستووەتەوە و بووەتە دوژمنایەتی بۆماوە. ڕێک کەوتووە خێڵێکی ٢٠٠٠ ڕەشماڵی دوای شەبەیخوونێک، یان پاش شەڕ و کوشتاری درێژخایەن و ئاکامەکانی، وەک کۆچەڵکۆچ و پەڕاگەندەبوون؛ دواتریش برسێتی و قاتوقڕی و بڵاوبوونەوەی دەرد و ئافات، قڕیان تێ کەوتبێت و مابێتنەوە سەر چەند

سەد ڕەشماڵێک.

یان پاشماوەی خێڵی شکستخواردوو، بەلاکەلاک خۆیان کوتابێتە نێو قووڵای خاکی نەتەوەیەکی دیکەوە. سەریان بە کۆشیاندا کردبێت و دەستەودامانیان بووبێتن هەتا داڵدەیان داون و دواتر بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە نێویاندا تواونەتەوە. بەمەرجێک ئەوان هەردەم، لەپێش هەڕەشەی ئێران و عوسمانیدا بوون، چونکە هەر ئەوەندەی میرێک، سەرخێڵێک ناوودوای پەیداکردبا و ڕێزی لە خۆی و لە تاکەکانی خێڵەکەی نابا و بووبێتە کەسیەتییەکی خۆشەویست، ئیدی سەرانی ئێران و عوسمانلی ترسیان لێ پەیدا کردووە، نەبادا کەڵکەڵەی ئازادی لە کەللەی بدات. بۆیە خێرا تۆمەتی حازربەدەستی، بەستنی پێوەندیی لەگەڵ ڕووسیایان داوەتە پاڵ و بەم تۆمەتە هەڵبەستراوە خۆی و خێڵەکەیان تارومار کردووە و لە کن ئەوانی دیکەش بێ تۆرتیان کردووە و چاوی هەموو لایەکیشیان پێ ترساندووە. گوایە عوسمانلی سەرباشقەی میللەتانی موسوڵمانە و دژ بەڕووسیای مەسیحی بەرگری لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز دەکات. تەواو وەک باشووری کوردستانی ژێر سایەی بەعس، کاتێ تۆمەتی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئێراندا بەس بوو بۆ لە سێدارەدانی ناحەزانی. گوایە فارس دوژمنی عێراقە و مەجووسە.

## خێڵ و پرۆسەی ئەنفال

پێم وایە بەعسیش نەیدەتوانی بەو بەرفراوانییە ئەنفال پیادە بکات ئەگەر پاڵپشتیی خێڵەکانی کورد نەبووایە، کە لە سەدان فەوجی جاش و مەفرەزە خاسەدا کۆبووبوونەوە و چاویان لە تالانیی قەرەداخ و گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بڕیبوو؛ جا کوردیش چی بەسەردێت قیروسیا. ئەوەبوو لە سەروەختی ئەنفالدا تەنیا یەک فەوجیش لەوان لە حکوومەت یاخی نەبوو.

پێم وایە لە سەردەمی ئەنفالدا، (١٩٨٧– ١٩٨٨) ئەگەر بهاتایە و چەند فەوجێکی جاش؛ کە هەموویان کوڕانی خێڵ بوون یاخیبوونی خۆیان لە بەرانبەر ئەو پرۆسەیەدا ئاشکرا بکردایە، ئەوا بەعس ئەگەر دێهاتیشی کاول بکردایە پڕکێشیی ئەوەی نەدەکرد هەموو دانیشتوانەکەی بەو شێوەیە بکوژێت و تەفروتونایان بکات.

چونکە ئەودەمە دەوروبەر و هەموو دنیا پێیان دەزانی. کوشتنی دەیان هەزار کەسی بێچەک و بێگوناھ هەروا بەئاسانی بۆ ڕێژیمی بەعس دیزەبەدەرخۆنە نەدەکرا، ئەگەر هاوکاری و پشتەوانیی جاشەکانی لەگەڵدا نەبوایە.

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و کارەساتی بێ سەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی سەلماندیان کە خێڵی کورد، بەتەواوی، یاسا ڕزیوە نەنووسراوەکانی خێڵ، وەک تۆڵە و تۆڵەی نامووس، دەرهەق بەیەکدی پیادەی دەکەن؛ بەڵام لە بەرامبەر ناحەزی بیانیدا ملیان لە موو باریکترە و هیچ دەربەستی تۆڵەسەندنەوە نین.

لە دانیشتنی ژمارە ٤١ی دادگای ئەنفالدا، ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٨، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕاستەوخۆ دانیشتنەکەیان دەگوێزایەوە، لە درێژەی بەرگریدا لە خۆی و لە شوێنی بەرپرسیاریەتیی ئەو دەمەی خۆیەوە، تۆمەتبار، جەنراڵ (حسين رشيد التكريتي، معاون رئيس أركان الجيش لشؤون العمليات و عضو القيادة العامة للقوات المسلحة العراقية: یاریدەدەری سوپاسالار بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق)، ڕاشکاوانە وتی: «ئەنفال بە پاکتاوی ڕەگەزی نایەتە ژماردن، چونکە ٢٤٨ سەرەک هۆزی کورد بە خۆیان و هێزەکانیانەوە، کە کوڕانی ئەو خێڵانەبوون، تێیدا بەشداربوون. سەرخێڵەکان فەرماندەی فەوج بوون و خۆشیان سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالیان دەکرد.»

بەڵام وەختایەک لە ١٩٩٤دا، جەنگی ناوخۆ لە نێوان دوو هێزە گەورەکەی باشووردا بەرپابوو، ئەگەرچی درێژەی کێشا و تەنییەوە، هەردوو لاش پشی پشییان بۆ خێڵەکان دەکرد و تەماحیان دەنانەبەر، وەلێ خێڵەکان بەو ڕادەیە تێوە نەگلان. واتە بە فەوج نەچوونە پاڵ ینک و پدک. پێم وایە دوورەپەرێزیی خێڵەکان بەگشتی لەو سۆنگەیەوە نەبوو گوایە ئەوان لە ئەزموونە شەرماوەرەکانی پێشوویان دەرسیان وەرگرتبێت، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو، ئەوان بڕوایان بە بەردەوامیی جەنگەکە نەبوو. چونکە بەدەیان دەستە و گرووپی مەدەنیی کورد بەردەوام لەهەوڵی وەستاندنی جەنگدا بوون. جگە لەوەی گەلێک هەوڵی ئیقلیمی و جیهانی، بەنیازی ئاشتی لە ئارادابوون. بەلایەکی دیکە لەو بڕوایەدابوون دەستووری ئەنفال، لە تاڵان و

بڕۆدا دەستیان والآ نابێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن خودی ئەو دوو حزبەوە لغاو دەکرێن. یان ڕەنگە چیدی جەماوەر ڕاوڕووتیان لێ قەبووڵ نەکات. واتە دەستکەوتیان بەو ڕادەیە نەدەبوو وەک ئەوەی لە ئەنفالدا دەستیان کەوتبوو. هەندێکیش چاوەچاوی گەڕانەوەی ڕێژیمی بەغدابوون بۆ کوردستان.

لێرەدا دیارە کەسیەتیی سەرخێڵ چەند ڕاڕا و نادامەزراوە، ئەو خاوەنی قەول و بڕیی خۆی نییە. ئەو کورسییەکی لەقی پەرلەمانێکی کارتۆنیی گەلی سەردەستی دەها بەلاوە باشترە تا سەربەخۆییی کوردستان. لەم نموونانەوە ڕوون دەبێتەوە، کە نابێت لە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا پشت بەسەرخێڵ ببەسترێت. گەلێک سەرخێڵی باشووریش لەبەر خاتری ئەندامێتیی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی خودموختاریی سەردەمی بەعس «المجلس التشريعي لمنطقة الحكم الذاتي»، کە جگە لەمووچە و بەرات هەرچی دەسەڵات هەبێت نەیبوو، پشتیان کردە کورد و خیانەتیان کرد.

لەمڕووەوە نووسەر ڤان برونەسن، لە هەمان سەرچاوەی پێشووتردا پێی وایە: «کورد، کە بووە بەجاش دژی براکانی، وەک تاک ئەم کارەی نەکردووە، بەڵکو وەک خێڵ کردوویەتی. سەرۆک خێڵ، خێڵی دنەداوە ببنە جاش، چونکە لە دروستبوونی قەوارەی نەتەوەدا دەسەڵاتی خێڵ لە نشێو دەدا.»

هەمان نووسەر لە جێیەکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێت: «هەموو سەرکەوتنێکی نەتەوەیی بە تێکشکانی خێڵ و تیرەکانی کۆتایی دێت. بۆیە هەردەم سەرخێڵەکان دژ بەدروستکردنی کیانێکن بۆ کورد.» واتە ئەم خێڵانە، لەناو هەناوی کورددا هەردەم بەشێک لە مسۆگەربوونی دەسەڵاتی داگیرکەر پێک دێنن.

بەزۆری هەرچی ڕەنجێک سەرکردەی سیاسی و ڕووناکبیری کورد بۆ چێکردنی کیانێک لەسەرەوە داویانە، کوڕانی خێڵ بۆ چەردیەک دەستکەوت و ڕاووڕووت لە خوارەوە بەفیڕۆیان داوە. مێژووی دوور و نزیک پێمان دەڵێت لە دوای سەلاحەدینی ئەیوبییەوە، (کە هەمووومان دەزانین چ ڕێبازێکی گرتەبەر و بەکام ئاقاردا ڕۆیی. زۆربەشمان پێمان خۆشە بەو ڕێبازەدا نەڕۆشتایە) دوور لە سۆز و زێدەڕۆیی، نەتەوەی کورد، سەرکردەی لە بارزانی پشوودرێژتری بەرهەم نەهێناوە. ئەو پیاوەی

کـە بەر لـە خـۆمـان نووسـەر و چاودێرانی بیـانی پەسنیـان داوە. بارزانی هـەر لە سەرەتاوە جێی بڕوای ڕووناکبیرانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو. جێی بڕاوی هەموو توێژەکانی میللەتی کوردبوو.

لە ڕەشبگیرەکەی حوزەیرانی ١٩٦٣ی شاری سلێمانیدا، چەندین کەسی بێلایەن مەرگیان هەڵبژارد، وەلێ ئامادەنەبوون قسەیەکی کاڵ بەبارزانی بڵێن، تاکو لە مەرگ ڕزگاریـان ببێت. کەسیش زۆری لەسـەر ئەو خەڵکە نەبوو. ئەم هەڵوێستـە عەفەوییەی خەڵک لە خۆیدا خۆشەویستیی جەماوەری کوردی بۆ ئەم سەرکردەیە و بۆ شۆڕشی ئەیلوول دەسـەلماند. بۆیە دەبوایە، لۆجیکیش وەها دەخـوازێت، کـاتێک لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، بارزانی شـۆڕشی هەڵگیرساند، لانی کـەم لە باشووردا، چی سـەرخێڵی کـورد هەبوون، بێ چەندوچوون بچوونایەتە ژێر فـەرمـاندەیەوە و هاوکـاری بوونایە. یان هیچ نەبێ، لە ئاستـی شـۆڕشدا بێلایەن بوەسـتانایە. کەچێ وەها نەکـەوتەوە. ئەوەبوو هەندێک خێڵ، هاوکات لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشدا چەکیان لە دژی هەڵگرت.

لەهەر دەڤـەرێکی کـوردستـاندا، هـەر کـاتێک گـەورە پیـاوێکی نیـشـتـمـانپـەروەر هەڵکەوتبی و جـاڕی شـۆڕشـی ڕزگـاری دابێت، ئەوا هـاوکـات سـاتوسـەودای خـۆ بەدوژمن فـرۆشتن، بەتایبـەت لە لای خـێڵـەکـانی ئەو دەڤـەرەی شـۆڕشـەکـەی تێدا بەرپابـووە، گـەرم بووە و برەوی پەیدا کـردووە. لە هـەمـبـەر شـۆڕشـی ئەیلوولیـشـدا هەمان سـاتوسەودای خۆ بەدوژمن فرۆشتن لە کن زۆرێک لە خێڵەکان وەک تیـراوێ سەری هەڵدایەوە.

هەندێک خێڵ، کە بەدرێژاییی سـەدان سـاڵ دراوسـێی ناوچەی بـارزان بوون، بێ بیـرکـردنەوە دایانە پاڵ دەوڵەت و سـەنگەری دژە شـۆڕشـیـان هەڵبـژارد. هێـشـتـا سـەرەتای شۆڕشی ئەیلووڵە، دانا ئادەمز شمیدت، لە کتێبەکەیدا، "گەشتێک بۆلای پیاوە ئازاکانی کوردستان" دەڵێت: «بارزانی توانی لۆلانییەکان و ژمارەیەک خێڵی دیکەی پشتیوانی حکوومەت خراپ تێک بشکێنێت. هەروەها گەلە جاشێکی، تارومار کرد کە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوون. نەهۆ بەتاک و بەکۆ، بۆ پاراستنی گیـانی خۆیان ڕووەو سەربازگەی مێرگەسوور هەڵدێن.. ل ٢٤٨»

زۆر خـێڵی کـورد هەن، پێیـان ڕەوایە دەسـتـی دوژمن مـاچ بکەن بەڵام ئامـادە نین

دەستی سڵاو، دەستی تەوقە و هاریکاری بۆ سەرکردەیەکی خۆمان درێژ بکەن. سەرخێڵی هیچ نەتەوەیەک هێندەی سەرخێڵی کورد کوشتە و شەیدای پلە و پایە نییە. ئەوان بەزۆری ئامادەنین پلە و پایەی خۆیان بۆ کەسێکی لە خۆیان شیاوتر و زاناتر و بەزاختر جێ بێڵن. سەرخێڵی هیچ نەتەوەیەک بەڕادەی سەرخێڵی کورد نانیشتمانی نییە.

کەمال خورشید میران لە کتێبەکەیدا لەمەڕ "میرانی سدیق بەگ" نووسیویەتی، «بوو بە نائیبی شەقڵاوە، بەشی زۆری کاتی خۆی لە بەغدا بەسەردەبرد، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ خزم و کەسی خۆی ڕەفتاری باش بوو، نەیدەویست دڵی کەسی لێ برەنجێت. زۆر حەزی لە میوانداری دەکرد و دۆست و برادەری لە کاربەدەستانی حکوومەت زۆربوو، دەیهێنان بۆ هاوینەهەواری شەقڵاوە، هەموو کەسێک خۆشی دەویست و لە فرمان و کرداری میریدا شارەزابوو، لەناو عەشیرەتەکانی دەوروبەریشی قسەی دەڕۆیشت، تاکو لە ١٩٦١ی زاینیدا لەگەڵ چەند پیاوێکی تری وەک... بەهۆی کارەساتێک لە نێوانی کۆڕێ و شەقڵاوە کوژران... خۆشناو و خۆشناوەتی ل ٩٦»

بەڵام هێژا کەمال باس لە هۆکاری کوژرانی سەرۆکی عەشیرەتێکی گەورەی وەک خۆشناو سدیق میران ناکات. باشە میرێک ئەوە کردار و ڕەفتاری بێت، کە هێژا کەمال باسی لێو ەدەکات، کێ دەستی تێ دەچێت بیکوژێت؟ یان کێ پرکێشی دەکا گەورە میرێکی وەها بکوژێت، کە خێڵێکی وەک خۆشناوی لە پشت بێت؟

ساڵی ١٩٦١ مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولە. ئایا کوژرانی میری ناوبراو لە سۆنگەی دژایەتیکردنی شۆڕشەوە نەبوو، وەک دەنگوباسی باوی ئەوسای ناوخەڵک بوو؟ ئەگەر وەها نییە بۆچی نووسەر بەڕاشکاوی هۆکاری کوشتنەکەی بەیان نەکردووە؟ چونکە کوشتنی سەرخێڵێک بەشوێن خۆیدا کۆمەڵێک پەرچەکرداری دراماتیکی دێنێت، وەک ئەوانەی لە چەند جێیەکی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان پێ دراوە. ئەگەر بهاتایە میرانی سدیق بەگ، بچوایەتە پاڵ شۆڕشی ڕەوای کورد، ئەوا ئێستا لە شانی بارزانییەوە وێنەیمان دەبینی. نەهۆ لە ناوەندی شەقڵاوەدا لە پاڵ پەیکەرەکەیدا کورد و گەڕیدەی بیانی وێنەی یادگارییان دەگرت.

جێی باسە هەر لە هەمان سەروبەندی دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا لە دەڤەری سلێمانیش، سەرخێڵێکی هەمەوەند بەو مەرەیەچوو.

هەندێک لە سووکەڵە فەوجەکانی بادینان، کە زیاتر سەربە خێڵەکانی دەڤەری بادینان بوون، بە ناوچەکەی خۆیانەوە نەدەوەستان. ئەوان ئەگەرچی نەشارەزای دەڤەری سلێمانی بوون، وەلێ بۆ ڕاوە پێشمەرگە دەگەیشتنە دەڤەرەکە و چیاکانیان بە کۆنتراکت لە دەوڵەت دەگرت. واتە بەبڕێک پارە، بەشەرتی ڕاونانی پێمیم لەو چیایانە، لەگەڵ حکوومەتدا ڕێک دەکەوتن و ئیدی خۆیان پێشی سوپا دەکەوتن و دەبوونە کەواسووری پێش لەشکر.

بەم دواییە هەندێک سەرخێڵی خوێندەوار، مێژووی خێڵەکانی خۆیانیان نووسیوەتەوە. ئەمەیان کارێکی لەجێیە. بەڵام ئەوان زیاتر بەشان و باڵی خێڵەکانی خۆیاندا هەڵیان داوە. کێ هەیە سافیی هیرانی نەبیستبێت و ڕێزیان لێ نەگرێت؟ سەبارەت بەخێڵی گەورەی جاف، کێ هەیە نالی و مەولانا خالید و ئەحمەد موختار بەڕەمزی خۆی نەزانێت و شانازییان پێوە نەکات؟ تەنانەت د. حەسەن جافیش لە کتێبی "تەئریخی جاف"دا لە ڕووی نەهاتووە ناوی ئەو هەموو موستەشارانە بهێنێ، کە بێگومان بەشێکن لە مێژووی خێڵەکەی و مێژووی میللەتی کوردیش.

## خێڵ لەگەڵ سەرخۆبووندا نییە

ئەگەر قسە لەسەر خێڵی ڕەوەند بێت، کە بۆ خۆی شوێن و مەسکەنی نەگۆڕی نییە و گرووپێکی ناجێگیرە. کەواتە نیشتمانی بەرجەستە و ئاشکراشی نییە، هەتا بەرگری لێ بکات و لە خەمی سەرخۆبوونیدا بێت. خێڵی ڕەوەند لە بەرانبەر شالاوی دوژمناندا ئاسانتر هەڵدەکەندرێت تاکو جووتیاری جێگیر و بارگران. ناحەزان دەتوانن ئاسانتر هەڵبکوتنە سەری و ڕاوی بنێن. لەم ڕاوەدوونانەدا بە بەراورد لەگەڵ جووتیاری بارگرانی نیشتەجێدا، کە خاوەنی خانووبەرەیە و وەکی دی لەسەر بەروبوومی خاک دەژی، ڕەنگە ڕەوەند زەبر و زیانێکی ئەوتۆیان بەرنەکەوێت.. هەر لێرەشەوە وەها چاوەڕوان دەکرێت جووتیاری نیشتەجێ چاکتر بەرگری لە خاک بکات هەتا ڕەوەند. زیاتریش لە خەمی سەرخۆبووندا بێت هەتا خێڵی ڕەوەند.

ئێستا با ئەم پرسە ئاوا بورووژێنین: بۆچی لە هەرکوێیەکی کوردستان و لە هەر سەردەمێکدا، کاتێک پرسی سەربەخۆیی کوردستان هاتبێتە ئاراوە، دەمودەست سەرخێڵەکان لایەنی دەوڵەتی نێوەندییان گرتووە و دژی سەرخۆبوون وەستاون؟ پێم وایە هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر سەرخۆبوون چێ بوو، ئیدی ئەوان ناتوانن وەک پێشان خۆیان پاشا و بکوژ و ببڕبن و جووتیار سەرکوێر بکەن. لەوە دەکەون ڕەمزی هێز و دەسەڵات بن. بەتەواویی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دەدۆڕێنن و ئیدی کەس وەک مەزن سەرنجیان نادات و کا بەکڵاویان ناپێوێت. بەڵکو ڕەمزی نوێ جێی ئەوان دەگرێتەوە، کە بریتی دەبن لە ڕابەرانی ئەو شۆڕشی سەرخۆبوونە.

بەم پێیە، ئەوانی مەزنە پیاوی جاران گشت ئەو سەرپشکایەتییەی کە لەدەستی داگیرکەرەوە وەریان گرتووە، ئەو مڵکانە و باجەی لە ژێر هەر ناوێکدا کۆیان کردووەتەوە دەیدۆڕێنن. دیوەخانانەیان دەبرێت و ناکرێت ئیتر بیست و چوار سەعات لە دیوەخانیاندا سیرەی سەماوەربێت و بخورن و جووتیار بەمسکێنی خۆیان بزانن. چونکە ئەودەم مسکێنایەتی نامێنێت و هەموو وەک یەکیان لێ دێت و دەبنە هاووڵاتی و لەبەرانەبەر یاسادا یەکسان دەوەستنەوە. یاسای پاشقەڕۆی عەشایەر دەپێچرێتەوە و داری دەستیان دەشکێت.

ئایا لە دۆخی وەهادا، کاتێک سەرخێڵێکی نیشتمانپەروەری بەناوودەنگ ڕادەبێت و جاڕی شۆڕش دەدات، یەک لەباری خێڵەکانی دیکەی دەوروبەر، وەها چاکتر نییە فیدراسیۆنی خێڵی لەگەڵدا چێ بکەن و بچنە ژێر باڵی؟ ئایا لەو فیدراسیۆنەدا باشتر و مسۆگەرتر مافەکانیان دابین دەبێت یان بەچوونە پاڵ نەیاران؟ لەگەڵ جیاوازیی هەلومەرجی مێژوویيدا، خۆ هەر بەو شێوەیە، واتە لە ڕێی چیکردنی فیدراسیۆنی خێڵەوە بوو، جەنگیزخان و تەیمووری لەنگ و ئالی عوسمان توانییان ببنە سەرداری بەشێک لە ڕۆژهەڵات.

هەندێک لەو سەرخێڵە نانیشتمانییانە، لە ئەنجامی خۆ بەکەمزانین و دووچاربوون بەگرێی کەمسەریی نەتەوایەتییەوە، هەر بەقاڵەی دەم و بەدرۆی شاخدار، خۆیان دەبەنەوە سەر سەرکردەیەکی سەربازیی سەرەتای ئیسلام، کە ئەوانیش یەک لەباری

کورد هەر داگیرکەربوون. واتە ئەوانە ئەسڵەن هەر خۆشیان بەهاوشانی کورد نەزانیوە. چونکە کوردیان پێ کەم بووە. برۆنەسن دەرکی بەم خۆ بەکەمزانین و خۆ بەسەر ڕەشوڕووتی کورددا ڕانانەی بڕێک سەرخێڵ کردووە و دەڵێت: «دیاردەی زەق و زاڵی زۆر لە سەرۆک هۆزان و خانەوادە خانەدانەکان ئەوەیە، کە لە بنەماڵەیەکی بەشۆرەتی عارەبان کەوتوونەتەوە. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل ١٤٦».

ئەگەر سەرخێڵ و خێڵە کوردەکان بخەینە ڕێزی ناحەزە تەقلیدییەکانی کوردەوە، لە عارەب و تورک و فارس، پاشان بێین پۆلێنیان بکەین و ڕیزبەندییان بۆ چێ بکەین، هیچ گومانی تێدا نییە، کە کۆسپی هەرە گەورە لە ڕێی سەرفرازیی گەلی کورددا، بەدرێژاییی مێژوو خێڵ و سیستمی خێڵایەتی بووە، نەک ئەو سێ داگیرکەرە تەقلیدییە. ئەوان لانی کەم بەپلەی دووەم هاتوون. مارتین ڤان برونسەن پێی وایە: «لە یاسا و ڕێسای خێڵدا گوێڕایەڵی بۆ خێڵ لە پێشترە هەتا نەتەوە. ئەهلی حەق دەڵێ من تایەفەی ئەهلی حەقم. سوننە دەڵێ من سوننەم و عەلەوی دەڵێ من شیعەم. ئاغا و شێخ و دەوڵەت»

ئەم ڕایە ڕاستگۆییی تێدایە. هەر بەم زووانە، هەواڵەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە زۆرێک لە کوردانی شەبەک و فەیلی، بەو مەلامەتەی شیعە مەزەبن، دەنگیان بۆ لیستی شیعە داوە نەک بۆ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان. ئەمەش بێ کەم و زیاد مانای وایە ئەوان گوێڕایەڵی نەتەوەی خۆیان نین. وەک ئاستی ژیاری و شارستانیش ئەوان هێشتا لە قۆناغی گرووپی ئاینزا و تایەفەیان تێ نەپەڕاندووە. ئەم جۆرە هەڵوێستگیرییانە، کە لە مێژووی ئێمەدا دووبارە بوونەتەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە تۆ ناتوانیت بەتەواویی "ئەوێتی – ئایدێنتیتی"ی ئەو تایەفانە دەستنیشان بەکەیت.

یان دەشێت بڵێین: ئەو بنەماڵە و تیرە و تایەفانە خاوەنی ئەوێتییەکی ڕۆشنبیریی ناجێگیرن، بەزمان و مێژوودا کوردن، وەکی دی هەندێکیان لە ئەوێتیی ڕووناکبیریی زۆرینە لایان داوە. لە بن کاریگەریی گەلی سەردەستدا، لەگەڵ تێپەڕبوونی مێژوودا، بوونەتە خاوەنی کولتوور و ڕووناکبیریی دیکەی جیاواز. لێرەوە سایکۆلۆجیای دەستەجەمعیشیان گۆڕانکاری، یان جۆرێک لە شێواندنی بەسەردا هاتووە.

دەماری ئەستووری سەرکۆماری، لای سەرخێڵی کورد ئەوەندە ئەستوورە. ڕێی نەداوە لە نێو خۆیاندا فیدراسیۆنی خێڵ چێ بکەن. چونکە هەر سەرخێڵێک بگریت، تەنیا خۆی بەشایانی سەرۆکایەتیی ئەو فیدراسیۆنە دەزانێت. ئەو ئامادە نابێت تەنانەت بەپۆستی جێگریش قایل بێت. خێڵی کوردیش بەو زۆرییە. جێی باسە ئیبراهیمی داقوقی، لە خێڵەکانی کوردستاندا دەڵێت: «لە ئەنجامی توێژینەوەمان بۆ خێڵ و هۆزەکانی کورد، ئەوانەی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی، توانیمان ٣٨٠ خێڵ و تیرە تۆمار بکەین. ل ٢٠» ئەمە بێجگە لەو هەموو خێڵ و تیرەیەی لە سایەی دەوڵەتی ئێراندان. ئەوەش لەولاوە بوەستێت، کە هەر خێڵە و لکی نوێی لێ دەبێتەوە و لکە نوێیەکیش ناوی نوێ لە خۆی دەنێت. ئەم هەلارهەلار بوونەی خێڵیش زۆر جار لە ئەنجامی ناکۆکیی بنەماڵەی سەرخێڵ خۆی و بڕێک جاریش بەفیتی دەوڵەتی سەردەست و ڕوودەدات.

بەلای خێڵەکییەوە گرینگی خاک تەنیا لەو پاوەن و پووشەدا بووە، کە پەزەکانی تێدا لەوەڕاون. خاکی بێ لەوەڕ، لە کۆندا و لە کن وی پوولێکی قەڵبی نەهێناوە. بۆیە بەلای تاکی خێڵەکییەوە خودی خێڵ ڕۆڵی نیشتمانی بینیوە. واتە خێڵ لە نیشتمان لە پێشتر بووە.

"عبدالله محمد الغذامی"، لە کتێبەکەیدا بەناوی "ثقافة الوهم" دەڵێت: «خێڵەکی بە خاکەوە وابەستە نەبووە. زەوی فراوانە و موڵکی کەس نییە. هەروەک زەوی گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمڕۆ بەپیتە و لەوانەیە سبەی بێپیتە کرێن. ئەگەر خاک پیتی لە دەست دا ئەوا خێڵەکی بەجێی دێڵێت و بەرەو خاکێکی دیکە کۆچ دەکات. بەم پێیە خاک موڵکی هەمووانە. کاتێکیش خاک بووە موڵکی هەمووان مانای وایە نابێتە موڵکی کەس. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زەوی نابێتە بناخە بۆ گوێڕایەڵی "إنتماء" لە کن مرۆڤی خێڵەکی. بۆیە خێڵەکی وابەستەی شوێن نییە. ل١٧٤»

لە کتێبی "تەئریخی جاف"دا هاتووە: «مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف ددانی بەوەدا دەنا کەوا لەزەرفی چەند سەعاتێکدا دەتوانێت چوارهەزار سواری چەکدار کۆ بکاتەوە. ل ٦٢»

لاریم لەم ڕایە نییە. ڕەنگە خێڵی جاف بەحەشیمەت گەورەترین عەشرەتی کورد

بێت. دەمەوێت بڵێم لەو سەردەمەدا دەکرا بەچوار هەزار سواری چەکدار دەوڵەتێک بنیات بنرێت، بەمەرجێک سەرکردەیەکی سیاسەتوان بیانجووڵێنێت. ئەو سەرکردەیە پێشتر توانیبێتی خێڵەکانی دیکە بکاتە ئالیکاری خۆی و گیانی تەباییان لە نێوادا چێ بکات و کاریشی بۆ کردبێت. ئەدی لە سۆنگەی چییەوەیە، هەمان پاشا، کاتێک نێوانی لەگەڵ عوسمانیدا تێک دەچێت، سوڵتان عەبدولحەمید بەنیازی دەستگیرکردنی، «فرمان بە کەریم بەگی خانزادەجوانی، کە خەڵکی سلێمانی بووە و لە سوپای عوسمانلیدا پلەی عەقیدی ئەمڕۆی هەبووە دەدات، هەزار سوار بۆ گرتنی مەحموود پاشا تەرخان بکات. تەئریخی جاف، ل ٧٥»

پرسیارەکە ئا لێرەدایە: ئەدی کوان چوارهەزار سوارەکەی جاف؟ خۆ هەر بەچوار سواری جاف، سوارێکی عوسمانی بەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا پاشا ناتوانێت بەرەنگاریان ببێت. وەڵامی ئەم پرسیارە لە لاپەڕە ٧٦دایە: «بەڵام وادیارە ئەمجارە پڕوپاگەندەی پیاوو مووچەخۆرەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دەگاتە ڕادەیەک خزمەکانی بەگوێی ناکەن و پشتی ناگرن و لە چەند سوارێک زیاتر کەسی لەگەڵدا نامێنێت.»

ئەمەش مانای وایە تەنیا پڕوپاگەندەی مووچەخۆرانی سوڵتان بۆ بڵاوە پێکردنی لەشکرە گەورەکەی خێڵ، کە خۆی لە چوار هەزار سواردا بینیوە بەس بووە. بەڵێ لەشکری خێڵ بەزۆری لە ئاستی بیانیدا ئاوا کەڵەوەکێشیی کردووە. بەڵام بۆ جەنگی خۆبەخۆ شێری مەیدان بووە. جێی باسە لە لاپەڕە ٧٥ی "تەئریخی جاف"دا هاتووە «ئەم پڕوپاگەندەیە تەنانەت کەیخوسرەوبەگی کوڕیشی لێ هەڵگێڕایەوە.»

## ئەوێتیی "ئایدێنتیتی" ناتەواو

هەندێک بەرەباب، لەوانەی ڕچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر سەرکردەیەکی ناوداری سەرتای ئیسلام و بەعارەب خۆیان دەناسێنن، دوو ڕستە زمانی عارەبییان بە دروستی بۆ نانووسرێت. لە ڕاستیدا ئەوانە بێ بڕوا و هەلپەرستن. چونکە هەر گرووپێک، ئەگەرچی لە قەبارەی خێڵ یان تایەفەی ئاینیشدا شکڵگیر بووبن، ئەگەر مێژوو، زمان و ڕۆشنبیریی تایبەت بەخۆیان نەبێت، چۆن دەتوانن ببنە خاوەنی

ئەوێتییەکی ڕەسەن، لە کاتێکدا ئەوان بەپێی ڕۆژ و بەپێی ئەو هەلومەرجەی دەوری داون، یان دەوریان دەدات، بۆ بەرژەوەندی و دەستکەوتی کاتی، سووک و ئاسان ئەوێتیی خۆیان بگۆڕن؟

دیارە ئەم دۆخە نەمەیووەی ئەوێتی، لە کن هەندێک تایەفە و بنەماڵە لەو سۆنگەیەوە هاتووە، کە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووە. چونکە هەر دەوڵەتی نوێ دەتوانێت، بەپێی دەستوور، یەک پێناسە و یەک ئەوێتی بەبالای گەلێک ببڕێت و ڕێوشوێنەکانی بۆ دابنێت. ئیدی هیچ ئۆل و تایەفە و بەرباب، یان خێڵێکی یاخی، بۆ چەردەیەک دەستکەوت و ناتوانێت ئەوێتیی گەلێکی مێژووکرد بشێوێنێت یان کەلەبەری تێ بخات.

لێرەدا پرسی ڕووناکبیری لە دەستنیشانکردن و بەرزڕاگرتن و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەوێتیی هەر گەلێکدا ڕۆڵی هەرە گرینگ دەبینێت. بەڵام لە نێو خێڵی سادەلەوح و نەخوێندواردا مەگەر بەدانسقە دەنا ڕووناکبیر هەڵناکەوێت، ئەگەر تاک و تەرایەکیش هەڵبکەون، لەو سۆنگەیەوە، کە پاژە هەرە زۆرەکەی خێڵ نەخوێندەوارن، ئەوا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت و گوێیان لێ ناگیرێت.

ڕەنگە سەرەتای ئەو دەستپێشخەرییانەی، کە جەختیان لەسەر ئەوێتی کردبێت، دوای شیعرەکانی خانی ئیدی ئەی ڕەقیبی دڵدار و هەر کوردمی هەژار بن. ئەم دوو شیعرە، زۆر کاریگەرن. یەکەمیان کاتێک بەسروود گوێمان لێی دەبێت، ئیدی بەدەر لە چارەنووسی خۆمان بیر لە هیچ پرسێکی دیکە ناکەینەوە و یەکڕیز بەپاوە دەوەستین. دووەمیش کاربڕانە خەخت لەسەر (ئەوێتی: ئایدێنتیتی) دەکات و ڕەگ و ڕەگەمای خۆمان بیر دەخاتەوە. هەژار لە کۆتاییی شیعری هەر کوردمدا دەڵێت: «بەکوردی دەژیم بەکوردی دەمرم، بەکوردی دەیدەم وەڵامی قەبرم... هتد.

## کاریگەریی بەعس لەسەر خێڵی کورد

بەدرێژاییی مێژوو، هیچ هێز و دەستە و تاقمێک وەک بەعس هەوڵی کلۆرکردن و بەتاڵکردنەوەی ئینسانی کوردی لە هەموو بنەما جوانەکان نەداوە. بەعس توانی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا کورد بەکورد قڕ بکات. ئەگەر بمایە دەیتوانی لە ڕێی جاش و

فایلڕەشەوە، باشوور بعارەبێنێت. وەک بەم دواییە ئاشکرابوو، وێڕای بە سەدان موستەشار، بەشێکیش لە سەرکردەکانی شۆڕش، لە بنەوە پیاوی خۆی بوون. هەتا بەعس نەهاتبووە سەرکار، ئاغای کورد بەو ڕادەیەش پشتیان نەکردبووە زێدی خۆیان و مەسەلە نیشتمانییەکان.

هەندێک ئاکاری جوانی خێڵ هەبوون هێشتا هەر بەرز ڕاگیرابوون. بەرلە هاتنی بەعس زۆرجاران ڕێک کەوتووە کادیرانی (حشع)، کە دیارە وەک هزر دژ بەئاغابوون، کاتێک فەرمانی گرتنیان لە لایەن کاربەدەستانی بەغداوە بۆ دەرچووە، ناچار لە شار تەقیونەتەوە و ڕوویان لە دێهات کردووە. لەوێ ئاغا هەبووە جێی کردوونەتەوە و پاراستوونی. نەیهێشتووە حکوومەت دەستگیریان بکات. هەمان دەستوور لەگەڵ کادیرانی پارتیشدا مامەڵەیان کردووە. ئەوان هیچ گوێیان نەداوەتە ئەوەی ئەو کادیرانە سەر بەخێڵی خۆیانن یان نا. بۆ ئەوان وەک سەرخێڵ، لە لایان مەبەست بووە وەک داڵدە و پەنای ڕاوەدوونراو و لێقەوماوان دەر بکەون و بناسرێن، جا با ئەو لێقەوماو و ڕاونراوانە بیروباوەڕیان لەگەڵ سەرخێڵەکانیشدا ناکۆک بووبێت.

## میر و سەرخێڵ هەمان مێنتەلێتی

لە ئاکار و سیاسەتیاندا، ئەگەر زۆربەی میرنشینەکان وەک خێڵ نەبووبن، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆشیان لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی خێڵدا نەبووە. مرۆڤ کاتێک مێژوویان دەخوێنێتەوە بێزاردەبێت. ئەوان بەزۆری ڕۆڵی پاسەوانی سنووریان بۆ ئێران و عوسمانلی بینیوە. پاسەوانی تاج و تەختیان ئەوان بوون و بەخوێنی لاوی کورد سەڵتەنەتیان بۆ پاراستوون و باج و خەراجیان بۆ کۆ کردوونەتەوە. کوردیش وەک گەلێک، لەم نێوەندەدا مایەپووچ دەرچووە. کوردستان، کە ئەوسا لەبن دەستی ئێران و عوسمانیدا بووە، هاتوون لە ڕێی میرنشینەکانەوە، سنووری دوور و درێژی نێوانیان بەکوردی ژێر سایەی خۆیان پاراستووە. لەم گەمەیەدا کوردی هەردوو لا خۆیان بەکوشت داوە تاکو ئەوان بێ خەم بنوون.

لە "الحديقة الناصرية"دا هاتووە، «ساڵی ١٨٣٠ شامراد بەگی کوردی ناسراو بە

میری ڕواندز، هێزێکی لە دەڤەرەکانی کۆیە و هەریر پێک هێنا و لە هیکرا پەلاماری لایجان و مەهاباد و سەردەشتی دا و دەستی بەسەریاندا گرت. کاتێک هەواڵ گەیشتە سوڵتان فەتح عەلی شای قاجار، خوسرەو خانی میری ئەردەڵانی لێ هان دا . خوسرەو خان بێ وەستان و بێ بیرکردنەوە، بەلەشکرێکەوە بەرەو ڕووی میری ڕەواندز چوو. لە جەنگێکی گەورەدا و دوای ماوەیەکی کورت میری ڕەواندزی بەزاند. تا کۆیە و هەریر شوێنی کەوت و لە تۆڵەی ئەو سەرکێشییەدا، کە میر کردبووی سی هەزار تومەنی زێڕیشی جەریمە کرد؛ ئەمجا لێی خۆش بوو. خوسرەو خانیش بەسەربەرزی، بەشان و شکۆوە، بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە لای شاهەنشای مەزن. ل ١٣٦»

ئێوە هەروا سەرنجی ئەم شانۆییە گاڵتەجاڕە بدەن. کاتێ میری سۆران بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشڕەوی دەکات. لە بری ئەوەی خوسرەو خانی میری ئەردەڵان لەگەڵیدا پەیمان ببەستێت و هاوکاری بێت و هەردوو میرنشینەکە بدەنە دەمیەک، شای ئێران، خەسرەو خانی میری ئەردەڵان وەک کوتەکی دەستی خۆی بەکاردێنێت. مێژوونووس دەڵێت: «خوسرەو خانی لێ هان دا» ئەمەش مانای وایە خوسرەو خان خاوەنی خۆی نییە، بەڵکو ئەو کرێگرتە و دڵسۆزی شای قاجارە و لە ڕۆژی تەنگانەدا بەکاری دەهێنێت. هەروەها نووسیویەتی، «خوسرەو خان بێ وەستان و بێ بیرکردنەوە، بە لەشکرێکەوە بەرەو ڕووی میری ڕەواندز چوو.» ئەمەش مانای وایە میرانی کورد بیریان نەکردووەتەوە. نەتەوەی خۆیان بەلاوە ئایەخ بووە و لە خزمەتی بیانیدا بوون. ڕێک وەک سووکەڵە فەوجەکانی "الأفواج الخفيفة" لەمەڕ سەدام، بیریان کردووەتەوە، کە هەر بەڕاستی سووکەڵە بوون و بیریشیان نەدەکردەوە. بەلای خوسرەو خانەوە گرینگ ئەوە بووە شای قاجار لێی ڕازی بێت. بۆیە دەبێت دوور لە بیرکردنەوە زوو بێتە دەست.

بەوەدا هەتا کۆیە و هەریر شوێنی کەوتووە و ٣٠ هەزار تومەنی زێڕیشی جەریمە کردووە، ئاشکرایە، کە لە خۆدی شا، شاپەرستتر بووە. ئێ ئەوا میری ڕەواندزی بەزاند، باشە بۆچی هەتا قووڵاییی قەڵەمڕەوەکەی دوای دەکەوێت؟ یان ئەم سی هەزار تومەن جەریمەیە لە پای چی؟ بزانە میرانی کورد چەند دڵسۆزی داگیرکەر

بوون و چەندیش بەیەکتر فێر و بە یەکتر ناحەز بوون؟ لە بری تێکبەربوون و ڕاوەدوونان، ئەگەر بهاتایە فیدراسۆن لە نێوان ئەو دوو میرنشینەدا چێ بووبووایە، لەوانە بوو کوردستانی یەکگرتووی لێ بکەوێتەوە.

لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە: «لەساڵی ١٨٣١دا، مەحموود پاشا، کە کوڕی عەبدوڕەحمان پاشای بابان و جێنشینێتی، لە تاوی سلێمان پاشای برای هەڵدێت و هانا بۆ ئێران دەبات. بەپێی فەرمانی شای ئێران، خوسرەوخان سوپایەک پێک دێنێت و پەلاماری قەڵەمڕەوی عوسمانلی دەدات. دووبارە مەحموود پاشا بەمیری بابان لە سلێمانی دادەنێت و سلێمان پاشا بەرەو بەغدا هەڵدێت و خوسرەوخانیش بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە کوردستان.»

ئەم ڕووداوەیان ڕێک ساڵێک دوای پێشڕەوییەکەی میری ڕەواندز دێت. دیسان شای قاجار ئەم کاری دەستوەردانە نێو ئیمارەتی بابانە بە خوسرەوخانی میری ئەردەڵان دەسپێرێت. هەروەک خەسرەوخان هێزی دەستێوەردانی خێرای شای قاجار بێت "قوة التدخل السريع". ئەم دووبارەکردنەوەیە ڕێک مانای وایە خوسرەوخان ئامرازێکی دەستی شایە و خۆی خاوەنی بڕیار نییە. ئەو گەمەیەکی میکانیکییە و قورمیشەکەی ها لای شای قاجار. ئەگەر میر خۆی خاوەنی بڕیار بووایە مەحموود پاشا ڕاستەوخۆ هانای بۆ ئەو دەبرد نەک بۆ شای قاجار. لە لایەکی دیکەوە وەک پێشتر باسمان کردووە، ڕۆحی زەعامەت و خۆ بەزلزانین تا چ ڕادەیەک لە نێو سەرخێڵ و میرانی کورددا بەناخدا ڕۆچووە؟ ئەوەتا برا کودەتا دژی برا چێ دەکات.

لە پێناوی کورسییەکی لەقدا و بۆ دەرپەڕاندنی براکانیان سەر بەکۆشی بیانیدا دەکەن. برایەک بۆ شای ئێران هانا دەبات و ئەوی دیکەیان بەرەو دەرباری والیی عوسمانلی لە بەغدا هەڵدێت. بەڕاست هەمان سیناریۆ نییە بەردەوام لە مێژووی کورددا دووبارە دەبێتەوە؟ لە کۆتای هەواڵەکدا نووسەر دەڵێت: «خوسرەو خانیش بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە کوردستان» دیارە کوردستان مەبەستی پێ شاری سنەیە، کە پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان بووە. بەڵام پرسەکە لێردایە: کام سەرکەوتن؟ ئایا میرێکی کورد سەرەوخوار بەرەو بەغدا ڕاو بنێیت و میرێکی دیکە بخەیتە جێی، کە برایەتی بەسەرکەوتن حیسابە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین بەڵێ، بۆ خوسرەوخان

بەسەرکەوتن لە قەڵەم دەدرێت. نەک لەبەرئەوەی مەحموود پاشای لە جێی سلێمان پاشای برای داناوەتەوە. بەڵکو لەبەرئەوەی توانیوێتی فەرمانی پاشای خۆی، کە شای ئێرانە بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێت.

ئەو مەئمووڕێکە، بەئەمانەتەوە فەرمانی پاشای خۆی جێبەجێ دەکات. مەئمووریش مەعزوورە. ئەگەر سبەی فەرمانی پێ بدات سلێمان بخاتەوە جێی مەحموود. دیسان، بێ ئەوەی زاتی ئەوەی هەبێت بپرسێت بۆ؟، بە زیادەوە جێبەجێی دەکات. لەولاشەوە سەبارەت بە شەڕی براکان، دەبێت بڵێم: بەرامبەر پاشاکانی دەوروبەر گزگل و لە ئاستی یەکیشدا ڕق ئەستوور و شێری نەڕبوون.

مەحموود پاشای میری بابان، لە نامەیەکیدا بۆ سوڵتان مەحموودی عوسمانی، بە بۆنەی پێڕەوابینینی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ویلایەتی بابان و کۆیە و هەریر، نۆ جاران خۆی دەکاتە نۆکەر، چوار جاران بەندە، دوو جاران کۆیلە و دوو جاران غوڵام. بڕاونە: میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران... ل ٧٠-٧٢)

هەمان میر لە نامەیەکدا، کە بۆ داود پاشای والیی بەغدای نووسیوە، تێیدا خۆی بەگوناهکار و خەتاکار دەزانێت. دەپاڕێتەوە و داوای بەخشین لە ئەولیای نیعمەت دەکات. لەم نامەیەیدا، هەشت جاران خۆی کردووەتە نۆکەر و یەک جاران کۆیلە و دووجاران دەخالەتی بردووە.

بڕوانە: میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران... ل ١١١-١١٢

ئەم میرە کوردانە، ئەگەر لە بری کلکەسووتە و دەست و پێ ماچکردن و خۆ بەکەمزانین لەبەرانبەر پاشایانی بیانیدا، دەیەکی ئەوە لەگەڵ یەکدا هاوسۆزییان بنواندایە، ئێستا ماڵی کورد لەم هەوارە نەدەبوو.

قسە قسە دێنێت، کاتی خۆی میر محەممەدی ڕەواندزی گەورە میری ئیمارەتی سۆران، کە بە کۆر پاشا ناسراوە. «لە نێوان ساڵەکانی (١٨٣١-١٨٣٢)دا قەتڵ و عامی ئێزدییەکانی کردووە و پتر لە سەد هەزاری لێ کوشتوون. وەک مێژوونووسان دەڵێن لە چوار بەش سێ بەشی ئێزیدییەکان بەدەستی ئەم میرە کوردە قڕکراون... بڕوانە، شاکر فتاح، الیزیدیون والديانة اليزيدية، ترجمة، فيصل شمو الحكيم، ط١، بيروت، ١٩٩٧، ص١١٠»

پێم وایە ئەگەر ئەم شالاوە دڕندانەیەی میر محەمەد بەناوی ئیسلامەتییەوە نەبوایە، نەهۆ لە ولاتی عێراقدا ڕێژەی کورد لە عارەب زیاتر دەبوو. گاڵتەجاڕیی مێژووش لەوەدایە، کە دواتر خودی کۆر پاشا بەو تۆمەتە لە نێوبراوە، گوایە کە چەکی بەرانبەر خەلیفەی عوسمانلی هەڵگرتووە، گوایە خەلیفە جێنشین و سایەی خوایە لەسەر زەوی و ڕابەری ڕووحیی تەواوی موسڵمانانی دنیایە.

دەکرێت ئەم پاژە لە چەند ڕستەیەکدا کورت بکەینەوە و بڵێین: هەردەم دوژمنانی کورد بەخێڵی کورد، کوردیان بەعەرەب و فارس و تورک کردووە. یان خێڵیان بۆ ئەوە بەکارهێناوە تاکو ئەوێتیی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کوردی پێ بسڕنەوە. وەک چۆن لە دەروازەی سەدەی بیست و یەکەمدا حکوومەتی بەغدا شێلگیرانە ئەوێتیی خێڵ دژبە ئەوێتیی تایەفە بەکار دەبات. بەهەزاران تاکی خێڵەکیی چەکدار کردووە، پارە و پوولی بۆ ڕۆ کردوون و جلەویانی داوەتە دەست سەرخێڵەکانیان و بەگژ گرووپە تایفییەکانیاندا دەکات. تاکو نەهۆ سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەست هێناوە.

## خێڵ و سامانی نیشتمانی

نیشتمان خاکێکە سنوورێکی دیاری هەیە. ئیدی تۆ ئەگەر تاکێکی نیشتانپەروەر بیت، ئەوا گەرەکە هەرچی لەسەر ئەم ئەرز و بوومە هەیە و دەژی و بەتاکەکان و دارستان و تەیر و توواڵ و بەدڕندەکانیشییەوە، هەرچی لەبن ئەم خاکەشدا هەیە لە سامان و ئاسەوار ڕێز لێ بگریت. هەرچی لە گۆل ڕووبارەکانیدا دەژی ڕێز لێ بنێیت و پاک ڕای بگریت و ژینگەکەی بپارێزیت، چونکە هەموو ئەمانە سامانی نیشمانی پێک دێنن. ئەمە ئەلفابێتی نیشتمانپەروەرییە.

وەلێ تاکی خێڵەکی ڕێزی سامانی نیشتمانی نازانێت و بەم زاراوەیە نامۆیە، ئەو هەرچی لە گیرفانی خۆیدا، یان لە بن سیامال و لە نێو ماڵەکەی خۆیدا نەبێت حیسابی بۆ ناکات و بە موڵکی خۆی نازانێت. ئەو ئامادەیە لەسەر قەدەغەکەی خۆی جەنگ بەرپا بکات و ئەم جەنگە لە بابەوە بۆ نەوەکانی بگوێزێتەوە، وەلێ لەو سنوورە بترازێت، موڵکی گشتی ڕەت دەکاتەوە. ئەوان زۆر جاران پاشەرۆکی گوند و شارۆچکەکان دەخەنەوە سەر ڕووبارەکان و هیچ گوێ بەوەنادەن لە خوار ئەوانەوە

گوندی دیکە، شارۆچکەی دیکە هەن، ئەوانیش مرۆڤن و پێویستییان بەئاوی پاک هەیە.

بەلای درەختێکدا بڕوات لقێکی لێ دەکاتەوە. قڕ دەخاتە نێو پەلەوەری کێوی و لەو تافەشدا، کە ئەوان کڕی سەر هێلکەن ئەو هەر ڕاویان دەکات. ئەو بۆ کەیف و سەفای خۆی، سادییانە و بۆ کات بە سەربردن ڕاوی ئەو باڵندانەش دەکات کە گۆشتیان ناخورێت. ئەوەبوو بەقاچاخ سەدان هەڵۆی دانسقەی کوردستانیان بە ڕاوچییەکانی ولاتانی کەنداو فرۆشت.

منداڵەکانیان بەلای گلۆپی کارەبادا بڕۆن دەیشکێنن و شار نوقمی تاریکی دەکەن. لە سەردەمی ڕاپەڕیندا وایەریان بە دارتەلەکانەوە نەهێشت گشتیان ئەودیوی ئێران کرد. ئەوان گوێ نادەنە ئەوەی ئەم شتانە سامانی نەتەوایەتین و دەبێت بپارێزرێن. هەندێک لەو گیاندار و پەلەوەرانە لەنگەری ژیان و ژینگەی ولاتەکەی ڕادەگرن و بە نەمانیان لەنگەری ژینگە تێک دەچێت.

# پاژی چوارەم

## تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە

### تۆڵە مێژوویەکی ڕەگاژووی هەیە

لە بەرەبەیانی مێژووەوە تۆڵە هەڕەشەیەکی جدی و ترسناکە لە توخماتی مرۆڤ و لە ئارادایە. واتە مێژووی تۆڵە هێندەی مێژووی مرۆڤ خۆی کۆنە. لە مێتۆلۆجیای یۆنان و میزۆپۆتامیای کۆندا چەندین نموونەی تۆڵە لە نێوان خواوەندەکاندا بەرچاو دەکەوێت. توندوتیژی لە کن توخمی مرۆڤ هەندێک جار وەک پەتا بەناو گەلاندا بڵاو بووەتەوە و لە ئەنجامدا قڕکردن و سڕینەوەی گەلانی لێ کەوتووەتەوە. بۆیەکا چەندین گەلی زیندووی نێو مێژوو، وەک زۆربەی گەلانی دۆڵی میزۆپۆتامیا، نەهۆ تەنیا ئاسەوارەکانیان بەرچاو دەکەون و بۆ خۆیان لەبەین چوون.

لە جڤاکی مەدەنیدا یاسا برا گەورەی هەمووانە. ئەو شەرعی کۆمەڵگە دەکات و ناهێڵێت هەقی کەس بەسەر کەسی دیکەوە بچێت. لێبەلێ مەترسییەکە لێرەدایە، کە لە جڤاکی خێڵەکیدا، ئەگەر تاک غەدرێکی لێ کرا، پەنا بۆ یاسای سەردەم نابات. بەڵکو بەدەستی خۆی تۆڵە دەستێنێت. لە دۆخی وەهاشدا، سزا لە ئاستی تاوانەکەدا نابێت و تەرەفی دووەمیش پێی قایل نابێت

مێژوویەکی زۆر کۆن نییە کاتێک زۆربەی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا قڕیان تێ کەوت و ئێستا ئەوەندە کەمایەتین بە حەشیمەتی ئەو وڵاتەوە دیار نین و کاریگەیشیان لەسەر کەونە مەفتەنی خۆیان نەماوە. قەتڵوعامی گەلی ئەرمەن لە دوامای دەوڵەتی عوسمانیدا، بەملیۆن قوربانیی لێ کەوتووە. لە سەروبەندی جەنگی

دووەمی جیهانیدا. دەورانی ئەڵمانیای نازیی، قڕ خراوەتە جوولەکە و چەندین ملیۆنیان لێ کوژراوە. لە کۆتای سەدەی بیستەمیشدا جەنگی نێوان هۆتۆ و توتسی لە ئەفریکا بەسەدان هەزاری قوربانیی لێ کەوتەوە. ئەنفالی میللەتی کوردیش هیچی لەو کارەساتانە کەمتر نەبوو.

ڕەنگە هیچ پرۆسەیەک هێندەی تۆڵە پاساوی ئاسان نەبێت. لە دەمەقرەی نێوان دوو خورتەوە دەتەنێتەوە و یەکێکیان ئەوی دیکەیان دەکوژێت و ئیدی ئەم کوشتنە دەبێتە حیکایەتی مێش و کەسوکاری ئەم دوانە دایەر لەیەک دەبڕن. بڕێک جاران تۆڵە و تۆڵەی بەرانبەر لە ڕووداوی هێندە ساکاری ئەتۆوە پەیدادەبێت و دەتەنێتەوە، کە جێگەی پێکەنینە.

تۆڵە لە خۆیدا پەرچەکردارە. ئەگەر نەبوایە بەبۆنەی تۆڵەوە، لەپای چی مرۆڤ دەیان جۆرە چەکوچۆڵی تاک و کۆکوژی داهێناوە؟ ئەدی پێشبڕکێی شێتانەی چەک لە سەردەمی جەنگی ساردی نێوان جووتە فیلەتەنی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە پای چی بوو؟

بەڵام ئەوەندە هەیە کاتێک مرۆڤ بەرەبەرە تێ فکریوە، لە ڕووی شارستانییەوە گەشەی سەندووە، لێ براوە، بۆ ڕێکخستنی گوزەرانی خۆی، ئاین و یاسای نووسراوی داهێناوە، تاکو چیدی مرۆڤ بەدەستی خۆی تۆڵە نەسێنێت، بەڵکو ئاین یانژی یاسای نووسراوی سەردەم بەفەرمی و ڕەواتر ناوبژیوان بێت و ئەم تۆڵەیەی بۆ بکاتەوە. هەر تاوانە بە قەبارەی خۆی تۆڵەی بۆ بکاتەوە. وەلێ کاتێک مرۆڤ بۆ خۆی تۆڵەی دەسەنێت زێدەڕەوییی تێدا دەکات.

وەنەبێت تۆڵەسەندنەوە و جەنگی بەردەوامی نێوان خێڵە ناکۆکەکان دیاردەیەکی تایبەت بە خێڵەکورد بووبێت، بەڵکو لە هەرکوێیەک خێڵ و داوونەریت و مێنتەلێتیی خێڵ بەرکەماڵ بووبێت ئەوا دیاردەی تۆڵەش لە ئارادا بووە. مێژووی گەلی عارەب، کە کاریگەرییان لەسەر ئێمەی کورد هێند زۆرە لە باسکردن نایەت. لە بواری تۆڵەدا مێژوویەکی درێژیان هەیە. بۆ نموونە جەنگی جووتە خێڵی عارەب، بەناوەکانی بەکر و تەغلەب کە بەجەنگی بەسووس ناسراوە، بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام ڕووی داوە. وەک مێژوونووسانی عارەب باسی لێوە دەکەن لەسەر وشترێکی مێچکە بووە. لە

ئاکامی ئەم جەنگەدا سەدان لە هەردوو خێڵ کوژراوە و چەند نەوەیەک بەردەوام بووە و چل دانە ساڵی ڕەبەقی خایاندووە. ئەم جەنگە لە فۆرمی داستانی قارەمانێتیدا، دەمـاودەم هاتووە و چەندین چامـەی بەنێـوبانگیش لە دەوری هۆنراوەتەوە. بەم دواییە، ڕووداوەکانیشی فیلمێندراوە.

بەڵام ئەم کەللەڕەقی و خراپ هەڵچوون و خێرا هاتنەدەستەی کوڕانی خێڵ، بەزۆری لە نێوان خێڵە نەیارەکان خۆیاندا بووە. تۆڵە بووەتە حیکایەتی مێش و کۆتاییی نەهاتووە. لە ناو خێڵەکاندا دوژمنایەتی وا هەبووە بۆ چەندین نەوە و وەچە پەڕیوەتەوە و دەیان ساڵ درێژەی کێشاوە و کۆتای نەهاتووە. چونکە هەر خوێنێک بەشـوێن خـۆیدا دوژمنایەتییـەکەی نوێ کـردووەتەوە، کـە دەبێت دیسـان تۆڵەی بسەندرێت. کەچی لە بەرامبەر داگیرکەری بیانیدا، مەیلی تۆڵە کزە. بەزۆری ملیان لە موو باریکتر بووە. خوێنی هەزاران شەهیدی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران بەفیڕۆ چوون و کەسیان خۆیان بە خاوەنی ئەو هەموو خوێنە بەناهەق ڕژاوە نەزانی، ئەگەرچی ئەو قوربانییانە سەر بەخێڵەکانی خۆشیان بوون.

تاکی خێڵەکی گیانی لێبووردەیی "تۆلەرانس"ی تێدا نییە. چونکە لە جڤاکی خێڵەکیدا بەزۆریی لێبووردەیی بە ترسنۆکی لێک دەدرێتەوە. نێرینەیەک ئەگەر نەیتوانی تۆڵە بسێنێت ڕێزی خۆی لە دەست دەدات و ئەو ئۆرتەی جارانی لە پێش هاوخێڵەکانیدا نامێنێت. تاکی خێڵەکی بڕوای بەپۆلیس و یاسا نییە. بەلای ئەوەوە پیاو گەرەکە بەدەستی خۆی هەقی خۆی بسێنێت و پەنابردنە بەر پۆلیس و دادگە نیشانەی بێ دەسەڵاتییە.

تۆ ئەگەر لە نێو عەشایردا ژیان بەسەربەریت، بێگومان گوێت لەم جۆرە پەند و ڕێنوێنییە ناعەقڵانییانەی وەک: "حاشا لەو هەقەی شەوی بەسەردا هات. هەق دەبێت بەدەستی خۆت بیسەنیت. لە جێی سندان قوزەڵقورتە. قازانی مێردان بەحەوت ساڵ دێتە جۆش" دەبێت. ئەوان بۆ سووکایەتی بەناحەزیان دەڵێن: (فەرموو برۆ شکات بکە) بۆیەکا کێشەکان لە ڕێی تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژییەوە، یان ئەگەر برای مەسڵەحەت بن، ئەوا لە ڕێی سوڵحی عەشایەرییەوە یەکلایی دەکرێنەوە و مەسڵەت دەکەن.

## جەنگی نێوان خێڵی توتسی و هۆتۆ وەک نموونە

لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەڵمانیا خاکی ڕواندای دۆڕاند و ئیدی ئەم خاکە کەوتە بندەستی بەلچیکاوە. کۆلۆنیالیزمی بەلچیکی جیاوازیی زۆری لە نێوان خێڵی هۆتۆ کە ٨٠٪ ی دانیشتوان و توتسی کە ٢٠٪ ی ئەو خاکەی پێک دەهێنا دەکرد. توتسی جوانن و هۆتۆ ناشیرین. توتسی دەوڵەمەندن و هۆتۆ هەژار. ئەو کەسەی دە دانە مانگای هەبێت توتسییە. هەر تاکێکی سەربە خێڵی هۆتۆش، گەر بتوانێت ببێتە خاوەنی دە مانگا، ئەویش بۆی هەیە ببێتە توتسی. واتە هەم جوان و هەم دەوڵەمەند. کۆلۆنیالیزمی بەلچیکایی ئاوا مامەڵەی لە تەک ئەم دوو خێڵەی پێکهێنەری ڕواندادا دەکرد. تەنانەت ئەوێتیشیان لەسەر ئەم بناخەیە پێ دەدان. دواتر هەمان ئیدارەی بەلچیکی لە خۆڕا بایدایەوە و لایەنگیریی هۆتۆ چەکدارەکانی کرد، کە لە ساڵی ١٩٥٩دا دەیان هەزاریان لە توتسییان کوشت و دوو سەد هەزاریش ناچاربوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێ بهێڵن. ئەمانە لە تەنزانیا و ئۆگەندا بوونە پەنابەر. لە ساڵی ١٩٦٢دا سەربەخۆیی ڕواندا ڕاگەیەندرا.

حکوومەتی نیشتمانی، کە لە لایەن هۆتۆی زۆرینەوە چێ بوو، حکوومەتی خێڵ بوو. یاسا و دەستوورێکی وەهای پەیڕەو کرد، گوشاری لەسەر خێڵی تۆتسی دادەنا. بەپێی ئەو یاسایە، تەنیا هۆتۆ دەیتوانی لەو وڵاتەدا بژی. ئیدی ژمارەی پەنابەری توتسی بۆ زیاتر لە ملیۆن و نیوێک هەڵکشا. لێرەوە توتسی بەرەیەکیان بەناوی (خۆشەویستانی ڕواندا) پێک هێنا و کێشەی چەکداری سەری هەڵدا. فەرەنساییەکان، کە لەوێ بوون و مەشقیان بە هۆتۆییەکان دەکرد؛ لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی سەربازەکانی ئەو خێڵەیان شەشجاکرد. حکوومەت ناردی بەهەزاران قەمەی تیژی لە وڵاتی چین کڕی و بەسەر سوپادا دابەشی کردن. هاوکات ڕادیۆی فەرمیی هۆتۆییەکان بانگەوازێکی ترسناکی بەناونیشانی "مەرگ بۆ هەرچی مێروو و جانەوەر هەیە" بڵاو کردەوە. ئیدی بە پلانێکی ڕەنگ بۆڕێژراو، دەست بەقەلاچۆی توتسی کرا. ئەم هەڵمەتەی سوپا هێزی میلیشیاشی لەگەڵدا بوو. لەو سەروبەندەدا "ئەوەدەکانی سەردەی ڕابردوو" ئەورووپا فۆکۆسی لەسەر قەتڵوعامی بۆسنییەکان دانابوو، نەک لەسەر ئەم جەنگە نێوخۆییە ترسناکە.

لە ماوەی سەد ڕۆژدا یەک ملیۆن هۆتۆی میانڕەو و توتسی کوژران. ئەم ژمارەیەش دەکاتە تێکڕای دە هەزار کوژراو لە ڕۆژێکدا. کارەساتی وەها خوێناوی مەگەر هەر لە جەنگی جیهانی و لەئاکامی بۆمبە ئەتۆمییەکەی هێرۆشیما و ناگازاکیدا ڕووی دابێت. هەر لەو دەمەدا دە هەزار سەربازی سەر بە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ بوون. بەڵام کوفی ئەنان فەرمانی پێ دابوون دەست نەخەنە کارەکەوە و بێلایەن بووەستن.

وەلێ ئەوان ئەگەر مەبەستیان بوایە دەیانتوانی جەنگەکە بوەستێنن. فەرەنساش یەکێک بوو لە لایەنەکانی جەنگ و تێوە گلابوو. ئەو هێزەی، کە قەتڵوعامەکەی دەکرد فەرەنسا مەشقی پێ کردبوو. تەنانەت سەربازە فەرەنساییەکانیش تێیدا پشکداربوون. لە هەرێمێکدا بەناوی مورابی، لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا پەنجا هەزار کەس کوژران. ئەوان بە زۆری بەقەمە و شمشێر دەکوژران. مورانجیرا کە لەو دەمەدا بەدرەختێدا هەڵگەڕابوو، بۆیە لەو قەسابخانەیە ڕزگاری بوو. ئەو لەوێوە چاوی لێ بووە چلۆن شۆڤلیان هێناوە و گۆڕیان بۆ هەڵکەندوون و هەندێک هێشتا زیندوو بوون فڕێ دراونەتە نێو چاڵەوە و گڵەبان کراون.

جەنگی نێوان ئەم دوو خێڵە، لە ساڵەکانی ١٩٩٣–١٩٩٤ گەیشتە پۆپەی. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی کیگالیی پایتەختی ڕواندادا، بەڕاکێت فڕۆکەکەی سەرۆکی ڕواندا یوبینال هابیاریماتا، کە سەرۆکی بوروندییشی لەگەڵدا بوو بەردرایەوە و هەردووکیان تێدا چوون. لەو جەنگەدا، لە ماوەی تەنیا سێ مانگدا نزیکەی چارەکە ملیۆنێک ژن تووشی زۆرەدەستگرتەی بوون. لەو ماوەیەدا پەیتا پەیتا ڕادیۆی هۆتۆییەکان، توتسییەکانی بە سیسرک ناو دەبرد.

ڕواندا کاتی خۆی یەکێک بووە لەکۆڵۆنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریکای ژێردەستی ئەڵمانیا. زمانی فەرمی ئەلکیناڕوندایە. ڕووبەرەکەی ٢٦,٣٣٨ کیلۆمەتر دووجایە. بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٠ حەشیمەتەکەی لە هەشت ملیۆن پترە. وڵاتەکانی تەنزانیا، کینیا، ئۆگەندا، زائیر و بوروندی دەورەیان داوە. جێی وتنە ژمارەی قوربانی و ئەتکراوەکان و تەواوی زانیارییەکانم لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئینسکلۆپیدیای هولۆکوست و ماڵپەڕی ویکیپیدیاوە چنگ کەتووە.

جێی وتنە، کە جەنگی ناوەخۆی سۆماڵ و جەنگی هەرێمی دارفوور، لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سوودان، کە هەتا نووسینی ئەم کتێبەش هەر بەردەوامە، بە سەدان هەزار کوژراو و بەملیۆن ئاوارەیان لێ کەتووەتەوە. لەگەڵ ئەو جەنگەشدا، کە تالیبان لە ئەفغانستان بەڕێوەی دەبات، هەموویان دەچنە خانەی جەنگی نێوان خێڵەکانەوە. وەلێ ئەمەی نێوان هۆتۆ و توتسی خوێناویترین جۆری تۆڵە و تۆڵەی بەرانبەری نێوان خێڵەکانی دنیایە. بۆیە بەچاکم زانی بۆ بەرچاوڕونیی خوێنەر کەمێکی لەسەر بڕۆم. جێی باسە تاکو نەهۆش ژمارەیەکی زۆر لە تاوانباری جەنگ چاوەڕوانن لەداگایەکی تایبەتیدا بەناوی جاکاکا – دادگا خێڵەکییەکان نۆرەیان بێت و دادگایی بکرێن.

## قوربانی جۆرێکە لە تۆڵە

هەندێک جاران، قوربانیدان بنەمایەکی ئاینیی هەیە و تاکو نهۆش وەک سرووتێک لە لایەن زۆرێک لە ئاینەکانەوە هەر ماوە، کە لە بناخەدا بۆ قەرەبووی تۆڵەی خواوەندانەیە لە مرۆڤی گومڕا. چونکە هەرلە قورئاندا نموونەی لافاوی نووح و بەسەرهاتی ژمارەیەک قەوم هەیە، کە خواوەند لەسەر گومڕاییان غەزەبی لێ گرتوون. بەهۆی زریان و لافاوەوە وێرانی کردوون. ئەو قوربانییانەی کە لە جەژنی قوربان و لە کاتی حەجدا دەدرێن، لە سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە هاتووە و تاکو ئێستەش درێژەی هەیە. لە ڕاستیدا ئەو قوربانییانە لە تۆڵەدا دەدرێن. تۆڵەی ئەو گوناهانەی کردوومانن. تاکو بەنەفرەت نەکرێین و فڕێ نەدرێینە دۆزەخەوە.

هەندێک جاریش، ئەو قوربانییانە بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری ئافات و کارەساتی مرۆیی بەکۆمەڵە. یان بۆ مەبەستی دوورخستنەوەی ئاشووبە لە خێزانێک، یانژی لە تاکە کەسێک. ئەو گیاندارەی وا دەکرێتە قوربانی، ئاژەڵێکی بێ دەسەلات و زەبوونە. توانای نییە بەرگری لە خۆی بکات. ئەو گیاندارە گەرەکە موڵکی خاوەن قوربانی بێت، تاکو ببێتە بەشێک لە خۆی و نمایندەی بێت. واتە تۆی قوربانیدەر گەرەکە بە پشکێک لە ماڵ و حەلاڵی خۆت، کە خەرجێکی ئەوتۆ نییە تاکو پێتەوە دیاربێت، بەلایەکی گەورە لە کۆڵی خۆت دەکەیەوە، کە ئاگری دۆزەخە. تۆ قوربانی دەدەیت تاکو

لە بەڵا پارێزراو بێت. بۆ ئەوەتە بەو هۆیەوە بێ گرێ لە پردی سیرات بپەڕیەوە. یان قوربانی لە تۆڵەی ئەو کردارە ناجۆرانەدا دەیدەیت، کە بەدرێژاییی ژیانت لێت واقیع بوون. یان بۆ بەرگریکردنی پێشوەختەیە لەو شەڕ و خراپەکارییانەی، کە دەشێت بۆت لە بۆسەدابن.

پرۆسەکە لە خوێنباییش دەچێت. وەلێ دەشێت یاسای نوێی زەمینی، خوێنباییت لێ قەبووڵ نەکات. بەڵکو بەزیندان سزات بدات. یان وەک لە هەندێک وڵاتدا هێشتا ماوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، سزای مەرگت بەسەردا بدات و گیانت لێ بسێنێتەوە. لێرەوە مەرگ توندترین و ترسناکترین سزای زەمینییە و سەخترین ئاستی تۆڵەیە، کە هێشتا لە هەندێک وڵات پەیڕەو دەکرێت. بەڵام هەرچی چۆنێک بێت، ئەم سزایەش بەپێی یاسا، سنوورێک بۆ خوێنڕێژی و توندوتیژی و تۆڵەی زیاتر لە حەدی خۆی دادەنێت و ناهێڵێت فیتنە و ئاشووب لەوە زیاتر بتەنێتەوە. کەچی تاکو ئێستاش لێرە و لەوێ یاسای نەنووسراوی خێڵ، گوێ بەیاسا نووسراوەکانی ئاسمان و زەمین نادات و بەشێوەی خۆی و بەپێی یاسای نەنووسراوی خۆی تۆڵەدەسێنێت.

کەواتە یەکێک لەئاکارە زەق و دیارەکانی خێڵ تۆڵەسەندنەوەیە. بۆیە دەهێنێت بەجیا قسەی لەسەر بکەین. ناونیشانی سەرەوەیش، کە بۆ سەردێڕی ئەم پاژەی نووسینەکەمم هەڵبژاردووە، ڕێک گوتەیەکی عەمارەپۆی خێڵەکییانەی تۆز لێ نیشتووە و بەهەڵە گەیشتووەتە ئەم سەردەمە.

## خێڵی کورد مێژوویەک لە تۆڵە

لە یادەوەریی هەر خێڵێکدا، دەیان سەربوردەی سەرسووڕمێن لە هەمبەر تۆڵەدا هەن. ئەگەر بڵێی تۆڵە لە شەریعەتە ئاسمانی و زەمینییەکانیشدا جەختی لەسەرکراوە. دەبێت هەر تاوانێک لەقەد خۆی سزای بۆ دابندرێت دەنا تاوان باڵ بەسەر زەویدا دەکێشێت. جڤاک چەند پێشکەوتووش بێت بەبێ یاساو، لە نێو یاساشدا تۆڵە، جا ئەگەر زیندانیکردن بێت یان قەرەبووی ماڵی، ڕۆڵی گرینگ دەبینێت. وەلێ تۆڵەی خێڵەکییانە، بەپێی یاسای تۆمارنەکراوی خۆی پیادە کرێت.

لەم یاسایەی خێڵدا بەزۆری سزا لە ئاستی تاواندا نییە. بەزۆری دوای سزاکەش، دیسان کۆتایی بەکێشەکە نایەت. بەڵکو ڕەگاژۆتر و ترسناکتر دەبێت.

با لێرەدا بەکورتی نموونەیەکی ترسناکی تۆڵە، لە زاری کەریم بەگی فەتاح بەگی جافەوە ببیستین: «ڕۆژێک لە تافی کۆچدا، خالید بەگ ناوێک، کە لە بەگزادەی وەڵەدبەگییە. سەگێکی دەکەوێتە ناو کۆچی گەلاڵی. سەگەکەی ناوی شێرە دەبێت. لەو دەمەدا سەرۆکی تیرەی گەلاڵیش ناوی شێرئاغا دەبێت. خالید بەگ بێ مەبەست سەگەکەی خۆی بانگ دەکات، کەچی لای گەلاڵی وایە، ئەم پیاوە سووکایەتی بەسەرخێڵی ئەوان دەکات. پەلاماری دەدەن. کلکی ئەسپەکەی دەبڕن و برێکیشی لێ دەدەن. ئەمیش بەسەرهاتەکە بۆ جووتە برا، قادر بەگ و سلێمان بەگ، کە سەرۆکی ئەو هەزار ماڵە جافە دەبن دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەوان نزیکەی پێنج هەزار سوار و تفەنگچییان لەگەڵە. وەلێ ئەم جووتە برا سەرکردەیە. هەردەبێت ئەم بێشەرەفییە لەسەرخۆیان لابدەن. ئیدی غیرەتی خێڵەکییانەیان دەجووڵێت. بێ ئەوەی داوای کۆمەک لە خێڵەکانی دی بکەن بڕیار دەدەن ئەگەر سەریان داناوە هەر ئەو ڕۆژە ئەو شەڕەی وا بەتووشیانەوە بووە بکەن. ئەگەرچی گەلاڵییەکان بەتەنیا نین، بەڵکو مەنمی و گەڵباخی و کەڵوڕشیان لە تەکدایە. وەلێ کلکبڕینی ماین لە خۆیدا ئەتککردنە و دەبێ تۆڵەی بسەندرێت. ئیدی بەقینێکی زۆرەوە لەشکر دەکەنە سەریان و شەشسەد تا حەوتسەد کەسیان لێ دەکوژن، جێی باسە لە تیرەی گەلاڵی، کە ئەوان بوون کلکی ئەسپەکەیان بڕیوە و لە خودی خالید بەگیشیان داوە، تەنیا سەد کەس دەکوژرێت. بڕوانە: تەئریخی جاف، ل١٥٠-١٥٢»

دوای ئەم کارەساتە وەڵەدبەگی ناوبانگ پەیدا دەکات و لە نێو خێڵەکانی دیکەدا ڕێزی هەڵدەکشێت و تەرازووی هێز لە ناوچەکدا بەجارێک لەنگەری تێک دەچێت. هەندێک بەرەو بەئێران و هەندێک بەرەو سنووری عوسمانی پاشەکشە دەکەن. لێدانەکەی خالید بەگ و کلکبڕینی ئەسپەکەی بەخوێنی سەدان کەس قەربوو دەکرێت و کەرامەتی زامدار سارێژ دەبێت و دڵیان ئاو دەخواتەوە. تۆڵەیەکی خێڵەکییانەی هەتا بڵێی ناماقووڵ و نامرۆڤانەیە. کلکی ئەسپێک بەرانبەر بەخوێنی شەشسەد تا حەوت سەد پیاو. خۆ دیارە لێرەدا کۆتاییی پێ نایەت، چونکە لایەنەکەی دیکەش

دەکەونە منەی تۆڵە و دوژمنایەتی درێژە دەکێشێت. خودی کەریم بەگی سەر خێڵی تەواوی جاف، کە پیاوێکی خوێندەوارە، بە شانازییەوە ناوی جووتەبرای سەرخێڵ دێنێت و ئازایەتیی وەڵەدبەگی دەگێڕێتەوە و تاریفیان دەدات. تۆڵەسێن چێژ لە تۆڵەسەندنەوە وەردەگرێت. تەسکینی بەدڵ و بەناخی دەگات و کڵوکۆی دەنیشێتەوە. هەست دەکات ئەوەی بەشوێنیدا دەگەڕا چنگی کەوتووە.

پەندە کوردییەکە دەڵێت: "لە جێی سندان قوزەڵقورتە" ئێستا بابزانین محەمەد پاشای، سەرۆکی تەواوی ئێڵەکانی جاف چلۆن وەڵامی سندانی داوەتەوە؟ سندان تەنیا قسەیەکە و "قسەش ناچێتە گیرفانەوە". لە کن گەلانی پێشکەوتوو هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت. تۆ دەتوانیت هەر لە سەرۆک وەزیرانی وڵاتانی ئەوروپاوە پێی دابێیت تا دەگەیتە سەرۆکی ئەمریکا، بێ ئەوەی کەس ئاوڕیشت لێ بداتەوە. سووتاندنی ئاڵای ئەمریکا، کە ڕەمزی ئەو زلهێزەیە، سزای لەسەر نییە و خۆیان بە دەربڕینی ناڕەزایی لێکی دەدەنەوە.

تۆ ئەگەر هەزار کفریشت کردبێت و تووک و ناشوکریت بەرانبەر بە خواوەندی پەروەردگاریش لەدەم دەرچووبێت، وەلێ هەر ئەوەندەی تۆبەت کرد و ژیوان بوویتەوە ئیدی خواوەند دەتبوورێت. ئاینی ئیسلام وەهامان پێ دەڵێت. تۆڵە گەرەکە لە ئاستی دەستدرێژییەکەدا بێت. «فمن إعتدي عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما أعتدي عليكم. البقرة ١٩٤» وەلێ خێڵی کورد، کە بەزۆری ئیسلامن، پەیڕەوی ئەم ئایەتە ناکەن. چونکە هەردەم سزای خێڵ لەو سزایەی ئاین دای ناوە قورسترە. جێی باسە پێشتر مەسیح فەرموویەتی: «ئەگەر لە ڕوومەتی ڕاستیان دای لا بکەرەوە با لەولاکەشت بدات»

ئەم ڕووداوەی لای خوارەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم سەرخێڵ، ئەوی دیکەی بەهەند نەگرتووە. ئەوان گەلێک جار چون ناحەز بۆ یەکیان ڕوانیوە. ئەوەی عوسمانلی نەیتوانیوە لەگەڵ سەرخێڵی هەمەوەندی یاخیدا بیکات، سەرخێڵێکی هاوشانی توانیویەتی. هەر لەسەر ئەوەی لە ماڵی خۆیدا "تەعەڕوزی زبانیی" بە محەمەد پاشای جاف کردووە. دیارە ئەم دیاردەی تۆڵەیە ڕیزپەڕ نییە بەڵکو ئاکارێکی باوی خێڵە:

«خدر ئاغای هەمەوەند، کە باوکی مەحموود خدری سەفرەوەند بووە، لە حکوومەتی

تورک عاسی بووبوو. دەچێتە خاکی ئێران، لە ماڵی خۆیەوە بەعزێک تەعەڕوزی زمانیی بەمحەمەد پاشا دەکات. لە کوێستانی ئێران خەبەری ئەم قسانە دەدەن بەمحەمەد پاشا. کە ئەم خەبەرە وەردەگرێت بەهەزار و حەوت سەد سوارەوە لە سان ئەحمەد، کە مەوقیعێکە چواردە سەعات لە سنەوە دوورە، دێت بۆ سەر خدر ئاغا لە مەیدان، ناحیەی هۆرێن و شێخان، ئەو وەختە ئەو مەوقیعە داخڵی خاکی ئێران بووە، دوو سەد سواری هەمەوەندی لەلا دەبێت، خۆی و سی و پێنج کەسیان دەکوژێت. ئەم نەوعە معامەلانەی زۆر بووە، ئەگەر هەمووی بنووسم زۆر تووڵانی دەبێت. تەئریخی جاف، ل١٨٥»

کاتێک تاکێک یان تەواوی خێڵ لە لایەن ئەوانی دیکەی ئەغیارەوە دووچاری دەستدرێژی دەبێت، جا ئەو دەستدرێژییە هەر شێوەیەک بێت، ئیدی خێرا لایەنە هاوبەشەکان لە نێو ئەندامانی ئەو خێڵەدا ڕاست دەبنەوە و دێنەوەیاد. ئەندامانی خێڵ، خۆڕسکانە شان بەشانی یەکەوە دەدەن و پەرچەکردار دەنوێنن. بەڵام هەمیشە پرسی شەرەف، کە دواتر لە پاژێکی سەربەخۆدا دێینە سەری، هەرە ورووژێنەرترینی ئەو دەستدرێژییانەیە، کە خێڵ چاوی لێ ناپۆشێت. بەڵکو گەلێک جاران پەرچەکرداری لە خودی کردارەکە توندتر دەنوێنێت. هەروەک ئەم ڕاسان و دەمارگرتن و پاشان ڕیزبەندییە بۆ هاتنە دەنگ، خدەیەکی بۆماوە بێت و لە تافی تەنگژەدا بگاتە لووتکە؛ سەر دەربێنێت و زیندوو ببێتەوە. ئەم گیانی تۆڵەیە کارێکی ئەوتۆش دەکات تاکەکانی خێڵ بەسەر تەواوی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوانیاندا باز بدەن و هەر لێرەوەشەوە ڕیزبەندییەکی زگماک چێ ببێت.

لە سەرگوروشتەی قابیل و هابیلەوە دیاردەی کوشتن هاتووەتە ئاراوە. تاوانی کوشتن لە هێمنترین و سەقامگیرترین جڤاکی دنیاشدا ڕوودەدات. بەڵام چۆن چارەدەکرێت و چۆن بەپیرییەوە دەچن؟ کێشەکە لێرەدایە. لای کوڕانی خێڵ، کەمتر تاوانی کوشتن لە ڕێی دادگا و یاساوە یەکلایی دەکرێتەوە. بەڵکو بەزۆری بەکوشتن وەڵام دەردرێتەوە، ئەگەرچی ئەم وەڵامە دواش بکەوێت و نەوەکانی داهاتوو بیگرنە ئەستۆ. هەندێک جاران دوژمنایەتی پشتاوپشت دەڕوات و دەیان کەسی لە بنەماڵە یان لە خێڵی بکوژ و خێڵی قوربانی تێدا دەفەوتێت، بێ ئەوەی بگەنە مەسڵەت. لەگەڵ

ئەوەشـدا خێڵ لای خـۆیەوە هەندێک پێودانگی بۆ مەسـڵەت داناوە، لەم ڕووەوە هیچ سەرچاوەیەک پێ نازانم لە گەورە سەرخێڵی جاف کەریم بەگی فەتاح بەگ ڕوونتر ئاماژەی پێ دابێت. ناوبراو لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی:

«ئەگەر پیاوێکی جاف بکوژرایە لەناو خۆیاندا هەزار قران، کە خوێنی جارییەی عەشایرە، سێ سەد قران لەو پارەیە بۆ ڕەئیس بووە. ئەمما ڕەئیس نەیخواردووە، عائیدی سوارەی خوسووسی بووە. ئەم خوێنە خوێنی پیاوی وەسەتی جاف بووە. ئەگەر ڕەئیسی فیرقەیەک خۆی یا کوڕی یا برای بکوژرایە تا سەد لیرە و ماین و تفەنگیش لەگەڵ ژنێکدا بۆ واریسی کوژراو مارە بکرێت. لە تەرەفی قاتیلەوە دراوە. ئەمما بەئەغڵەب لەبەینا لەسەر ئەو خوێنە شەڕ واقیع بووە. ڕەئیس بەتەلاشێکی زۆر موسالّەحەی پێ کردوون. تەئریخی جاف ل۲۰۲»

بەم حیسابە، لانی کەم لە نێو خێڵی جافدا، سێ ئاستی چینایەتی هەست پێ دەکرێت. لە یاسای خێڵدا ژیانی ڕەئیسی فیرقە گەلێک بەنرختره هەتا ژیانی تاکێکی ئاسایی. بڕێک لەوماڵە بۆ خەرجی سوارەکانی سەرخێڵ بووە. ماین و تفەنگ و ژنیش بۆ واریسی ڕەئیسی فیرقە. لێرەدا ژن بەسەرێک وەک کاڵاکانی ماین و لیرەو تفەنگ حیسابی بۆ کراوە و خوێنی پێ خۆش کراوە. بەسەرێکی دیکەش خزمایەتیی لە نێوان دوو بنەماڵەی دوژمندا پێ چێ کراوە. بێگومان ئەو ژنە تا مردووە چەساوە و تەپەسەر ژیاوە. لە کوردەواریدا ژنێک ئەگەر زیاد لە حەد بێدادیی لەگەڵدا بکرێت، سکاڵا دەکات و دەڵێت: «خۆ لە تۆڵەی خوێندا نەدراوم»

## خێڵی کورد تۆڵە لە بیانی ناکاتەوە

دەتوانم بڵێم: لە ئاستی داگیرکەری عارەب و فارس تورکدا، ئەسڵەن تۆڵە بوونی نییە. کوا تۆڵەی ئەنفال؟ خۆ دەبوو تاکو نەوّ دوو فرۆکەوان لەوانەی هەڵەبجە و قەرەداخ و گەرمیان و بالیسان و بادینانیان کیمیاباران کرد بەسزای ڕەوای خۆیان بگەیشتنایە. خۆ سزا بەدەر لەتۆڵە. لە تەواوی دەستوور و یاسا ئاسمانی و زەمینییەکاندا هەیە.

بۆ بەرگرتن لە ملهوڕی و ناڕەوایییەکان بوونی تۆڵە پێویستە. کوا تۆڵەی ۸۰۰۰

بارزانی؟ کوا تۆڵەی دەیان هەزار کوردی فەیلی؟ کوا تۆڵەی قاسملو و شەرەفکەندی؟ خۆ باشووری کوردستان سالآنێکە ئازادە و تاکو ئێستا هەنگاوێکیش بۆ تۆڵەی ئەنفال و هەڵەبجە نەنراوە. خۆ دەکرێت وەک دنیای نوێ، چۆن لە بری قوربانییانی ڕووداوی لۆکەربی، کەسوکاری قوربانییەکان بە ملیۆنان دۆلاریان خوێنبایی وەرگرت؛ ئێمەی کوردیش داوای قەرەبوومان کردبا.

بەڵام ئەوان نەک تاکو ئێستا نەیانکردووە، بەڵکو کۆسپیشیان دەهێنایە ڕێی هەموو ئەو کوردە غەریبانەی ئەورووپا، کە لە کەمپینی هەڵەبجە و ئانفالدا چالاک بوون و داوای دادگاییکردنی خەزرەجیی سوپاسالاری سەردەمی سەدامیان دەکرد، کە ئەو حەلە لە ولآتی دانیمارک گیرسابووەوە. ئەمە هەڵوێستی خێڵە بەرانبەر بە ناڕەواییەکانی بیانی. بەڵام خۆبەخۆ خەنجەری تۆڵە هەمیشە تازەساو و نیوەکێشە.

تاکی خێڵەکی هەردەم ئامادە و لەسەر چزە. ئەگەر گەرماوگەرمیش تۆڵە نەسێنێت، ئەوا شەو و ڕۆژ لە یادێتێ و گینگڵی پێوە دەدات. نەخشەی بۆ دەکێشێت. هەر نەبێت بۆ ڕۆژی خۆی، بۆ دوژمنەکەی دەبەستێتە پریاسکە. لەم ڕووەوە گەلێک پەند هەن، وەک: حاشا لەو خوێنەی شەوی بەسەردا هات. جوێن مەدە بە باوکی سەگم با جوێن نەدەم بە باوکی بەگت. قازانی مێردان بەحەوت ساڵ دێتە جۆش. تەواوی ئەم پەندانە، درەنگ بێت یان زوو، جەخت لەسەر تۆڵە دەکەن.

لە ڕۆمانی (پشت ئاشان: خلف الطواحين)ی نووسەری عارەبی عێراقی عامر حوسێندا، قاسم جەنگاوەرێکی سمێڵبابڕی کوردە. لە چالاکییەکەی کەرتی ڕۆستیدا بەشدارە. لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکەیە، چاوساغیشیانە. بەلای جووتیارانەوە قاسم پیاوە نەگاڵتە. چونکە سمێڵە پڕەکەی و دەست و مەچەکی، کاتێک کلکی تەور دەگرێت و دار دەبڕێت، لە خۆیدا بەڵگە و نیشانەی پیاوەتین. ئەوەش لەولاوە بووەستێت، کە ئەو خاوەنی قسەی خۆیەتی. ئەو پەیمانی دابوو هەم مێردی خوشکەکەی و هەم ئەو شایەتانەیش، کە لە ڕێوڕەسمی مارەبڕینی خوشکەکەیدا ئامادەبووبوون بکوژێت. چونکە خوشکەکەی ئەم شووەی بەبێ پرسی کەسوکاری کردبوو. بێ ئەوەی حیسابێک بۆ ئەو سمێڵە چڕەی ئەم بکات، کە بە جارێک لچ و لێوی داپۆشیوە. خێڵەکەی، هەموو هیوایەکیان ئەم بوو. هەردەم دنەیان دەدا، قینیان

لە ناخیدا دەچاند. تاکو ئەم کورە ئازایە ڕاپەڕێت و شەرەفی لەوتاویان خاوێن بکاتەوە و ئەو شەرمەزارییەیان لەسەر لابدات.

بەڵام قین، بەردەوام کنەی لە ناخی ئەمدا دەکرد، بێ ئەوەی هیچی لە دەست بێت. قاسم لە داخاندا بەردەوام لێوی خۆی دەکرۆشت و گرێی کەمسەری و هەستی کەرامەت ڕووشاندن وەها تێی ئاڵابوو، ڕکی لە هەموو شتێکی دەوروبەری ببێتەوە. ئەو لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا لاواز دەبوو. ڕوخساری تێک دەچوو. بە ڕادەیەک هەرچی سیمای ئینسان هەبێت تێیدا بەدی نەدەکرا. ئەوەتا لەم چالاکییەشدا ئەوەندە بەتەنگەوە نییە و وەک پێویست بەدەنگ هاوڕێکانیەوە ناچێت. لە کاتێکدا ئەوان نەشارەزان، لێیان بریندارە و شەهیدێکیشیان هەیە؛ دەبێت هەرچی زووە لە هێسترەکەیانی باربکەن و دەستکەوتەکانیش لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە، بێدەنگ لەو دەڤەرە بکشێنەوە و بگەنەوە گوند.

کات شەوە و چەپەرەکانی دوژمن بە لووتکەکانەوەن، بەبان سەریانەوە. جەنگاوەران لە پێش ئەگەری مەترسیدان. بەڵام قاسم لەو تەنگانەیەدا گیانی هاوکاریی تێدا نییە و ئاوا وەڵامیان دەداتەوە: «بە خودەی ئەمن تاقەتم نیا هاوڕێ» نووسەر دەیەوێ بڵێت، شەرەف لە لای کورد لە مێیینەدا کۆ بووەتەوە. هەموو بڕیارێکی گرینگیش، ئەوەی پێوەندیی بەمێیینەوە هەبێت بەدەستی پیاوە. هەر سەرپێچییەکی مێیینەیش لە فرمانەکانی پیاو، بەتایبەت شووکردن، بەبێ ڕەزامەندیی باب و برا، شانکورتیی بۆ پیاو لەدوایە. ئەو کەرامەتە ڕژاوەیش تەنیا بەخوێن کۆ دەکرێتەوە. مادام قاسم، کە نموونەی تاکێکی جووتیاری خێڵەکییە و کوڕە هەڵکەوتووەکەیانە، نەیتوانیوە تۆڵەی خۆی و خێڵەکەی بکاتەوە، ئیدی هەرچی بەها جوان و ئینسانییەکانی دیکەش هەیە دەیاندۆڕێنێت.

سەرنج بدە، ڕەحمانی قارەمانی ڕۆمانەکە، کە سەرکردەیەکی سەربازیی سەربە پارتێکی چەپی عێراقە، بەم شێوەیە سەربوردەی قاسمی هاوڕێی خەباتی دەگێڕێتەوە. تەنانەت ئەمیش هیچ ئۆرتێکی بۆ دانانێت. لە تافی کشانەوەی دوای جەنگێکی خوێناویدا، گومانی خیانەتی لێ پەیدا دەکات. چونکە قاسم نەیتوانیوە تۆڵەی ئەو شانکورتییەی بەسەر خۆی و بەسەر خێڵەکەیدا هاتبوو بسێنێت. واتە ئەو

نێرینەیەی تۆڵەسێن نەبێت ئیدی هەموو کارێکی چرووکیشی لە دەست دێت. تا دەگاتە خیانەت لە حزب و لە هاوڕێیانیشی. وێڕای ئەوە، بیچمی تێک دەچێت و ڕوخساریشی دزێو دەبێت.

ملانێی نێوان خێڵەکان هەردەم ناشارستانییە. ئەوان بڕوایان بە گفتوگۆ و دانوستان نییە، بۆیە بەزۆری، پەنا بۆ توندوتیژی و خوێنڕشتن دەبەن. هاشم ئاکرەیی دەڵێت: «لە جڤاکی کوردەواریدا ئەوەی تۆڵەسێن بێت مەزنە. بریا ئەم تۆڵە سەندنە لە سنووره تەسکەکەی لای بدایە و بگەیشتایەتە ئاستی نەتەوەیی نەک تۆڵەسەندنەوەی تاکی خێڵەکی. ئەوحەلە بەچاکە دەشکایەوە. بڕوانە: الأسس النفسية والأجتماعية. ل١٢»

بەڵام هەرگیز لە مێژوودا ڕووی نەداوە خێڵە کوردەکان، کە بەسەدانن، قسەبکەن بەیەک و بەگژ دوژمنی هاوبەشدا بچنەوە و لەسەر خاکی خۆیان دەوڵەتی خۆیان چێ بکەن. کاتێک سەرخێڵێک توانیوێتی دەست بەسەر ڕووبەرێکی فراواندا بگرێت و میرنشینێک چێ بکات. ئەوا بێ سێودوو یەکەم کاری ئەوەبووە هەڵبکوتێیە سەر میرنشینە کوردەکەی دراوسێی و ویستوویەتی لەسەر حیسابی ئەو سنووری خۆی فراوان بکات. ئەوان نەهاتوون لە هەوڵی ئەوەدابن دوو میرنشین بکەن بەیەک، یان فیدراسیۆنی میرنشینەکان چێ بکەن. بۆ نموونە، میرنشینی بابان لەسەر حیسابی میرنشینی سۆران فراوان بووە و هەردەم لە قەڵەمڕەوی ئەوی قرتاندووە.

جەنگی نێوخۆی ئەم دواییەی نێوان سلێمانی و هەولێریش، ڕێک فۆتۆکۆپیی ئەو ڕەوشەی نێوان ئیمارەتی بابان و سۆران بوو، کاتێک بابان دەیویست لەسەر حیسابی ئیمارەتی سۆران پەل بهاوێت و فراوان ببێت. لە کاتێکدا تەواوی خاکی کوردستان پێخوستی داگیرکەری بیانی بوو.

هەردەم جەنگی نێوان ئیمارەتە کوردەکان بووەتە مایەی ماڵوێرانی و ڕەو و بڵاوبوونەوەی ئافات و هەژاری. زۆرێک لەو کوردانەی کە بەهۆی جەنگی نێوان ئەو ئیمارەتانەوە ڕەویان کردووە نەگەڕاونەتەوە کوردستان. بە تێپەڕینی ڕۆژگار زمانەکەشیان لە دەست داوە. لە ڕاستیدا زۆربەی ئیمارەتە کوردەکان جێگەی شانازی نین و نەبوونیان گەلێک چاکتر بووە. چونکە بەزۆری زیانیان بە کورد

گەیاندووە. مێژووشیان تا بڵێی شەرمئاوەرە. ئەوان نەبوونایە هیچ نەبووایە کوردستان دەبووە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و حەشیمەتیشی گەلێک لە ئێستا زیاتر دەبوو. خەڵکەکەشی بەم شێوەیەی ئێستا پەراگەندە و پەڕیوەی وڵاتانی دنیا نەدەبوون.

تۆ کاتێک لە گەشتێکی ناوخۆی کوردستاندا کەلاوەی ژمارەیەک قوللە و قەڵا دەبینیت، مەرج نییە تەوای ئەوانە بەمەبەستی بەرگری لە هەمبەر هێرشی نەیارانی کورددا بنیات نرابن. چونکە زۆرێک لەو قەڵایانە سەرخێڵی بەتوانا یان میری کورد بە نیازی خۆپاراستن لە هێرشی لە ناکاوی میری دیکە یان خێڵی دیکەی کوردی نەیاری خۆیان بنیاتیان ناون.

وەک میستەر ڕیچ باسی دەکات، ئامانوڵا خانی والی سنە پیاوکوشتن و ئاوخواردنەی لەلا وەک یەک بووە. مەینۆش و بەنگکێش و خواپەرستیش بووە. دڕندانە تۆڵەی لە هەموو ئەوانە کردووەتەوە، کە بەئاستەم گومانی لێ پەیداکردوون. ڕیچ وەها باسی ڕۆژێک لە ژیانی ئەم میرە لە شاری بانە دەکات: «چاوی سێ پیاوماقوڵی ئەم بەشەی میرنشینەکەی دەرهێنا و ئافرەت و کچەکانیانیشی لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تردا ئاوارەی سنە کردن. کاروانێکی درێژی ئەو ئافرەت و کچانەمان دین، کە میر ئاوارەی کردن، بەسەر وڵاخەوە ئەو دەشتەیان دەبڕی و هەندێک یاساوڵی سەر بەخانیش بە سوارییی، لە نێوان ئافرەتەکاندا ڕێیان دەکرد. ڕۆژی ئەمڕۆ ئەمە کردەوەی (خان) بووە. گەشتنامەی ڕیچ، ل٢٣١»

جەنگی نێوخۆی ئەم دواییەش، کوردێکی زۆری دەربەدەری هەندەران کرد، کە هەر بەمردنی ئەم نەوەیە، ئیدی وەچەی داهاتووی ئەم ڕەوەندە فڕیان بەسەر زمان و کولتووری کوردەوە نامێنێت و دەبنە خاوەنی زمان و کولتووری ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە سنوورێک بۆ خێڵ و مێنتەلێتیی خێڵ دابنرێت؟ ئەوەتا لە بەرەبەیانی مێژووەوە خێڵ کۆسپی یەکەمی ڕێگەی ئاواتەکانی کورد بووە. کام خێڵەی زۆر بچوکێش بووبێت هێشتا هەر ئامادە نەبووە ددان بەوی دیکەدا بنێت چەند گەورەش بووبێت. دەگمەن ڕێک کەوتووە خێڵە کوردێک بە خوایشتی خۆی

چووبێتە ژێر ئالأی خێڵە کوردێکی دیکەوە. ئێستاشی لەگەڵدابێت خێڵەکان ڕوو لە زۆربوونن. بەهۆی کێشە و ناکۆکیی ناوخۆیانەوە بەردەوام پارچە پارچە دەبن. بەدرێژاییی مێژوو، هیچ کام لە گەلانی دراوسێمان ئەوەندەی ئێمەی کورد بیرەبیرە و داغانی نێوان خێڵە پەرش و بڵاوە نەیارەکان نەبوون.

خێڵی هیچ میللەتێکی دنیا ئەوەندەی خێڵی کورد نانیشتمانی نین. خێڵی هیچ گەلێک هێندەی خێڵە کورد دووچاری گرێی کەمسەریی نەتەوایەتی نەبوون. بەرامبەر بەیەک نەختاڵێک گیانی لێبووردنیان تێدا نییە. وەکی دی لە ئاستی هەر هێزێکی بیانیدا پێملن. وەلێ لەم ڕووەوە ڤیگین پێی وایە دیاردەی تۆڵە، بەسوودی خێڵە کوردەکان شکاوەتەوە و کارێکی کردووە کوشتنی تاک بەدەگمەن لە ناویاندا ڕوودات.

وا لێرەدا نموونەیەکی نامرۆڤانەی تۆڵەی کوڕانی خێڵ، دەق وەک خۆی لە ڕۆمانەکەی ڤیگینەوە دەگوێزمەوە: سیتۆ سەرۆکی خێڵی ئۆرەمار بوو. خێڵیش بڕوای بەسەرۆکایەتیی ئەو هەبوو. کەسێکی زیرەکی بەسروشت پڵنگ بوو. نەهۆ تەمەنی لە پەنجا لای داوە. دۆستێکی نزیکی بەنێوی بیورۆوە هەبوو؛ ئەویش بەخوێنڕێژ نێوبانگی ڕۆیشتبوو. ڕۆژێکیان بیورۆ لە چیا سەرگەرمی ڕاوی بزنەکێوی دەبێت، لە دووڕرا دەبینێت وا برایەکی سیتۆ، بەسواریی ئەسپێکی ڕەسەنەوە، تفەنگێکی رووسیی لە شاندا، بەدیارکەوت. زۆرێک لە کوردان خەون بەم دوو شتەوە دەبینن. بیورۆ لە پەنا بەردێکدا بۆی دادەنیشێت. بەگوللەیەک دەیکوژێت و دواتر سەریشی دەبڕێت. ئەسپ و تفەنگەکەی هەڵدەگرێت و ئێران خۆت بگرە هاتم.

سیتۆ بە درێژاییی حەوت ساڵان بەدوایەوە بوو، بەڵام زەفەری پێ نەبرد. دەرکی بەوە کرد دەبێت تا ماوەیەک دەست لە دوژمنایەتیی بیورۆ هەڵبگرێت. یەکێک لە یاوەرانی خۆی بەنامەیەکەوە ناردەلای. لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتبوو، بیورۆ سوارچاکی ڕاستەقینەیە و لەم ڕۆژەدا نموونەی کەمە. دەیەوێت بۆ هەتا هاتایی لەگەڵیدا ڕێک بکەوێت و لەو تاوانەشی کردوویەتی خۆش بووە. دەیەوێت بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵ بن و کچەکەی خۆی بداتێ. بەڵام بیورۆ بڕوای بەم بەڵێنانە نەهێنا. دوو ساڵان ڕابورد و سیتۆ بەڵێنەکەی دابووی، دووبارەی کردەوە. بیورۆ لە

ناخەوە بیری لێ کردەوە، کچە هێشتا شووی نەکردووە، ئەمەش مانای وایە دوژمنەکەی بەڕاستی بەنیازی ڕێککەوتنە. کەسێکی ناردەلای پێی بڵێت، ئەگەر بەڕاستی ئارزووی لە مەسڵەتە باکیژەکەی بنێرێت تاکو ئەمیش بەپێی شەرع و یاسا مارەی ببڕێت.

سیتۆ ئەرێی دا. بیورۆش کچەی خواست. ئەوان ژیانێکی بێ کێشەیان بەسەردەبرد و یەکودوویان زۆر خۆش دەویست. بەڵام بیورۆ خۆی لە دیدەنیی سیتۆ دەپاراست. سێ ساڵان بەسەر زەماوەنددا ڕەت بوو. هەندێک لە خزمان ویستیان لەگەڵ یەکدا دایانبنێن و بە ئاشکرا و فەرمی مەسڵەت چێ بکەن. لە شوێنێکی دیاریکراودا و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی چوونیەک لە پیاوانی هەردوو لا و بەبێ چەک، دانیشتن چێ بوو. ئیدی لەوە بەدواوە جارو‌بار لە نێو خەڵکدا بەیەکەوە دەبینران. چوار ساڵی دیکەش ڕابورد. لەم ماوەیەدا سێ منداڵیان بوو. سیتۆ بەنەوەکانی بەختیار بوو. زۆریشی دیاری پێشکێش دەکردن. لەگەڵ ئەمانەشدا بیورۆ یەک شەویش لە ماڵی خەزووری نەمایەوە.

ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لە کاتی ڕاودا، لە چیا لووتیان بەلووتی یەکدا تەقی. هەردوو لاشیان تەواو شەکەت بوون. هەتا ئێوارە پێکەوە مانەوە. ئیدی بەو حیسابەی هیچ دوژمنایەتییەک لە نێوانیاندا نەماوە بیورۆ خوڵکی سیتۆی کرد. سیتۆش قایل دەبێت و دەڵێت: با ئەوەی ڕووی دا لە بیری بکەین. کچەیش بەبینینی بابی، کە ساڵانە نەیدیوە خۆشحاڵ دەبێت و خوانیان بۆ دەڕازێنێتەوە. بۆ دڵنیایی، شەو بیورۆ تفەنگەکەی خەزووری لە ژوورێکی دیکە دادەنێت. جێی نوستنی خۆشی نزیک بە دەرگەکە ڕادەخات تاکو شەو بتوانێت بە خێرایی بگاتە چەکەکەی. دوای ڕۆژێک لە ڕاووشکار، بیورۆی ماندوو، خەوێکی قووڵ بردیەوە. بەڵام سیتۆ خەو نەچووە چاوی. ئەوەندە هەبوو خۆی بەنوستوو پیشان دا.

دەمەوبەیان، چون مار بەرەو جێگەی نوستنی بیورۆ خوشی. لە باخەڵیدا خەنجەرێکی کوردیی چەماوەی کێشا و بە خەنجەرێک سەری دوژمنەکەی لە لەشی جیا کردەوە و خۆی کوتایە ژووری نوستنی کچەکەی و سەری مێردەکەی فڕێ دایە بەرپێی و وتی: بیگرە دێڵە سەگ. سوپاسی خوا بکە، کە تۆش ناکوژم. گوایە نەتزانی بەچ مەبەستێک تۆم داوەتە ئەم کابرایە؟ لەبری ئەوەی تۆڵە لە دوژمنەکەم بسێنی، ئەم

چەپەڵانەشت لێ خستنەوە. من شازدە ساڵە چاوەڕوانی ئەم شەوەم. تەنیا لەوە ترسابووم بمرم و نەتوانم تۆڵە بسێنم. دوای ئەم هەموو بەسەرهاتە، ئیتر تۆ کچی من نیت. ئەم بێ نرخانەیش نەوەی من نین، بەڵکو دوژمنمن. ئیدی پەلاماری منداڵەکانی دا و لە بەرچاوی دایکیان یەکەیەکە سەری بڕین.

ئێستا سیتۆ بووەتە سەرۆکی چیاکانی ئۆرەمار و هەموو گوێڕایەڵین. کوردەکان وەک ئاگر لێی دەترسن. بەلایانەوە قسەکانی پیرۆزن. لێرەدا، ئەم چیرۆکەی تەمەنی نزیکەی سەد ساڵێکە تەواو بوو. بەڵام لە مێژووی ئەم دواییەی چیا و شارەکاندا، نموونەی لەمە قێزەونتریش هەن.

## نموونەی تۆڵە لە شۆڕشی نوێدا

ئێمە کە دەڵێین مرۆڤی خێڵەکی، مەبەستمان پێ ئەو تاکانەیە، کە لە هەڵسوکەوت و ئاکاریاندا خێڵەکین و یاسا نەنووسراوەکانی خێڵ پیادە دەکەن. زۆرن ئەوانەی لافی مەدەنییەت و نوێخوازی لێ دەدەن و جێڵ لە قژیان دەدەن و سیاسەت دەکەن. هەشیانە دەشنووسن و لە تیڤی کەناڵەکانەوە لە پێش کتێبخانەی پڕ لە کتێبی ئەستووردا دەردەکەون، دەڵێی بەڕوو لە دەمیاندا تەقیوە، هەژدەهەژدە بیری نوێ بەگوێی بینەری سافیلکەدا دەدەن. ئەگەرچی هەندێک لەوانە نازناوی خێڵیشیان هەڵنەگرتووە، کەچی وەکی دی لە ژێر ملبەندی ئاوریشمەوە سەر و خەنجەری ژەنگنی چەماوەی خێڵیان شاردووەتەوە. ئەو سەربوردەی تۆڵەیەی، کە خوێندتەوە مێژووی بۆ نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئێستا نموونەیەکی زۆر نوێی لە تۆڵەی خێڵەکییانە دەخەینەڕوو.

محەمەدی حاجی مەحموود لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بەناوی "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک" نووسیویەتی: «شەوی ٢٠ ـ ١٩٧٨/٠٨/٢١ کاک مەلابەختیار و ڕەتڵەکەی، کە ماوەیەکە لەگەڵ عەزیزی بەرپرسی قیادە موەقەتەدا جاری ئاشتبوونەوەیان داوە و بەکردەوەش بەشەڕنەهاتوون، عەزیز بانگهێشتن دەکەن و بۆ ئەوەی نیازپاکیی خۆیان پێشان بدەن دوو بزنیان بۆ سەردەبڕن. تا درەنگانی شەو گۆشت دەبرژێنن و قسەی خۆش دەکەن. بەڵام مەلا بەختیار پێشتر پیلانی داناوە و

ژمـــارەیەک چەکـــداری خـــۆی تێ گـــەیاندووە چۆن پیـــلانەکـــە دەخـــەنە واری جێبەجێکردنەوە.

شەو پێشمەرگەکانی لەمەڕ عەزیز، بەڕیز لە لایەک و ئەوانەی مەلا بەختیاریش لە لایەک دەنوون. مـەلا و عـەزیـزیش خـەریکی گفـتوگـۆن. سـەعات یازدەی شـەو، وەک لەســەری ڕێک کـەوتوون لەپڕ مــەلا، لەتافی دەمـەتەقـێدا دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێ: «بەگۆڕی شەهید ئارام.» ئیدی ئەمە وشەی نهێنییە و دەمودەست ئەو پێشمەرگانەی ڕاپەڕاندنی پیلانیان پێ سـپێردراوە تەقە لەهەڤاڵانی عـەزیز دەکەن، کە نوسـتوون. ئەمانەی پاڵ مەلاش باوەش بەعەزیز و پێشمەرگەکەی یاوەریدا دەکەن و دەیانگرن. لە ئەنجامی ئەم کردەوەیەدا، هەشت پێشمەرگەی قیادە موەقەتە شەهید دەبن. ل ١٧٥ – ١٧٦»

محەمـەدی حـاجی مـەحـمـوود، نموونـەیەکی دیکەی تۆڵەی خێڵـەکییـانەی مـەلا بەختیاری لە هەمان بەرگی کتێبی بیرەوەرییدا، هێناوەتەوە و دەڵێت: «کوشـتنی بە کۆمـەڵ و لەکـاتی دەعـوەتدا و لە خـەوی شـیـرین، مـەلا بەخـتـیـار ئـەنجـامی دەدا. پێشتریش لە نزیک کۆیە پێشمەرگە مەجید هەیبە و یەکێکی تری بەهەمان شێوە کوشتبوو. ل١٧٦» دیارە هەموو ئاگەدارن لەوەی گەلێک سەرکردەی بەوەجی کورد بەم شـێوەیە شـەهیدبوون. بەڵام جیاوازییـەکـە لەوەدایە، ئەوان بە دەسـتی دوژمنی بیانی و ئەمانەی وا لێرەدا ناومان هێنان بەپیلانی خێڵەکییانەی خۆماڵی.

بەندە، ئەو نموونانەم بۆ ئەوە نەهێنایەوە تاکو بڵێم تەنیا فلان کەس و فلان لایەن ئەم کـارە دزێوەیان لە دەست قـــەومـــاوە و ئەوانـی دیکە نموونەی تۆڵەرانس بوون. نەخێر، ئەوەندە هەیە ئەو دوو نموونەیە نوێن و تەواو بێزەوەرن. دەنا کاتێک باس لە شـۆڕشـی نوێ دەکەیت، ئەوا لە پاڵ فیداکاری و بەرگریی بێ وێنەدا، هاوکات دەبێت باسی مێژوویەک لە تۆڵەی خێڵـەکییانەش بکەیت، کە تەواوی گرووپە کوردییەکانی ئەو مێژووە تێیدا بەشداربوون و پریشکی بەر ئەو شیوعییە عارەبانەیش کەوت کە لە ترسی ئاگری بەعس هانایان بۆ ئاوی کـوردسـتـان هـێنابوو. تۆ نـەوەی نوێ، هەر بەوەندەی بیرەوەریی سـەرکـردەکـانی ئەو دەمـە خۆیان بخـوێنیـتەوە ئیـتـر گـەلێک نموونەی لەم جۆرەت، لە زمانی خۆیانەوە بەرچاو دەکەوێت.

## ئەمیر نیزام و هەمزاغای مەنگوڕ

نموونەی داوی خیانەت و غافڵگیر و دەستوەشاندنی نێوان خێڵ و میرنشینە کوردەکان لە ژمارە نایەن. با نموونەیەکی دیکەی خوێناوی بهێنەمەوە: مەنگوڕ خێڵێکی ڕەوەندە. قەڵەمڕەویان لە باشووری مەهابادەوە دەست پێ دەکات و هەتا سنووری خێڵی مامش درێژ دەبێتەوە. مەنگوڕ هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە، بێجگە لە دەسەڵاتی سەرخێڵی خۆیان ملیان بۆ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نەداوە. چەند جارێک بەرەوڕووی دەسەڵاتی ئێران بوونەتەوە. بەڵام نەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵ بن، مەگەر بە پیلان و فرتوفێڵ. ئەویش لە ڕێگەی کورد خۆیەوە.

ئەم خێڵە چەند جارێک دووچاری قەتڵ و عام بووە. جارێک لە سەردەمی باپیرئاغادا، کە لە لایەن ئەحمەد خانی حاکمی مەراغەوە قەتڵوعام کراوە و بەهەزار سوارەوە تێدا چووە. کاتێک ئەحمەد خان، ژێر بەژێر لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا، کە بریتی بوون لە حاکمی مەهاباد بوداق خانی موکری، نەجەف قولی خانی حاکمی تەورێز و محەمەد قولی خانی حاکمی ورمێ. لە ژێر پەردەی هەڵکوتانەسەر تەورێز و بەو نیازەی هاوکاریان بێت؛ تاکو ئەویش لە ترش و تاڵانیشدا هاوبەش بێت، تەماحی دەنێتە بەر و بانگهێشتنی دەکەن. پیلانەکەش حاکمی مەراغە دای ڕشتووە و ڕای دەپەڕێنێت. کاتێک باپیرئاغا بە هەزار سوارەوە دەگاتە مەراغە، دوودوو بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان دەکات. شەوێ، هەر بەخانەخوێکانیان سەرپاکیان قەتڵوعام دەکات.

هەرچی هەمزاغایە، کە کوڕی باپیراغای دووەمە، بەشداریی شۆڕشەکەی عوبەیدوڵڵای نەهری دەبێت. دوای تێکشکانی شۆڕش، شێخ عوبەیدوڵڵا بەخۆ و بەسوارەکانیەوە دەکشێتەوە نێو سنووری دەوڵەتی عوسمانی. هەمزاغاش هەروەها لەتەک سوارەکانیدا کشایەوە نێو دەوڵەتی عوسمانی. دوای ماوەیەک حەسەن عەلی خان، واتە ئەمیر نیزامی حاکمی ئەردەڵان، دەزانێت کە پێوەندیی لەگەڵ میزا قاسم قاچیدا باشە. میری ئەردەڵان بەو بیانووەوە، کە ئەو ئاگەدارە لە لایەن حاکمی پێشووەوە چەندی زوڵم لێ کراوە، نامەیەکی بۆ دەنووسێت و داوای لێ دەکات خۆی ڕادەستی حکوومەتی کوردستان "والی سنە و مەهاباد" بکات. هەمزاغاش وەڵامی

دەداتەوە: «ئەگەر ئەمیرولنیزام قاجاری بوایە بڕوام پێ نەدەکرد. بەڵام مادامەکی وەک خۆم لە کوڕانی عەشایەرە، ئەگەر بێتو سوێندم بۆ بخوات و پەیمانم بداتێ، کە بەڵێنەکەی دەباتە سەر، بڕاوی پێ دەکەم و بۆخۆم دێمە سەردانی.»

ئیدی ئەمیرولنیزام لەسەر بەرگی نوسخەیەک لە قورئانی پیرۆز بۆی دەنووسێت: «هەتا ڕۆح لە جەستەمدا بێت دەتپارێزم. ئەگەر پێویستیشی کرد ڕۆحی خۆمت لە پێناودا فیدا دەکەم.» مۆری تایبەتی خۆی لە بەڵێننامەکە دەدات و قورئانەکە بۆ هەمزاغا دەنێرێت. هەرچەندە سوارە، کە برازای هەمزاغایە، مامی ئاگەدار دەکات، کە ئەو وای بەچاک دەزانێت نەچێت. چونکە هەرچەندە ئەمیرولنیزام لە کوڕانی عەشایەوە بەڵام پیاوێکی هیچوپووچە. وەلێ هەمزاغا بەقسەی سوارە ناکات. هەموو لایەک قورئانەکە ماچ دەکەن و لەگەڵ چەند سوارێکدا دەڕۆن. بەڵام لەوێ پیلانێکیان بۆ داڕێژراوە لێ دەرچوونی نییە. خۆی و یاوەرانی بە سوارەی برازاشیەوە قەتڵوعام دەکرێن. بۆ درێژەی کارەساتەکە بڕوانە «گولان العربي العدد ٤٨، حمزة آغا و عشيرته المنكوبة، جان دوست»

## کەشکیش برای دۆیە

تۆ ئەگەر لە کۆمەڵگەی خێڵەکییدا ژیان بەسەربەریت، با بۆ خۆشت کەسێکی نەرم و نیان و ئەمین و ئومان بیت و هیچ تاوانێکیشت ئەنجام نەدابێت، بەڵام هێشتا هەر لەبەردەم ئەگەری تۆڵەی خەڵکانی بەهێز خێڵەکیدایت. بۆی هەیە وەک دەڵێن بێ ئەوەی ئاگات لە مەحمووی بێزەواد بێت، بەر شالاوی کوێرانەیان بکەویت. بۆ نموونە دەشێت برایەکت شەڕێکی نابێتەوە، یانژی کەتنێکی کردبێت و لە دەستیان هەڵاتبێت. بەڵام ئەوان زۆر بەلایانەوە ئاساییە ئەگەر تۆڵە لە تۆ بکەنەوە. با تۆ کەتنەکەشت ئەنجام نەدابێت بەڵام لە دیدی ئەوانی خێڵەکییەوە: "کەشکیش برای دۆیە" واتە مادام ئێوە منداڵی یەک دایوبابن کەواتە تۆش هەر تاوانباریت و دەکرێت تۆ باجی ئەو کەتنە بدەیت.

زۆر جاران دوژمانیەتیی نێوان دوو خێزانی خێڵەکی ئەوەندە پەرەی سەندووە، لە براکانی تێ پەڕاندووە و گەیشتووەتە سەر ئامۆزاکان. لەوێشەوە پەڕیوەتەوە نێو

خێڵی هەدوولا، ئەگەر سەربە دوو خێڵی جیاواز بووبێتن. میستەر ڕیچ لەسەر زاری عومەر ئاغای میوانەوازەوە، کە بەردەوام بەهاوڕێی زرنگی خۆم ناوی دێنێت، نووسیویەتی: «خۆشناوەتی و ڕەواندزی یەکجار کێوی و نەزانن و هیچ شتێکیش لە کوشتن و برین نایانگێڕێتەوە، هەرچەندە وا ناسراون، کە لە مزگەوتیشدا یەکتر دەکوژن، بەڵام سەریان بچێت نوێژیان ناچێت. چەند ساڵێک دوژمنایەتییەکی خوێناوی لە نێوان دوو ناوچەدا، لەسەر سەگێک ڕووی دابوو، کە نزیکەی حەفتا کەسیان لە یەکتر کوشتبوو، لەمانە سی کەسیان لە مزگەوتێکدا کوژرابوون، کە هەردوو دەستەکە پێکەوە نوێژیان کردبوو، ئەمانە تا ئێستاش لەسەر ئەم جۆرە شتە هیچ و پووچانە، جارناجارێک یەکتر دەکوژن. شەڕەکانیشیان بەیەکتر کوشتن نەبێت، دوایی نایەت. گەشتنامەی ڕیچ، ل ١٤٨»

لە کتێبی تەئریخی جافدا هاتووە، حەمە پاشای مەزنە سەرخێڵی جاف بەفرمانی عوسمانلی دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە. وەلێ هەر بەفیتی داگیرکەر لە بەرانبەریدا عەزیز شاوەیسی سەرخێڵی کەرەم وەیسییەکان کۆسپ و تەگەرە لە پێشیدا قوت دەکاتەوە. لە فرسەتێکدا پاشا هێزێک دەکاتە سەری؛ دەیگرن و زیندانیی دەکەن. بەڵام عەزیزی شاوەیش لە زینداندا دەمرێت. دەنگوباس بڵاو دەبێتەوە کەوا دەرمانخوارد کراوە. ساڵ و مانگ تێ دەپەڕێت، بەردەوام کەرەم وەیسییەکان لە هەلێک دەگەڕێن تۆڵەی سەرخێڵەکەیان بکەنەوە. لە کاتێکدا حەمە پاشا لە چیمەنی برایم سەمین نزیک بەشاری کفری لە تافی ڕاودایە، دەکەوێتە تەنکاوەوە. پاشا دەکوژن و بکوژەکانیش دەدەنە پاڵ جوامێر ئاغای مەزنە سەرداری هەمەوەند. لێرەدا عوسمانی توانیوێتی خێڵی گەورەی جاف خۆی دووکەرت بکات و بیشیانکاتە ناحەزی خێڵی زەبردەستی هەمەوەند. یان دوژمنایەتییەکەیان لە جاران خەستتر بکاتەوە.

تاکو ئێستاش دەسەڵاتی جوگرافیاییی خێڵ لە کشاندایە و لە شارە گەورەکاندا تۆز دەکات. زۆر لەو تاکانەی لە شارەکاندا دەژین کاتێک دووچاری چورتمێک هاتن و تاوانێکیان لە دەست قەوما، یان غەردێکیان لێ کرا، بەنیازی خۆگورگەکردن بێت یان سەندنەوەی تۆڵە لە ناحەزانیان، پەنا وەبەر ڕەگیشەی باب و باپیرانیان دەبنەوە و گوێڕایەڵی بۆ خێڵ نوێ دەکەنەوە و دەیانکەنەوە بەپشت و پەنا.

# پاژی پێنجەم

## ترش و تاڵانی

### خێڵ دزی بەمێرخاسی دەزانێت

لەشکرکێشی و عێلجاڕ، بەنیازی هەڵەکوتانە سەر خێڵی نەیار، هەندێک جاران بۆ تۆڵەسەندنەوەیە لە دوژمن، یانژی بۆ پیشاندانی هێز و دڕێتی و پڕکێشییە، یاخۆ لەسەر ئاو و پاوەن ڕوودەدات. زۆرێک لەو شەڕانە تاڵانییان تێ دەکەوێت. هەندێک جاران، پرۆسەی تاڵانی خۆی هۆکاری سەرەکییە بۆ هەڵکوتانە سەر خێڵی دیکە، بەتایبەتی کاتێک ئاژەڵ بەهۆی دەردودووەوە قڕی تێ دەکەوێت. لێرەدا چەکوچۆڵ و ئەسپی ڕەسەن بۆ هەڵکوتانە سەر خێڵی نەیار لە هەرە پێویستییەکانە.

تاڵان و چەپاو، یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووریی خێڵ پێک دێنێت. بەڵام زیاتر ئەو خێڵانە خەدەیان پێوە گرتووە و بۆ ژیان پشتیان پێ بەستووە کە کەوتوونەتە سەر کاروانەڕێی بازرگانی و نزیک بە تەنگە و دەربەند و کاروانسەراکان. بەتایبەت کاتێک خێڵ بەرەورووی گرانی و قاتوقڕی بووەتەوە و مەڕومالات بەهەر هۆیەکەوە بێت قڕیان تێ کەوتووە. یان ئەگەر هەڵکەوتەی جوگرافیای قەڵەمڕەوی خێڵ لە خۆیدا بێ داهات و خاکەکەی کرێن بووبێت. «میکایەڵیی لەمەوبەر، کە وەها دەوڵەمەند بوون پیاوی چاکیان زۆربوو. ئەمما ئێستە کە فەقیربوون خراپیان زۆرترە. ئەوسا دزیان نەبوو، ئێستە پەیدایان کردووە. وەقتە بنووسم بەقەدەر گەلاڵی دزیان هەیە. تەئریخی جاف ل ١٢٨»

بەلای تاکی خێڵەکییەوە، تالانی و ڕاووڕووت بە ئازایەتی و پڕکێشی حیسابە نەک بەنەنگی و شان کورتی. ئەوان بەوپەڕی شانازییەوە لە کۆڕ و کۆمەڵدا، هونەرنواندن، زەبروەشاندن، دەستوبرد، هەڵمەتی لەپڕ، شەبەیخوون و فێڵ و فریو و ئەزموونی باپیرانیان و هی خۆیان لە بواری ڕاووڕووتدا بۆ یەکدی دەگێڕنەوە و خۆیانی پێوە ڕادەنێن.

وەلێ بەردەوام سوارەی خێڵەکان لە چیاکانەوە هێرشیان بۆ سەر گوندەکانی پادەشت، واتە بۆسەر مەڵبەندی گۆران و جووتیاری نیشتەجێ هێناوە. پەز و گاوگۆتاڵیان بەتالان بردوون. یان دەکرێت بڵێین هەمیشە ڕەوەند پەلاماری نیشتەجێی داوە. ڤیگین لە ڕۆمانەکەیدا دەڵێت: «یەک لە باری خێڵە کوردەکان ئەوەی مەڕێک، گایەک، یان ئەسپێکی نەدزیبێت بەپیاوی حیساب ناکەن. ل ٣٦» ئەگەرچی پێ دەچێت ئەو بەم قسانەی بیەوێت لە ڕێزی کورد دابەزێنێت، بەڵام ئەم حاڵە، سەردەمانێک ئاکاری هەموو خێڵەکییەک بووە، جا سەر بەهەر نەتەوەیەک بووبێت.

کەریم بەگی فەتاح بەگی مەزنە سەرخێڵی جاف، ئاوا باسی گەلاڵی، کە تایەفەیەکی گەورەی جافە دەکات، «ئەم تایەفەیە چوار سەد سوار و پێنج سەد پیادەی تفەنگداریان بەزیادەوە دەبێت، ئەمما زۆر دزن. بەعموومی ئەم تایەفەیە خوویان دزییە و دزی ئەمانە لە ناو عموومی عالەمی کورد و عەرەبدا مەشهوورە. عادەتەن بووە بەخووی سەریان. دە دوازدەیێ لە ئاغاکانیان وەکو کوڕانی عەباس ئاغا و شەریفی فەتاح ئاغا نەبێت لەم خووە بێ بەشن، باقی تر گەورە و بچووک بەشدارن، عادەتەن وەکو دەرس و تەحسیل وەری دەگرن. عموومی جاف، بەگەڕیاو و دانیشتوویانەوە بەدەستیانەوە هەراسان بوون و جەردەییش زۆر دەکەن. لەمەوبەر خۆم فکرم دێت لە ئێران سواریان بەسەد سوار تاکو زەنگان و تەرەفی تەبرێز دەڕۆیین و کاروانیان دەهاورد. تەئریخی جاف ل١٣٨»

بەم فەرموودەیەی کەریم بەگدا وا دیارە، برایانی هۆزی گەلاڵی، خزم و خوێشیان نەبواردووە و لە بواری دزیدا بەیەک چاو سەیری خوێش و بیانییان کردووە. لە جاف خۆیشی ڕاووڕووتیان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە هەتا سنووری تەبرێز چوون. دەکرێت بڵێین تەبرێز وەک پێتەختی ئازەرییەکان وەهایە. ئەم پیشەیەشیان بەدەرس

خوێندووه، واته باب نەوەی خۆی فێری هونەرەکانی دزی کردووه. هەروەها دەشێت بڵێین: سەردەمێک لە مێژوودا، سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی ئەم هۆزەی ناوبراو باسی دەکات، ڕاووڕووت بووه.

بێ مەڵامەت نییه، کە بەشێک لە حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان لەسەر دزی و ڕاووڕووتن و بەتانیدا دێنە خوار. جێی ئاماژەپێدانە لە کۆمەڵە هەڤایەتی مەملەکەتی ماسیدا، سێ حیکایەتیان، بەتایبەت لەمەڕ هونەری دزییە، کە ئەمانەن: شەودز و ڕۆژدز، دزێکی زیرەک، سێ دز... بڕوانە: مەملەکەتی ماسی، محەمەد فەریق حەسەن. جگە لەوەی لە چەند حیکایەتێکی دیکەدا دزی دووبارە بووەتەوە و لە هەمووشیاندا دزی وەک جەربەزەیی و ئازایەتی و هونەرنواندن بەرچاو خراوە.

جێی باسە ئەگەرچی هەندێک جاران خێڵ پەرەی بەخۆی داوە و توانیویێتی میرنشین چێ بکات و دەست بەسەر دەڤەرێکی فراواندا بگرێت. بەڵام هێشتا هەر تەرکی ترش و تاڵانیی نەکردووه. بەڵکو لەگەڵ گەروەبوونی قەڵەمڕەوی خێڵدا ترش و تاڵانیش فراوانتر بووه. مەحموود پاشای بابان، کە میستەر ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا زۆری پەسن دەدات و بەشان و باڵیدا هەڵدەدات، کەچی هەر ئەم میرە بەوەجە، کاتێک بەفیت و ئاژاوەی نێو بنەماڵەکەی خۆی لە میرایەتیی بابان ئومێدبڕاو بووه و دەستی لە بنی هەمبانەکەوە دەرچووە. خۆی شاری سلێمانی و بەشێک لە گوندەکانی میرنشینەکەی، ئەوەندەی دەستی پێیاندا گەیشتبێ تاڵانی کردوون. چونکە لەم ڕووەوە مێنتەلێتیی خێڵ ئاوایە: یان دەبێ خۆم میر بم، یان تاڵان و کاولی دەکەم.

باشترین کاتێک بۆ هەڵمەتی ڕاووڕووت و تاڵانی شەوە. ئەوان دەتوانن لە ژێر باڵی تاریکی شەودا خۆیان بشارنەوە، ژمارە و جۆری چەک و چۆڵیان بەباشی پێ نەزانرێت و مەزندە نەکرێت. لە کاتی کشانەوەشدا بەپەز و گاوگۆتاڵەوە ناحەز پێ نازانێت بەرەو کوێ ملیان ناوە. لە ترسی شوێن هەڵگرتن و گەیشتنی هیمداد بۆ خێڵ یان گوندی تاڵانکراو دڵنیا دەبن. چونکە تاڵان لەپێش ناتوانێت بەخێرایی لە شوێنی ڕووداو بکشێتەوە و دوور بکەوێتەوە.

لە کولتووری خێڵدا تاڵانی غەیرەدین ناموسوڵمان بەحەڵاڵ حیسابە، کە ڕەگەمای

بۆ سەرهەڵدانی ئیسلام و پاشان بۆ سەردەمی فتووحات دەگەڕێتەوە. مەڕومالآت و وڵساتی ئەو مورتەدانەی، کە لایەنگری "مُسَیلمة" بوون بە موسوڵمانەکان حەلآڵ و زولآڵ بووە. ئەوان سەربە خێڵەکانی نیشتەجێی نەجد بوون، کە هەمیشە لەگەڵ خێڵەکانی دەڤەری حیجازدا ناکۆک بوون، واتە ئەوان بەردەوام لە دژی خێڵی ناوداری قورەیش جەنگاون، کە خودی محەمەد و زۆرێک لە خەلیفەکان لەم خێڵە بوون. دواتر هەر کوڕانی ئەم خێڵەش بوون، کە دەوڵەتەکانی ئەمەوی و عەباسی و فاتمیشیان چێ کردووە. وەلێ خێڵەکانی نەجد کە لە مێژووی عەرەب و ئیسلامدا بە "أعراب" ناسراون. "الأعراب أشد كفرًا و نفاقًا وأجدرُ الا يعلموا حدود ما أنزل الله على رسوله والله عليم حكيم. التوبة ٩٧"

ئەوان کۆمەڵە هۆزێکی نادان و چاوسوور و بێ بڕوابوون، هەردەم متووی ڕاووڕووت و پەلاماردانی کاروانەکانی بازرگانیی نێوان میزۆپۆتامیا و شام و مەکە بوون و لەسەر تالآنی ژیاون. چونکە خۆیان لە شوێنێکی کرێنی بێ ئاو و بێ کشتوکاڵدا هەڵکەوتوون، کە هیچی لێ سەوز نەبووە. ئەوان لە ڕاووڕووت بترازێت سەریان لە هیچ پیشە و کارێک دەرنەکردووە. دوای تەواوبوونی جەنگی "ڕەدە" خەلیفەکانی ڕاشدین، بۆ ئەوەی لە وەزەنیان دوور بن بەلایەک؛ تاکو سوود لە سروشتی دڕندانەیان وەربگرن، کە کۆیان لە کوشتن و تالآن و بڕۆ نەدەکردەوە، بەلایەکی دیکە، هاتوون ڕاوڕووت و کوشتنیان لە تەرەفی ئیسلامەوە لە ژێر ناونیشانی "غەزو و جیهاد"دا بۆ بەشەرعی کردوون.

هەروەک مەرگی خۆشیان لە ژێر ناونیشانی "شەهادەت"دا بۆ بەپیرۆزکردوون. واتە: ئەوە دنیاشیان بۆ مسۆگەر کراوە. بەمجۆرە بەناوی فتووحاتەوە ڕەوانەی ئێران و شام و کوردستانیان کردوون. ئەوان دەستیان والآ بووە، هەرچی بشێ و نەشێ کردوویانە. کاتێک تۆ بەپێی یاسایەکی ئاسمانی، بەرانبەرەکەت بە موشریک دەکەیت، ئیدی سەر و ماڵ و ژنی بەتۆ حەلآڵە. ئا بەم شێوەیە سوود لە ئاکار و هەڵکەوتەی خێڵەکانی ئەعرابی نەجد، کە بەپێی ئایەتی قورئان و ڕای ئیبن و خەلدوونی مەزنە کۆمەڵناسیش، هەرە دڕندەترین هۆزی ناوچەکە بوون، ڕەوانەی فتووحات کراون. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە باسەکەی د. أحمد صبحي منصور، بەناوی،

جذور الارهاب في العقيدة الوهابية، ضمن كتاب، أحداث الحادي عشر. ص ١٠١- ١٥٠»

کوڕانی خێڵ، زۆریشیان ئارەزوو لێیە گوێ بۆ ئەو جۆرە چیرۆک داستانانە ڕادێرن، کەباس لە تاڵان و بڕۆ دەکەن. لە پاڵ داستانی دڵداری و قارەمانێتیدا، کە ئەوان بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە کاتی بێکاری، بەتایبەت شەوانی درێژی پێ دەگوزەرێنن. یەک لەباری خێڵە کورد، ئەم تالانییە کچانی فەلە و ئەرمەن و جووشی گرتووەتەوە. لە زۆرێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا جەخت لەسەر ئەم دیاردەیە دەکرێت. لە ڕۆمانەکەی ڤیگیندا، ل ٣٥، هاتووە، کاتێک عەلیاغای هەکاری بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی دوکتۆر فرامیان دەکا، ناوبراو لێی دەپرسێت:

«بۆچی داوا لە حکوومەتی تورکیا ناکەن زەویی کشتوکاڵیتان بداتێ؟»

عەلیاغا لە وەڵامدا دەڵێ:

«ئەوە گۆرانییەکی کۆنە دوکتۆری بەڕێز. ئەوا زەویشمان وەرگرت. ئەو زەوییە دەبێ ئاو بدرێت و پەین بکرێت. ئێمە بۆ ئەم جۆرە پیشەیە خەلق نەبووین، لە کاتێکدا لە هەڵمەتێکی سەرکەوتوودا بۆ سەر گوندێک، بەشی نان و پۆشاکی هەموو زستانەکە پەیدا دەکەین.»

«بەڵام لەوانەیە لەو هەڵمەتانەدا بکوژرێن؟»

«باشتر وایە مرۆڤ بەگوللەیەک بکوژرێ هەتا لەسەرجێ بمرێت.»

کەواتە ئەمان بۆیە ڕاووڕووتیان لە کشتوکاڵ بەلاوە پەسەندترە، چونکە پشوو کورتن و توانای کاریان نییە. وێڕای ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە بواری کشتوکاڵدا نییە. جێی گوتنە ئێستاشی لەگەڵدابێ جووتیاری کورد، لە ڕووی شارەزایی و بەئامێرکردنی کشتوکاڵەوە، لە دوای هەموو جووتیارانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوەن. کەچی وەکی دی باپیرانیان سەردەمانێک لە هەڵمەتی ڕاووڕووتدا یەکاویەک و بێ وێنە بوون.

نووسەرانی گەشتنامەی "مد البشرية" کاتێک بەرەو ڕۆژئاوا و بەنیازی سنووری ئێران، دەڤەری بارزان جێ دێڵن. بۆ دڵنیایی؛ شێخی بارزان دوو پیاوی خۆی دەخاتە تەکیان. چونکە هاوکات خێڵی هەرکی بەرەو کوێستانەکانی تەرگەوڕ

بەڕێوەبوون: «ناوبەناو ڕێکەوتی ڕانەمەڕە گەورەکانیانمان دەکرد. ئەوان تێیان دابوو چەکداربوون. کارەکە پێویستی بە ڕەچاوکردن و نەرمی نواندن هەبوو. هەموو ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر ڕێگەی گەشتەکەیان، وەگ گەلەگورگی کۆچبەر سەیریان دەکردن. پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان هەڵنەدەگرت. نیگەرانی و کرژی وای لێ کردبوون، بەرلەوی لە نیازی بپرسن تەقە لە هەر کەسێکی نەناس بکەن. لە کاتی تێپەڕبوونمان بەلای گوندێکدا وامان بەخەیاڵدا هات هەندێک ماست بکڕین. ماستەکەیان لەو تاکە کونەوە دایە دەستمان، کە لە دەرگەکەدا هەبوو. لە کاتێکدا خاوەن ماڵ لە کونێکی دیکەوە لوولەی چەکەکەی تێ کردبووین. کاتێک نرخەکەیمان بەپارەی باوی حکوومەت پێدا. ئەو پیاوە بەڕێزە لە پشت دەرگە داخراوە قایم و بەمەتەرێزکراوەکەیەوە، بەپۆزش هێنانەوە قەرداری کردین. لە ڕاستیدا ئەم قایماکارییانە پاساوی خۆیان هەبوو. چونکە هەرکییەکان لەسەر ڕێگەیاندا ڕێکەوتی هەرشتێکیان بکردایە تالانیان دەکرد. ل/١٣٢ – ١٣٣»

لەدۆخی وەهادا ژیان دەبێتە دۆزەخ و مرۆڤ ناتوانێت هەتاسەر خۆی بە خاوەنی سەر و سامانی خۆی بزانێت. گەرەکە هەردەم خۆی بەستبێت و چاوەڕوانی هێرشی لە ناکاوی خێڵی نەیار، یان هەر خێڵێکی دیکەبێت، کە سەری لە تالانی بخورێت. هەندێک جاران ئەم چەپاو و ڕاوورووتە لە سۆنگەی گرانی و قاتوقڕیشەوە نەبووە. بەڵکو وەک نەریتێکی باوی لێ هاتووە، یان با بڵێین خوویان پێوە گرتووە و بۆیان تەرک نەکراوە. پێ ناچێت خێڵی هەرکیی چێوداری مەڕوماڵات زۆر، پێویستیان بە پەز و گا و گۆتاڵی تالانی هەبووبێت. هەروەها دەشێت بۆ پشاندانی قودرەت و هێز بووبێت، بەمەبەستی چاوترسێنیی خێڵەکانی دیکەی دەوروبەر و سەرپێ شۆڕکردنیان ڕاووڕووتیان کردووە.

لە دوامای دەوڵەتی عوسمانلیدا هێرش و هێرشی بەرانبەر؛ تالانی لە نێوان خێڵەکانی کورد و ئەرمەندا بەلایەک و کورد و خێڵە مەسیحییە ئاشوورییەکان، کە سنووریان لەگەڵ خێڵەکانی کورددا بەنێو یەکدا چووبوو، بەلایەکی دیکە، لەوپەڕیدا بوو. ئەم دۆخە دژوارە دەستی ناحەزانی هەردوو لاشی تێدا بوو. ڕەوشی ئاڵۆزی نێوان خێڵەکورد و خێڵە مەسیحییەکانی ناوچەکە تاکو دەورانی سوڵتان

عەبدولحەمید بەگەرمی درێژەی هەبوو. بەهۆی ڕێکەوتنێکی سەیر و نامۆوە هێرشەکان برێک کەمتر بوونەوە و تاڵانی سنوورێکی بۆ دانرا. بەڵام چۆن سنوور دانانێک؟ هەتا بڵێی سەیر و سەمەرە و ناشارستانی و بێ ویژدانانە بوو.

دیاردەی گەنم لە چاڵدا قایم کردن، کە هەتا بەر لە ئەنفالیش لە گوندەکانی کوردستاندا باوی بوو؛ بۆ مەترسیی بەردەوامی ترش و تاڵانی دەگەڕێتەوە. ئەوان چاڵەکەیان لە دەرەوەی ماڵی خۆیاندا بەجۆرێک سەردەنایەوە، کە هەستی پێ نەکرێت و لە شاڵاوی ناکاوی تاڵانچی پارێزراو بێت. مەگەر چاوساغێک بەتایبەتی بهاتایە و دەستی تاڵانکەری بیانی یان خۆماڵیی بگرتایە و بیبردایەتە سەر چاڵەکە دەنا پەی پێ نەدەبرا.

جووتە دانەری گەشتنامەی "مد البشرية" نووسیویانە: «لەگەڵ هاتنی دەورانی عەبدولحەمیددا ئیدی ئەو خێڵانە بە ئارامییەکی ڕێژەیی دەژیان و گەیشتنە ڕێککەوتنێک، کە دەکرێت بەم شێوەیە پوختەکەی بنووسین: بۆ هەرکام لە لایەنەکانی کێشەکە هەیە، لە تافی تاڵانیدا هەرچییەک دەخوازن لەگەڵ خۆیاندا بیبەن، بەڵام ئەوەی لێیان جێ دەمێنێت نابێت وێران بکرێت. کەسیش نابێت بەخراپە دەست بۆ ئافرەتان درێژ بکات. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، مەڕوماڵات تاڵانییەکی یاسایی ڕەوابوو. هەمان دەستوور بۆ ڕاخەر و کەلوپەلی دیکەی ناوماڵ. بێگومان چەکیش. بەڵام ئاگر تێبەردانی ماڵ و کشتوکاڵ و وێرانکردنی جۆگەکان، لە نێو قەدەغەکراوەکاندا بوون. لەوانەش بوو تاڵانچییەکی شەریف دەستبەرداری گەنجینەیەکی گەنم بووبووایە. بەڵام پاراستنی ژن کاتێک بەسەر گوندەکانی عەشرەتیاندا داوە هەتا ماوەیەکیش پەیڕەو دەکرا، تاکو لەم ساڵانەی کۆتاییدا ئەو پەیمانەشیان شکاند. مەرجەکان لای هەموو لایەک زانراو و پەیڕەوکرابوون، بەڕادەیەک چیدی پێوستیان بەوە نەبوو ئێشکی ژنەکانیان بگرن. ل ١٤٠»

وەکی دی مەردمی خێڵەکی داهات و سامانی گشتی بە مافێکی مفتی خۆی دەزانێت،، هەردەمێک ویستی، بەشی خۆی و بگرە زیاتریشی لێ لا دەبات. تاکو ئێستاش ماک و ئاسەواری ئەم خووە لە نەستی تاکی خێلەکیدا هەر ماوە و ناوبەناو لێرە و لەوێ لە شێوەی نوێدا سەرهەڵدەداتەوە، بۆ نموونە: کاتێک ڕێبوارێک بەڕێدا

دەرِوات و دەگاتە ئاستی هەر باخێک یان بێستانێک، بەئارەزووی خۆی ترێ بێت هەنجیر بێ، یان برکە و بێستان، ئەوا هیچ شەرم ناکات، بێ پرس بەشی خۆی لێ دەخوات و بەزیادەوە. بەڵکو پێیدا دەگەرِێ، کام هێشووە جوان بێت، کام هەنجیرە، یان کام کاڵەکە گەییو بێت ئەوەیان دەرِنێت و باکیشی لەوە نییە، کە ئەو باخە خاوەنی هەیە و ئەم مافی ئەوەی نییە دەستدرێژیی بکاتە سەر. بەڵکو هەندێک جاران لێشی دەبەخشێک و پیاوەتیشی بەسەرەوە دەکات.

جێی ئاماژە پێدانە بۆ خۆم چەند جارم گوێ لێ بووە، کاتێک کۆلکە مەلای کورد دەستدرێژیکردنە سەر باخ و رەزی ئەو خەڵکەی بەناوی ئەوەی گوایە تەنیا خۆی پێ تێر دەکات، یان تەنیا بەشی نەفسی خۆی دەبات، بۆ حەلاڵ کردوون. رێک وەک ئەو تالآن و برۆیەی لە سەروبەندی راپەرِێدا لە شارەکانی کوردستانی باشووردا رووی دا.

ئەوە بوو نزیکەی هەموو دامەزراوە شارستانییەکان، بەکارگە نەخۆشخانە سەنتەری لاوان قوتابخانە و پەیمانگەکانەوە؛ کەوتنە بەرشالآوی راوورِووت. پرۆسەکە بەزۆری لەلایەن کەسانی خێڵەکی و مەسوولە خێڵەکییەکانەوە ئەنجام دەدرا. ئەوان هیچ بەزەییان بە کورد و سامانی نەتەوایەتیی کورددا نەهاتەوە. وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایان لە نێو شاری سلێمانیدا هەڵوەشاند و ئەودیوی ئێرانیان کرد. سەدان شۆڤڵ و بیلدۆزەریان تالآنفرۆشی ئێران کرد. وایەریان لە هەموو دارتەلەکانی شار و شارەدێ، ئەوانەی بەعس بە بەعسایەتیی خۆی روحمی پێ کردبوون و هێشتا بەپێوە مابوون، ئەوان بە خوردەی مس ئەودیویان کرد. وەک کورد خۆی میللەت نەبێت و پێویستی بەو کەرەسانە نەبێت.

هەرچی ژێرخانی ئەو شار و شارۆچکە لە ئەنفال بەجێماوانە بوو خستیاننە سەر ساجی عەلی و تۆزکاڵێک هیوای ژیانیان بۆ نەهێشتن. مس، فافۆن، ئاسنەواڵە، ئاسەواری دێرینەی کورد، کە تاکو ئەو کاتەیش لەژێر خاکدا مابوون؛ ئەوان وەک باندی رێکخراوی تایبەتمەند و لێزان دەیاندۆزینەوە و لە بازارِەکانی دنیادا ساغیان دەکردنەوە، هەزاران گۆرِی کۆنیان لە گۆرِخانە و کووپەکاندا دەرهێنا و چییان تێدابوو لە نەختینەی کۆن هەموویان بەهەندەران فرۆشت و بێ بەزەییانە ئێسک و

پروسکی باپیرانی خۆیانیان فرێ دایە ئەوە گۆڕە. هەموو ئەم کارانە بە ئاگەداری و هەندێ جار بە سەرپەرشتیی ئەو مەسووولە نا مەسووولانە بەڕێوە دەچوون.

سەبارەت بەتالانوبرۆ، عەبباس ئەلعەزاوی ئاوا باسی خێڵی هەمەوەند دەکات، «تالان و برۆیان کردبووە خدە، لەگەڵ ئەوەشدا فەریزەتەکانی خوایان لە نوێژ و ڕۆژو و بەجێ دەگەیاند. لێیان دەگێڕنەوە، پیاویان دەکوشت و کاروانیان ڕووت دەکردەوە بەلام هەرکە وادەی نوێژ بهاتایە، خێرا دەستیان هەڵدەگرت و نوێژیان دادەبەست. ئیدی ئەگەر بە بەرچاویانەوە لاشەیان لێ بکەوتایە، یان زامدار بەدەم زامەوە بیاننالاندایە، گوێیان پێ نەدەدا، تاکو لە نوێژ دەبوونەوە. ئەمانە خێڵێکی هێندە بوێر و ئازابوون، چەندیان لێ بکوژرایە لە ورەیانی دانەدەبەزاند. دەوروبەر لە زەبردەستیان دەترسان. لە جەنگدا دەستی مەزنیان دەوەشاند.. عشائر العراق، ج ۱ ١٥٦».

## قەدەغە و پاوان

قەدەغە قەدەخە و پاوان. دوو وشەی زۆر کۆنن. بەنزیکەی هاوواتان. لەگەڵ مێژووی خێڵەوە بوونیان هەیە. ئێستەش دوو وشەی زیندوون و خزاونەتە فەرهەنگی سیاسییەوە. پاوانخواز کە زاراوەیەکی سیاسیی کوردییە و سەرچاوەکەی بۆ پاوانە لەمێژینەکە دەگەڕێتەوە و هەر لەویشەوە داتاشراوە، بەردەوام لە گوتاری سیاسیدا بەکار دەبرێت. دەکرێت پاوان مانای ئابووری و جوگرافیاییشی هەبێت.

تۆ هەر بەبیستنی ئەم جووتە وشەیە، ناچار بەسڵکردنەوە دەبێت و سنوورێکی وەهمی لە خەیاڵتدا دروست دەبێت و ناتوانیت ئەو سنوورە بیشکێنیت و پێی تێ بنێیت. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە دووچاری سزا و لێپێچینەوە ببیت. بۆیە خۆنەویستانە سەرنجێکی وردی چوارکەنارت دەدەیت تاکو بزانی سنووری ئەم قەدەغەیە یان ئەم پاوانە تا کوێندەرێ بڕ دەکات. چونکە ئەگەر دەوڵەتت "مەڕومالات" چوونە سنووری قەدەغەی ئەوانی دیکەوە، مانای وایە تۆ یاساشکێنیت کردووە. چونکە کەس بۆی نییە مەڕومالاتی بکاتە پاوانی ئەوانی تر، یان خێڵەکانی دیکەوە.

لە کوێستانە دوورەکانیشدا هەر خێڵە و لەوەڕگەی خۆی و شوێنی تایبەت بەخۆی

هەیە ڕەشماڵی لێ هەڵدەدات. ئەوانی دیکە بۆیان نییە توخنی بکەون. گەلێک جاران شەڕی قورسی نێوان تیرە و خێڵەکان لەسەر پاوان و قەدەغە ڕوودەدات. هەندێک قەدەغە بریتییە لە دارستانی سروشتی مازوو و بەڕوو. بێ ئەوەی بەفەرمی و بەگوێرەی قەواڵەیەک لەسەریان تاپۆ بێت، بەڵام ئەوەندە هەیە لە بابەلبابەوە بەناوی فلانە بنەماڵەوە هاتووە. هەندێک قەدەغە سەرچاوی داری دارەڕای خانووبەرە و داری سووتاندنە، کە تاکو نهۆش هەر لە بری سووتەمەنی بەکار دەبرێت، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا. هەروەها گەڵای درەختەکان وەک ئالف بەمالات دەدرێت. سەردەمانێک (خەڵووز: ڕەژوو) شی لێ دروست کراوە. کەواتە قەدەغە سەرچاوەیەکی ئابوورییە بۆ خۆی و هەم بۆ پەزەکانی. ئەگەر لە پێداویستیی خۆی زیاد بوو، دەکرێت لێی بفرۆشێت.

کەواتە بۆ پەز و گاووگۆتاڵ و ڕەوە ئەسپی خێڵ، پاوان سەرچاوەی لەوەڕی سروشتییە. تۆی بیانی و غەوارە بۆت نییە ڕاویش لە قەدەغەی ئەوانی دیکەدا بکەیت. چونکە خێڵ ئەو ڕووبەرە خاکە بە پاراستەی خۆی دەزانێت. بۆیە ئەگەر سنووری قەدەغە و پاوانیت شکاند، ئەوا بە زیانەخورۆ حیسابت بۆ دەکات و دەچیتە خانەی دوژمنەوە. ئەو حەلە دەبێ سزا بدرێیت.

بەڵام هەمیشە پرسیارێکی ڕەوا و گەورە لە کن مرۆڤی وشیار و شارستانی سەرهەڵدەدات. داخۆ بۆچی خێڵەکانی کورد بە یەکجاری قەدەغە و پاوانی خۆیان لە چنگی بیانی دەرنەهێناوە و سنووریان بۆ نەکێشاوە؟ ئەگەر شەڕی نێوان خێڵەکان لەسەر پرسی پاوان و پاوانخوازی بکەوتایەتە نێوان خێڵەکان و داگیرکەری بیانی، ئەوا دەوڵەتیان چێ دەکرد. جێی گوتنە لە عێراقی ئەمڕۆدا، بەشێکی زۆری پارێزگەی دیالەی ئێستە پاوانی خێڵی کوردبووە و لەدەست چووە.

خۆ ئاستی ژیاریی وڵاتی مەنگۆلیا، کە لە نێوان دوو سوپەرپاوەری ڕووس و چیندایە و هیچ سنوورێکیشی بە دەریاوە نییە و هێشتا هەر خێڵەکییانەیە. ئەوان تاکو ئێستەش لەسەر شێوە ئاژەڵدارییە سەرەتاییەکەی زەمانی زووی خێڵی کورد دەژین؟ کەچی ئەوان توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن؟

## ڕاپەڕین و ترش و تاڵانی

وەنەبێت ئەو ترش و تاڵانییە بێ ژمارەی بەدوای ڕاپەڕیندا ڕووی دا، هەر بەتەنیا ئاکارێکی خێڵەکییانەی ڕووت بێت و دوای ساڵانێک خەفەبوون لە پڕێکدا وەک تیراوێ هەڵدابێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری دیکەشی لە پشتەوە بوو، لەوانە هەژاری و پەژموردەییی توێژێکی بەرفراوانی جەماوەرێکی ماندووی دوای ساڵانێک گەمارۆی ئابووریی، کە لە سۆنگەی جەنگی دووەمی کەنداوەوە بەسەر وڵاتی عێراقدا سەپێنرا. خەڵکانێک هەبوون وەهایان دەزانی ئەوەی بەموڵکی گشتی ناسراوە لە بناخەدا هی ئەوانە و دەوڵەت بەخورتی لێی زەوت کردوون و نەهۆ لەم فرسەتەدا بەوان حەڵاڵە جارێکی دیکە بیکەنەوە بەموڵکی خۆیان.

لەبەینچوون و بەتاڵبوونەوەی لە ناکاوی تەواوی یاساکانی بەعس لە مانا و ونبوونی هەیبەت و هێزی ڕاپەڕاندنی سەر بەدەوڵەتی نێوەندیی لە پۆلیس و سەرباز و.. هتد. ئەوەبوو لە هەناسەیەکدا، سەدان دز و تاوانبار لە زیندان ئازاد بووبوون و ئەم هەلەیان بە سوودی خۆیان قۆستەوە. لە پاڵ تۆڵەسەندنەوەی سەرەتاییانەی جەماوەری تووڕە و هەوسار پچڕاودا لە ڕێژیم. زۆربوون ئەوانەی، کە هەڵکوتانە سەر فەرمانگەی سڤیل و تاڵانکردنیان بەخەبات و قارەمانێتیی دەزانی، ڕەنگە زۆرێکیش لەوانە، نەوەی یان کەسوکاری ئەنفالکراوان بووبێتن و ئەم هەلەیان بۆ تۆڵە قۆستبێتەوە.

لە هەناسەیەکدا نەمانی ڕۆڵی ئاین و بێدەنگەی پیاوانی ئاینی و پشتگوێ خستنی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام وەک حەلاڵ و حەرام کە لە پازدە سەدە پێشترەوە بەگوێی خەڵکدا دەدرێت. وەلێ لەو دەمدا، یاسای نەنووسراو و لە ناکاوی ڕاپەڕینی خەڵک، هەرچی ماڵ و موڵکی گشتی هەبوو بۆ جەماوەری خورۆشاوی حەلاڵ کرد. نزمیی ئاستی ڕووناکبیری لەلای خەڵک هۆکارێکی دیکەی گرینگی ئەو ترش و تاڵانییە بوو. لە هیچ کەلێنێکی دنیادا کەسانی ڕووناکبیر نابنە بەشێک لە پرۆسەی تاڵان و برۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەموو ئەم هۆکارانە نابنە پاساو بۆ قەبارەی ئەو ترش و تاڵانییەی، کە سەروبەندی ڕاپەڕین ڕووی دا.

بێگومان گەورەترین ڕاووڕووتێک، کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین و ناوچەکەشدا "ڕۆژهەلاتی ناڤین" ڕووی دابێت، تالان و فرۆشتنی پرۆژەی "بەنداوی بێخمە"یە، کە بەهاکەی دەیان ملیۆن دۆلار بوو. ئەگەر کەسێک هەبێت دوای بکەوێت. ڕەنگە لە بواری دزیدا شیاوی ئەوبێت بچێنە ژمارەی پێوانەییی (جینز)ەوە و بەناوی کوردیشەوە تۆمار بکرێت.

جێی باسە کێبڵێکی ئەستووری تەلەفۆن، کە بەقووڵایی نزیکەی مەترێک و بەژێر زەویدا بەشانی ئەو جادە سەرەکییە دوو سایدەی، کە سلێمانی بە کەرکووکەوە گرێ دەدا ڕاکێشرابوو. کوڕانی خێڵ وەک گۆڕهەڵکەنە هەڵیان دایەوە و هەتا ئەوەندەی دەستیان بەسەریدا دەڕۆیشت و بەدەست خۆمانەوە بوو دەریان هێنا و بەخوردەی مس فرۆشتیان. ئەو پرۆژەیەش هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ بایی چەند بوو؟ جێی باسە نێوانی کەرکووک و سلێمانی ١٠٤ کیلۆمەترە. کوردستانی باشوور و خەڵکە خێرنەدیوەکەی تاکو ئێستەش باجی ئەم ڕاووڕووتە دەدەن و تاکو نووسینی ئەم کتێبەش شارەکانی باشوور هێڵی تەلەفۆنیان لە نێواندا نییە.

قەت بووە قوتابخانەی پیشەسازی و پەیمانگەی تەکنۆلۆجی بەبێ ئامێر بێت؟ ئاخر چلۆن قوتابیی بەشی کارەبا بەبێ ئامێری کارەبایی و قوتابیی بەشی دارتاشی بەئامێری دارتاشی، تەنیا بەشێوەی تیۆری فێری پیشەکە دەبن؟ ئەوان بوون هەموو ئامێرەکانیان ئەودیو کرد. بۆیە تەواوی قوتابیانی پەیمانگە تەکنیکییەکان و بەشەکانی قوتابخانەی پیشەسازی، کە یەکسەر بەدوای ڕاپەڕیندا خوێندنیان تەواو کردووە، شتاقیان نازانن بەدروستی گڵۆپێک دابنێن و بەلۆعەیەک ببەستن و مەکینەیەک بکەنەوە.

بەڵام داخۆ گوناهەکە لە ملی کێدایە؟ سێزدە ساڵی ڕاپەڕین نەیتوانی دیاردەی شڕەخۆری، لە زەینی خێڵی پاشڤەڕۆی چاوچنۆکدا بسڕێتەوە. ئەوەبوو لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانانداا ئەمانیش تەکەڵ تەکەڵ ڕووە و کەرکووک شوێنیان کەوتن. بەڵام نەک بۆ ڕزگارکردن و هێنانەوەی بۆ باوشی کوردستان بەڵکو بۆ تالانکردنی.

ئەوشارە، ڕەنگە وەک سامانی ژێر زەوی، دەڵەمەندترین شاری دنیا بێت. بەڵام بێگومان خەڵکەکەی هەژارترین و ڕووت و ڕەجاڵترین و پەڕاگەندەترین مرۆڤی وڵاتی

عێـراقن. شـارەکـەیش لـە ڕووی ئاوەدانیـیـەوە، دواکـەوتووترین شـاری عێـراق و کوردسـتانە. ئەو شارەی بارزانیی ڕەحمـەتی پاشـەڕۆژی خۆی و داهاتووی حزبەکەی کردە قوربان.

کـە باس لەسـەر تاڵانی بێت، پێم باشـە لێـرەدا نموونەیەکی جـوان بهـێنمـەوە: سـەروەخـتی ڕاپەڕین، نزیک شـەقـامی ئیـبـراهیم پاشـا لە شـاری سلێـمـانی، فـەرمـانگەیەکی بچـووکی کـەشناسی هـەبوو. لـە یەکـەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە فەرمانبـەرەکانی، گەرچی بە ژمارە کەمیش بوون، بەڵام چۆڵیان نەکرد و لەو ئاخۆران و بخۆران و کەس لە کەسەدا پاراسـتیـان. هەر بە لێبووردەییی خۆیان چەند جارێک هێرشی شـڕەخـۆریان ڕەت کـردبووەوە. پێ دەچوو ئـەو شـڕەخـۆرانە هەسـتیـان بەو ئامێرە بەنرخە کردبێت، کە هێزی بوومەلەرزەی دەپێوا "سیسمۆگراف".

بەداخـەوە ناوی فـەرمـانبـەرەکـانم لە یاد نەمـاوە، وەلـێ کـاتی خـۆی لەسـەر ئەو مێرخـاسییـەی نواندیان گفتوگۆیەکم لەگەڵدا سـازکردن و لـە هەفتـەنامـەی "ئاڵای ئازادی"دا، کە ئەو دەمە وەک ڕۆژنامـەنووس بـەرامبـەر چەردەیەک مووچە کارم تێدا دەکرد، بڵاوم کردەوە.

"شەرەف" چەمکێکی ڕێژەییە و زۆر پێناسە هەڵدەگرێت. لای خێڵەکی شتێکە و لە لای سـەرباز شـتێکی دیکەیە. لای کەسانی نیشتمانپەروەریش جیاوازە. بەڵام پێم وایە ئەوانەی کارخانەکانیان لەبەریەک هەڵوەشاند، ئەوانەشی کەرەسە و ئامێرەکانی وەک هـەزاران ترەکـتـۆر، کـرێن، کـارگـەی قـیـر، دەیان ئـامـێـر و کـەلوپەلی دیکەی کوردستانیان تاڵانفرۆش کرد، کە کوردی وڵات لێ خاپوورکراو لە هەموو دنیا زیاتر پێـویسـتی پێیـان بوو، ئەوانە تاڵانچی و دز و جـەردە بـوون. بەڵام ئەوانەی کـۆنینە و ئاسـەواری کوردیان تاڵانفرۆش کرد؛ لە ڕاستیدا ئـەوە شـەرەف و مێژووی کورد بوو تاڵانیـان دەکـرد و بەچەردەیەک پارە دەیانفـرۆشت. خـۆ ئەوانە کـاڵا و کـەلوپـەلی بازرگانی نەبوون، بەڵکو ئەوێتیی میللەتێک بوون بەتاڵان دەچوون. هەموو ئەو ئامێرە دزراوە بەتاڵان فرۆشـراوانـە دەکرێ پەیدا بکرێنەوە، بەڵام گـەڕانەوەی ئاسـەوارەکـان وەک مەحاڵ وایە.

لە پێش قوتابخانەی ئەردەڵانی سەرەتاییی شاری سلێمانیدا، بیرێکی ئیرتیوازی

هەبوو، سەربەسەر بیرێک نەوتی دەهێنا. ڕۆژانە دەیان تەنکەری گەورە ئاویان بۆ خواردنەوە و ڕاپەڕاندنی کاروباری خانووبەرە؛ لێ پڕ دەکرد و ئەو بیرە هەر لە جێی خۆی بوو، چکی نەدەکرد. ئەو بیرە سەرچاوە ئاوێکی ئەفسانەیی بوو. نیعمەتێکی ئەفسانەیی بوو سروشت بە شاری سلێمانیی بەخشیبوو. مەسوولە شڕەخۆرەکان "نەیانکردە نامەردی" مەکینە و ترومپاکەیان هەڵوەشاند و بە خوردە تالانفرۆشی دیوی ئێرانیان کرد. ئیدی با شار لە تینواندا بخنکێت قیروسیا.

هەر ئامێر و کەرەسەیەکی نەخۆشخانەکان دە تمەنی بکردایە، ئەوان بەدیوی ئێرانیان تالانفرۆش دەکرد. خوێندەوار، ڕووناکبیر، خەڵکانی شارستانی، خاوەنبڕوا و ویژدان، واقیان لەم دیاردەیە ورمابوو. بێ ئەوەی هیچیان لە دەست بێت، چاودێریی دۆخە لەق و شلۆقەکەیان دەکرد و کزە لە جەرگیانەوە دەهات. ئەمەی باسی دەکەم مێژوویەکی کۆن نییە. من باسی ئاداری ١٩٩١ بەدواوە دەکەم. کاتێک خێڵی چەکدار شاری گرت؛ ئەم ئەتوارانەیان نواند. ڕۆشنبیر، کە پاشتر زۆربەیان ڕاونران و ئێستا هەریەکە و لە کونجێکی ئەم دنیایەدا لە تاراوگە دەژین، تەنیا ئەوەندەیان دەسەڵات هەبوو لەسەر ئەم دیاردەیە بنووسن. شێوەکارەکان سەدان کەڤاڵی کاریکاتێرییان لەسەر ڕاووڕووت کێشا. بەڵکو ئەم دیاردە بەربەرییە لە خۆیدا بووە هۆی دەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی هونەری کاریکاتێر لەم باشووری کوردستانە؛ کە پێشتر لەبەر زۆر هۆکار ڕێژیمی بەعسی لەگۆڕنراو ماوەی پێ نەدەدا.

بەڵام بەهێزیرین و توندترین پەرچدانەوەیەک بەندە بیستبێتی لە لایەن ئافرەتێکی نیشتەجێی گوندی بناوەسووتەی سەر بەدەڤەری پێنجوێنەوە بوو. دەکرێت ئەم ئافرەتە، کە بەداخەوە ناوەکەی نازانم ببێتە سیمبولی بەرگریی لە نیشتمان و بچێتە فیلمی سینەما و چیرۆک و شیعر و کەڤاڵی هونەرمەندانەوە. ئەو شێرەژنە خۆی بەتەنیا بە ئاڕ بی جیپەکەوە، پێش لە کاروانێک ئامێری تالانیی هەمەجۆر دەگرێت، کە دەستەیەک چەکداری یەکێک لە حزبەکان بە نیازبوون ئەودیوی ئێرانی بکەن و ناچاریان دەکات بەرەو دواوە بکشێنەوە.

هەر لەو سەردەمی ڕاپەڕینەدا کۆمەڵێک پیشە و زاراوەی نوێ هاتنە ئاراوە وەک:

گەراجی عارەبانە، لەبەر باران شەوی بە دینارێک و لە دووکاندا شەوی بە دوو دینار.. یان ئامادەین بۆ ستیلکردنی هەموو جۆرە دەمانچەیەک، ئەمە ڕستەیەک بوو، لە شێوەی ڕیکلامدا لەسەر جامخانەی هەندێک دووکان دەنووسرا. سەدان بەنزینخانەی سەفەری لەسەر شۆستەی شەقامەکان بەدەبەی ٢٠ تا ٥ لیترییەوە قوتبوونەوە. یان زاراوەی وەک: کەپرە برنجە و سفرەی ماشێنە. لە نێو ئەم زاراوە نوێیانەدا، هەبوون ئاماژەبوون بۆ ڕاووڕووت. وەک: بێ داک و باب، کە بە ئۆتومبیلی دزراوی بێ سەنەوی دەوترا و نرخی شتێک لە ئۆتومبیلی خاوەن بەڵگە هەرزانتر بوو.

تۆز و باش زاراوەیەک بوو، مەبەست پێ هەموو ئەو پڕۆژە و دەزگە و دامەزراوانە بوون، کە ناویان هەبوو وەلێ لەسەر زەمینەی واقیعدا وجوودیان نەبوو. تەنیا بۆ دەستبڕینی خەڵکی و بۆ چاوبەست بوون. هەروەها ئەودیوکردن یان ئاودیوکردن و گەلێک زاراوەی دیکەی لەمجۆرە، کە بەشێکن لە زاراوە و فەرهەنگی ڕاوڕووت. بەم دواییەش، بە شوێن هەرەسی ڕێژیمی بەعسی بەغدادا، زاراوەی علوج هاتە ئاراوە، کە گەلێک مانای لە خۆیدا هەڵگرتووە. علووج بەو ئۆتومبیلە گرانبەها تازە مۆدیلانەش دەوترا، لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بەدزێتی و بەنرخێکی تەواو داشکاو دەیانگەیاندنە کوردستان و گوند و شاری پڕ کرد.

ئەگەر لە دەوروبەری خێڵدا پیاوێکی دارا هەبوو. با ئەو دارایە بە دەست و دڵ و ئامادی دەستگیرۆیی و هاوکاریی هەژارانیش بێت، بەڵام بەلای خێڵەکییە هەژارەکەوە باشتر، یان پەسەندتر وایە شەو بچێتە سەری بۆ دزی و هەڵبکوتێتە سەری تاکو ئەوەی دەستی لێ پان بکاتەوە و داوای یارمەتیی لێ بکات. چونکە تاکی خێڵەکی نەفسی ناهێنێت داوای هاوکاری و کۆمەک بکات. لە کن ئەو دزی وێڕای ئەوەی جوامێری و بەغیرەتییە، بێ منەتیشە. بەڵام وەرگرتنی دەسەنە و یارمەتی، ئەو لە لای خۆیەوە ناوی حیزە بخۆیی لێ ناوە. وەک ئەوەی ڕاووڕووت مەردە بخۆیی بێت. یان دەشێت بڵێم: ئەوی دەستکورت کۆمەک و هاریکاریی پێ شەرمە، وەلێ دزیی بەلاوە ئازایەتییە. یان دەکرێ بڵێین: ئەوی خێڵەکیی پێی باشە ئەوەی مەبەستێتی بە تۆپزی و بە کوتەک بیسێنێ نەک بەخۆشی، یان بەدەست پانکردنەوە

وەری بگرێت. ئاوایە ئاکار و سایکۆلۆجیای تاکی خێڵەکی.

لە ڕۆمانەکەی عامر حوسێندا بەناوی "خلف الطواحين – پشت ئاشان" ڕەحمانی جەنگاوەر، کە جەنگاوەرێکی پارتیزانی "حشع"ە، ئاوا بیر دەکاتەوە: «ئەو جووتیارانە، کە سەر بەخێڵەکانی ناوچەکەن، کەسانێکی دواکەوتوون. گاڵتەیان بەهەموو چالاکییەکی سەربازی یان پێشمەرگانە دێت، ئەگەر دوای چالاکییەکە دەستکەوتێکی باشیان پیشان نەدرێت. ئەگەر هەموو تەقەمەنیی دنیامان دەستکەوت بێت، بەوەنابێت تۆپێکمان مدفع پێ ببنین.»

هەر لە ڕوانگەی ئەم دیاردە خێڵەکییە زەقەوە، کە بەردەوام لە ڕۆمانەکەیدا سەرکۆنەی دەکات؛ دەیکوتێتەوە و نەرێنی هەڵی دەسەنگێنێت؛ کەچی لە کن کەرتی ڕزگەی لەمەڕ خۆیان ئەرێنی کەوتووەتەوە و بووەتە مایەی یەکدەنگی و پتەویی ڕیزەکانیان. ئەوەتا دەڵێ: «عەشایەرن و پێوەندیی نێوانیان بەهێزە. جەنگاوەرانی جووتیارن و لە گوند و شارۆچکەکانی نێوان لووتکەکانی قەندیلدا لە دایک بوون. خۆبەخشانە لە دەوری مەسوولەکانیان کۆبوونەتەوە. لە فەلسەفە تێ ناگەن. هیچ لە شیکار و سیاسەت حاڵی نابن. بەڵام وەک نوێنەری هەژاران، یان لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێڵەکەیان داوێتییە پاڵ حزب، ئەوانیش حزبیان خۆش دەوێت. دروشمی سەرەکییان ئازایەتی و نەبەردییە و کەسێک ئەم خەسڵەتانەی تێدا نەبێت لە کن ئەوان جێی نابێتەوە.»

سەرنج بدە، تەنانەت لە ڕیزەکانی پارتێکی ئینتەرناسیونالیشدا، دیاردەی خێڵگەری و ئاکاری خێڵەکییانە هێشتا هەر ماوە و بە مەبەستی جۆشدانی جەماوەر لە دەوری خۆی، بەتایبەت بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکدار سوود لە پێوەندیی گەرموگوڕی نێوان کوڕانی خێڵ دەبینێت.

بەر لە ڕاپەڕین، لە جەنگی نێوخۆی حزبەکانی کوردستانی باشووردا لە چیا، تەماحی ڕاووڕووت و تالانی، بۆ هەڵکوتانە سەر بنکە و بارەگاکانی یەکدی و درێژەدان بەجەنگی ناوەخۆ هاندەرێکی گرینگ بوو. لە سەروبەندی ڕاپەڕینیشدا، کاتێک حزبەکان شاریان گرتا و دواتر جەنگی ناوەخۆ لە شاریشدا ڕووی دا. کاتێک هەر لایەک بەسەر نەیارەکەیدا زاڵ دەبوو، هەرچی کەلوپەلی نێو بارەگاکان بوو

بەسەر شان و لەنێو لۆریی لایەنەکەی دیکەدا دەبینران. ماڵیان بەتاڵان دەچوو. لە کاتێکدا ئەوان لە هەولێر و لە سلێمانی خاوەنی حکوومەت بوون. هیچ نەبێت ئەو لایەی بنکە و بارەگای پێ چۆڵ دەکرێت و پاشەکشە دەکات، ئەگەر وەک تەرەفێکی سەرپێچیکار حیسابی بۆ کراوە، دەبوو کەلوپەل و ملک و ماڵی بەرەو ڕووی دەزگەکانی حکوومەت بکرێتەوە؛ نەک لە لایەن چەکدارەوە ببێتە ترش و تاڵانی.

# پاژی شەشەم

## خێڵ دوای نیشتەجێبوون

### جیاوازیی گرینگ

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نیشتەجێ و گەڕیاودا هەیە. ڕەنگە جیاوازیی بنەڕەتی لەوەدا بێت، نیشتەجێ بەوەی ڕوو دەکاتە کشتوکاڵ، ئیتر دەبێتە خاوەنی ژێرخانی ئابووریی خۆی. پێوەندیی لەگەڵ زەوی و خاکدا مکوم دەبێت. جۆگە و کەناڵی ئاو و ئاوبارە ڕادەکێشێت. بیر لە پیشە دەستییەکان دەکاتەوە. دیارە، کە هەر ئەم پیشانەن دواتر دەبنە مانیفاکتۆرە و پاشتر لە وەرچەرخانێکدا دەبنە پیشەسازیی نوێ. مرۆڤی نیشتەجێ بیر دەکاتەوە، پتر مێکشی بەکار دەهێنێت و دەبێتە خاوەنی شار و شارستانییەت. بەردی بناخەی دەوڵەت دادەنێت.

ژیریتیی پتر بەپرۆژەکانییەوە دیارە لە جاران زیاتر لە ئارامی و ئەماندا دەژێ. زیاتر لە جاران لە ڕاڕایی و شەڕوشۆڕ پارێزراو دەبێت. دەکرێت بڵێین: دڵی بە داهاتووی خۆی خۆشتر دەبێت. بڕوا بەکار و پیشەی خۆی دەکات و پاشەکەوت دەکات و ماڵەکەی دەڕازێنێتەوە. واتە سەرمایە پێکەوە دەنێت و بەرەبەرە دەبێتە خاوەنی جۆران دامەزراوە و پرۆژە و داوودەزگەی مەدەنی و ڕووناکبیری.

نیشتەجێبوونی خێڵ هەنگاوێکە بەرەو پێوەندیی گرێدان لەگەڵ زانست و بەرەو ڕەنێوهێنانی زەوی و ئاشنابوون لەگەڵ ئامێرە هەمە جۆرەکانی کشتوکاڵیدا. واتە لە ڕووی دەرامەت و ئابوورییەوە دەبووژێتەوە و بەرەو پێشتر هەنگاودەنێت. وێڕای

بەروبوومەکانی ئاژەڵ، کشتوکاڵیشی دێتە سەر و تەماس لەگەڵ دەزگە و فەرمانگەکانی کشتوکاڵدا دەگرێت. سوود لە دەزگەکانی دەوڵەت دەبینێت. بۆی هەیە باخ و ڕەز لەسەر تەرزی نوێ و بنیات بنێت و لە بانکی کشتوکاڵی بەهرەمەند ببێت. منداڵەکانی دەنێریتە بەر خوێندن. واتە زانست و زانیاری بەهایان پێ دەدرێت. جگە لەوەی پێوەندیی لەگەڵ خاکدا بەهێز دەبێت؛ چونکە لە جاران پتر خێری لێ دەبێنێت و خاک دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ بژێویی؛ بۆیە لە ڕووی لۆجیکەوە وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێت لە جارانی سەردەمی گەڕیان پتریش وابەستەی خاک بێت.

بەو پێیەش خاک لە لەوەڕگەوە دەبێتە نیشتمان و بەها و مانایەکی دیکەی هەڵکشاوتر لە جاران لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە لە سەردەمی ڕەوەندایەتی شێلگیرتر بەرگریی لێ بکات و لە هێرشی داگیرکەران دەیپارێزێت. ئیدی لەمەولا، کە ناونیشان و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییی ڕوون و ئاشکرای هەیە، لە جاران زیاتر گوێدێری یاساکانی دەوڵەت دەبێت. هەر بەم پێیەش لە چاو جاراندا و کەمتر زیان بەدەوروبەری خۆی بگەیێنێت.

## لە نێوان گەڕیان و نیشتەجێبووندا

لە هەزاران ساڵ (پ. ز)ەوە کورد سەرقاڵی مەڕوماڵات و چێوداری و گەرمیان کوێستان بووە. وەک مێژوو باسی لێوە دەکات هەر کوردیش کشتوکاڵیان داهێناوە و گیانداری کێوییان ڕام کردووە. بەڵام مەرج نییە تەواوی خێڵ سەرقاڵی گەرمیان و کوێستان بووبن.

جافی دیوی باشوور، هاوینیان لە دیوی ڕۆژهەڵات، واتە هاوینیان لە سایەی دەوڵەتی ئێراندا گوزەراندووە و زستانیش گەڕاونەتەوە دیوی باشووری سەر بەعوسمانی. ئەوان هەمیشە لەم خێڵە و ژوورەدا سنووری فەرمیی نێوان عوسمانی و ئێرانیان بەزاندووە و پاشان گەڕانەتەوە باشوور، یان وەک کەریم بەگی فەتاح دەڵێت: گەڕاونەتەوە کوردستانی بابان. یەکێک لە سروشتەکانی خێڵیش ئەوەیە، کە سنووری نێوان دەوڵەتان بە فەرمی ناناسێت. بەڵکو خێڵ پێی خۆشە بەردەوام سنوورەکان ببەزێنێت.

خێڵی گەورەی جاف، سا ئەگەر لە سۆنگەی جەنگی نێوان هۆز و تایەفەکانی خۆیانەوە بووبێت، یان لە دژی خێڵەکانی دیکە، یانیش لە سۆنگەی ناکۆکییانەوە لە تەک دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانیدا، چەند جارێک ئەمدیو و ئەودیویان کردووە و جێی زستانەیان گۆڕیوە. ئێستاش جاف دابەش و پەراگەندەی نێوان سنووری جوگرافیای عێراق و ئێرانن. وەکوتر خێڵ هەتا سەرگەرمی دیاردەی خێڵەوخوار و خێڵەوژوور بێت، مانای وایە لە شارستان دوور دەکەوێتەوە. بەم پێیە، ناتوانێت بەرەو مەدەنییەت هەنگاو بنێت. ئەو لە دۆخێکی سادە و ساکاردا ژیان بەسەر دەبات و تاکەکانیشی بە نەخوێندەواری دەمێننەوە.

جێی باسە هەندێک خێڵی ڕەوەند دوای ئەوەی لە پاڵ بەخێوکردنی مەڕومالاتدا، دەکەونە سەر کشتوکاڵ و لە شوێنێک جێگیر دەبن، دوای ماوەیەک سەرلەنوێ لەبەر هەر هۆیەک بووبێت تێ هەڵدەچنەوە و جارێکی دیکە دەبنەوە بە گەڕیاو. هەروەک خێڵ هەبوون نیمچە نیشتەجێ و نیمچە ڕەوەند بوون. واتە سەریان لە هەردووکیان خوراوە. گەلێک خێڵ لە پاڵ نیشتەجێبوون و پەز بەخێوکردن و ساغکردنەوەی بەروبوومی شیرەمەنی لە بازاڕەکانی هەرێمەکەی خۆیاندا و وێڕای خۆ بە کشتوکاڵ خەریککردنیشەوە، کەچی هێشتا هەر تەواو ئارام و سەقامگیر نەژیاون. بەڵکو هەندێک خێڵ هەر کاتێک دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێت، قۆزتوویانەتەوە.

واتە هەرکاتێک حکوومەتی ناوەندی بێ هێز بووبێت، یان دووچاری ئاخۆران و بخۆران و پاشاگەردانی بووبێت، یاخۆ هاوسەنگیی هێز لە نێوان خێڵ و تیرەکانی ناوچەکەدا تێک چووبێت، ئەوا هەمدیس بایانداوەتەوە سەر ڕاووڕووت و تالانی. وەک ئەو تالانی و ڕاووڕوتەی، کە لە دوای هەرسهێنانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق، لە سەروبەندی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا ، لە باشووری کوردستان ڕووی دا.

## ئاژاوەی نێوان ڕەوەند و جووتیار

حسێن حوزنی موکریانی، لە ژمارە نۆی کۆواری ڕووناکیدا، بەسەردێری "عەشایری ڕەوەندی کورد ئیسکان بن چاکترە"، ئەو بارودۆخەی ڕوون کردووەتەوە، کە ڕەوەندی کوردی تێدا ژیاوە. چلۆن لە خێڵەوخوار و خێڵەوژووردا زیانیان بە جووتیار و وەرزێر

گەیاندووە. کشتوکاڵیان بووەتە پێخوستی ماڵاتیان و هەم پاوانیان خوراوە. کاتێک لەسەر زیانەخرۆیی لە دیوی ئێران شکاتیان لێ کراوە هاتوونتە دیوی عێراق. کاتێکیش لەمدیو شکاتیان لێ کراوە خۆیان بە ئێراندا کردووە. بۆیە ئەم نووسەرە دنیادیدەیە داوایان لێ دەکات واز لە ژیانی ڕەوەندایەتی بهێنن، تاکو هەم خۆیان بحەسێنەوە و هەم جووتیاریش لە وەزەنیان بەدووربێت.

«بۆچی دەبێت ئەو دێهاتانەی بەسەریاندا گەرمێن و کوێستان دەکەن لە پێپەستی و زەرەر و زیانیان نەپارێزێت؟ دێتە بەرچاوان هەر ناگوزیری و ناڕەحەتییەک بووبێت و کاربەدەستەکان لە دەستی ڕەنجیدە بووبن و دانیشتوانی جێگایان تووشی زەرەر و زیان بووبن و کاسب و ڕەنجبەر و سەپان و جووتیار تێیدا زەرەرمەند بووبن. هەمووی لە دەست ڕەوەندی گەرمێن و کوێستانکەرەوە بەسەریان هاتووە. ئەوە لەلایەک بمێنێت کە زۆر جەوهەرییە، لەو هاتن و چوون و گەرمێن و کوێستانەی ڕەوەند، جگە لە زەرەر و مەسرەفی پتری ئێمە، ئیستیفادەیەکی مادی و مەعنەوی لێ نەکراوە. بۆ مەسڵەحەت و مەنفەعەتی عامە ئیسکانکردنیان لەو خاکەی کە هی میری و خاڵین، دامەزراندنیان زۆر بەکەڵکتر دێتە بەرچاوان لەوە کەوا گەرمێن و کوێستان بکەن. چونکە نەخۆیان لەو ژیان و هاتوچوونە خێردەبینن و نە بۆ کەسیش بەکاردێن. نەبۆ ڕۆژێک دەبنە ماڵ و دەکەونە مەیدانی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە و مەدەنییەتەوە. هەروا بێ ڕێوجێ و موڵک و خاک و وەتەن، گەڕان و سووڕاندنەوەیەکی بێ سوود و جێگەی ئەسەفە.»

لە ڕاستیدا بنە و بارگەی خێڵ، لە گەشتی ساڵانەی خۆیاندا بۆ کوێستان و لە گەڕانەوەیاندا بەرەو گەرمیان بەهەر کوێیەکدا ڕەت بووبن، لە سەر هەرکانی و ئاوێک لایان دابێت، هەر پاوانێک پەزیان تێ کردبێت، ئەو ماوەیەی کە لەوێ ماونەتەوە بەهی خۆیان زانیوە و باکیان لە خاوەندارێتیی ئەو پاوەن و ئاوو شیناوەردانە نەبووە. لێرەشەوە ئاژاوە و پاشاگەردانی و شەڕ و شۆڕیان ناوەتەوە و لێشی بێ منەت بوون.

لەم ڕووەوە، کەمال میران، لە کتێبەکەی خۆیدا ئەم سەربوردەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە: «ساڵی ١٩٠٥، تیرەی هەرکی لە کوێستان دەگەڕانەوە، لە بەستۆرەوە هەتاکو دەربەندی گۆمەسپانیان داگیر کردبوو. مەڕوماڵاتی خۆشناویان تاڵان کرد و

مەڕومالاتی خۆیان لە ناو دەغڵ و باخ و ڕەزی خەڵکی گوندەکان کرد. ئەگەر خەڵکەکە قسەیان بکردایە پێیان دەگوتن: دەغڵ و دانتان بگوێزنەوە. ئیدی خەڵکەکە هاواریان بردە بەر میرانی ئەحمەد بەگ. بڕوانە: خۆشناو و خۆشناوەتی، ل/٤٨-٤٩»

## کۆچ یەکسانە بەئازادی

تاکی خێڵەکی، جووتیار بەکۆیلەی زەوی دەزانێت. ئەو پێی وایە جووتیار شەش حەوت مانگان بەدیار خاکەوە دادەنیشێت، دەستی لێ پان دەکاتەوە، سواڵی چەند فەردەیەک دانەوێڵەی لێ دەکات، تاکو بیکات بەنان. وەلێ کوڕانی خێڵ لە سروشتی بادان کۆیلە ناکرێن.

عومەر پاشای بەڕەگەز هەنگاری لە ساڵی ١٨٧٥دا بووەتە والیی بەغدا، کاتێک «داوا لە حەمە پاشای جاف دەکات لە ناوچەی شارەزووردا زەویزار بکڕێت، بەمەرجێک جافی کۆچەریی تێدا نیشتەجێ بکات و ڕەسمێک بخاتە سەریان. حەمە پاشا ئەم فرمانەی بەدڵ نابێت، چونکە وەهای لێک دەداتەوە، گوایە دامەزرانی هۆزەکانی جاف و خەریکبوونیان بەکشتوکاڵەوە مانای بەدیلبوونیانە. بەم کارە سەربەستیی خۆی و هۆزەکەی لە دەست دەدات. ئیتر بەم بۆنەیەوە حەمە پاشا سەرپێچی لە فرمانی عومەرپاشا دەکات و پێی ڕادەگەیەنی، کە ئەوان وەک بازێک سەربەستن و کوێیان بەدڵ بوو لەوێ دەنیشنەوە، چۆن بەدەستی خۆیان دەست و پەلی خۆیان دەخەنە زنجیرەوە؟ هەر شوێنێک ئەوانی پیا بڕۆن موڵکی جافە چ لە ئێران و چ لە عوسمانی. تەئریخی جاف. ل ٥١-٥٢»

بەم شێوەیە ئەوان ئازادییان لە کۆچەڵکۆچدا بینیوە و نیشتەجێبوونیشیان بەلاوە دیلێتی و کۆتوبەند بووە. بەڵام هەر حەمە پاشا خۆی، کە پێ دەچێت لە بیرۆکەی کۆچ و کۆچبار ژیوان بوویێتەوە. قەلای شێروانەی نوێژەن کردووەتەوە. دیارە قەلاداریش بەنیازی دامەزراندن و داسەکنینە. هەرچی چۆنێک بێت، قەلای شیروانە یادگارێکی جوانە، لە سەرخێڵێکی جاف جێ مابێت و نەهۆ بتوانرێت وەک ئاسەوارێکی بەنرخ و بەمانا ئاماژەی پێ بدرێت. لێرەوە دەشێت بڵێین: ڕەنگە

حەمەپاشای مەزنە سەرخێڵ، لە خەیالاتی سەربەخۆبووندا بووبێت. دیارە بەبێ دامەزراندن و نیشتەجێبوون دەوڵەت چێ نابێت. چۆن دەکرێت حکوومەتێک چێ بکرێت، هاوینان لە کەلیخان و زستانان لە گەرمەسێر بێت؟

لە کتێبی خێڵەکانی کوردستاندا هاتووە: «سێر مارک سایکس پێی وایە، کە مەدحەت پاشا، سیاسەتی نیشتەجێکردنی بەسەر خێڵە کوردەکاندا پراکتیزە کرد. بەڵام خەلیفەکانی دوای خۆی، سیاسەتەکەی ئەویان بە شێوەیەکی توندوتیژ پیادە دەکرد. بەڕادەیەک کاری زۆری کردبووە سەر بەرژەوەژندی و مگێزیان. ئامانجیش لەم سیاسەتە گوایە هێمنکردنەوەی خێڵە ئاژاوەگێڕەکان بووە. ئەو خێڵانەی کە مێژوو سەلماندوویەتی ئەگەر دادپەروەرانە مامەڵەیان لە تەکدا بکرێت، هیچ کێشەیەک بۆ حکوومەتێکی نەختێک بەهێز دروست ناکەن. ئەمانە لە کاتی جەنگدا هێزێکی تۆکمە پێک دێنن. ئامانج لە هەوڵی نیشتەجێکردنی کورداندا ئەوەبوو، وەک هەنگاوێکی سەرەتا بۆ تواندنەوەیان لە نێو جەماوەری بەربڵاوی تورکدا، ناچاریان بکەن وازلە داوونەریتە ڕەسەنەکانیان بهێنن. ل ١٢٧»

لەو ڕۆژەوەی زۆرێک لە خێڵەکان بەرەو نیشتەجێبوون چوون و دەستبەداری گەرمیان و کوێستان بوون. ئیدی گۆڕان بەسەر شێوازی ژیانیاندا هاتووە. ئەوان ئیدی ژیانە ساکارەکەی جارانیان نەگوزەراندووە. ئیدی لە بری چیغ و ڕەشماڵ پێویستییان بە خانووبەرە هەبووە. سەرخێڵ لانی کەم کۆشکێکی بۆ خۆی بنیات ناوە، کە لە هەمان کاتدا قەڵایەکیش بووە بۆ پارێزگاری و خۆپاراستن لە شاڵاوی خێڵە ناحەزەکانی. ئەم قەڵایە وارشی ئەستوور و بەرزی هەبووە. هاوکات قوللە و کونە مەتەرێزی بۆ بەرگری و چاودێریی بەردەوام تێدا بووە.

## ماڵی سەرخێڵ داڵدەیە

ماڵی سەرخێڵ هەردەم چواردەوری بەسوارەی تەیار و جەنگاوەر تەنراوە. نۆکەر و کارەکەری هەبووە تاکو پێشخزمەت بن. سەرخێڵ هەوڵی داوە بەپێی توانا ئارامیی قەڵەمڕەوی خۆی بپارێزێت. چەندی لە دەست هاتبێت کەمتەرخەمیی لەوەدا نەکردووە، کە جەردە و ڕاووڕووتکەر لە سنووری خێڵەکەی دوور بخاتەوە. تاکو بەر

لەوەی هەرای نێوخۆ و دەرەکی یەخەگیری بێت، هەوڵ بدات ئەم خۆیان لێ بپارێزێت. ئەگەر ناکۆکییەکیش لە نێو ڕیزەکانی خێڵدا سەری هەڵدا، خۆی بکەوێتە بەینەوە. بەم پێیە سەرخێڵەکان کۆشاویانە جێی دڵنیایی و متمانەبن.

ماڵی سەرخێڵ داڵدەیە. ئەوەی پەنای بۆ هێنا، هەر کەتنێکی لە دەست قەومابێت، بەژن هەڵگرتن و پیاوکوشتنیشەوە. ئەوا لەوێدا ژیانی پارێزراوە، هەتا سەرخێڵ بۆخۆی بەشێنەیی لێی دەکۆڵێتەوە و مەسلەت چێ دەکات. لە کۆشکەکەیدا جێی تەرخانی بۆ پێشوازیی لە میوان هەیە. چونکە لەم دۆخە نوێیەدا، پێوەندی و هامشۆی پتر لە نێوان هۆزەکانی دیکەی دەر و دراوسێدا دێتە ئاراوە. کاربەدەستانی دەوڵەتیش بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی هەرچی ئاسانتری کاروباری خۆیان، وەک کۆکردنەوەی باجی زەویوزار و باجی سەر ئاژەڵ، یاخۆ گرتنی سەربازی تەوزیمی پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵدا گرێ دەدەن و هامشۆی دەکەن.

سەرخێڵ لە جاران گەرمتر میوانەکانی بەخێر دەهێنێت و هەتا دەرەوەی کۆشک بەپیر گەورە میوانەکانیەوە دەچێت و لە ماڵئاواییشدا هەتا دەرێی کۆشک بەڕێیان دەکات. برێک جاران ئاغا خۆی، بەپێیان بێت یان بەسواری، لەگەڵ سوارێک، یانژی چەند سوارێک لە دەستە و دایەرەی خۆی لەگەڵ میوانە نەجیبزادەکاندا، قەدەرێک بۆ بەرێکردن یاوەریان دەبن تاکو دەیانخەنە سەر ڕاستەڕێ.

وەک پێشتریش باسمان کرد ئاغای کوردیش بەنزیکەی هەموویان خۆ بەمەزنزانن. بەڵام وەک نووسەرانی گەشتنامەی "مد البشرية" باس دەکەن، سەرخێڵە دیار و ناودارەکان لەگەڵ میوانی بیانیدا جیاواز مامەڵەیان کردووە. چونکە وەک داوونەریت، هەردەم بچووک لەبەر گەورە هەڵدەسێت: «زۆربەی شێخە ناودارەکان بەئەنقەست لە دەرەوەی دیوەخان بوون کاتێک میوانە ئەوروپاییەکان خۆیان لێ بەژووردا کردووە، تاکو لە پێشوازیاندا ناچار بەهەڵسان نەبن، بەمەیش سەلماندوویانە، کە لەوان لە پێشترن. ل ١٢٠»

بەسەرێکی دیکە، ئاغا لە ماڵی خۆیدا چەند خزمەتی میوان بکات ئەوا پێی گەورە دەبێت. ئەوان هەردەم بەپێی دڵ و مگێز و ئاستی کۆمەڵایەتیی میوانەکانیان دەجووڵێنەوە. ئێوە ئەگەر دەستەیەک ئەفەندی بن و ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێتان بکەوێتە

دیوەخانی سەرخێڵێک، ئەوا ئەو بەلایەوە ئاساییە ئەگەر کاغەزی کۆنکانتان بۆ پەیدا بکات و لەگەڵیشتاندا بخواتەوە. مەگەر ئاغا بۆ خۆی کەسێکی ئاینی بێت. تۆی میوانی ئاغا ئەگەر ئارەزووت لە ڕاو بێت، ئەوا تووله و تانجیت شوێن دەخات و بە ئاسانی دەتباتە ڕاو و شکار. ئەگەر کەسێکی ئاینیش بیت، ئەوا بەرماڵیان ئامادەیە.

هەردەم کۆشکی سەرخێڵ جبەخانەیەک بووە بۆ خۆی. ئاغا هەوڵی داوە نوێترین چەکی سووکی سەردەمەکەی خۆی بەدەست بێنێت. ئەسپی ڕەسەنیش لە تەویلەی ئاغایان نەبڕاوە. بەم دواییەش پێویستیان بە نوێترین مۆدیل ئوتومبیل و هەموو ئەو تاخمانەش هەیە، کە لە کۆشک و سەرا و تەلاری فەرمانڕەوایاندا بەرچاو دەکەون. لە دەرەوەی کۆشکیش ترەکتۆر و مەکینەی دروێنە و ئوتومبیلی باریان گەرەکە تاکو فریای دێبەرەکانیان بکەوێت. لەم قۆناغە نوێیەدا ئاغا بەبێ زەویوزاری دێم و بەراو هیچ نموود و دەسەڵاتێکی نییە، بۆیە ئەوان بەدەوروبەری خۆیاندا پەلیان هاوێشتووە. بەزۆر بێت یان بەخوایشت، دەستیان بەهەر پارچە زەوییەکی بەپیتدا گەیشتبێت لەسەر خۆیان تاپۆ کردووە.

## جووتیاری بارگران

بۆ دابینکردنی خەرجیی کۆشک و سەرا و کەنیزە و خزمەتکار، پێویستییان بەخەرجی و پارەوپوولی لە جاران زیاتر دەبێت. لێرەوە دەبوو جووتیار ساڵانە چەندین جۆر باج، لە ژێر ناونیشانی جیاوازدا، لە پاڵ موڵکانەدا بە ئاغای خۆی بدات؛ کە لە سەردەمی گەڕیاندا پێیان ڕانەهاتبوو. لەم سۆنگەیەوە چەوساندنەوەش لەسەر جووتیار زیادی کردووە. ئەوان هەتا سەرقاڵی گەرمیان و کوێستان بوون، خەرجی و تەکلیفیان کەمتر بوو. ئێستا دەبێت بەمدەست و بەودەست هەڵپە بکەن.

ئاغا و جووتیار ڕۆژ لە دووی ڕۆژ پتر لەیەک دووردەکەوتنەوە. تادەهات جووتیار هەژارتر و ئاغاش دەوڵەمەندتر دەبوو. توێژی پاڵە و ڕەنجبەر، کە هەژارترینی توێژی گوندنشینە، لە نێوەندەکەدا سەری هەڵدا. بەتێپەڕینی زەمانیش کەلێنی گەورەتر دەکەوتە نێوان توێژەکانی دێهاتنشینەوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا، سەرخێڵەکان کاربەدەست و هەندێکیان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوون. ئەوان پاڵپشتی ڕێژیمی شاهانە بوون. ئەوەندە جووتیاریان چەوساندبووەوە، بێگار و کاری نارەوایان پێ کردبوون و برە مڵکانەی زۆریان لێ سەندبوون. شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بەجارێک بوو بەجەژنی جووتیاران. جووتیاری کورد تەواو بەم شۆڕشە خرۆشابوون و دڵیان پێی خۆش بوو، ئەگەرچی شۆڕش زوو لە ڕێبازی خۆی لای دا.

هەردەم زۆرترینی ئەوانەی بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی، دەرژانە سەر شەقامی شارۆچکەکان، لە توێژی جووتیار بوون. بێگومان ئەوسا ڕێژەی جووتیار لە ئێستا زیاتربوو. بۆیە ئیدی دوای بەرپابوونی شۆڕش، لە ترسی هەڵچوونی جەماوەری جووتیار، زۆرێک لە بەگزادەکان ناچارانە زێدی خۆیان جێ هێشت و نەیانتوانی چیتر لە گوند و شارۆچکەکان خۆیان ڕابگرن. دروشمە ساکارەکانی، کە هەمیشە لە شاری هەڵەبجەی مەڵبەندی ئێڵی خێڵی جافدا، لە بۆنە و ڕێپێوانەکاندا دووبارە دەبوونەوە و تێکڕای جەماوەر لە دوای ئەوانەوە دەیانوتنەوە، ئەمانە بوون:

فەلاح ئەرزی بۆ خۆیەتی

بەگزادە باوکەڕۆیەتی

فەلاح ئەرزی کێڵاوە

ئاغا قوڕی پێواوە

دروشمەکان سادە و ساکار بوون. لە ئاستی تێفکرینی ئەو سەروبەندەی توێژی جووتیاردا بوون. بەڵام لە ناوەڕۆکیاندا قەهر و قینی ساڵانێکی زۆری چەوساندنەوە بەدی دەکرێت. جێی ئاماژە پێدانە، لە هەندێک ڕێپێواندا، بەدەم مست بەرزکردنەوە و تووڕەبوونێکی زۆرەوە ناوی هەندێک لە بەگزادەکانیشیان دەوت و هەڕەشەیان لێ دەکردن.

وا دەردەکەوێت بەگزدەکانی ناوچەی هەورامان نەیانئاوزابێت سەرە گوریسێکیش بگرنە ئەستۆی خۆیان. وەک سەرچاوە ئاگەدارەکان باسی لێوە دەکەن، ئەوان لەسەر کردە و کۆششی جووتیاران مشەخۆر بوون و دڵۆپێک ئارەقەیان نەڕشتووە.

«مـحـەمـەد ئەمین هـەورامـانی، لە زمـانـی تۆفـیق بەگـەوە نووسـیویەتـی: دێهاتەکـانی هەورامـانیش، بەپێی زۆریی ژمـارەی بەگـەکـان، نەدەگـونجـا، کـە هەر یەکـە لەوانە حـاکمی یـاخـۆ بەگی دێیـەک بێت، بۆیـە هەر چەند مـاڵێک دراوە بە بـەگێک، بۆ ئەوەی ئەو بەگە بەهۆی کار و کاسبیی ئەوانەوە، یاخۆ بەسەر ژیانیانەوە بژیی. چەند ماڵێک لە شاردا سەر بەمن بوون و بەم جۆرەی لای خوارەوە دەیانژیانم:

ماڵی دوو بار دار بۆ هەر ساڵێک.

ئاڵفانە و مەڕانە و مریشکانە و باخانەیان بۆ دەهێنام.

زەکاتی دانەوێڵە، باخ و زەوی فرۆشتنیان دەدامێ.

ژن بەشوو دەدرا، دیارییان بۆ من دەهێنا.

ئاڵف و کـۆکـەن، کـەپر و کـوچ و هەندێک شـتی دیکە، بەهـۆی ئەوانەوە، بـۆ من جێبەجێ دەکرا و دەهێنرایە ماڵەوە.

بەکورتی میللەت کاسبیی دەکرد و ئارەقی دەڕژاند و ئێمە دەمانخوارد و دەچووینە مـزگـەوت نوێژمـان دەکـرد و قلیـانمان دەخـوارد و دەهـاتینە مـاڵەوە و دەنووسـتین. مێژووی هەورامـان ل ٨٨٨–٨٨٩» جێی باسە کۆکەن، مەبەست پێ ئەو گیاوگۆڵەیە، کە لە کوێستـان بۆ خۆیان شین دەبن. دەکرێن بەگزرە، دواتر لە زستـانی سـەختی هەوراماندا وەک ئاڵف بە مالآت دەدرێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا لەسەر هەورامان هەڵوێستەیەک بکەین. پێم وایە ئەم دەڤەرە کە نزیکەی سێ سەد گوندە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ملیۆنێکە و ڕووبەرەکەی هێندەی وڵاتی لوبنان دەبێت. بەر لە هەمـوو دەڤـەرەکـانی دیکەی کـوردسـتـان داسەکنیون. بۆیەکا پەرۆشی و خۆشەویستییان بۆ خاک بێ سنوورە. کەس وەک هەورامی بەتەنگ ئەو بستە خاکە بەردینەوە نییە، کە هەیەتی. ئەو تاکێکی ڕەنجکێش و پشوودرێژە. بەسەبر و بەزەبرە. لە چاو دەڤەرەکانی دیکەدا چاکترین و شیاوترینی خانووبەرەی هەیە. ئەوان لە هونەری بیناسازیدا کارامەن. لەم کارەیاندا، تەنیا پشت بە کەرەستەی خاوی لەمەڕ خۆیان دەبەستن. ڕەنگە تاکە شوێنی جیهانیش بێت، کە دانیشتوانەکەی بەوشکە کەڵەک و وشکەچن دیواری خانوویان بەرز بکەنەوە. ڕەنگە سروشتی ناوچەکەش ئەو تەرزە تەلارسازییەی سەپاندبێت.

## دیاردەیەکی سەرنجکێش

زۆر جێی سەرنجە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان شوانکارە و چێوداری کورد توانیبێتی بەدەیان ملیۆن سەر مالآت لە مەڕ و بزن و گاوگۆتاڵ بەرهەم بهێنێت؛ بەڕادەیەک وەک مێژووی نزیک بۆمانی دەگێڕێتەوە، خێڵەکورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرچاوەی گۆشتی هەموو سەربازگەی گەورە و گرانی دەوڵەتی عوسمانی بوون. کەچی لەگەڵ پێشڤەچوونی کۆمەڵدا و لەگەڵ نیشتەجێبوونی خێڵیشدا، هێشتا هەر ئەم هەموو مالآتە زۆرە، هیچ جۆرە پیشەسازییەکی شیرەمەنیی لێ نەکەوتەوە.

گۆڕانکاریی تەنیا لە شێوە و ڕوخساردا بوون نەک لە گەوهەردا. لە چەندێتیدا بوون نەک لە چۆنێتیدا. واتە بەشکڵ ئاغا قاتی ڕۆژئاوایی دوا مۆدیلی پۆشیوە و سواری دوا مۆدیلی ئوتومبێل بووە. دەنا لە ناخرا ئاغای کورد هەر بەسەر پشتی کەونە بارگیرەکەوە بووە. لە بیرکردنەوەشدا هەمان مێنتەلێتیی خێڵ بزوێنەری بووە.

هەر ئاغایەک ملی بگریت ئەگەر خاوەنی پێنج سەد سەر بزنیش بێت، کە ژمارەیەکی گەورە نییە، بەلآم بەمەرجێک لە بن جامەدانییەکەیدا ئاوەزێکی زیندوو لە کاردا بێت، ئەوا دەتوانێت بەئاسانی کارخانەیەکی پەنیر چێ بکات و مۆر و مارکەی خۆی لێ بدات و کەسیش لە هیچ سەردەمێکدا ڕێی لێ نەگرتووە. ئەوەتا هەر لە فەڕەنسا و هۆڵەندە و ئینگلستانەوە بیگرە تا وڵاتانی ناوچەکەی خۆمان، پیشەسازیی شیرەمەنیی تایبەت بەخۆیان هەیە.

تەنانەت دوورگەی گچکەی چەند سەد کیلۆمەتریی وەک دورگەکانی کەناریش پەنیری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە تامی لە پەنیری هەموو دنیا جیاوازە، کەچی وەکوتر هەزاریەکی کوردیش مەڕومالآتیان نەبووە. ئەم چەق بەستنەش ڕێک مانای ئەوەیە، کە خێڵەکیی کورد، نەک هەر لە ڕووی ڕوناکبیری و سیاسی و کۆمەلآیەتییەوە، بەڵکو تەنانەت لە بواری چێوداریيشدا، کە پیشەیەکی تەواو ساکار و سەرەتاییە، تێی نەهێناوە. لە دوای دنیاوەیە و ناکارایە. خۆ پیشەسازیی پەنیر و ماست و کەرێ بۆ نموونە کارێکی تەواو ئاسانە و پێویستیی بەدەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ نییە. ئەوەتا لەم ڕۆژگارەشدا تەنانەت دۆش لە دەرودراوسێ دەکڕین.

## بەپیرۆزکردنی دەسەڵات

کاتێک ئاغا لافی شێخایەتی و خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی پێغەمبەردا لێ دەدات، ئەوە مانای وایە خۆی وەک زاتێکی پیرۆز بە دەوروبەر دەناسێنێت. زاتێک ئیدی دەکەوێتە سەرو هەموو لێپێچینەوەیەکی دنیاییەوە. ئەو حەلەش دەبێت باجەکەی جووتیار یاخۆ مسکێن بیدات. ئەو لەمەولا، سەرباری ئاغایەتی، بەناوی ئاینیشەوە دەپەیڤێت. لە ئەهلی بەیتەوە نزیکە و دوو پلە لە جووتیار بالاترە. هەم ئاغایە، هەم شێخ. ئیدی قسەکانی دەبنە ویرد و فەرموودەی موبارەک. دەم و نەفەسی کار دەکەن. دوعا و نزاشی گیرایە. هەر پارچە پەڕۆیەکی ماڵەکەی بگرێت دەبێتە موفەڕک و شفای دەردان. ئیدی فەرمایشتەکانی ڕەتبوونەوەیان نییە. ئەوەیشی پرکێشی بکات و لێی هەڵبگەڕێتەوە ئەوا هەردووک چاوی کوێر دەبن و گەروگول دەبێت. هەڵگەڕانەوە لە جەنابی شێخ هەڵگەڕانەوەیە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، یان هەڵگەڕانەوەیە لە هەردوو دەسەڵاتی دنیایی و ئاینی. هەڵگەڕانەوەیە لە وەلی ئەمر. بۆیە شێخ خۆی دەبێتە بکوژوبڕ و مەرجەع.

ئەو جووتیارەی بۆ فەرمایشتەکانی گوێڕایەڵ نەبێت، شێخ دەتوانێت بەچلەی زستان لە گوند قاوی بدات. لە چلەی زستاندا فڕێی بداتە حەوزی مزگەوتەوە یان جەریمەی بکات و بیکاتە گەپجاڕی زەمان. دەوڵەتیشی لە پشتە. ئەم جۆرە ئاغا دەبڵ دەسەلاتانە لە زۆر ناوچەی کوردستاندا دژ بەزانست و کردنەوەی قوتابخانە بوون. نەبادا منداڵی جووتیار لە دوارۆژدا ببنە خوێندەوار و فام بکەن و وشیاری لە ناویاندا بلاو ببێتەوە. دەم لە پۆلێتیک و هزرەوە بدەن و باسی چەوساندنەوە بکەن، دەستوپێوەند و ڕەشە خەڵکەکەیان لێ هان بدەن و جێ بەدەسەلاتی پیرۆزیان لێژ بکەن.

بەسەرێکی دیکە ئەم (شەجەرە – درەختی بنەماڵە) بۆ خۆ چێکردن و خۆبردنەوە سەر عارەب و بنەماڵەی حەزرەتی محەمەدە، کە بێ بناخەیە و لە کەمسەریی نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو حیسابە بووە، گوایە ئەگەر ئاغا بە نەژاد عارەب بوو ئەوا خۆی لە کورد بە خانەدانترو بالاتر دەزانێت. ئەمەشی هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە تاکو مسکێنی کورد، لەچاو ئەودا، پلە دوو و سێ دەربکەوێت و

بەناچاری کڕنووشی بۆ ببەن. ئەم دۆخەیان بۆ ڕێژیمی بەعس، کە هەردەم بۆ عارەباندنی گەلی کورد لە هەنجەت دەگەڕا، فرسەتێکی ناوازە و لەباربوو.

بەعس زۆر دڵی بەو کوردانە دەکرایەوە، کە خۆیان بە شێخ دەناساند. زەویی بەناوەوە تۆمار دەکردن. پلە و پایەی دەدانێ. دەیلاواندن و مانگانەی بۆ تەکێکانیان بڕیبووەوە. دەیویست و بەجدی کاریشی بۆ دەکرد، نەک بەتاک بەڵکو وەک خێڵ، بەکۆ بیانعارەبێنێت و بەفەرمی خۆیان بەعارەب بنووسن. شۆڕش حاجی، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی تەعریبی کەرکووک، بە ناونیشانی بەڵگەنامەی چل و سێیەم، هەم بەڵگەنامەکەی پێشان داوە و هەم ڕوونی کردووەتەوە، دەڵێت:

«عەشیرەتی بەرزنجە لە ناوچەی کەرکووک یەکێکن لەو عەشیرەتانەی حکوومەتی بەعس هەوڵی داوە، کە بە عەرەب بیاننووسێت. دیارە هەوڵەکانی حکوومەت کاری کردبووە سەر کۆمەڵێک کەس لەو عەشیرەتە بۆ ئەوەی خۆیان بە عەرەب بنووسن. بەڵام کۆمەڵێکی تر لە ئەندامانی ئەو عەشیرەتە ڕازی نەبوون، کە نەتەوەی خۆیان بگۆڕن بەعەرەب. بەپێی ئەم نامەیە، ئەو دوو جۆرە کەسانە لە شێوازی هەڵسوکەوتدا جیا کراونەتەوە. هەر کەسێک ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی ڕاست نەکردبێتەوە، واتە لە کوردییەوە نەیگۆڕیبێت بۆ عەرەبی و فایلی نفووسەکانیان لە دەوری پارێزگای کەرکووک بێت، مافی موڵکایەتییان لەو زەوییانەدا نامێنێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی خۆیان کردووە بەعەرەب دەتوانن داوای گێڕانەوەی زەویوزارەکانیان بکەن و بۆ هەر کەسێک ١٢٠ دۆنم زەوی دابین بکرێت. ل ١٨٠ - ١٨١»

بێجگە لەمەیش، سەرخێڵی کورد بەوە لە سەرخێڵی عارەب و تورک جیا دەکرێتەوە. ئەم خۆی بە نیمچە خواوەندێک زانیوە. سیاسەتی ترس و تۆقاندن و جەریمەکردنی بەرامبەر مسکێن بەکارهێناوە. ویستوویەتی دار و بەردی کوردستان لەسەر خۆی تاپۆ بکات و مسکێنی وەک کۆیلە سەیر کردووە. وێڕای ئەو هەموو باج و زەریبەیەی، کە لەسەری داینابوو، هەرکاتێک باج و خەراجی بۆ حکوومەتی ناوەندی کۆ کردبێتەوە بڕێکیشی بۆ خۆی لاداوە. لە کاتی سەربازگرتندا کۆمەکی حکوومەتی کردووە. لەم دواییانەدا هەندێکیان بۆ بەدەستەوەدانی نەیارانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چاوساغ بوون. دواجار ئەوەبوو، شان بەشانی هێزی نیزامی

و دەزگە سەرکوتکەرەکانی دیکەی دەوڵەتی عێراقی بەعس، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەوەندەی پێیان کرا کوردیشیان ئەنفال کرد.

## سەرخێڵ یان کۆنت و بارۆنەکان؟

ئێستا ئەگەر سەردانێکی شارە گەورەکان و دەوروبەریان بکەیت، ئەوا دەیان کۆشک لەسەر شێوەی سەرا و کۆشکی کۆنت و بارۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپایان لێ دەبینیت. ئەم کۆشکانە هی سەرخێڵە نوێیەکانن. دەیان نۆکەری تفەنگچی، کە مانگانەیان لە مووچەی زۆرێک لە فەرمانبەران بەرزترە، بەدەوریاندا دێن و دەچن و شەو و ڕۆژ ئێشکیان دەگرن. هەندێکیان خاوەنی ڕووبەرێکی فراوان زەویوزارن. هەیانە دوای دەیان مەتر ئەمجا دەتوانیت لە دەروازی سەرەکییەوە بگەیتە بەرهەیوانی کۆشکەکەی. هەریەکە لەم کۆشکانە چەندین ئۆتومبێلی دوا مۆدێلیان لە پێشدا وەستاوە، کە لەبەر زۆریی مەسرەف و گرانیی نرخی خۆیان و سپێرپارت و گومرگ و عەردانە و تەئمینکردنیان، لەم وڵاتانەی ئەورووپا بە ئاسانی بەهەموو پارەدارێک ناکڕێن.

ئەمانە بەناو لە شارەکاندا ژیان بەسەردەبەن. وەکوتر هەر خێڵەکییە وشکەکەی جارانن و لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی شارستاندا ناکۆکن و ڕانایەن. چونکە وەک هەموو خێڵەکییەک ناتوانن پابەندی ئەو کۆیاسایە بن، کە شارستان بەڕێوە دەبات، ئەو یاسایەی کە خۆیان دایانناوە، هەر خۆشیان لە پێش هەموواندا سەرپێچیی لێ دەکەن. چونکە تاکی خێڵەکی ئازادیی خۆی لە سەرپێچی یاسای باودا دەبینێتەوە.

هەروەک لە ژێر سێبەری خێڵدا دەسەڵاتی دادوەریی "السلطة القضائية" پایەدار و سەربەخۆ نابێت. چونکە کوڕانی خێڵ بڕوا بەیاسایەک ناکەن و دانی پێدا نانێن، کە لە پێش هەموواندا لە خۆیان بپێچێتەوە. ئەوان یاسای تایبەت بەخۆیان پەیڕەو دەکەن، کە ئەویش یاسای خێڵە. ئەوان خەڵکانی کۆلکە میلیتارن و بەکۆمەڵگەی مەدەنی نائاشنا و ناحەزیشن و ناتوانن دەستبەرداری چەکەکانیان بن. بەبێ خۆڕانان و سینگ هەڵکیشان و تەقەی خۆشی هەڵناکەن. چونکە هەرکاتێک وازیان

لە چەک هێنا ئیدی سەرپشکایەتیشییان لە دەست دەدەن و کۆتاییان پێ دێت. بۆیە زەحمەتە ئامادەی بە موئەسەساتکردنی دەوڵەت بن. لە دەوڵەتی موئەسەساتدا ئەو باق و بریقەیان نامێنێت و نابنە جێی سەرنج و سەرسامی.

خێڵەکییش هەردەم بەشوێن باق و بریقەوەیە.. لە سایەی دەوڵەتی یاسادا هاووڵاتیان یەکسانن و ئەوان گەرەکیانە ئاغابن و گەل خزمەتکاریان بێت. لە سایەی یاسادا لێپرسینەوە هەیە. لە گەندەڵ دەپرسن: «ئەم حەمکە پارە و ئاپارتمان و زەویوزارەت لە کوێ هێنا؟» ئەو حەلە دەبێت ئەو لە زینداندا برزێت. لە سایەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا خزم خزمێنە نییە و خەڵک بەپێی توانایان دادەمەزرێن و پلە و پایە لە دەوڵەت وەردەگرن. ئەم خێڵەکییانەش لە بەهرە و توانای زانستی بێ بەشن. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ژن تەسریحکردن و ژنی نوێ گرتنی بێ حیساب، لەسەر شێوەی مەوالید گرتن بۆ خزمەتی سەربازی لە ئارادا نییە.

بۆیە کوڕانی خێڵ لەگەڵ یاسا و ڕێسای شارستاندا ڕانایەن. بەڵکو ئەو یاسا و ڕێسایە بە دۆڕاندنی ئەوان دەشکێتەوە. لەم سۆنگانەوە، وەک ڕوونمان کردەوە، دیاردە و ئاوەز و هزری خێڵەکییانە، لە دوای نیشتەجێبوون و دوای ئەوەی تێکەڵ بە ژیانی شارەکانیش دەبن هەر دەمێنێت و درێژە دەکێشێت. ئەم درمە پێویستیی بەشۆڕشێکی ڕووناکبیرییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێت تێی پەڕێنێت.

## باجەکانی سەرخێڵ و تایبەتمەندیی هەورامان

یەکێک لەو مەبەستانەی، لە پشت مانەوە و درێژە پێدانی سیستمی خێڵەکییەوە بوون، بەتایبەت لە سەروبەندی عوسمانیدا، کە نزیکەی پێنج سەدەی خایاندووە، ئەوە بووە، لە پاڵ گەلێک مەبەستی دیکەی ئاشکرا و شاراوەدا، دەوڵەت سەرخێڵی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی باج و خەراج بەکارهێناوە. ئەمانیش بێ مروەتییان لەگەڵ ڕەشوڕووتی خۆیاندا نواندووە، بەوەی ئەوەندەی توانیبێتیان باری ژیانی ئەوخەڵکەیان قورس کردووە، تاکو پشکێکی زۆرتر لەو باجوخەراجانە بۆ خۆیان گڵ بدەنەوە، بۆیە لە ژێر چەندین ناونیشاندا باجیان لێ سەندوون. جا ئەو بەگ و خانانە خاوەن ئیمارەتی نیمچە سەربەخۆ بووبن، یان ڕاستەوخۆ وابەستەی عوسمانی و سەفەوی و قاجاری.

سەبارەت بەگزادەکانی هەورامان، محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت: «لە بنەڕەتدا، بەگزادەکانی هەورامان یەک تیرە بوون و بەڵام حاڵی حازر، هەروەک بەرگوێ دەکەوێت و وەهاشە، کە تیرەی زۆریان لێ بووەتەوە و هەر کۆمەڵێک بەناوی هۆزێکەوە ناویان دەبرێت. بەگەکان خۆیان بۆ خۆیان چینێکیان دروست کردووە و ئەو چینەش، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، حوکمی هەورامانیان کردووە و هەر لەو بەگانیشە هەبووە، کە بێ دەست و کەم دەسەڵات بووە و لە لایەن بەگەکانی خۆیانەوە نۆکەری و خزمەتکاریی کردووە. حوکمی بەگزادە وەهابووە، کە هەرچییان ویستووە کردوویانە و کەسێک یا چەند کەسێک، هەرگیز نەبوون، کە بتوانن دژی ئەم جۆرە حوکمە بووەستن. کە وتت یاسای دەرەبەگی، ئیتر هیچ جۆرە حوکمێکی دیکەی وەها نابێتەوە و نەشبووە. ئەمانە، لە لایەکەوە خەڵکەکەیان وەها لێ کردووە، کە هەمیشە دەبێت کاسبی بکەن و ئەمانیش، بەشێوەی جۆراوجۆر لێیان بسێنن. کەرگانە، ڕووەنانە، مەیانە، پەژمانە، ئاڵفانە، باخانە، تفەنگانە و سوورانە... ل ٥٤٨»

کەرگانە بەزاری شیرینی هەورامی واتە مریشکانە. کە دەکاتە تاکس لەسەر مریشک. ڕووەنانەش واتە ڕۆنانە و مەیانەش دەکاتە مێیانە، کە مەبەست پێ تاکسی سەر مەڕوماڵاتە بەگشتی و پەژمانەش واتە خورییانە و مەبەست پێ باج لەسەر خوریی مەڕومووی بزنە. ئاڵفانە بەمانای ئالیکانە دێت و تەواوی ئەو جووتیارانەی گرتووەتەوە کە خاوەنی قەدەغە بوون، یان هەورامی واتەنی خاوەن لاس و لۆ بوون. یانژی ڕوونتر بڵێین لۆجاڕیان هەیە. لۆش گیایەکی بەنرخە وەک گزرە دەیدروون و بۆ ئالیکی سالانەی مەڕوماڵات هەڵی دەگرن. باخانەش ئەو باجە بووە، کە لەسەر باخی گوێز و هەنار و ڕەزە دێم و هەموو باخێکی دیکەی میوەجات دانراوە. تفەنگانەش ئەو جووتیارانەی گرتووەتەوە کە خاوەن تفەنگ بوون.

بەپێی ڕای هەورامانی بێت، کە هیچ گومانم لەڕاست و دروستیی ڕایەکانیدا نییە، ئەوا بەگزادەی هەورامان، تەواو شووڵیان لێ هەڵکێشاوە و وەک کۆیلە مامەڵەیان لەتەک تاکەکانی خێڵی خۆیاندا کردووە. خەڵکی هەورامان بۆ ئەوان ڕەنجاون، بێ ئەوەی لە بەرانبەردا خزمەتێکی بەرچاویان پێشکێش کرابێت. ئێوە هەروا سەرنج لەم باجە پڕوپووچ بێ مانایەنە بدەن، کە بەگزادەی هەورامان بەسەر ڕەشوڕووتی

دەڤەرەکەی خۆیاندا سەپاندوویانە. باشە ئەوان کاتێک مەڕانە لە چیوداری هەورامان دەسەنن، کە هەتا بڵێی باجێکی ناڕەوایە، ئیدی خوریانە لە پای چی؟ ئەدی خوری لە مەڕ پەیدا نابێت؟ یان لە چ وڵاتێکدا ڕووی داوە ئاغا مریشکانە لە مسکێن بسەنێت؟ پێم وایە زۆرێک لەم جۆرە باجانە دەچنە خانەی ڕاووڕووتەوە.

عوسمانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەرقەراربوونی دەسەڵاتی، هاتووە پێوەندییە خێڵەکییەکانی پاراستووە سیستمی خێڵایەتیی درێژە پێ داوە، تاکو لە ڕێی سەرخێڵەکانەوە باج و خەراج کۆ بکاتەوە. هاتووە دووبەرەکی و ئاژاوەی لە نێوانیاندا ناوەتەوە و بەیەکتری بێ هێز و گوێڕایەڵ و پێملی کردوون. دوای لەبەینچوونی عوسمانیش تەواوی تاکسەکان جوونەتە گیرفانی خۆیانەوە.

عوسمانی چوکلـژەنی و پاساوی بەگـژیەکدادانی بۆ ڕەخساندوون گیانی تۆڵەسەندنەوەی تێدا بەهێزکردوون تاکو بتوانێت بەئاسانی بیانکاتە داردەست و لە گەمەکانی خۆیدا وەک داشی کارا، بیانکات بەگژ نەیارانی خۆیدا. هەروەها بۆ کپکردنی هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی کوتەکی دەستی بوون. ئەمە سیاسەتێک بووە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە. بۆیە دوای ئەوان لە تافی دەسەڵاتی ئینگلیز و پێکهێنانی شانشینی کارتۆنیی عێراقیشدا دیسان پەیڕەو کراوە. گەلێک جاران سەرخێڵی نەخوێندەوار بووە بەئەندامی پەرلەمانیش.

بەسەرێکی دیکە جیاوازییەکەی بەرچاو لە نێوان خێڵەکانی هەورامان و دەوروبەریاندا هەبووە و ئێستاکەش ئەو جیاوازییە هەست پێ دەکرێت. ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەوە بووبێت، کە هەورامییەکان پێشتر لە خێڵەکانی دەروبەریان نیشتەجێ بوون. ئەمەش بۆ هۆشیاریی ئەوان دەگەڕێتەوە. کەواتە ئەوان زووتر کەوتوونەتە سەر ڕەنێوهێنانی خاک، ئەگەرچی خاکی ئەوێ بەردینە و دەشتی بەدەمەوە نییە هەتاکو بیکەن بە دانەوێڵە. بەڵام ئەوان توانیویانە "خودکەفایی" بەرهەم بێنن و زۆرترین سوود لە ئاو و خاک ببینن. ئاوبارە و جۆگەیان ڕاکێشاوە و باخیان لەبەردا ناشتووە. ئەوان خاکیان زۆر بەلاوە خۆشەیستە و ڕێزی لێ دەگرن.

هەورامییەکان زووتریش کەوتوونەتە سەر پیشەی دەستی. بەرهەمی شاڵ و کڵاش و هەندێک پێداویستیی ناوماڵی وەک کاسە و کەوێڵی لە دار دروستکراویان ئەوەندە

بەرهەم هێناوە لە خۆیان زیادبووە. بۆیە بەرەو دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانیان هەناردووە و لەوێ بەدانەوێڵەیان گۆڕیوەتەوە. بەم شێوەیە توانیویانە لەو بەردە ڕەقە پێداویستییەکانی ژیانیان مسۆگەربکەن و قەرەبووی وشکەدانیشی پێ بکەنەوە.

## ژن دوای نیشتەجێبوونی خێڵ

قۆناغی نوێ، واتە گواستنەوەی خێڵ لە گەڕیانەوە بۆ جێگیربوون، کە لە پرۆسەی نیشتەجێبوون لەسەر خاکی دەم شوێنە ئاویژەکان و چێکردنی خانووبەرە و گرتنەدەستی پیشەی کشتوکاڵ، لە پاڵ چێوداریدا، خۆی دەبینێتەوە، ئەرکی سەرشانی ژنی دووچا کرد. لەم قۆناغە نوێیەدا دەبێت مێیینە هەم مەڕومالات تاقەت بکات، بدۆشێت و مەشکە و مەلان بەڕێوە ببات و گەوڕ پاک بکاتەوە، هەم لە کێڵگەشدا شانبەشانی پیاو کشتوکاڵ بەرهەم بهێنێت، بژار بکات و بەروبوومی کێڵگە بڕنێت و کۆ بکاتەوە، کە لە زۆر جومگەیدا تاقەت پرووکێنە، وەک کۆڵکێشان، کە کارێکە تایبەتە بەژن. کاتێک پیاوان لەبەر قرچەی هەتاوی هاویندا دروێنە دەکەن، ژنان لە دوایانە مەڵۆکان کۆ دەکەنەوە دەیانکەن بەشارا و لەوێوە جارێکی دی بەکۆڵ دەیانگوێزنەوە بۆ جێ خەرمان. دیارە ژن کاری ناومالّ و بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵیشی لە ئەستۆدایە، کە داهاتی مادی لێ ناکەوێتەوە، بەلام کارەو دەبێت مێیینە ڕای بپەڕێنێت. کاری ژن لە مالّ و مەزرادا، کاری کرێگرتە نییە. واتە لە بەرانبەردا برە مووچەیەکی پێ نەدراوە.

کڵ نانەوەش، کارێکی دیکەیە، کە بەژن تایبەتە. ئەمەیان ژنی دەستڕەنگینی بە ئەزموون ڕای دەپەڕێنێت. کڵ، بریتییە لە چێکردنی دەفر و هیربازی ناو مالّی وەک سوێنە، گۆزە، دیزە، لوولێنە. دوای چێکردنیان لە قوڕی تایبەت و ئامادەکراو، لەبەر ڕۆژ وشک دەبنەوە. پاشان کڵیان بۆ دەنێنەوە. واتە، دەفرە قوڕینەکان، بەشێوەیەکی هونەری ڕیز دەکرێن، لە نێو گڕی ئاگرێکی تایبەتدا، کە بە پلەیەکی زۆر گەرم، لە تەپاڵە و دار و چیلکە چێ دەکرێت، دەفرە گڵێنەکانی تێدا سوور دەکەنەوە.

بەم دواییە، ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕین، ئەو ژنە گەرمیانییانەی دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک، لە لایەن ڕێژیمەوە، ئاوارە بوون و بەناچاری ئەمنە

سوورەکەی سلێمانییان کردبووە داڵدە، بەردەوام خەریکی تەنوور چێکردن بوون. تەنووریش وەک کڵ کارێکی دیکەی تاقەت پرووکێنە، ژنان ڕای دەپەڕێنن و بازاڕی هەر ماوە، چونکە هێشتا لە شاریشدا نانەواکان وەک هەزران ساڵ بەری نەهۆ، بەتەنوور نان دەکەن.

کۆڵە چیلکە، کارێکی دیکەی تاقەت پرووکێنە. ژن دەبێت بچێتە دەرەوەی دێ. لق و پۆی وشکبووی دار و دەوەن کۆ بکاتەوە و بەگوریس شەتەکیان بدات و بەکۆڵی خۆیدا بدات، تاکو لە ماڵەوە چێشتی پێ لێ بنێت و چایی پێ دەم بکات. ئەگەر بڵێی بە نزیکەی هەموو ئەو ژنانە، لە تەویلەیاندا گوێدرێژ، یان هێستر و بارگیر هەیە، کەچی ژنان لێ ڕاهاتوون کۆڵەچیلکە بە کۆڵی خۆیان دەگوێزنەوە ماڵ. تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش، ئەم دیمەنە ناجۆرە، کە هیچ جوانییەکی تێدا بەدی ناکرێت جگە لە بەچارەواکردنی مێیینە؛ کەچی وەک کارتی جەژنەپیرۆزە، لە بۆنەکاندا خەڵکی بۆ یەکیان دەنارد.

وەلێ لایەنی چەوسانەوەی ژن بەتەواوی لەوەدا تەجەلایە، کە ژن خاوەنی زەوی نییە. زەوی بەناوی پیاوەکانەوە تۆمارە و لە نێرینەوە ناگوێزرێتەوە سەر مێیینە، ئەگەرچی بەفەرمی یاسایەکی لەم جۆرەش لە ئارادا نییە. بەڵکو ئەوە داوونەریتی خێڵە وەهای کردووە ژن لە داهات و مڵکایەتیی خاک بێبەش بکرێت. ئەم نەریتە باوە، تاکو ئێستاش یەکێکە لە پایە هەرە گرینگەکانی هێشتنەوە و بەردەوامیی سیستەمی پاتریێرکاڵ "نێرمەزنی".

لە کێڵگەدا، ژن شانبەشانی پیاو ڕەنج دەدات و ماندوو دەبێت، وەلێ لە بەرانبەردا هیچ پارەوپوولێک ناچێتە گیرفانیەوە. بەڵکو ژن لە وەها جڤاکێکدا خاوەنی کیسە و بەرباخەڵی خۆی نییە. چونکە داوونەریتەکانی خێڵ ئەم کارەی ژنیان بەئابووریی خێزان بۆ لە قەڵەم داوە. واتە داهاتی کاری ژن دەڕژێتە بودجەی خێزانەوە. هەروەها هەنجەتیان بۆ ئەم هەڵوێستە ئەوەیە، کە پیاو خەرجی خێزان دەکێشێت، کەواتە هەر خۆشی خاوەنی داهاتەکانی ڕەز و کێڵگە و ماڵاتە.

ژنی جووتیار کاتێک لەکێڵگەیەکدا کار دەکات، ئەرک و ماندووبوونەکەی بە ئیش بۆ حیساب نەکراوە. واتە، ئەو بۆی نییە وەک نێرینەکان ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی

جووتیاران، تاکو سوود لە ڕێنوێنییەکانیان و خولی فێربوون ببینێت. لە وەرگرتنی قەرز لە بانکی کشتوکاڵی، باربوو، تۆ و پەینی کیمیاوی و کەرستەکانی دیکەی مەزرا بێ بەشە. هەروەها لە وەرگرتن یان کڕینی ئامێرە کشتوکاڵییەکاندا ئاسانکاریی بۆ ناکرێت و بەناوی ژنەوە کارەکان بەڕێوە ناچن. ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی نەداوە ژنێکی جووتیار ترەکتۆر باژوات، کە کاریکی تەواو ئاساییە.

بەم دواییەش کاتێک بە(پاژ: قسط) پیکاب بەسەر جووتیاراندا دابەش کرا. نەبیستراوە ژنێک وەک جووتیار، ئەم ئاسانکارییەی بۆ کرابێت. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی مێژووشدا، ئێمە هەر لێ ڕاهاتووین ئاوا جووتیار وێنا بکەین، کە ئەو نێرینەیەکی زبری جامانەبەسەری خاوەن سمێڵە. بەم پێیە ژن لەم جێگیربوونەی خێڵدا پاڵەیە و حیسابی پاڵەشی بۆ نەکراوە. جووتیارە و حیسابی جووتیاریشی بۆ نەکراوە. کرێکارە و حیسابی کرێکاریشی بۆ نەکراوە. تاکو ئێستاش نەبیستراوە پڕۆژەیەکی کشتوکاڵیی چەند گچکەش بێت بەناوی ژنێکەوە تۆماربێت.

ژنی جووتیار سەربە هیچ جۆرە سەندیکایەک نییە، تاکو پشتیوانیی لێ بکات، یان هیچ نەبێت نەختاڵێک ئاستی پیشەیی و مەعریفی بەرز بکاتەوە. ببێتە خاوەنی بیمەیەک ئەگەر دوچاری کارەساتێک هات و نەیتوانی چی دی کار بکات. بۆیە هەموو ژنە جووتیارێک خەونی پێوە دەبینێت بەماڵەوە بەرەو شار بار بکات. کەچی لە زۆر نووسیندا، کە لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەون وەها پیشان دەدرێت، گوایە ئافرەتی لادێ لە ئافرەتی شار ئازادترە.

ژنی جووتیار لە ڕووی جەستەییەوە هەردەم چرووساوە. ئەو ئیشانە کە هەندێکیان کاری پیاوانن و ئەم ڕاییان دەکات، ناسکی و نەرم و نیانیی بەژنی جووتیار نەهێشتووە. ڕۆژانە دەیانبینیت شەرواڵی پیاوانەیان لەبەردایە و داسیان لە مستە. یان بێڵیان لەسەرشانە، سیمایەکی مێیینەیان پێوە دیارنییە، بەڵکو وەک نێرینە زبرن. لە ڕووی هۆشیاریشەوە، بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو ژنانی جووتیاردایە. ئەوانەشیان وا چوونەتە بەرخوێندن، بەزۆر هەنجەت نەیانتوانیوە، یان پیاوان نەیانهێشتووە لەسەری بەردەوام بن. واتە لە ئاستیکی نزمی ڕووناکبیریدان.

هەر بەم پێیە، تۆ لەودیو هەموو ئەم نارەواییانەوە کە دەرهەق مێیینە دەکرێت، بەڕوونی سیبەری خێڵ و مێنتەلێتیی خێڵ دەبینیت.

ژن بەناچاری دەبێتە پاشکۆی ئەو پیاوەی، کە بەخێوی دەکات؛ ئاوایە ڕۆڵی ئابووری. لە ڕاستیدا بایەخ و نرخی مرۆڤ بەکارەوە بەندە. کارێک لە بەرانبەریدا کرێ وەربگرێت و لێی بێ ماف نەبێت، دەنا هەر ئەو کارە دەیکاتە کۆیلە. کاتێکیش ژن کار دەکات و لە بەرانبەر کارەکەیدا کرێ وەردەگرێت، ئەوا بڕوا بەخۆی پەیدا دەکات و هەستیش بەکەرامەتی خۆی دەکات.

چەمکی پیاوەتی، کە هەردەم بەسەر زارەوەیە، لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە ئابووری و دەسەڵاتی ئابوورییەوە هەیە. هەر ئەمەیشە وەهای کردووە پیاو لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، کە ژن تێیدا کەیبانووی ماڵە، بەو ڕادەیە زاڵ و باڵادەست بێت. لە نێوەندی وەهادا ڕۆڵەکان وەها دابەش بوون، پیاو بەرهەم دێنێت و ژن بەکار دەبات و خەرج دەکات. وەلی ئەم سەردەمە وەها دەخوازێت هەردوو لا لە بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزاندا چوونیەک بەشدار بن و پێوەندیی نێوانیشیان ئینسانی و لەسەر بناخەی لێک تێگەیشتن بێت.

# پاژی حەوتەم

## نووسەری خێڵەکی

### پاشناوی خێڵ لە پای چی؟

کاتێک دەبینیت هونەرمەندێک، یاخۆ نووسەرێک، نازناوی خێڵی هەڵگرتووە و لە ژێر ئەو نازناوەدا بەرهەمە هونەری، یان ئەدەبییەکانی بڵاو دەکاتەوە؛ با ئەو لە ناخی خۆیدا وەهایش بیری لێ نەکردبێتەوە و هێندە بەگرانیش نەیگرتبێت، بەڵام تۆی بیستەر، یان بینەر و خوێنەر، ئەگەر تاکێکی ڕۆشنبیر بیت، ئەوا یەکسەر زەینت بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەم تاکە هۆشیارەی کۆمەڵ باوجوودی ئەوەی نووسەر یان هونەرمەندیشە، کەچی خاوەنی هزرێکی وشک و داخراوە، لەم چاخی مەدەنییەت و جیهانگیرییەدا، کە لەوەدایە سنووری نێوان وڵاتان نەمێنێت، کەچی ئەو هێشتا گوێڕایەڵی خێڵەکەیەتی نەک نیشتیمان، کە کوردستانە و نەتەوەکەی، کە کوردە.

لێرەوە دەکرێت و ڕەوایە بپرسین، داخۆ لە دایکبوونی شاعیرێک، ئەکتەرێک، هونەرمەندێک لە دەڤەری شارەزوور بۆ نموونە چ پێوەندییەکی بەسەر شیعر و هونەرەوە هەیە، تاکو شاعیر، یان ئەکتەر نازناوی شارەزووری یان جاف هەڵبگرێت و لاف و گەزافیشی پێوە لێ بدات؟ ئەوە پرسێکە پێوەندیی تەنیا بە باری شارستانیی (الأحوال المدنية – نفوس)ەوە هەیە، نەک بەژانری شیعرەوە.

پێم وایە خێڵ چەند گەورە و ناوداریش بێت، لەبەر زۆر هۆ، کە پاشان بەدرێژی دێمە سەریان؛ هێشتا هەر ئەوە ناهێنێت ئەدیب و هونەرمەند دابەزنە ئەو ئاستەی بیکەنە پاشناو، یاخۆ نازناوی خۆیان. وەلێ دەکرێت ئەو ئازیزانە نازناوی

خێزانەکەیان هەڵبگرن. وەک زۆر کەس کردوویانە: جۆلا، کابان، خەزنەدار، دارتاش، سائیب، دیلان.. هتد

دەکرێت نازناوی هونەری وەها بۆ خۆیان بدۆزنەوە، کە مانا و ئامـاژەیەکیان لە خۆیاندا هەڵگرتبێت، وەک: دڵدار، زامدار، قانیع، جگەرخوێن، مەولەوی، شارەزا، دلێر، پەرۆش، پەشێو، ڕەنجدەر، سەرسام، سالار، هەرەس... هتد

دەشێت لەهەر سۆنگەیەکەوە بێت، ئەگەر ناوە ئیسلامی یان عارەبییەکەی خۆیان بەدڵ نەبوو، بەناوێکی دیکەی کوردی، کە بەزۆری مانای جوانیان لە ناوەڕۆکیاندا هەڵگرتووە بگۆڕن. بەڵام هەڵگرتنی ناوی خێڵ بۆ ئەدیب و هونەرمەند کارێکی ناجۆرە. ڕەنگە ئەو خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریشی لێ نەکردبێتەوە و وەهاشی لێک نەدابێتەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا مانای وەهایە، ئەو هیچ نەبێت شانازی بەخێڵەکەیەوە دەکات. لەوانەیشە ئەو زاتە مەودای هزر و تێفکرینی لە سنووری خێڵ تێ نەپەڕیبێت. یاخۆ ئەو هەر بەڕاستی خۆی بە هونەرمەندی خێڵ بزانێت؛ نەک کوردستان. لە کاتێکدا دەستگرتن بە ستوونی ڕەشماڵ و مێنتەلێتیی خێڵەوە، وێڕای ئەوەی لە ڕەوتی سەردەم دوامان دەخات، بۆنی دواکەوتنیشی لێ دێت.

ئایا هونەرمەند یان نووسەری ئێستا بەچ نیازێک، نازناوی خێڵ هەڵدەگرێت؟ ئەگەر لێی قەوما، خێڵ ڕابێت، لەشکر بکات، بەهانایەوە بچێت و لەسەری هەڵبداتێ؟ یان ئەگەر دەستەنگ و نەدار بوو، خێڵ لە بری سۆشیال دەستگیرۆییی بکات و بیژیێنێت؟ یانژی ئەگەر هاتوو خێڵەکەی لەگەڵ خێڵێکی دیکەدا تێک گیران، ئەم خێرا قەڵەمەکەی دابنێت؛ بەرگی سووری غەزا بپۆشێت و بڕنەو لە شان بکات و بچێتە پاڵ جەنگاوەرانی خێڵەکەی؟ یان مەبەستێتی ئەندامانی خێڵ، کە زۆربەیان نەخوێندەوارن، بەرهەمەکانی بخوێننەوە و ئەزبەریان بکەن؟ جا ئەگەر وەها بیر دەکاتەوە، بۆچی بە هەزاران دانە لە بەرهەمەکەی بۆ خەڵکی دیکە چاپ دەکات؟ با بڕوات بەرهەمەکەی لە نێو ئەندامانی خێڵەکەیدا بڵاو بکاتەوە. ئایا دەیەوێت بەشان و باڵی سەرخێڵی خۆیدا هەڵبدات و بڵێت: سەرخێڵی ئەو شانی وا، باڵی وا، گۆپاڵی وا؟

## خێڵ و ناوچە هاوسانن بەیەک

هەندێک جاران خێڵ و ناوچە هاوسانن و یەک واتا دەبەخشن. لە کتێبی "عشائر کوردستان"دا هاتووە، «زێبار، کە لە گرینگترینی خێڵەکانی بادینانە، ناوی ئەو شوێنەی وەرگرتووە، کە تێیدا دەژی. ئەم نێوەیش لەوەوە هاتووە ناوچەکە لە باکور و لە ڕۆژئاواوە بە زێی بادینان دەورە دراوە. ص٨٢» کاتێک دەڵێیت خۆشناو واتە ئەو خێڵەی، لە ناوچەی خۆشناوەتیدا دەژی و نیشتەجێیە. هەروەها شوان لە ناوچەی شواندا و داودە لە ناوچەی داودەدا و موکری لە موکریاندا. بۆیە هەمان دەستوور، بەناجۆری دەزانم نووسەر و هونەرمەند نازناوی ناوچەیش هەڵبگرن، وەک فلانی قەرەداخیی، بۆتانی و شاربازێڕی.. هتد

هەر لەم ڕووەوە ئی ئار لیچ لە تۆژینەوەکەی خۆیدا، «ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەواندز»، کە عەزیز گەردی کورداندوویەتی، ڕوونی دەکاتەوە، کە گەلێک جاران خێڵ و ناوچە یەک شتن و یەک مەبەست دەگەیێنن: «عەشرەت – هۆز بۆ خەڵکەکە و بۆ ناوچەی نیشتەجێی خەڵکەکەش بەکاردێت. بەم جۆرە شتێکی بەجێیە وەکو ناوچەیەکی سەر نەخشە قسە لەبارەی ناوچەی باڵەکەوە بکەین، لە هەمان کاتدا کەسانی سەر بەو هۆزەش هەر بەخۆیان دەڵێن: باڵەک.» ل ٣٣

هەندێک جاران دەبینیت، هونەرمەند نازناوی گوندێکی هەڵگرتووە، کە ڕەنگە حەشیمەتەکەی چەند سەد کەسێک بێت. ئەم دیاردەیە، ئەگەر کەمێک لەسەری ڕابووەستیت، هەست دەکات جێی زەردەخەنەیە. تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوت، هونەرمەندێک ئامێرێکی مۆزیکی ڕۆژئاوایی بژەنێت، پۆشاکی ڕۆژاوایی بپۆشێت و ملبەند ببەستێت، موسیک بەنۆتە بنووسێت، کە بۆ خۆی ئامازەگەلێکی جیهانییە. تێکرای کورد نەک تەنیا خێڵێک یاخۆ ناوچەیەک بە هونەرمەندی خۆی بزانێت و گوێدێری بێت؛ کە دیارە ئەم باوەڕپێدانە لە خۆیدا، بۆ هونەرمەند بڕوانامەیەکی گەورەیە. کەچی ئەو بەو ڕادەیەش خۆی بچووک بکاتەوە، نازناوی گوندێک هەڵبگرێت، کە ڕەنگە سالێک بەو عەیام، پاپیرە هەرە گەورەکانی لەوێندەرێ ژیابن، توتن و تەماتەیان چاندبێت و گاوگۆتالیان بەخێو کردبێت. ئەوەیش لەولاوە بوەستێت، کە موسیک بۆ خۆی، خاوەنی زمانێکی جیهانییە، بە ئاسانی سنووری

خێڵ و شار و نەتەوەیش دەبڕێت و بەسەر زەریاکاندا دەفڕێت. موسیک وەک ژانرەکانی دیکە پێویستیی بە وەرگێڕان و پەڕاوێز بۆنووسینیش نییە. خۆی شەرحی حاڵی خۆی دەکات. بەڕاست ئەمە چ کارەساتێکە، چ جۆرە جیهانبینییەکە؟

لەم ڕووەوە مرۆڤ کاتێک بیر لە نووسەرە پێشەنگەکان دەکاتەوە، زیاتر پێیان سەرسام دەبێت. ئەوان زیرەکترو ژیتر نازناویان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. وەک: نالی، سالم، کوردی، بێکەس، مەدهۆش، هەردی، مەحوی، ناڵبەند، ناری، دڵدار، زێوەر و جگەرخوێن. ئەمانە نەبەلای ناوچەگەریدا و نەبەلای خێڵ و گونددا چوون، بەڵکو دوورتر ڕوانیویانە و نێرینێکی فراوان و هونەریتریشیان هەبووە.

عەبدوڵا بەگ، کە خۆی لە بەگزادەی جافە، جافیش بەحەشیمەت ڕەنگە گەورەترین خێڵی کورد بێت. دیارە ژمارە بەلای خێڵەوە زۆر گرینگە کەچی ئەو هاتووە پاشناوی گۆرانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. گۆرانیش پیشە و خولیایان تەواو پێچەوانەی خێڵە. ئای لەو گەورەییەی گۆران. لەمەشیاندا هەر پێشەنگە. دیارە لەو سەردەمەدا، گرووپێک خەریکی کشتوکاڵ بووبن، لە ڕووی شارستانییەوە قۆناغێک لە پێش خێڵەوە بوون، کە بەزۆری لەو دەمەدا بەهۆی جێودارییەوە خەریکی خێڵەوخوار و خێڵەوژوور بوون و هێشتا بەتەواویی نیشتەجێ نەبووبوون. هەرچی گۆرانیشە، جووتیار، پیشەگەر، مەلا و خوێندەواربوون. ئەوان تەماسی ڕاستەوخۆیان بەخاکەوە هەبووە و ڕەنێویان هێناوە. هەرچۆنێک بێت، لە باری ژیاری و شارستانییەوە گۆرانی خانوونشین؛ زۆر لە پێش خێڵی دەوار نشینەوەیە.

لەو سۆنگەیەوە، کە گۆران خەڵکانی نیشتەجێن، کشتوکاڵ بەرهەم دێنن؛ وابەستەی خاکن و مفا لە بەروبوومی زەوی وەردەگرن، کەواتە ڕێزی زیاتریش لە خاک دەگرن تا مەردمی خێڵەکیی ناجێگیر. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین، چاکتریش بەرگریی لێ دەکەن.

## بەبێ پاشناویش داهێنان دەکرێت

هەندێک نووسەر و هونەرمەند هەن، نەخاوەنی نازناوی خێڵن و نەهونەری. کوتومت بەناوی دوانی و سیانییەوە خۆیانمان پێ دەناسێنن. کەچی بەهۆی چالاکی و

داهێنانیانەوە لە بوارەکانی ڕووناکبیریدا، بوونەتە ناوی درەوشاوە و زیندوو، هەردەم لەسەر زاری خەڵکن.

سەردەمێک هەر خێڵێک شەڕوشۆڕی کەم بوویێت و ئارەزووی داسەکنین و ئاشتیی هەبوویێت، خانووبەرەی بنیاتنابێت، جۆگە و ئاوبارەی ڕاکێشابێت و بیری لە داوودەزگەی نوێ کردبێتەوە، لە کن خێڵەکانی دراوسێی بەلاژگ و ترسنۆک حیسابی بۆ کراوە.

خێڵ بیری لە لای داوودەزگەی نوێ نییە. خێڵ دژی ئاوەدانکردنەوەیە. ئەگەر تاکێکی خێڵەکی ئاپارتمانێکی هەڵکشاو و جوانی بینی و هی خۆی نەبوو، بیر لەوە ناکاتەوە چۆن هەڵکشاوتر و جوانتر دەکرێت؛ بەڵکو بیری لە لای ئەوەیە چ محەل و چلۆن دەتوانێت بە کورترین کات و کەمترین قوربانی تالآنی بکات. ئەگەر بۆشی تالآن نەکرا ئەوا بیر لەوە دەکاتەوە چلۆن بەزووترین کات و کەمترین ئارەقڕشتن بیڕووخێنێت. لە بەرچاوتان بوو چۆن دوای ڕاپەڕین، سەدان خانووبەرەیان ڕووخاند. تالآنکردن هەر نەیسە، چونکە هەندێکیان بارەگای دەزگەکانی بەعس بوون. بەلآم خۆ دەکرا تەلارەکان بکرێنە قوتابخانە و نەخۆشخانە. یان دەکرا بۆ نیشتەجێبوونی هەزاران خێزانی بێ داڵدە و بێ دەرەتان سوودیان لێ ببینرێت. خۆ دیارە کوردستانی کاول و بێ قوتابخانە و دوور لە مەڵبەندەکانی ڕووناکبیریش، تەنیا لە بەرژەوەندیی دوژمنانی کوردە.

## نووسەر و هونەرمەندی ژن و پاشناوی خێڵ

ئەگەر نووسەری پیاو نازناوی خێڵ و ناوچەش هەڵبگرێت هەر نەیسە. بەلآم نووسەری ئافرەت لە پای چی؟ خۆ خێڵ هەردەم شانازی بەژمارەی پیاوەکانییەوە دەکات، کە بۆیان هەیە لە ڕۆژی شەڕ و دەعوادا ببنە تفەنگچی و جەنگاوەرانی خێڵ و بەرگریی لێ بکەن. خۆ خێڵ هەردەم مێیینە بە خاڵی لاوازی دەزانێت.

ئاشکرایە، سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ، یان ڕیش چەرمگی خێڵ، هەردەم پیاو بوون و لە داهاتووشدا، تا ئەوەندەی خێڵ و سیستمی خێڵایەتی بمێنێت هەر پیاوان دەبن. هەردەم لە سەرەڕۆییەکانی خێڵدا زیانی گەورە بەر ژن دەکەوێت. ئەوە ژنە،

کـە تووشـی زۆرەدەســتگرتەی دەبێت و دەبێـتـە بەشـێک لـە ترش و تاڵانیـی خـێـڵـی سەرکەوتوو "سەبی".

کـاتێکیش جـەنگ درێژە دەکـێـشـێت و لە تام دەردەچێت و خـوێنێکی زۆری تێـدا دەڕژێت، دوا جـاریش هـەر ئافرەتە دەبێتـە قـوربانی و خوێنـی پێ خۆش دەکرێت و بۆ مەسـڵـەت چێکردن لە خوێنباییدا دەدرێت. یان بە هۆی ژن و ژنخوازییـەوە، خزمایەتی لە نێـوان خـێڵـە دوژمنەکاندا پێک دێنیت. لە پاژی "ژن لـە دیدی خـێڵـەوە" بە درێژی گرینگی بە کێشەی ژن لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا دەدەین.

جـێی ســەرنجــە، کـە هـەندێک لـەو ئەدیب و هـونەرمــەندانەی نازنـاوی خـێـڵـیــان هەڵگرتـووە، خـوێندنی بـاڵایان لە هەندەران تـەواوکــردووە، ســووریش دەزانن، کــە هـەردەم سـەرخـێـڵـەکەیان دەسـتی لەناو دەسـتی دوژمنـی کورددا بووە و زیانی زۆری بەم گەلە خێرنەدیوە گەیاندووە. بگرە سەرخێڵەکەی لەسەر خـوێنی لاوی کورد ژیاوە. لە ڕاسـتـیدا دەبووایە ئەو ئەدیب و هـونەرمەندانە هاوکـات لەگەڵ پشـتکردنە ڕێبازە کۆن و سەلەفییەکانی هونەر و ئەدەبدا حاشاشیان لە خێڵ و تیرەگەری بکردایە؛ نەک بە شـانازییـەوە ناوی خـێڵ بە خـۆیان و بڕوانامـەکـانیـانەوە بلکێـنن. چۆن دەکـرێت هونەرمـەندێک خۆی بەتازەگەر و مۆدێرن یانژی پاشـمۆدێرن بزانێت، کەچی نازناوی خێڵیشی هەڵگرتبێت؟ ئایا ئەم ئاکارە سەیرە، لە خۆیدا کۆکردنـەوەی دوو کەسایەتی بەیەک ناکۆک لە تاکێکدا ناگەیێنێت؟

هـەن خـاوەنی جـووتێک نازناون؛ یەکێکیـان هونەری و ئـەوی دیکەیان نازناوی خـێڵ یان ناوچە. هـەندێکیش نـاوی شارۆچکە و شـارەکەیـان دەکەنە نازناوی خـۆیان، وەک: دهۆکی، ئاکرەیی، مەریوانی... هتد پێم وایـە ئەمـەیان قۆناغێک سـەرو خـێڵ کەوتووە. یان دەکرێت بڵێم، بـەوەدا کە شـار لە ئەنجـامی گەورەبوون و گـەشـەسـەندنی گوندەوە پەیدا بووە. مەڵبـەندی پێشـڤـەچوون و پیشـەسـازی و زانست و بنکەکانی ڕووناکبیری و ڕێکخـراوە کـۆمـەڵایەتی و ناحکوومـەتیـیـەکـانە، ئەوا دەکـرێت پاشنـاوی شـار بە پەرەپێدانی پاشناوی خێڵ و گوند لە قەڵەم بدەین.

واتە کـاتێک تاکی خـێـڵـەکی کـەمـێک فـامی کردەوە، گـۆڕان و گـەشـەی فـیکریی بەخـۆیەوە بینی و ئاسـۆی هزری فـراوانتربوو، ئەوجا لە بری خێڵ و ناوچە، پاشناوی

شار هەڵدەگرێت، یان لە بری خێڵ، ئەم شانازی بەشارەکەیەوە دەکات و دەکەوێتە شارچێتی، کە دیاردەیەکە و نەهۆ لە ئارادایە. بەڵام دیسان خۆبەستنەوەی نووسەر بەڕووبەرێکی جوگرافیایی بەرتەسکەوە کارێکی ناجۆرە. چونکە هونەرمەند و نووسەر بۆ میللەتێک دەئەفرێنن نەک بۆ تەنیا شارێک. هەرچەندە ئەو شارەشیان لە کن جوان و شیرین بێت هێشتا هەر ئەم جۆرە نازناوانە، لەگەڵ ئەم چەرخی جیهانگیرییەدا نایەتەوە، کە بەهۆی زانست و پەرەسەندنی میدیاکان و هۆیەکانی گەیاندنەوە، گۆی زەوی بووەتە گوندێک. ئەمڕۆ میدیاکان باکور و باشووری گۆی زەوییان پێکەوە گرێ داوە، کەچی ئەم هێشتا لە سنووری شارێکدا بەگیروەستاوە.

ئایا شیاوە و لە ئاستی ئەم سەردەمدایە، هونەرمەند و ئەدیبی کورد، خۆیان بخزێننە قاپڵۆخی تەسکی خێڵێک، گوندێک یان شارێکەوە؟ ئەگەر جیهانگیری لەیەک نزیککردنەوەی کیان و نەتەوە پەراگەندەکان و سڕینەوەی سنوورەکان بێت، خۆ تیرەگەری و شارچێتی بەنیازە جەستەی خاکێک یاخۆ نەتەوەیەک داغان و پارچە بکات و بەئەمانەتەوە پاسەوانی سنوورە تەسکەکەی خێڵ بێت. کەواتە نازناوی خێڵ، لەگەڵ ڕیتم و گیانی ئەم سەردەمەدا ناکۆکە، بادەستبەرداری بن.

## نازناوی خێڵ و نەزمی نوێ

چاوەڕوانیی ئەوە لە هونەرمەند دەکرێت تاکێکی لە داوونەریتە ڕزیوەکان یاخی بێت. خێڵیش مەکۆی پاراستنی کولتوور و داوونەریتە پاشڤەڕۆکانە، کە هەمیشە تاکیان پێ سەرکوت کراوە. وەکی دی کوتەکی دەستی زلهێزەکانی ناوچەکە بووە و لە جەنگدا بەکاریان هێناوە. زلهێزەکان زۆر جاران بەسەر پەیژەی کوڕانی خێڵدا سەرکوتوونەتە سەر قەڵای دەسەڵات و دواتر قەڵاکەشیان پێ پاراستوون. خێڵ لە نێوان خۆیاندا یاسای دارستانیان پەیڕەو کردووە، کە هەمیشە هێزدار بێ هێز تێک دەشکێنێت و دواتر ماڵ و حەڵاڵی داگیردەکات.

پێ دەچێت نووسەری خێڵەکی، کەسێک بێت نەزانێت وەک تاک بە تەواوی گوزارشت لە خۆی بکات. پێ دەچێت تاکێکی ڕاڕا و ناجێگیر و بێ بڕوا بێت. بۆیە خۆی لە پاڵ خێڵدا مەڵاس داوە. زاتی ئەوە ناکات لە ڕەشماڵی سەرخێڵ بێتە دەر و ئازاد بێت.

ڕێورەسمی خێڵ، ماوە بەگەشە و هەڵکەوتنی تاک نادات. ڕێی پێ نادات ئازادانە توانا مت و شاراوەکانی بخاتە کار. پێشیان بخات و لە نێوەندێکی بەرفراواندا پیشانیان بدات، تاکو ئەو توانایانە بکەونە خزمەتی هەمووانەوە. ئەوی خێڵەکی هەر توانا و چالاکییەکیشی هەبێت لە سنوورە تەسکەکەی خێڵدا ڕۆڵ دەبینێت.

بەسەرێکی دیکە، دەرکەوتنی کەسیەتیی بلیمەتی سەربەخۆ، لە کۆمەڵگەی خێڵدا جۆرێکە لە خەون و خەیاڵ. چونکە پێگەی سەرخێڵی پێ لەق دەبێت. درەوشانەوەی تاکێکی سەربەخۆ لە کێش و درەوشانەوەی سەرخێڵ کەم دەکاتەوە. بۆیە بەکەم و بێ بایەخ سەیر دەکرێت و وەک پێویست ئامرازەکانی گەشەسەندن و پێشخستنی ناخرێنە بەردەست. خۆ ئەگەر بێتو ئەو تاکێکی سەرئازاد بێت، ئەوا قەدەغەیە لە کەناڵەکانیانەوە گوزارشت لە خۆی بکات. یان ئەوەندە ڕێی پێ نادرێت تاکو بە تەواوی بناسرێت. بۆیە دەشێت لە دۆخی وەهادا دەیان بەهرە، لە چەندین بواردا بپووکێنەوە.

تۆ بزانە هەندێک نووسەر و هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی، هەتا لەوێ بوون نەدەنگیان هەبوو نەڕەنگ. کەچی هەمان ئەو هونەرمەندانە کاتێک دەگەنە هەندەران و بە ژینگەی ئازادی ئەورووپا شاد دەبن و لەوێ بواریان بۆ دەڕەخسێت چلۆن پێش دەکەون و دەدرەوشێنەوە؟ هەندێک لە دنیاشدا ناوبانگ پەیدا دەکەن. لە سۆنگەی کەشوهەوای خێڵەکییانەوە، پاشقول گرتن لە ژن و پیاوەیلی بلیمەت تاکو نهاش بەردەوامە.

ئامانجی تاکی هەڵکەوتوو، لە هەر بوارێکی زانست، هونەر، ئەدەب و فیکردا بێت، لەگەڵ مێنتەلیتیی خێڵدا نایەتەوە. تاکی بلیمەت خۆزیا و ئامانجی گەورەی هەیە و دوور دەڕوانێت؛ وەلێ خێڵ هەتا سنووری پاوانی خۆی دەبینێت. دەکرێت بڵێین: لە نێو کوڕانی خێڵدا دیدی هاوخێڵی بەسەر دیدی هاونیشتمانیدا زاڵە.

## خێڵی ئەدەبی لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا

لێرەدا، لەجێیە باس لە دیاردەیەکی ئەدەبیی تەواو بەنێوەندە ڕۆشنبیرییەکە نامۆی خێڵەکییانە بکەم، کە پێشتر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نموونەی بەرچاو نەکەوتووە.

دەکرێت بڵێین: دیاردەیەکی تەواو خێڵەکییە، وەلێ بەڕوخسارێکی دیکەوە دووبارە ئاکارەکانی خۆی بەرهەم دێنێتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، ئاستی ڕووناکبیریی باشووری کوردستان، لە هەموو بوارە مەعریفییەکاندا هاتە دواوە.

ئەم کەش و دۆخە کارێکی کرد لە ژێر ناوی نوێخوازیدا، گرووپ یان ڕاستتر وەهایە بڵێین خێڵی ئەدەبی، لە چەند ڕووناکبیرێک پێکهاتووی دوور لە ئاکاری شارستانی و هاوچەرخ هەڵسووڕاودا، لەم سەردەمی شۆڕشی بایۆلۆجی و ئەلکترۆنەدا، بە مێنتەلێتیی خێڵ کاربکەن. دەبینیت هێشتا کارە ئەدەبییەکەی تەواو نەکردووە، کەچی تاکەکانی ئەم خێڵە ڕووناکبیرییە دەکەونە بانگەشە و بەشان و باڵدا هەڵدانی. تۆ لەوەیان گەڕێ کە بەشانداهەڵدان لە خۆیدا دیاردەیەکی خێڵەکییانەیە. کاتێکیش بەرهەمەکەی کاکی ڕووناکبیر دەکەوێتە بازاڕەوە، هەر خوێندەوارێک ملی بگریت پێی دەزانێت، کە بنووسەکەی نەکوردی دەزانێت و نە ئەو کەشوهەوایەشی ئەو ڕەسخاندوویەتی فرِی بەسەر جڤاکی کورد و کوردەوارییەوە هەیە و نەهیچی نوێشی تێدایە.

نووسەری خێڵەکی ڕەخنەی قەبووڵ نییە. ئەوەندە هەیە ئەو نووسەرەی، کە بەمێنتەلێتی خێڵ کار دەکات هەرچییەکی وت، ئەندامانی خێڵ دەمودەست، دەستی (ئەشهەدو مابیللای بۆ بەگەردندا دەدەن. ئەم خێڵە ئەدەبییە، بە نووسین لافی دیموکراسی و فرەدەنگی و مافی ڕەخنەگرتن و ڕا و ڕای بەرامبەر لێ دەدەن، لە واقیعیشدا تەواو پێچەوانەن. ئەگەر تاکێکی دەرێی خێڵ دەمی سووتا، ڕەخنەیەکی بچووک، یان چەند ڕستەیەکی دوور لە دڵنەوایی و پرەنسیپی بەشانداهەڵدان لەسەر کاری تاکەکانی ئەم خێڵە نووسی، یانژی جیاواز لەوان بیری کردەوە، ئەوا خراپ دەوروژێن و ئەندامانی خێڵەکە، هەریەکە و لە گۆشەیەکەوە، گەلەگورگ ئاسا هەڵدەکوتنە سەری.

لە ڕاستیدا ئەم تێفکرینە لە سەلەفییەت بترازێت هیچی دیکە ناگەیێنێت. چونکە پێیان وایە دیدی خۆیان سەدی سەد ڕاستە. هیچ گەنگەشەیەک هەڵناگرێت و پیرۆزە. هێشتا ئەو باوەڕەیان لە لا پەیدانەبووە، کە هزر و بوارەکانی هونەر و ئەدەب ئەگەر دەرگەیان لەسەر خۆیان گاڵەدا و گوێی خۆیان ئاخنی، تاکو نوێی ئەوانی دیکە

نەبین و نەبیستن، ئیدی وەک گۆمی وەستاویان لێ دێت. دەبنە دۆگما . لێرەشەوە دەبنە دژی هەموو نوێیەک. هەر لێرشەوەیە بیری پەرگەری و دەمارگیری، لە کن ڕەوتە ئاینییە داخراوەکان و بەمێژوو پیرۆزکردنی خۆیان و ئایدیایان سەرهەڵدەدات.

ئەوان هەر بەرهەمێک، ئەگەر لە لایەن خۆیانەوە دەرچووبێت، بە نرتونوێ و هەرچییەکیش لە دەرێی خێڵی خۆیانەوە ئەفرێنرابێت بە کەون و پووچ دەزانن و بەخێڵەکەیانی دەیناسێنن. بەرهەمێک چەند ناوازەش بێت، وەلێ مادام لە دەرێی خێڵەکەی ئەوانەوە ئەفرێنراوە، دەستووری خێڵە کورد و عارەبە دواکەوتووەکانی چەند سەدەیەک لەمەوبەر بە غەزوی لێک دەدەنەوە. واتە بە مەترسی بۆ سەر خۆیانی دەزانن، بۆیە حەملەی دەکەنەسەر.

ئەم دیاردە خێڵەکییە بەسەر ئەوانەدا ، کە هێمان دوو ڕۆمانی نوێیان بە زمانێکی بیانی نەخوێندووەتەوە و تەنیا چەردەیەک لە زمانی کوردی، بە زاری گەڕەکەکەی خۆیان دەزانن و بەباشی لە میکانیزمی کارکردن بە هزر و لۆجیکی خێڵ تێ ناگەن، دەشێت بۆ ماوەیەکی کاتی بەسەر نێوەندەکەدا تێ پەڕێت. بەڵام بە تێپەڕینی زەمان، میتۆدی خێڵەکییانەیان لە کن هەموو لایەک دەکەوێتە ڕوو.

لەم سەروبەندەدا ڕووناکبیری ئازاد هیچ نەبێت ناداتە پاڵ تایەفە و خێڵ و بە غەریزەی تایەفەگەری و خێڵایەتییش کار ناکات. هەروەک ڕووناکبیر بەرژەوەندیی تاک دنەی نادات و نایجووەڵێنێت. ئەو چاک دەزانێت، کە لە جڤاتی خێڵەکییدا دەبێتە حیمایە. دەشێت بڵێم: لە دوای ژنان، ڕووناکبیران یەکەم توێژن، کە لە مێنتەلێتیی خێڵ و دۆخی جەنگ و ئاژاوە زیانیدە دەبن و باجەکەیشی دەدەن. دەکوژرێن، ڕاودەنرێن، دۆڵپێچ دەکرێن و لە ڕووبەرێکی تەسکدا دەناسرێن و دنیایان لێ دەکرێتە چەرمە چۆلەکە، سنووریان بۆ دەکێشرێت و لە ڕۆڵی مێژووییشیان کەم دەکرێتەوە.

بەدرێژاییی ساڵانی جەنگی ناوخۆ، هەندێک بە شیعر و وتارەکانیان توانییان ئاگری ئەو جەنگە خۆشتر بکەن و تێزەی بدەن. وەلێ بەنزیکەی هەموو ڕووناکبیرانی بەدەربەستی باشوور، کە لە چەندین گرووپی دژبە جەنگدا کارابوون، نەیانتوانی بۆ یەک ڕۆژیش جەنگی ناوخۆ ڕابگرن. ئەنجام، ئەو ڕووناکبیرانەی بەنزینیان بەو

جەنگە نارەوایەدا دەکرد، بەدەر لە لۆمەی مێژوو هیچی دیکەیان پێ نەبرا.

تەنیا لە کۆمەڵگەی سەقامگیری مەدەنیدا ڕووناکبیر دەتوانێت ڕۆڵ و دەسەڵاتی خۆی بخاتەکار. لەوێشدا دەتوانێت بەنیازی چاکسازی و پێشڤەچوون، نەک بۆ ئاژاوەنانەوە، گوشاری بۆ سەر دەسەڵات هەبێت، با ئەو دەسەڵاتە خۆماڵیش بێت.

خێڵمەزنی و پیرۆز ڕاگرتنی خێڵ، جگە لە پەرت و بڵاوی و خۆخۆیی و خزم خزمێنەی مەودا تەسک هیچی دیکە ناگەیێنێت. ئەدیب و هونەرمەند چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت هەوڵی سڕینەوەی سنوورەکانی خێڵ بدەن، نەک سەدان ساڵ، بۆ یاساکانی ڕەشماڵ بمانبەنەوە دواوە.

لێرە بەدواوە ڕۆشنایی دەخەمە سەر کۆمەڵگەی خێڵ و دیاردەی عەشرەت و سیستمی خێڵایەتی و ئاکارە ناجۆرەکانی تاکی خێڵەکی و کاریگەریی نەرێیانەی لەسەر تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری. داهاتووی کورد وەک نەتەوەیەک، لە سایەی ئەم سیستمە دواکەوتووەدا، کە سەرهەڵدانی بۆ سەرتاکانی مێژوو دەگەڕێتەوە، کاتێک مرۆڤ گوند و جڤاتی پێک هێنا. لە ژیانی دوورەپەرێزی و دۆخی ئاژەڵئاسای ئەشکەوتەوە گواستیەوە سەر بنیاتنانی جڤاکی سەقامگیر. هەروەها گرینگیی بەرەوشی تاک و ژن، بەتایبەت لە سایەی ئەم سیستمە پاشڤەڕۆیەدا دەدەین، کە تاکو نهۆش کوردستان بەگشتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

# پاژی هەشتەم

## ژن لە دیدی خێڵەوە

### مێژوویەک لە گریان و خۆڕنینەوە

لە درێژاییی ئەم زنجیرە باسەدا چەند جارێک لە گۆشەنیگای خێڵەوە، بەلای ئافرەتدا لامان کردەوە. وەلێ لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم هیچ کام لەو سەرنجانە دووبارە نەکەمەوە. دەستپێک ئەگەر بەگشتی و بەچڕی باسی مێژووی ژنی کورد بکەم، ئەوا دەبێت بڵێم: لەو سۆنگەیەوە، کە ژنی جەنگاوەری خێڵ بووە و پیاوەکەی هەردەم لەبەردەم ئەگەری جەنگی لە ناکاوی بێ پلان و نەخشەدا بووە، جەنگێک کە هەندێک جاران ئەم بەئاواتی نەخواستووە. لە سەروو توانا و تاقەتی خێڵەوە بووە و ماڵکاولکەر بووە. ئەو هەردەم لە دڵەڕاوکێدا ژیاوە. کاتێک هاوسەری، برا و باوک و دەستگیرانی، بەهەر نیازێک لە ماڵ یان لە سیاماڵ دەرچووبێت، ئەم گۆزە ئاوی بەشوێندا قڵپ کردووەتەوە. دروودی خوێندووە. خێری بۆ قەرار داوە. لە بۆ پیر و کتێبە پیرۆزەکان هۆمەنی بردووە. پاڕاوەتەوە و نزای کردووە تا لەو گەشتەیدا، یان لەو کارەی وا بەشوێنیدا چووە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە.

چونکە، کارەساتی سروستی، دڕندەی کێوان و دوژمن هەردەم بۆ ئازایزانی لەبۆسەدا بوون. واتە هەرجارێک پیاوی خێڵەکی لە ماڵی یان لە ڕەشماڵی خۆی دەرچووبێت، ئەوا لەبەردەم ئەگەری ئەوەدا بووە بە یەکجاری سەر بەداوە نەهێنێت. چونکە ژینگە و بارودۆخی خێڵ هەردەم نائارام و ناسەقامگیر بووە. گەڕانەوەی نێرینەکان مسۆگەر نەبووە. لێرەوە دەکرێت بڵێم: مێژووی ژنی کورد، مێژوویەکی

لێوانلێوە لە گریان و خۆرنینەوە و خۆڕاژەندنی دەم شین و شەپۆڕ. مێژووی پۆشینی بەرگی ڕەش و شینی پرسە و بەسەرردادانی سەرپۆشی بەهیدارییە. تووک و دوعای هەرە خراپی ژنیش دەرهەق ژنێکی دیکە ئەوەیە، پێی بڵێت: سەرت شین کەیت.

ژنی کورد لە درێژاییی دیرۆکدا بەهۆی مەرگی پێشوادەی باب و مێرد و ڕۆڵەکانیەوە، لە جەنگی درێژخایەن و خوێناویی نیوخۆی خێڵە کوردە لەگەڵ یەک ناتەباکاندا بەلایەک و جەنگی بەناچاریی بەرتەکدانەوەی شالاوی دڕندانەی دراوسێ نەفام و ملهوڕەکانی بەلایەکی تردا، هەردەم دڵی لە مستیدا بووە. یانژی لە ئەنجامی ئەو جەنگانەدا، کە کورد بەردەوام بە بریکاری لە جیاتی داگیرکەرانی کوردستان، بۆ پایەداربوونی دەسەڵاتی ئەوان کردوویەتی، هەردەم کۆڕی پرسە و شینی ژنی کورد بۆ ئازیزانی خۆی گەرم بووە.

ئەوان سەریان بەدەم هەنسکەوە هەڵکەندراوە. ئەوان بەدرێژاییی تەمەنی خۆیان ئەوەندەی بۆ شینگێڕان کۆبوونەتەوە نیو ئەوەندە بۆ شادی و خۆشی کۆنەبوونەتەوە. ئەوەندەی جلکی ڕەشیان پۆشیوە، دەیەکی ئەوە بەرگی ئاڵ و والآیان لەبەرنەکردووە. ئەوەندەی گریاون دەیەکی ئەوە بەقاقا پێ نەکەنیون.

گریانی بەکۆمەڵ و سینگ کوتان و چێکردنی کۆتەڵ بۆ هاوسەر، برا، کوڕ، گەورەپیاوانی بنەماڵە و خێڵ و تایەفە، بووەتە کردە و پیشەیان و وەک سێبەر بەشوێنیانەوە بووە. چەندین ژنی سەردولکەبێژی دەنگخۆش هەبوون و تاکو ئێستاش هەن، کار و پیشەیان برێتییە لە هەڵبەستنی بەیت و ئاوازی پەسندان بەسەر شەهید و لاواندنەوەی کوژراوان. ئەم ژنانە تەنیا لە پرسەدا بەسەرکراونەتەوە، کۆڕی شین و ماتەمیان پێ گەرم کراوە.

ژنی کورد هەردەم لە چاوەڕوانی بێهوودەدا بووە. بۆ ئەو سەدان هەزار لاوەی لە جەنگی نارەوای تورکی عوسمانی و نەیارانیدا، کە بە سەرفەربەر ناسرابوو، شتاقیان لێ نەگەڕایەوە، گریاوە. لە کۆڕی پرسەی نهێنیی شەهیدانی شۆڕشی کوردستاندا گریاوە. لە ڕاستیدا شینگێڕان کارێکی ژنانەی دەستەجەمعییە و پیاو تێیدا بەشدار نییە. چونکە لە دیدی خێڵەوە گریان بۆ پیاو نەهاتووە.

زۆربەی ئەدیبانی ئەم سەردەمەی کوردیش هەر بەم شێوەیە ژن دەبینن و لە

ئەدەبیاتی خۆیاندا وێنەی دەکێشن. ئەوان وەک سیمبوڵی خاک و نیشتمان بەگشتی، ژن دەبینن و وێنەی دەکێشن. وەک چۆن خاک بۆ بژێویی ئادەمزاد سەرچاوەی ژیان و بەرهەمە، ژنیش بەوشێوەیە سەرچاوەی ژیانە. ڕۆڵە بۆ کوردستان بەرهەم دێنێت و ڕۆڵەکانیش لەو پێناوەدا دەمرن. ژنیش وەک نیشتمان بەشخوراو و ڕەشپۆشە.

لە سەدەکانی ڕابردوودا گەلێک جاران ڕووی داوە ژنی کورد ڕۆڵی کارا ببینێت. هەندێک لە ژنی خان و میران، هاوشانی مێردەکانیان لێوەشاوە بوون. توانیویانە بەوێنەی ئەوان، یان لەوانیش کاراتر ڕۆڵ ببین. لە سەردەمی خۆیاندا ناسرا و بوون و ڕۆشناییان لەسەر بووە. وەک عادیلەخانمی ژنی وەسمان پاشای جاف و حەپسەخانی نەقیب. هەیانە دوای مردن و کوژرانی میرەکان توانیوایانە جێی ئەوان پڕ بکەنەوە، وەک خانزادی میری سۆران.

ژنانی کورد شان بەشان، لە پاڵ برا و باب و مێردیاندا بەرانبەری داگیرکەران جەنگاون: «ئافرەتی جەنگاوەری هەورامان، شان بەشانی، تفەنگچییانیان، بەدەم سروودی هاندان و نەمرییەوە بەردیان بۆ لەشکری فەرهاد میرزا، تل کردووەتەوە و بەدەم گۆرانی و ئاوازەوە، وتوویانە: کە ئەسکەندەر نەیتوانی هەورامان بگرێت، فەرهاد میرزا تۆ چیت. مێژووی هەورامان. ل ٤١٠»

جوانترین و گەشترین بڕگەیەک لە گەشتنامەکەی خاتوو ڕیچدا، کە لە تەک مێستەر ڕیچی مێردیایەتی و لە بەغداوە بەرەو شاری سلێمانی دەچێت و گەیشتووەتە دەوروبەری کفری، ئەمەیە: «چاوەڕوانیش دەکرا دایکی مەحموود پاشای سلێمانی، سبەینێ بگاتە ئێرە، کە بۆ بەغدا دەچێت. دەڵێن بۆ وتووێژ لەگەڵ داود پاشا، دەربارەی ئاشتیی نێوان هەردوو لا، عوسمان بەگی کوڕە بچکۆلەیشی تا سەر سنووری تورکی لەگەڵی دێت. گەشتنامەی ڕیچ ل ٣٢٩»

واتە خێزانی ئەورەحمان پاشای بابان، کە دەکاتە دایکی میری سەردەمی گەشتەکە، مەحموود پاشا ئەوەندە کارامە و شارەزای کاروباری دەوڵەت و پێوەندییەکان بووە، میری بابان پیایدا ڕاپەڕمووە، بۆ دانوستان بۆ بەغدای بنێرێت. وەلێ بەداخەوە، میرنشینی بێ تۆمار و مێژوو، هیچی وەهای سەبارەت بەم ژنە سەنگین و دیبۆلماتە بۆ تۆمار نەکردووین.

بەڵام ئەم دۆخەش نەبووەتە دەستوور. لە ڕاستیدا ئەو ژنانە بەو سیفەتە حوکمیان نەکردووە، کە ژن بوون، یان خەڵکەکە پێیان خۆش بوویێت ژنێک سەرەوکارییان بکات تاکو پیاو. وەنەبێت دیاردەکە لە ڕوانگەی بەرابەریی ژن و پیاوەوە سەرچاوەی گرتبێت. بەڵکو ئەو ژنە سەلارانە هەر درێژە پێدانی مێرد و برا و باوکە میرەکانیان بوون و لە سایەی ئەواندا خورپیویانە.

هیچکام لەو ژنانە لە سەردەمی خۆیاندا پشتیوانییان لە بەرابەریی ژن و پیاو نەکردووە. بەگشتی لە ئازار و مەینەتییەکانی ژنی کوردیان کەم نەکردووە و هیچی ئەوتۆی نوێشیان بۆ ژنی کورد پێ نەبووە. بەڵکو دەکرێت بڵێم: ئەو ژنانە خۆیان پیاواندووە. واتە وەک پیاو دەسەڵاتیان پیادە کردووە، نەک وەک ژن. یان پیاوێک ئەم دەسەڵاتەی پێ داون. ئەم دۆخە کارێکی کردووە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، لەچاو ژنانی گەلانی دراوسیدا، ڕۆڵی ژنی کورد ئەرێیانەتر بنرخێنن. بەڵام دەبێت ددان بەو ڕاستییەشدا بنێین، کە بە بەراورد لەگەڵ ئێستای سەردەمی گلۆبالیزمدا، ژنی کورد لە کۆندا ئازادتر بووە. ئەو حەلە، وەک ئێستا نەڕەوتی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ لە ئارادا بووە، تاکو بەزەبری هەڕەشە و گوڕەشە ژن بخزێنێتە کونی ژوورەوە و ڕوخساری پێ لەچکپۆش بکات. نەخان و میرەکانیش لەوە ترساون ژنان بەڕەکەیان لە ژێر پێ دەربهێنن.

زۆربەی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانەی سەردانی کوردستانیان کردووە و بیرەوەری و گەشتنامەیان نووسیوە، ڕەوشی ئافرەتی کوردیان بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتی فارس و تورک و عارەبدا، بەرزتر و پێشکەوتووتر و ئازادتر نرخاندووە. ئەوان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئافرەتی کورد ڕووبەند ناگرنەوە، ئازاد لە ماڵ دەردەچن و تێکەڵ بەکۆڕ و کۆمەڵی پیاوان دەبن. هەندێک کار و فرمان ڕادەپەڕێنن، لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرشانی پیاوانن. ئەمانە هەمـوو ڕاستن، بەڵام تەنیا بۆ ڕووکەش بووە. ئەوسا کاری تاقەتپڕووکێن بەژن کراوە و نەهۆش پێیان دەکرێت. دەنا لە ناوەڕۆکدا، پیاو و ژن لە مافەکاندا بەرابەر نەبوون.

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبە بەنامێکەی خۆیدا "عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە" بەم شێوەیە بەراورد لە نێوان ژنی خێڵ و ژنی شارستاندا دەکات: «ژنانی

کورد تاقانەی چاخی خۆیانن، ڕۆڵی ژن و کارەکەر و زێرەڤان و جەنگاوەر دەبینن، کە لە جەنگەکاندا بەرگری لە زێد دەکەن؛ لە کاتێکدا ژنانی شارستان بێجگە لە ڕۆڵی خۆیان وەک مێیینە هیچی دیکە نازانن.»

میستەر ریچ خۆیشی، کە ئەرێیانە باس لە ڕۆڵی ئافرەتی ژێر سایەی میرنشینی بابان دەکات، لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: «بەڵام هەندێک میر و دەسەڵاتداری بەهێز و سەرەڕۆی کورد، جۆرە توند و تیژییەک دەنوێنن، کە لە تورکیا مل بۆ ئەو جۆرە شتانە نادەن، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێکی ئەو چینە دەسەڵاتدارە، کچێکی خۆش ویست، دایک و باوکی ناچار و ڕازی دەکات بیدەنێ. چونکە ترسی پابەندییان بەئاینەوە، نایەڵێت بەڕێگایەکی تر بیخوازێت. کە لێشی تێر و بێزار دەبێت، تەڵاقی دەدات و لە نۆکەرێکی خۆی مارە دەکات. بەتایبەتیش لادێییە کلۆڵەکان تووشی ئەم جۆرە چەوساندنەوەیە دێن. لەم بنەماڵەیەدا عوسمان بەگ تاقە کەسێکە خلیسکاوەتە ناو ئەم جۆرە تاوانەوە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی لە جەنگدا بەتاڵان دەبرێن، کە زۆربەیان ئێزیدین یان هی ناوچەکانی تری کوردستانن، لە ماڵەکاندا دەکرێن بەکەنیزەک. گەشتنامەی ریچ، ل ٢٦٢»

## مێیینە لە شەجەرەی خێڵدا جێی نابێتەوە

خێڵ و تایەفە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنیان بە پشت حیساب نەکردووە. ئێستاشی لەگەڵدابێت بەپشتی حیساب ناکەن. چونکە نەوەکان نادرێنە پاڵ ژن، بەڵکو دەدرێنە پاڵ پیاو. منداڵ هێشتا هەر ناوی بابی هەڵدەگرێت نەک داکی. تۆ ئەگەر لە لای خۆتەوە، سەرنجی شەجەرەی هەر بنەماڵەیەک خێڵەکی یان ئاینی بدەیت، دەبینیت لەسەری سەرەوە، ناوی باپیرە هەرە گەورەیان نووسراوە، بێ ئەوەی کەس بزانێت، یان بپرسێت، ئەدی داپیرە هەرە گەورەیان ناوی چی بووە؟ ئەمجا لە ژێریدا ناوی منداڵە نێرینەکانی تۆمارکراون. لەمانیشەوە لقی نوێ، واتە نەوەی دووەمی نێرینەکان پەیدابوون و هەموو بەڕێزەوە ڕیز کراون. لە بن ئەو کوڕانەشدا، ناوی کوڕەزا نێرینەکان دەبینیت.

ئیدی بەم پێودانگە بیگرە هەتا دەگاتە سەر نێرینەکانی ئێستا. بێ ئەوەی ناوی

تاکە مێیینەیەکی تێدا تۆمارکرابێت. وەک ئەو بنەماڵە ئاینییەیە، یان ئەو خێڵە، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێکیان لە داوێن نەکەوتبێتەوە. ئەگەر مێیینەی زانا و نووسەر و قارەمانیشی تیدا هەڵکەوتبێت، هێشتا هەر خێڵ لە شەجەرەی بەڕێز و مایەی شانازیی خۆیدا ناویان تۆمار ناکات. چونکە خێڵ مێیینە بەپشت حیساب ناکات. ئەو وەهای بۆ دەچێت، کە جەستەی مێ "کەنووی بەتاڵە". وتەی ژن کەنووی بەتاڵەم لە دەڤەرەکانی قەراخ و گەرمیان بیستووە. ژنان بۆ خۆشیان لە زۆر بۆنەدا لەسەر زاریانە.

کەنوو لە قوڕ دروست دەکرا و بۆ ئەمبارکردنی دانەوێڵە بەکار دەهات. واتە ژن تەنیا وەک دەفرێک یان ژینگەیەک تەماشا دەکرێت، کە منداڵی تێدا بەرهەم دێت. یاخۆ دەشێت بڵێین: لە دیدی خێڵ و تایەفەوە ژن وەک مەکینەی هەڵهێنانی جووجەڵە وەهایە. تۆ ئەگەر سەرنجی شەجەرەی خێڵت دا و لەبن نێرینەیەدا لکی نوێت نەدی، ئەوە مانای وایە نەزۆک بووە، یان بەر لەوەی ژن بهێنێت کۆچی دوایی کردووە، یان لە منداڵی نێرینە بێبەش بووە.

هەرچۆنێک بێت، پێم وایە «شەجەرە: سەرجەرە» درۆیەکی شاخداری خێڵ و تایەفەیە. مەبەست پێی تەنیا خاپاندنی ڕۆژانەی خەڵکە. ئەوان پێوەی دەنازن و خۆیانی پێوە ڕادەنێن، گوایە توخماتی ئەوان لە فلانە پیاوچاک، یان فیسارە میر و سەرخێڵ کەوتوونەتەوە. خۆیانی پێ لە بۆرەپیاو "بەقەولی خۆیان" جیا دەکەنەوە و هیچی تر.

بەڵام ئایا ئەو نەجیبزادانە دەتوانن بەپێی زانستی سەردەم، ئەم ئیدیعایەی خۆیان بسەلمێنن، لە کاتێدا، لەوانەیە ئەو باپیرە هەرە گەورەیەی، کە ئەوان ئیدیعا دەکەن دەچنەوە سەری، هەزار ساڵ بێت لە دنیا دەرچووبێت؟ وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە، خێڵ بەمێیینە وەجاخی ڕوون نییە. وەجاخ کوێر بەکەسێکیش دەڵێن منداڵی نێرینەی نەبێت. بەم پێیە خێڵ ژنی بەپشت حیساب نەکردووە، وەلێ جێی سەرسووڕمانە، تا ئێستاش هەندێک ژنی سەلار و ڕووناکبیر و ئەکادیمی هەن، خێڵیان کردووەتە پاشناوی خۆیان.

## کوشتنی ژنان لەسەر پرسی شەرەف

مێیینە ئەمانی نییە، چەکێکە زامن ناکرێت. هەر ساتێک قەوماندی خراپ دەیقەومێنێت. بەتایبەت ئەگەر بەتەنیا ڕێکەوتی نێرینەیەک بکات، ئەگەری ئەوە هەیە دەمودەست تەسلیمی ببێت و ئیدی بەجارێک حەیا و نامووسی نێرینەکان پایەماڵ بکات. کەواتە باشترین چارەسەر ئەوەیە ڕێی دەرەوەی لێ بگیرێت و بەکاروباری ماڵەوە بیبەستێتەوە و چاودێریی وردی بکات. ئەم خوتوورەیە هەمیشە کنە لە نەستی هەموو تاکێکی خێڵەکیی بەئاین چەکداردا دەکات.

لە زەینی خێڵدا، شەرەف، غیرەت، پاکیزەیی، پاکداوێنی و پیاوەتی، زنجیرەیەک بنەماگەلی بەرز و زیندوون، هەمیشە بەسەرزارەوەن و زەینی کوڕانی خێڵیان داگیر کردووە و ئاراستەی دەکەن. ئەم بنەمایانە تەواوی ئاکار و مۆراڵەکان بۆ مەردمی خێڵەکی دیاری دەکەن. وەکی دی لە کولتووری خێڵدا بەشی هەرە زۆری ژن بۆ مەبەستی سێکس و وەچەخستنەوە و خزمەتکردنی پیاوە. لەم کولتوورە ڕەگاژووەوە، پیاو تەواوی دەستەڵاتی خاوەندارێتیی لە مستدایە. پیاو بە پێچەوانەی ژنە، کە لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا خاوەنی هیچ داراییەک نییە. بۆیەکا پیاو بۆی هەیە چەند دڵی دەخوازێت ژن بهێنێت. لەم کایەیەدا ئاینیشی لە پشتە.

پیاو خۆی بەخاوەنی جەستەی ژن دەزانێت. لەو جەستەیەدا، هەر لە پرچەکانییەوە هەتا دەگاتە پەنجەکانی پێی بە عەورەت بۆی حیساب کردووە، چەمکی شەرەف لای پیاوانی بنەماڵە و خێڵ چڕ بووەتەوە. چونکە جەستەی ژن موڵکی پیاوە و دەبێت ئەو پارێزگاریی لێ بکات. وەلێ هاوکات ئەم جەستەیە خاڵی هەرە لاوازی پیاوانیشە، ئەگەر بڕێک بێ پەردەتر بدوێم ئەوا دەڵێم لای خێڵ شەرەف تەنکە وەک باڵێ مێش و لە پەردەی کچێنیدا چڕبۆیەوە. خێڵ ئەو پەردە تەنکەی لێ بووەتە شوورەی چین و لەوێوە کوڕانی خێڵ سەنگەرەکانی پاراستنی شەرفیان قایم کردووە و بەرگریی لێ دەکەن. بۆیە دەبێت ئەو پەردەیە هەردەم سەرمۆر و پارێزراو بێت و تەنیا بە فەرمی، واتە بە حەڵاڵیی لە بەین بچێت. چونکە مێیینە تووشی هەر گوناهێک ببێت، ئەوا نێرینەکانی پێ دووچاری عەیب و شوورەیی دەبن.

لە ڕاستیدا چەمکی پاکیزەیی ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و لە نەستی مرۆڤدا

مـاوەتەوە: «هەر لە کۆنەوە، پاکیـزەیی پێـوەندیی توندوتۆڵی بە چەمکی پیرۆزییـەوە هەبووە. پاکیزەیی سیفەتی خواوەندی پیت و بەرەکەتی سۆمەریی ئەنانا بووە. ئەم چەمکە گەلێک جاران لە تاتەقورینەکاندا دووبارە بووەتـەوە.. بڕوانە: محمـود مفلح البکر، العرس الشعبی، ص ١٥»

تەواوی ئەو حۆرییانەشی، کە خواوەند پەیمانی داوە، لە بەهەشتی بەرینی خۆیدا بیانبەخشێتە بەندە گوێڕایەڵەکانی خۆی، پاکیزەن؛ نە ئینسان و نەجنۆکە بەلایاندا نەچوون. "إنا أنشأناهن إنشاء، فجعلناهن أبكارا، عربا أترابا" القرآن الکریم، الواقعة، ٣٥-٣٧. ئەگەر تاکی خێڵەکی گەوهەر و مانای شەرەف لە جەستەی ئافرەتدا ببینێت و چڕی بکاتەوە؛ ئەوا بەری هەر تشـتێک زاراوەی شـەرەف، مـەبەسـتی پێ پەردەی کچێنییە. واتە پاکیزەیی مەرجی سەرەکیی شووکردن و پێکەوەنانی خێزانە. ئەو پیـاوەی مێیینەیەک بخوازێت پاکیـزەییی لە دەسـتدا بێت، ئەوە ڕێک مـانای وایە ئەویش هـەرچی ئۆرت و ڕێز هـەیە لە کۆمـەڵدا لە دەسـتی دەدات. بەبێ پاکیـزەییی ئافرەت، خێزانی ڕێزدار و بەختیار چێ نابێت.

واتە لەم گـۆشـەنیگایەوە ئاینیش لەگـەڵیـدا هاوئاهەنگە. بەلای تاکی کـوردەوە "بنپژاو" جمێنێکی زۆر گرانە، ئەگەر بەکچ بدرێت ئیدی لێ خۆشبوونی نییە. چونکە مـانای وایە ئەو کـیـژە شـەرەفی خـۆی دۆڕاندووە و لەودیو بـرۆسـەی فـەرمـیی هاوسـەرگیرییەوە کردەی سێکسی ئەنجامداوە. بەڵکو ئەو مێیینەیە موستەحەقی کوشتنیشە.

ئەم شـیعـرە فۆلکلۆرییەی لای خـوارەوە، باس لە جـحێـڵێک دەکـات بەلای کیـژە خێڵەکییەکدا ڕەت دەبێت بارەکەی کەوتووە. کوڕەکە بە زمانی شـیـعر پێی دەڵێت: ئەگەر ماچێکم بدەیتێ ئەوا گایەکەت بـۆ بار دەکەمەوە. بەڵام سـەرنج بدە کیژەکەش چلۆن بە شیعر وەڵامی دەداتەوە:

کوڕ:

کەنیشکە کوردەی ماڵ لە نۆهەوار

ماچێکم بەرێ گاکەت بۆ بکەم بار

کچ:

نە تۆم بمێنی نە خاوەنی بار
چەفتەی حەوت برا من چۆن دەکەم لار؟

واتە ئەگەر کچەکە ماچێک بەکوڕەکە بدا، ئەوا بەجارێک مێزەری هەر حەوت برایەکەی، بەم کارە قێزەونە لار دەبێت. بەم پێیە، ئیدی ئەو برایانە لە نێو قەوم و عەشرەتدا لە ڕوویان نایەت سەرهەڵێنن. دەکرێت بڵێین: لێرەدا چەفتە یان مێزەر لاربوون حیسابی ئابڕووچوونی بۆ کراوە.

ژن ناتوانێت و بۆی نالوێت خاوەنی جەستەی پیاو بێت. بۆیە بۆشی نییە بەرگریی لێ بکات. هەروەک پرسی شەرەف و چەمکی عەیبەش جەستەی پیاو ناگرێتەوە. بەلای تاکی خێڵەکییەوە، کە مرۆڤێکە وەک شێت یان منداڵ هەستیارە، بنەماکانی کەرامەت و شەرەف لە پێش نان و بژێوییەوە دێن.

تەواوی یاساکانی ناوچەکە سزای کوشتنیان لەسەر پرسی شەرف "القتل غسلا للعار" بۆ بکوژی پیاو سووک کردووە. واتە ئەگەر هاتو پیاوێک لەسەر پرسی شەرەف و بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی ڕژاوی، کەسە نزیکەکانی خۆی کوشت، ئەوا دادگا سزاکەی بۆ سووک دەکات. بەڵام ئەگەر لە هەمان سۆنگەوە، ژنێک بەخیانەتەوە پیاوەکەی بینی و کوشتی، ئەوا ئەو ئاسانکارییەی بۆ ناکرێت.

بەلای تاکی خێڵەکییەوە مێیینە سەرچاوەی سەرەکیی عەیبەیە. ژن ئابڕووبەرەیە و بۆی هەیە بەجارێک شوورەیی خێڵێک پایەماڵ بکات. بۆیە شیاوی ئەوەیە نیمچە زیندانی بێت و ڕێی دووری ئەو هەتا کانیی ژنان بێت. گەرەکە لە چاوی بەد بشاردرێتەوە. بۆیە دەبێت هەردەم لە ژێر چاودێریی ورددا بێت. پیاوی خێڵەکی لە ترسی ئەوەی، نەبادا لە ئاکامی هەڵەیەکی مێیینەکانەوە عەیبەی بێتە سەر، هەردەم دڵی لە قولی مستیدایە و لە دڵەڕاوکێی بەردەوامدایە. چونکە چەمکی عەیبە، دەنگۆیەکی دەم بە هاوارە. دەتوانێت ڕای گشتیی خێڵی لێ بورووژێنێت. واتە ئەم دەنگۆیە هەژموونی بۆ سەر تاکی نێر زۆرە. لە نێو جڤاکە چکۆلەکەی خێڵدا بێ ئۆرت و بێ ڕۆمەتی دەکات. بۆی هەیە ئەم عەیبە و ناوزڕاندنە هەتا چەند نەوەیەک بیر نەچێتەوە. لە هەر کوێیەک ئەندامانی ئەو بەرەبابە پێیان خوار دانا، خێرا عەیبەکەی باپیرە هەرە گەورەیان بەچاودا بدەنەوە. لە نێو کۆمەڵگەی خێڵەکیدا نێرایەتی

تەواوکەری مێیایەتی نییە. بەڵکو ئەم دوو ڕەگەزە، دوو چەمکی ناکۆکی بەرامبەر بەیەکەن. مەگەر ئەوەندە هەبێت مێ بابەتێکە بۆ وەچەخستنەوە و تێرکردنی هەوەسی سێکس لە لای نێر.

لەم سەردەمەشدا ژمارەی قوربانییانی ژن لەسەر پرسی شەرەف و نامووس ئەوەندە زۆربووە، لەوەدا نەماوە چیتر دیزە بەدەرخۆنە بکرێت. لەو سۆنگەیەوە، کە قوربانییانی ئەم پرسە لە نێو ڕەوەندی کوردی پەڕیوەی نێو وڵاتانی ڕۆژئاواشدا هەیە و باوە؛ ئەوا تەواوی دنیا پێی زانیوە، کە کوردیش وەک هەندێک لە میللەتانی دیکەی باکوری ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پاکستان و بەنگلادیش، میللەتێکی ژنکوژە. بۆیە لە ڕووی ئینسان دۆستییەوە، هەم ئەو ڕاسیستانەشی، کە بەبوونی کورد و بوونی سەرجەم ڕەوەندی پەناهەندەی ڕۆژهەڵاتی نارەحەتن، بەردەوام ئەم کولتووەرە خوێناوییە دزێوە، بیری خەڵکی خۆیان دەخەنەوە. ڕاشکاوانەش لە میدیاکانیانەوە قسەی لەسەر دەکەن و لە شەقام و پارکی شارە گەورەکانی ئەوروپادا، مەراسیمی ڕێپێوان و مۆم داگیرساندنی دەستەجەمعی بۆ ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانیی پرسی شەرەف ڕێک دەخەن. وەک ئەو نارەزاییەی، بۆ کوشتنی فادیمە شاهیندال لە چەند وڵاتێک سازیان دا.

لە هەمووی دڵتەزێنتر ئەوەیە؛ ئەم پرۆسەی کوشتنە بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێت. زۆرێک لە کوردی باکور بەخێزان و بەرەبابەوە پەڕیونەتە ئەوروپا. ئەمانە تەواوی کولتووری خێڵیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. لێرۆکانەش وەک ئەوێ، ڕێوڕەسمە دزێوەکانی خێڵ پیادە دەکەن. ئەمانە دەستووری وڵاتی خانەخوێ پێشێل دەکەن. لە کوردستان چۆن لێ ڕاهاتبوون خۆیان کیژەکانیان بەشوو بدەن، لە ئەوروپایش هەمان شێوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن.

لە هەندەران بڕێک سنووری خێڵ و تایەفە فراوانتر دەبێت. لە کوردستان پیاو تەنیا پاسەوانی شەرەفی بنەماڵە و خێڵی خۆی بوو، دەیپاراست. بەڵام لە ئەوروپادا، کوردی باکور، پێی قووت ناچێت کیژە کوردێکی باکور "بۆ نموونە"، لەگەڵ کوڕێکی سویدی، نەرویجی و دانیمارکیدا، پێکەوە ببینێت و یەکدییان خۆش بوێت. بەڵام ئەگەر کوردی پارچەیەکی دیکە ئەم کارەبکات ئەوەندەیان بەلاوە مەبەست نابێت.

بەسەرێکی دیکە بۆخۆی ڕەوایە بەنیازی ڕابواردن و دەست گەرمکردنەوە باز بەسەر جیاوازیی زمان و کولتوور و ئاینیدا بدات و لەگەڵ کیژانی ئەو میللەتانەدا تێکەڵ ببێت. بەڵکو لە لای دۆست و ئەحبابی، سینگ دەردەپەڕێنێت و خۆی پێوە بادەدات، کە ئەو توانیوێتی کچە سویدییەک بخاتە داو. سەرنج بدە پیاوی خێڵەکی هەردەم دوو فاقە، یان وەک پەندەکە دەڵێت: "بانێکە و دوو هەوا" مامەڵە لەگەڵ توخمی مێیینەدا دەکات.

لە وڵاتانی ئەوروپاشدا، کیژەکورد کاتێکی بەخۆ زانی ئەنجوومەنی بنەماڵە، لە پشتی ئەوەوە کۆبوونەوەی خۆی گرێ داوە و بڕیاری یەکلاییکەرەوەی داوە بیدەنە فلانە خورتی ئامۆزای خۆی. وەلێ کیژەی، لە ئەوروپا گەورەبووی، لە کولتووری خێڵ بێ ئاگا یان یاخی، ئەوروپاییانە مامەڵەی کردووە و دەستی لەگەڵ دڵخوازی خۆیدا تێکەڵ کردووە و بۆی فرێندی لە خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە گرتووە. ئیدی هەرکە پێیان زانی، لە بری مەراسیمی شایی، بڕیاری مەرگی بەسەردا دەدەن. ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەم تاوانەش بە لاوێکی هەمان بنەماڵە دەسپێرن.

بەم شێوەیە تەواوی خێزانی ئەوکچە، بەدایک و باب و خوشک و براکانیەوە لەو تاوانەدا بەشدارن و دەستیان لەم کارەساتەدا هەیە. چونکە هەموو لایەک پابەندی یاسا و داوونەریتە ناعەقڵانییەکانی خێڵن و وەک دەستوورێک، یان وەک سرووتێک لە لایان چەسپاوە. واتە دایک و خوشکی قوربانییەکەش لە ڕووی نەبوونی وشیارییەوە، لەگەڵ پراکتیزەکردنی داوونەریتی خێڵدان، بەکوشتنی کیژە لادەرەکانی خۆشیانەوە. لادەر لە دەستووری نەنووسراوی خێڵ.

شەهرزاد و ئەمیری حەسەنپوور لە ژمارە ١٩٧ی کۆواری سروەدا نووسیویانە: «کوشتنی نامووسی، کارەساتێکی دڵتەزینە، لەوەدا کە باوک و برا، ئازیزانی خۆیان، کچان و خوشکان دەکوژن. دڵتەزێنتر لەوەش ئەوەیە جاروبار دایک و خوشکیش نەتەنیا بەو کارە ڕازی دەبن، بەڵکو عاتیفە، خۆشەویستی و ئیحساس گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی. لێرەدا ڕق و توورەیی و ئەوین دەست دەدەنە دەست یەک و کارەسات دەخولقێنن.». ئەم دوو تۆژەرەش رایان وایە کە «کوشتنی نامووسی ڕەسمێکی نەریتی، عەشیرەتی، فیوداڵی یا گوندییە.»

لە ڕاستیدا کاتێک دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە ساغڵەم و کارایە و لەسەر ڕاستەڕێیە، کە ژن بتوانێت بەتەواوی ئازادی، لە گشت بوارەکاندا ڕۆڵی خۆی ببینێت. لە ئێستای باشووری کوردستاندا ژنکوشتن، کە کولتووری ڕابردووی خێڵە، لەبەر زۆریی ژمارەی چەک و نائارامی و بوونی ئەنجوومەنێک لە گشت شارەکان بەناوی کۆمەڵایەتی، کە بە شێوەیەکی خێڵەکییانە و لەودیوی یاسا نووسراوەکانەوە مەسڵەت چێ دەکەن. تاوانەکان بەئاسانی بەڕێوەدەچن و بەئاسانیش دیزەبەدەرخۆنە دەکرێن.

جگە لەوەی ئێستا خێڵ لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدایە و هەر سەرخێڵێک، کە جاران موستەشار بووە، ئێستاش لە ژێر ناوی دیوەخانانەدا مانگانە و مووچە و بەرات وەردەگرێت. بە هۆی ئەم گۆمە لێڵەوە، کە لە گۆڕێدایە خێڵ لە جاران بەهێزتر گەڕاوەتەوە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان و دەستیش لە کایە سیاسییەکان وەردەدات. لێرەوە ژن بووەتە یەکەم ئامانجی خێڵ و کوڕانی خێڵ. چونکە ئەوان هەموارکردنی مافەکانی ژن بە کۆسپی سەر ڕێی مانەوەی خۆیان دەزانن.

نەهۆ دیاردەی فرەژنی لە هەموو سەردەمێک باوترە. هەروەک مێژووی ژنی کورد، بەتایبەتی لە باشوور لە هەموو چاخ و سەردەمێکی مێژوویی خوێناویترە. بەڵام هیچ جێی گومان نییە، کە ئەو دەسەڵاتەی لە کوشتنی ژنان؛ لەسەر پرسی نامووس و شەرەف چاو بپۆشێت، مانای وایە ئەویش تەواو وەک ئیسلامییە توندڕۆکان و خێڵەکییە ژنکوژەکان لەو کارەساتەدا بەشدارە.

عەزمی بشارە، لە کتێبەکەی خۆیدا، "طروحات عن النهضة المعاقة، ص١١٧" دەڵێ: «کوشتن لەسەر پاشخانی ئەوەی پێی دەڵێن شەرەف، ئەوە کوشتنی بێ شەرەفانەیە، بناخەکەی بۆ بێ توانای و هەژاری دەگەڕێتەوە. بێگومان مەبەست لە هەژاریی چینایەتییە، بەڵام قسەکە یەک لەباری دەستکورتیی مەعنەویشەوە، کە لە هەژاریی ئاوەز و ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوە دەگرێت هەر ڕاستە. ئەوەی لەسەر ئەم پرسە ژن دەکوژێت، ئەوە هەژارێکە، کەوتووەتە بەر گوشار و چاودێری و پشکنینی کۆمەڵگەی عەیبەوە. واتە ئەو جڤاکەی بەچاک و خراپ وشەی عەیبەی لەسەر زارە. بەڵام دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی، جا محافەزەکار بن یانژی کراوە، لەودیو توغیانی کۆمەڵەوە ژیان دەگوزەرێنن. ئەوان لە دەرێی هەژمونی جەماوەر بۆ سەر

تاکن. عەیبە، لە بنەڕەتدا لەلای هەژاراندا بوونی هەیە. بەڵام لە کن دەوڵەمەند، تەنیا گاڵتە و قسەی خۆشە. ڕەوشتی بەعەیبەوە پەیوەست، ڕەوشتی هەژارانە.»

پێم وایە ئەم ڕایەی عەزمی بشارە، کە لەسەر کۆمەڵگەی عارەب هەیەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواریش هەر ڕاستە. لەم سەردەمەدا بەڕوونی بەدیاردەکەوێت، کە عەیبە چینە بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ناگرێتەوە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، کە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردەواری هەم لە ڕووی ئاوەزوو هەم لە ڕووی چینایەتیشەوە هەژار و بێ دەرەتانە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم، کە یەک لەباری ڕوانین بۆ ژن وەک هەڵگری شەرەف و پرسی تۆڵەی شەرەف. هەموو ئەم چەمکانە بەدرێژایی مێژوو، چ لە کن تەیارییەکانی سەروبەندی دەوڵەتی عوسمانی و چ لەم مێژووی ئێستادا لە کن عیسایییە کلدۆئاشوورییەکانی کوردستانیش تاڕادەیەکی زۆر چونیەکن. خۆ عیسایییەکانی کوردستان ئەوانەی وڵاتی سوید نین. هەر وەک چۆن عیسایییەکانی وڵاتی ئەتیوپیا "حەبەشە" لەوانەی ئەمەریکا ناچن. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش پەروەردەی هەمان هەلومەرجی جڤاکین و ئەوانیش لە هەمان قۆناغی گەشەکردندا دەژین و لەبن کاریگەریی مێنتەلێتیی خێڵدان.

پێوەندیی دڵداری و خۆشەویستی بەلای تاکی خێڵەکییەوە کارێکی سەرەڕۆیی و بڤەیە، چونکە لە فەرهەنگی ئەودا لەودیو هاوسەرگیری و پێوەندیی ژن و مێردایەتییەوە خۆشەویستی قەدەغەیە. وەلێ ئەگەر ڕاستە خێڵەکی شەرەف و مانای شەرەف لە ئافرەتدا دەبینێت دەبوو لای سەرووی خۆیەوە جێی بۆ تەرخان کردبا. بە چاوی ڕێزەوە بۆی ڕوانیبا و نابەرابەریی لەگەڵدا پیادە نەکردایە. کێ بینیوێتی وڵاتان ئاڵای خۆیان بێ ڕێز لەسەر زەوی فڕێ دەن؟ ئەگەرچی زەوی لە خۆیدا نیشتمانە. نا، هەموو میللەتێک ئاڵاکەی، کە ڕەمزێتی، یان وەک برێک جار دەڵێن شەرەفێتی، بەرز هەڵدەدا و بەداری ئاڵاوەی دەکات، هەتا لەگەڵ هەڵکردنی هەر گژەبایەکدا لرفەلرف بشەکێتەوە و لە دووڕا دۆست و دوژمن ببینن. ڕاستت دەوێت هەر تاکێک بگریت لە شەرەفی خۆی بەرپرسە. هەر بۆ نموونە ئەو نوژدارەی خیانەت

لە پیشەی نوژداریدا بکات ئەوا شەرفی خۆی لەوتاندووە. هەر تاکێک خیانەت لە میللەتەکەی بکات ئەوا بێ شەرەفە.

شەرەفی لەوتاو لە ئاکامی "زۆرەدەستگرتەی" واتە لاقەکردن و خورتیگێوە، وەک بەخودی زاراوەکەوە دیارە "زۆر"، واتە بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگی تێ دەکەوێت. پرۆسەیەکە، بە داگیرکردن و پێشێلکاریی کیانێکی دیکەی سەربەخۆ و ئارام و بێگوناه دەشکێتەوە. بکەر، ئارامی و ئازادی لە قوربانیی تێک دەدات. پرۆسەکە وێرانکردنی ئینسانێکە، لە جڤاکێکی پاشڤەڕۆدا. لە هەمان کاتدا گوناهبارکردنی مرۆڤێکی بێ گوناهیشە.

گوناهبارکردنێکە لەگەڵ تەمەندایە. نە قوربانی خۆی و نە جڤاکەکەیش لە یادی دەکەن. ناشکرێت قوربانی لە بکەر خۆش ببێت. بەڵکو قوربانی تاماوە پێوەی دەتلێتەوە و لە یادێتی. خەڵکانی دەستبەتاڵ و مێشکبەتاڵیش زۆرن نان و پیازی پێوە دەخۆن و هەیتا هەیتا بەچاویدا دەدەنەوە. تاڵترین یادە، ئەو ڕوو لە هەر کوێیەک بکات، وەک سێبەرەکەی لە تەکیدایە. لە خەونیشدا وازی لێ ناهێنێت و لە فۆرمی جۆران مۆتەکەدا، خەو لە قوربانی دەزڕێنێت و بەدەم لەرزەوە ڕای دەپەڕێنێت. خەرەندێکی ئەوەندە قووڵ لە ناخی قوربانیدا هەڵدەکۆڵێت، نەبۆی پڕ دەبێتەوە و نەدەشتوانێت بازی بەسەردا هەڵبدات و تێی بپەڕێنێت. چونکە زۆرەدەستگرتەی، کردەیەکی ئەوتۆیە هەرگیز و بەهیچ نرخێک قەرەبوو نابێتەوە. ئەو قوربانییەش ئەوەندەی جەستەی وێران دەبێت سەد ئەوەندە دەروونی وێران دەبێت.

ئەگەر مێیینەکە ژن بێت یان کچ، هەر دەبێت تۆڵەی بکرێتەوە. شەرەفی لەو تاویش بە زۆری بەخوێن پاک دەبێتەوە. چونکە ئەو تاکە خێڵەکییەی وا کەسێکی دوو چاوی ئەم کردەیە بووە، دەبێت بیسەلمێنێت، کە پیاوە و بەشەرەفە. ئیدی لۆجیکی ئیفلیج دەبێت. ئەگەر نەیەتە دەنگ، ئەوا لاوازی و بێدەسەلاتیی کوڕانی خێڵ لێرەدا دەگاتە ئەوپەڕی. هەژاریی ڕۆشنبیرییش بۆ ئەم تۆڵەیە هاندەرە. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا مێیینەکە، یاخۆ هەردوو لایان دەکوژێت. لێرەدا گرینگ ڕشتنی خوێنە.

لەم سەروبەندەدا، تاوان بەناوی شەرەفپارێزییەوە، لە هەموو سەردەمێک زۆرترە، ئەمەش مانای وایە نەهۆ خێڵ لەوپەڕی دەسەلاتی خۆیدایە، بۆیە وا بەرەهایی

دەستووری خۆی پیادە دەکات. هۆیەکی دیکەی بەرزبوونەوە ڕێژەی ئەم جۆرە تاوانە ئەوەیە، کە بکوژ بێ ئارەق دەردەچێت. هەوەها لەبەرئەوەی ڕووناکبیری و عەقلانییەت لەم سەردەمەدا نەبووەتە دەنگێکی ئەوتۆ گوێی لێ بگیرێت، بەڵکو لە خۆیدا نووزەیە نەک دەنگ.

تاکی خێڵەکی بۆیە لەسەر پرسی ناوبراو، مێیینەی خۆی دەکوژێت، تاکو بۆ دراسێیەکەی خۆی، بۆ بەقاڵەکەی، کە ڕۆژانە ڕزقی لێ دەکرێت، بۆ ئەوانەی لە ڕیزی نوێژدا ڕۆژانە پێنج جاران دەیانبینێت، بۆ دۆست و دوژمنی، بۆ هەموو ئەوانەی، کە لەشوێنی کاردا دەیانبینیت و ئەوانەی سەلامیان لێ دەکات بسەلمێنێت، کە ئەو تاکێکی شەرافەتمەندە. واتە ئەم تاکە خێڵەکییە لەبەر خاتری چاوی کاڵی ئەوانی دیکەی دەم بەهاوار و دەنگۆ خوشکەکەی خۆی دەکوژێت. تاکو لە ڕووی بێت لە ئاستیاندا چاوهەڵبێنێت و سەرهەڵبڕێت. بۆ ئەوەی وەک جاران گوێ لە قسەکانی بگیرێت و ڕای بەهەند وەربگیرێت و ئەو ئۆرتەی بەهۆی مێیینەیەکەوە لەدەستی دا، جارێکی دیکە پەیدای بکاتەوە.

بەڵام وا دیارە خێڵ ئەم یاسای تۆڵەیە تەنیا لەگەڵ لاقەکار یان زۆرەدەستگرتەی، کورددا پەیڕەو دەکات، نەک لەگەڵ بیانیدا. ئەگەر وەها نییە بۆچێ تاکو ئێستاش هیچ خێڵێک لەسەر هەژدە پاکیزەکەی، کە بەوڵاتی میسر فرۆشران بەدەنگ نەهات؟ خۆ ئەو پاکیزانەش کورد بوون و سەربە خێڵەکانی ناوچەکە بوون. وادیارە تەواوی ئەو بنەمایانە لە ئاستی داگیرکەری کەڵەگادا لنگەوقووچ دەبێتەوە.

من لێرەدا لە دیدی ناموسپارێزیی خێڵەکییانەوە باس لەو پاکیزانە ناکەم. بەڵکو وەک مرۆڤ باسیان دەکەم، کە نابێت ساتوسەودا و سووکایەتییان پێ بکرێت، بنیات و دەروونیان وێران بکرێت و بەکەنیزە بکرین و بەزۆرەملێ بە فرۆشیاری سێکس بکرێن. نەخاسمە لەم سەدەیەدا، کە سەردەمی پیادەکردنی مافەکانی تاکە، بەژن و منداڵەوە. خۆ مرۆڤ کاڵا نییە هەتا بفرۆشرێت. مرۆڤی ئازاد گەرەکە بەکار و ڕەنجی شانی خۆی بژی. هەروەک هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئافرەتی کورد و هی میللەتانی دیکەی ئەم گۆی زەوییەدا نابینم. ئیدی لە پای چی بکرێنە لەشفرۆش؟

بۆچی وەک وردەواڵە بەوڵاتان بفرۆشرێن؟ بۆچی دەبێت لە چاخی ئازادییەکانی

تاکدا، کە بەرەنج و تێکۆشانی هەزاران مرۆڤی لەخۆبوردە و ئازادیخواز و بەدرێژاییی چەندین سەدە فەراهەم بووە، ئافرتی کوردی لێ بێ بەش بێت و هێشتا هەر لە زیلەتدا بژی و بەکەنیزە بکرێت؟ ئازادکردنی ئەو پاکیزانە ئەرکی هەموو لایەکە بەتایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، کە پێ لەسەر دەستکەوتەکانی تاک دادەگرن.

ڕاستت دەوێت پرسیارێکی تەواو نابەجێم ورووژاند. چونکە ئەو سەرخێڵانە خۆیان و ئەو تاکانەی خێڵیش، کە سالآنێک چەکی جاشایەتییان لەشاندا بوو، دەستیان لە ئابڕووتکاندنی ئەو پاکیزانەدا هەبوو. چونکە لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەوان کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەری عارەب بوون. لەو پرۆسەیەدا، ئەوان لە خەمی تالآنیدابوون نەک لە خەمی پاراستنی شەرەفی ئافرەتی کورددا.

## کچ کەس پیرۆزانەی بۆ ناهێنێت

یەک لەباری ژن، ئەم دۆخە بەکردەوە وەها نەکەوتووەتەوە. واتە لە دیدی خێڵەوە بەرز و بەرێز سەرنج نادرێت. بەڵکو تەواو پێچەوانەیە. چونکە هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە جیاوازیی نێوان نێر و مێ لە ئارادایە. قسەیەکی خێڵەکییانە هەیە دەڵێ: کچ، کەس پیرۆزانەی بۆ ناهێنێت. واتە لە تەمەنی ساوایەتییەوە، کەس پێشوازی لە ڕەگەزی مێ ناکات. باوک و دایکیش پێیان خۆش نییە کچیان ببێت.

جنێوی گەورەی پیاوی خێڵەکی بە ناحەزەکەی ئەوەیە پێی بڵێ: تۆ ژنیت، یان لە ژن کەمتریت. ئەم جنێوە ئەوەندە کەرامەت ڕووشێنە لەوانەیە خوێنی لەسەر بڕژێت. چونکە مانای وایە، بەپێی ئەم جوێنە، ئەو مۆری نزمی و ترسنۆکی و بێغیرەتی و بێهێزی و ڕژدی و هیچ لە باردانەبوونی بە تەختی ناوچاوانی بەرامبەرەکەیەوە نا. چونکە لە فەرهەنگی خێڵدا هەموو سیفەتە جوانەکان، ئەوانەی شان و شکۆ بە مرۆڤ دەبەخشن و لە کۆمەڵدا ئۆرت و پلەی بەرزدەکەنەوە، نێرانەن.

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێم کە زمانی کوردیش وەک هەموو زمانانی دنیا نێرمەزنە و جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا دەکات. بەڵام لەچاو زمانی عارەبیدا "بۆ نموونە" ئەم جیاوازییە زۆر کەمە. لەم ڕووەوە هەوڵێک بۆ چاکسازی یانژی پاککردنەوەی زمانی کوردی لەو وشە و دەربڕینانەی، کە بەکەم سەیری ژن دەکەن

نەدراوە. ئەوی ڕاستی بێت، لە زمانی کوردیدا وشەی پیاو جگە لە ڕەگەزی نێر گەلێک مانای دیکەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە. پیاو واتە: ئازا، خاوەنی قسەی خۆی، سەرڕاست و بەرچاوتێر و گەلێک سیفەتی جوانی دیکەش.

پیاو بێ لەوەی وشەیەکە، دەبێتە ئیدیۆمیش. هەموو لایەکمان گوێمان لەم دەربڕینانە بووە فلان کەس لە ماڵی خۆیدا پیاوە. فیسار پیاوێکی پیاوانەیە. پیاویان پیاو وتووە و ژنیان ژن وتووە. بە پێچەوانەشەوە واژەی "ناپیاو" هەرچی ئاکاری ناجۆرە تێیدا دەخوێندرێتەوە. بەڵام هەرچی وشەی ژنە، بێجگە لە واتای ڕەگەزی مێ، ئاکارگەلێکی ناجۆر دەگەیەنێت و بەزۆری دژی واتاکانی پیاوە.

پەندە زۆر سەقەتە خێڵەکییەکە دەڵێت: ژن، سەگیش پێی ناوەڕێت، واتە هیچ ئەرزشێکی لە کن خێڵ نییە. ئەگەر هەزار جمێنیشی پێ دای وەڵامی مەدەرەوە و وێڵی بکە. یان لەقەی ماین ئێشی نایەت. کە ڕەنگە ئەمەیان لە دیدی سکسی ڕووتەوە وترابێت. دەنا لەقە هەر لەقەیە؛ ماین بیوەشێنێت یان ئەسپ جەرگ دەبڕێت.

بۆ نموونە سیفەتی بەخشندەیی و بەرچاوتێری، کە تاکی خێڵەکی بەردەوام دەیڵێتەوە و زۆر پێوەی دەنازێت، سیفەتێکی نێرانەیە. هەرچی ڕەگەزی مێیە ڕژد و بەرچاوتەنگە. دیوەخان شوێنی کۆبوونەوەی عەگید و مێرخاسانە نەک شوێنی ژنان. ئەوە پیاوانن مەڕ سەر دەبڕن و لەوێدا چاوتێرانە، دەرخواردی میوانی خۆیانی دەدەن نەک ژنان. خۆڕاگری و ددان بەخۆداگرتن و پشوودرێژی سیفەتگەلی نێرانەن، کەچی گریان و کڕووزانەوە و ورەبەردان و خۆڕنینەوە ئاکاری مێیانەن.

نێرینە نهێنییەکان دەپارێزێت و سڕی قایمە، کەچی مێیینە قسە لە زاریدا ناوەستێت و نهێنیی بۆ ناپارێزرێت. هەروەها بۆ ئازایەتی و سوارچاکی و نیشان ئەنگێوی و هەموو ئاکارە جوانەکانی دیکەی لەمەڕ خێڵ. دیارە هەموو ئەمانە دید و بۆچوونی تاکی خێڵەکین لەمەڕ ژن.

تاکی خێڵەکی ئەگەر جمێنیش "دژوێن" بە ناحەزەکەی بدات، بەزۆری، ڕاستەخۆ بەو نێرینەیەی نادات، کە لەگەڵیدا بەشەرهاتووە، بەڵکو زیاتر جمێن بەدایک و خوشکی ناحەزەکەی دەدات. ئەمەشی بەو مەبەستەیە تاکو نەیارەکەی پتر و لە ناخەوە ئازار بدات، چونکە مێیینەکان هەڵگری شەرەفی ئەون.

## خۆشەویستی و ژن و ژنخوازی لە لای خێڵ

هەردەم نێرینە، یەکلایەنە مێیینە هەڵدەبژێرێت. مێیینە لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا مافی ئەوەی پێ نادرێت، هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت. ئەگەر پیرەمێردێک کچۆڵەیەکی بەهاوسەری خۆی هەڵبژارد و لەبەر هەر هۆیەک بێت، بابی یان برای کیژە قایل بوو. ئەمە پێی ناوترێت هاسەرگیری، چونکە لەسەر بناخەی تەوافوق نییە. بەڵکو لەسەر بناخەی هەوەس و سێکسی ڕووتە و خۆپەرستیی پیاوەکە دەسەلمێنێت.

بەپێی دەستووری خێڵ کچ خۆی شوو ناکات؛ بەڵکو بەمێردی دەدەن واتە کیژ ئەوەندەی دەسەڵات نییە، تاکو بتوانێت بەخواستی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت. بەڵکو باب و براکانی بەشووی دەدەن. کاتێک دێنە خوازبێنی، ئەگەر بابی کچە زاوا و بنەماڵەی زاوای بەدڵ بێت، ئەوا بەخوازبێنیکەران دەبێژێت:

"بە کراسەکەی بەری خۆیەوە پێشکێشی بێت" واتە ئەو، وەک چلۆن تەزبیحێکی قەزوان پێشکێش بەئاشنایەکی دەکات، ئابەو شێوەیەش کچەکەی پێشکێش بە زاوا دەکات. ئەم دۆخە لە کن برا ئێزدییەکانمان زۆر لەمەش خراپترە. بەپێی قسەکانی "فواز فرحان" بێت بابی ئێزدی لە بری ئەو پێشکێشکردنەی کە باسم کرد، کچەکەی بە پێڵاو دەچوێنێت و ئاوا بەزاوی هەیجووکەر دەڵێت: "کچەکەم پێڵاوی ژێر پێتە" ئەمجا باب خۆنەویستانە دەست بەسمێڵیدا دەهێنێت و بای دەدات. بەم جووڵەیەش دەیخاتەوە یاد، کە پیاو سەروەری ماڵە. بڕوانە "المرأة الأيزيدية و حقوقها الضائعة، الحوار المتمدن، العدد، ٢١٣١، في ٢٠٠٧/١٢/١٦"

خەلیل جندیش، لە وتارەکەیدا، کە بەسەردێری (الأيزدية الي الوراء در: ئێزدایەتی بۆ دوا وەرگەڕێ). کە لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن، ژمارە 2134، ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٩ ) هاتە بڵاڤکرن، نووسیویەتی: لای برا ئێزدییەکان ئەگەر بابی کیژ کوڕەی خوازبێنیکەری بەدڵ بوو، پێی دەڵێ: «من کرە پیلاڤەک و دلنگی تەکر: کردمە تاکێک پێڵاو و لە پێم کردیت.»

هاوسەرگیری لە لای خێڵ، باب و دایک ڕێکی دەخەن. ئەوان مێردی گونجاو لە نێو خوازبێنیکەراندا هەڵدەبژێرن. ئەوا گوتمان باوک و دایک و برا، چاکەی کچ و خوشکی خۆیان دەوێت بۆیە دەست دەخەنە کاروبارییەوە، ئەدی مام و ئامۆزاکان لە

پای چی لەو بڕیارەدا، کە پێوەندیی بەتەنیا دوو کەسەوە هەیە، دەبێت پشکدار بن؟

ئێستاشی لەگەڵدابێت، لە گەڵێک ناوچەی کوردستاناندا، لە نێو خێڵەکاندا، یان لە نێو خێزانە خێڵەکییەکاندا، ئەو ڕۆژەی کیژی تێدا بەبووکی دەگوێزرێتەوە بۆ ماڵی زاوا، لە بری ئەوەی تەواوی خێزانی بووکێش بەشداری ئەو شادییە بن و ئەوانیش ئاهەنگ بگێڕن، ئەو ڕۆژە تەواوی نێرینەکان ماڵ چۆڵ دەکەن و لە ڕوویان هەڵنایەت بەئامادەبوونی ئەوانی نێرینە، کیژەکەیان یان خوشکەکەیان بەبووکی بڕوات. ئەگەرچی ئەو خوشکە بەپێی شەرع و یاسا شووی کردووە و کارێکی ئەوتۆی لێ نەوەشاوەتەوە، کە لەگەڵ ئاین و داوونەریتی باوی کۆمەڵیشدا ناکۆک بێت.

ئەگەر نێرینەیەک وتی: فلان کەس بە شووی دام مەبەستی ئەوەیە پێمان بڵێت: «فلان کەس پەندی پێ دام. دەستی بڕیم. فێڵی لێ کردم. کڵاوی لەسەر نام.» واتە لە کن نێرینەی خێڵەکی، ئیدیەمی بەشوودان یەکسانە بە پەندپێدان و دەستبڕین.

ژن و ژنخوازیی خێڵ بەزۆری لە نێوان خۆیاندایە. دۆتمام دەبێت بۆ پسمام بێت. لە ئامۆزا بترازێت، ئەمجا نۆرە دێتە سەر پوورزا و خاڵۆزا. پەندە کوردییەکە دەڵێت: "پارووییەک لە دەم داکەوێت بۆ کۆش باشە. ئاو ببڕێت لە ڕۆخانە خزم باشترە لە بێگانە." تۆ ئەگەر لە دەرەوەی بازنەی ئەو بەرەبابە بیت و بتەوێت ژنیان لێ بخوازیت، وێڕای ئەوەی دەبێ باب و برای کچەکە قایل بن و بەزاوای خۆیانت قەبووڵ بکەن؛ گەلک جاران پێویستیت بە ڕەزامەندیی ئامۆزاکانی کچەکەش دەبێت. چونکە ئەوانی پسمام، هەمیشە زەماوەند لەگەڵ دۆتمامدا بەمافی ڕەوای خۆیان دەزانن. هەر وەک گەلێک جاران ئەم ڕوخسەت خواستن و ئەرێدانە دەگاتە سەر خاڵۆزا و پورزاکانی کچەش، تاکو لە داهاتوودا ناکۆکی نەکەوێتە نێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵە و بەرەبابەوە. بەڵام نەهۆ ئەم جۆرە ژنخوازی و پرس و ڕا وەرگرتنە لە شارەکاندا و بەتایبەتی لە نێوان توێژی خوێندەواری کورددا تەواو ڕێژەی دابەزیوە.

ئەوی ڕاستی بێت ئەم جۆرە زەماوەند و هاوسەرگیرییەی نێوان ئامۆزاکان، لە ڕووی ئابوورییەوە تەکلیفی کەمترە. چونکە زۆرجاران وا ڕێک دەکەوێت هەردوو لا، واتە هەردوو مام هێشتا لە ماڵێکدا، یان لە حەسارێکدا پێکەوە دەژین و ماڵیان جیا نەکردووەتەوە.

ڕیچ خانم، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت میرژن، واتە خێزانی مەحمود پاشای بابان نووسیویەتی، «عادلە خانمی ژنی میر، کچی عوسمان بەگە. لەبەر ئەوە دەبێتە خزمی مێردەکەی. لە ڕاستیدا هەموو ئەندامانی ئەم بنەماڵە زۆرە، لە ناو خۆیاندا ژن و ژنخوازی دەکەن و لەگەڵ بیانیدا ژن و ژنخوازی ناکەن. گەشتنامەی ڕیچ ل٣٤٢»

چونکە خێزانی کورد هێشتا بەم شێوە نوێیەی نەھۆ لە دنیای پێشکەوتوودا هەیە ئاستی هۆشیاریی سەر نەکەوتووە. زۆرجار سێ نەوە پێکەوە لە ماڵێکدا، وەک خێزانێکی گەورە دەژین. واتە لێرەدا بووک ڕێگەی دووری ناکەوێتە بەر. وەکو تر ئەم جۆرە ژنهێنانە کاریش ناکاتە سەر موڵک و ماڵیان. واتە کیژ وەختایەک شوو دەکات، هیچ بەشەموڵکێک لەگەڵ خۆیدا نابات. چونکە زەویوزاری هەروولا هەر لە نێوان خۆیاندا، واتە لە نێوان هەمان بەرەبابدا دەمێنێتەوە و بۆ زاوای بیانی ناچێت.

کیژ لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا، بووەتە بووکی باوانی، واتە بووەتە بووکی هەمان بەرەباب. جگە لەوەی زۆر جاران لەم جۆرە ژنخوازییەدا شیربایی وەرناگیرێت، یان بڕی شیربابییەکە، لەچاو ئەو بڕە نەختینە زۆرەدا، کە لەزاوای بیانی داوا دەکرێت کەمترە. هەروەک ئەم ژنخوازییە ئەرێنی کار دەکاتە سەر پتەوی و یەکگرتوویی هەمان بەرەباب، بەتایبەت ئەگەر میانەی بووک و زاوا دوو زای تێ کەوتبێت. هەر بەپێی پەندە کوردییەکە؛ دوای ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا، ئەوجا نۆرەی خزمی دوور دێت. وەلێ لە هەموو بارودۆخێکدا، ئەوان هەر خزمیان پێ لە بیانی باشترە.

لەم بارەیەوە، ئی ئار لیچ لە تۆژینەوەکەی خۆیدا، کە تۆژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و مەیدانییە، بە ناوی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەواندز کە لە ناوچەی باڵەکایەتیی سەر بەڕەواندز ئەنجامی داوە، دەڵێت، «تا زۆر بەم دواییەش، زەماوەندکردن لەگەڵ ئامۆزا هەر تەنیا نەریتێکی پەسن نەبوو بەس، بەڵکو مافێکی ڕەواش بوو. ل٥٠»

صدیق الدملوجی. لە کتێبی خێڵەکانی کوردستاندا دەڵێت: «دەتوانین بڵێین خێڵەکانی بادینان لە ناو خۆیاندا خێزانێک پێک دێنن. لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا ژنخوازی لە نێوان خێڵێک و خێڵێکی دیکەدا ڕوو نادات.

تەنانەت لە نێوان دوو گوندی هەمان خێڵیشدا کەمتر ڕوودەدات. بەزۆری لە نێوان هەمان بنەماڵە و بەرەبابدا ڕوودەدات. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی وەچەکان بێ هێز بن و زاین کەم بێت. ل٦٠»

ئەم نەریتەش جگە لەوەی دەبێتە هۆی گواستنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی بۆماوە لە ناو هەمان بنەماڵەدا، ماوەش لە پێش ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا ناهێڵێتەوە. ئامۆزاکان خۆشیان بێت و ترشیان بێت هەر دەبێت بۆیەک بن. هەروەها بۆ خاڵۆزا و پوورزاکانیش.

تاکی خێڵەکی گەلێک جاران بەشێوەی ئاڵوگۆڕ ژن دەهێنێت، واتە ژن بەژن دەکات. چاو دەگێڕێت و لەگەڵ خێزانێکی دیکەی هاوشانی خۆیدا ڕێک دەکەوێت و خوشکی خۆی لە گەڵدا دەگۆڕێتەوە. ژن بەژن نەریتێکی هەرە دزێوی خێڵەکییە، کە هەرگیز بەدڵ و ئارەزووی مێینە ناشکێتەوە. بەڵکو تەواو لە بەرژەوەندیی پیاوە. هەندێک جاران بۆ ئەوەیە داوی دوو کوڕەلاوی پێ دامەزرێن و هەندێک جاریش بۆ قەرەبووی ملهوڕییەکانی پیاوە. کاتێک لە نێوان دوو بنەماڵەی دوژمندا بە هۆی ژن بەژنەوە مەسلەت چێ دەبێت. بەلام ژن بەژن ڕێک و ڕەوان؛ خوشک گۆڕینەوەی نێوان دوو خورتە. ئەوەندە هەیە بە فەرمی و ئاشکرا بەڕێوە دەچێت. واتە بە ئامادەبوونی مەلا و دوو شایەت جێبەجێ کراوە. دەنا هەتا بڵێیت ئاکارێکی ناشارستانی و دزێوە و مێینە باجەکەی دەدات. چونکە لەم گەمەیەدا، پیاو وەک هەر کالایەکی دیکەی بازرگانی مامەڵە لەتەک خوشک و کچەکەیدا دەکات.

جار هەیە، وەک چۆن تفەنگ یان ئەسپ هەن دوو یان لەوانەیە زیاتریش بەرامبەر بەخۆیان بهێنن؛ لە کن مرۆڤی خێڵەکی ژنیش هەمان شێوە وەردەگرێت. لە گەمەی ژن بەژندا شۆخە کچێک، بۆی هەیە دوو ژن بۆ براکانی بکات. تەواو وەک ئەو تفەنگ و ئەسپەی، باسمان کردن.

خورتی خێڵەکی ناهێڵێت هەروا سووک و باریک خوشکەکەی لە دەست ببێتەوە، چونکە ئەو خۆی بە خاوەنی خوشکی دەزانێت، هەروەک چۆن خۆی بە خاوەنی مەڕومالات و گاوگۆتاڵەکانی دەزانێت. بۆیە لە بەرامبەردا داوای ژن یان هیچ نەبێت داوای شیربایی دەکات. ئەم شیرباییە بۆی هەیە پارە و زێڕ بێت، یان لەوانەیە

تفەنگ و دەمانچە و پارچە زەویش بێت. لێرەدا هۆڕ بە کەوامان وەبیر دێتەوە. ئەم گوزارشتە کوردییە بۆ بەر لە داهاتنی دراو دەگەڕێتەوە. بەو مانایەی من پێویستیم بە کەوا هەیە، تۆش پێویستیت بە هۆڕە کەواتە دەکرێت من و تۆ ڕێک بکەوین و کالاکانمان سەربەسەر، یان یەک بەدوو... هتد بگۆڕینەوە. جێی باسە ئەگەرچی لەمێژە دراو لە گۆڕێیە، کەچی ئەم جۆرە مامەڵەیە تاکو نەهۆش لە گوندەکاندا هەر ماوە. وەک ترێ سەربەسەر یان یەکودوو بە گەنم و جۆ.. هتد.

شیربایی چییە ئەگەر فرۆشتن و بەکالاکردنی مێیینە نەبێت. تۆ سەرنج لە وشەی شیربایی بدە؛ کە وشەیەکی لێک دراوە، لە شیر و بایی پێک هاتووە. بەشی دووەمیان واتە نرخ، کە دەکاتە دواکردنی نرخی ئەو برە شیرەی، کە لە قۆناخی ساوایەتیدا بەکچەکە دراوە. کچەکە وەختێک ساوا بووە شیری خواردووەتەوە و ئێستاکە دەبێت زاوا نرخی ئەو شیرە بجرنگێنێت. بەڵام خۆ دیارە، کە دایک شیر بەساوا دەدات، کەچی لێرەدا ئەو شیربایییە مافی دایکی کچەکە نییە، بەڵکو مافی باوک و براکانێتی.

لە هەموو بارودۆخێکدا مادام ئەو لە بەرامبەر بەشوودانی کچەکەی یان خوشکەکەیدا، وەک کالا نرخی لەسەر داناوە، کەواتە سەودا و مامەڵە لە ئارادایە و دەتوانین بڵێین ئەو ئافرەتە بەکالاکراوە. دیارە لەم گۆشەنیگایەوە، بێوەژن ئەگەر تەلاق درابێت یان مێردەکەی مردبێت یانژی ئەنفال کرابێت، وەک هەر کالایەکی دەستی دووەم حیسابی بۆ دەکرێت و نرخی دادەبەزێت.

لە ژن و ژنخوازیدا سەدان خێزان لە نێوان خۆیاندا لەسەر بڕی شیربایی ڕێک نەکەوتوون و لە دوا ساتەکانی ئەم سات و سەودا نا ئینسانییەدا ژیوان بوونەتەوە. سەدان خێزانی خێڵەکی هەن کچی خۆیان لەسەر ماڵ دەهێڵنەوە، هەتا نەخت، نرخی لەسەر دانراوی خۆی نەکات بە شووی نادەن. بۆیە لە ساتوسەودایەکی وەها نامرۆڤانەدا، کە زیاتر لە دۆخی بازاڕ و مەزادخانە دەچێت، شتێک ناوی خۆشەویستی بێت لە نێوان ژن و مێردا چێ نابێت. ئەوەی چێ دەبێت دۆخێکە دوورە لە سۆز و خۆشەویستی؛ بەڵکو پێوەندیی نێوان کالا و کڕیارە.

ناتوانین ئەو پێوەندییە نهێنییە ساکارەی کە لە نێوان کوڕەلاوێکی خێڵ و کچێکدا

دروست دەبێت بە خۆشەویستیی دابنێین. کورانی خێڵ خۆیان ئەو پێوەندییە بەکەوتنەداو لە قەڵەم دەدەن، کە ڕێک لە پرۆسەی ڕاوکردنی تەیر و تواڵ و ئاسک و مەڕەکێوی دەچێت. تۆ هەروا گوێ بۆ گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ڕادێرە. کەم گۆرانیی فۆلکلۆری هەیە پرۆسەی دەسگیران گرتن بەڕاو نەچوێنێت. بۆیە وشەی ڕاو لە زۆر گۆرانیدا دووبارە دەبێتەوە، «داوم کەوتووەتە داوی، جەرگم خوێن دەدەڵێنێ. ئەرێ هۆ ڕاوکەر گیان ڕاوت بەتاڵە، توو ئیمام عەباس کێت لە خەیاڵە؟ خۆ من ڕاوچیم و ڕاوی کەو دەکەم. کەنیشکە کاڵەکەم، تۆی نێچیری ڕاوەکەم.. هتد» لە گۆرانیی کەتانەی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەکدا هاتووە: «کەتانەی ئەمیری من باز تۆ نێچیری».

لە دۆخی وەهادا، کە خورتەکە ڕاوچی بێت، کەواتە کچەکەش وەک لە گۆرانییەکەدا هاتووە بووەتە نێچیر. لێرەوە دیارە کە پێوەندیی نێوان نێر و مێی مرۆڤی خێڵەکی، ڕێک وەک پێوەندیی نێوان ڕاوچی و نێچیرە. دیارە ڕاوچی تەواو ئازادە. ئەو بۆی هەیە هەرچییەک دڵی دەخوازێت لەگەڵ نێچیری خۆیدا، کە بەدیلی کەوتووەتە دەستی بکات. چونکە نێچیر لە کۆیلەی بندەستی ڕاوچی بترازێت هیچی دیکە نییە.

ژن لە جەنگی نێوان خێڵەکاندا وەک گاوگۆتاڵ کەوتووەتە بەر هێرشی تاڵانی. ڕەنگە یەکێک لەهۆیەکانی ژنهەڵگرتن، کە تاکو نهۆش لێرە و لەوێ دووبارە دەبێتەوە؛ هەر ئەو غەریزەی تاڵانییە بێت و لە نەستی مرۆڤی خێڵەکیدا مابێتەوە. جێی باسە هەمێشە خێڵەکییەکانن کە ژن هەڵدەگرن. دەشێت هەر ڕەنگدانەوەی ئەم کولتوورش بێت، کە بێژەی تاڵانی، لە گۆرانیی خۆشەویستیشدا دووبارە دەبێتەوە:

کەنیشکە تۆ جافی، جافی جوانڕۆ

هاتووم بۆ تاڵان سینە و مەمکی تۆ

ڕەوەندەکان بەزۆری لەو بڕوایەدان، کە دڵنەوایی و لاواندنی ژن دەیانکاتە پیاوەیلی ژنانی و لەزبری و نێرایەتییان کەم دەبێتەوە. بۆیە لە ئاستی ژندا ئەوان کەللەڕەقترن تا جووتیار. لە نێوان خۆشیاندا کەمتر باسی خۆشەویستی و سێکس دەکەن و وورووژاندنیشی بەعەیب دەزانن.

## ترس لە شەوی یەکەم

ترسی بووک و زاوا، هەتا ئەو کاتەی بەیەک دەگەن ترس و دڵەڕاوکێیەکی تەواو جدییە. ئەم ترسە نەک هەر بۆ ئەو جووتە گەنجە خۆیان، کە هیچی ئەوتۆ لە ئارەزوو، خدە و تایبەتییەکانی یەک و دوو نازانن، بەڵکو بۆ کەسوکاری هەردوو لا و بۆ تەواوی بنەماڵە و خێڵیش هەر لە ئارادایە. دڵاودەڵەکە لە دوو سەرەوەیە، کە هەردووکیان هەستیارن. بەپلەی یەکەم ترس لەوەی بووک پاکیزە نەبێت. ترسی دووەمیش، کە دیسان گرینگە، لەوەدایە کوڕەکە پیاو نەبێت، یاخۆ نەتوانێت ببێتە زاوا.

بۆیە ئەم ترس و نائاشناییە بەیەکدی دیوارێکی ئەستووری دەروونیی لەو هەم و خەتوورە لە نێوان ئەم دووانەدا هەڵچنیوە، کە سڕینەوەی بەوادەی تەنیا شەوێک هەروا ئاسان نییە. ڕاستە ئەمان دوو بەدوو لە شەوێکی مێژووییدا، بۆ یەکەم جار لە ژوورێکدا کۆبوونەتەوە. وەلێ لەودیو چوار دیواری ئەو ژوورە، سەدان کەس، دوور و نیزیک گوێیان هەڵخستووە و چاوەڕوانی سەرەنجامی ئەو بەرەوڕووبوونەوە چارەنووسسازەن، کە مێژوویان لە محەک دەدات و دەیخاتە ئەو گۆڕە، بۆ پێش چاوی تەواوی تاکەکانی خێڵ..

ئەم ترسە تەواو وەک سەمتی "دراما" لە نێوەندەکەدا لە هەڵکشاندایە. بەتایبەت لە نێوان بووک و زاوادا. هاوتەریب لەگەڵ بەرزبوونەوەی هێڵی دراماکەشدا، مەراسیمەکانی شەکراوخواردنەوە و ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و خەنەبەندان دێنە پێشەوە. دیارە لە کۆندا ئاهەنگ لە ڕۆژێک پتری خایاندووە. وەک لە کۆتاییی شادی هەقایەتەکاندا هاتووە "حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دایان لە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا" لەگەڵ بەرزبوونەوەی هێڵە دراميیەکەدا تێمپۆی مەراسیمەکانیش زۆر بەخێرایی بەرەوپێش دەچێت. تاکو لە شەوی یەکەمدا دەگاتە لووتکە و گرێیەکە دەکرێتەوە و هەموو نهێنییەک ڕوون دەبێتەوە.

لە شەوی یەکەمدا، پرۆسەی سێکس لە خۆیدا گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، هێندەی ئەوەی بۆ کچێنی و پاکیزەیی بووک و توانای پیاوەتیی زاوا شەوێکی یەکلاییکەرەوەیە. لە پشت ئەمانەشەوە، بەرز ڕاگرتنی ئابڕوومەندیی بنەماڵە و خێڵێک لەسەر ئەنجامەکانی ئەو شەوە مێژووییە ڕاوەستاوە. چارەنووسی خودی

کیژیش لەولاوە بووەستێت، کە بەپلەی یەکەم دێت. چونکە لەو شەوەدا ژمارەیەکی زۆر دۆست و ناحەز، گوێ سووک، چاوەڕوانی هەواڵن.

جێی باسە تا ماوەیەک بەری نهۆش هەواڵی بەزاوابوون لە ڕێی تەقەوە ڕادەگەیێنراو هەر ئەو شەوە فایلی پاکی ئەو جووتە هاوسەرە بەخەڵک ڕادەگەیێنرا. چونکە عورف و عادەت ئەو خەڵکەشی لە پرسی هاوسەرگیریدا کردووەتە تەرەف و قسەی تێدا دەکەن. عورف و عادەتیش هەندێک جاران لە یاسا پتر گوشاری لەسەر کۆمەڵ هەیە. یەک لەباری کۆمەڵگەی عارەبی موسوڵمانیش، پرۆسەی سێکس، ئەگەر ئەم مەرجانەی تیدا نەبوو، ئەوا گرینگیی خۆی لە دەست دەدات:

«ئەم کاری سێکسەی، کە جەماوەر ئاهەنگی بە بۆنەوە دەگێڕێت و کۆمەڵ ئومێد و هیوای لەسەر بنیات ناوە. گەرەکە ئەم مەرجانەی تێدا بێت، واتە گەرەکە: "پاکیزەیی. پیاوەتیی. پیرۆزبایی کۆمەڵ"ی لەگەڵدا بێت، کە نوێنەری ئاین و بنەماکانی جڤاکی کۆچەریی، یان گوندی لە شار دابڕاون... محمود مفلح البکر، العرس الشعبي، ص١٤».

## ژن هەردەم لە دڵەڕاوکێدا دەژی

ژن لە کۆمەڵگەی خێڵەکی کوردەواریدا، ئەگەر کلووری دنیاشی هەبێت هەر دڵی بەژیان خۆش نییە. ئەگەر هەرچی دڵیشی دەخوازێت لەبەر دەستیدا بێت، ئەو هێشتا هەر دڵی لە جێدا نییە و نادڵنیایە. خۆ هەر ئەو سامانەیە گەلێک جاران دەبێتە دۆزەخ کاتیک پیاوەکەی دووەم و سێیەم ژنی بەسەردێنێت. هەندێک جاران ژن خۆی دوایەمین کەس بووە، کە پێی زانیوە ژنی بەسەر هاتووە.

ترس لە چارەنووسی نادیار و داهاتووی ناڕوون، هەستێکە لە ژن ئالاوە و ئارامیی دەروونیی خستووەتە مەترسییەوە. ئەو لە دڵەڕاوکێ و مەراقی ئەوەدایە ڕۆژێک لە ناکاودا پەلی بگرن و تووڕی بدەنە دەرەوەی ئەوماڵەی، کە خۆی بەچنگەکرێ پێکیەوە ناوە. جوانیی ڕووخسار و لەشولاری ژن تا سەر نییە. سکوزاش تەمەنێکی سنووورداری هەیە. پیاوی خێڵەکیش هەردووکیانی لە ژن گەرەکە.

ژن لە ولاتی کوردەواریدا بەو نیازە شوو دەکات، هەتاسەر لەگەڵ تەنیا پیاوێکدا

ژیان بەسەربەرێت و وەک خۆیان دەڵێن: «لە سا و پەنای مێردەکەیدا بحەسێتەوە». لەلای خۆیەوە بەتەمای ژیانێکی سەقامگیر و دامەزراوی هەتاسەرە. بەڵام ئەم دوو مرۆڤە چونکە پێشتر بۆیان نەلواوە لە نزیکەوە یەکدوو بناسن، سۆزداری و پێوەندییەکی رووحیی بەهێز لە نێوانیاندا نەبووە. بۆیە بەزۆری لە رووی ئاکار و نۆرمی ژیان و مگێز و ئاستی هۆشیاری و رووناکبیرییەوە، لەیەکەوە دوورن. بۆیەکا گومان و بێ بڕوایی لە ناخەوە چەکەرەی کردووە و ژنەی ماندوو کردووە. بەتایبەت کاتێک مێرد بە زۆر هەنجەت پەلپ و بیانووی پێ دەگرێت و لە سنووری ئازادییەکانی کەمتر دەکاتەوە.

ئەم پەلپ و بیانووانە هەمەجۆرن. گا لەسەر پۆشینی جلوبەرگ و گا لەمەڕ هەڵسوکەوت. دەیان دەبێت و نابێتی سەیر لە پێشیدا قوت دەبێتەوە، کە ئەو کاتێک لە ماڵی بابی بووە رۆژێک لە رۆژان هەر بیریشی لێ نەکردبوونەوەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو بەهیوای ئازادیی فرەتر شووی کردووە.

لە خێزانی خێڵەکیدا بێجگە لە مێرد خۆی، هەرلە خەزوور و خەسووەوە هەتا دەگاتە سەر شووبرا و دش، بەسەرییەوە چاودێرن و کوێخایەتی دەکەن. ئەوان ئەگەر ئاینی بن، بەدەیان حەڵاڵ و حەرام، دنیایان لێ کردووە بەچەمەچۆلەکە. ئەو دەبێت ملکەچی ئەو هەموو کولتوور و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانە بێت، کە هیچ کامیان بۆ ئەم سەردەمە ناگەڕێنەوە، کە ئەم مێیینەیەی تێدا دەژی. ئەوان بۆ خۆشیان، هەردەم لە گوماندا دەژین. هەر گومانێکیش لەمەڕ بووکەکەیان هەیانبێت ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کارەساتی لێ بکەوێتەوە.

هۆکاری هەرە گرینگی ئەم دڵەڕاوکێیەی ژن ئەوەیە، کە ئەم جووتە هاوسەرە، لە هێز و دەسەڵاتەکانیاندا نایەکسانن. هەتا ئەو رۆژەی ژن پیاو بەتەواوی یەکسان دەبن. ئەم دڵەڕواکییەی ژن، جا لە ژینگەیەکی خێڵەکیدا بێت، یان شارستان هەر دەمێنێت.

وشەی تەڵاق وەک مۆتەکە تێی ئاڵاوە و ئارامیی ژیانی خستووەتە مۆلەقەوە. چونکە تەڵاقدراو لە بۆشاییەکی ترسناکدا ژیان دەگوزەرێنێت، کە بۆی پڕ ناکرێتەوە. کەس خاسی نایەژێت و لەلایەن کۆمەڵەوە تاوانبارە و بێ داهاتووە. ئەم نائارامییەی لە

ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی ئاڵاوە کارێکی کردووە، زۆرینەی ئەوانەی هامشۆی فاڵچی و قاوەخوێن و کتێبگرەوەکان دەکەن لە ڕەگەزی مێیینە بن.

## ژن کاتێک تەرازووی هێز ڕادەگرێت

خێڵ گەلێک جار ژن دەخاتە خزمەتی بەهێزکردنی پێگەی سەربازی و کۆمەڵایەتیی خۆیەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری دەمارگیریی خێڵەکییانە و داشکاندنی تەرازووی هێز بەلای خۆیدا سوود لە هاوسەرگیری دەبینێت؛ بۆ ئەوەی ڕای ئەو ژنە لەم پرۆسە گرینگ و بەرچاوەدا بەهەند گیرابێت. کاتێک میرێک یان سەرخێڵێک کیژ، یان خوشکی سەرخێڵێکی دیکەی دەستڕۆیشتوو دەخوازێت، ئەوا ئەو پرۆسەیە دووجا بە چاکەی دەشکێتەوە. چونکە ئەم جۆرە ژنخوازییە ڕێگە بۆ پەیمانێکی ڕامیاری و سەربازیش لە نێوان هەردوو لادا خۆش دەکات، کە لە ئەنجامدا پێگەی هەردوو خێڵەکەی پێ هەڵدەکشێت و بەرەیەکی لە جاران بەهێزتر لە بەرانبەر نەیارانی هەردوو خێڵی زاوا و خەزووردا چێ دەکات. ئیدی لە نێوەندەکەدا، کە هەمیشە چاویان بڕیوەتە پەز و پاوانی یەکتری، تەرازووی هێز بەلای ئەم بەرە نوێیەدا دەشکێتەوە و ئەوانی دیکەی نەیار سڵیان لێ دەکەنەوە.

مرۆڤی خێڵەکی هەمیشە شانازیی پێوە دەکات ژنەکەی یان بووکەکەی بەگزادە بێت. چونکە بەقەولی خۆیان وێڕای هێز و پشت و پەنا، ئەو لەگەڵ بنەماڵەیەکی نەجیب و ئەسڵزادەیە تێکەڵ بووە، کە ڕێ و جێیان دیارە. بۆیە ئەم خۆی پێوە بادەدات. ئەم جۆرە ژن و ژنخوازییە تاکو ئێستاش لە نێوان زۆرێک لە سەرخێڵەکان و سەرانی حزبە خێڵەکییەکانیشدا درێژەی هەیە. با لەم ڕووەوە نموونەیەکی مێژوویی بهێنینەوە.

لە ڕۆمانی "لە سەرچاوەکانی دیجلەوە: عند منابع دجلة)دا هاتووە، کە عومەر ئاغای گەورە سەرخێڵی هەکاری، بە شانازییەوە بەمیوانەکانی، کە بەسەر تەدارەکەی شاییدا کەوتوون ڕادەگەیەنێت، کە بووکەکەیان کیژی سەرخێڵی شکاکە و بە ئیسماعیل ئاغای کوتور ناسراوە. لەو سەردەمەدا سمکۆی شکاک لە دەوڵەتی عوسمانلی یاخییە و نیازی شۆڕشی هەیە. بۆیە بەکر سامی بەگ شەرکەسیی والیی

وان کاتێک بەم پێوەندییە نوێیە دەزانێت، نامەیەک بۆ عومەر ئاغا دەنێرێت، تێیدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر سمکۆ و جەعفەری براشی، کە پێشتر بەدەستی ڕێژیمی ئێران شەهید بووە. والی کۆمەڵێک ناتۆرەیان دوا دەخات.

والی زۆری مەبەستە، بەهەر نرخێک بووە نەهێڵێت ئەم خزمایەتییە سەربگرێت. لە نامەکەی والیدا بۆ عومەر ئاغای گەورە سەرخێڵی هەکاری، هاتووە: «ئاگەدارم سوڵتان بەگی ناسراو، بەڕاستی دەیەوێت خزمایەتیت لەگەڵدا بکات و خوازیارە کچەکەی لە کوڕەکەت مارە بکات.» دیارە سوڵتان بەگ لایەنگری عوسمانلییە، بۆیە والیی وان دەیەوێت، لەم ڕێگەیەوە عومەر ئاغا و خێڵەکەی بەلای دەوڵەتدا ڕابکێشێت و لەو ناوچەیەدا، تای تەرازووی هێزی دەوڵەتی پێ قورستر بکات، نەک عومەر ئاغا ببێتە پارسەنگی هێز بۆ سمکۆی شکاک.

عومەر ئاغاش کە سەرخێڵێکی نیشتمانییە، خۆی لە بەرەی سمکۆدا دەبینێتەوە. وێڕای ئەوەش سمکۆ خاوەنی ناوداو بووە بۆیە عومەر ئاغای گەورە سەرخێڵی هەکاری کچەکەی بۆ ئیبراهیمی کوڕی دەخوازێت.

ناوبراو بەم شێوەیە وەڵامی والی دەداتەوە: «بۆ والیی وان، بەکر سامی بەگی شەرکەسی بە ڕچەڵەک قەوقازی. خوا کوردستان پایەدارکات. ئیبراهیم بەگی کوڕم کچی سەرخێڵی شکاکی ناسراو و بڵندپایە و ئەسڵزادە، ئیسماعیل ئاغای کوتوری ئازاترینی ئازاکان دەخوازێت، برای جەعفەر، ئەو پیاوەی، بە چاونەترسی ناسراوە، ئەو لە لایەن حاکمی تەورێزەوە، نەفرەتی یەزدان لە ناوی، خیانەتی لێ کرا. دەشزانم کە ئیسماعیل بەگ ئەوەندە سوارچاکی زەبردەستی هەن، ژمارەیان لەو پەزانە زۆرترە، کە باوکت لە سیواس بەبەرتیل و دیاری کۆی کردنەوە. بڕوانە: ئێس. ڤی. ڤیگین، عند منابع دجلە، ص٥٧»

بەم شێوەیە سوڵتان بەگ، بەدەمی خۆی، لە ڕێی بەکر سامی بەگی والیی وانەوە، کیژەکەی خۆی پێشکێش بە ئیبراهیم بەگی کوڕی عومەر ئاغای هەکاری دەکات. وەلێ ئەو لەبەر ئەو هۆیانەی، کە لەو نامەیدا ڕوونیان دەکاتەوە پەرۆشی ئەوەیە کیژی سمکۆ بۆ ئیبراهیمی کوڕی بخوازێت. وەک دەبینیت بەهەردوو بارەکەدا، هەریەکە لە لای خۆیەوە، پرسی ژنخوازی بۆ پتەوکردنی پێگەی خێڵەکییانەی خۆی بەکار دێنێت.

والیی وان بەهێزکردنی پێگەی عوسمانیی لە دەڤەرەکەدا بەلاوە گرینگە. هەموو ئەم پرۆسەیەش لە ڕێی ژنخوازییەوەیە. پرسەکە تەواو ڕوونە، کە ژن لێرەدا بووەتە "صفقة"یەکی سیاسی و سەربازی و لەم ڕێیەوە پەیمانبەستن و ڕیزبەندییەکی نوێی هێز دێتە ئاراوە، وەلێ بێ ئەوەی ئەو کیژە، کە تەمەنی لە دەوروبەری پازدە ساڵدایە، سەری لەم کەین و بەینە دەربچێت، یان هەر پرسە گورگانەیەکیشی پێ کرابێت.

## سوورانە

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف ئاوا باسی سوورانە دەکات: «سوورانە ڕەئیسی عومووم نەیسەندووە، حەواڵەی سوارەی پشتماڵە بووە، هەر کەسێک لە گەڕیاو و دانیشتوو، ژنێکی لە ناوەخۆیدا یان بەغەیری جاف بەشوو درابێت، ئەگەر دەوڵەمەند بوایە ماینێک یان هێسترێک یان تفەنگێک، لە تفەنگی ئەو وەختە و ئەگەر وەسەت بوایە گایەکی چاک و ئەگەر فەقیر بوایە بیست قرانی داوە. ئەگەر پیاوێک لە جاف ژنێکی لە غەیری جافی بخواستایە سوورانەیان لێ نەدەسەند. بڕوانە: تەئریخی جاف ل٢٠١ – ٢٠٢»

ئەم تەکلیفە وەک دانەر نووسیویەتی دەهێنێت بڕێک لەسەری بووەستین. سوورانە خەرجێکە هەتا بڵێی نارەوایە. سوورانە لە وشەی سوورەوە هاتووە، کە ڕەنگە مەبەست پێ ئەو خوێنە بێت، کە لە شەوی زاوایەتیدا، واتە لە یەکەم پێوەندیی نێوان هاوسەراندا دەرژێت. لە ئەنجامدا مێیینە لەتافی کچێنییەوە پێ دەنێتە قۆناغی ژنێتی. بەڵام داوونەریتی خێڵ خەرجی لەسەر ئەم پرۆسەیە داناوە. ئەم خەرجە هەم ڕەوەند و هەم نیشتەجێی جافی گرتووەتەوە. ئەم بڕە ماڵ یان پارەیەش بەرەوڕووی سوارەی پشتماڵە کراوەتەوە، کە هێزێکی سوارەی ئامادەباش و دەستوەشێنە لە کوڕانی هەمان خێڵ و بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندنی فرمانەکانی سەرخێڵ پێک هێنراوە.

کەواتە سوورانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چووەتە باخەڵی سەرخێڵەوە. چونکە هێزی سوارەی پشتماڵە پێگەی ئەوی پێ بەهێزدەبێت. سەرخێڵ خاوەنی دیوەخانە، کە ڕۆژانە خەرجی هەیە. سەرخێڵ پێویستی بە نۆکەر و کەنیزە و مەیتەر و قوشچی بازەوان و توولە و تانجی هەیە. ئەو بەدەیان سوارە و پیادەی چەکداری هەیە ئێشکی

دەگرن و پاسەوانیی لێ دەکەن. ئەمانە دەبێت هەردەم تەیاربن و وڵاخیان هەبێت، تفەنگ و دەمانچە و ڕمیان هەبێت.

ئەم سوارانە تەکلیفیان لەسەر نەبووە، واتە خەراجیان نەداوە، بەڵکو لەسەر ئەو خەراجە ژیاون، کە لە تەواوی خێڵی جاف بەنیشتەجێ و گەڕیاوەوە کۆ کراوەتەوە. کەریم بەگ هەر بۆ خۆی کار و فرمانی پشتماڵەشی ڕوون کردووەتەوە، پشتماڵە سێ سەد ماڵ بووە، سێ سەد سواری تێدا بووە. ئەمانە گشتیان خزمەتکار بوون. ماین و تفەنگیان و ئیدارەیان لەسەر بەگزادە بووە. مەڕ و بزنیان نەبووە. بۆ گەڕیانیان گا و ئێستریان بووە. هەرچی مەساریفیان بووە لەسەر بەگزادە بووە. وەکو عەسکەر بەخێو کراون بۆ ئیدارەی جاف و ئەملاک. ل١٤١ – ١٤٢».

وەک بەدیار دەکەوێت، سەرخێڵ بەزەبری ئەم هێزە تەیار و حازربەدەستە خەرجی کۆ کردووەتەوە. هەروەک لە جێیەکی دیکەی هەمان کتێبدا بۆ ناساندنی زیاتری سوارەی پشتماڵە دەڵێ ئەگەر تایەفەیەک لە جاف سەرپێچیی بکردایە، بەم قوەتە تەربیە دەکرا، جەزایەکی زۆر سەختیشی لێ دەسێنرا، بەڵکو لێشیان دەکوشتن. ل١٥٢

وادیارە باجی سوورانە سەرچاوەی سەرەکی چەک و چۆڵ و ماین و مووچەی ئەم تیپە سوارە بووە. چونکە سوارەی پشتماڵە کار و کاسبییان نەکردووە. ئەوان هەردەم لە بەردەستی سەرخێڵدا تەیار و ئامادەباش وەستاون و گورزی دەستی بوون.

پیاوێک هاتووە کچێکی خێڵەکەیانی بەژن کردووە، کەواتە ئەو نێرینەیە دەبێت سەر بقەبڵێنێت. خەرجەکەش دەبێ زاوا بیدات. وەک بە دەقی یاساکەوە دیارە، بڕێک ماڵ یان پارەیەکە بەپێی دەرامەت و باری ئابووری یان با بڵێین باری چینایەتیی زاوا لە گۆڕاندایە. وەلێ ئەگەر هاتو کوڕە لاوێکی جاف ژن لە دەرێی تیرەکانی جاف بخوازێت. ئەوا حوکمی ئەم یاسایە نایگرێتەوە. چونکە ئەو کچە جافی بەژن نەکردووە. یان خوێنی ڕژاو، هی پەردەی کچێنیی کچە جاف نەبووە. لەو دۆخەدا ئەگەری ئەوە هەیە زاوا ئەم سوورانەیە بەخێڵی بووکێ بدات.

ناڕەوایەتیی ئەم سوورانەیە لەوەدایە، کە مانا و ئاماژەی کۆیلایەتی و نائینسانیی

لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگرتووە. چونکە دەکرێت سوورانە وەها بخوێنرێتەوە، کە تەنیا سەرخێڵ و بەرەبابی سەرخێڵ بۆیان هەیە بەلای کچانی خێڵدا بچن. کەسانی دیکەی ڕەشوڕووت ڕەعییەت ڕایەکیان ناکەوێت کچانی خێڵەکەیان بخوازن و لەگەڵیاندا بخەون. چونکە کچانی خێڵ خاوەنیان هەیە و ئەمانی سەرخێڵ خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو پاکیزانەن، کە بەشێکن لە پێکهاتەی خێڵ. کەواتە تەنیا سەرخێڵ و بەگزادەکانی خێڵ بۆیان هەیە لەگەڵ کچانی خێڵدا بخەون.

ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش ڕێک سەردەمی کۆیلایەتیمان وەبیر دێنێتەوە. بەڵام لە تواناندا نەبووە ئەم چەمکە بەکردەوە بخرێتە واری پراکتیکەوە. چونکە کارێکی ئەستەمە، چەند کەسێک خاوەنی تەواوی کچانی خێڵ بن و بتوانن بەکردەوە هەموویان بەکەنیزە بکەن و بەشی ڕەعییەتی لێ نەدەن. بۆیە لە بری ئەو پرۆسەیە، وەک قەرەبوو، ئەم بڕە پارەیەیان لەسەر هەر خورتێک داناوە، کە کچی خێڵ بخوازێت. یان با بڵێین پەردەی کچێنیی ئەو پاکیزەیە خوێن لێ بێنێت.

دەکرێت بڵێین ئەوان خۆیان بەخاوەنی تەواوی کچگەلی خێڵی خۆیان زانیوە. ئەوەندە هەبووە بەم بڕە پارەیەوە، کە ناوی سوورانەیان لێ ناوە، ئاغاکان لە مافی خۆیان خۆش بوون. یان دەکرێت بڵێین لێرەوە مافی خۆیان، وەک هەموو کاڵایەکی دیکە بەو خورتانە فرۆشتووە، کە کچانی خێڵ دەخوازن.

ئەم ئاکارە تەواو بۆنی بەکۆیلەکردنی ئافرەتی لێ دێت. دەنا چ ڕەوایە لە بری خوێنی ڕژاوی پەردەی کچێنی، سەرخێڵ داوای تاکس بکات؟ لێرەدا، کە پشتم بەڕاکانی کەریم بەگ بەستووە، مەبەستم ئەوە نییە، بڵێم تاسکی سوورانە تەنیا لە ناو خێڵی جافدا باوبووە. بەڵکو ئەم خەرجە بەنزیکەی لە نێو تەواوی خێڵەکاندا پەیڕەو کراوە. تەنانەت لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستیشدا زۆرێک لە دەرەبەگە گەورەکان پەیڕەویان کردووە.

## ژن بەشێکە لە پێداویستییەکانی پیاو

لە کن مرۆڤی خێڵەکی ژن بەدەر لەوەی یەکێکە لە پێویستییەکانی پیاو و بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، هیچی دیکە نییە. واتە ژن لە خۆیدا هۆیە و ئامانج نییە. چونکە ئەم کەرەستەیە، ئەگەر باش ئاگای لێ نەبێت و چاودێریی نەکات ئەوا

ئەگەری ئەوە لە گۆڕێیە تووشی شانکورتیی بکات و عەیبەی بهێنێتە سەر. واتە مێیینە هەردەم خاڵی لاوازی نێرینەکانە. بەڵام بەسەرێکی دیکە ئەگەر ژن نەبێت، پیاویش ناتوانێت پراکتیزەی نێرایەتیی خۆی بکات.

لە یاسای خێڵدا ژن بەشێکە لە کەلوپەلی پیاو. یان بەگشتی دەبێتە موڵکی مێرد و باب و براکانی. کەواتە مێیینە ناتوانێت تاکایەتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی بەگوێرەی دڵی خۆی تێر بکات و بەهەند بگرێت. نێرەکان حوکم لە ورد و درشتی ژیانیدا دەکەن. دەکرێت سەرخێڵێک بڵێت: من هەزار سەر مەڕ و پەنجا تفەنگی بڕنەو و هەزار دۆنم زەویی بەرواو و چوار لاندکرۆز و سێ ژنیشم هەیە.

چونکە ژنیش وەک هەموو ئەو فیگەر و کالایانەی ناوم هێنان بەرهەمی هەیە. واتە شانبەشانی پیاو لە بواری کشتوکاڵ و تاقەتکردنی مەڕوماڵات و وەلێ بەرهەمەکانیشی بۆ خۆی نین. چونکە ئەو ناتوانی مامەڵەیان پێوە بکات. بەڵکو ئەوەی ژن بەرهەمی دێنێ دەبێتە بەشێک لە ئابووریی پیاوەکەی. بۆیە دیاردەی فرەژنی، بەرهەمی ئابووریی پیاوی پێ هەڵدەکشێت.

دەکرێت بڵێین: لە جڤاکی خێڵەکیدا نیوە نێرەکەی کۆمەڵ، نیوە مێیەکەی دەچەوسێنێتەوە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕووناکبیریدا، بەتەواوی فرێی داوەتە دەرەوەی مێژوو. چونکە مێیینە ئامادەبوونێکی کاریگەری ئەوتۆی نییە. بەم پێیە کۆمەڵگەی خێڵ چەق دەبەستێت؛ چونکە لەسەر یەک لاق بەڕێوە دەچێت.

ژن وەک لە ئابووریی خێزاندا خاوەنی هیچ نییە. هیچ نەخش و بڕیارێکیشی بەدەست نییە. وەک پیاوی خێڵەکیی خۆیان دەڵێن، پرسی پێ بکە بەڵام بەقسەی مەکە. ئەسڵەن پیاوی خێڵەکی لە لای نەنگە لە کۆڕ و کۆمەڵدا ناوی ژنەکەشی بهێنێت. وەک ئەوەی ناوەکەشی هەر عەورەت بێت. ئەو لە بری ئەوەی ناوی هاوسەری ژیانی بهێنێت، وشەی ژنەکەم، خێزانەکەم، کەیبانۆکەم، دایکی منداڵەکان، حورمێ، بەکار دێنێ. بەگشتی پیاوی خێڵەکی، بۆ گوزارشت لە ڕەگەزی مێ، هەردەم وشەی زەعیفەی لەسەر زارە، کە بەهۆی هاوماڵی و هاوئۆلییەوە لە کولتووری عارەبەوە ئەم وشەیەی دەستکەتووە و دواتر بووەتە بەشێک لە فەرهەنگ و کولتووری پیاوسالاریمان.

هەمیشە پیاو لە چەقدایە و ژن لە پەڕاوێزدا. مێ بۆ جوانی و سێکس و تەماشاکردنی مێردەکەیەتی و بۆ وەچە خستنەوە و تاقەتکردنی مالات و مالدارییە. هەروەها بۆ تەونگەری و ڕستن و چنین و کلنانەوە و گۆزەگەری مەشکە و مەلان و چیغ و ڕەشمال دروستکردنە. ئەوەتا یێک لەباری وەفایی شاعیریش، شیرینی بە دەستپێچکی خوری و بەدەم تەشی ڕستنەوە پێ جوان و ڕەوایە "شیرین تەشی دەڕێسێ."

لە هەموو ئەم کارانەی پێشتر باسمان کردن سەختتر، ئاوکێشانە بەهۆی کوندەوە، لە کانی و کارێزەکانەوە بۆ چێشت لێنان و خواردنەوە. ژنان دەبێت کوندە ئاوەکان بخەنە سەر سمت و پشتیان و لەسەرچاوەی ئاوەکەوە بیگەیێننە خێوەت یان مالەکانیان. ئەم کارە هەتا بلێی تاقەتپڕووکێنە و دەبێتە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی پشت. بەشێکیان هێمان گەنجن گێڕ و گەوێر دەبن. جێی باسە پیاو لەم کارەدا هەرگێز هاوکارییان ناکەن. چونکە بەلای پیاوانی خێلەوە ئاوکێشان کارێکی ژنانەیە. ئەو پیاوەشی بە سەتل و گۆزە و کوندە ئاوەوە ببینرێت ئەوا لە کن کوڕوکالی خێل دەبێتە گالتەجاڕ و بابەتی پێ ڕابواردن و هەرچی ڕێز هەبێت نایمێنێت.

ژن شانبەشانی پیاو کاری کردووە. ژن سمتی پانتر هەلکەوتووە هەتا پیاو. ئەم خاسییەتە یامەرتیی داوە جەستەی بۆ کۆلکێشان لەبارتربێت. هەر بۆیەکا بۆ کۆکردنەوەی مێوەجاتی ئەو کێوانە و دواتر لە قۆناغی کشتوکالدا کۆکردنەوەی بەرومەوومی کێلگە، بەزۆری کەوتووەتە سەرشانی ژن. هەروەها ژنان لە دوای ڕیزی دروێنەکرانەوە ڕەنجیان داوە. گواستنەوەی مەلۆکان بۆ سەرخەرمان کێشە کەوتووەتە سەرشانی ژن. نەهۆش وەک وتەیەکی جێگر، ئەگەر ژنێک زۆر ماندووبێت دەلێت "دەلێی کۆلم کێشاوە". لە هەموو دۆخێکدا ئەم کارە بەسوود بۆ مێردەکەی و تەواوی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە.

لە سالی ٢٠٠٦دا، لە کەنالی کوردسات تیڤییەوە، بەچاوی خۆم فیلمێکی دیکۆمەنتارم لەمەڕ ژیانی ڕەوەندی ئەم ڕۆژگارەی کوردستانی ڕۆژهەلات بینی. لەو فیلمەدا، کە هەر لە ڕۆژهەلات بەرهەم هێنرابوو، خورتێک دەستووری ڕۆژی

زاوایەتیی، خۆی گۆڕیبوو. دایکی یان خوشک و براژن بە هەزار بەهەزاری کێوێکەوە دابووە پێش خۆی، هەتا گەیاندییە چاڵ و باپێچێک، کە بەفری زستانی ڕابردووی تێدامابوو. خورتەکە کێلەبەفرێکی زەلامی بە سەرپشتی داکیدا دا و دیسانەوە بەو ئەستەمە ترسناکەدا دایەوە پێش، هەتا گەیاندییەوە ڕەشماڵەکەیان. بۆخۆی دەوری کاروانچی و دایکی ڕۆڵی بارگیری دەبینی.

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لە کتێبەکەی خۆیدا، "تەئریخی جاف"، کاتێ باسی باوانی خۆی و تەواوی سەرخێڵەکانی جاف دەکات، هەمیشە دەنووسێ فلانە بەگی سەرخێڵ لە پاش خۆی ئەوەندە کوڕی هەبوو. ئەو بۆ دەرمانیش باسی کچ ناکات. چونکە کیژ بە وەجاخ حیساب نییە.

مێیینە لەو دەمەدا ڕوونتر و ئاشکراتر لە هەر تافێک وەک کالا بەدیار دەکەوێت، کاتێک لە تەمەندا هەڵدەکشێت. ئیدی پێی دەوترێت قەیرەکچ، کە لە خۆیدا زاراوەیەکی ناجۆرە. ئیتر لێرەوە ئەو هەردەبێت چاوەڕوانی قیسمەت و نسیب بکات. جا چونکە تەمەنی سکوزا، لە کن ئافرەت سنووردارە، هەتا بچێتە پێشەوە، بەهاشی دادەبەزێت. ئا لێرەدا بەڕوونی دیارە، کە ئیدی ئەو بووەتە کالایەکی کۆن و نرخی دابەزیوە. ئیدی مۆتەکەی نائومێدی و ترس لە داهاتوو، سواری شانی دەبێت. دیارە مێیینەی جڤاکی خێڵەکی، بەهۆی جۆری پەروەردەدە و داوونەریتەکان و ئاینەوە، ناتوانێت وەک نێرینەکان داوای مێرد لە دایوبابی بکات، وەک چۆن نێرینە هەردوو پای دەکاتە کەوشێک ژنی لە بابی دەوێت.

## ئەو پیاوانەی بەناوی دایک و ژنیانەوە ناسراون

ئەگەرچی ئۆرتی ژن لە جڤاکی خێڵەکیدا ناگاتە پیاو. بەڵام هەندێک جاران ئەو خورتانەی وا چاوەترس و جەربەزەن و خەڵکی سڵیان لێ دەکەنەوە. بەتایبەت ئەوانەیان، کە باوکیان لە ژیاندا نەماون و بەهەتیوی گەورەبوون؛ ئەوانە جاری وا هەیە پاشناوی شۆرەت دایکیان هەڵدەگرن. ئیدی ئەوانە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵیشدا هەر بەناوی دایکیانەوە دەناسرێن و باس دەکرێن. وەک خولە پیزە و براکانی، کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ساڵانێک لە دژی حکوومەتی پاشایەتی، لە دەڤەری سلێمانیدا بەرگرییان کرد و بوونە جێی باس و خواسی خەڵک.

نەبەردیی و ئازایەتییە لە ڕادەبەدەرەکانی ئەم کۆمەڵە برایە بووە هەوێنی گۆرانییە میللییەکانی ئەو سەروەختە. دیارە پاشناوی پیزەیش کورتکراوەی ناوی پیرۆزی دایکی مەحموود یان خولەیە. هەر لە ناو دەستەکەی خولە پیزەدا لاوێکی دیکەی قارەمان بەناوی عەولی گوڵچین هەیە، لە بەرەورووبوونەوەیەکدا شەهید دەبێت. برایەکی ناوبراویش بەناوی حەمە ئەمین گوڵچین، کە دواتر دەبێتە یەکێک لە سەرلقە ئازاکانی شۆڕشی ئەیلوول، لە جەنگی کۆڕێدا، ١٦ی ئابی ١٩٧٤ شەهید دەبێت. وەک بەناوەکانیاندا دیارە، ئەم جووتە برا ئازایەش بەناوی گوڵچینی دایکیانەوە ناسرابوون. جێی باسە ئەم دیاردەیە لە نێو خێڵەکانی باکوری کوردستانیشدا بەرچاو دەکەوێت.

جێی سەرنجە، پیاویش هەبووە بەناوی ژنەکەیەوە ناسراوە و بانگ کراوە. هەورامانی، لە کتێبی "مێژووی هەورامان"دا دەڵێت: «شایانی باسە پیاوی ئازا و لێهاتوو، زۆر هەڵکەوتووە، کە بەناوی دایکییەوە ناوبانگی بووبێت و لەم ڕووەشەوە وینەی زۆرمان هەن، بۆ وێنە گەورەترین پیاوی هونەرمەندی ناوچەی هەورامان ئەحمەدی نازداریٚ بووە، کە لە ناوچەکانی هەوراماندا و هی جوانرۆ و شارەزووریشدا ناوبانگی بەدەنگخۆشی و بە هونەرمەندییەوە دەرکردبوو. ئەحمەد بەگی مەحموود بەگ، کە لە سەروکلاوی خەسرەوی ناکام، والیی کوردستاندا بوو بە سان لە ڕوواردا بەناوی ژنەکەیەوە ناوبانگی دەرکردبوو، پێیان دەوت ئەحمەد خاتوونلە. هەروەها مستەفا بەگی حەمەکەریم بەگی پاڵانەیی، بە ناوی دایکیەوە بانگ دەکرا و پێی دەوترا مستەفا زەریف مچە زەریف. ل ٤١٧- ٤١٨».

جێی وتنە لەو سۆنگەیەوە، کە خێڵەکانی هەورامان زووتر دەرکیان بەگرینگیی نیشتەجێبوون کردووە. ئەوان پێش خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان داسەکنیون. بەگشتی و لە چاو دەڤەرەکانی دیکەی کوردستاندا مامەڵەشیان لەگەڵ ئافرەتدا لە پێشتر بووە. دیاردەی ژن بەژن، کە یەکێکە لە ئاکارە هەرە دزێوەکانی خێڵی کورد، لە ناو هەورامییەکاندا بەدی ناکرێت. پێ دەچێت ئەم سات و سەودا ناجۆرە لە مێژووی هەوراماندا پێڕەو نەکرابێت

## وێنەی ژاکاوی ژن لە پەندی کوردیدا

زۆربەی پەندەکان دانراوی کوڕانی خێڵن؛ بۆیە بەچاکەی پیاو شکاونەتەوە. دیارە هەندێکیان تاقیکراوە و ئەزموونی ژیان کردوونی بەپەند. حیکمەت و فەلسەفەیان تێدایە و تاکو نهۆش خەڵک بڕوای پێیان هەیە. بەڵام هەندێکیشیان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مێژوودا بایەخی خۆیان لە دەست داوە و ناتوانن لەگەڵ دنیای گەشەسەندووی ئەمڕۆدا ڕێ بکەن. پیاو بۆ بەرژەوەندی و باڵادەستیی خۆی لە ماڵ و لە کۆمەڵی باوکسالاردا وتوونی و ڕۆی ناون.

پەندە کوردییە سەقەتەکە دەڵێت: «ژنێکم دەوێ ژنانە، پێستە بکا بەهەمانە» یان «ژن و ماڵیان وتووە» واتە ژن گەرەکە لە سنوور و چوار دیواری ماڵدا دەستڕەنگین بێت. بەواتایەکی تر کاری دەرەوە بۆ پیاو و ماڵداری بۆ ژن. وێڕای ئەوەی ئەم پەندانە دەست لەسەر کاری ژنان دادەگرن، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەن، کە ژن گرێدراوی ماڵەوەیە. بەسەرێکی تر هەمبانە چێکردن، کە هونەری تێدا نییە بە شیاوی ژن دەزانێت.

ئەم پەندەش، کە دەڵێت: «کوڕ تاڵانگێڕەوەیە و کچ تاڵانبەر» تەواو بۆنی خێڵ و مێنتەلێتیی ڕەشماڵی لێوە دێت. وەک حەزرەتی شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبی پەندی پێشیناندا لێکی داوەتەوە، مەبەستی لەوەیە، کوڕ بۆ خۆی دەبات بەڵام کچ بۆ مێردەکەیەتی. جگە لەوەی کچ ناتوانێت تاڵانی گل بداتەوە. ئەم پەندە، جەختیش لەسەر ترش و تاڵانی وەک یەکێک لە دەرامەتەکانی خێڵ دەکات و بەکارێکی پەسەندی دەزانێت. لە پەندێکی دیکەی خێڵەکیدا هاتووە، «کیژێک لە دەرپێی خۆتدا نەبێت خوا بیبڕێت»، کە مەبەستی پێ ئەوەیە، کچ شایانی ئەوە نییە دایک و باب پێوەی بنازن.

«ژن بێ باوەڕیشە و خۆشباوەڕیشە» وەک شێخی خاڵ لێکی داوەتەوە بەو مانایە دێت، زۆر بێ باوەڕە بە پیاو، بەڵام زووش دەخەڵەتێت. هەروەها پەندێکی دیکەی وەک ژن کە نەتوانێت تۆڵە بسێنێت، وەک منداڵ دەگری. مەبەستی پێ ئەوەیە گریان چەکی بێ دەسەڵاتانە و ژنیش بوونەوەرێکی بێ دەسەڵاتە، لە تەنگانەدا تەنیا گریانی لە دەست دێت؛ لە کاتێدا تاکی خێڵەکی دەبێت تۆڵەسێن بێت. ئەم پەندەش کە دەڵێت

ژن یا بە هەمانەیەک پارە، یا بە هەمانەیەک درۆ وەک شێخ محەمەدی خاڵ لێکی داوەتەوە، مەبەستی پێ ئەوەیە، ژن بە پارەی زۆر شوو دەکات، ئەمجا تۆش یان هەمانەیەک پارەی بۆ هەڵبڕێژە، یاخۆ هەمانەیەک درۆ. بەڵام لە هەمبەر ئەو پیاوانەدا، کە لەبەر خاتری هەمانەیەک پارە ژنێکی ئەوتۆ مارە دەکەن، کە دوو تەمەنی خۆیان هەیە، پەندێکی ئەوتۆ گومان نابەم.

ئەم پەندەی کە دەڵێت دایە ببینە، دۆتە بخوازە ڕووی دەمی لە پیاوە و پێی دەڵێت: ئاگەدار بە کیژ تەواوی ئاکارەکانی دەچنەوە سەر دایکی. کەواتە کاتێک ژن دەخوازیت با دایکی کچەکە نموونەی بەرچاوت بێت. ئەم دایکە بەپیری چلۆنە کیژەکەیشی کاتێک چووە ساڵەوە هەر وەهای بەسەر دێت. ئەگەر ئەم دایکە خاوەنی هەر ئاکارێکی ناجۆربێت ئەوا دڵنیابە کیژەکەش هەڵگری هەمان ئاکار و هەڵسوکەوت دەبێت. واتە لێرەدا باوکیان لێ دەرهێناوە. ئەو بەرپرسی هیچ ئاکارێکی کیژەکەی نییە. گوایە باوک هەر ئاکارێکی ناجۆریشی هەبێت لەلای کیژەکەی سەرهەڵناداتەوە. ئەم پەندە لە زانستەوە دوورە. چونکە منداڵ نێربێت یان مێ، سیفەتە بۆماوەکان لە باب و دایک پێکەوە وەردەگرێت. لە پرۆسەی پەروەردەشدا هەردوو لایان دەبنە نموونە بۆ تێکڕای نەوەکانیان. ناکرێت لە ژێر بنمیچێکدا باب تەنیا کار بکاتە سەر نێرینەکان و دایکیش کار بکاتە سەر مێیینەکان.

لە کتێبی پەندی کوردیی عومەر شێخەڵلادا، کە زیاتر پەندەکانی دەشتی دزەیی لەخۆ گرتووە و ئاوێنەی جیهانبینی و هزری خێڵەکانی ئەو دەڤەرەیە، وێنەی ژن لێرەشدا لە ناوچە و خێڵەکانی دیکە باشتر نییە. ئێوە سەرنج لەم پەندە بدەن ژن نۆهەت و نۆ ئۆینی شاردیتەوە، یەکی ئاشکرایە لە ڕاستیدا ئەم پەندە زیرەکیی ژن دەردەخات. چونکە ئۆین زانین، ئاکارێکی ئەرێنییە. کەچی کوڕانی خێڵ بە نەرێنی بۆیان حیساب کردووە. ژن، کە سەد ئۆین واتە گەمە و فێڵ، یانژی مەکر بزانێت و یەکێکی دەربخات، دیارە ئەوانی دیکەی بۆ کاتی تەنگانە و لێقەومان هەڵگرتووە. ئیدی بۆچی دەبێت ناقیسول عەقڵ بێت؟ خۆ لە قورئاندا مەکرزانین وەک سیفەتێکی خواوەندانە باس کراوە.

لە پەندێکی دیکەی هەمان کتێبدا هاتووە: ژن و ڕێوی یەک تەبیعاتن. ئەم پەندە و

ئەوەی پێشوو، لە ڕووی مانا و مەبەستەوە لەیەکەوە نزیکن. چونکە پەندەکە ژنی بە ڕێوی چواندووە، بەو حیسابەی گیاندارێکی فێڵبازە. گوایە خاوەن پەند بەوەی ژنی بەڕێوی چواندووە؛ ویستوویەتی لە ئاستی ئینسانی و کۆمەڵایەتیی ژن دابەزێنێت. بەڵام لە ڕاستیدا ڕێوی گیاندارێکی زیرەکە و لە چاو گیاندارانی دیکەدا چاکتر دەتوانێت خۆی لە داو و دەهۆی مرۆڤ ڕزگار بکات. ئەمەش دیسان ئاکارێکی ئەرێنییە، ئەگەرچی پەندەکە بە نیازێکی دیکە داڕێژراوە.

ژن بۆ ئەوە دەست نادات و ڕایەکی ناکەوێت سەرخێڵ بێت. چونکە بەپێی فەرهەنگی خێڵ ژن لێی ناوەشێتەوە سەرکردە و پێشەنگ بێت. لەم ڕووەوە پەندە خێڵەکییەکە دەڵێت: ژنیان کرد بە کوێخا، ساڵی حەوت جار بزنی بریيەوە. کەچی مێژووی کورد پێمان دەڵێت، ژنی کورد نەک هەر کوێخایەتی، بەڵکو میرایەتیشی کردووە.

ئەم گوتانەی لای خوارەوەش تێکرا ئاوەڵناون. سەر بەشێوەزارەکانی کرمانجیی باشوور، کرمانجیی باکور، زازاکی و هەورامین. گشتیان بەمەبەستی داشکاندن پیاو بەژن دەچوێنن: ژنانی، ژنانیلە، سەرژنانی، سەرژنانیلە، سەرژنانە، ئۆمەر، بەربووک، بەلەکناچێ، خلەکچانی، ژەنانە، سەرەژەنانی، حەمەکچێ، شەکلە، سەرژنک، ژن وەزۆر، ئەم سیفەتانە ناتۆرەن و بەمەبەستی داشکاندنی ڕێز و گەوهەری پیاو داڕێژراون، گوایە ئاکاریان لە ئاکاری ژن دەچێت. وێڕای ئەوەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە دەیسەلمێنن، کە زمانی کوردیش نێرمەزنە و نەرێنی بۆ ژن دەڕوانێت.

ئەگەرچی لە مێژووی گەلی خۆماندا نموونەی ئافرەتی ئازا و گیانفیدا هەن و زۆریشن، ئاماژەیان پێ بدرێت، کەچی بەلای مرۆڤی خێڵەکییەوە ژن بەرەنگاری و کەڵەوەکێشیی پێ ناکرێت. ئەو هەر کاتێ دووچاری تەنگانە و تەنگژە هات، لە گریان و خۆڕنینەوە و نزا و پاڕانەوە و سینگ کوتان بەولاوە هیچی دیکەی لە دەست نایەت. لەم ڕووەوە زۆر وتە هەن وەک: وەک ژن زووڕە زووڕ دەگری. مەگری خۆ تۆ ژن نیت. چەکی ژنان گریانە کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە، گریان لە خۆیدا سیفەتێکی ئینسانییە بە نێر و مێیەوە، بەگەورە و بچووکیەوە.

ژن دەبێت بەرگەی هەموو بۆڵەبۆڵێکی مێرد و کەسوکاری مێردەکەشی بگرێت. تەنانەت ئەگەر مێردی لێشی بدات ئەو نابێت ماڵەکەی جێ بێڵێت، زۆربەی ژنانی خێڵیش پێیان وایە، کە ژن دەبێت بەرگەی نۆشینی تاڵاوی ژیان بگرێت، ماڵەکەی چۆڵ نەکات و بیگوزەرێنێت، چونکە پەندەکە دەڵێ: ژن بەتۆران سووک دەبێت.

توندوتیژی و زەبر پیشاندان بەرانبەر بەژن لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا مایەی شانازییە. پێچەوانەکەشی، واتە ڕێزگرتن لە ژن و نەرمی نواندن و دڵسۆزی بۆ تاکژنی و بەیەکسانی بۆ ڕوانینی لەگەڵ پیاودا دەبێتە مایەی دابەزینی ڕێزی پیاو لە نێوان پیاوانی خێڵدا. خێڵ وەک لە سەرەوە هەندێکیمان خستە ڕوو بۆ ناوزڕاندی مێ و هەم ئەو پیاوانەشی ڕێز لە ژن و مافەکانی ژن دەگرن، واژەی حیزە پیاو و دەیان زاراوەی دیکەی حازربەدەستی پێیە. ئەوان بڕوایان بە یەکسانی و ئالیکاریی تەواوی نێوان ژن و پیاو نییە. ئەو پیاوەشی تەکبیر و ڕا بەژنەکی بکات بە تیز پێکردنەوە پێی دەڵێن: دوای قسەی ژن کەوتووە.

هەروەک چۆن خوشک و برا لە پێگە و ڕێگەدا جیاوازن، برازا و خوشکەزاش هەمان دەستوور. چونکە بەحیسابی مرۆڤی خێڵەکی، خوشکەزا ناتوانێت وەک برازا ببێتە پشت. چونکە یەک بەرەباب و یەک خوێن نین. پەندەکەش دەڵێت: برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خوا بێت. خوشک وەک پشت و پەنا لە کوولەکەی تەرپشدا ناوی نەهاتووە. بەڵکو لە هەندێک ناوچەدا بەخوشکەزا دەڵێن: خوارزا. سەرنج بدە چلۆن بە قودرەتی ئەقڵی ڕەشماڵ خوشک بووە بە خوار. ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێت، کە پلە و پایەی خوشکەزا لە خوار برازاوەیە، هەروەک چۆن خوشک لە خوار براوەیە؟

جێی باسە دوای بڵاوبوونەوەی هاوکاتی ئەم پاژەی کتێبەکەم، بەزنجیرە، لە هەردوو ماڵپەڕی دەنگەکان و کلاوڕۆژنەدا، لە مارسی ٢٠٠٧ دا، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنەوە، هێژا ڕێبوار کەریمی، کارگێری پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ژێر ناوی شەرەفدا، لە وڵاتی فینلاند، لە لای خۆیەوە، لە نامەیەکدا سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابووم، کە خوارزا زۆرتر لەو ناوچانەدا بەکار دێت، کە تێکەڵییان، یاخۆ نزیکییان لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە. لێرەوە بە بۆچوونی کەریمی،

وشـەی خـوارزا، هـەر خـواهـرزادە فـارسـییـەکـەیە و تۆزێک لە زمـانـی کـوردیدا هـەڵیـان شـێلاوە. واتە ئەگەری ئەوە هەیە لە شیتەڵ و لێکدانـەوەی وشـەی خـوارزادا بەهەڵەدا چووبم.

ژنان خـۆشـیـان، کـاتێک بەیەک دەگـەن، بۆ دەربڕینـی سـوپاسگـوزاری و چۆنی و چاکی لە نێـو خـۆیاندا، گـوێت لێـیـان دەبێت دەڵێن: «سکت نەسـووتـێ. جـەرگت نەسووتێ. یان کوڕت نەمرێ» وەلێ نەبیستراوە، جارێک لە جاران بە یەکودوو بڵێن: کچت نەمرێت.

## کاریگەریی خێڵی عارەب

"نصـر حـامـد أبـوزید" لە کـتـێـبـەکـەیدا بـەناوی (دوائر الخـوف: بازنەکـانی ترس) سـەبارەت دۆخی ژن لە نیـشـتـمـانی عـەرەبیـدا ئاوای نووسـیـوە: پوختـەی گـوتاری هـاوچەرخ سـەبارەت ژن لە نیشـتـمـانی عارەبیدا تایفەگەر و ڕەگەزپەرستـانەیە، بەو واتایەی گـوتارێکە لەمـەڕ ڕەهـاییی مێیینە دەدوێت و لە پێوەندییـەکی بەراورد لە تەک ڕەهاییی نێرینەدا دایدەنێت؛ کاتێک وەک دوو تەرەفی بەرامبەر، یان ناکۆک، سنووری نێـوانیـان دەکـێـشـێت و ناچاریان دەکـات لایەکـیـان ملکەچ بێت و خـۆی بەدەسـتی لایەکەی دیکەیانەوە بدات و خۆویستانە بکەوێتە بن دەسەلاتیەوە. ئیدی ئەو لایەشیان کـە خۆی بەبالادەست دەزانێت، گـوتارێکی تایفـەگـەرانـەی ڕەگـەزپەرسـتـانە بەرهـەم دەهێنێت، پڕ بـەواتا و ئـامـاژەکانی هـەرسێ وشـەکە. وەنەبێت بەتەنیـا حـاڵی گوتاری ئاینـی وەهـا بێت، بـەڵکو ئەمــە حـاڵی وتاری عـەرەبیی باو و بالادەسـتــە لە نێـوەندە میللییەکەدا و لە ڕاگەیاندندا. ل ٢٩

ئەوی ڕاسـتـی بێت هیچ زمـانێک لە ناوچەکـەدا هێندەی زمـانـی عارەبی بەرامـبـەر مێـیـینە ڕەگەزپەرست نیـیـە. وەک بیـانی، یان غـەیری عـارەب "أعجـمي" سـەیری ژن دەکات و جیای دەکاتەوە. تاکی نێر و تاکی مێ، جووتی نێر و جووتی مێ، کۆی نیر و کۆی مێ. بێجگە لە نوونی ژنان "نون النسوة". سەرباری ئەوەش، هەرچی بوونەوەر لەم گـەردوونـەدا هـەیە کردوویەتی بە دوو تـوخـمـەوە، یان نێـر یان مێ. بەم پێـیـە هیچ بوونەوەرێک لە زمـانـی عـارەبیدا بێـلایەن نییـە. تۆ هـەڵـەیەکی گـەورەت کـردووە ئەگـەر

زارت تەتەڵە بکات و نێرێک بەمێ، یان بەپێچەوانەوە گۆبکەیت، یاخۆ بنووسیت. لەم زمانەدا نێر و مێ بەرانبەریان لەیەک گرتووە. کۆی "رجل" "رجال"ە. واتە "پیاو، پیاوان". کەچی "إمرأة"، واتە ژن کۆیەکەی دەبێتە "نساء، نسوە" کە هیچ لەیەک ناچن و کەسیش نازانێت بۆچی؟

هەر لەم ڕووەوە نصر حامد أبوزید لە کتێبی بازنەکانی ترسدا دەبێژێت ئەگەر زمان لە دیدێکی تایفەگەری و توخمپەرستییەوە مامەڵە لە تەک ژندا بکات و ژن بخاتە تای تەرازووی بیانییەکانەوە "الأعاجم"؛ ئەمە ڕەنگدانەوەی ئاستی وشیاریی ئەو کۆمەڵەیە، کە ئەو زمانەی داهێناوە، ئەگەرچی خودی هۆشیاری خۆی، بەدەر لە زمان گەشە ناکات و زمانیش بەبێ گەشەی هۆشیاریی ئەوانەی کە پێی دەدوێن گەشە ناکات. ل ٣٦

زۆرێک لەو کولتوورەی ئێمە هەمانە و پەیڕەوی دەکەین، دەکرێت ناوی کولتووری زۆڵی بیژی لێ بنێین. بەو مانایەی لە بنەڕەتدا کولتووری ئێمە نەبووە و لە ئاوەز و هۆشیاریی ئێمەی کورد نەکەوتووەتەوە، بەڵکو لە لایەن داگیرکەرانەوە دزەی کردووە و پەڕیوەتە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری. لەم ڕووەوە، واتە لە باری بۆ ژن ڕوانیندا، کاریگەریی زۆری کولتووری پاشڤەڕۆی عارەبمان لەسەرە. ئێمە لێرەدا باس لە هەندێک لایەنی نەرێنیی کولتوور دەکەین، دەنا میللەتان لە یەک ئاستدان ئەوان بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام ساوای کچیان زیندەبەچاڵ کردووە، نەبادا لە تالان و بڕۆ و جەنگی بەردوامی نێوان خێڵە پەڕاگەندە و نەیارەکاندا شانکورتییان بەسەردا بهێنێت.

هەرچەندە ڕۆژێک لە ڕۆژان زیندەبەچاڵکردنی ساوای مێیینە نەبووە بەشێک لە کولتووری کورد. بەڵام دەشێت بپرسین: داخۆ چ جیاوازییەک لە گۆڕیدا هەیە ئەگەر مێیینە بەساوایی زیندەبەچاڵ بکرێت یان بە گەورەیی لە ماڵدا زیندانی بێت، یان بەگەورەیی بەپاساوی شەرەف بکوژرێت؟ جێی گوتنە لە هەندێک وڵاتی وەک هیندستان و چین، کە حەشیمەتیان زۆرە و دەرفەت بۆ بەخێوکردنی تەنیا منداڵێک ڕەخساوە. زۆر خێزان هەن، بە سوودوەرگرتن لە ئامێری سۆنار ئەگەر بۆیان دەرکەوت کۆرپەلە مێینەیە ئەوا هەر لە سکی دایکیدا دەیکوژن و ناهێڵن لە دایک

ببێت. ئەگەر نێرینەش بوو ئەوا بێگومـان دەیکەن بە ئاهەنگ. دەکرێت بپرسین داخۆ ئەم ئاکـارەی ئەمـڕو لەگـەڵ زیندەبەچاڵکردنی مـێـینەی سـەردەمی جـاهیلیـدا چ جیاوازییەکیان هەیە؟

لەو دەمەدا مێیینە بووەتە کەنیزە و تالانیی جەنگ و بۆ چێژ لێ وەرگرتن بووە. لە سـەردەمی عـوسـمـانیـشـدا پەچە داهاتووە و بە ژنی شـارسـتـانیـان گـرتووەتەوە. ئەمەشیـان لە ترسی فڕاندن و تالانی بووە. چونکە ئەوان هەمیشە لە نێو خۆیاندا، لەسەر کورسیی دەسـەڵات لە ملانێی سیاسیدا بوون. کوردستانیش کەوتووەتە نێوان قەڵەمڕەوی عاسمانی و فارسییەوە، بۆیە ژنی کوردی شارنشینیش بەناچاری پەچەی گرتووەتەوە.

لە ئێستادا وشەی حیجاب لەسەر زارانە و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ناوچەکەشدا بەگەرمی باس دەکرێت. ئەگەرچی قژ فڕی بەسـەر سێکسـەوە نییـە، بەڵام بەردەوام جەخت لەسەر حیجاب پۆشین دەکرێتەوە. لە هەندێک وڵات بووەتە پرسێکی ڕامیاری. لە شانشینی سعودیە، ئەم پرسە زۆر بەگرینگ گیـراوە. لەوێ سـرووود بۆ حیـجاب ڕۆنراوە. سرووودەکە، شیعری "روي عزالدين"ە. واتە شاعیرەکەش هەر مێیینەیە. لەم سرووودەدا حیجاب بەپێوست زانراوە، گوایە نامووس دەپارێزێت. شیعرەکەش ئاوا دەست پێ دەکات:

بعـزيز إيماني أصـون حـجـابي

وأصون عرضي في حمي جلبابي

کـورد سـەدان ساڵە بندەسـتی عـارەبە، کـە لە ڕووی شـارسـتـانیـیـەوە، لە چاو سـەردەمـەکـەدا لە دوایە. هەمـیـشـە گـەلی بندەست لـە بن کـاریگـەریی گـەلی سەردەستدایە. هەر لە ئەنجامی ئەم بندەستییەوەیە کە زۆرینەی کورد بەزمانێک دەدوێت، گـۆرانی دەڵێت و شـایی دەگـێـڕێت، کـەچی بەزمـانێکی دیکە نوێژ و خـواپەرسـتی دەکـات. بۆیە زمـانی دووەم و خـاوەنی زمـانی دووەم، کـە کـورد فەریزەتەکانی خۆی پێ ئەدا دەکات، هەندێک لە ناجۆری و نەرێنییەکانی خۆشی بەدیاری بۆ هێناوین؛ یان ڕاستتر وایە بڵێین: بەسەردا سەپاندووین. دواتر لەگەڵ تێپەڕینی زەماندا، هەمان ئەو کولتوورەی ئەوان لە لای ئێمەش جێگیر بووە. بەڵکو

سەرەنجام بووەتە بەشێکی دانەبڕاویش لە کولتووری ئێمەی کورد.

ئێستاش، لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا، زۆرێک لە عێراقییە عارەبەکان، لە سایەی ڕێژیمی خێڵ و تایفەدا، گەڕاونەتەوە دۆخی جاهیلی و ژن بەکەم سەیر دەکەن و لە چاو سەردەمی سەدامدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە هزریاندا ڕووی نەداوە. بەڵکو دۆخی ئافرەت دەها لە جاران خراپتر بووە. ڕۆژانە گوێت لێیان دەبێت پیاوان بەڕووی یەکتر و بەڕووی غەیرە عارەبیشیدا دەدەن. ئەوان کاتێک ناوی ئافرەتیان هێنا، بەداوای لێبووردنەوە دەڵێن: "تكرم مرة" یان "حشاك مرة" واتە دوور بێت لە ڕووت ژنە، یان حاشایەکی تۆ ژنە. تۆ بڵێی ئەو خەڵکە، مێینە بەچی دەعبایەکی کەم و زیانیدە یان سووک بزانن؟

ئەگەر بهاتایە و گەلی سەردەست لەڕووی ڕووناکبیری و ژیارییەوە، وەک گەلانی ڕۆژئاوا لە پێش بوایە، ڕەنگە ئێمەش شتگەلی بەسوودی لێوە فێربوووبووینایە. دەمەوێت بڵێم: ئێمە وەک خۆمان لە دواین داگیرکەرانیشمان هەر لە دوابوون و نەرێنی کاریان تێ کردووین. مادامەکی کورد خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبێت و گەلێکی ژێردەست بێت، ئەوا هەر دەبێت لە بن کاریگەریی داوونەریتی گەلی سەردەستدا بمێنێتەوە.

قورئان ئاماژەی پێ داوە، کە عارەبە خێڵەکییەکانی بەر لە ئیسلام مێینەیان زیندەبەچاڵ کردووە، ئەگەرچی سیان لە خواوەندە هەرە ناودارەکانیان بەناوەکانی لات و عوززا و مەنات خواژن، واتە خواوەندی مێینەبوون. پێ دەچێت هەژارەکان ئەم کەتنەیان ئەنجام دابێت و مێینەیان زیندەبەچاڵ کردبێت. ڕەنگە هۆکارەکەی، بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە مێینە ناتوانێت فەرهوود و ڕاووڕووت بکات، کە گرینگترین سەرچاوەی دەرامەتی خێڵ بووە، بە تایبەت لە کن خێڵەکانی بانی نەجد. بەم پێیە بژێوی و پاراستنیان کەوتووەتە سەر نێرینەکان.

هەروەها لە کاتی جەنگ و غەزودا، مێینە توانای بەرگریی نییە. بەڵام پێ دەچێت چینی دەوڵەمەند مێینەیان زیندەبەچاڵ نەکردبێت، چونکە ئەوان هەم توانای بەگرییان لە مێینەکانی خۆیان هەبووە و هەم توانیویشیانە ڕۆژاک و پۆشاکیان بۆ دابین بکەن. بەسەرێکی تر، لە دۆڵی میزۆپۆتامیای کۆندا، هەرە بەتواناترینی

خواوەندەکان خواژنی عەشتار بووە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە دۆخی ژنان، لە ناوچەکەی ئەواندا بەرلە هاتنی ئیسلام چاکتر بووە، بەو مانایەی بەڕێزتر سەیری ژن کراوە. ئەوە نییە خەدیجەی یەکەم خێزانی محەمەد د.خ لە تافی بێوەژنیدا، بازرگانیی کردووە؟ ئەدی ئەوە نییە هیندی ژنی ئەبوسوفیان سەرکردایەتیی بەرەکانی جەنگی کردووە؟

وەلێ لە هەموو هەلومەرجێکدا عەرەبی جاهیلی تەواو لە دوای گەلانی ناوچەکەوە بوون. عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە یادەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: "لە عەرەبستاندا ٥٠٠ هۆزی گەورە و بچووک هەن. هەر هۆزێک خاوەن چەند خوایەکە، ئەم هۆز ئامادە نییە حکوومەتی هۆزەکانی تر قبووڵ بکات".

سەرنج بدەن "عزيز جاسم الحجية"، کە بۆ خۆی لە نەتەوەی سەردەستی گەلانی عێراقە، لە ژمارە ٨٣٣٦ی ڕۆژنامەی "الجمهورية"ی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/١٠ دا، کە لە بەغدا دەردەچوو، بەناونیشانی "ولادة الابن البكر" واتە: لەدایکبوونی کوڕی نۆبەرەدا، بەجوانی ڕوونی دەکاتەوە، کە دەوروبەری ساوا و تەنانەت دایکی ساوایەکەیش چلۆن پێشوازی لەم ڕووداوە دەکەن؟ ئەو نووسیویەتی، کەسوکار و دەوروپشتی ساواکە پێشدەستی ئەم شیعرە میللییە دەڵێن:

شنوگـة يا شنوگـة
يا بطيخ بعـروگـة
أم الولد فـرحـانة
وأم البنت مـخنوگـة

دایکی ساواکەیش دەڵێ:

يوم گـالولي أبنيـة
الحايط أتفلش علي
ويوم گـالولي الولد
ضـحكت الدنيـا لي

هەژاری موکریانی لە سەرەتای کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا، نووسیویە کیژی کورد هەر هاتووەتە ناو دنیاوە، باوک ناوچاوی تێک ناوە؛ دایک ڕووی لێ وەرگێڕاوە و بە

نیشانەی قەرەبەختی و چارەڕەشیی خۆی زانیوە. زۆر کیژە کورد ناویان شوکرییە، حەمدییە؛ بەسێ و ئامان و ئینتیها و نیهایەتن. هەر ئەم ناوانەش شایەتن، باوک کیژیان ناگەرەکە و پێی ناشکورن. هەر پێش گەیشت، برای مافی ئەوەی هەیە وەک کالا و ئاژەڵ و وڵساتی خۆی لێ بڕوانێ؛ دەیبەخشێ یان دەیفرۆشێ، یان ژن بەژنەی پێ دەکا، بەشی خۆیەتی و ڕەوایە. ل ١٢ – ١٣

بەڵام هەژاری موکریانی ئاماژەی بەوە نەداوە، کە هەموو ئەو ناوانەی ئەو بەنموونە هێناونییەتەوە، بێجگە لە بەسێ هەموویان بەڕچەڵەک عارەبین و ئاینەکەمان، کە لە زمانەکەمان ناچێت؛ بەزەبری خڕژنی شمشێر و بەسەر پشتی ئەسپە خۆشبەزەکانیان بۆیان هێناوین و پێکهاتە سەرەکییەکەی سەر بەمێنتەلێتیی نەتەوەیەکی دیکەیە. بەخۆشی خۆمان بێت، یان بەناخۆشی، کاری کردووەتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان، بەناونانی منداڵەکانیشمانەوە. دەنا کوا لە لیستی ناوی نوێی کوردیدا، کە لە دید و نێڕینێکی نوێوە سەرچاوەی گرتووە ناوەیلی پووچ و بێ مانای وەک ئینتیها، نیهایەت، مونتەها، کافییە، حەمدییە، شوکرییە، ئیتمام و ڕابیعە جێیان دەبێتەوە؟

باسمان لەوە کرد، گوایە ژن هەموو گیانی عەورەتە ئەم ئیدیۆمەش بەهۆی ئاینەوە، وەک خۆی لە زمانی عارەبییەوە هاتووە. ئێستا لە هەموو سەردەمێک پتر گرینگی بەم پرسە دەدرێت و چەندین ئافرەت تەنیا لەسەر ئەوە دەکوژرێن، کە پۆشاکی ئاینی ناپۆشن. فارس و تورک و گەلانی دیکەی موسوڵمان هەر هەمان وشە بەکار دێن و ئەم وشەیە بە زۆری زۆردارەکی خۆی خزاندووەتە نێو فەرهەنگی زمانیانەوە. ئەم وشەیە لە مامەڵەی ڕۆژانەشیاندا لەسەر زار و زیندووە و بەردەوام بەکار دەهێنرێت. لە زمانی کوردیشدا وەک هەموو زمانەکانی دیکەی دەوروبەرمان بەرامبەری نییە. چونکە عەورەت، بە زمانی عارەبی ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێیینەش دەگرێتەوە. باشە ئافرەت کاتێک لە چێشتخانەیەکدا نان دەخوات خۆ ئەویش وەک پیاو عەورەتی بۆ پاروو گلاندن بەکار ناهێنێت، ئیدی لە پای چی لە کاتی نانخواردنیشدا نابێ تێکەڵ بە پیاوان ببێت؟

هەروەک تاکو نهۆ، لە شارە گەورەکانیشدا بە عەیب شوورەیی و ناجۆر بۆی لە

قەڵەم دەدرێت ئەگەر کچۆڵەیەکی قوتابی برسی بێت، لاسایی کوڕ بکاتەوە و بەدەم ڕێوە بابۆڵەیەک بەدەستەوە بگرێت. ئایا ئەم جۆرە گوشارە، ئەم هەموو چەمک و ڕوانینە کەچ و چەوتانە بۆ مێ، سەرەنجام لە توانا و بەهای مرۆڤانەی ئافرەت کەم ناکەنەوە؟

ئایا زەین و ئاوەزی بەرەو پووکاندنەوە پاڵ نادەن؟ دەسا لەگەڵ هەموو ئەم سەرنجە نەرێیانەشدا، کە کوڕانی خێڵ لە هەمبەر توخمی مێدا هەیانە، کەچی کاتێک دایک و باب دەچنە ساڵەوە و توانای جەستەییان لە کورتی دەدات، هەردەم کچەکانیان زیاتر بەتەنگیانەوەن هەتا کوڕەکانیان. کچی کورد بەوەفاترە بۆ دایک و بابی هەتا کوڕی کورد ئەوی ڕاستی بێت لەم ڕووەوە، لایەنە دواکەوتووەکەی مێنتەلێتیی عارەب، بە هۆی داگیرکاری و دراوسێتی و هاوئۆلییەوە کاریگەریی لەسەر خێڵەکی کورد ئەمەندە زۆرە، بڕێ جاران جیاوازیی نێوانیان هەست پێ ناکرێت.

لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە بەدرێژاییی ئەم کتێبە باس لە عارەب وەک میللەتێک ناکەین. بەڵکو مەبەستمان پێ هەندێک لایەنی تاریکی کولتووریی ئەوانە، کە بووەتە بەشێک لە کولتووری ئێمەش. چونکە هیچ گەلێک لەوی دیکە بە مەزنتر نازانین. دەنا کولتووری ئەوانیش وەک کولتووری گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەشی ئەوەندە لایەنی ڕۆشنی تێدایە، ئاماژەی پێ بدرێت.

خێڵەکیی عارەب هەر بەڵایەکیان بەسەردا بێت، هۆکارەکەی دەبەنەوە سەر ڕەگەزی مێ و ئەوی پێ تاوانبار دەکەن. هەمیشە پیاوانی خاوەن مێنتەلێتیی ڕەشماڵ، دەستە چەورەکەی خۆیان بەئافرەت دەسڕن و دەڵێن: "کل بلیە سببها ولیە" واتە، هەر بەڵایەک ملی بگریت مێیینە لێی بەرپرسە. جگە لەوەی ژن هەموو گیانی عەورەتە ژن دەمشڕە، ناتوانێت نهێنی بپارێزێت و قسە لە زاریدا ناوەستێت. یان ژن فیتنەیە و بەخێرایی کار لە پیاو دەکات و دەیخاپێنێت. یەکەم سەرپێچیکار لە فرمانەکانی خواوەند ژن بوو. کاتێک لەبەری درەختە قەدەغەکراوەکەی خوارد و ئادەمیشی بۆ خواردنی هان و فریو داوە.

لە دیدی پیاوی خێڵەکییەوە مێیینە خاوەنی جەستەیەکی سەرنجڕاکێش و جوانە و هیچی تر. هەروەها ژن "ضعیفە"یە، کە دەکاتە زەبوون ئەم سیفەتە دەقاودەق

هاتووەتە نێو فەرهەنگ و زمانی ڕۆژانەی ئێمەی کوردەوە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی کولتوور و ڕۆشنبیریمان. لە ڕاستیدا مانای وایە پیاو بەهێزی ماسوولکەدا دەنازێت، واتە لێرەدا پشت بەیاسای دارستان دەبەستێت. بەپێی ئەم یاسایەش، بەهێز بەسەر بێ هێزەکاندا دەخوڕێت و دەبێت گوێڕایەڵی بن. ئەو قسە بێ تامەی کە دەڵێت ژن، پرسی پێ بکە بەڵام بەقسەی مەکە دەقاودەق وەرگێڕاوە، "شاورهن و خالفهن" واتە زادەی کولتووری کورد نییە، بەڵکو ئاوەکییە.

ئەم وشانە چوونەتە فەرهەنگی هەموو ئەو گەلانەوە، کە بوونەتە ئیسلام. بۆیە ئەو پیاوە کوردە، تورکە، فارسە، بلووجە، پاشتوونە، بۆسنییە، ئۆردووەشی... هتد، کە یەک ڕستەش عارەبی نازانێت ئەم ئێدیۆمە سەقەتەی وەک بولبول لەبەرە. بێ ئەوەی لە خۆی پرسیبێت، باشە ئەگەر ئافرەت ئەم هەموو سیفەتە ناجۆر و نەرێیانەی لە خۆیدا هەڵگرتبێت، ئیدی چۆن لە داوێنی ئەوەوە پیاوی ئازا و خاوەن ئاوەز و بەخشندە و هۆشیار و سەرکردە و پیاوچاک و پێغەمبەران دەکەوێتەوە؟

جێی ئاماژەپێدانە، لە سەروبەندی جاهیلیدا، کە باوی کۆمەڵگەی خێڵ بوو. واتە یاسا و عورف و عادەت و کولتووری خێڵ پەیڕەو دەکرا و دەسەڵات دەسەڵاتی خێڵ بوو. هەر خێڵە و شاعیری خۆشی هەبوو. ئەو شاعیرە نازی ڕادەگیرا، چونکە ئەو ڕۆڵی میدیای ئەمڕۆی بینیوە و زمانحاڵی خێڵ بووە. بەسەر جەنگ و چەلەنگییەکانی خێڵی خۆیدا هەڵی داوە. سەرخێڵ و کوڕە ئازاکانی لاواندووەتەوە کاتێک مردوون یان لە جەنگدا کوژراون. دوژمنانی خێڵەکەی داشۆریوە. شیعری شانازیی بۆ خێلەکەی نووسیوە. خۆی شیعرخوێن و بڵندگۆی خێڵ و ڕووی دیار و ناسراوی خێڵەکەی بووە. مەزنە شاعیری سەردەمی جاهیلی جەریر لە چامەیەکی زۆر بەناوبانگی خۆیدا، لە باسی ئافرەتدا وتوویەتی ئافرەت بێهێزترینی خەڵقندەی خوان، کەچی بەو حاڵەشەوە دەکارن ئاوەزی ئاوەزداران وێران بکەن.

يصرعن ذا اللب حتى لا حراك بها

وهـن أضعف خـلق الله أركـانـا

هەر بۆیەکا بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی خەسڵەتێکی ژنانەیە. واتە هێز خەسڵەتێکی نێرانەیە. کە باس هاتە سەر شیعر، پێم باشە بۆ بەرچاو ڕوونیی زیاتری خوێنەری

کورد، باسی ئەوەیش بکەین، کە لە کن شاعیرانی عارەبی سەردەمی جاهیلی، شیعر نووسین لە خۆیدا دیاردەیەکی نێرانە بووە. شیعر نووسین لەسەر پیاو نەزر بووە. ژن، کە بوونەوەرێکی زەبوون و بێ هێزە، بۆی نەبووە داهێنەر بێت، لە کاتێکدا شیعر داهێنانە. تەنانەت ئەم بۆچوونە ئیفلیجە وەک خۆی پەڕیوەتە نێو ڕووناکبیریی کوردییشەوە و تاکو نهۆ نەمبیستووە کەسێک، بەژنە شاعیرە وریاکانیشەوە، لێی بەدەنگ هاتبێت. ئەوە نییە بەردەوام گوێمان لە واژەی کەڵەشاعیر دەبێت. دیارە کەڵ نێرەیەکی تایبەت و بەتوانایە، بۆ ئەوەشە مانگای لێ چاک بکرێت؛ تاکو توخماتی گاوگۆتاڵ بەردەوام بێت.

لەم ڕووەوە نووسەری هێژا "عبدالله محمد الغذامی"، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "تأنیث القصیدة والقارئ المختلف" بە دووردرێژی باسی ئەم پرسە دەکات شیعر شەیتانێکی نێرە، وەک أبونجم العجلی دەڵێت. یانژی "الجمل البازل"ە، وەک فیرەزدەق وتوویەتی. حوشتری بازلیش واتە کەڵەحوشتری تەواو. مەبەستی پێ ئەوەیە، کە شیعر نووسین کارێکی پیاوانەیە. بۆیە بەکاری داهێنان وتراوە کەڵایەتی و لە بواری داهێناندا مێیایەتیی جێی نابێتەوە. ئەگەر هاتوو ژنێکی تاقانەی دەگمەنیش دەرکەوت و هەندێک شیعری نووسی، ئەوا هەر دەبێت بکەڵێنرێت. واتە دەبێ بکرێتە کەڵ. ئەم کردەیەش بەوە دەستەبەر دەبێت، کاتێک کەڵەشاعیرێک دێت و شایەتی بۆ دەدات و ددان بەکەڵایەتیی ئەودا دەنێت و جەختی لەسەر دەکات، کە ئەویش کەسێکی داهێنەرە. واتە لە ژنایەتیی دەرچووە و بووەتە نێرەکەڵ، تاکو وەک پسووڵەیەکی پشتەوانی بتوانێت پێی بچێتە نێو لاپەڕەکانی دیوانی عارەبەوە، واتە تاکو وەک شاعیر بە فەرمی بناسرێت. کاتی خۆی ژنە شاعیری تاقانەی سەردەمی خۆی خەنسا، ئاوای بەسەر هات و ئەنجام لە سایەی ستوونی شیعردا جێی خۆی کردەوە.» ل ١٧.

دیارە ستوون "عمود" لە خۆیدا ڕەمزێکی نێرانەیە و ئاماژەیە بۆ ئەندامی پیاو، بام ستوونی شیعریش بێت. لە لاپەڕە ٢٩ی هەمان کتێبدا ئەم باسە سەمەرەیە هاتووە: فیرەزدەق، گەورە شاعیری سەردەمی جاهیلی وتوویەتی، «ئەگەر هاتوو مریشک وەک کەڵەباب خوێندی ئەوا سەری بڕن» گوایە کاک فیرەزدەق لەم فەرمایشتەیدا

مەبەستی لە ژنە شاعیرێک بووە، پڕکێشیی کردووە و لاسایی پیاوانی کردووەتەوە و شیعری وتووە.

جێی سەرنجە کوێرانە و بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە، هەمان ئیدیۆمی کەڵەشاعیر وەک خۆی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە لایەن شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردیشەوە ڕۆژانە بەکاردێت. هەروەک هەمان نەریت و بۆچوون تاکو نهۆش لە ناو خێڵە کوردەکاندا ماوە. ئەگەر مریشک لاسایی کەڵەبابی کردەوە و خوێندی، ئەوا لێی ڕاناوەستن و دەستبەجێ سەری دەبڕن. بگرە ئەگەر مریشکێک بخوێنێت، نابێت شەوی لێ ڕۆژ ببێتەوە.

ئەوەتا بێ ئەوەی بە خۆشمان زانیبێت سەرچاوەی ئەم بۆچوونە سەقەتەیش هەر دیدی جاهیلییەتیی برایانی عارەبە. واتە کولتووری بیژییە و لە ڕێگەی تێکەڵاوی و لەشکرکێشیی سەرەتای ئیسلامەوە پەڕیوەتە نێو کولتووری ئێمەی کوردەوە. تا ئێستاش وەک ڕەگی گولی لێمان نابێتەوە.

ئەم نووسەرە هێژایە پێی وایە، یەکەم شاعیرێک توانیبێتی ئەم ستوونە شیعرە تێک بشکێنێت، کە هێمای کەلایەتی و نێرایەتییە ژنە شاعیر "نازك الملائكة"یە. ئەویش لە ساڵی ١٩٤٧دا و، لە ڕێی چامەی "الكوليرا"وە بوو. هەرچەندە زۆر هەن تاکو ئێستاش ئەم داهێنانە، کە بەحیسابی خۆیان تەنیا لە دەست و خامەی شاعیری پیاو چاوەڕوان دەکرێت و دەوەشێتەوە. ئەم ستوون نابووتکردنە، کە ڕەمزی کەلایەتییە بە "نازك الملائكة" ڕەوا نابینن. بەڵام ئەوانە با هەر بۆ خۆیان بلێن. ئەوە مێژووە و ڕووی داوە.

لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا مەگەر بەدەگمەن، دەنا مەحاڵە ئافرەت بتوانێت بەتەنیا، لە خانوویەکدا بژی. وەک ئەوەی بەبێ پیاو ژیانی نەبێت. یان وەک گوڵی لاولاوە، ناتوانێت لەسەر پای خۆی ڕابووەستێت، بۆیە گەرەکە بەدرەختی پیاوێکدا خۆی ئاوێزان بکات.

بەدرێژاییی مێژوو، ئەوەندەی مرۆڤ زیانی بەتوخماتی خۆی گەیاندووە، هیچ دڕندە و ئافاتێکی سروشتی و هیچ پەتایەک سەدیەکی ئەوەش زیانی بەمرۆڤ نەگەیاندووە. لە مێژووی عەرەبدا پیاوگەلێک هەبوون ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕەوتی ڕووناکبیریی ئەو

گەلدا بینیوە و تاکو ئێستاش کاریگەرییان لەسەر زەین و ژیریی خەڵک بەردەوامە، ئەوانە ژنیان بەسەرچاوەی شەڕ و فیتنە زانیوە. وەک "أبو لاعلاء المعري ٩٧٣-١٠٥٧"، کە ڕەخنەگرانی عەرەب بە فەیلەسووف و لە هونەری شیعریشدا بە خەلیفەی "متنبی"ی دەزانن. کەچی ئەم کەسیەتییە دیارە پڕ بەرهەمە یەکێک بووە لە دوژمنەکانی ژن. وتەیەکی لە فۆرمی شیعردا هەیە تاکو ئێستاش بەسەرزارەوەیە "هذا ماجناه أبي علي - فما جنيت علي أحد" ئەم زاتە ژنی نەهێناوە تاکو نەوە نەخاتەوە، واتە ئەو تاوانە دووبارە نەکاتەوە، کە بابی لەگەڵ ئەمدا کردوویەتی.

توفیق الحکیم ١٨٩٨-١٩٨٧، کە یەکێکە لە ڕابەرانی ڕۆمانی عارەبی و ڕکابەری "نجیب محفوظ"ی خاوەن نۆبل بوو. وێرای ئەوەی چەندین دەقی شانۆییی گرینگی نووسیوە و ژمارەیەکیش دەقی شانۆییی دەرهێناوە؛ سەردەمێک سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی وڵاتی میسر بوو؛ کەچی ئەم نووسەرە بەیەکێک لە نەیارانی ژن حیساب دەکرێت. دیارە ڕا و بۆچوونی ئەم کەسیەتییە دیارانە نەرێنی کاریگەریی لەسەر پرسی ئافرەت دادەنێت. دیارە کوردی موسوڵمانیش عەرەب بە یەکێک لەو میللەتانە دەزانێت، کە لێوەی نزیکە و هەر لێرەشەوە ئەم کاریگەرییە بۆ لای میللەتی کوردیش بەگشتی دەپەڕێتەوە. واتە لە کن گەلی عارەبی دراوسێ و هاوئۆل، نووسەری ناوداریش هەبوون بەهەمان مێنتەلێتیی خێڵ بۆ دۆزی ئافرەتیان ڕوانیوە. وەلێ جێی باسە، بەکۆن و نوێیانەوە، هیچ نووسەرێکی کورد، بە شێوەیەکی ڕەنگبۆڕێژراو و بەئەنقەست، نەرێنی لەمەڕ پرسی ئافرەتیان نەنووسیوە.

## جیاوازیی جەستەیی

ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی هەڵسوکەوت و بەکاربردنی جەستەیاندا، بەراوردێک لە نێوان نێر و مێدا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی خێڵەکیدا بکەین؛ ئەوا ناچار دەبین زۆری لەسەر بڕۆین. چونکە لە جڤاکی پاشڤەرۆی کوڕانی خێڵدا نێر و مێ لە گشت چالاکی و کایەکانی ژیاندا بەڕادەیەک لە یەکەوە دوورن، وەک دوو بوونەوەری جیاواز دەردەکەون، نەک وەک تەواوکەری یەکدی. لە ڕاستیدا جیاوازیی ژن و پیاو لە جیاوازیی ڕەگەزیانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمیان نێرە بەهەموو تایبەتمەندییە جەستەییەکانیەوە و ئەویان مێیە بەهەموو تایبەتمەندییە

جەستەییەکانی مێینەوە. دەنا بەبێ یەکتر ژیان بەدەوام نابێت. نەنێرایەتی دەستکەوتێکە جێی شانازی بێت؛ نە مێیایەتیش کەموکورتییە.

بۆ ئەوەی ئەم دوو ڕەگەزە بەڕاستی چوونیەک و تەواوکاری یەکدی بن، پێویستە ژن لەهەوڵی پەرەپێدانی ژنایەتی و پیاویش گەرەکە لە هەوڵی پەرەپێدانی پیاوەتیی خۆیدابێت. ئێمە چەند بکۆشین خۆمان لا بدەیەن، هێشتا هەر کاتێک باس لە کێشەکانی مێینە دەکەین، پیاویشی تێوە دەگلێنین، واتە دەبێت هاوکات باسی پیاویش بکەین.

ژنە نووسەری مەغریبی "زینب معادي"، لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی خۆیدا، بە ناونیشانی، جەستەی مێ و خەونی گەشەسەندن "الجسد الأنثوي وحلم التنمية"، کە لەسەر هێزی کاری ژنانی شار و لادێی ئەو وڵاتە ئەنجامی داوە. تا ڕادەیەکی زۆر لە بارودۆخی ژنی کوردەوە نزیکە. ئەو نووسیویەتی:

«پیاو قیت و ڕێک و ڕاست دەڕوات و سەری بڵند ڕادەگرێت، حیشمەتی ژنیش، بەسەریدا دەسەپێنێت لە تافی ڕۆیشتندا سەر دابخات. لە کاتی نانخواردنیشدا بە تایبەتی لە بەکارهێنانی دەمدا جیاوازن. پیاو پڕ بەزاری نان دەخوات و پاروو دەگلێنێت و بەتەواوی ئازادییەوە هەموو دەمی بەکار دەبات. کەچی لە کن ژن وەها نییە. ئەو تەنیا کۆتاییی دەمی بەکار دێنێت وەک ئەوەی هیچ نەخوات بەدیار دەکەوێت. پیاو ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە ئەو کەسەی، کە پێشوازیی لێ دەکات، چاو دەبڕێتە چاوی و بەرامبەری دەوەستێت. لە کاتێکدا ژن هەمان جووڵە و بزاڤ نانوێنێت. بەڵکو بەدەم سڵ و شەرم و چەمینەوەوە سەیر دەکات. زبری و قیتی و ڕاشکاویی بۆ پیاو لە بەرامبەر نەرمی و پەناگرتندا بۆ ژن.» ل ٣٢

ئافرەت گەرەکە هەردەم پۆشتە بێت. واتە پۆشاکی تەواوی لەبەردا بێت. کارێکی نەگونجاوە، ئەگەر لە بەرانبەر غەیری حەڵاڵی خۆیدا خۆی بکاتەوە. سینگ و بەرۆک کردنەوە و پووز و بەلەک دەرخستن و نەرمایی باڵ ڕووتکردن، لە ئۆرتی کەم دەکەنەوە. مێینە گەرەکە هەردەم شەرم و حەیا لە چاویدا بێت. واتە شەرم یەکێکە لە ئاکارەکانی ئافرەتی بەڕێز. کەچی بۆ پیاو شەرم نەنگییە. ئەوی ڕاستی بێت شەرم دیاردەیەکە پتر لە نەخۆشییەوە نزیکە. لە سۆنگەی چەپاندنی سەردەمی ساوایەتی و

منداڵییەوە دووچاری مرۆڤ دێت و لە دنیای نوێدا بۆ ژن و پیاو ناپەسەندە.

ئافرەت لەو کۆمەڵگە پاشڤەڕۆیانەدا، تەنانەت ڕەوت و ڕۆینیشی نائاساییە و لە ڕەوت و ڕۆینی نێر جیاوازە. د. نەوال سەعداوی لە "إمرأتان في إمرأة"دا دەڵێت لە تافی ڕۆیشتندا بەحاڵ لاقەکانی لە یەکدی جیا دەکاتەوە. ئەگەر جیاشی کردنەوە، ئەوا خێرا و بەهێز ڕانەکانی پێکەوە دەنووسێنێتەوە؛ وەک ترسی ئەوەی هەبێت لە چرکەساتی جیاکردنەوەیاندا شتێکی بەنرخ لە نێوانیاندا بەربێتەوە. کچە قوتابی ناتوانێت بەتەنیا ڕێ بکات، بەڵکو ئەوان وەک پۆلە مراوی بەکۆمەڵ بەڕێدا دەڕۆن.

بەسەرێکی دیکە، کاتێک باس لە کۆمەڵگەی خێڵەکی دەکرێت، مانای وایە لەو نێوەندەدا، ژیری و مێنتەلێتیی خێڵ ئاشی چالاکی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێت. دیدی خێڵ بەسەر تەواوی دیاردەکانەوە دەبینرێت. ئەگەر لاپەڕەکانی کەلەپووری کوردی پەڕ پەڕ بکەین، مەگەر بەدەگمەن دەنا نابینین باسی ژیری و هێزی لە کن ئافرەت کردبێت. شیعر و گۆرانی و حیکایەتەکان باسی جوانیی جەستەی مێ دەکەن، وەلێ بەلای دوو سیفەتەکەی دیکەدا ناچن. چونکە ژیری و هێز دوو سیفەتی پاوانەن.

## دووفاقیی پیاوی خێڵەکی

١

لەمەڕ ڕوانینی پیاوی خێڵەکی بۆ ئۆرت و پێگەی ژن؛ لانی کەم دەبێت بڵێین: ئەو ڕوانینێکی دووفاقی ئیزدواجیی هەیە. بەو مانایەی نێر هەتا ژنی نەهێناوە ڕۆژ هەتا ئێوارە بەو هەردە و چیایانەوە، لە تافی داربڕیندا، لە دیار پەزان، لە مەزرا و لەسەر خەرمان، لە ڕاو و شکاران، کاتێک بەستە و گۆرانی بە بالای دەزگیرانەکەیدا دەڵێت. ئەو تەنیا بەخۆی و بە گوندەکەشیەوە ناوەستێت، بەڵکو لە هۆنراوەی گۆرانییەکانیدا، هەرچی دێهاتی ناوچەکەی خۆی هەیە، ڕیزیان دەکات و هەموویان بەباب و کەسوکاریەوە بەلاگەردانی بالای کچە دڵخواز، یان دەزگیران دەکات.

ئەمەیان بەر لەوەی بیگوێزێتەوە. وەلێ هەر دوای ئەوەی گواستیەوە و بوو بەژنی ئیدی بە چاوێکی دیکە سەرنجی دەدات و هاوکێشەکە بە تەواوی پێچەوانەوە

دەبێتەوە. وەک موسیکی میللیش، ڕەنگە ئەم زێدەڕۆییە، تەنیا بەگۆرانیی فۆلکلۆریی کورد، کە بەزۆری داهێنراوی کوڕانی خێڵن تایبەت بێت.

ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لە خۆیدا چەپاندنی سێکسی لە پشتەوەیە، بەڵام جارێک لە جاران نەبیستراوە پیاوێکی خێڵەکی شانازیی بە ژنەکەیەوە کردبێت، ئەگەر ئەو ژنە بلیمەتیش بووبێت. بەڵکو ئەو پێی شەرمە لە کۆڕ و کۆمەڵدا ناویشی بهێنێ. هەمیشە ژن شانازیی بە مێردیەوە کردووە. لەو هەموو پشی پشی و دڵسۆزی و خۆشەویستی دەربڕینەی تافی دەزگیرانییەوە، بۆ بەندکردنی لە نێوان ژووری مووبەق و ژووری نوستنی تافی پێکەوەنانی خێزان.

زۆرێکیش لەو پیاوە خێڵەکییانەی هەمیشە باسی شەرەف لەسەر زاریانە و دەم لە پاکداوێنییەوە دەدەن، بۆ خۆیان ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێت، بستی بەقەرز نادەن. ئەوان هەردەم بۆ نێچیرێک چاو دەگێڕن و ئەوەی نەشێت دەیکەن. واتە ئەم کارە تەنیا بۆ ژن و منداڵ و خوشکانی خۆیان قەدەغەیە و ئەمانی پیاو ناگرێتەوە.

دەکرێت بڵێین تەواوی گۆرانییەکانی کوڕانی خێڵ باس لە دۆست و دەزگیران دەکەن. بەڵام دۆست و دەزگیران تەنیا بۆ خۆی نەک بۆ خوشکەکەی یان برا و خزم و دراوسێیەکەی. هەموو شتێک بۆ خۆی ڕەوایە و بۆ ئەوانی دیکە ناڕەوا.

پێویستە لای خوێنەر ئەو ڕاستییە روون بێت، کاتێک لە درێژاییی ئەم کتێبەدا باسی خۆشەویستی، یان باسی نێوانی نێر و مێ هاتووە، بەهیچ جۆرێک مەبەستم پێ ئەوە نەبووە شەرعییەت بەتەگە و بەرانی ئیباحییەت بدەم. بەڵکو باس لە ئازادیی هاوسەرگیری دەکەم و پێم وایە هاوسەرگیری چەمکێکە، پێوەندیی نێوان نێرێک و مێیەک ڕێک دەخات و تەرەفی سێیەم هەر کەسێک بێت، ئەگەر دەستی تێ خست ئەوا ڕۆڵی تێکدەر دەبینێت.

٢

ڕۆژانە، لێرە و لەوێ گوێت لێ دەبێت، هەر نێرینەیە و بێ ئەوەی کەسێک زۆری لەسەری بێت و سوێندی دابێت، بە شەرەف سوێند دەخوات. پێم وایە ئەوەی وتی: بە شەرەفم ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، کە تاکێکی خێڵەکییە. مەرجیش نییە ئەوەی ئەم

سوێندە دەخوات ژنی هەبێت. لە دۆخی وەهادا شەرەف مەبەستی پێ دایک و خوشکێتی. وەلێ ئەگەر بچیتە بنج و بناوانی، دەبینی زۆرێک لەو نێرینانەی وا بەشەرەفیان سوێند دەخۆن، مامەڵەیان لە تەک ژن و دایک و خوشکیاندا خراپ و نائینسانییە. ئەمەیش دووفاقییەکی دیکەی تاکی خێڵەکییە. لە دەرێ سوێندیان پێ دەخۆن و لە ماڵێش سووکایەتییان پێ دەکەن. جێی باسە هەمان سوێند لە لای خێڵەکیی عارەبیش، بەتایبەی هەیە.

وەلێ بڕوا ناکەم وشەی شەرەف کوردی بێت. بەڵکو پێ دەچێت ئەم وشەیەش دیسان بەڕەسەن عارەبی بێت و بە هۆی هاوئۆلی و دراوسێتییەوە پەڕیبێتە نێو گەلانی دیکەی موسوڵمانەوە. جێی باسە تورکیش لەبری بێ شەرەفی لەمەڕ خۆمان، شەرەفسز بەکار دەبەن. لە ڕاستیدا شەرەف بەکوردی دەکاتە ڕۆمەت. لێرەدا مەبەستمە بڵێم، پێ دەچێت ئەم سوێندە درۆیەش سوێندە گورگانە ڕەگیشەی بۆ دەرێی کوردستان بگەڕێتەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا شەرەف (گەردان: تصریف)ی نییە.

٣

بەڕاست دیوانە شیعری شاعیرانی کورد بەغەیری شیعری دڵداری و سفتوسوێی ناکامی عاشقان و بەیەک نەگەیشتن و نائومێدیی کوڕان و کچانی کورد چی دیکەیان لە ناوەڕۆکدایە؟ دەتۆ هەروا زەینی خۆت بدەرە دیوانی نالی و مەلای جەزیری و گۆران و کێ و کێ. بە نزیکەی شیعری سەرلەبەری ئەو سەروەرانە لەمەڕ عەشق و خۆشەویستییە. سەراپای کورد "مەم و زین"ی خانی بەشاکار دەزانێت. خانی زانای ئایینی بووە و داستانی عەشقی نووسیوە. هەموو لایەکمان ڕێزی زۆرمان بۆ خانی و مەلای جەزیری و نالی و گۆران، واتە بۆ ئەو عاشقە گەورەکانە هەیە. کتێبەکانیان بەرز و بەڕێز دەنرخێنین و لە بان ڕەفەی ماڵەکانمان دایاندەنێین. کەچی وەکوتر درۆشیان لەگەڵدا دەکەین. هەروەک درۆ لەگەڵ ناخی خۆشماندا دەکەین. چونکە کاتێک نۆرە دەگاتە سەر کچان، یان خوشکانی خۆمان، ئێمەی پیاوەیل لێیان ناگەڕێین بەدڵی خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن. واتە دیسان، بەدەستی خۆمان، تراجیدیای داستانە کۆنەکان نوێ دەکەینەوە و خۆزیا و بریایان گۆشاوگۆش

سەردەبڕین و سەرەتاییترین مافیان لێ زەوت دەکەین.

بیرت بێت، خودی نالی و مەلای جەزیری دوو زانای ئاینیی جوان و دوو عاشقی مەزن بوون. خۆشەویستیش چەمکێکی مەزن و نەمرە. بەهەزران دیوانە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان تاریف نادرێت و هەتا مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە هەناسە بدات، چەمکی خۆشەویستیش دەمێنێت. واتە دەشێت بڵێین خۆشەویستی چەمکێکی ڕەهایە. بەسەرێکی دیکە تەواوی شاعیرانی کلاسیک، کە پەسند و ستایشی عەشق و خۆشەویستییان داوە، پاشخانی ئاینییان هەبووە. ئەوان لە حوجرەکانی ئاینەوە سەریان هەڵداوە. ئێمە دەبێت وەهای لێک بدەینەوە، کە ئەوان لانی کەم لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیاندا کۆک بوون.

ئەدی ئەوە نییە کاتێک ئەو شیعرانە دەکرێنە گۆرانی، کوڕانی خێڵ خامۆش دەبن و بەتاسووقەوە گوێیان بۆ ڕادەدێرن دەسا وەها نییە بەڵکو تەواو پێچەوانەیە. ئەوان هۆن هۆن بۆ ئاکامی تراژیدیاییانەی خەج و سیامەند دەگرین، کەچی لە هەمان کاتیشدا ناهەقی لەگەڵ کوڕ و کیژەکانی خۆیاندا دەکەن و بەمەرەی خەج و سیامەندیشیان دەبەن. واتە ئەوان "بانێکە و دوو هەوا" دەرهەق نەوەکانی خۆیان پیادە دەکەن.

تۆ ئەگەر هەڵوەدای تۆمارکردن یان بیستنی بەیت و داستانە کوردییەکان بیت، ئەوا دەبێت ڕوو بکەیتە هەوارگەی خێڵەکان و قووڵاییی دۆڵ و لاپاڵی چیاکان. لەوێ لە کن کوڕانی خێڵ، گۆیندە و بەیتبێژەکان بدۆزییەوە. لەوێ دەبینی و دەبیستی چلۆن وان بەیتبێژان بە ئاوازەوە بەیتەکان دەچڕن و دەیانلەقێننەوە. لە دیوەخانان، مەجلیسیان گەرمە و تەواوی ئەو مەردمە بێدەنگ و سەنگ گوێیان گرتووە. کەسێک لەوان ناکۆخێت، کەسێک بەیتەکە لە زاری بەیتبێژدا بەشەکر نابڕێت. لەگەڵ بەسەرهاتەکانیدا دەهەژێن و بەشدارن.

ئەوان جارێک و دووان و دە گوێیان لەو بەیتانە بووە، بەڵام دیسانەکە بە شەوقی یەکەمجارەوە بۆی دێنەوە. بۆ جاری یازدەمیش بەهەمان جۆش و خرۆشەوە گوێدێری دەبنەوە. لە نوێ لەگەڵ کارەساتەکانیدا دەهەژێن و چاوەیلیشیان پڕی فرمێسکان دەبن. هەموو لە دڵەوە دەخوازن خەج بۆ سیامەند و مەم بۆ زین بێت. سەد تووک و

نەفرین بۆ بەکر مەرگەوڕ و ناحەزانی خەج و سیامەند دەنێرن.

دیارە تەواوی بەیتەکانیش باس لە خۆشەویستی دەکەن. دیارە ئەو دڵدار و دڵبەرانەش شتاقیان بە ئاوات نەگەیشتوون و جوانەمەرگ و نائومێد سەریان ناوەتەوە. لەوانەیە تۆ لەوێندەرێ وەها لێکی بدەیتەوە، گوایە سەرلەبەری ئەو مەخلووقە گوێدێرە، دوای ئەوەی ئەو بەیتەیان بیست، ئیدی دەرسی لێ وەردەگرن و لەمەودوا لەگەڵ ئەوەدا دەبن کچان و کوڕان بەدڵی خۆیان مێرد بکەن و ژن بهێنن. چیدی ئەو هەڵە و تاوانە نائینسانی و ناڕەوایانەی وا لەسەرپاکی داستانەکانی خەج و سیامەند و مەم و زین و چی و چیدا هاتوون دووبارە ناکەنەوە.

دەسا دیسان وەها نییە. ئەگەر ئەوان هەر ئەوەندەی پێت بزانن، کە تۆ کچی یەکێکیانت خۆش ویستووە، ئەوا دڵنیا بە تۆش و کچەی دڵبەریشت بەمەرەی خەچ و سیامەند دەچن. چونکە ئەوانی کوڕانی خێڵ دووفاقن. ڕاستە ئەوان بەتاسووقەوە گوێدێری بەیتەکانن و لەگەڵیاندا دەهەژێن و چاویشیان بۆ ناڕەواییەکان پڕ ئەسرین دەبێت و دیوانە شیعرەکانیش لە جێی بەرز دادەنێن؛ بەڵام کاری پێ ناکەن. چونکە ئەوان وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا دووفاقن.

ئێمە بەسەرێک شانازی بەشیرین و فەرهاد و داستانی مەم و زینەوە دەکەین و بەسەرێکی دیکە دەرس لە ئەزموونی ئەوان وەرناگرین. دەنا خەڵک بۆیەکا ڕێز لەو داستان و بەیتانە دەگرن، چاپیان دەکەن و بەفیلمیان دەکەن، چونکە باس لە خۆشەویستییەکی پاک و مەزن و نەمر دەکەن.

دەبێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین، کە بەپێی ئەو سەرچاوانەی گەیشتوونەتە دەستمان، ئۆلی زەردەشتی بەو ڕادەیەش سانسۆر و گوشاری لەسەر خۆشەویستی دانەنابوو. وادیارە لاوانی ئەو سەردەمە لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیاندا لە ئێستە ئازادتر بوون.

## حیشمەت تایبەتە بە ژن

"سمیة نعمان جسوس" لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "بلا حشومة" دەڵێت: «مێیینە گەرەکە بەحیشمەت بێت. واتە گەرەکە بەحەیا و سەلار و شەرمن بێت. حیشمەت لە شێوەی دەمامکێکی ئەستووردا بەدیار دەکەوێت، کە دوو جیهانی تەواو ناکۆک لەیەک

دادەبڕێت. جیهانێکیان داوونەریت حوکمی دەکات؛ بوارێکی بۆ مرۆڤ نەهێشتووەتەوە تاکو وەک تاکێکی ئازاد لە نموونە کۆمەڵایەتییەکە، بوونی خۆی بسەلمێنێت. ل ١١»

لە لای خۆشمان کچی شەرمن شارێک دەهێنێت. وەلێ کوڕی شەرمن دەهێنێت پوولێک. واتە بانێکە و دوو هەوا. هەمان ئاکار بۆ مێ ئەرێنییە و بۆ نێر نەرێنییە. پەندەکەی لای ئەوانیش دەڵێت: "إمرأة بلا حشومة بحال طعام بلا ملح" واتە "ژنی بێ حیشمەت، چێشتی بێ خوێیە"

کیژ لە ماڵەوە لەگەڵ دایکیدا ژیان بەسەر دەبات. پێچەوانەی نێر، کە بای دەرەوەیە. ئەو کیژەی بەزۆری لە دەرەوە ببینرێت پەسەند نییە و پێی دەڵێن «سەر بەدەرەوە بوو. حەلاو بازاڕی، زۆرن ئەو کچانەی لە شارەکەی خۆیاندا هەتا ڕێی قوتابخانە شارەزان. ئەگەر چەند کیلۆمەترێک لە ماڵی خۆیان دووریان بخەیتەوە ئیدی لەوانەیە ون ببن و ڕێ دەرنەبەن. ئەوان تەنیا لەگەڵ تێکڕای خێزاندا، یان دەبێت نێرینەیەکیان تەک بخرێت ئەوجا لە ماڵ دەربچن؛ ئەگەرچی ئەو نێرینەیە منداڵێک و کچەکەیش قوتابییەکی زانکۆ بێت. ئافرەت مەرجە کەمدوو بێت. بەشەرم و حەیابێت. هەمیشە خۆی بداتە پەنا و چاو هەڵنەبڕێت. بەڵکو دەبێت چاو دابخات و بەدەنگی نزم بدوێت و بە قاقا پێ نەکەنێت. لە قسەی پیاودا هەڵنەداتێ. ڤیگین دەڵێ لە لای کوردانیش وەک لە کن ئەرمەن، بووک بۆی نییە هەتا ساڵانێکی درێژ قسە لەگەڵ خەزوور و خەسوویدا بکات و ژنان بەجیا لە پیاوان نان دەخۆن. ل ١٥٢»

مێیینە ئەگەر نەختێک زیتەڵە بوو پێی دەڵێن، «نێرە بێکێرە» چونکە زیتەڵەییش لە خۆیدا هەر سیفەتێکی نێرانەیە. مێ دەبێت هەردەم نتم بێت و سەری خۆی کز بگرێت. ئەو دەبێت هەردەم لە خزمەتی باب و براکانیدا بێت. بچووکترین برا بۆی هەیە بەسەر گەورەترین خوشکدا بخوڕێت و فەرمانی بەسەردا بدات. خزمەتکردنی برا ئەرکی سەرشانی خوشکە؛ نەک هاوکاریی نێوان ئەندامانی خێزان. هەر کاتێکیش بۆ شووکردن ماڵی جێ هێشت ئەوا وەک بە درێژاییی تەمەنی لەو ماڵەدا کارەکەر بووبێت؛ مەگەر بە دەگمەن دەنا هیچی ئەوتۆی لە مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ دواناخەن و پارچە زەوییەکی بە ناوەوە تۆمار ناکەن. بەڵکو وەک سڵقی ڕووت، یان

وەک ئەوەی لە درزی دیوارەوە دەرهاتبێت، دەستبەتاڵ بەرەو مەنزڵی نوێی بەڕێی دەکەن.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ژن وەک هەموو گیانی عەورەت بێ وایە. کاتێک پێکەوە لەگەڵ پیاوەکەیدا گەشت دەکەن و لە ڕێ، بۆ تاوێک حەسانەوە لادەدەن، دەبێت کەنار بگرن و بەجیا لە بەشی تایبەت بەخێزان دابنیشن و نان بخۆن. لە شارە گەورەکانیشدا بەشی تایبەت بەخێزان هەیە. ئەمەش مانای وایە تەنانەت لە نان خواردنیشدا بۆی نییە وەک پیاو بە ئازادی دابنیشێت و هاوشانی پیاو بێت.

خانمە نووسەری دانیمارکی هێنی هەرۆڵد هەنسن، لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی خۆیدا، کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە دەڤەری دوکان، لەمەڕ ڕەوشی ئافرەتی کورد ئەنجامی داوە. لەم ڕووەوە نووسیویەتی "من هەندێک جاران دەمویست ئافرەتە کوردەکان تێ بگەیێنم حازربوونی ژن لەسەر مێزی نانخواردن لەگەڵ پیاوان جوانی و خۆشی و ڕەونەق دەخاتە ناو ئەو کۆمەڵە و زۆربوونی ئافرەتی جوان و ڕازاوە لە ئاهەنگی شانۆگەریی ئاهەنگەکە جوانتر و گرینگتر دەکات، بەڵام ئافرەتان ئەم قسانە نەدەچوو بەمێشکیانەوە. ل ١٩٢"

وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە، پیاوان ئەو تێکەڵبوونەیان قەبووڵ نییە. بەتایبەت ئەگەر خوانەکە پیاوی غەیرەی تێ کەوتبێت. سەیر ئەوەیە ئەم دیاردەیە بووەتە دۆگما و گۆڕینی بەسەردا نایەت. وەچەی نوێ لە باب و باپیرانیان مکوڕترن. لێرە لە شاری کۆبنهاون و لەسەر ڕاستە شەقامی نۆرەبغۆ و لە ساڵی ٢٠٠٦دا، چێشتخانەیەک بەناوی "مشوار"ەوە هەیە. بەختەتێکی پان و پۆڕ لەسەر جامخانەکەی نووسیوە: "جناح خاص للعوائل" تۆ بزانە ئەو برا عارەبە، لەو لمستانەوە ئەو کولتوورە سەقەتەی بەکۆڵدا داوە و لەم جەرگەی ئەورووپایەشدا دەستبەرداری نابێت.

زۆر خێزانی کوردی نیشتەجێی ئەورووپا لەوانەی، کە هێشتا هەر لە ژێر هەژموونی مێنتەلێتیی خێڵدان، هەرکە کچیان دەبێت، ئیتر سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک. بۆیە هەرکە کچەکانیان نەختێک پیتەکەبوون، ئیدی دەستبەرداری ئەورووپا دەبن و بەیەکجاری دەگەڕێنەوە کوردستان. لە ڕاستیدا زۆرێک لەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە، لە ترسی ئەوە بووە نەبادا کچەکانیان لاسایی کچانی ئەورووپا بکەنەوە، بۆیفرێند

پەیدا بکەن و بچنە دیسکۆ، بایدەن و شانکورتییان بەسەردابێنن. یان نەبادا بە ئارەزووی خۆیان، نەک باوکیان، هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن. تاکو نهۆ لەسەر ئەم کێشەیەش لە کوردانی باشوور و باکور چەند کیژۆڵەیەک بەدەستی باب و برای خۆیان بوونەتە قوربانی. بۆیە چاری ئەو خێزانانە گەڕانەوەی پێشوەختە بۆ باوەشی نیشتمان. بۆ باوەشی ژینگەیەک، کە هەتاکو نهۆش بەمێنتەلێتیی خێڵ کار دەکات.

ئەو خێزانانە پارە و کار و هێمنی و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و خۆشگوزەرانیی ئەوروپایان گەرەکە، بەڵام داوونەریتەکەی ڕەت دەکەنەوە. ئەوان لەوە ناحاڵین، کە منداڵەکانیان مادام لە ئەوروپادا هاتوونەتە دنیا، لە دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە لەگەڵ منداڵانی ئەوروپادا گەورە دەبن و دەخوێنن و هەڵسوکەوت دەکەن، ئیدی مانای وایە ئەوان تەواو جیاوازن و بوونەتە خاوەنی کولتوورێکی دیکە و فڕیان بەسەر کولتووری خێڵە کوردەوە نەماوە. ئەوان کیژی سەردەمی هەقایەت نین. ئیدی وەک ئەوروپایی، سەفەر دەکەن و لە ماڵ دوور دەکەونەوە. دەچنە سینەما و شانۆ و پێوستیش بەوەناکات برایان تەک بخرێت.

ئەوان چی دی کچە کوردە شەرمنەکەی سەردەمی دایک و نەنکی خۆیان نین. ئەگەر بە زمانی کوردی بدوێن و خۆیان بەکورد بزانن و شتێکیش لە کولتووری کوردەواری پەیڕەو بکەن، ئەوە مانای وایە لە گوێڕایەڵی و وەفای خۆیانەوەیە بۆ پاشخان و بنەچەکەیان. خۆ ناکرێت بەزۆری زۆردارەکی بیانپێچیتە داوونەریتێک، کە ئەوان پێی ڕانەهاتوون، جگە لەوەی زۆرێک لەو داوونەریتە لەگەڵ مێژووشدا ناکۆکە، تۆزی لێ نیشتووە و شیاوی دێرینخانەکانە.

ئەوی ڕاستی بێت، لە لای خێڵ، نێر و مێ هەر خوایان یەکە. لە کۆمەڵگەی پاشڤەڕۆی خێڵدا فەرهەنگی زمانیشیان جیاوازە. بەو مانایەی زمان لە لای ڕەگەزی مێ سنووردارە. ئەوی مێیینە ناتوانێت هەمان ئەو زراواوە و ئاماژانە بەکاربەرێت، کە بەرەهایی و بێ منەت بەسەر زاری نێرینەوەن. ئەوان تەنانەت ناتوانن وەک نێر بەئازادی زمانی جەستەشیان بەکار بێنن.

مێیینە گەرەکە هەمیشە ئاگای لە زاری خۆی بێت و وشەکان چاک هەڵبسەنگێنێت. دوو جاران بیریان لێ بکایتەوە ئەوجا گۆیان بکات. بۆ نموونە هەر

وشـەیەک، یان دەسـتـەواژەیەک، یان ئاماژەیەکی جەستە نەختـاڵێک بەلای سێکسدا بچێت، بێ ئەوەی هیچ نیازێکیشی لە پشتەوەبێت لە حیشمەتی تاکی مێیینە دادەبەزێنێت. یەکێک لە مەرجەکانی مێیینەی بەڕێز لە جڤاکی خێڵەکییدا ئەوەیە کەمدوو بێت.

## گەلەکۆمەکیی دین و خێڵ لەسەر ژن

لە تافی سەرهەڵدانی هەرسێ ئاینەکانی مووسا و عیسا و محەمەدیشدا، هێز و توانای جەستەییی پیاو سەرچاوەی ژیان و بژێویی خێزان بووە. ئەوە پیاو بووە، کە ڕێگەی بەکاروانەکانی بازرگانی گرتووە و بەزەبری شمشێر و شاڵاو بەسواری ئەسپی خۆشبەزەوە لە تافی هەڵمەت و کشانەوەدا بژێویی خێزانی پەیدا کردووە. وەک دەڵێن ئەو دەم نان لە قورگی شێردا بووە. هەر پیاویش بووە بەرگریی لە خێڵ و سەرحەدی خێڵەکەی کردووە. هەر پیاویش بوو بۆ بژێوی، ڕاوی گیاندارە کێوییەکانی کردووە. دیارە ڕاویش وەک جەنگ توانای جەستەیی و جەربەزەیی و تیرەندازیی گەرەکە. هەرداوهەرد و بۆسە نانەوەی پێویستە. هەرچی ژنیشە لە ماڵەوە ژیانی گوزەراندووە و ئەرکی دیکەی لە ئەستۆ گرتووە. لە سەردەمی دابەزینی ئەو ئایەتانەدا، لە کاتی گۆکردنی ئەو فەرموودانەدا و پڕبەپێستی ئەو قۆناغە مێژووییە، ئاستی ژن نرخێندراوە نەک ئەم سەردەمە.

ئایەت و فەرموودەکانی ئەودەمی هەرسێ ئاینەکەی ناوچەکەمان چاری کێشەکانی ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمی کردووە، کە تێیدا دابەزیون. بەڵکو تەواوی ئایەت و فەرموودەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو سەردەمە مێژووییەدا هاوئاهەنگ بوون. دیارە هەمووشیان نەگۆڕن. لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ئەو ئاینانەدا، وەک ئەسپ، وشتر، زێڕ و زەمبەر و ئازووقە، ژنیش بووەتە دەستکەوتی جەنگ "غنیمة" و بەتاڵان براوە. ژن فڕاندن شان و شەوکەتی خێڵی سەرکەوتووی پیشان داوە. هەم دەستکەوت و هەم بۆ ڕیسواکردن و دابەزینی ئۆرتی خێڵی نەیار بووە. سەدام حوسێنی سەکۆماری پێشووی عێراقیش هەر چاوی لە جاهیلیەت و ئیسلامی بەرایی کردووە، کاتێک پاکیزەکانی کوردی، وەک کەنیزە و دەستکەوتی جەنگ، ئەنفال کرد و بە وڵاتی میسری فرۆشتن.

هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکە لەسەر ئەوە کۆکن، کە خواوەند ژنی لەبەر خاتری پیاو ئەفراندووە نەک بە پێچەوانەوە، هەرسێکیشیان بەنزیکەی لەسەر ئەوەیش کۆکن، کە ژن بەدوای پیاودا ئەفرێندراوە و یان وەک دەڵێن، گوایە ژن لە پەراسووی ئادەم، واتە پیاو چێ بووە. لەسەر ئەوەش تەبان، کە دوای ئەوەی شەیتان "ژن: ئیڤا"ی تەفرە داوە، ژنیش پیاوی خاپاندووە و بەری درەختە قەدەغەکراوەکەی دەرخواردی "پیاو: ئادەم" داوە. واتە لە هەرسێ ئاینەکدا ژن بووەتە مایەی قاودانی ئادەم لە باخەکانی بەهەشت و دواتر بووەتە مایەی ئەوەی سەرلەبەری توخماتی ئادەم لە ناز و نیعمەتی بەهەشت بێبەش بن.

باوەڕ ناکەم کەسێکی وشیار، یان هەرکەسێک چەردەیەک لە زمانی عەرەبی تێ بگات بتوانێت نکوولی ئەو بەڵگەنەویستە بکات، کە سەبک و داڕشتەی زۆرینەی قورئان و فەرمووده و درووود و سرووت و نزاکانی، کە ڕۆژانە، لە تافی ئەداکردنی تەواوی فەریزەتەکانی ئاینی ئیسلامدا دەخوێندرێن، وتاری نێرانەن. واتە ڕووی دەمیان لە نێرە و بەزۆری ڕەگەزی نێریش لێیان بەهرەمەندە. چونکە بەزۆری بەراناوی تاکی نێر، یان کۆی نێر دابەزیون یاخۆ نووسراون نەک بەڕاناوی مێ.

پێم وایە مێیینەی هۆشیار، واتە ئەوانەی لە زمانی عارەبی تێ دەگەن، لە تافی ئەداکردنی ئەم فەریزەتانەدا دووچاری نامۆیی، یان ئەگەر بشێت بڵێم: دووچاری نامۆیی ئاینی دەبێت. چونکە ئایەت و فەرمووده و نزاکان بۆ نێر دەشێن و چێ کراون و ڕووی دەمیان هەر لە پیاوە. هیچ کەسێکیش بۆی نییە و ڕایەکی ناکەوێت داڕشتە ڕێزمانییەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببات و بەشێوەیەک دەستکارییان بکات. لێرەدا مرۆڤ ئەو گۆرانییانەی دێنەوە یاد، کە پیاوان بەسەر مێیینەدا هەڵیان داون. باس لە مەمکۆڵان و زوڵف، چاو، ئەبرۆ، نازوباز و لەنجەولاری کیژۆڵان دەکەن و خۆیانی لە دەور دەگێڕن، کەچی هەندێک جاران هونەرمەندی مێیینە دێن بەشەرمەوە دەیانڵێنەوە.

هەموو دەزانین، کە پاژێکی کورد بەتایبەی لە باشوور شوێنکەوتەی ئۆلی ئێزدییە. ئەم ئاینەش سەد لە سەد کوردییە. دەسا ئەنجوومەنی ڕووحانی ئێزدییان تازەکی و لەساڵی ٢٠٠٧دا بڕیاری پێ بەشکردنی مێیینەی لەمەڕ خۆیانی لە "میرات" واژۆ

کـردووە و جـەخـتی لەسـەر کـردووە. واتە ئەگـەر ئاینی ئیـسـلام نیوەی بەشی نێری بەمێیینە ڕەوا بینیبێت، ئەوا ئاینی ئێزدی هـەر بەتەواوی بێبەشی کردووە. ئەمـەش بێ کەم و زیاد بەکۆیلەکردنی ئافرەتە. چونکە تەنیا لە سای سیستمی کۆیلایەتیدایە کە تاک بەتەنێ ئەرکی لەسەر شانە و بۆی نییە داوای ماف بکات.

تۆ هـەروا زەینی خــۆتی بدەرێ. لە نێــو ئۆلەکـانی دیکەدا دەتوانیت دەیان ژنی سەلاری خوێندەواری بەسەر و سیما ببینیت، کە چالاکانە لە بواری مافەکانی ژناندا کاران. بەڵام ئایا دەتوانیت ناوی چوار ئافرەتی ئێزدی بهێنی لەم بوارەدا چالاک بن و بەرەوڕووی ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنە ڕووحانییەکەی خۆیاندا ڕاوەستابن؟ بێگومان لە سۆنگەی گوشاری ئاینی و خێڵەوەیە، کە ئەوان پرکێشی ناکەن دەنگیان هەڵببڕن، ئەگـەرچی ڕێژەی نەخـوێندەواریش لە نێـویاندا گـەلێک بڵندە. دیارە بەلای ئاینی ئێزدیشەوە ژن بوونەوەرێکە هاوشانی پیاو نییە. دیارە ئەگەر مێیینەش وەک نێرینە مـافی وەرگـرتنی مـیـراتی هەبوایە ئەو دەم ئەویش وەک پیـاو هـەسـتی بە بەهاو بە پێگەی خۆی لە نێو خێزان و کۆمەڵدا دەکرد.

دیاردەیەکی دیکە هەیە، کە دیسان باوەڕناکەم تێگەیشتنی ئەوەندە کارێکی قورس بێت ئەویە، کە ژن و پیاو لە ئـاینی ئیسلامدا هاوبەش نین، بەو مانایەی نێر و مێ لە دابەشکردنی ئەرک و مـافەکاندا هـاوسان نین، واتە ژن و مێرد وەک هاوبەشی ژیان دەرناکەون، چونکە کاتێک ئەم دوانە هاوبەشی تەواون، کە لە ئەرک و مافدا یەکسان بن. هەر بەپێی بۆچوونی ئیسلام، زنجیرەی پێغەمبەرەکان، کە بە حەزرەتی محـەمەد کۆتاییی دێت، هەموویان نێرن. وێڕای ئەوەی نیکاح و جیابوونەوەش "تەلاق"، هەر لە دەسـتی نێـردایە. لە بواری خـواپەرسـتـیـشـدا، بە پێـچـەوانەی ژنەوە، نوێژ و ڕۆژووی پیاو کەموکوڕیی تێ ناکەوێت.

ڕەنگە هەڵکشاوترین پلـەیەک کە ئافرەتێک بەئاواتی بخـوازێت ئەوەبێت، خـواوەند لە بەهەشتی بەرینی خۆیدا پلەی "حور العین"ی پێ ببەخشێت، کە دیارە لەو دۆخـەشدا و لەوێندەرێش واتـە لە بەهـەشــتــیــشــدا دیســان ئەرکی دڵڕاگـرتن و تێـرکـردنی ئارەزووەکـانی نێرە. خـواوەندیش گـفت و بەڵێنی حـۆرییـە پاکـیـزە و کـچـۆڵەکـان، ئەوانەی، لە لایەن مـرۆڤ و جنۆکـەوە لاقــەنەکـراون، بەپیـاوان دەدات، ئەگـەر هـاتو

گوێڕایەڵی ئایەت و ڕێنماییەکانی بن. واتە لەوێندەرێش ڕەگەزی مێ هەر کەرەسەیە، یان هۆیە نەک ئامانج. چونکە خواوەند لە قورئانی بەخشندەی خۆیدا گفت و ئەرێی لەو جۆرەی بە مێینەکان نەداوە. کەواتە لە بەهەشتیشدا هەر پیاو مەبەست و تەوەری سەرەکییە.

هەمیشە ئاین و خێڵ لە مەسەلەی چەوساندنەوەی ئافرەتدا کۆک و هاوکار و بەیەکدا چوون. ئیسلام لەو سۆنگەیەوە کە لە پرسی میراتدا ژن بە نیوە مرۆڤ دەقەبڵێنێت دوو شایەتی ژنی بە شایەتێکی پیاو حیساب کردووە؛ ئەگەرچی تاکو ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی زانستیی ئەوتۆ، کە تواناکانی زەین و مێشکی ئافەرت بەنیوەی پیاو سنووردار بکات، بەدەستەوە نییە. وێڕای ئەوەش، بەلای ئیسلامەوە ژنان ئاوەز و ئاین ناتەوان. "إن النساء ناقصات عقل ودين" هەروەها زۆرینەی خەڵکی دۆزەخ لە ژنانن "إن أغلب أهل النار هم النساء."

ئەوی ڕاستی بێت، ئیسلامە بەراییەکان، کە هەر هەموویان کوڕانی خێڵ بوون، لە نیمچە دورگەی عارەبەوە، بە سواریی ئەسپی خۆشبەز و بە زەبری شمشێرە تیژەکانیان توانییان لە پاڵ ئاینی ئیسلامدا جەهالەتی خێڵەکییانەی خۆشیان بگەیەننە ناوەڕاستی ئەوروپا و تاکو ئێستاش، ئەو جەهالەتە کاریگەریی لەسەر تەواوی ئەو گەلانە بە کوردیشەوە هەر ماوە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری زۆرینەی ئەو گەلانەی، کە بوون بەئیسلام و لە بابەوە بۆ نەوەی نوێ دەگوێزرێنەوە. ئەگەر جەهالەت لە بێ سەوادی و نابەرانبەریی ژن و پیاو و مێنتەلێتیی خێڵەکییانەدا کۆ بکەیەوە؛ ئەوا هیچ جێی گۆمان نییە، کە هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زۆرینەی ئەو گەلانەی بەئاین موسوڵمانن، لەو جەهالەتەی بەسواری ئەسپەکان گەیشتە لایان ڕزگاریان نەبووە. چاوەڕوانی هێزێکی ئەفسووناوین لەم سێ بەڵایە ڕزگاریان بکات.

ئەوی ڕاستیی بێت، چونکە سەرپاکی ئاینەکان ڕابەرانیان پیاو بوون، بەلای پیاویشدا دای دەشکاندووە. بەڵام لەم ڕووەوە ئیسلام هەر نەیکردبێت. لێرەدا ئافرەت شایستەی ئەوە نییە و ڕایەکی ناکەوێت نامەی خواوەند بگەیەنێت. ئەو بۆی نییە و ڕایەکی ناکەوێت پێشنوێژ و ئیمام بێت.

جێی گومان نییە، کە ژنی کورد بەر لە گەیشتنی ئیسلام بەکوردستان لە ئێستا

ئازادتر بووە. چونکە ئاینی زەردەشتی بەو ڕادەیەش گوشاری بۆ سەر مێینە نەهێنابوو. وەکی دی ئەگەر کەسێک لەم ڕاستییە بەگومانە بام هەر ئێستا سەردانی خێڵە هەرە دواکەوتووەکانی قوولاییی دارستانەکانی ئەفریکا و لاتین ئەمریکا بکات، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتی ناوچەی ئێمەدا، هێشتا یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەوێدەرێ زیاتر بەدی دەکرێت.

لەم کاریگەرییە نەرێنییەدا، ژنی کورد بەشی شێری بەرکەوتووە. پیاوەیلی خێڵەکیی کورد، زۆریان پێ خۆشە هەرچی لە سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلامدا، بە قورئان و فەرموودەکانەوە، بەڕا و بۆچوونی ئیمامەکانەوە، ئەوەی سەبارەت ئافرەت فەرموویانە، بەزیادەوە جێبەجێیان بکەن و یاسا نەنووسراوەکانی خێڵیشیان بهاونە بان. کەچی زۆرێک لەو برگانەی بە پیاوەوە پێوەستن، بەدەیان بیانوو و فێڵی یاسایی "حیلە شەرع" خۆیانی لێ دەدزنەوە.

هەموو ئەوانەشی، کە باوەڕیان بە ئیسلام نییە، یان هەر بەتەسکەرە موسوڵمانن، یانژی بڕوایان پێی لەقە، وەک هەنگیان لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە، ئەم ئایەت و فەرموودانە بەچاکەی خۆیان ڕاڤەدەکەن و لێیان بەهرەمەند دەبن. واتە ئەوان ئایەتەکان لە دەقی پیرۆزەوە بۆ عورف و عادەت و ترادشیۆن دەگۆڕن و پشتاوپشت بەناو مێژوودا دەیانهێنن و دەستبەرداریان نابن.

هاشم ئاکرەیی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "الأسس النفسية و الأجتماعية للقبائل الكردية" دەڵێت: «جڤاکی خێڵەکیی دان بە گرێبەستی هاوسەرگیریدا نانێت هەتا هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و شارستانی بڕیاریان لەسەر نەدابێت. ل ١٢٩»

ئەم بۆچوونەی ئاکرەیی تەواو ڕاستە. هەر بۆیە، ئەگەر هاتو ژنێک بە تەنیا لە لایەن مەلاوە مارەبڕابێت ئەوا، بە مەبەستی داشکاندنی ڕێز و بەهای ژنەکە، پێی دەڵێن "بە لاکۆلان مارەیان بڕیوە" لە کاتێکدا ژن و مێردایەتی گرێبەستێکە بە حوسن و ڕەزای هەردوو لا بەڕێوە دەچێت. بە ئاشکرا چێ دەبێت و بە ئاشکراش هەڵدەوەشێتەوە. ئیدی چ پێویستییەکی بەم هەموو گرێوگۆڵە هەیە؟ تەنیا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، جا مەلابێت، یان شارەوانی یان قازی، بەسە بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەم گرێبەستە.

ئەوی ڕاستیی بێت، تەواوی ئاین و ئاینزاکانی کوردستان، بەفۆلکلۆر و عورف و عادەت و کولتووریشەوە، پاتریارکاڵن و جەخت لەسەر نابەرابەری ژن و پیاو دەکەن. بەرابەریی ژن و پیاو مەگەر تەنیا قسەوباسی نێوان ژمارەیەک ڕۆشنبیر بێت. دەنا کێشەکە گەلێک دژواریی تێ دەکەوێت ئەگەر پیاو هەم ئاینی بێت و هەم خێڵەکی. چونکە ئاین و خێڵ هەردولایان پێیان وایە چاکترین چارەسەریان بۆ پاراستنی خێزان لە سووچ و گوناهەکان و بۆ بەردەوامی خێزانی بەختیار و پاکداوێن پێیە، کە ئەویش لە پەیڕەوکردنی ئایەت و فەرمـوودەکان بەلایەک و پاراستنی کولتووری خێڵ بەلایەکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. هەردوو لاشیان، واتە ئاین و کولتووری خێڵ، لەسەر سەپاندنی تەواوی سزاکان، بە نووسراو و نەنووسراویانەوە، دەرهەق بەژنی لە ڕێنوێنی لادەر، کۆک و تەبان و موو بەبەینیاندا ناچێت.

شتێکی بەڵگەنەویستە، کە جڤاکی خێڵی دووره زانست و مەعریفەت و تەواوی ئامرازەکانی پێوەندیی هاوچەرخە. لە کەشوهەوای ئامادە نەبوونی داوودەزگەکانی جڤاکی مەدەنیدا؛ هاتووە لە پاڵ داوونەریتەکانی خێڵدا، ئاینی بەسەرچاوەی سەرەکیی ڕەوشت و مەعریفەت پەسەند کردووە. ئاین بەڕادەیەکی ئەوتۆ کاریگەریی هەیە، ئامادەیی و بەردەوامیی لە کایەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەبەرجەستەیی دیارە. کتێب و فەرمـووده پیرۆزەکانیش، سەربە هەرکامیان بێت لە کاکەیی یان، ئیسلام و ئێزدی، ئەو تاکە، ئەوەیانی بەلاوە کتێبی یەکەمە، چونکە سەرچاوەیەکی پیرۆزە. چونکە لە ئاسمانرا، لە تەرەف خواوە نازڵ بووە. بۆیە هیچ گەنگەشە و دانوستان و چارەسەرێکی مامناوەندی هاڵناگرێت. شەرعیش لە کتێبی پیرۆزی ئاینییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەر کێشەیەک لە نێوان ژن و مێردێکدا ڕووی دا و چارەسەری بڕێک سەخت بوو؛ ئەوا ئاساییە ئەگەر پیاوی ئاینی بکەوێتە نێوانەوە. کەواتە ئاین کاریگەریی خۆی لەسەر مگێزی تاکیش داناوە. کەواتە داوونەریت لە پاڵ ئایندا دوانەی ڕێکخستنی پێوەندییە ناوەکییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵن.

بەڵام هەندێک جاران لە هەمبەر چەوساندنەوەی ژندا، خێڵ مکوڕترە هەتا ئاین. ئەگەر ئاینی ئیسلام لە پرسی میراتدا ژنی بە لەتە مرۆڤ حیساب کردبێت و نیو

پشکی پیاوی پێ ڕەوا بینیبێت، ئەوا خێڵ و سیستمتی دەرەبەگایەتی هیچی پێڕەوا نابینێت. لەمڕووەوە برۆنەسن دەڵێت:

«خێزانە خاوەن ملّکە دەوڵەمەندەکانی پێدەشتەکان، چاویان لەوەیە سەرتاسەر ملّکەکانیان بەدەستەوە بمێنێتەوە و دەستووری میراتی لەتوکوتیان نەکات. لەوێ میراتی بەنێرینە دەبڕێت و ملّکی لە باوانەوە بەجێماو دەکەوێتە دەستی بەتەمەنیترین و بەدەسەڵاتترین پیاوی بنەماڵەکە، چۆن خۆی بەچاکی بزانێت، ئاوەها داهاتی بەسەر خزم و خوێشانیدا دابەش دەکات، یانی ئیدی هەموو چاو لە دەستی ئەون. ئاغا و شێخ و دەوڵت، ل١٠٦ – ١٠٧»

خێڵ، ژن مایەپووچ بەڕێ دەکات و هیچ حیسابێکی بۆ ناکات. بە سەرێکی دیکە، لە ئاینی ئیسلامدا سزای ژنی زیناکار سەد جەڵدەیە، کەچی تاکی خێڵەکی بەوەندە لێی خۆش نابێت و خوێنی دەڕێژێت.

لە هزری پیاوی دووسەرە، ئاینی و خێڵەکیشدا، ژن پتر کەوتووەتە ژێر گوشارەوە. یەکێک لەو دروشمانەی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکەی دوای ڕاپەیندا لە باشووری کوردستان بەرزکرابووەوە دەڵێت: «بێ حیجابیی ژن نیشانەی بێ غیرەتیی مێردەکەیەتی» ئەم دروشمە لە ژێر کاریگەریی دوولانەی خێڵ و ئاپندا بەرهەمهاتووە. تۆ لەوەی گەڕێ، کە دەقێکی وەها ڕاستەوخۆ لە قورئاندا نییە، کە حیجاب بەسەر ئافرەتدا بسەپێنێت. ئەوەش لەولاوە بوەستێت، کە قژ لە ورووژاندنی سێکسدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. نەهۆ هەندێک ئافرەتی ئەورووپایی وەک پیاو سەریان سفر دەتاشن و پرچیان لە لا مەبەست نییە. خێڵی ئەفریقاییش هەن، سەری سفرکراوی ئافرەتیان بەلاوە یەکێکە لەمەرجەکانی جوانیی مێیینە. ئەم حیجابەش تەنیا بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئینسانیی ئافرەتە. بەڵام ئەو دنەدان و غیرەتنانە بەر مێردەی، کە لە دروشمەکەدا هاتووە، زیاتر لە هزری خێڵدا خۆی دەبینێتەوە و هەر دەڵێی هەردوو لایان بەناوکۆیی دروشمەکەیان داڕشتووە.

لەگەڵ پێشڤەچوونی ڕەوتی مێژوودا چەمک و قەوارەی خێزانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەتایبەت لەم نیو سەدەیەی دواییدا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر قەوارەی خێزاندا هاتووە. بەتایبەت لە ئەورووپادا خێزانی ناوکی، واتە ژن و مێرد و منداڵەکان،

هەڕەشەی زۆری لەسەرە. دیارە ئەمەشیان هەر دیاردەیەکی ناجۆرە. بەڵام دەقە پیرۆزەکانی ئاین و وتە جێگرەکانی خێڵ دۆگمان و هێشتا هەر لە جێی خۆیانن. گۆڕانیان بەسەردا ناهاتووە.

مێنتەلێتیی خێڵ لە فۆرمی جیاجیادا خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. هەندێک هەن، پاڵنەری تەواوی ئەو نارەواییانەی، کە بەرانبەر بەژن دەکرێن، دەبەنەوە سەر هۆکاری ئاینی. ئەوی ڕاستی بێت ئەم ڕایە زیادەڕۆیی تێدایە؛ چونکە زۆرێک لەو پیاوانەی، کە نابەرابەر و نزم بۆ ئافرەت دەڕوانن بڕوایان بەهیچ ئۆل و ئاینێک نییە. بۆیە زۆری ئەو ناهەقییانە لە دەمارگیریی خێڵەکییانەوە سەرچاوە دەگرن.

دەبێت باس لەوەش بکەین، کە لە ئاینی ئیسلامدا خواوەند بەڕاناوی نێر گوزارشتی لێ دەکرێت: "قل هو الله أحد" یان "هو الله الخالق البارئ المصور وله الاسماء الحسنى." ڕوون و بەڵگەنەویستە، کە "هو" لە زمانی عارەبیدا جێناوی تاکی نێرە. ئەمەش بێ چەندوچوون مانای وایە ئاینی ئیسلام، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، پەسەندی نێرینەی بەسەر مێیینەدا داوە. هەموو ناوەکانی خواوەندیش وەک "الرحمن، الرحیم، الملك، القدوس، السلام، المؤمن، المهیمن، العزیز، الجبار، المتكبر. هتد" نێرن یان دەکرێت بڵێین دەلالەت لە نێر دەکەن.

وەکو تر ئاینی ئیسلام نەک هەر دژی سیستمی خێڵایەتی نەبوو، بەڵکو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سوودی زۆری لە خاسییەت و مێنتەلێتیی خێڵ، وەک سوارچاکی و زەبردەستی و شمشێربازی و ڕاووڕوت و جەنگی بەردەوامی نێوان خێڵەکان و فراوانخوازی بینی و خستیە خزمەتی بڵاوبوونەوەی خێرای خۆیەوە. بەشێک لە مێژووی ئیسلام بریتییە لە مێژووی مەلانێی نێوان ئەوس و خەزرەج، موهاجیرین و ئەنسار.. قورەیش و خێڵەکانی دیکەی بانی نەجد. هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان هەر لە ناوەکانیانەوە ئاشکرا دیارن، کە خێڵەکییانە و تایەفییانەبوون. وەک "ئومەوی، عەباسی، فاگمی، عوسمانی"، زۆرینەی خەلیفەکانی بەرایی، لە هۆزی قورەیش بوون.

"آمنة بو عیاش" لە نووسینەکەی خۆیدا بەناوی "بارودۆخی ژنی مەغریبی لە نێوان هەندێک تۆژینەوەوە" دەڵێت: «ئیسلام جارێکی دیکە پێوەندییە پاترێرکاڵەکانی پێش

سەردەمی خۆی بەرهەم هێناوەتەوە. جارێکی دیکە پشتەوانیی لە خێزانی پاترێرکاڵ کردووە و لە قەڵەمڕەوی خۆیدا پایەکانی خێزانی پیاوسالاریی چەسپاندووە. واتە بەهاتنی ئاینی ئیسلام گۆڕان و بادانەوەی گەوهەری لە پلە و پایەی ژندا نەهاتووەتە ئاراوە. بەڵکو ئیسلام دیسانەوە ژنی پەراوێز خستووە، ئەگەرچی ئەو ژنە تاکێکی هۆشیار و بەرهەمهێنیش بووبێت و لە دەرەوەی ژینگەی ماڵدا تاکێکی کاراش بووبێت. "أبحاث. العدد السابع، السنة الثانية. شتاء ١٩٨٥"

حاڵی حازر، لە وڵاتێکی وەک سعوودیەدا، کە پاشا سێبەری خواوەندە لەسەر زەوی؛ وەهابییەت ئایدیۆلۆجیای شانشینە و شانازیی بەخێڵەوە بۆ سەروبەندی بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام گەڕاوەتەوە، لەوێ ژن بەدەست دوانەی ئاین و خێڵەوە، لە هەموو شوێنێکی دیکەی جیهان، چەوساوەتر و بێ مافترە.

لە بارودۆخێکی وەها نووتەک و داخراودا، ئەگەر دەسەڵاتی ڕامیارییش کەمێک جیـــری بنوێنێت و ڕووبەرێکی سنووردار لە ئازادی بەژنان ڕەوا ببینێت، ئەوا خێڵەکان دەبنە بەربەست و دەیکەن بەهەرا. گریمان خێڵەکانیش هاتنە ڕەدا، ئەمجا ڕەمزە ئاینییەکان، کە کاریگەریی بێسنووریان لەسەر زەین و مێنتەلێتیی خەڵک هەیە، لە تریبیۆنەکانی خۆیانەوە دەکەونە تەقە و دەبنە کۆسپ. بەڵام لە هەموو دۆخێکدا خێڵ لە هەنجەت دەگەڕێت و سزای قورستری بۆ سەرپێچییەکانی مێیینە داناوە. ئەوەتا قورئان داری حەدی بۆ مێیینەی زیناکار داناوە، کەچی خێڵ خوێنی دەڕێژێت: "الزانية والزاني فإجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة." سوورەی النور ئایەتی دووەم.

سیستمی پەروەردە، یاساکانی پەرلەمان، ئاین و داوونەریتی بۆماوە، ئەمانە هەموو پێکەوە هاوکارن بۆ دواخستنی ژنی کورد. ژنیش بەلای خۆیەوە، نوێترین ئۆتۆمۆبێل داژوێت. نوێترین مۆدیلەکانی جلوبەرگی وڵاتانی دنیا دەپۆشێت. نوێترین زێڕ و زەمبەری بازاڕەکانی جیهان لە خۆی دەدات و بەنوێترین دەرمانی جوانکاری خۆی جوان دەکات، وەلێ کە دێتە سەر مێنتەلێتی، بەزۆری، هەر ئەوەی نەنکێتی، دەقی پێوە گرتووە و لە جێی خۆیەتی.

## هاوسەرگیری بەتەمەنێکی کەمەوە

پیاوی خێڵەکی ساڵ و مانگ دەژمێرێت و خوا خوایەتی هەرچی زووترە کچەکەی بەشوو بدات و لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. بۆ ئەوەی بەحیسابی خۆی شەرەفی پارێزراوبێت و کچەکەی ڕووزەردی و عەیبەی بەسەردا نەهێنێت. ڕەنگە بۆرە پرسێک بەمێردمنداڵەکە بکرێت وەلێ گومانی تێدا نییە، کە پرس بە کیژۆڵەکە ناکرێت. کیژۆڵەیەک، کە لە ڕووی فیزیکییەوە هێشتا ناکامڵە و ئامادەیی بۆ سکوزا تێدا نییە، ئەگەری ئەوەش لە گۆڕێدایە بەسەر یەکەم سکەوە بمرێت.

ئەوان بەم کارەیان لە قۆناغی منداڵیی کچەکەیان دەقرتێنن و دەیدەنە دەم قۆناغی ژنێتیی ئەو، بێ ئەوەی ئەو منداڵە ئامادەیی بۆ ئەو قۆناغە نوێیە تێدابێت، یان زانیاریی ئەتۆی لەمەڕ سکوزا و پەروەردەی زارۆکان هەبێت، کە ئەو بۆخۆی هێشتاکە دەورانی منداڵیی تێ نەپەڕاندووە. ئیدی ئەو بەدوای یەکدا منداڵی دەبێت. کاتێکی بەخۆ زانی ئەوەندەی نەوە خستووەتەوە، نەفریای پەروەردەیان دەکەوێت و نە توانیویێتی تەندروستیی خۆشی بپارێزێت، بەڵکو دووچاری گەلێک ناساغی بووە. جێی باسە تاکی خێڵەکی هیچی وا لەمەڕ سێکس و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی و لەسەر ئەندامی زاووزێ نازانێت و سووریشە لەسەر جەهالەتی خۆی و نایەوێت زانیاریی لەبارەوە بزانێت. لە لای ئەو، باس و خواسی ئەندامی زاوزێ و نەخۆشییەکانی تابۆن.

لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا دەڵێن: «کچ، لینگی بە باگردێندا بێتەوە، مانای وایە وەختی شوویەتی.» ئەمەش مانای وایە ڕەگەزی مێیینە لە تەمەنی منداڵی؛ بە هەموو جوانی و پاکی و گەمە و مەزاق و بەرائەتێکیەوە بێبەش دەکرێت. هەرکە تەمەنی گەیشتە چوار پێنج ساڵان ئیدی یاری و هامشۆی نێو منداڵانی نێرینەی لێ قەدەغە دەکرێت و پێی دەڵێن تۆ ژنێکی.

بۆ خۆم ساڵانێک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی کچانی شاری سلێمانیدا وانەبێژ بووم. چەندین جار ڕێک کەوتووە، قوتابییەک بۆ ماوەیەکی زۆر دیار نەدەما و پشتی دەکردە خوێندن. کاتێک هەواڵیم لە هاوپۆلەکانی دەپرسی، بەدەم زەردەخەنەوە دەیانگوت: "شووی کرد" هەرچی قوتابیی قۆناغی ناوەندییشە تەمەنی لە نێوان ١٢ ـ

١٥ ساڵیدایە. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە ئەم ڕوانینە چەوتە بۆ ڕەگەزی مێ، لە سۆنگەی دواکەوتنی ژیاری و کۆمەڵایەتییەوەیە، کە لە کن پیاوانی خێڵ لەوپەڕیدایە. چونکە خێڵ هەرچی کۆنتاکت بێت بە ڕووناکبیرییەوە نییەتی. ئەوان بە تیلەی چاو، مینا ناحەز سەرنجی کتێب دەدن. بەڵکو هەندێک لێی دەترسن. هەندێک جاران نەفرەتیشی لێ دەکەن.

لەم ڕووووە "زهير كاظم عبود"، لە کتێبی "الشبك في العراق"دا، نووسیویەتی: «کوڕان و کچانی شەبەک بە تەمەنێکی کەمەوە زەماوەند دەکەن. کەسوکاریان وەهای بەباش دەزانن، چونکە یەکەم: کوڕەکانیان بەهۆی ژنهێنانەوە ببەستنەوە، تاکو لە ڕووی دەروونییەوە سەقامگیر ببن. دووەم: هەست بە بەرپرسیاریەتیی ژیانی خێزانی بکەن. سێیەم: تاکو ئەزموونی زیاتر پەیدا بکەن و پشت بەتوانای خۆیان ببەستن. سەرەڕای ئەوەش شەبەک پێویستیان بەوە هەیە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان فراوان بکەن تاکو بتوانن فریای کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ماڵات و پرۆسەی ناردنە بازاڕی بەروبوومە ئاژەڵی و کێڵگەییەکانیان بکەون، کە لە خۆیدا پێویستیی بەژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان و ئەندامانی خێزان دەبێت. ل ٢٣٠»

ئەوی ڕاستی بێت، منداڵی نێرینە لە جڤاکی خێڵەکیدا، بەتایبەت لە سەردەمی گەڕیاندا، وێڕای ئەوەی پشت و پەنایە بەشێکیشە لە ژێرخانی ئابووری. چونکە ئەگەر ئەونەبێت کێ پارێزگاری لە پەزەکان و لە مێیینەکان بکات؟ کێ ترش و تاڵانی بکات و جەنگ بەرپا بکات و بچێتە ڕاووشکار؟

پێم وایە هەندێک خێزان، کە ئاستی دەرامەتیان باش نییە؛ مەبەستیانە هەرچی زووە کیژەکەیان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و لە هەمان کاتیشدا بەشیربایی بدەن، تاکو باری کەوتووی دەرامەتیانی بڕێک پێ ڕاست بکەنەوە. زوو بەشوودان و زوو ژنهێنان بەزیانی هەردوو لایان دەشکێتەوە. چونکە بۆ خۆیان هێشتا منداڵن و پێویستییان بەناز و باوەشی گەرمی خێزانە، بەتایبەت دایک. کەچی ئەوان دێن بەو تەمەنەوە دەیانکەنە دایک و باوک، کە هیچی لێ نازانن؛ خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە و هێشتا نافامن. ئەوەش لەولاوە بووەستێت، کە ئەوانە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆیان نین. زۆر جار، ئەوان گەرچی بەفەرمی ژن و مێردن، وەلێ تا ماوەیەکی زۆر دەبێت

چاو لە دەستی باوک و خەزووریان بن. ئەو منداڵانە نێرینە بن یان مێیینە مەرجی بنەڕەتیی پێکەوەنانی خێزانیان تێدا نییە.

کەمالی خورشید بەگی خۆشناو، کە لە بەرەی میر مەحمەل خانی ئەمبێزخانە و دانەری کتێبی خۆشناو و خۆشناوەتییە، لە درێژەی گێڕانەوەی سەرگورشتەی ژیانی خۆیدا نووسیویەتی: «من کوڕی سێیەمی خورشید بەگم و لە پاش نوورەدین و ڕەشاغا. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا باوکم ژنی بۆ هێنام و ناردمیە گوندی قەڵاسنجی خواروو. ل ١١" لێرەدا "باوکم ژنی بۆ هێنام" جێی سەرنجە. مێردمنداڵێک بەچواردە ساڵان تەمەنەوە، دەبێت سەرگەرمی خوێندن و یاریی منداڵان بێت، کەچی بابی خستوویەتیە ژێر باری گرانی پێکەوەنانی خێزان. دیارە ئەو ئاستی ئاوەز و تەمەنی بواری ئەوەی پێ نادات تاکو بەپێی خواستی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، بۆیە هەردەبێت بابی بریکاری بێت و بۆی هەڵبژێرێت. ئەگەرچی نووسەری هێژا، وەک تاکێکی خێڵەکی پێی شەرم بووە باس لە تەمەنی ژنەکەی بکات، وەلێ دەشێت تەمەنی ئەو لە ١٤ ساڵانیش کەمتر بووبێت.

دوای ئەوەش، ئەم هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی چرووساندنی ئەو منداڵە. چونکە جەستەی لە گەشەکردن دەکەوێت. ماوە ناهێڵێتەوە تاکو هەموو ئۆرگانەکانی لەشی بەباشی کامڵ بن. بێگومان ئەم دیاردەی زوو کچ بەشوودانە کاریگەریی ئاینی ئیسلامی لەسەرە. بەتایبەت پەیامبەری ئیسلام خۆی (د.خ.) عائیشەی بەمنداڵی گواستووەتەوە.

## لە سایەی خێڵدا چەوساندنەوەی مێ بەردەوامە

زۆر جاران لە نێو ماڵە ئاغا و شێخە دەوڵەمەندە خاوەن دێیەکاندا کچ بە تەواوی تێدا دەچێت. هەموو ئاواتەکانی دەباتە ژێر گڵەوە و شوو ناکات و هەر بە قەیرە کچی دەمرێت. چونکە ئەوان بۆ ئەوەی ڕێ لە کچەکەیان بگرن نەبادا بەشە مڵک لەگەڵ خۆیدا ببەنە ماڵە مێرد، کچەکەیان بەشوو نادەن ئەگەرچی ڕۆژانە خوازبێنیکەر بەر دەرگەشی پێ گرتبن. هەرجارە و بەبیانوویەک دەست بەڕوویانە دەنێن. کچەش هەناسە سارد، هیچ دەسەڵاتێکی نییە. سەرنج بدەن چۆن برێک جاران دەوڵەمەندیی خێزان، بە زیانی مێیینە دەشکێتەوە.

لە کوردەواریدا وتراوە "پیاو سایە و پەنایە بۆ ژن" لە ناوەڕۆکی ئەم بۆچوونەدا بێدەسەڵاتیی ژنی لە کۆمەڵگەی سوننەتیی ئێمەدا بەرجەستە بووە. مانای وایە ژن لە سێبەری پیاودا حەساوەتەوە. مانای ئەوەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە گوایە ژن چونکە خاوەنی ئابووری خۆی نەبووە، ئیتر نەشیتوانیوە ببێتە سایە و پەنا بۆ کەسانی دیکەی دەوروپشتی.

ئافرەت کاتێک لێی دەقەومێت، مێردەکەی دەمرێت و بێوەژن دەکەوێت، چەند گەنجیش بێت، هێشتا هەر بەپێی نەریتی خێڵ، گەرەکە هەتا ماوە بۆ مێردەکەی بەوەفا بێت. بەتایبەت ئەگەر خاوەن منداڵ بوو. ئەو دەبێت بەرگی ئازیەتباری بپۆشێت و تا ماوە فرێی نەدات. قنیاتی هەبێت. سەر کز بکات و بەدیار منداڵەکانێوە دابنیشێت. بە بێوەژنکۆشی بەخێویان بکات و بیر لە شووکردنەوە نەکاتەوە. هەرکاتێک دەسرۆکەیەکی سوور، یان سەرپۆشێکی غەیری سپی و شین و ڕەشیان بەسەرەوە بینی، خێرا ماڵەخەزوورانی لێی دەکەونە تەقە؛ گوایە حەزی لە شووە. وەک شووکردنەوە تاوانێکی گەورە بێت.

گەرەکە بێوەژن بتوانێت بەسەر نەفس، غەریزە و ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ بێت. بیانچەپێنێت، یان بیانمرێنێت. ئەو دەبێت بیر لە شووکردنەوە نەکاتەوە. هەروەک ئەو ژنە پارچە زەوییەک بێت و لەسەر ماڵەخەزووران تاپۆبێت، یان ئۆتۆمبیلێک بێت و سالأنەکەی بە ناوی ئەوانەوە تۆمارکرابێت. شەرماوەرترینی ئەم دۆخەی، کە ئافرەتی بێوەژن تێی دەکەوێت، لەوەدایە، کاتێک شووبراکەی، کە هەتا دوێنێ بووە وەک خوشک و برا بۆ یەکیان ڕوانیوە، کەچی برای مێردەکەی بێشەرمانە مرخی لێ خۆش دەکات و دەیخوازێت. ئەمەیان ئاکارێکی تەواو نابەجێ و نەفسنزمانە و نائینسانییە، ڕێک لە ئاکاری ئاژەڵ دەچێت.

داوونەریتی خێڵ وەهایە، ئەگەرچی کێشەکە پێوەندیی سەد لە سەدی ژنەکەوە خۆی هەیە، بەڵام وەک یاساکانی تەڵاق و نیکاح، لە دارشتەی تەواوی بەندە نەنووسراوەکانی ئەم داوونەریتەدا یەک لە سەدیش پرس بەژن ناکرێت و نەکراوە. داوونەریت و عورف و عادەت، ڕۆنراوی هزری نێرینەن و مێینە لە سەرێتی ملکەچیان بێت.

کاتێک ژن، بەتایبەت کەیبانۆی ماڵ؛ مێردەکەی دەمرێت، مانای وایە تەواو لێی دەقەومێت. چونکە هاوسەر و سەرپەرشت و سەرچاوەی دەرامەتیشی لەدەست دەدات. کەچی سەرباقی هەموو ئەوانە کوڕانی خێڵ لەبەستە و مەقامەکانیاندا، بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە تیتاڵی پێ دەکەن و گۆرانی ناجۆری بەسەردا هەڵدەن "بێوەژن دەڵێ منالم وردە، یەکێکم دەوێ بەقەد ئەو گردە" خۆ ئەو بێوەژنە دەستی لە مردن یان لە ئەنفالی پیاوەکەیدا نەبووە، ئەوان لە بری ئەوەی دڵی بدەنەوە و بیلاوێنن، دێن دەیکەنە مەزە. کەچی لەم جۆرە گۆرانییە سەقەتانە بەسەر بێوەپیاو، یان بێوەمێرددا هەڵنادرێت. لێرەدا بەڕوونی دیارە، بێوەژن دووجا و سێجا، بەشخوراو و چەوساوەیە.

بێوەژن ئەگەر منداڵی نێرینەی هەبوو، ئەوا هەر ئەوەندەی کوڕی گەورەی گەیشتە سونعی مێرمنداڵی، ئیدی ئەو دەبێتە سەرۆکی خێزان و چیتر دایکی بێوەژنکەوتوو ڕۆڵی لە سەرپەرشتی خێزاندا لە دەست نامێنێت. خێڵ بەوەی نەزانیوە، کە داشکاندنی بەهای ژن داشکاندنی بەهای مرۆڤیشە.

وەک دیتان پیاوی خێڵەکی زۆر داواکاریی لە ژن هەیە و کەمی خزمەت پێشکێش دەکات. لێرەدا پێم باشە ئاکارێکی، یان سزایەکی شەرماوەری زووی خێڵەکییانە بیری خوێنەر بهێنمەوە، کە مرۆڤ بەبیستنی ددانی هاڵ دەبێتەوە و بێز لە خۆی دەکاتەوە. ئەگەر هاتوو کچێک لە دەستی قەوماو لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، لەگەڵ پیاوێکدا تێکەڵ بوو، ئەگەر پێی زانرا، ئەوا سووک و باریک بەگوێزان پاک پاک سەری کچە دەتاشن. خوڵ و دۆی بەسەردا دەکەن و پاشەوپاش سواری کەرێکی کوڵی دەکەن و "کەرێک کلکی کورت بێت" منداڵ و تاڵ بەتەنەکە لێدان دوای دەکەون و لەدێ و خێڵ قاوی دەدەن.

ئەو جمێنە، یان ئەو تووک و نزایەی، کاتێک بەئافرەتێک دەڵێن "سەرت بەتاشین چێ" لەم کولتوورە ڕزیوەی خێڵەوە سەرچاوەی گرتووە. تۆ هەروا سەرنجێک لەم سزا و ئاکارە دزێوەی خێڵ بدە. تەنانەت ئەو کەرەیش، کە کچەی سەر تاشراوی سوار دەکەن گەرەکە عەیبدار بێت.

ئەو هەموو توندوتیژی و نارەواییانەی، کە پیاو دەرهەق بە ژن ئەنجامیان دەدات،

هەندێک جاران بەپێی ڕەسم و یاسا نەنووسراوەکانی خێڵ بەڕێوەیان دەبات و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە. واتە ئەم سزایانە لەودیو دادگە و یاسای سەردەمەوە، پیادە دەکرێن و گەلێ جارانیش بەکوشتن دەشکێنەوە و دەبنە مایەی شانازیی بۆی و بەجوامێری بۆ پیاو حیساب دەکرێن و خۆی پێیانەوە بادەدات، بێ ئەوەی ئەو مێیینەیە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات.

جێی ئاماژەپێدانە بەعس لە دوامای حوکمی خۆیدا، لە ڕێگەی "المجلس الوطني"یە کارتۆنییەکەیەوە، بەپێی بڕیارێک گڵۆپی سەوزی بۆ پیاوان هەڵکرد تا سەرپشک بن لەوەی لەسەر پرسی نامووس، ژن و کچی خۆیان بکوژن. وادیارە ئاکارێکی چاوەڕوانکراوە، لە حزبە خێڵەکییەکان، ئەگەر ئافرەت کوشتن لەسەر پرسی شەرەف بەکاری شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم بدەن.

ئێس ڤی ڤیگین لە ڕۆمانەکەیدا، بەناوی "لە سەرچاوەکانی دیجلەوە" لەمەڕ خێزانی خێڵەکیی کوردەوە دەڵێت: «ژن بەبێ ڕەزامەندیی مێردەکەی ناتوانێت پەنجە بەئاودا بکات. ئەگەر ژنێک خیانەتی لە مێردەکەی کرد ئەوا بەپێی ترادشیۆنی خێڵ، پیاو مافی ئەوەی هەیە گوێی یان لووتی ژنەکەی ببڕێت. دەسەڵاتی باب بەسەر ڕۆڵەکانیدا بێ سنوورە. ئەو باوکەی کوڕی خۆی بکوژێت و ئەو کوڕەی باوکی خۆی بکوژێت، هەردوو لایان بێ بەهان. پشتیان تێ دەکرێت و لە خێڵ قاو دەرێن. داوونەریت؛ گوێڕایەڵیی تەواوی ئەندامانی خێزانیان بۆ باب مسۆگەر کردووە. لە هەمان کاتدا باب ئەرکی سنووردراری لە ئەستۆدایە. ئەو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خێزان و شەرەفی ڕۆڵەکانی دەکات. ئەگەر کوڕێکی قەوماندی، کچێکی فڕاند. باوک بەو موڵک وماڵەی هەیەتی بەرپرسیاریەتی دەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر یەکێک لە کوڕەکانی تاوانی کوشتنی لە دەست قەوما، باوک خۆی مەسلەت چێ دەکات. ئەرکی سەرشانی بابە ژن بۆ کوڕی بهێنێت و مارەیی دەزگیرانەکەشی بدات و دیاریی پێ ببەخشێت. گەرەکە کچی خۆی بەمێرد بدات و دیاریی پێشکێش بکات. ل ٦٦»

بەم پێیە بێت کوڕ هەرچییەکی لە دەست قەومابێت، باوک بۆی نییە دەستی بچێتە خوێنی. ئەگەر کاری وەهایان لێ قەوما، واتە ئەگەر دەستی چووە خوێنی کوڕەکەی، یان بەپێچەوانەوە ئەوا هەردوو لایان لە نێو خێڵەکەیاندا بێ ئۆرت دەبن. بەڵام لەسەر

پرسی شەرەف، بەکوشتنی کیژەکەی باب بێ ئۆرت نابێت.

هەر سەبارەت بە ترادشیۆنەکانی خێڵ نووسیویەتی: «لە بڕوای میللیی کورداندا ئاگر لە توخمە پیرۆزەکانە. کاتێک منداڵێک لە دایک دەبێت بەدەوری ئاگردانەکەیاندا دەیگێڕن. کیژ کاتێک مێرد دەکات و خۆی بۆ جێهێشتنی ماڵەباوانی ئامادە دەکات، دەبێت بەدەوری ئاگردانەکەیاندا بسووڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە چۆڵکردنی ماڵەکەیان ئاکاداریان بکات. ل ٦٧»

لەم ڕۆمانەدا، کە ڕێک داوونەریتی خێڵەکوردەکانی سایەی دەوڵەتی عوسمانلیی سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهان بەرجەستە دەکات؛ عومەر بەگی گەورە سەرخێڵی هەکاری، کە هۆبە و هەواری نزیک جۆڵەمێرگ هەڵداوە. بۆ خۆی سەری (کوتور)ی سەر سنووری نێوان ئێران و عوسمانلیی داوە و کیژی ئیسماعیل ئاغای سەرخێڵی شکاکی "سمکۆی شکاک" بۆ ئیبراهیم بەگی کوڕی خواستووە. دواتر عادیلە خانمی خێزانی سمکۆ، واتە دایکی بووکێ خۆی لەگەڵ کیژەکەیدا هاتووە. لێرە، لە لایەن خودی عومەر بەگەوە پێشوازیی تایبەت و بەشکۆیان لێ دەکرێت و دوو ڕەشماڵی تایبەتیان بۆ تەرخان کردوون و ڕەشماڵ بەگەڵای دارگێلاس و گوڵ ڕازاونەتەوە. بووکێ کە تەمەنی لە دەوروبەری ١٤ – ١٥ساڵیدایە، لە لای مەلای قەڵەمڕەوی عومەر بەگ لە زاوای مارە دەکات. کچانی خێڵ بەدەف و بلوێر، گەڕی سەمای کوردان گەرم دەکەن. لە ل ٦٩دا هاتووە: «ئافرەتانی گەلانی موسوڵمان ئازادیی ئافرەتی کوردیان نییە، کاتێک ژنان و کچان سەربەبێ "سەرپۆش: حجاب" لە ماڵ دەردێن، بێ ئەوەی تۆزکاڵێک تەنیاییان پێوە دیاربێت.»

یەک لەباری کوردی ئێزدی، لەم ڕۆمانەدا هاتووە: «ڕێزگرتنی دایک و باب و ملکەچیی بۆیان خدەیەکی کۆمەڵایەتییە. تاکی ئێزدی بەهیچ جۆرێک بۆی نییە لە دەرەوەی میللەتەکەی خۆی هاوسەرگیری چێ بکات. شێخ سرووتی مارەبڕین بەخوێندنەوەی هەندێک نماز ڕادەپەڕێنێت. دوای ئەوە ئاشکرای دەکات و لای هەمووان ڕای دەگەیەنێت، کە ئیدی ئەو جووتە بەپێی ڕێبازی ئێزدایەتی بوونە ژن و مێردی شەرعی. ئێزدی بۆی هەیە دوو ژنی هەبێت. لای ئەوان جیابوونەوە "تەڵاق" ڕوو نادات، مەگەر یەکێکیان خیانەتی لێ دەربکەوێت. ئەگەر ئێزدییەک ژنی

ئێزدییەکی دیکەی فڕاند، ئەوا دەبێت بەخوشکێکی یان بەکچێکی قەرەبووی بکاتەوە، یان دەبێت پارە بدات. دوای مەرگی باوک، میرات لە نێوان کوڕەکاندا دابەش دەکرێت و دەبێت بچنە ژێر سەرپەرشتیی دایکیان. لە سەرچاوەکانی دیجلەوە ل ٧٨» لێرەدا بەڕوونی بەدیاردەکەوێت، کە لە کن ئێزدییەکان خوشک هیچی لە میراتی پێ نابڕێت.

## سوڵحی عەشایەری و مافی ژن

نەهۆ سوڵحی عەشایەری، یان مەسلەت، بووەتە کلیلی چارەسەر بۆ زۆر کێشەی خوێن، کە لە نێو ئەندامانی خێڵدا، یان لە نێو تاکە خێڵەکییەکاندا ڕوودەدات. ئەم پرۆسەیە لە خۆیدا بەهەندنەگرتنی دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندیشە، لە کاتێکدا یەکێک لە پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە، کە یاسای شارستانیی بڕیاردەر و سەروەر بێت. وەلێ ئەم یاسا خێڵەکییە، دەسەڵات بە "نووسینگە کۆمەڵایەتییەکان" دەدات، لە لای خۆیانەوە بکەونە بەینەوە و چارەسەر بۆ کێشە هەرە دژوارەکانی وەک پرسی کوشتن، کە ناوی "کوشتن لەسەر شەرەف" یان لێ ناوە، بدۆزنەوە. واتە ئەوان پشت بەدادگەی فەرمی نابەستن و لەوێ داوا لەسەر تۆمەتبار تۆمارناکەن. یان بەپشتبەستن بەنووسینگە کۆمەلایەتییەکان داواکەی دادگە دادەخەن. بەڵام ئەم یاسایە، کە بێگومان مێنتەلێتیی خێڵی لە پشتەوەیە، بەگشتی بەزیانی ژن دەشکێتەوە. چونکە بەپێی ئامارەکان، لە سایەی ئەم یاسایەدا، ژمارەی ژنی لەسەر پرسی شەرەف کوژراو لە هەڵکشاندایە. لە ڕاستیدا ئەم یاسایە خۆی هاندەرێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتن، چونکە:

یەکەم: گەڕانەوەیە بۆ یاسای سەردەمی خێڵە بەشەرهاتووەکان.

دووەم: ڕێکخراوەکانی ژنان، وەک هەر ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کاری هەرە لەپێشیان بەرگریکردنە لە مافی ئەندامانی خۆیان. وەلێ ئەم یاسایە چەپ و ڕاستێکی بەسەر ئەرکی هەرە لەپێشی یەکێتییەکانی ژنان و ئافرەتاندا هێناوە و شەرعییەتی ڕێکخراوەکانیشی خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

سێیەم: وەک چۆن خەڵک، لە بری گاوگۆتاڵ و کاڵا لەبەینچووەکانیان خەرامان

وەردەگرن، ئەم یاسایەش هەمان شێوە مامەڵە لەتەک ئافرەتدا دەکات و ژنی کوژراو بەبڕێک پارە، کە ناوی خوێنباییان لێ ناوە قەرەبوو دەکرێت. گەلێک جاران، خوێنبایی ژن نیوەی بڕی خوێنبایی پیاوە. پێ دەچێت هەنجەتیشیان بۆ ئەم خەملاندنە، لە ڕوانینی ئاینەوە بۆ مێیینە سەرچاوەی گرتبێت. بەم پێیە سوڵحی عەشایەریی، ژن لە ئینسانییەت ڕووت دەکاتەوە.

چوارەم: گۆڕینی ئاراستەی تاوانی کوشتنی مرۆڤ بە تۆڵەی شەرەف کە لێرەدا، لە بری ئەوەی یاسا، تاوانبار وەک مرۆڤکوژ بناسێنێت و سزا بدات. ئەوا بکوژەکە خۆی بە تاوانەکەیەوە هەڵدەکێشێت و شانازیی پێوە دەکات گوایە بکوژ، کوڕە ئازاکەی خێڵە و توانیوێتی لە بری هەموویان شەرەفی لەوتاوی بنەماڵەیەک یان خێڵێک پاک بکاتەوە و جارێکی دی بیهێنێتەوە جێ.

جێی باسە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هیچی وای لە کێشەی چەوساندنەوی ژن نەگۆڕی. بەڵکو ڕێژەی کوشتن لەسەر پرسی شەرەف هەڵکشا. ڕەنگە هۆیەکەیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە چەک بەمەعافی کەوتە دەست هەموو تاکێک. تەواو وەک تەباخ و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بوو بە بەشێک لە پێداویستییەکانی ماڵ. ئەوەش لەولاوە بووەستێت، کە ئەو بنکە کۆمەڵایەتییانەی حزبەکان لەودیو یاساوە دایانمەزراندوون، ئامادەن بکەونە نێوان هەموو ئەم پرسانەوە و بەئاسانی مەسلەت لە نێوان خاوەن هەق و تاوانباردا چێ بکەن. بەواتایەکی دیکە، ئەم بنکانە شکۆیان بۆ یاسا و دادگە نەهێشتووە.

چی دی وەک جاران ترسی لێپرسینەوەی یاسایی و تەنافی ئیعدام و زیندانی هەتاهەتایی لە پێش تاوانباراندا نەماوە، هەتا ئەوان سڵ لێ بکەنەوە. تاوانێک بەپارە چارەسەربکرێت و سپی بکرێتەوە، بۆ پیاوی پارەدار بەئاسانی ڕایی دەبێت. بۆیە ڕەنگە ئەوانەی بەدوای پاککردنەوەی شەرەفی لەوتاویاندا وێڵن، لە کوشتنی ژنان بێباک بن.

## چەمکی جوانیی ژن لە دیدی پیاوی خێڵەکییەوە

لە شوێنان، بەلای کەسانی هۆشیارەوە، ئاستی خوێندەواری، ڕووناکبیری، هێزی کەسیەتی، ئاکار و تواناکانی ئافرەت لە پاڵ ڕواڵەت و دیوی دەرەوەیدا حیسابیان بۆ

دەکرێت، ئەگەرچی بەگشتی پێوەرەکانی جوانی، بۆ پیاو و ژن ڕێژەیین. لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە، نێر بن یان مێ دەگۆڕێت. بەپێی سەردەمیش دیسان پێوەرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە گەلێکە بۆ ئەوی دیکەش جیاوازیی هەیە. وەلێ بەلای تاکی خێڵەکییەوە بەزۆری جوانی لە ڕوخسار، لەشولار و قەد و باڵادا کۆ دەبێتەوە. ئاشکرایە، کە جوانی دیوی دەرەوە لەگەڵ تەمەندا بەسەر دەچێت، لێ جوانیی ڕۆح، ئاکار و تواناکانی ناخ و ڕووناکبیری بۆیان هەیە هەر لە کاردا بن؛ بگرە پێشتریش بکەون.

بەڵام مرۆڤی خێڵەکی هەمیشە تاکلایەنە دەڕوانێتە جوانیی ژن و هەڵی دەسەنگێنێت. ئەو تەواوی قورساییەکە دەخاتە سەر دیوی دەرەوەی ژن. باڵای بەرز چاوی گەشی ڕەش و بەکل، براژنگ و برۆی ڕەش. کل و کلتوور، لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئارایشتە. پرچی ڕەشی درێژ و ئەستوور، کەپووی گچکە، گەردنی بەرز، ددانی مرواری "سپی و ورد"، پێستی سەوزە "گەنمڕەنگ"، لێوی تەنگ، پێی بچووک، فرەزێ "بزێ: نەوەی زۆری لە داوێن بکەوێتەوە". بەلای پیاوی کوردەوە ئەمانەن بەگشتی بنەماکانی جوانیی ئافرەت. وەلێ پیاوی خێڵەکی ژنی میسری گۆشتی بەلاوە پەسەند نییە، کە یەکێکە لە مەرجەکانی جوانی لە دنیای سەردەمدا.

جێی لەسەر ڕاوەستانە، کە چەمکی جوانیی ژن، لە کن پیاوی خێڵەکی، تەواو پێچەوانەی سەردەم و زانستە. زۆریش ناشارستانییە. لە کاتێکدا لە دنیای نوێدا قەڵەوی بەگشتی دیاردەیەکە، بۆ ژن و پیاو بەنەخۆشی دێتە ژماردن و هەموو دنیای نوێ وایان پێ جوانە ئافەرەت بەژن زراڤ، واتە باریک و میسری گۆشت بێت، کەچی بەلای پیاوی خێڵەکییەوە تەواو پێچەوانە کەوتووەتەوە. ئەو پێی جوانە و جەختیشی لەسەر دەکات، ژنەکەی دەبێت کەتە و چوارپەل قەوی و گۆشتن بێت و بلەرێتەوە.

ڕەنگە پیاوی خێڵەکی، لە لای خۆیەوە وەهای بۆ چووبێت گوایە ئەگەر ژنەکەی گۆشتن بوو ئەوا بۆی هەیە بە ژمارەی زۆر نەوەی ساغ و بەهێزی بۆ بخاتەوە. جگە لەوەی تاکی خێڵەکی لە هەمان گۆشەنیگای مەڕوماڵاتەکانیەوە، پەیکەری ژنەکەی دەبینێت و دەینرخێنێت. دیارە ئەو لای پەسەندە هەردەم مەڕەکانی دووگ شۆڕ و قەڵەو بن. گاوگۆتاڵەکانی ئەوەندە زەلام بن و بەدەرگەی ئاغەڵەوە نەچن.

پێ دەچێت بێ مەلامەت نەبێت، کاتێک کاکی گۆرانیبێژی میللی ئاوا دزێو نیگاری دولبەرەکەی دەکێشێت "هەر دەڵێی پانێرەیە و دێتەوە لە ڕێی کانی" ئێوە هەروا سەرنج لەو وێنە ناجۆرە بدەن. کاکی گۆیندەی خێڵەکی، هاتووە یارەکەی بە "پانێر: پارێن" چوواندووە، کە دەکاتە: گوێرکەی دوو ساڵە. ئەو خۆزیا و بریایەتی دڵدارەکەی وێنەی پارێن گۆشتن و بەهەیکەل بێت.

ئەمە ڕوانینی هەموو جڤاکێکی خێڵەکییە بۆ جوانی ژن. پیاوی خێڵەکی لە سۆماڵ، بەلایەوە پەسەندە و خەونیشی پێوە دەبینێت، کە ژنەکەی بە تێکسمڕاوی و قەڵەویی ببینێت. لە وڵاتی مۆریتانیادا، ساوای مێیینە هەر یەکسەر دوای لەدایکبوونی لە شیر دەگیرێت. بەو مانایەی لە ماڵەوە دای دەبەستن و گەرەکە ڕۆژانە بەپێی بەرنامەیەکی ڕەنگ بۆڕێژراو تاکو دەگاتێ، بەلیتر شیر بخواتەوە، تاکو قەڵەو بێت و کاتێک گەیشتە سونعی شووکردن ڕمێنی زۆر بێت و خوازبێنیکەر زوو بگەنەسەری. چونکە لە کن ئەوانیش مەرج و پێوەری سەرەکی بۆ جوانیی ژن، قەڵەوییە.

جێی باسە زەمبەرەکانی جوانی و خۆڕازاندنەوە بەلای ژنانی خێڵی جافەوە "وەک نموونە" بەزۆری زیو بوون نەک زێڕ، وەک کەمەرە و لوولە و هەیاسە و تاسکڵاو. هەرچی تاسکڵاوە، فێستێکی ڕەش بوو، دراوی زیوینی ئێرانی و عوسمانیی پێدا دادەدوورا. برێک جاران ڕستە مووروویی کورتی گرانبا، کە کۆتاییی بەپارچە دراوێکی زیوین دەهات، بەکڵاوەکەدا دەدوورا و شۆڕدەبووەوە. شیلان و مووروویی کارەبا و شەوە و بازنگ و پاوانەی زیو یان زەنگیانەش بەشێک بوون لە زەمبەر. خەزێم "لوتەوانە"یان لە کەپوو دەکرد. خاڵیان "بەزۆری" لە چەناگە و پشتی دەستیان دەکوتا. مێخەکبەند و ملەسمڵ، کە ڕەگی گیایەکی دەشتییە لە مێرگدا دەڕوێت و بۆنخۆشە بەملوانکە دەیانهۆنییەوە لە پاڵ بەرمووردا، کە ڕستێک مووروویی گرانبا بوو ڕاست و چەپ لە ملیان دەکرد.

## ژنان لە گەمەی شەڕە گاگەلدا

شەڕە گاگەل نەریت و کولتوورێکی زۆر دێرینە و نازانم مێژووی بۆ کەینێ دەگەڕێتەوە. نەک هەر ئێستا، بەڵکو لەمێژە باوی نەماوە. لانی کەم نەهۆ لە دیوی باشووری کوردستان بەرچاو ناکەوێت و هیچ ئاسەوارێکی نەماوە. وەلێ لە سەرەتای

سەدەی بیستەمدا لەدیوی "قەرەداغ" باو بووە. گەمەکە زیاتر لە نوێژەبارانە و بووکەبەبارانێوە نزیکە.

کاتێک پایز بەسەردەچێت و بارانی پەڵە دوا دەکەوێت، ئەوجا ئەم گەمەیە دەکرێت. وەلێ نوێژەبارانە کاری پیاوانە و زیاتر مۆرکێکی ئاینی لەخۆ دەگرێت. هەرچی بووکەبارانەشە، نمایشێکی گەڕۆکی سەرەتاییـیە بەو حیسابەی مندالآن پاک و بێگوناهن و نزانیان لای خوا گیرایە، بۆیە ڕاپەڕاندنی ئەم سرووتە بەوان دەسپێرن.

بەلآم شەڕەگاگەل گەمەیەکی سەیر و خەتەرناکە، لە سرووتێکی "طقوس" سەردەمی پێش مێژوو دەچێت. یان لەوانەیە پاشماوەی سرووتەکانی ئاینی زەردەشتی بێت. پیاوەیل بەژنەیلیان ئەنجام داوە. خۆیان لەم گەمەیەدا زیاتر بینەربوون. یان بەشدارییەکی کەمیان تێدا کردووە. گەمەکەیش ئاوەها بەڕێوەچووە. ڕۆژگاری زوو، هەر ساڵێک ئاژەڵ بەگشتی شیری کەم بوایە یاخۆ بێ بارانی ڕووی کردبایەتە ناوچەکە، ئەوا ژنانی دێ بۆیان هەبووە هەڵبکوتنە سەر گاگەلی گوندێکی دیکە. بڕی بکەن و بەتۆپزی لە گاوانی بستێنن و بەرەو گوندی خۆیانی پێش بدەن. کاتێک گاگەل بەخورتی دەفڕێنرا، ئیدی گاوان ناچار دەما بەهەڵەداوان بگەڕێتەوە گوندی خۆیان و هەواڵەکە بە ژنانی دێ ڕابگەیێنێت.

ژنانی گوندیش دەستیان دەدایە تێلآ. هەندێک جاران پاشیلیشیان پڕی خۆڵەمێش "خۆڵەکەوە: بووڵ" دەکرد و لە نێوەی ڕێدا بەژنانی گوندەکەی دیکە و گاگەلی فڕێندراوی گوندی خۆیان دەگەیشتن. ئیدی بە توندیی لە نێوان هەدوولادا دەبووە زرم و بکوت. لە یەکیان دەدا، سەروچاوی یەکیان پڕ لە خۆڵەکەوە دەکرد. لەم ناوەدا گاگەڵ مێشەی دەکرد و ئیتر بەجارێک دەبووە گابۆڕ و فڕکان فڕکانێک، کەس نەیدەپەرژایە سەرکەس. ئاکام، سا یان گاگەلەکەیان گل دەدایەوە یاخۆ بەرەو گوندی شالآوبەر دەدرایە بەر.

گەلێک جاریش چەند ژنێکی سەرسپی دەکەوتە نێوانیانەوە و ڕێکی دەخستن. خۆ ئەگەر ژنانی دێ گاگەلەکەیان بۆ نەگێڕدرایەوە، ئەوا پیاوان بەشوێنیاندا دەچوون و شەڕەکە دادەمردەوە. کاتێک پیاوان دەچوونە دوای گاگەلی خۆیان. ژنانی ئەولا پێیان دەوتن "ژنەکانتان بۆیان نەسەندرایەوە، دە ئەوجا فەرموون ئێوە گاگەلەکە ببەنەوە"

بەم پێیـــە بێ قــڕە، لەگــەڵ ژنە شـــەکــەتە، تێ هـەڵدراوە، چاو پڕلە خــۆڵەکــەوە و مــاندووەکـانیـاندا ڕێ و ڕێ دەگـەڕانەوە گـوندی خـۆیان و گـاگەلەکەشـیـان لەگـەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە.

لێـرەدا گـەمــەکە تەواو دەبـوو. گـوایە دوای ئەم بـەزمـە ئیـدی باران دەبارێت. جـێی ســەرنجــە ژنان گــەمــەکــە ئەنجـام دەدەن و پیــاوان زیاتـر بینـەری ئەم قـــەومـــاوە سـەمەرەیەن. دیارە بێشیری یان کەمشیریی مەڕومالات و وشکەسالی پێوەندییان بەیەکـەوە هەیە. تۆ سـەرنج بدە پرۆسـەی بارانبـارین، کە دیاردەیەکی سـروشـتییـە، بەرەوڕووی گەمەیەکی تاقەتپڕووکێنی دەکەنەوە و بەژنانی ڕادەپەڕێنن.

دیارە ئەم گەمـەیە توانایەکی جـەسـتـەییی زۆری گـەرەکـە. چونکە گـا گیـاندارێکی بەهێـزە و هـەروا بەئاسـانـی بۆ ژنان دابین و بەرزەفت نابێت. گاوانیش هـەردەم پیـاو بووە. گەرەکە پیاوێکی بەهێز و هەرەکەتیش بێت. تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوی خۆت. بەدەیان ژن بەسـەروگـوێلاکی شکاو و جلکی دڕاوەوە. بە پشـووی سـوار و چڕوچاوی پڕ لە خۆڵەکەوەوە لە نێو فڕکانی فڕکانی گاگەلێکی ترسـاوی مێشەکردوودا و بەدەم گابۆڕەوە هەر یەکە و بەلایەکدا کلکی خۆی کلافەکردبێت و هەڵبتیزێنێت. پیاوانیش بۆ خــۆشــیی خــۆیان ســەرنجی ئەم دیمەنە تراجــۆکــۆمـیکە بدەن و تا لالغــاوەیان دەرەوێتەوە قاقا پێیـان پێ بکەنن. جێی باسە ئەم گەمەیە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر مابوو.

## خواژنەکانی قۆناغی دایکسالاری

بەری یەکتـاپەرسـتی، لە نێـو ئەفسانەکاندا ژمـارەیەک خـواژن هـەبوون، وەک خـواژنە دیانا. وەلێ ئەم خـواژنە ڕەمـزی سـێکس نـەبوو. بەڵکو خـواژنـی ڕواو بووە. خـواژنە "ڤینۆس"یش خـوای خۆشەویستی بووە. کاری ئەو بلاوکردنەوەی گیانی خۆشـەوسـتی بوو لە ئاسـمـان و زەویدا. ڤینۆس بە پرۆسـەی سێکسـەوە وابەسـتە نەبووە. هەروەها بۆ خـواوەندەکـانـی "ئەنانا، ئەنلیل و ئەشـتـار"ی خـواژنانی سـۆمـەر و ئەکـادی دۆڵی میزۆپۆتامیا.

ئـەوان زیاتـر نموونـەی پاکــیـــزەیی بـوون و زێدە بـەرز و بەڕێز ســـەیر کــراون و

پەرسـتـراون. کـار و توانای ئـەوان زیاتر بەپیت و بەرەکـەت و نوێبـوونـەوەی سـاڵانەی خـاکەوە پێـوەست بووە. تاکو سـاڵانە خـاک، بەرهـەمی کێڵگە و ئـاژەڵ، نوێ ببنەوە و هـەر لەوێشـەوە ژیان بەردەوام بێت. نوێبوونەوەی پاکیزەییی هـەتاهـەتایی خواژنەکـان یەکسانە بە نوێبوونەوەی ساڵانەی زەوی و سەوزبوونی خاک بەباران.

ڕەنگە هـەر لێرەشـەوە بێت کـاتێک هونەمـەندی سـەردەمیش ژن بەخـاک "نیشـتمـان" دەچوێنێت و ئەم فـیگەرە بە سـتـایلی جـیـا لە کـەڤـاڵی دەیـان هونەرمـەنددا دووبارە بووەتەوە. وێڕای بەگڕخسـتنی هـەمـان بیرۆکە لە دەیان شـیعـر و چیرۆکدا . تۆ ئەگـەر نیـشـتـمـانت بە ژن چـوواند، مـانای وایە، لـە سنووری ئەرکـەکـانی خـۆی پتـر و بەرزتر کـارت بە ئـافـرەت سـپـارد و بۆ ئـاسـتی سنوورەکـانی پیـرۆزی بەرزت کـردەوە. گـیـان و تواناـی لە ڕادەبـەدەری ئەفـسـانـەت بەبـاڵابڕی. وێڕای ئـەوەش، مـانـای وایە، تـۆ ئەو ڕۆمـەتەت پـێ سـپـاردووە، یانژی بەباڵا بڕیوە، کـە لە نیـشـتـمـاندا چڕ دەبێـتـەوە. بابە جـۆرێکی دیکە ئەم ڕایە ڕوون بکەمـەوە. پیـاوی خێـڵـەکی ڕۆمـەتی خـۆی لە جـەسـتـەی ئـافرەتدا دەبینێت، کـە چی هونەرمـەند و نووسـەرانی کـورد، ئۆرت و ڕێزی ئـافـرەت بە ئـاستی نیشتمان بەرز دەکەنەوە.

لە ئەفسانەی خـێڵـەکانی تەواریقدا هـاتووە: «ئەم بیـابانە، شـاژنێک لە جن، بەناوی "تین هینـان" ئـاگـەداری بوو، بـۆیەکـا لە بۆ خـەڵکی غـەریب زەمـینـێکی عـاسـی بوو. لە هـەموو لایەکەوە بەنوشـتە و جادوو پارێزراو بوو. هـەر سـەرەڕۆیەک پڕکێشیی بکردایە و خۆی تێ بخـزاندایە، چاوەڕوانی سزایەکی سـروشتی بوو، کە ئەویش وێڵـبوون و لە تینـوواندا مـردن بوو. ئـەمـە سـزای ئەو کـەسـانـە بوو شـاژنیـان تووڕە بکردایە، یان گـۆشـەگـیـریـیـان لـێ تێک بدایە. دانیـشـتـوانی ئـەم بیـابانە سـەربازی شـاژن بوون. ئەو خـۆی چلۆنی بـویستایە ئـاوەها دەیجـووڵاندن. بڕوانە: عمر الأنصـاري، الرجـال الزرق، ص ١١»

لەم ئەفسانەیەدا هـەموو کارێک بەدەستی ئەم شـاژەن جنەیە و کـەسێک ناتوانێت لە فـرمانی ئەو یاخی ببێت. بۆیە پیـاوانی تەواریق تـەنیـا ئەوەندەیان لە دەست دێت توند دەم و ڕووی خـۆیان هـەڵـبپێکن، نەبادا ڕۆحـە شـەڕەنگێزەکـان، کە سـەربازی شـاژنن دزە بکەن و بچنە نێو جـەسـتـەیانەوە. ئـەم شـاژنە جنۆکـەیەی، کە بەدرێژاییی مـێژوو

موڵک و ماڵی هاووڵاتییان دەپارێزێت.

لە ئێستادا گوێت لێ دەبێت دەڵێن "ژن بێ هێز و بێ توانایە". گوایە هێز و توانا سیفەتێکی نێرانەیە. بەڵکو تاکی خێڵەکی مێیینە بە ناکارا، بێ توانا، یان نابالَق "قاصر" دەزانێت؛ ئەگەرچی ئەو ژنە تەمەنی لە پەنجا ساڵیش لای دابێت. لە کاتێکدا هەر لەم دۆڵی میزۆپۆتامیایەدا، کە نیشتمانی ئێمەیە، مێژوو چەندین ژنە خواوەندمان پێ دەناسێنێت، وەک خواژنە عەشتاری بابلییەکان و خواژنە ئینانای سۆمەرییەکان و باسی توانای لە ڕادەبەدەریان دەکات.

ئەم ژنەخواوەندانە سەردەمێکی دوور و درێژ لە لایەن باپیرانی ئەم خەڵکەی ئێستاوە کڕنووشیان بۆ براوە و پەرستراون. تاکەکان بەنێرینە و مێیینەیانەوە لەبەریان هەڵلەرزیون و قوربانییان بۆ بەعەرددا داون. لە نیمچەدوورگەی عەرەبیشدا، خودی عارەبەکان لە سەردەمی جاهیلیدا، کە مێژوویەکی زۆر کۆن نییە، ژمارەیەک خواژنیان بە ناوەکانی "لات، عوزا، مەنات" پەرستووە. ئەم خواژنانە بەڕێزەوە، لە شانی نێرەخواوەندەکاندا، لە چەقی کەعبەدا قەراریان گرتبوو. خێڵە عارەبی بیابانگەڕ، لە دووری دوورەوە، دەهاتنە خاک و پایان و قوربانییان لەبەرپێیاندا سەردەبڕی. لێیان پاڕاونەتەوە تاکو لە دەرد و بەڵا و ئافاتەکان دووریان بخاتەوە.

دیارە لە سۆنگەی پیرۆزی و مەزنیی ئەم خوایانەش بووە، کە (عبدالمطلب)ی باپیری حەزرەتی "محمد" دوان لە کوڕەکانی خۆی بەناوەکانی ئەم خواژنانەوە ناوناوە، "عبداللات و عبدالعزی" کە یەکەمیان دەکاتە بابی حەزرەتی موحەمەدی پەیامبەری ئیسلام (د.خ.) وەلێ پاشتر مێژوونووسانی ئیسلام، بابی حەزرەتی محەمەدیان بە "عەبدوڵڵا" تۆمار کردووە و دووەمیان وەک خۆی هێشتووەتەوە.

# پاژی نۆیەم

## حزبی خێڵەکی

### بەیەکداچوونی خێڵ و حزب

ئەگەر تا بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلامیش، خێڵی زۆردار و زەبردەست، خێڵی بێ هێزی تەپەسەر و تالان کردبێت و ژن و کچانی خێڵی ناحەزی خۆی بەکەنیزە کردبێت، یان لە بازاڕەکانی کۆیلەدا تالانفرۆشی کردبن. هێز یاسا و هێز شکۆ و بەهەند گیرابێت. هێزی تەیار و ئامادەباش، ملهوڕ و هەوسارپچڕاو پاساوی نانەوەی جەنگ و تالانوبڕۆ بووبێت، ئەوا دوای هاتنی ئیسلام ئیدی ئیسلام خۆی بووە بە پاساو بۆ هەڵکوتانە سەر هەموو ئەو خێڵ و تایەفە و میللەتانەی، کە ئەم ئاینە نوێیەیان قەبووڵ نەبووە و پێمل نەبوون.

لەوساشەوە تاکو نهۆ، ئاین لە خۆیدا پاساوە و جەنگی پیرۆزی پێ بەرپا کراوە. بۆ بەرپاکردنی جەنگیش، جیاوازیی ئۆل و ئاین باشترین هەنجەتە. دواتر، کاتێک ئیسلام خۆی دابەش بووەتە سەر ژمارەیەک ئاینزا، کە لە لای هەمووان زانراوە، ئیدی جیاوازیی نێوان ئاینزاکان لە خۆیدا و بەدرێژاییی مێژووی ئیسلام، تاکو بە ئێستەش دەگات، بووەتە باشترین فاکتەر و پاساوێک بۆ جەنگی نێوان ئەو ئاینزایانە و تێوەگلانی تایەفە و خێڵەکان.

ڕەنگە جەنگی ناوخۆی ئێستەی وڵاتی عێراق باشترین نموونەیەک بێت، کاتێک کێشەی تایەفەگەریی، بەزەبری عێلجاڕیی خێڵەکان چارەسەردەکرێت. ئەم جەنگە نزیکەی تەواوی خێڵە سوننە مەزهەبەکانی تێوە گلاوە. لە کاتێکدا هیچ جیاوازییەکی

گەوهەری لە نێوان ئەو خێڵ و تایەفانەدا نییە. بەڵکو ئەو جیاوازییانە وەهمن و تەنیا خۆیان دەیبینن.

ئەوی ڕاستی بێت، هۆسەی بەگیان و بەخوێن "بالروح بالدم"، کە کاتی خۆیدا بەدەم هەلەکەسەماوە بۆ سەدامیان دەچڕی، هەر هەلهوولەکەی خێڵ بوو. ئەوانەشی دەیچڕن جا بۆ سەرکردەیەکی عارەب، یان هەر گەلێکی دیکە بیچڕن، ئەوانە خەڵکانی دووڕوو و خێڵەکی و ساکارن. سەرانی حزبەکانیش دوای ئەوەی بەهەر شێوەیەک بووبێت جڵەوی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، گەڕاونەتەوە سەر ڕیشە و ئاکارە خێڵەکییەکانیان، کاتێک بەرنامەی کاریان، نەخشە و پلانی هەرە گرینگیان ئەوە بووە چلۆن بتوانن کارێکی ئەوتۆ بکەن بەهۆیەوە دوای خۆیان نەوەکانیان و دوای نەوەکانیان وەچەکانیان لە جێی خۆیان ببنە میراتگر.

تەواو دەستووری سەرخێڵ، چلۆن لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا مامەڵەی کردووە. ئەوانیش ویستوویانە بەهەر فێڵ و پیلانێک بووبێت، بتوانن پلە و پایەی دەوڵەت بکەنە دەستکەوتی جەنگ "غنیمة" و هەتاهەتایی بۆ بنەماڵەکەیان بمێنێتەوە. بۆیە کاتێک لات کردەوە دەبینیت ئەندامانی حزب، لە تاکی خێڵ بترازێت هیچی دیکە نین و هیچ ئەرک و ماف و خولیایەکی دیکەشیان لە لا مەبەست نییە.

تاکی حزبیش وەک تاکی خێڵ دەبێت لە جەنگی حزب و گرووپەکانی دیکەدا بەشداری بکات و لەسەر سەرانی حزبی خۆی بکاتەوە. جا ئەو حزبە لەسەر هەق بێت یان لەسەر ناهەق. تاکو ئەویش، وەک تاکێکی خێڵ، لە دەستکەوتەکانی ئەو جەنگەدا پشکێکی بەربکەوێت. نەهۆ خەڵکانی حزبی، لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بۆ ئیمتیاز و کارتی سەوزی بازرگانی و چەندین دەستکەوتی دیکە حزبایەتی دەکەن.

## لۆجیکی پەز و شوان

هێشتا لە زۆر شوێنی جیهاندا، سەرکردەی حزب هەر سەرخێڵەکەی جارانە و بەمێنتەلیتیی ڕەشماڵ کار دەکات. تاکی بێدەسەڵاتی کەم ئەزموونی کەم ئاوەز و بێ پشت و پەناش، کە سەری لە دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە ئاڵۆزەکانی جڤاکی خۆی دەرناچێت و لێیان تێ ناگات. وەها زەن دەکات کەوتووەتە بێشەیەکەوە چوار

کەناری بەعەزیا و ناحەزی نادیار تەنراوە. ئەم تاکە ناخ کلۆر و غەریب و ڕاڕایە، متمانەی بە وزە و توانای خۆی لە دەست داوە و ناتوانێت خۆی بەڕێوە ببات، یان دەکرێت بێژین: لاولاوە و ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێت، دێت بە قەد و بالای ئەستوور و پتەوی حزبدا خۆی ئاوێزان دەکات.

ئەم تاکە بە پەرۆشەوە لەدووی پشت و پەنایەک وێڵە تاکو خۆی بخاتە بەختیەوە. ئەو ئامادەیە دەستبەرداری تاکایەتی "ئیندیڤیدوالیتی"ی خۆی ببێت. ئیدی لە ئیکۆنێک دەگەڕێت بیکاتە ڕابەر و سیمبول، تاکو وێنەکەی بەسینگی خۆیدا ئاوێزان بکات و لە ماڵەکەشیدا، بەرز بەقەد دیواری ژووری نیشتەنیدا هەڵی بواسێت، بۆ ئەوەی دۆست و دوژمن بزانن، کە ئەم چیدی تاکێکی تەنیاباڵ نییە. بەڵکو بەدڵنیاییەوە زاتێکی وەها کارامە و دەستپاک و زەبردەست گومان دەبات، کە سەر و سامان و داهاتووی خۆی پێ بسپێرێت و چارەنووسی خۆی، وەک تاکێکی بێ هێز بەوی ڕابەری زانا و نەبەز و کارقایمەوە گرێ بدات.

لێرەیشەوە ئەم تاکە بێ دەرەتانە وەهمی ئەوەی لە لا دروست بووە، گوایە ئەو ڕابەرەی خۆی پێ سپاردووە، زاتێکی کارامەی چرابەدەست و بیرمەند و بەرچاوڕوونە. مێشکی فوول لە کاردایە. ئیدی ئەو ڕابەرە بێ وێنەیە لە بری ئەم، کە تاکێکی پرزەبڕاوە، شەونخوونی دەکێشێت، بیر دەکاتەوە و لە هزران ڕۆ دەچێت و نەخشە و پلان بۆ ئەم و هەزارانی وەک ئەمی نەشارەزای ڕێ، دادەڕێژێت و هەرگیزیش ناخیچێت.

ئیدی ئەم وەک پەزێک لە بن سەرپەرشتیی شوانێکی مەعلاندایە. ئەم شوانە بێدارە ژیانی مسۆگەر دەکات و لە وەزەنی گورگان دڵنیای دەکات و دەیپارێزێت. پەز بەشوانەوە دەلەوەڕێت و ڕێ دەردەبات و تەمەندرێژە. ئەو پەی بەم فاکتە نابات، کە تاک مافی خۆیەتی کەسێکی سەرئازاد بێت و وابەستە نەبێت، لە دوای کەسانی دیکەوە نەڕوات، تاکو نەبێبە شەک و بکرێتە قۆچی قوربانیی.

ئەو تاکانەی ڕوو لە حزبی خێڵەکی دەکەن و تێیدا دەبنە ئەندام، بەزۆری ڕووەو ئاپۆڕای خەڵک و قەرەباڵغی مل دەنێن و زۆر جاران بەژمارەی ئاپۆڕاکە دەخاپێن. تاکی تەنیاباڵی پرزە لێبڕاو ئەوەندە بەوزە و توانای خۆی بێ بڕوایە، ناتوانێت وەک

کەسێکی سەرئازاد بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەو پێویستیی بەنێوەندێکی بەهێز هەیە دەستی بەباڵیەوە بێت. بەو نیازە ڕوو لە حزب دەکات، تاکو لە ڕیزی دوور و درێژی ئەندامانیدا و بەهۆی توانای نائاسایی و ئەفسوونی ڕابەرەوە، خۆی ڕابگرێت و بوونی نەمەییو و ناسەقامگیری بسەلمێنێت و هەر لێرەشەوە بە تەواوی ئامانجەکانی بگات.

مرۆڤیش هەر ئەوەندەی بوو بە پەز لە مێگەلەکەی حزبدا، ئیدی لە بری ئاوەز، ئاژەڵئاسا، غەریزە دەیجووڵێنێت. بەو مانایەی، حزب وتی بڕووخێ، ئەمیش دەبێتە دەنگدانەوەی حزب و یەک بەخۆی هاوار دەکات: بڕووخێ. کاتێکیش حزب وتی بژی ئەوا ئەمیش بێ بیرکردنەوە تا هێزی تێدایە دەشیرێنێت: بژی. ئەم تاکە بەمەڕبووە، سەدایە نەک دەنگ. ئیدی بەم شێوەیە ئەو دوور لە گەنگەشە و تێفکرین، هەڵوێستەکانی ڕابەر پەسەند دەدات و فەرموودەکانی جەنابی "بتڕابەر" کاوێژ دەکاتەوە. گوایە سەرۆک خۆی پێشتر بیری لە هەموو ڕێگەکان کردووەتەوە، مسۆگەرترین و ئەمینترینیانی بۆ گەیشتنە دوا مەنزڵ هەڵبژاردووە.

ئەم تاکە پێی وایە، کە ئەوی سەرۆک هەرگیز سەرچیخ ناچێت. جا چونکە ئەوەی ناوی هزر و ئاوەز بێت لە کن خودی ئەم تاکە بێ هێزە، لە سووڕی متبووندایە و ئامادە نییە، بەڵکو لە خانەکانی مێشکی خودی ڕابەردا ئەمبار کراوە. بۆیە ئەم تاکە بەپەزبووە سەری لەبەر خۆی دەنێت و دوای شوان دەکەوێت. بە فەرمایشت و ئاماژەی ئەو ڕێ دەکات و ڕووگەی خۆی دەگۆڕێت.

تاکی ڕۆژهەڵاتی بەزۆری بێ بڕاون، بۆیە دەیانبینیت بەملیۆنان دەبنە مێگەل، واتە دەبنە ئەندامی پارتەکان. لە کاتێکدا لە دنیای نوێدا سەرکەوتنی حزب بۆ کورسیی دەستەڵات مەرج نییە بەژمارەی ئەندامانی بێت. دیاردەی تەسلیمبوونی پەزانەش لە ئارادا نییە. زۆرن ئەوانەی لە دوا ساتەکانی دەنگداندا بڕیاری خۆیان دەدەن. ئەوان بڕیار لەسەر بەرنامە دەدەن نەک لەسەر ڕابەر خۆی. ئەگەر حزب بەڵێنەکانی نەبردەسەر ئەوا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی بۆنادەن. سەرنج بدە، پارتی گەلی سۆسیالیستی دانیمارک، SF کە پتر لە بیست کورسیی لە پەرلەماندا هەیە، کەچی ژمارەی ئەندامانی حزبەکەی خۆی بەشی هەڵبژاردنی چوار کورسیش ناکات. واتە

هێزی ڕاستەقینەی ئەو لەسەر پاڵپشتیی جەماوەری دەرەوەی حزبە نەک لەسەر ئەندامانی حزب.

زۆر جار ئەو جەماوەرە زۆروبۆرەی ڕۆژهەلات، کە دەوری ڕابەری خۆیان داوە، لە هێزێکی وەهمی بترازێت هیچی دیکە نییە. ڕێک کەوتووە لە تەنگانەیەکدا، یان لە بادانەوەیەکی مێژووییدا، لە کودەتایەکدا، حزب لەسەری سەرێڕا هەرەسی هێناوە. تاکەکان کاتێکیان بەخۆیان زانیوە، هەر ئەو ڕابەرە مێژووییەی، کە هەتا دوێنێ بوو ئەمان ڕەشوڕووتی بوون و سوێندیان بەسەری دەخوارد، لە پڕێکدا تەنیاباڵ بۆ کەڵبەی گەلەگورگ جێی هێشتوون و داڵدەیەک نەماوە خۆیانی تێدا وەشێرن.

یان کاتێکیان بە خۆیان زانیوە خودی ڕابەر، لە پڕێکدا جەنگێکی نارەوای ئەوتۆی هەڵگیرساندووە، ژیانی تەواوی ئەو تاکانەی، وەک داڵدە ڕوویان لە سێبەر و سایەی کردبوو، بەرەوڕووی مەترسی کردووەتەوە. واتە ڕابەر لە بری ئەوەی ڕەشوڕووتی خۆی لە مەترسییەکان بپارێزێت، بە گورگانخواردی داون. دواجار، ئەم تاکە بەپەزبووە، ئەگەر بەخت یاری بوو، توانی لە جەنگە دۆڕاوەکانی ڕابەردا بەسەلامەتی سەری دەر بکات ئەوجا پێ دەزانێت، کە چەند ساڵە خۆی خاپاندووە و لە گێلی داوە.

لە ناو حزبی خێڵەکیدا ئەندامان ئاوەزیان لە نێو فرێزەردایە، تەنیا ئاوەزی ڕابەرە، کە لە کاردایە. بە تەواوی ئەندام و لایەنگر و سەرکردایەتیشەوە گوێڕاڵی ئەو تاکە ئاوەزەن. چونکە کۆمیتەی ڕابەرایەتیش هەر پەزن. واتە ئەوی سەرۆک هەم ڕابەرە و هەم تاکە هزرڤانی حزبیشە. بڕیارەکانیشی تاکەکەسین، تەواو وەک بڕیارەکانی سەرخێڵ. ئەو هاتووە سەرەداوی تەواوی ئۆرگانە گرینگەکانی حزبی بەکوڕ و برا و ئامۆزا و کەسە نزیکەکانی خۆی سپاردووە. ئەوانی دیکە هەر سەرلەقاندنیان بۆ ماوەتەوە. سەرۆکی ئەم جۆرە حزبانە لە ژێر ناونیشانی دوژمنی داگیرکەردا، یان لە ژێر ناونیشانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا، کۆمەڵێک دوژمنی وەهمییان قوت کردووەتەوە، کە هەرگیز بەگژیاندا ناچنەوە. بەڵکو مەترسیی مەزن بۆ سەر تەوای بەرژەوەندییەکانی میللەت خۆیان و حزبەکانیانە.

لە حزبی خێڵەکیدا، ڕابەر جێگری نییە. ئەگەر بۆ چاوبەستی مێگەل و بۆ بەرچاوی میدیاکان جێگریشی هەبێت، ئەوا ئەو جێگرە کارەکتەرێکی کارتۆنی و وەهمییە.

چونکە مانای جێگر ئەوەیە لەتافی ونبوونی ڕابەردا بەکردەوە جێی ئەو بگرێتەوە و تەواوی دەسەڵاتەکان لە ڕابەری کۆنەوە بگوێزرێنەوە بۆ جێگرەکەی. بەڵام ئەم پرۆسەیە هەرگیز لە حزبی خێڵەکیدا ڕوو نادات.

با هەندێک نموونە بهێنمەوە. کاتێک سەرکۆمار و ڕابەری گشتیی پارتی بەعس لە وڵاتی سووریا وەغری کرد، "عبدالحلیم خدام"ی جێگری نەچووە جێی، بەڵکو کورەکەی بووە سەرۆکی وڵات و ڕابەری حزب. ئەگەر سەرۆکی عێراق "سەدام حوسێن"یش وەک سەرۆکی سووریا بەمردن کۆتاییی پێ بهاتایە، "عزة الدوري"ی جێگری سەرکۆمار و جێگری ڕابەری حزب یان "تەها محێدین"ی جێگری نەدەچوونە جێی، بەڵکو یەکێک لە منداڵە نێرینەکانی "صدام" جێی دەگرتەوە. دیارە هەرگیز و هیچ کۆنگرەیەک "ڕابەر، سەرۆک، سکرتێری گشتی"ی حزبی خێڵەکیی پێ ناگۆڕێت. ئەو تامردن هەر ڕابەر، یان سکرتێری گشتییە. ئەگەر سکرتێری گشتیی کۆچی دواییش بکات، ئەوا دیسان جێگرەکەی ناچێتە جێی.

ئەندامانی سەرکردایەتی، نەخشێکیان نییە جگە لەوەی ئەوانیش وەک ئەندامانی خوارەوە بڕیارەکانی ڕابەر پیادە دەکەن. مەگەر ئەوەندە هەبێت، ئەوان بڕێک لە ڕابەرەوە نزیکترن. دەنا ڕابەر خۆی بڕیار دەدات و بەئارەزووی خۆی هەندێک ئەندام بۆ سەرکردایەتی و دەوروپشتی خۆی سەردەخات و پلەی هەندێکی دیکەش دادەبەزێنێت.

ئەوان بەردی شەترەنجن و ڕابەر دەیانجووڵێنێت. هەندێک جاران، هەر بۆخۆی تۆوی ناکۆکی و ناتەباییان لە نێواندا دەچێنێت، تاکو ئەوان بەململانێی لاوەکیی نێوان خۆیانەوە خەریک بکات و نەیانپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە گۆڕینی ڕابەر بکەنەوە. ڕابەری حزب، لەسەر شێوەیەی دەرهێنەرانی شانۆی بووکەڵە، گشت سەرە داوەکانی بەدەستەوەیە و هەر خۆیەتی دەیانجووڵێنێت و گەمەیان پێ دەکات. بووکەڵە لە خۆڕا گەمە نازانێت و ناجووڵێت. بووکەڵە گیانی تێدا نییە.

وەلێ لە دنیای ئازاددا، زۆر جاران ڕێک دەکەوێت. لە کۆنگرەی حزبدا سێ چوار ڕابەری پێشووتری حزب لە پاڵ یەکدا وەک ئەندامی ئاسایی ئەو حزبە ئامادە و بەشدار بن. هەندێک لە ڕابەرانی حزب وەک مۆراڵ کردوویانە بەباو ئەگەر

حزبەکانیان لە هەڵبژاردندا خیچان ئەوا بێ ئەوەی گوشاریان لەسەر بێت، یان کاربگاتە ئەوەی ڕوویان لێ بنرێت و ئیحراج بکرێن، بۆ خۆیان واز لە ڕابەرایەتی دێنن و کورسییەکانیان بۆ ئەندامیکی دیکەی کارای حزب جێ دێڵن.

گۆڕینی سەرۆکی حزب و دەوڵەت، لە لای حزبی خێڵەکی، وەک لە دنیای نوێدا باوە، لە ڕێی سەندووقی هەڵبژاردنی نێو خۆی حزبەوە بەڕێوە ناچێت. چونکە لە هۆڵی کۆنگرەدا ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەش لەسەر گۆڕینی خودی ڕابەر کۆک بن، هێشتا هەر ناتوانن بەڕێی دەنگدان ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن. گۆڕینی ڕابەر لە حزبی خێڵەکیدا، تەواو وەک گۆڕینی سەرخێڵ بەکودەتا حیساب دەکرێت و گەمەیەکەی ترسناک و خوێناوییە. بۆیە بەتراجیدیا دەشکێتەوە.

لە دۆخی وەهاشدا، حزب خۆی دووکەرت دەبێت و حزبێکی دیکەی نوێ دێتە ئاراوە. ئەمە ئەگەر تەواوی ئەوانەی بەنیازی گۆڕینی ڕابەرن پێشتر بەزۆر بێت یان بەخوایشت ژیوان نەکرێنەوە، یان نەکوژرێن. جا کوژرانی ڕامیاری بێت یان فیزیکی.

ئەم دیاردەیە هەربە پارتێک و دوانەوە تایبەت نییە، بەڵکو لای خۆمان هیچ کۆنگرەیەک لەتوانایدا نییە تەنانەت ڕابەری حزبی سۆسیالیست و زەحمەتکێشیش بگۆڕێت. هەروەها بۆ حزبە ئیسلامیەکانیش، کە لەم ڕووەوە ئەزموونی تاڵیان هەیە. لای ئەوانیش بەزۆری جڵەوی ڕابەرایەتی لە سەرۆکەوە دەچێتە مستی مناڵە نێرینەکانی ڕابەری پێشوو. هەر هەڵبژاردنێکی نوێش چێ بکرێت ئەوە چاوبەستە و تەنیا بۆ خاپاندنی ڕەشوڕووتی حزبە، دەنا هەڵبژاردنەوەی ڕابەری حزب بەر لە گرێدانی کۆبوونەوەکان بڕیاری لەسەر دراوە و یەکلایی کراوەتەوە.

ئەندامانی حزبیش ئەوەندەیان لەسەرە بڵێن "لە خزمەتداین" یاخۆ "سەرمان پێوە نییە" واتە ئێمە بیر ناکەینەوە. بەڵکو لەگەڵ بیرکردنەکەی تۆداین ئەی جەنابی ڕابەر. ئێمە لە ئاستی شکۆی تۆ و ئاوەزی زیندووی پڕ نوور و گەشاوەی تۆدا هیچ نموودێکمان نییە جەناب. پێ ناچێت ئیدیەمی "سەرم پێوە نییە" لە فەرهەنگی هیچ کام لەو زمانانەدا هەبێت، کە بەندە سەرەدەرییەکیان لەگەڵدا دەکەم. ئەم ئیدیەمە، ئەگەر بچینە بنج و بناوانی. ئەوا زۆر مانای هەیە و بەرهەمی جڤاکی کۆیلایەتیشە.

دوای ئەوەی ڕابەر کۆچی دواییش دەکات، هێشتا هەر سێبەر و سایەی بەسەر

ئەندامانی حزبدا دەفرێت و گەرەکە رۆژانە ناوی بێت. باس بکرێت و وتە پیرۆزەکانی بەناوی زێڕ بنووسرێنەوە. چونکە رابەری نوێ هەر درێژەپێدانی رابەری کۆنە. بۆیە لە رێی چەندین قەڵەمی هەمان حزبەوە، رابەر بەپیرۆز و کاریزما دەکرێت و خەرمانەیەک لە نووری پیاوچاکی، مرۆڤدۆستی و ئازایەتی لە دەوری سەری چێ دەکرێت و هەرچی ئاوەڵناوە جوانەکانی نێو فەرهەنگی ئەو زمانە هەیە دەردرینە پاڵی، هەرچی ئاوەڵناوە دزێوەکانیشە دەدرینە پاڵ نەیارانی.

بەسەرێکی دیکە تەواوی سەرچاوە ئابوورییەکان لە بن دەستی بەرپرسی یەکەمدایە. بەو ئابوورییە مفتە ویژدانەکان دەکڕێت. میدیای خۆی پێ دەخاتەکار. ئەو وەک دەستتندە، بەشی جومگەکانی دیکەی حزب و دەوڵەت دەدات و کەسێک ناتوانێت لێی بپرسێتەوە. چونکە ئەو خۆی لەسەرو یاساکانەوەیە. جڵەوی هەرسێ دەسەڵاتەکانی لە مستە و میدیاکان و تەواوی راگەیاندنەکانیش ملکەچی خۆین. دەسەڵاتی چوارەمیش بەکردەوە لە گۆڕێدا نییە.

لە ناوچەیەکی نەخوێندەواری دواکەتوودا، کە تاکەکان بەتەواوی مافی خۆیان ناس ناکەن، سۆز بۆ خێڵ و تایەفە و مەزاجی دەڤەرگەرایی جێ بەژیری لێژ دەکەن. لە جڤاکی وەهادا، نەرووناکبیری رۆڵی بەرچاوی دەمێنێت، نەرابەرە دڵسۆزەکان. ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە جێی تەراتێنی کەسانی گەندەڵ و بەرژەوەندخواز. ئەوانە پاڵنەری سۆز، ئیکۆنەکانی دەوڵەتیان بەسەردا دەسەپێنێت، نەک ژیری و بەرژەوەندیی گشتی.

لێرەدا وشیاری پاشەکشە دەکات و رووناکبیران بەهاکان لە دەست دەدەن. بە پیرۆزکردنی رابەریش هەر بۆ دەمکوت و قروقەپ پێکردنی کوڕانی خێڵە، تاکو کەس نەتوانێت پێی بڵێت پشتی چاوت برۆیە. بەڵکو لە دۆخی وەها لێڵدا کەس ناتوانێت سووکە گلەییش لە هەنگاو و بڕیارەکانی رابەر بکات، ئەوێک، کە لە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوە دەدوێت و فەرمانڕەواییش دەکات.

ئێمە کاتێک باس لە کێشەیەکی رامیاری دەکەین، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، یەکسەر زەینمان بۆ لای هەڵبژاردنی پێشوەخت دەچێت، تاکو بەشێوەیەکی ئاشتییانە سەرکردەکان بگۆڕێن و پاشان لە رێی زۆرینە و کەمینەی نێو هۆڵی پەرلەمانەوە چاری تەواوی کێشە سەخت و هەڵواسراوەکان بکرێت. وەلێ لە حزبی

خێڵەکیدا، ئەم پرۆسەیە ڕوو نادات. چونکە حزبی خێڵەکی کێشەکانیشی هەر خێڵەکییانەیە و بەشێوازی ناشارستانی یەکلاییی دەکاتەوە. بنیاتی کۆمەڵگەی خێڵەکیش لە خۆیدا کۆن و سواوە، باو و نەریتییە. واتە لەگەڵ پرۆسە شارستانییەکاندا نایەتەوە.

بۆیە بۆ چارەسەری کێشە سەخت و هەڵواسراوەکان، هەمان ڕێی باو و نەریتی و سواوی لەمەڕ خۆیان، کە لە بابەلبابەوە لەسەری ڕاهاتوون و خەدەیان پێوە گرتووە دەگرنە بەر. سەرئەنجام کێشەکان بە ئەنجامی ئەرێیانە ناشکێنەوە. وەهابێت هەردوو لای ناکۆک لەسەری قایل بن. بەڵکو لە دواجاردا میلیشیای حزب کێشەکە بەلایەکدا دەخات. واتە ژێری و لۆجیک وەلا دەنرێت و پەنا وەبەر هێزی ملهوڕ دەبرێت.

کێشەکان، لە بری ئەوەی بەرەو چارەسەری سەردەمییانە بچن، ئاڵۆزتر دەبن. لقوپۆیان لێ دەبێتەوە و لە جاران خراپتر دەشێوێن. ئەگەر بەمێژووی کۆن و هاوچەرخی خۆماندا بچینەوە، دەبینین تەواوی کێشەی ناو حزبەکان. لە دواجاردا بە دووکەرت بوونی نەرێنی، واتە بەشەڕ و پێکدادان و بوختان و تۆمەت بۆ یەکدی هەڵبەستن و دابڕانی یەکجاری شکاونەتەوە و دواتر هەموو لایەکیش دووچاری شکست هاتوون.

لە نێو ڕیزەکانی حزبی خێڵەکیدا سیاسەتیش هەر خێڵەکییانەیە و بەزانست نابێت. لێرەوە هەردەم کۆمەڵگە دەبێتە دوو بەشی تەواو بەیەک ناکۆک. پاژێک دەبنە ئێمە و پاژێکیش دەبنە ئەوان کە هەمیشە کنە لە یەک دەکەن و چاڵ بۆ یەکدی هەڵدەکەنن. چونکە ئێمە هەردەم ڕاستین و لەسەر هەقین. ئەوانیش هەردەم لادەر و گومڕان. واتە لەسەر بەدوژمنکردنی یەکدی سوور دەبن. هەر پاژەوە هەوڵ دەدات بەهەر نرخێک بێت لایەنەکەی دی فڕێ بداتە دەرێی تەواوی دەستکەوتەکان، تاکو تەواوی ئیمتیازەکان بۆ خۆی بێت. لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا، لەیەک دوورتر دەکەونەوە، چونکە وردە وردە هەر پاژە و دەبێتە خاوەنی نۆرم و ئەوێتیی "ئایدێنتیتی"ی خۆی و کۆمەڵێک سیمبول و ئیماژە و ڕێ و ڕەسم و کولتووری تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت. واتە جارێکی دیکە بەیەکەوە نانووسێنەوە.

## میلیشیای حزبی خێڵەکی

حزبی خێڵەکی ئەگەر حکوومەتیش پێک بهێنێت، هێشتا هەر ئامادە نییە دەستبەرداری هێزی غەیرەنیزامی و میلیشیایی ببێت، ئەگەرچی ئەم میلیشیایە لە هەیبەتی سوپای فەرمیش کەم دەکاتەوە. ئەو هێزە میلیشیاییە، لە ئەرک و پێکهاتەیدا هەر ئەو هێزە ئامادەباشە گورزوەشێنەی سەردەمی خێڵە، کە ڕێزدار سەرۆکی تەواوی تیرەکانی جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگ بە "سوارەی پشتماڵە" ناوی دێنێت و پێشتر باسم لێوە کردووە.

ئەم میلیشیایە لە هەوادارانی هەمان حزبن، بۆیە گوێڕایەڵییان بۆ ڕابەری حزب لە هێزی پۆلیس و سوپا زیاترە. ڕابەر دەتوانێت وەک کوتەکی دەستی، بۆ تەمبێکردنی ئەندامە لاسارەکانی خۆی و ناحەزانی دەرەوەی حزب، دوور لە چاوی کامێرای و میدیاکان بەکاری بهێنێت. مانای ئەوەش دەگەیەنێت، کە ڕابەری حزب، باوەڕی بەدەسەڵاتی دادوەری و یاسا نییە. بۆیە بەم هێزە تەیارە، لەودیوی یاساوە نەیارانی خۆی تەمبێ یان تەفروتوونا دەکات.

بۆیەکا حزبی خێڵەکی وێڕای زیندانەکانی حکوومەت، زیندانی ژێرزەمینیی تاریکی تایبەت بەخۆی هەیە، نەیارانی ڕابەر و حزبی تێدا زیندانی دەکات، کە بێگومان کەش و دۆخی گەلێک لە ئەتمۆسفێری زیندانە فەرمییەکانی حکوومەت نائینسانیترە. چاوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیشی پێ ناگات و پەنامەکییە. هەر وەک سزاکانیشی گەلێک لە سزاکانی نێو یاسا نووسراوەکان قورسترن. هەندێک جار دەمگۆیەک، ڕاپۆرتی ساختەی قسەچنێک دەبێتە هۆی مەحفکردنی نەیار.

ئەندامانی ملیشیای حزبی خێڵەکی بەتەمەن هەرزەکارن، خاوەنی بەرپرسیاریەتیی خێزان نین. وێڕای ئەوەی کەمئەزموون و هەڵەشەن، لە ڕووی ڕووناکبیریشەوە هەژارن. زوو هەڵدەچن. بەسۆز کار دەکەن نەک بەژیری. بەئاسانی فریو دەخۆن و دەخاپێن. بەڵکو هەندێکیان باش پەروەردە نەکراون. بەزۆری لە خێزانی بێ سەروبەر و هەڵوەشاوەوە هاتوون و بێ سەوادن. زۆریان حەز لێیە بەتای تفەنگێک یان دەمانچەیەکەوە دەربکەون و لە ڕەزنە فیشەکدا زەرد بچنەوە. کەیفیان لێیە خۆیان بەسەر خەڵکی سڤیلدا ڕانێن. دەردی ئیدیەمە کوردییەکە دەڵێت: "فوو لە دۆ ناکەن"

گەرەکیانە تۆڵەی خۆیان لە کۆمەڵ بکەنەوە. ئەم جۆرە میلیشیایەش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە قورسەکانی حزب یەکاویەکە. چونکە ئەوان بێ بیرکردنەوە، لە پێناوی دەستکەوتێکی گچکەدا، یان هەندێک جار هەر لە پێناوی ئافەرینێک و ڕاگرتنی دڵی جەنابی ڕابەردا، هەر کارێکیان پێ بسپێردرێت، چەندیش نارەوا بێت ڕای دەپەڕێنن.

هیچ یاسایەک وەک ڕێنوێنییەکانی هاتوچۆ شارستانی نییە، چونکە پابەندبوونی تاک بە یاساوە دەگەیەنێت. وەکو تر ئەو سێ ڕووناکییەی سوور و سەوز و زەرد؛ یانژی ئەو هێڵ و ڕێنوێنییانەی نێو شەقام و کەنارەکانی لە خۆیاندا دەسەڵاتن. تاک دەبێت گوێڕایەڵیان بێت. بەپێی ئەو ڕێنوێنییانە تاک ناتوانێت هەر کاتێک ویستی لە شەقام بپەڕیتەوە و بابداتەوە. وەلێ ئەو هێما و ڕێنوێنییانە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر نین. بەڵکو بوونیان بۆ پاراستنی ژیان تاکەکان، بەتایبەتی بۆ منداڵان زۆر پێویستە. بەڵام لای هەمووان ئاشکرایە، کە ئەندامانی حزبی خێڵەکی، میلیشیاکانی حزب بەتایبەتی، بەر لە هەرکەسێکی دیکە سەرپێچی دەکەن و لە گڵۆپی سوور دەدەن. ئەمەشیان لە بۆ سەلماندنی قودرەتی خۆیانە. بۆ ئەوەیە بەرەشە خەڵکەکە بڵێن ئەوان لە سەرو یاساوەن. ئەوانیش تەواو وەک تاکی خێڵەکیی یاسابەزێن. ئەوان ئۆرتیش بۆ هێزەکانی پۆلیس، کە نوێنەری یاسا و دەسەڵاتی فەرمییە دانانێن. هەردەم میلیشیای حزب ئەوەندەی زیان بە میللەت دەگەیەنێت، دەیەکی ئەوە زیان بە دوژمنانی ناگەیەنێت.

میلیشیای حزبی خێڵەکی بەزۆری لە کەسانی بێ سەواد و فاشیلی ناو کۆمەڵ پێک هاتووە، وەلێ بەمشت تاج و نەجمەی قەڵبیان لەسەرشانە، واتە ئەوانە لە بناخەدا لە سەرو یاساوە، دوور لە زانست و بێ بڕوانامە دامەزراون. ئەو بڕە پارەیەی لەواندا خەرج دەکرێت دەبووایە، کون و کەلبەری دیکەی پێ بگیرایە. ئیدی چلۆن گوێ بەیاسای فەرمی دەدەن؛ ئەگەر یاسەیەک لە دەڤەرەکەیاندا بوونی نەبێت؟ ئیدی چلۆن خۆیان لێ نابێتە ڕۆستەمی زاڵ. وەلێ میلیشیای حزبی خێڵەکی "لە دوژمن ترس بەخزم و ئاشنا فێر"ە. بێجگە لە حزبە خێڵەکی و تایفییەکانیش هیچ حزب و ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی خاوەنی میلیشیا نییە و لە جڤاکێکی مەدەنیی سەقامگیردا لێشیان قەبووڵ ناکرێت.

## گرینگیدان بەڕواڵەت

کاربەدەستانی حزبی خێڵەکی، گرینگییەکی زۆر بەکەشوفش و ڕواڵەت دەدەن. پێیان وایە ڕەشوڕووت ئاوەزیان لە چاویاندایە. بەدووی قۆزتنەوەی دوا مۆدیلی ئوتومبیل و گرانبەهاترین تفاقی ناوماڵدا وێڵن. گەورەترین کۆشک و سەرا دەڕازێننەوە. هەردەم هێندەی بووکێک ئوتومبیلیان بەدواوەیە. ئارەزووی سەیر و سەمەرەیان هەیە. بە دەیان و سەدان نۆکەر و کارەکەر لە ژێر ناونیشانی حیمایەدا ئێشکیان دەگرن. پیاوەکانیان بۆ پیشاندانی شان و شکۆ و بۆ چاندنی سام لە ناخی خەڵکدا بێ ئەوەی هیچ مەترسییەک لە گۆڕێدا بێت لە فیشەکدا زەرد دەچنەوە.

تۆ ئەگەر هاووڵاتییەکی ئەوروپایی بیت، دەتوانیت زۆر بەئاسانی سەرۆکی وڵات یان شا و شاژن ببینیت، کەچی دوای دە پرسگە ئینجا دەگەیتە بەردەم پرسگەی سەرەکیی ڕابەرێکی خێڵەکی. بەڵکو تۆی تاکی ئاسایی ئەستەمە بەدیداری شاد ببیت. ئەمانە هەمووی وەک ڕووکەش و دیوی دەرەوە. وەلێ بەزۆری لە ناخەوە زادێکی ئەوتۆ لە زانیارییان پێ نییە. مەگەر بەدەگمەن دەنا زمانیکی زیندووی ئەم جیهانە نازانن. بەشێکی بودجەی دەوڵەتی خێڵەکی بۆ باقوبریقی ڕووکەش و کەشوفش دەڕوات. بەڵام وەرە سەرنجی جاک شیراکی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا بدە، چۆن وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی لە شوقەیەکدا ژیان دەگوزەرێنێت.

حزبی خێڵەکی هەر ئەوەندەی چووە سەرکار و جڵەوی حوکمی گرتەدەست، ئیدی تەواوی داوودەزگەکانی حکوومەت و دەوڵەت لۆگۆ، دروشم، ڕەنگ و شێوە دڵخوازەکانی حزب بەخۆیانەوە دەگرن. دیاردەکان بۆنی حزبیان لێ دێت و مارکەی حزب لە خۆیان دەدەن. دارو دیوار، فەرمانگە و قوتابخانەکان، وێنەی ڕەمزەکانی حزب دەپۆشن. تۆ ڕوو لە هەرکوێیەک بکەیت، باسی هەر شتێک بکەیت، دواجار هەر دەبێت بگەڕێیتەوە سەر باس و خواسی سوارچاکانی حزب. لە خەونیشدا هەر حزب و سەرکردە نەمرەکانی دەبینیت. خێڵ ئیگۆییستە. حزبی خێڵەکیش کۆڕپەی حزبە و هەڵگری توخمات و سیفاتەکانی خێڵە، بۆیە بە زەقی ڕەمزەکانی خێڵ دێنیتە پێش و نمایشیان دەکات. بۆیە یاد و یادەوەری و نەریتەکانی خێڵ باڵ بەسەر تەواوی

دەزگــەکــانــی حکوومــەتدا دەگــرێت و دار و بەرد بۆنی حــزبی لێ دێت. ئامــاژە و دروشمەکانی حزب گەلێک لە پرۆژە ئابوورییەکان بەگرینگتر دەگیرێت.

## ژن لە حزبی خێڵەکیدا

کۆمەڵگەی خـێڵەکی بەگشتی، بۆ هەر دیاردەیەک تۆ ملی بگریت، لە دیدی پیاوەوە ســەرنجی دەدات و دەینرخـێنێت و بڕیاری لەســەر دەدات و یەکـلایشی دەکـاتەوە. پرۆســەی جـووتبوون، نـاوی خـۆی و ابەخـۆیەوە، واتە بە هەردوو ڕەگەزەکـە ئەنجـام دەدرێت. نێـر و مێ چونیـەک تێیـدا بەشـدارن. ئەمـە لە واقـیعـدا وایە، بەڵام کـاتێک دەکـەوێتـە بەر قـاڵەی دەمی کـۆمـەڵگەی خـێڵـەکی، پیاو بکەرە و ژن بەرکـار. پیـاو سەرکەوتووە و ژن ژێرکەوتوو. ژن وەک ئەو ئەکتەرەکەی، کە دەتوانێت تەنیا ڕۆڵێکی دیاریکراوی وەک "کـۆمـیـدی" بۆ نموونە، بەسـەرکـەتوویی ببـینێت. عارەب بەم جۆرە ئەکتەرە دەڵێن "نمطی". لە جڤاتی خێڵەکیدا ژنیش ڕۆڵی سێکسی دراوەتە پاڵ.

سەبارەت بەڕێژەی بەشداریی ژن لە حزبە کوردستانییەکاندا بەگشتی، ئامارێک لە بەردەسـتدا نییـە تاکو پشتی پێ ببەسـتین. بەڵام گومـانی تێدا نییـە، لە چاو پیـاودا ڕێژەیان کەمـترە. بارودۆخی ئێستای باشوور نەمەییوە و وابەستـەی دۆخی عێراقە. بۆیە ئافـرەت بە گشـتی ترسی لە حـزب و کـاری سـیاسی هەیە. بەری ڕاپەڕین زۆر مێیینە، کە لە سـەر چالاکیی سیاسیی "نهێنی" گیرابوون و دووچاری ئەشکەنجـە و هەیـانبــوو دووچاری زۆرەدەسـتگرتەیش "إغـتـصــاب" بووبوونەوە. هەبوون لـە نێـو زیندانـدا زۆڵیـان خسـتبووەوە. ئەم دۆخـە ترسناک و نامرۆڤـانەیە، لە خـۆیدا جۆرە تۆقینێکی لە زەینی مێیینەدا دروست کردووە. زۆر جاریش بۆ چالاکیی حزبی، ژنان پێویسـتییان بەڕەزامـەندیی مێردیان و کیژان بە ئەرێی باب و برایان دەبێت. تەنانەت هەندێک لە بەرپرسـان، کە لە ئاستی بەرزی حزبدان، کەسوکاری مێیینەی خۆیان لە دەرێی سیاسەتدان. واتە نابنە پێشەنگ تاکو ژنانی دیکەش چاویان لێ بکەن.

لە ناوچەی ڕۆژهـەڵاتی ناڤیندا بەگشـتی، بەهـۆی کێـشـەی ئازادیی کاری حـزبی بەلایەک، دواکەوتنی کۆمـەڵایەتی بەلایەک و هەژموونی ئاینیشی لە پاڵدا، خـەڵکی لەم ڕووەوە مـحـافـەزەکـارن. لەوێ ژنان خـۆیان لە چالاکـیی سـیـاسـی بەدوور دەگـرن،

ئەگەرچی ژمارەیەک حزبی ئیسلامی سیاسی چالاکی دەنوێنن. حزب زیاتر بووەتە مەیدانی چالاکیی پیاوان. دامەزرێنەرانی حزبەکانیش هەمیشە پیاو بوون. سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی پیاوسالارە. ژمارەی ژن هێشتا لە بواری کاردا هاوشانی پیاو نییە، تاکو ئەم بەشدارییە لە سیاسەتیشدا ڕەنگ بداتەوە. بۆیە لە شەڕی دەسەڵاتدا . لە ناو حزب و دەرەوەی حزبەکانیشدا ژن بەشدار نییە و پاشکۆی پیاوە سیاسییەکانە:

«دوورخستنەوەی ژن لە نێوەندی بڕیاردان، ڕەنگدانەوەی بەشێکە لە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن، کە جەماوەری ئەو وڵاتانە بەژن و پیاویانەوە بەدەستیەوە گیرۆدەن. ئەوان بەمەبەست و بەزۆر هەنجەت دەیانەوێت لە بواری سیاسەت دووریان بخەنەوە، بەڵکو لە سایەی نەبوونی دیموکراسی و ئازادیی ڕاوە، پێوەندی گرێدان بەدنیای سیاسەتەوە، مۆرکی ترسی بەخۆوە گرتووە. فاطمة الزهراء أزرويل، نساء ورجال، ص ٧٤»

لەلای خۆمان، هەمووان باسی سیاسەت دەکەن. وەلێ زۆربەی ئەوانەی بەری ڕاپەڕین چالاکی سیاسی بوون، واتە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بوون، تووشی داپڵۆسین و ماڵوێرانی و کوشتن و بڕین و ژێرزەمینە تاریکەکانی بەعس بوون. زۆر پیاو کۆڵیان دا، یان ڕووخاون و بەرگەیان نەگرت چ جای ژن، کە بارودۆخی لە پیاو گەلێک ناسکترە. ئەم بەسەرهاتانە لە نەسی مێیینەدا هەر ماون و سڵیان لێ دەکاتەوە. بۆیە جاروبار گوێمان لەم گوتەیە دەبێت، کە دەڵێت: سیاسەت کاری پیاوانە.

هەندێک هۆکاریش ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە خودی حزبەکان خۆیان و ئەیدیۆلۆجیای حزبەکانەوە هەیە. ئایا لە حزبەکاندا نێر و مێ هاوسانن، کە ئەوان لە نێو کۆمەڵدا بەژمارە هاوسانن؟ لە ڕووی یاساییەوە بەفەرمی ڕێگرییەک لە ئارادا نییە. ژنیش وەک پیاو هەردەبێت بۆ وەرگرتنی پۆستەکان و بۆ هۆڵی پەرلەمان حزب بیپاڵێوێت. یاسا نەنووسراوەکانی خێڵ، بنەما بۆماوەکان و داوونەریت و کولتووریش کە لە بنکی نەستدا بنیانناوەتەوە، بۆ هاتنە پێشەوەی ژن لە نێو حزبدا هاندەر نین. هێشتا هەر پیاو وێنەی ژن دەکێشێت و دەینرخێنێت و تەنانەت ناویشی لێ دەنێت. ئەمیان پێی دەڵێت ژن و ئەویان پێی دەڵێت ئافرەت.

لەوپەڕی ڕاستەوە تا بەبانچەپەکان دەگات دەیڵێن و دەیڵێنەوە "ژن نیوەی کۆمەڵە" بەڵام بەکردەوە لە هیچ بوارێکدا حیسابی نیوەیان بۆ نەکراوە. بەپێی ئەم دروشمە بێت، گەرەکە نیوەی ئەندام پەرلەمان، وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، پارێزگار و سەرۆکی شارەوانی و قایمقامەکان و... هتد ژن بن. وەلی ئەم دروشمە خاپێنەرە نەک هەر لە لای کورد، کە لەخۆ بەڕێوەبردندا کەم ئەزموون و لەدوایە، بەڵکو لە هیچ جێیەکی دنیادا، بە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپایشەوە نەخراوەتە واری جێبەجێکردنەوە و هەر قسەی ڕووتە. کوان ئەو مێیینە دەگمەنانەی، کە زیندانی سیاسی بوون و لە کاتی خۆیدا دوچاری هەموو جۆرە ناڕەواییەک بوون، چەندیان وەزیر و ئەندام پەرلەمانن؟ چەندیان توانیویانە بگەنە هێڵی پێشەوەی حزبەکانیان؟

پرسی یەکسانیی ژن و پیاو دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەگەر ئەم پرسە بەکردەوە نەچێتە بواری پراکتیزەوە و لە بواری سیاسەتدا ژن نەبینین پێگەی سەرکردە وەربگرێت. مانای وایە ئەم یەکسانییە هەر قسەیە و لە زەمینی واقیعدا مامەڵەی پێ ناکرێت. دەشێت بڵێین: لێرەدا دیسان حزبی خێڵەکیش، لەگەڵ ئاینی ڕەسمیدا کۆکە، کاتێک، ولایەتی ژنی قەبووڵ نییە. لە فەرموودەیەکدا کە نازانم ڕاستە یان هەڵبەستراو، هاتووە "لا يفلح قوم ولي أمرهم إمرأة: گەلێک ژن سەرکردەیان بێت، سەرکەوتوو نابن".

لانی کەم دەبوایە لەم سەردەمەدا یاسای مۆڵەتدانی حزب، پێشمەرجی ڕێژەیەکی ماقووڵی ژنی بەسەر دامەزرێنەرانی حزبی نوێدا بسەپاندایە و بەبێ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێژەیە مۆڵەتی بەهیچ جۆرە حزبێکی نوێ نەدایە. ئەمڕۆکە لە دنیای نوێدا بۆ دامەزراندنی حزبی نوێ، بەئاشکرا، لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا جاڕی بۆ دەدرێت. وەلێ زۆربەی ئەوانەی لای ئێمە لەبەر ئەو هۆکارانەی، کە لە لای کەس شاراوە نین، لەژێر زەمینیدا دروست بوون. واتە هەر لە دەستپێکەوە قەدەغە و ڕاونراو بوون. پرسیارێک لێرەدا سەر هەڵدەدات؛ ئایا حزبێک لە ژێرزەمینیدا دامەزرابێت و چاوی هەڵهێنابێت، دەتوانێت لە ڕیزەکانی خۆیدا یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بپارێزێت و بوار بە کەسانی دیکە بدات جڵەوی حزب بگرنە دەست؟

لە حزبی خێڵەکیدا ژن چەند لێوەشاوە و قارەمانیش بووبێت، هێشتا هەر ڕووی

نەداوە گەیشتبێتە پلەی ڕابەری حزب. چونکە حزبی خێڵەکیش وەک خێڵ خۆی، ئافرەت بەشایانی سەرکردایەتی نازانێت. ئەو پێی وایە ژن ناتوانێت ڕابەری پیاوان ببێت، گوایە مێیینە جێی متمانە نییە. فێڵی لێ دەکرێت و نهێنی پێ ڕاناگیرێت. خاوەنی بڕیار و قسەی خۆی نییە. لە تەنگانەدا بەرگە ناگرێت و پشوودرێژ نییە و گەلێکی دیکە لەم سیفەتە نەرێیانە، کە لە پاژی "ژن لە دیدی خێڵەوە"دا، بەدرێژی باسیان کراوە و پاتەکردنەوەیان پێویست ناکات. وەلێ هیچ گومانی تێدا نییە، کە ئەوەی بەکەم سەرنجی ئافرەت بدات مانای وایە بەکەم سەرنجی ئینسانی داوە.

ژن لە وەها حزبێکدا سێبەری پیاوێکە. ئەگەر بۆی لوا و هەنگاوێک هاتە پێشەوە، لەبەر ئەوە نییە، کە ئەو مێیینەیەکی زرنگ و لێوەشاوەیە، بەڵکو لەبەر خاتری میرد و باب و برایەتی. بۆیە خاوەنی تاکێتیی خۆی نییە، بەڵکو تاکێتیی ئەو پیاوانە پیادە دەکات کە لە پشتیەوە وەستاون. وەک پیاو هەڵسوکەوت دەکات نەک وەک ژن. چونکە ئەو لەوێدا سێبەری پیاوێکی دەستڕۆیشتووی حزبە. ژنان بەچاوی خۆیان زۆرێک لە ئەندامانی حزبەکەیان دەبینن، سەرو دوو یان پتریش ژنیان هەیە، ئیدی دەبێت لە سایەی ئەم جۆرە حزبانەدا بەهیوای چ جۆرە دەستکەوتێک بن؟

نەماندیوە ژنێک بە توانا و لێهاتوویی خۆی، کاروانی ئوتومبیل و حیمایەی بەشوێنەوە بێت، یان لە کۆڕێکی سیاسیدا وتار بۆ جەماوەری پیاوان بدات و ڕێنوێنییان بکات. ئەگەرچی ژن لە شۆڕشەکانی کورددا بەشدارییان کردووە و ڕۆڵیشیان بینیوە و لە هەمووانیش پتر زیانیان پێ کەوتووە. ئەگەر بە هۆی توانای خۆیەوە بووبێت یان لە هەر سۆنگەیەکی دیکەوە؛ لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ژن هەبوو لە سەرکردایەتیی حزبی کوردستانیدا بوو. بەپێی گەشەی مێژوو بوایە، دەبوو ئێستا ڕۆڵی گەلێک گرینگتریان ببینایە و بەژمارەی پتر بگەیشتنایەتە ڕیزەکانی پێشەوە.

قووچەکی دەسەڵات، کە بە پادشا دەست پێ دەکات؛ لەوێوە بۆ میر و سەرخێڵ و کوێخا و باب و براگەورە، هەموویان نێرن. سەرۆکی حزبی خێڵەکیش وەک سەرخێڵ، هەر دەبێت نێرینە بێت. ژنیش بوونەوەرێکە لە بەرەبەیانی بوونەوە بە ئاین و یاسا نەنووسراوەکانی خێڵ و داوونەریت گەمارۆ دراوە. لە سەرەتای بوونەوە بەوە

تۆمەتبارە، کە شەیتان، یاخۆ ئەژدیها سروشتە، کە مەبەست پێ ئەو مار و شەیتانەیە، کە لە ئەفسانە بەراییەکاندا هاتوون و توانیویانە بگەنە باخەکانی بەهەشت و لەوێوە، گوایە حەوا، ئادەمی فریو داوە لە بەری درەختە قەدەغەکە بخوات و سەرپێچیی فرمانی خوا بکات. لەو سۆنگەیەوە، هەر لە دوانەی ئادەم و حەواوە هەتا تەواوی توخماتی مرۆڤ لە بەهەشتی بەرینی خوا بێبەش کراون. دوای ئەوەش، مێیینە تا مێژووەیەکی نزیکیش بەکۆیلە و کەنیزە دەکرا. وەک هەر کالآیەکی دیکە لە بازاڕەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا.

پیاو تا مێژوویەکی نزیکیش چەندی لە توانادا بووایە، بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری، کەنیزەی لە بازاڕەکاندا دەکڕی و دەچووە لایان. ئاینیش بەهۆی کتێب و فەرموودەکانەوە کارێکی کرد ژن پێشوەخت تۆمەتبار بێت. پرسەکە لێرەدایە داخۆ لە بەرانبەردا، حزبی خێڵ چ پڕۆژەیەکی نوێی پێیە تاکو مێیینە لەم دۆڵپێچە مێژووییەی تێی کەوتووە ڕزگار بکات، لە کاتێکدا نەرم و نیانی و بێ هێزیی جەستەییی ژن، لە چاو بازۆڵەی ئەستووری پیاودا هۆکاری دیکەی لەبارن بۆ بەئاسانی بەیدەستکردنی.

ئایا حزبی خێڵەکی پڕۆژەیەکی وەهای پێیە بتوانی ئەو هەموو حەیفە کەڵەکە بووە مێژووییە، لەسەر شانی ژن هەڵبگرێت و مافی خۆی پێ ڕەوا ببینێت. داخۆ دەتوانێت پلانێکی تۆکمەی وا دابڕێژێت، ژن لە پڕۆژەی سێکس و هۆی ڕابواردنی نێرینە و وەچە خستنەوەوە بکاتەوە بە بوونەوەرێکی شیاوی ڕێز، بیکاتەوە بەمرۆڤی "گەورەترین سەرمایە" و وەک هاوشانی پیاو یانژی تەواوکەری یەکدی بۆی بڕوانێت؟ جێی گومانە لە زەینی حزبی خێڵەکیدا پڕۆژیەکی لەم بابەتە جێی ببێتەوە. چونکە بە لە ئەستۆگرتنی پڕۆژەی وەها، ئەگەری ئەوە دێتە گۆڕێ، مێیینەی وت و وریای وا هەڵبکەوێت بەڕەکە لە ژێر پێی ڕابەری حزب دەربهێنێت، کە ئەو خۆی پلەیەکە لەو قووچەکە بەرز و نەگۆڕەی کە لەسەری سەرەوە بە نێر دەست پێ دەکات و لە پلەی خوارەوەش بەبرا گەورە، واتە هەر بەنێرینە کۆتاییی دێت.

لێرەوە ڕوونە، کە مێیینە ناتوانێت، لەو جۆرە حزبانەدا بدرەوشێتەوە و تاکایەتی "ئیندیڤیدوالیتی"ی خۆی پیادە بکات. ئەگەر تواناکانی ژن بۆ بەڕێوەبردن و کاری

ڕامیاری لە تواناکانی پیاویش لەسەرتر بێت، هێشتا هەر ژنبوونی ئەو لە خۆیدا دەبێتە کۆسپ لە وەرگرتنی پۆستی کەسی یەکەمی حزبدا، چونکە هەردەم پیاوەیلی زۆر هەن ناچنە ژێر ڕکێفی ژنەوە.

مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ژنان و تەواوی ئەوانەی باوەڕیان بەیەکسانی هەیە مێژوویەکی گەشە. لەم مانگەدا حزبی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا، سێ ژنی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژارد. هاوکات پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کە حزبێکی کوردستانییە، لە چوارەمین کۆنگرەی خۆیدا چوار ژنی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژارد. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کورددا، بەو ژمارەیە ژن بتوانن بگەنە سەرکردایەتیی حزب. ئەم پێشڤەچوونە نەک هەر لەکوردستان، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا، لە بواری پێشخستنی مەسەلەی ئافرەتدا ڕچەشکێن و بێ وێنەیە و دەبێتە جێی خۆشحاڵیی ژنان و بەشداریی زیاتری ژنان لە بوارێکی گرینگی چارەنووسسازدا. جێی ئاماژە پێدانە، کە ئەم پارتە بەئاشکرا دروست بووە. سەرۆکی هەمان پارت ڕێزدار "د. فایەق محەمەد ئەحمەد"، کە بۆی هەبوو خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بپاڵێوێتەوە، جڵەوی سەرکردایەتیی دایە دەست لاوێکی حزبەکەی. ئەمەشیان هەر لە تەواوی ناوچەکەدا هەنگاوێکی بێ وێنەی مێژووییە و بڕوا هێنانە بەئاڵوگۆڕی دەسەڵات.

## حزبی خێڵەکی لە سروشتی گورگدایە

حزبی خێڵەکییش وەک خودی خێڵ لە سروشتی گورگدایە. کاتێک بەبڕیاری سەرخێڵ و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی خێڵ، تاکێکی ئەو خێڵە بەنەفرەت و خێڵبەدەر دەکرێک، ئیدی ئەو تاکە قاودراوە جارێکی دیکە بەخێڵەوە نانووسێتەوە. بەڵکو ئەو زەمانەت و پەرژینەی جارانی خێڵ لەدەست دەدات و دەبێتە باخی بێ پەرژین. واتە ئەگەر تووشی چورتمێک هات، حزب چی تر داکۆکیی لێ ناکات و لەسەری هەڵناداتێ.

بەڵکو دوای ئەفرۆزکردنی، ئیدی هەموو لایەک خراپەی یەژن و پێوەندییەکانی لەگەڵدا دەقرتێنن. ئەو کە هەتا دوێنێ بوو لە سێبەری حزبدا بەڕێز و بەڕۆمەت بوو،

ئیدی ناو و ناتۆرەی دوادەخرێت. ئەو تاکە وەک گورگی زامداری لێ دێت، کاتێک هەر ئەو گەلەگورگەی، تاوێک پێشتر هاوڕاو و هاوشالاوی بوون، ئێستا، کە زامدار بووە، بۆ خۆیان دەکەونە گیانی و کەوڵی دەکەن.

حزبی خێڵەکیش دەق وەهایە. هەر کاتێک ئەندامێکی ئەو حزبە، چەند پایەبڵند و خاوەن مێژووش بووبێت، ئەگەر هاتوو لەگەڵ ڕەوتی سونەتیی حزبدا کەوتە ناکۆکیی هزرییەوە، یانژی لێی جودا بووەوە، ئیدی تەواوی هاوبیر و هاوسەنگەرانی پێشووی لێ دەتەکنەوە و لێی دەکەونە تەقە و ناوزڕاندن و ئەفرۆزکردنی. بەڵکو هەندێک جاران تەواوی نامەی ئەعمالی ئەو ئەندامەی پێشووی خۆیان دەدۆزنەوە و بەئاشکرا بڵاوی دەکەنەوە. هەڵەکانی پێشووی، کە تاکو ئەو کاتە گوێیان لێ خەفاندبوو بۆ کەڕەتی دوو دەکەن. ڕاستەوخۆ لە دەروازە هەستیارەکانەوە لەکەداری دەکەن. گەلێک جار ئەندامی ئەفرۆزکراو ناچار دەبێت بەزووترین کات سەری خۆی هەڵبگرێت، یانژی بەناچاری خۆی بە حزبێکی دیکەدا بکات بۆ خاتری ئەوی لە سایەی هێزێکی دیکەدا و لە هەلومەرجێکی دیکەدا مێژووی لەکەداری خۆی پاک بکاتەوە و ڕێزی بۆ بگەڕێتەوە.

# پاژی دەیەم

## مێنتەلێتیی خێڵ

### ژیری چییە؟

بەر لەوەی بەدرێژی بچینە ناو باس و خواسی مێنتەلێتیی خێڵەوە، سەرەتا وا چاکترە بەپێناسەی ژیری و ڕۆڵی ژیری لە کن فەیلەسووفەکان دەست پێ بکەین. ژیری، عەقڵ، یانژی ئاوەز، سەرچاوەی هۆش و بیرکردنەوەی ڕاست و دروستە. ئاوەزی دروست حوکمی دادپەروەرانە بەسەر دیاردەکاندا دەدات و بابەتییانە هەڵیاندەسەنگێنێت. کاتێک بە کەسێک دەوترێت ژیر، مانای وایە ئەو، کەسێکە ڕاستییەکان دەزانێت و دەشیانسەلمێنێت. ئەو دروست لەتەک دەوروبەریدا مامەڵە دەکات و توانای دەرکردن و تێگەیشتنی هەیە. ڕێز لە ڕای بەرانبەر دەگرێت و لە ناکۆکیدا پەنا وەبەر گەنگەشە و ڕاگۆڕینەوە و قایلکردن دەبات.

ئیمانۆیل کانت پێی وایە: «ئەنوار دەرچوونی مرۆڤە لە دۆخی وابەستەیی، کە ئیدی خۆی بەرپرسیاریەتییەکانی دەگرێتە ئەستۆ. وابەستەیی دۆخی نەکردەیی و کورتیهێنانە لە بەکاربردنی ژیریدا، بێ ئەوەی مرۆڤێکی دیکە بیجووڵێنێت. مرۆڤ بەرپرسیارە لەم دۆخی وابەستەبوونە، بەمەرجێک هۆکارەکەی بۆ کەمژیری نەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کەم عەزیمەتیی و نەوێری لە بەکاربردنیدا بەبێ ئاراستەکردنی ئەوانی دی بگەڕێتەوە.»

تێوەگلان و ئالوودەبوون بەخورافە، توندوتیژی، ملهوڕی، زۆرداری و بێدادی و ناپاکی، کارێک دەکەن مرۆڤ لەم نیعمەتە بەرز و بەهادارەی "ژیری" ڕووت بکەنەوە و

تەسلیم بەغەریزە و هەوا و هەوەسی بکەن. واتە لە سروشتی مرۆڤەوە بەرەو سروشتی ئاژەڵی بەرن، کە ئیدی لەو سنوورەدا ژیریی دەستەپاچە و بەگیر دەوەستێت، یان لەدەست دەچێت و مینا ئاژەڵ غەریزە، تاکەکان دەجووڵێنێت. مرۆڤی ژیر، ئەو تاکەیە لە تەنگژە و تەنگانەدا یان وەختایێک شتگەلە باقوبریقە دڵفریوەکانی دێنەبەردەست ددان بەخۆیدا دەگرێت. ناخاپێت، یان ناخلیسکێت. چونکە ژیری لەگەڵ غەریزەدا نایەتەوە.

چەمکی ژیری، زیرەکی و هزرین و لۆجیکیش دەگرێتەوە. چونکە ژیری بەخششێکە مرۆڤ بۆ لای زانست و زانیاری بەگشتی دنەدەدات. ژیری بەرزترین سیفەتی مرۆڤە، کە لە گیاندارانی دیکەی جودا دەکاتەوە، بەوەی مرۆڤ بەهۆی ژیرییەوە پێشبینی دەکات و داهاتوو دەبینێت. لە سۆنگەی ژیرییەوە، ڕاست و چەوت، جوان و دزێو، خێر و شەڕ، هەق و ناهەق و تەواوی چەمکە دژبەیەکەکان دەناسێتەوە و لێکیان جودا دەکاتەوە. وەلێ هەرچۆنێک بێت، ژیری بەتەنیا دادی مرۆڤ نادات، چونکە دەکرێت ئەو ژیرییە بۆ کاری ملهوڕی و کاولکاری و نابەرابەری بخریتەکار.

ئەی کەواتە لە پای چییە زۆر جاران تاکە ژیرەکان لە نێو خۆیاندا ناکۆک و ناتەبان. ئێمە بۆچی هەردەم لە نێو خۆماندا چەلەحانێمانە؟ لەم ڕووەوە دیکارت پێی وایە: «جیاوازیی بیروڕامان لەوێوە سەرچاوە ناگرێت گوایە هەندێکمان لەوانی دیکەمان ژیرترین، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە هزرمان بەڕێگەی جیاواز ئاراستە دەکەین، هەریەکەمان سەیری ئەوە ناکەین، کە ئەوی دیکەمان سەیری دەکات، چونکە تەنیا ئەوە بەس نییە، کە مرۆڤ ژیربێت، بەڵکو گرینگ ئەوەیە بەچاکی ژیری بەکار بێنێت. مەزنترین نەفس ئامادەیی بۆ گەورەترین خراپەکاری تێدایە، هەروەک چۆن ئامادەیی بۆ گەورەتری چاکەش تێدایە. "ر. دیکارت، مقال عن المنهج، ترجمة محمود محمد الخضيري، ص ١٠٩"

بەڵام گوتەیەکی میللیی کوردەواری هەیە دەبێژێت "ئەقڵ هەمیشە میوان نییە" وا پێ دەچێت زۆرجاران ژیری وەک مێروو بچێتە سووڕی متبوونەوە و تا سەروەختێک بەئاگا نەیەتەوە. یان دەشێت سەرکوت بکرێت و بترسێنرێت، زاتی ئەوەی نەبێت سەربزێوی بکات، بۆیە وەک پێویست و لە کاتی پێویستدا نایەتە هزرین. ئەگەرچی

ئەو تاکە لە لای خۆیەوە حاڵی دەبێت و دیاردەکانیش دەبینێت، وەلێ سرە و وەڵامی نییە. یانژی بێ جووڵەیە و لە کار وەستاوە. ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسەیان لە لای ئیمانوێل کانت بێت، کاتێک دەڵێت "تەوەزەلی و ترسنۆکی دوو هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤگەلی زۆر، خۆویستانە، دوای ئەوەی سروشت سەردەمێکی زۆریش لە ئاراستەکردنی بیانی دای بڕیون، هێشتا هەر بە درێژاییی ژیانیان لە دۆخی وابەستەییدا بمێننەوە. ئەم تەرحە مرۆڤانە دەکەونە دۆخێکی ئەوتۆوە ئەوانی تر بتوانن بە ئاسانی خۆیان بکەنە سەروەسێتیان. "إ،كانط، ماهي الانوار؟ الاعمال الكاملة، بلياد ج ٢، غاليمار ١٩٨٥، ص ٢٠٩"

ئێمەی کورد بەهۆی ئەو چەردە مێژووەی، سا بەهەر حاڵێک بووبێت لە ڕێی دیرۆکنووسانی خۆماڵی و بیانییەوە پێمان گەیشتووە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە لە دەرێی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدی و کاکەیی و ئەو چەند دیوانە شیعرەی، کە بەنیوەناچڵی بەدەستمان گەیشتوون، ژیری، لە کن کورد هیچی دیکەی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە، کە شیاوی باس و لەسەر وەستان بێت. لە پاشکەوتەیی و کەرتوپەرتبوونیشیدا هەر خۆی هۆکاری یەکەم بووە. لەچەوساندنەوە و سەرکوتکردنی ئەو خاوەن کتێبانەشدا، جا هەڵگری گوتاری ئاینی یان ئەدەبی بووبن، پشکی شێر بەر خۆی کەوتووە.

لەو مێژووە دوور و درێژەی ئێمەی کورددا، تاکە تروسکاییەک، کە بەدی بکرێت ئەوەیە، کورد توانیویتی بەغەریزە و لە فۆرم یان قەبارەی ژمارەیەک خێڵی تەرتەوەرتەی بەیەکەوە نەنووساوی ناتەبادا خۆی لە تواندنەوە و خاشەبڕی یەکجاری بپارێزێت و بەهەر کوللەمەرگییەک بووبێت، خۆی پەلکێش کردووە، تاکو گەیشتووەتە دەروازەی سەدەی بیست و یەکەم. لە مێژووی ژیریی کورددا تەنیا ئەم دوو خاڵە گومان دەبەم، گەش و ئەرێنی بن. زۆرینەی ئەو گوتارانەشی، کە بەم دواییە بەرهەم هێنراون ئەدەبین.

مێژوویەکی دوور و درێژە کورد نەیتوانیوە خاوەنی خۆی بێت. نەیتوانیوە سوود لەو خاکە وەربگرێت کە لە سەری ژیاوە و نەیتوانیوە خۆی بەمیللەتان بناسێنێت و ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردنی شارستانییەتدا هەبێت و بەشبەحاڵی خۆی کەشفی گەردوون

بکات و گەنجینەیەک مەعریفەت بۆ ئێستای جێ بێڵێت. خۆی خزاندووەتە نێو دۆڵ و ئەشکەوتەکانەوە. بەهۆی شوورەی بەرز و ڕکی زنجیرە چیاکان و سنووری سروشتیی ڕووبارەکانەوە، وەک غەریزە نەک وەک ژیری، بوونی خۆی پاراستووە. کورد لە دوای بەرهەمهێنانی کتێبە پیرۆزەکانی خۆیەوە، ئیتر لەودیوی وتاری ئەدەبییەوە، ئەویش بەم درەنگانە، وتاری ڕامیاری و زانستی و فەلسەفیی نەبووە. چونکە کورد بۆ ماوەیەکی درێژ خاوەن زمان نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەیبووە چووەتە خانەی (قسە: کلام)ەوە. واتە قسەکانی خۆی نەنووسیوە هەتا ببێتە خاوەنی زمان.

تۆ کاتێک دەنووسیت، گەرەکە بۆ هەر وشەیەک، کە تۆماری دەکەیت بیر بکەیتەوە. واتە گەرەکە ژیری لە هەرەتی خۆیدا بەکار ببەیت. هەر لە ڕێنووسی وشەکەوە تا دەگاتە جۆری ئەو خەتەی کە پێی دەنووسیت، تاکو داڕشتنی وشەکان لە ڕستەدا. واتە تۆ کە دەنووسیت، دەبێت بیر لە ڕستەسازی و ڕێزمان و ڕەوانبێژیش بکەیتەوە، کە ئەمانەش لە خۆیاندا هونەری نووسین و زانستی زمانن. تا دەگاتە ئەو قەڵەم و کاغەزە، یان ئەو فۆنتەی کە پێی دەنووسیت، چونکە هەموو ئەمانە بەرهەمی ژیرین. هەر نووسینێک وەختایێ تۆماری دەکەیت، مانای وایە بیریشت لە داهاتوو کردووەتەوە و حیسابت بۆ کردووە. لە کاتێکدا خێڵ ستراتیجی نییە و داهاتووی بەقورس بەشاندا نەداوە، چونکە ئەو جێگیر نییە. مرۆڤی گەڕۆک بۆ خۆشی نازانێت لە کوێ دەگیرسێتەوە، لە کوێ دەژی و لە کوێش دەمرێت. لە دۆخی وەهادا تۆی گەڕۆک ناتوانیت هەمیشە کتێب و تۆمارەکان بەکۆڵدا بدەیت. لەم بارەیەوە جان بیر فرنان دەبێژێ:

«دەقی نووسراو وەک زانراوە، بەرفەرمانی ڕێساگەلێکی فرەیە، جیرێتیی پتری لە گوتاری دەمی تێدایە. گوتاری نووسراو پێویستیی بە شیکاری کورتتر و ڕێکخستنی وردتری بابەتە وێناکراوەکەیە. ئامادەکردنی زمانی فەلسەفی چ لە ڕووی ئاستی ئەبسترەکتبوونی چەمکەکان و چ وەک بەکاربردنی زاراوە ئەنتۆلۆجییەکان پێویستیی بەکۆششی فرە هەیە. لێرەدا جۆرێکی نوێ لە وردەکاریی بەڵگەهێنانەوە پێویست دەکات. چونکە فەیلەسووف بەرەوڕووی تەکنیکی بڕواپێهێنان لەگەڵ گەنگەشەی ڕەوانبێژیدا، بەرێی سەلماندن دەبێتەوە. جان بییر فرنان، الأسطورة في المجتمع

الیوناني القدیم. ص٦٢ – ٦٣»

ژیری، لەگەڵ تەوەزەلی و گەڕەلاژە و بەرەڵاییدا ناکۆکە و لایەنگری میانڕەوی و یاسا و خۆگونجاندنە. لەگەڵ هەبوون و ژیاندا هەماهەنگ و هارمۆنییە. لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ چاکەی خۆی و تەواوی مرۆڤ دەست بەسەر گەردووندا بگرێت و ڕامی بکات. چونکە ژیری ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەت. وەلێ مارکۆز پێی وایە: «ژیری هێزێکی سەرکوتکەرانەیە» دیکارتیش پێی وایە: «مرۆڤ ژیرییەکی زگماکی هەیە، بەهۆیەوە دەکارێت خێر و شەڕ هەڵاوێرێت و بگاتە حەقیقەت.» ئەو پێی وایە: «ژیری بەبێ هەستەکان کار ناکات، بەڵام لە گومانیشدایە، چونکە هەندێک جاران هەستەکان بەهەڵەیدا دەبەن.»

لە لای هیگڵ، ژیری گەوهەری گەردوونە و بزوێنەریشێتی: «لە فەلسەفەدا بەهۆی مەعریفەی تیۆرییەوە سەلماوە، کە ژیری گەوهەرە و هێزێکی ناکۆتایە، ناوەڕۆکی ناکۆتای ژیری لە پشت هەموو ژیانێکی سروشتی و ڕەوانییەوەیە، کە دەیخولقێنێت. هەروەک نهێنی و وێنەی ناکۆتای ئەوە، کە ئەم ناوەڕۆکە دەبزوێنێت. ژیری لە لایەک گەوهەری گەردوونە و. "هیجل، محاضرات في الفلسفة، الجزء الاول، ص ٧١»

## عەقڵییەت، یان مێنتەلێتی؟

زۆر جاران، لەبەر هەر هۆیەک بێت، لە بوارە جیاجیاکانی وەک کۆمەڵناسی و زانست و فەلسەفەدا، نووسەری کورد پەنا وەبەر زاراوەی عارەبیی باو دەبات. وەک زاراوەی "عەقڵییەت" لە کاتێکدا، ئەگەر بەوردی بچیتە بنج و بناوانی، دەبینیت ئەو زاراوەیە کەڵکی ئەم سەردەمەی پێوە نەماوە و ناتوانێت لەگەڵ ئەم زەمانەدا ڕێ بکات. ئەوەندە هەیە لە ڕووی ناچاری و بێدەرەتانیی زمانی کوردییەوەیە کە ئێمە بەکاری دەبەین. لێرەوە پێم وایە زاراوەی "ئەقڵییەت" پڕ بەپێست و تەواو بەرامبەر بە وشەی "مێنتەلێتی" نایەتەوە.. چونکە هەرچی ئەقڵییەتە لە "عەگال – عقال"ەوە هاتووە. کە دەکاتە ئەو پارچە دەزووە ڕەشە توند بەسەریەکدا بادراوەی تاکی عارەبی بیابانگەڕ، چەفتە سپییەکەی سەری پێ ڕادەگرێت تاکو بەرنەبێتەوە.

فرمانی "عقل"یش ڕێک بۆ بەستنەوەی وشتر بەکار هاتووە. بۆ نموونە ڕستەی

"عقل زید البعیر" واتە زەید وشترەکەی بەگوریس بەستەوە." کەواتە عەقڵ قوفڵە نەک کلیل، عەقڵ گاڵەدانە نەک کردنەوە. بۆیە ناشایستەیە ئێمە لە بەرانبەر زاراوەی "مێنتەلێتی"ی ئەوروپاییدا "ئەقڵییەت"ی عارەبی بەکار بهێنین. چونکە مێنتەلێتی لە زاراوەی Wisdom "حیکمەت"ەوە نزیکە، کە بەواتای ئازادکردنی هۆش و زەین دێت نەک بەستنەوەی. بەواتای فراوانکردنی هۆش و بیر دێت نەک سنوور بۆ دانان و داخستنی.

چونکە سنووردانان بۆ ئاوەز کارێکی نەشیاوە و دووچاری چەقبەستن و پێکوتەمان دەکات و لە کاروان دوا دەکەوین. هەرچی ئاوەزە کوردییەکەشە دیسان بەواتای کرانەوەی هۆش و هۆشیاری دێت، نەک دەرگە لەسەر داخستنی. بەکاربردنی حیکمەت دەگەیەنێت نەک کۆت و زنجیرکردنی. بۆیە بێژەی "ئاوەز"ی لەمەڕ خۆمان، دەها لە "عقل"ی داخراو و گرێدراوی لەمەڕ زمانی عارەبی لەجێتر و گونجاوترە. ئەوەتا لە سۆنگەی سەدانساڵەی بندەستییەوە، ئێمە تەنانەت لە زاراوە بەکاربردنیشدا، هەر لارەملین و لە ژێر هەژموون و کاریگەریی زمانی عارەبیی سەردەستداین. چ جای مێنتەلێتی.

هەرچی چۆنێک بێت، مێنتەلێتیی خێڵ، ئاوەزێکە لە تاریکستانی قۆناغە بەراییەکانی مێژوودا وێڵە. کەسانی ئاوەز خێڵەکیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا گەلێک لە دوژمنە دەرەکییەکان مەترسیدارترن. خێڵ ژمارەیەکی زۆر لە خدە و داوونەریت و مەراسیمی تایبەت بەبۆنەکانی خۆی پشتاوپشت هێناوە. دەیانپارێزێت و لە کاتی خۆیاندا پیادەیان دەکات. دەشێت بڵێین خێڵ وەک غەریزە ئەم ئاکارانە پەیڕەو دەکات. خێڵ، غەریزە لە بری مێنتەلێتی بەکار دەهێنێت. ئەو غەریزەیەشی، وەک داوونەریتەکانی، پشتاوپشت لەگەڵ خۆیدا هێناوە و لە زۆرێک لە هەڵسوکەوتەکانیدا پاڵنەرێتی. خێڵ هەر بەغەریزەش خۆی لە فەوتاندن دەپارێزێت.

بەسەرێکی دیکە لە مێژووی ڕووناکبیریی کوردیدا، کە هەتاکو کۆتاییی سەدەی بیستەمیش خۆی لە شیعردا چڕ کردبووەوە، ئەم ژانرە بەفۆلکلۆر و هونەرییەوە، ئافرەتمان وەک خاوەنی ئەدگار و جەستەی جوان پێ دەناسێنێت و پەنجە بۆ ئاوەزی ژن نابات. وەک ئەوەی پێمان بڵێت: ژن بریتییە لە تەنیا جەستە. لە بەرانبەریشدا،

پیاو خاوەنی جەنگ و کار و ئاوەزە. وەک ئەوەی پێمان بڵێت: ئاوەزیش تایبەتە بەپیاو. ئێمە لێرەدا باسەکەمان ئەدەبی نییە، دەنا دەکرێت بەچەندین نموونە، ئەم بۆچوونە پشتڕاست بکرێت.

## مێژووی مێنتەلێتی

مێژووی مێنتەلێتی لە مێژووی تۆمارەوە دەست پێ دەکات. لەو ساتەوەختەوە کە خوێندەواری کورد دەستی داوەتە خامە و هزر و بۆچوونەکانی خۆی نووسوە. کەواتە ئامرازی گواستنەوە و تۆماری مێنتەلێتی، جا لە هەر بوارێکی مەعریفەتدا بێت زمانە. بۆ ئەوەی لە دووی مێنتەلێتی بیت، گەرەکە خاوەنی زمانی نووسین بیت. زمانی نووسینیش دەبێت ڕێزمانی هەبێت. واتە دەبێت بەری هەر تشتێک زمانزان و زمانناس ڕێیان بۆ زمانی نووسین خۆش کردبێت و خستبیانەتە سەر ڕاستەڕێی نووسین و تۆمارکردن. بۆیە ئێمە هەرکە باسی مێنتەلێتی دەکەین، قەرداربای هەموو ئەو زانایانەین، کە ڕێزمانیان بۆ زمانی کوردی داناوە. ئەوانەی، کە زمانی کوردییان بژارکردووە و خەڵکیان خستووەتە سەر ڕاستەڕێی بەکوردی نووسین. قەرداری شاعیرانی وەک خانی و جزیری و نالی و سالمین.

ئەگەر ڕاست بێت زەردەشت پەیامبەرێکی بەڕەگەز کورد بووبێت و ئاوێستا بەزمانی کوردی نووسرابێت. ئەوا دەکرێت بڵێین: سەرچاوەی سەرەکی بۆ مێنتەلێتی و مێژووی مێنتەلێتیی کورد لە ئاوێستاوە دەست پێ دەکات. واتە مێنتەلێتیی ئێمە بەئاین یان بەوتاری ئاینی دەست پێ دەکات. کەواتە دەشێت بڵێین تەواوی ئەو کتێبانەشی، کە شرۆڤەی ئاینی زەردەشتیان کردووە، یان دەیکەن ئەوا شرۆڤەی وتاری ئاینیی کورد دەکەن، ئەگەرچی ئیسلام بەزەبری شمشێر ئاینی زەردەشتیی کارکەنار خست و بەتاڵی کردەوە.

بەسەرێکی دیکە، هیچ گومانی تێدا نییە، کە کتێبی پیرۆزی کاکەییان و کتێبی پیرۆزی ئێزیدییان، کوردین و زادەی مێنتەلێتیی مرۆڤی کوردن. بەڵام لە چاو گرینگیی خۆشیاندا بۆ ئێمە، هێشتا هەر تاکو ئێستا، شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەنووسراوە. هەروەک چۆن تاکو ئەمڕۆ، کەسێک نەهاتووە باسی مێنتەلێتیی کورد

بکات. بەڵام لەم سێ سەرچاوە گرینگەوە بەدیار دەکەوێت، کە لە دێرزەمانەوە، کورد خاوەنی وتاری ئاینی بووە، کە پشت بەغەیب دەبەستێت. یان دەکرێت بێژین مێنتەلێتیی کورد بەئاین دێتە پێشەوە، بەهەموو ماناکانیەوە.

بەهۆی تەپەسەری و نەبوونی ئازادییەوە، ڕۆشنبیری کورد دەرفەتی پێ نەدراوە یان نەیپەرژاوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئاینانە بکات. ئاینەکانیشی وەک خۆی دەستبەسەربوون. ئەوەی بەهەڵگرانی ئاینی ئێزدیایەتی کراوە لە کوشتن و بڕین و لەنێوبردنی کتێب و سیمبولی ئاینەکەیان، لە مێژووی کۆن و نوێدا بەهیچ ئۆل و ئاینێک نەکراوە.

بۆیە دەبینیت بەنزیکەی هەموو ئەو توێژینەوە و شرۆڤانەی، کە لەمەڕ ئۆلی ئێزدی چێ کراون، لە لایەن غەیری خۆیانەوە و بەغەیری زمانی کوردی ئەنجام دراون. زۆربەی ئەو توێژەرانەش بێویژدانانە دابەزیونەتە سەر ئەم ئۆلە و جەختیان لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی کردووە. یان شرۆڤەی هەڵەیان بۆ کردووە. ئەمەش کارێکی وەهای کردووە داگیرکاری توندڕۆیان زیاتر لێ هان بدات.

ئەم دیاردەیە جێی لەسەر ڕاوەستان نییە. چونکە کەم میللەتی دنیا هەیە ئەوەندە کتێبی ئاینیی بەرهەم هێنابێت. خۆ ئەم کتێبانە بەتەنیا ناچنە خانەی میتافیزیک و لاهووتەوە. بەم دەستپێشخەرییانەدا بێت، دەبوایە کورد خاوەنی وشەی کتێب بوایە. کاتێک ئێمە باس لە کتێبی وەک ئاوێستا و میسحە فەڕەش دەکەین، مانای وایە باس لە وتارگەلێک دەکەین، کە بە زمانێکی تۆکمەی باڵاتر لە زمانی باوی ڕۆژانە نووسراون.

ئەمەش مانای وایە هونەرەکانی ڕستەسازی و ڕەوانبێژییان تێ دەکەوێت. بێگومان کتێبی پیرۆز بەبێ ڕێزمانی تۆکمە نانووسرێت، کە ئەویش لە خۆیدا زانستە. ئەم کتێبانە چەندین چیرۆکیان تێ کەوتووە. هەوەها دەوڵەمەندن بە هەزاران وشەی جوان و جۆرەکانی وێنەی شیعر و میتافۆر. وێڕای سەدان گوتە و پەندی بەنرخ، کە دەبوایە تاکو ئێستا، لەلایەن شارەزایانی خۆمانەوە بەدەیان بەرگ توێژینەوەیان لەسەر بنووسرایە. خودی کتێبەکانیش بەجوانترین چاپ لەبەردەستی خوێنەردا بوونایە.

ئەم کتێبە بەنرخانە باس لە مانگ و ڕۆژ، ئاسمان و هەسارەکان و دەستپێک و ڕسکانی گەردوون دەکەن، کە ئەمەش لە خۆیدا زانستێکی دیکەیە. مانای وایە باپیرانی ئێمە لە بەرەبەیانی مێژووەوە بیریان لە چۆنێتیی چێبوونی گەردوون و سەرهەڵدان و چارەنووسی مرۆڤ و ژیان مەرگ و گەردوون کردووەتەوە. ئەوان بیریان لە دەستوورێک بۆ باشترکردنی ژیان کردووەتەوە. ڕیفۆرمیست بوون و چاویان لە چاکسازی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و ژیاری کۆمەڵگەی خۆیان و تەواوی مرۆڤایەتی بووە. وێڕای غەیب و نهێنییەکانی پشتی گەردوون و هەبوون، خاوەنی لۆجیکی خۆشیان بوون. بەو ئۆل و ئاینەی پێشتر لە ئارادابووە قنیاتیان نەبووە.

ئێمە کاتێک سەرنج لە "بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک"، کە تێزێکی زەردەشتییە دەدەین، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە کتێبی ئاوێستا و ئەشۆ زەردەشت خۆی براویان بەپراکتیک هەبووە.. "بیری چاک" بەتەنیا هیچی پێ ناکرێت ئەگەر نەکەوێتە واری پراکتیکەوە. بۆیە ئەم وتە جوانە بە "کرداری چاک" شکاوەتەوە.

ئایا ئەم بەرهەمانە ئەوە ناگەیێنن کە ئێمەی کورد سەردەمانێک خاوەنی هزری خۆمان بووین؟ وەلێ پرسیارە هەرە گرینگەکە لێرەدایە. ئەگەر ڕۆژگارێک هزری لەلای کورد ئاوەها دەوڵەمەند بوبێت. ئەدی چی وەهای لێ کرد بکەوێتە پەراوێزی مێژووەوە؟ لە سۆنگەی چییەوەیە؛ مەگەر بەم دواییەوە و سەبارەت ئاوێستا، دەنا کورد خۆی توخنی تۆژینەوەی ئەم کتێبانەی خۆی نەکەوتووە؟ لێرەدا مەبەستم لەوە نییە گوایە خەڵکی هان بدەم بگەڕێنەوە سەر ئەم ئاینانە. بەڵام خۆ ئەم کتێبانە زادەی ئاوەز و ژیرێتیی کوردن. بۆیە زۆر ڕەوایە و دەکرێت ئێمە لەچاپیان بدەینەوە. خۆمانیان لێ بەخاوەن بکەین. بەدنیایان بناسێنین و لێیان بکۆڵینەوە. سوود لەو هزر و ئاوەزەش ببینین، کە لە پشتی ئەو کتێبانەوەن. چونکە ئەم کتێبانە بەشێکی زندوون لە مێژوومان.

ئەدی لە سۆنگەی چییەوەیە، لە قووڵاییی مێژوویەکی دوورەوە، ئێستای دەروازەی هەزارەی سێیەمیشی لەگەڵدابێت و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی، لە هەموو سەردەمێک شێلگیرانەتر کەوتووینەتە داوی کاریگەریی مێنتەلێتیی خێڵەوە؟ بۆچی

سوود لەو تۆمارکراوانەی دێرینمان وەرنەگرین؟ تۆژەری کورد خەریکی چین؟ چەند ماستەرنامە و دوکتۆرانامە لەسەر تێزەکانی نێو ئەم کتێبانە نووسراون؟ تۆ بزانە، ئەگەرچی ئەم کتێبە پیرۆزانە بەزمانی کوردی نووسراون، کەچی کاتێک شەرەفخان مێژوومان تۆمار دەکات، دێت بەزمانی فارسی دەینووسێتەوە. ئەم کتێبانە شایانی ئەوەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەتیان هەبووایە. ئەو سەنتەرانە هانی توێژەرانیان بدایە لە چوار قوژبنەی دنیاوە کۆڵینەوە لەمەڕ ئەم کتێبانە بنووسن. وەلێ بە بەرهەمهێنانی ئەم کتێبانەدا دیارە، کە تاکی کوردیش ڕۆژگارێک ژیریی خۆی خستووەتە کار و بەرهەمیشی هەبووە.

## خێڵ پارێزەری سیستمی پاتریێرکاڵە

بەری هەر شتێک، مێنتەلێتی لای خێڵ، زادەی بیر و ئاوەزی نێرینەیە. پیاوە نەخشە دەکێشێت. لە نەخشەی جەنگەوە تا دەگاتە سوڵح و ڕێککەوتنەکان. دەکرێت بڵێین: مێنتەلێتی لە خۆیدا بنیاتێکی نێرانەی هەیە. لە فەرهەنگی خێڵدا ژن تەنیا وەک جەستە بوونی هەیە و وەک لایەنی ژیری ئامادەبوونی نییە. هیچ دەقێکی ئەدەبیی جوان گومان نابەم بەئاوەزی مێینەدا هەڵبڵێت. ئەو دەقانەی گەیشتوونەتە دەستمان تەنیا باس لە جوانیی دیوی دەرەوەی مێینە دەکەن، جوانیی جەستە نەک ئاوەزی مێ. پرچی درێژ و خاو یان لوول. باڵای بەرز و چاوی گەش و خرینگەی بازنگ و بەرموور و هتد. بەڵام لە ئاستی ئاوەزدا بێدەنگ دەوەستن و هەر ئاماژەشی پێ نادەن. یەک لە باری نێر، چێژ لە جەستەی مێینەدایە نەک لە ئاوەزیدا.

بۆ ماوەییی سیستمی نێرمەزنی لە لای خێڵ و نزیکەی هەموو ڕێژیمەکانی دەوروبەرماندا بە ڕوونی تەجەلای کردووە. لە ناوچەکەی ئێمەدا، تەنیا یەک کەس وڵات بەڕێوە دەبات، کە ئەویش سەرکۆمار یانژی پاشایە. تەنانەت لە نێو ئەو گرووپانەشدا، کە خۆیان بەتازەگەر و شۆڕشگێڕیش دەزانن حاڵ هەر وەهایە.

دەکرێت یاسر عەرەفات وەک نموونەی بزاڤی ڕزگاریخوازی عارەب بهێنمەوە کە بەگوێرەی ڕای هاوڕێکانی بۆ خۆی بڕیاری لەسەر ورد و درشتی کاروباری فەلەستین دەدا بێ ئەوەی پرسە گورگانەیەکیش بەهاوڕێکانی بکات. لە نێو بزاڤی

ڕزگاریخوازی کورددا پێویستمان بەبەڵگە هێنانەوە نییە. لای ئێمەی کورد، ئەگەر پیاوێک ئەندامی سەرکردایەتی یان گەورە فەرمانبەرێک بوو، جا ئەگەر بکوژرێت یان کۆچی دوایی بکات ئەوا ئۆتۆماتیکی یەکێک لە نەوەکانی دێتە جێی. جگە لەوەی، لەلای کورد نەک هەر نەوە بەڵکو خزمە نزیکەکانیشی لە پلە و پایەی ئەو کاربەدەستە بەهرەمەند دەبن، ئەگەرچی ئەو خزمانە هیچیشیان لەباردا نەبێت.

لە نزیکەی تەواوی ناوچەکەدا، کاتێک سەرۆک دەمرێت، ئەوا ئەگەرچی بەفەرمی جۆری حوکم کۆماریش بێت، کەچی کوڕ جێی باب دەگرێتەوە، تەواو لەسەر شێوەی سەرخێڵ و نەوەکانی. لە سیستمی کاردا، تاکێک هەموو شتێکە. ئەو تاکە لە کارگەدا بەڕێوەبەرە، یان لە قوتابخانەدا بەڕێوەبەری قوتابخانەیە و خۆی بڕیاردەرە. ئەم سیستمە بابمەزنییە لە ماڵەوە تەواو تەجەلایە، کاتێک باب هەموو شتێکە و ئەوانی دیکە گوێڕایەڵن.

ئەم دۆخە وەها دەخوازێت، کە مێنتەلێتیش هەمان دەستوور هەر بۆماوە بێت. واتە ڕێگە بەبیری نوێ نادرێت بێتە ناوەوە و گەشە بکات. هانی داهێنان نادرێت. ئێمە هەمیشە خۆمان دووبارە دەکەینەوە. هەڵە مێژووییەکانمان دووبارە دەکەینەوە. هەر بیرێکی نوێ، کە لە دەرەوەی خۆمانەوە هاتبێت، هەزاران عەیب و عاری داوادەخەین و وەک "غەزو" سەرنجی دەدەین، واتە دەبێت بەگژیدا بچینەوە. هەر لە سایەی ئەم سیستمەیشەوەیە، کە پیاو خاوەنی جەستەی مێیینەیە. لە سیستمی پاترییَرکاڵیشدا نەک هەر بە تەنیا مێیینە لە مافەکانی خۆی بێبەشە، بەڵکو ئەم سیستمە لەگەڵ تەواوی مافەکانی مرۆڤدا ناکۆکە.

کاتێک ژن لە ماڵ و لە کێڵگەدا هەموو ئەو کارانە ڕادەپەڕێنێت، کە پێشتر ئاماژەیان پێ دراوە بێ ئەوەی حیسابی بۆ کرابێت، ئەو بەخۆڕایی کارکردنە لە خۆیدا پاڵپشتی هەرە گەورەی سیستمی پاترییَرکاڵە. ئێستاش، ئەگەر باس لە چەوساندنەوەی مرۆڤ بێت لە کارگە و لە ژینگەی کاردا، ئەوا ژن دووجار چەساوەیە. چونکە ئەو شان بەشانی پیاو کار دەکات، واتە وەک ئەو چەساوەیە. بەڵام کاتێک لە کرێدا نایەکسانن، ئەوا ژن دوو هەندەی پیاو دوچاری چەوسانەوە دەبێت. ئەم ستەمەش دیسان لە خزمەتی درێژەپێدانی سیستمی پاترییَرکاڵدایە.

بەسەرێکی دیکە، کاتێک ماوە بە ژن نادرێت ئازادانە بێتە مەیدانەکانەوە، تاکو پەرە بەژیریەتیی خۆی بدات و ڕێی پێ نادرێت وەک تاکێکی یەکسان لەگەڵ پیاودا، کارایانە گەشە بەتوانا متبووەکانی خۆی بدات. ئەم چەپاندنەش، کە بەلای کوڕانی خێڵەوە گەلێک سووک و ساناتر کەوتووەتەوە تا بەکارخستنی توانا ژیرییەکانی ژن، ئەم دژە پرۆسەیەش دیسان لە خزمەتی درێژکردنەوەی تەمەنی سیستمی پاتریێرکاڵدایە.

## کۆمەڵگەی زۆرەملێ و کاریگەریی بۆ سەر مێنتەلێتی

بەگەیشتنی ئاینی ئیسلام بەناوچەکەمان، ئیدی یاساکانی خێڵ، بەتایبەت سەبارەت پرسەکانی وەک سزا و باج و خەراج و ناوبژیوانی و مەسڵەت و خەرامان و مەراسیمەکانی هاوسەرگیری، سەرپاکیان هەڵوەشانەوە و لە مێژوویەکی کورتدا شەرع، کە لە ئاینە نوێیەکەوە سەرچاوەی دەگرت و هەڵقوڵابوو، جێی هەموو ئەمانەی گرتەوە. کەچی خێڵ و سیستمی خێڵ وەک خۆیان مانەوە و گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهات. ئەوەندە هەبوو خێڵ ئەرکی دیکەی کەوتە ئەستۆ. وەلێ هەر لە نێو ئەو جڤاکە ئیسلامییانەدا، هەرکاتێک دەسەلات لە کورتیی دابێت، ئەوا یاساکانی خێڵ لە نوێ بەگوڕ و تینی جارانەوە سەریان هەڵداوەتەوە.

داگیرکەرانی عوسمانی و ئینگلیز و بەعس؛ قۆناغی دوای داڕمانی بەعسیش، واتە بەم دوایییە، لە هەرێمی کوردستان و لە باشووری عێراقیشدا، گەلێک لە نۆرم و یاساکانی خێڵیان هێنرانەوە بەردەست. ئەوەتا ئێستە لە لای خۆمان مەسڵەتی عەشایەری و ئەنجوومەنی خێڵ بۆ مەسڵەت پایەدار و کارایە.

لە زۆر شوێنی عێراقیشدا، بەکارهێنانی خێڵەعارەبە سوننەکانی دلێم و دیالە و موسڵ بۆ بەگژداچوونەوەی تایفەگەری، بووەتە ئەلتەرناتیڤی سیاسەت و یاسا و هێزی نیزامی. بەم شێوەیە ئەوانیش چارەسەری نەخۆشییەک، بەنەخۆشییەکی تر، کە یەک لە یەکی دی خراپترە دەکەن.

ئەگەر کورد وەک میللەتێکی زۆرینە ئیسلام، حیسابی ئاینیی بۆ بکرێت، ئەوا پەیڕەوکردنی یاسا ڕزیوەکانی خێڵ لەم سەروەختەدا، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی بەر

لە گەیشتنی ئیسلام بە ناوچەکە. خۆ ئەگەر حیسابی سەردەم و جیهانگیریی بۆ بکرێت، ئەوا وەک گەلێکی نیشتەجێی میزۆپۆتامیا، دەکرێت بڵێین: گەڕانەوەیە بۆ بەر لە سەرهەڵدانی یاسا زەمینییەکان.

بەعس، بەوەی دانیشتوانی گوندەکانی ترنجاندە کۆمەڵگە زۆرەملێکانەوە، ئەوا ئەوانی لە کەسانی بەرهەمهێنەوە کردە بەکاربەر "مستهلك". واتە لە کەسانی کاراوەکردنی بە بێکارە و تەوەزەل.

زۆرێکیش لە ئاکارە شیاو و جوانەکانی خۆیان لە دەست دا. ئیدی چاویان برییە ئەوەی لە هەر فرمانگەیەکی دەوڵەتیدا ببنە مووچەخۆرێکی گچکە. تەنانەت هەندێکیان جاشایەتیشیان پێ قەبووڵ بوو. چونکە دابڕانیان لەخاک و ئاوو ڕەز و باخەکانیان کارێکی کرد ئەو گوێڕایەڵییەی جارانیان بۆ خاک، واتە بۆ نیشتمان کزببێت لە کورتی بدات.

بۆیە ئەوێک، کە لە گوند، سەرداری ماڵی خۆی بوو. خزمەتی میوانی دەکرد و شانازیی بە نانبدەییی خۆیەوە دەکرد و تەبیاتێکی کراوەی هەبوو، دوای دابڕانی لە خاک و ئاوی، هەر ئەوە تاکە خێڵەکییە نەفس بەرزەی جاران، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان داسەکنین و شارستانی بەزیندان دەزانی، دوای ڕاپەڕین وای لێ هات هەموو ئاواتێکی بووە ئەوەی لە شاردا ببێتە پۆلیس و پشت بکاتە زەوی و باخ و بێستان.

ئەم گۆڕانە نەرێنییە لەپڕەش دەرئەنجامی ئاکارەکانی بەعس بوو. هەر لە ئەنفالەوە هەتا کۆمەڵگە زۆرەملێکان، کە مرۆڤی کوردی لە ناخەوە بەنەرێنی گۆڕی. گۆڕانێکی ناجۆریشی بەسەر مێنتەلێتییاندا هێنا. نەهۆ بەزۆری حەزیان لە تەمبەڵی و لە پاڵەوە سەیرکردنی تەلەڤزیۆنە بێ مانا و لە مەعریفەت بەتاڵەکانە.

## مێنتەلێتیی هەژار

شتێک نییە لە لای خێڵ بەناوی هۆشیاری "وعي"، کە دەکاتە ئاوەز، هزر و دەرککردنی خێرا بەدیاردەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان و هەڵکردن لەگەڵ تەنگژەکاندا. ئەوان هەمیشە کتوپڕ بەسەر ڕووداوەکاندا دەکەون، چونکە پێشبینییان نییە و بۆنی کارەساتەکان ناکەن، هەتا لەپڕ سواری کۆڵیان نەبێت.

پلانیشیان بۆ داهاتوو پێ نییە. دەشێت بڵێین لە لای خێڵ غەریزە جێی هۆشیاریی گرتووەتەوە. خێڵی نەخوێندەوار خاوەنی تۆمار و وتاری نووسراو نییە تاکو ئێمە بتوانین لە بن دێری وتارەکانیدا هێماکانی شرۆڤە بکەین و لەم ڕێیەشەوە مێنتەلێتیی بخوێنینەوە. یان تاکو لە ڕێی زمانەوە بیدوێنین و بیهێنینە گۆ.

بۆیەکا زمانی خێڵیش ساکار و سەرەتاییە. بە ڕشتەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و سیاسەت و ئەدیۆلۆجیا دەوڵەمدند نییە. تاکو ئێستاش بە سەدان خێڵ، بەتایبەت لە کیشوەری ئەفریقادا هەن، کە هێشتا زمانەکەیان هەر زارەکییە "شفهي" و نەبوونەتە خاوەنی زمانی نووسینی خۆیان. خێڵە کوردیش تەمەنێکی دوور و درێژ زمانی خۆی تەنیا بەشێوەی دەمی بەکار هێناوە. بۆیە دەبینیت کەمترین بەیاز و دۆکۆیومەنت لە پاش سەرخێڵ و میرە کوردەکان جێ ماوە.

تاکو سەرەتای شەستەکانیش قوتابخانەی سەرەتاییی تایبەت هەبوون لەگەڵ خێڵدا گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. واتە کاتێک خێڵ ڕوویان لە کوێستانەکان دەکرد مامۆستاکانیش بەدەوار و تەختەی ڕەش و پێداویستیی دیکەی سووکەڵەوە شوێنیان دەکەوتن و لەوێندەرێ مندالان لەبن ڕەشماڵدا دەیانخوێند. بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی پارێزگەی هەولێر قوتابخانەیەکی بەناوی "مدرسة هركي سيار الابتدائية: قوتابخانەی هەرکیی گەڕۆکی سەرەتایی"وە هەبوو. بەڵام کاتێک شۆڕشی ئەیلوول خۆی گرت و توانیی ڕووبەرێکی فراوان لە خاکی باشوور ئازاد بکات، ئیدی بەشێکی زۆری ئەو خێڵە مەڕوماڵاتیان بەچەکی حکوومەتی بەغدا گۆڕییەوە و لەشانیان کرد. وازیان لە گەرمیان و کوێستان هێنا و قوتابخانەی "هەرکیی گەڕۆک"یش سەری تیا چوو.

تۆ ئەگەر پرسیاری ڕچەڵەک و باپیران لە هەر سەرخێڵێکی عارەب بکەیت، ئەوا بەتانیدا دێتە خوار، دەبیات هەتا خۆی و خێڵەکەی دەباتەوە سەر "عەدنان و قەحتان". وێڕای ئەوە بەدەیان سەرگورشتەی جەنگ و مێژووی دەیان پیاوی ناودار و سەرخێڵ و شاعیری خێڵەکەی خۆی لەبەرە، یان بەتۆمارکراوی لەبەردەستیدان. بەڵام خێڵە کوردی بێ سەواد هیچی ئەوتۆ ڕیشە و ئەسڵ و فەسڵی خۆیان نازانن. نووسەر و پیاوچاک و سەرکردە و ناوی جەنگەکانی خۆیان پێ نازانن، چونکە

خاوەنی تۆمار نەبوون. ئەوەشی خوێندەواریی هەبووبێت یان زمانی کوردیی نەنووسیوە، زمانی سەردەستی بەکار بردووە.

عەباس ئەلعەزاوی دەڵێت: «زۆرجاران لە کوردم پرسیوە و لەمەڕ ڕەگیشە و باپیرانیان لە گەڵیاندا کۆڵینەوەم ساز داوە، بەڵام سەرسوڕمانێکی مەزن دای گرتووم کاتێک نائومێد هیچم لێ هەڵنەکڕاندوون. ئەوان بەزۆری لە ناوی باپیر و گوند و خێڵەکەیان بترازێت هیچی دیکە نازانن و گوێی پێ نادەن.. لەم ڕووەوە عارەب لەوان جیاوازە.. عشائر العراق.. ج ١، ص ١٣٦»

ڕەنگە گەلی کورد لە چاو حەشیمەت و ئەو بەرووبەرە زەمینە فراوانەی، کە بەدرێژاییی مێژوو تێیدا ژیاوە. لە ڕووی کەلەپووری نووسراوەوە، لە ڕیزی هەژارترین میللەتانی جیهاندا بێت. کەواتە خێڵە کورد، فیکر و مەعریفەتی بەرهەم نەهێناوە. خۆ ئەگەر تاکوتەرا هزرمەندیشی تێدا هەڵکەوتبێت ئەوا بەزمانەکانی سەردەست نووسیویانە. ئێستا ئەگەر کورد خۆی بەخاوەنیان بکات، ڕەنگە پێی پێ بکەنن. وتاری زارەکیش سادە و ساکارە؛ مەگەر تەنیا ئەرکی هاندان "گاڵدان" و دنەدانی لە ئەستۆ بووبێت. هیچ قووڵبوونەوەی تێدا نییە، چونکە کۆبوونەوە و لە بان یەک کەڵەکەبوونی ئەزموونی لێ پێک نایەت، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا سەرپێیی و زارەکییە. واتە تۆمار نەکراوە تاکو بۆ نەوەکانی داهاتوو جێ بمێنێت و ببێتە دەرس، پەند و ئەزموونی لێ وەربگیرێت. دواتریش بکەوێتە بەر ڕۆشنایی و شرۆڤە. بۆیە وتارەکە لە هەر ئاستێکی هزریشدا بووبێت، لە جێی خۆیدا لە زاری فلانە میر یان سەرخێڵ دەرهاتووە، کاریگەرییەکی کاتیی هەبووە و پاشان با بردوویەتی. هەر بۆیە خێڵە کورد گرووپە مرۆڤێکی بێ یادەوەرییە. مێنتەلێتیی کوردیش بەگشتی یەکسانە بەمێنەلێتیی خێڵ.

هەر خێڵێک لە دنیادا بگریت، خۆی لە خێڵەکانی دیکە بە لە پێشتر و خانەدانتر و قارەمانتر دەزانێت. هەموو ئۆل و تایەفە ئاینییەکانی دنیا خۆیان لەوانی دیکە بە ڕاستتر و لە خواوەندەوە نزیکتر دەزانن. هەرچی خێڵی کوردە، بەتەنیا لە بەرامبەر یەکدا ئەم پرەنسیپە خۆڕسکییە سەرەتاییە پەیڕەو دەکەن. کەچی لەگەڵ خێڵی غەیرە کورددا خۆیان بەکەمتر دەزانن. هەر لێرەشەوەیە زۆرێکیان بوختانیان بۆ

خـۆیان کـردووە و خـۆیان بە عـارەب ناسـاندووە، یان ڕەچەڵەکی خـۆیان بردووەتەوە سـەر عـارەب. هەندێک جـاران لە ڕووی نەشـارەزاییـیـانەوە، شـەجـەرەی خـۆیان بردووەتەوە سەر سەرکردەیەکی بیانیی ئەوتۆ، کە وەجاخی کوێر بووە.

مێنتـەلێتیی کورد، بـەدرێژاییی مێژوو هـێندە هەژارە بووە، لە هیچ سـەردەمێکدا نەیتـوانیـوە بەدروسـتی دەوروبـەری خۆی بـەڕاسـتی بـخـوێنێـتەوە. نەیانتـوانیـوە لە سیاسـەتی دەوروبەر، لە نیـازی دوور و نزیکیـان، یان لە سـتـراتیج و تـەکتیکیـان تێ بگات. ئەم کۆڵەواری و پەی بـەنیـازی دەوروبـەر نەبردنە کارێکی کردووە هەمیشـە لە بەرەنگاریدا بژی. یان لە هەنگاونانیدا بەرەو چێکردنـی کیانێکی خـۆماڵی، بکەوێتە هەڵەی کوشندەوە و تووشی شکست ببێت.

ئەم تـێ نەهێنان و نەبوونی توانـای خـوێندنەوەی بەرانبـەرە، دەردێکە پێـوەندیی بەئاستی ژیری و مێنتەلێتیی نەبەکامی خێڵەکان خۆیانەوە هەیە. ئەگەر کەسێک یان دەسـتـەوە گـرووپێک نەزانێت چی لە دەوروبـەریدا دەگـزەرێت، ناشـتـوانێت یان ناشـزانێت خـۆی لـەگـەڵیـاندا بگونجـێنێت، یان سـوودیان لێ بـبـینێت. هەروەک ناشزانێت کەی و چلۆن لەگەڵیاندا بەشەڕ بێت. لەم سـەردەمی جیـهانگیرییەدا، کە زانیارییـەکان بەلێشاو لەبەردەستی هەموواندان، هێشتا هەر گرووپە خێڵەکییـەکان ناتوانن چوارکەناری خۆیان بەدروستی بخوێننەوە. بۆیە دەبینیت لە پڕێکدا بەسـەر ڕووداوەکـاندا دەکـەون، بێ ئـەوەی خـۆیان بۆ ئـامـادە کـردبێت، یان چاوەڕوانی ئەو جـۆرە جـووڵە و پەرچەکـردارانەیان کـردبێت، کـە ڕوودەدەن. هەمـوو ڕووداوەکـان بەلایانەوە کوتوپڕن و تووشی واقمان دەبن.

خێڵ بەسـەر خۆی و بەسـەر دنیاشـدا داخراوە. وشـیارییـەکی خێڵەکییـانەی کۆن پرزەی لە زەینی بڕیوە. بەردەوام هـەر ئەو هۆشـیـاری و ڕووناکـبـیـرییـەی باپیـرانی بەرهـەم دێنێتەوە. ئەوەیە کە لە مێژوویەکی کۆنەوە نەوە دوای نەوە پەیڕەویان کردووە. وشـیـارییـەکـە لەگەڵ ئەمڕۆی ئاڵۆزدا نایەتـەوە. وشـیـارییـەکە تاک تێـدا بەیدەسـتـە و ئازادیی لێ زەوت کراوە. ئەم مێنتـەلێتییـە لە ئاستی ئینسـانیی ئەمی دادەبەزاندووە. چونکە بواری پێ نادات خۆی بیر بکاتەوە.

ئەو لەبن زەبری دەسـەڵاتێکدایە، تەنیـا پاشـڤـەڕۆیی بـەرهـەم دێنێت و چڕووسـاوە.

چەقبەستووە و خۆی پێ نوێ ناکرێتەوە. خێڵ دووبەرەکیخواز و توندەمیزاجە، چەکدار و بوغرایە. ئەوی دیکەی قەبووڵ نییە و سەری لە گۆبەند دەخورێت. ئەو وەختێک دەڵێت "سەر بێ سەریەشە نابێت" مەبەستی سەریەشەی ناوەخۆیە، لەگەڵ خێڵە هاوزمانەکانی خۆیدا.

ئەو لە کاتی ملانێدا دەیگەیێنێتە سەر ئێسک و دەیشکێنێت. وەک لە چەندین نموونەی کۆن و نوێدا بەرچاودەکەوێت و کەوتووە "تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت" خێڵ لە دوای دەستکەوتە بۆ سەرخێڵ و خێڵەکەی. هەر بۆیەکا لە کەشوهەوای وەهادا داهێنان چێ نابێت. چونکە ئەو بەیاسا چەوت و چەوێڵەکانی خۆی تاکی گەمارۆداوە. مرۆڤی دۆڵپێچکراویش ناتوانێت داهێنەر بێت. سیستم و مێنتەلێتیی لەم جۆرەش هەڕەشەیە لەسەر نەوەکانی داهاتوو و لەسەر داهاتووی خۆیشی.

## کێ خێڵەکییە؟

بەری هەر شتێک، مەرج نییە تەنیا سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ و جەنگاوەرانی خێڵی گەڕۆک و دەوارنشین، پاسەوانی بەوەفای مەتەلێتیی خێڵ بن و لە ئاکار و ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا، لە نێو خێزانی خۆیان و لە نێو کۆمەڵگەدا پەیڕەوی بکەن و بیپارێزن. دەشێت کەسانی شارنشین، خاوەن بڕوانامە و کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەت و حزبیش بگرێتەوە. لە نێو توێژەکانی شارەکانیشدا زۆرن ئەو پیاوانەی، کە هیچ بڕوایان بەیەکسانیی ژن و پیاو نییە و گوێڕایەڵییان تەنیا بۆ ئۆل و تایەفە سنووردارەکەیان، یان بۆ خێڵەکەیان زیاترە هەتا وڵاتێک، یان ڕووبەرە خاکێک، کە ناوی کوردستانە. یان بۆ نەتەوەیەک، کە ناوی کوردە. کەواتە مێنتەلێتیی خێڵ، سیستمێکە بۆی هەیە تاک یان حزب و دەوڵەت، یاخۆ هەموو ئەو گرووپانەی بڕوایان پێیەتی و کاری پێ دەکەن بگرێتەوە.

هەرچی چۆنێک بێت، یاخۆ مێنتەلێتیی خێڵ؛ یانژی مێنتەلێتیی ڕەشماڵ، مەبەستم پێ ئەو زەین و میکانیزمەیە، کە دنیابینیی و ڕۆشنبیریی خێڵی لە ئەستۆدایە. بەرهەمی دێنێت، دەیپارێزێت و دواجار کاریشی پێ دەکات. ئەو ڕۆشنبیرییە کەون و داخراوەیە، کە لە ڕێی لاسایکردنەوەی نەوە یەک لەدووی

یەکەکانەوە، بەو شێوازەی باسمان لێوە کرد، ساڵ بە ساڵ لە بان یەک کەڵەکە بووە، بووەتە دەستوورێک، لەوێوە کورانی خێڵ بۆ پرسی ژن و هاوسەرگیری و ژیان و دەوروبەر و پێوەندیی نێوانیان دەڕاونن. جیهانی لێوە دەبینن و تەواوی دیاردەکانیش لەوێوە هەڵدەسەنگێنن.

هەر بۆ نموونە، ئەمڕۆ لە تەواوی دنیای نوێدا مرۆڤ، نێر بێت یان مێ، هەر کەسە و خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی. تا ئەو ئاستەی تاک بۆی هەیە ئەندامانی لەشی خۆی ببەخشێت، جا لەو دەمەدا، کە لە ژیاندایە یان دوای مەرگی، بەڵام هەر بەپێی یاسا فرۆشتنیان قەدەغە کراوە، کەچی پیاوی خێڵەکی هێشتا هەر خۆی بەخاوەنی جەستەی مێینە دەزانێت.

لەبەر ئەو ڕۆشناییيەدا؛ ئەگەر نەختاڵێک ڕۆشنایی تێدا مابێت، کێشەکانی خۆیان چارەسەر و یەکلایی دەکاتەوە. سەرجەمی هەڵسوکەوت و کاردانەوە و ئەو گۆشەنیگایانەی لە درێژایی ئەم باسەدا ورووژان و دەرکەوتن، گەوهەری مێنتەلێتیی خێڵ لە ڕابردوو، واتە بەر لە نیشتەجێبوون و پاشتر لە تافی نیشتەجێبوونیدا دەخەنە ڕوو.

## تاکی خێڵەکی بە هاووڵاتی حیساب نییە

چەمکی هاووڵاتی Citezen بەگوێرەی سەردەم گۆڕینی بەسەردا هاتووە. مەرج نییە هەموو ئەوانەی لە نێو سنووری کوردستاندا دەژین بە هاووڵاتی حیساب بن. ئەگەرچی ئێستاش و لە سەردەمی بەعسیشدا خەڵکانێک هەبوون کەسانی نیشتمانی و نیشتمانپەروەر بوون. وەلێ ئێستاشی لەگەڵدابێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کەسانی نیشتمانی یان هاووڵاتی لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕاوەدوونراون. ئەگەر بەپێی چەمکی نوێ، هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەهاووڵاتییانی ڕۆژاوایی بەراورد بکەین، دەبینین لە ئاستێکی نزمی ئینسانیدان. کاربەدەستانی ڕۆژهەڵات چێژ لەوە وەردەگرن هاووڵاتی بەمافە بنەڕەتییەکانی خۆی نەگات. چێژ لەوە وەردەگرن بیانچەوسێننەوە. زۆرێک کاربەدەستانی ڕۆژهەڵاتیی هەستی پێ ناکەن، کە ئەوان فەرمانڕەوان ئەگەر توندوتیژی و بێدادی نەنوێنن. چاوترساندنی جەماوەر بەشێکی

فراوانی باشووری زەویی گرتووەتەوە. بەسەرێکی دی زاراوەی هاوولاتی یەکسانە بە "هاونیشتمانی" و مەبەست پێ ئەوکەسانەیە، کە پێکەوە لە سنووری جوگرافیایی نیشتمانێکدا ژیان دەگوزەرێنن. بەڵام ئەم پێناسەیە، تەنیا مانای زارەکی و دیوی دەرەوەی زاراوەکە دەگرێتەوە.

جابری دەڵێ: «ئەو کەسەی شیاوی ئەوەبێت پێی بوترێت هاوولاتی Citezen کەسێکە گوێرایەڵیی بۆ خێڵ و تایەفە و تەنانەت بۆ خێزان و بۆ ئەو حکوومەتەش نەبێت، کە تاکێک بەڕێوەی دەبات. جا ئەو تاکە دادپەوەربێت یان نا. هەروەها هاوولاتی گوێڕایەڵیی بۆ ئەو دەوڵەتەیش نییە، کە کاربەدەستانی دەسەڵاتیان لە سەرچاوەیەکی غەیری ویست و ئیرادەی میللەتەوە وەرگرتبێت، کە ئەوانیش ئازادانە و خۆویستانە دەنگیان پێ دابێت. "محمد عابد الجابري، المواطن والمواطنة.. أمس واليوم"

شۆڕشەکانی کورد ئێستاشی لەگەڵدابێت نەیانتوانیوە تاکی کورد بکەن بەتاکێکی نیشتمانپەروەر. چونکە زۆرێک لەو تاکانە هەتا ئێستاش خێڵپەروەر و تایەفەپەروەرن. وەلێ شۆڕشی فەڕەنسا چەمکی هاوولاتیبوونی لە هەموو ئەوروپادا چەسپاند. هەروەها شۆڕشی ئەمریکا. چونکە خەڵکی لەوێ، لە ئەنجامی ئەو شۆڕشانەدا گوێڕایەڵییان بۆ نیشتمان لەلا چێ بوو. لەوێ بەپێی دەستوور خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن. نەک لە ڕێی خێڵ و تایەفەوە، وەک ئێستەی عێراق، "بۆ نموونە". لەوێ دەوڵەت دەوڵەتی نەتەوەیە نەک دەوڵەتی خێڵ یان ئۆل و گرووپی ئێتنیکی.

لە دنیای نوێدا، هەر تاکێکی کۆمەڵ بگریت، لە هەر ئاستێکی چینایەتی یان ڕۆشنبیریدا بێت؛ بەڕەگەز و بنەچە خەڵکی ئەوێ بێت یان پەناهەندە بووبێت و بچێتەوە سەر گەلانی باشووری گۆی زەوی، هەست بەو فاکتە دەکات، کە ئەو لە فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەدا بەشدارە. چونکە لە ڕێی دەنگی خۆیەوە ئەو سیستمە هاتووەتە ئاراوە. ئەو سیستمەش یەکسانیی هێناوەتە ئاراوە. هەموو لایەک لە ماف و ئەرکیاندا بەرانبەر و یەکسانن. کەواتە هەموو لایەک گوێڕایەڵییان بۆ ئەو وڵاتە و ئەو سیستمە هەیە کە دەستنێژی خۆیانە. بۆیە لەوێ هەر تاکێک بگری پڕ

بەپێستی وشەی هاووڵاتی ئەویش هاووڵاتییە.

خۆ تاکی خێڵەکی یان تایفی گوێڕایەڵییان (ولاء) بۆ نیشتمان یا وڵات نییە، ئیدی چلۆن دەکرێت ئەوانە بە هاووڵاتی یان هاونیشتمانی (المواطن) بێنە ژماردن. ئەوان گوێڕایەڵییان بۆ خێڵ یان بۆ تایەفە دینییەکەی خۆیان هەیە، کەواتە ئەوانە کەسانی خێڵەکی یان تایفین و بڕایەوە.

هاووڵاتی گەرەکە بەپێی یاسایەک، کە لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە دەرچووبێت، پێناسە کرابێت. یاسایەک کە مافی دیموکراسیی و ئابووریی تاکی تێدا پارێزراو بێت و ئیعتیبارێکی ئەوتۆی بۆ دانابێت، کەس بۆی نەبێت، دەست وەربداتە کاروبارییەوە.

## ئێمە و ئەوان ناکۆکیی بێ بناخە

بەپێی شیکردنەوەی بیری دیکارت بێت، هەرچی لە من بترازێت ئەوە. جابری دەڵێت "فەلسەفەی نوێی ئەورووپا لە بنەڕەتدا فەلسەفەی منە، واتە خۆ. مرۆڤ خۆیە لە بەرانبەر جیهاندا، کە بابەت (موضوع)ە.. "محمد عابد الجابري مفهوم الأنا والآخر" هەمیشە چەمکی من ئەرێنییە و چەمکی ئەویش نەرێنییە. من هەم و بوونم بەڵگەنەویست و کۆنکرێتییە، کەچی ئەو، یان ئەوان هەردەم جێی گومانن، بۆچوونەکانی من ڕاست و واقیعین. هەرچی دید و بۆچوونی ئەوانیشە لە وەهم بترازێت هیچ دیکە نییە. من نێوندەم "سەنتەر"، ڕەنگە ئەو یان ئەوان پەڕاوێز بن. وەک دەبینیت من چەمکێک و خۆیەکی و پاوانخوازە، کەچی دێت بە ئەو یان ئەوانی دەڵێت پاوانخواز. من لە خۆیدا ئیگۆییستە، وەلێ ئەو بە ئیگۆییست تۆمەتبار دەکات".

خێڵ دەڵێت: من یانژی ئێمە هەمیشە ناسراو و بەناوداو بووین. ئەسڵ و فەسڵمان، سنوور و سەرحەدمان، کانی و پاوانمان، وەک ڕۆژی ڕوون دیارن. بەڵام ئەو یان ئەوان لە ئێمە ناچن. ئەوان بەڕەگیشە و مێژوو لە ئێمە جیاوازن. کەواتە لە ئێمە نین. کار و کردەوەیان وەک هی ئێمە نییە. پێوەندییەک ئێمە و ئەوان کۆ ناکاتەوە. سۆزبەندییەک لە نێوانماندا ناپەیدایە. هاو ئۆل و هاو چین و هاوتوخمات

نین. ئێمە و ئەوان گوێڕایەڵییمان بۆ یەکودوو نییە.

یەک لەباری منی عارەب و ئەوی جوو، ئۆلیشیان جیاوازە نەک هەر زمان و کولتوور و مێژوو. یەک لەباری منی کورد، ئەوی تورک، وڵاتەکەی لێ داگیر کردووم. وڵاتی ئێمە و وڵاتی تورک لەیەک ناچن. زمان و مێژوو کولتوورمان جیاوازە. کاتێک ئێمە لێرە بووین ئەوان لە کوێ بوون؟ وەلێ ئەم جیاوازییە لە نێوان منی عارەب و ئەوی جوودا، یاخۆ لە نێوان ئێمەی کورد و ئەوانی تورکدا پاساوی خۆیان هەیە، چونکە خاڵی هاوبەش لە ئاردا نییە، یانژی ئەگەر هەشبێت، بەشی ئەوە ناکات تەواو لەیەکمان نزیک بخاتەوە. ئەدی سەبارەت بەنێوانی منی فلان خێڵە کورد و ئەوی فیسارە خێڵی کورد، چ جۆرە پاساوێک بۆ ساردی و بێ نێوانیمان لە ئارادایە؟

ئەو، وەزەنی بۆ من هەیە. لەوانەیشە پیلانێکی نهێنیی دەرهەق بەمن لە ژێر سەردا بێت. ئەوان بەمن نامۆن. نامۆ جێی بڕوا نییە. ئاڵۆزە و سەری لێ دەرناکەم. دەشێت سبەی هەڵبکوتێتە سەر پاوان و ئاوم. ئەگەر ماڵاتاتی تووشی قاتوقڕیی بوو، لەوانەیە چاو ببڕیبێتە پەزەکانم. چاوی پێمدا هەڵنایە. واتە ئەو تاکێکی کوردی گەڕەکێکی دی، هی خێڵێکی دی، هی شارێک، یان گوندێکی دی بەبێگانە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەیە بەجێی ترس و گومانی دەزانێت و لێی دڵنیا نییە. بۆیە کیژی خۆی ناداتێ. بڕوای پێ ناکات. لێی بەدگومانە. دەیخاتە پشتگوێ. یان خۆی بۆ ئامادە دەکات، نەبادا خەنیمی بێت. چونکە ئەوان ئەغیارن، واتە بیانین.

سیستمە خێڵەکی و دەمارگیرەکانی دنیا پێیان وایە "ئەوەی لە خۆیان نەبێت، ناحەزە" گەرەکە هەڵوێستی لە هەمبەر وەرگرن، یان ئەگەر کرا لە نێوی ببەن و بیسڕنەوە. یان دەکرێت هەوڵی لەگەڵدا بدەن و لە نێو خۆیاندا بیتاوێننەوە. بەڵام هەردەم چەمکی من بە ئەوەوە بوونی هەیە، من دوور لە ئەو، بوونی نییە. بەبێ بەراورد لەگەڵ ئەودا بەدیار ناکەوێت و بوونیشی بەرجەستە نابێت.

ئێمە هەتا تەبابین، ئەوا یەکین و موو بەبەینماندا ناچێت. وەلێ هەر کاتێک گێرە و کێشە کەوتە نێوانمانەوە. ئەوا تەرەفی دووەم دەبێت بەئەو. واتە دەبێتە ناحەز. ئیتر ئەوسا کۆسپ لە نێوانماندا قوت دەبێتەوە. یان لەوانەیە هێندە لە یەکدی دوور بکەوینەوە، خەرەندێک بکەوێتە نێوانمانەوە و ئیدی بەیەک نەگەین. لەگەڵ یەکدا

دەرنەبەین. من تایبەتمەندیی خۆم هەیە. ئەو لە من ناچێت. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەوە دەچێت ئەو نەهێڵێت من تایبەتمەندییەکانی خۆم پیادە بکەم. من ئێستا بەبێ ئەو سەربەخۆم، وەلێ لەوانەیە ئەو سەربەخۆییم بخاتە غەرغەرەوە.

ئەگەری ئەوە لە ئارادا هەیە ئەو بیەوێت لە منێتی من کەم بکاتەوە. یان لەوانەیە ئەو سنووری ئازادییەکانی من ببەزێنێت، یان لەوانەیە بمخاتە ژێر چاودێرییەوە. لەم سۆنگەیەوەیە، کە هزرڤانێکی وەک سارتەر وتوویەتی: «دۆزەخن ئەوانی دیکە» یانژی دەشێت ئەو بەنیاز بێت "ئەوێتی- شوناس – ئایدێنتیتی"ی من، کە زۆر لە هی ئەو جیاوازە بەجارێک بسڕێتەوە.

وەلێ لە بەرامبەر هەر منێکدا منێکی دیکە لە ئارادایە، کە ناوی ئەومان لێ ناوە. ئەمەش لە خۆیدا ڕێژەییە. بەو مانایەی، منیش لای خۆمەوەیە، یەک لەباری ئەو، دەبم بە ئەو. سارتەر لە کتێبی "الوجودية نزعة إنسانية"دا دەڵێت: «بۆ ئەوەی بگەمە هەر چەشنە حەقیقەتێک سەبارەت بەخۆم، هەر دەبێت بەوی دیکەدا تێپەڕم "ئەو". ئەویش بەبێ بوونی من چێ نابێت، هەروەک منیش پێویستیم بەئەو هەیە بۆ ناسینی نەفسی خۆم.» وەلێ زۆر جاران ئەم من و ئەوە دەگاتە نێو ڕیزەکانی هەمان خێڵ و دووکەرتیشی دەکات. ئیدی کەرتە نوێیەکان لە یەک دەبنە ئەغیار.

ناکۆکیی بەردەوامی نێوان خێڵەکان پووچ و وەهم بووە. واتە لەسەر بناخە و بنەمایەکی ڕوون و ئاشکرا بنیات نەنراوە. چونکە جیاوازییەک، کە نەگۆڕ و جێگیر بێت لە نێوان خێڵەکانی کورددا نییە، تاکو ناکۆکی هەڵبگرێت. ئەوان هەموویان هەر کوردن. ڕەنگی پێستیان چونیەکە، ڕەگیشە و نەژادیان هەریەکە و بەنزیکەی زۆرینەشیان موسڵمانی سوننەن. واتە ئەو جیاوازییانەی لە دنیای نوێدا دەبێتە مایەی نائارامی و ناتەبایی؛ لە نێوان خێڵی کورددا بەدی ناکرێت، یان زۆر کەمن. بۆیە ملانێی نێوانیان هیچ پاساوێکی نییە. کەچی ئەوان ئەوەندەی پابەندی یاسای نەنووسراوی خێڵن، نیو ئەوەندەش مل بۆ یاسا و دەستووری دەوڵەت نادەن. لێرەدا مەبەستم پێ ئەو هەوڵانەیە، کە سەرکردەکانی کورد بە درێژاییی مێژوو، بۆ پێکەوەنانی کیانێک بۆ ئەم گەلە داویانە و هەندێک جار لە فۆرمی دەوڵەتدا، ماوەیەک دەوامیان کردووە. ئەوان هەمیشە مایل بە سەرپێچین و بەدرێژاییی مێژوو کۆسپی

ڕێگەی پرسی نیشتمانی بوون، کە دەستەبژێری سیاسیی کورد ڕابەرایەتیی کردووە.

لەم چاخی گلوبالیزمەدا، کە سنووری نێوان میللەتان ڕوو لە سڕینەوەیە؛ ئەوان هێشتا هەر لە نێوان خۆیاندا خەریکی هەڵچنینی دیوارن. وەکی دی دەسەڵاتیان گەیشتووەتە شارەکان و دەست وەردەدەنە کاروباری دەوڵەتەوە و دەیانەوێت هەموو شتێک بەدڵی ئەوان بێت. ئەوان دەیانەوێت دوور لە ڕەچاوکردنی بەهرە و توانا و مێژوویان، خۆیان وەزیر و بەڕێوەبەر بن و پێگە گرینگە ڕەسمییەکان پڕ بکەنەوە.

دەکرێت بڵێین خێڵ "ئیختیراق"ی زۆرێک لە دەزگە هەستیارەکانی وەک پەرلەمان و هێزی چەکداری کردووە. بوونی دەسەڵاتی خێڵ لە نێو ڕیزی پێمیم و سوپادا هەتا بڵێی مەترسیدارە. چونکە کەسانی خێڵەکی گوێ بەیاسا نادەن. لە چرای سەوزی ترافیکەوە دەیبەزێن هەتا دەگاتە یاساکانی دیکەی شارستان. پێم وایە عەشرەتگەری بۆ ئەم سەردەمە جۆرێکە لە بەربەرییەت، ملۆزمێکە بۆ شارستانییەت و تەواوی دەزگە مەدەنییەکان لە بۆسەدایە و ئاسایشی تاک و کۆ دەخاتە مەترسییەوە.

سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ وەهایان بردووەتە مێشکی تاکەکانەوە، گوایە هەموو ئەوانی دیکە، کە کەوتوونەتە دەرەوەی خێڵی خۆیان، بەدنیازن و بەدوژمن حیسابن. چونکە هەڕەشەن بۆ سەر ئەمان و جێگەی دڵنیایی نین. ترس لەوانی دیکە گومانێکی بێ مانایە، لە ناخی تاکی خێڵدا دەچێنرێت. گوایە دڵنیایی و ئەمان، ژیانی ئازاد تەنیا لە ئەنجامی پابەندبوون و گوێڕایەڵیی تاکەوە بۆ خێڵی خۆی و سەرخێڵ خۆی بەدەست دێت. هەر پێشنیاز و بیرۆکەیەکی نوێش، مادام لە تەرەفی ئەوانی دیکەوە هاتبێتە ناوەوە، جێگەی گومانە و بە بەدنیازی و بەدوژمنکارانە لێک دەدرێنەوە. بۆیەکا تۆی ڕووناکبیر، ڕۆژ هەتا ئێوارە بانگی یەکسانیی ژن و پیاو بدەیت یان باسی مافە مەدەنییەکانی دیکە بکەیت بێ سوودە و ڕەنجەکەت ئاو دەیبات.

چونکە تۆ لە دەرەوەی خێڵەوە ئەم بانگە دەدەیت. بۆیە هەتا ئەم سیستمی خێڵە لە جێی خۆی بێت، ئەوا کۆمەڵگەش لە جێی خۆی پێکوتەیەتی و گۆڕینی بنچینەیی بەخۆیەوە نابینێت. لە ڕاستیدا، گەرەکە لە نێو میللەتێک خۆیدا، ئێمە و ئەوان و من

و تۆ نەمێنێت. گەرەکە تەنیا ئێمە هەبێت.. ئێمەیەکی هێندە گەورە، جێگەی تەواوی گەلی کوردی تێدا ببێتەوە.

تاکەکان، گەلێک جاران لە نێوان خۆیاندا، وەک ئیرەیی بەیەک بردن، لەم جۆرە قسە و باسانەیان لەسەر زارە "من هەم، من سەرچاوەم، کە من لێرە هەبووم، ئەو لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەبوو. کاتێک من لەم بوارەدا ڕەنجم دەدا، ئەو بێ ئاگابوو. من لەو کاراترم. پیاو عەیبە باسی خۆی بکات، من زۆر لەو زاناترم.. هتد". ئەم دۆخە وەک ناکۆکییەکی بێ تام لە نێو تاکەکاندا هەیە و کۆتاییی پێ نایەت. بەڵام ئەوەتا ئێمە وەک کورد، بە دەستەجەمعی بە ئەوانی داگیرکەر ناڵێین "ئێمە هەین، ئێمەش وەک ئێوە مافی ژیانمان هەیە. ئێمە پێش ئێوە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەبووین و لێرە بووین. ئێمە هیچمان لە ئێوە کەمتر نییە. ئێمەش نەجیبین... هتد".

ئەم جۆرە خۆڕانان و ئیدیعایانە لە لای زۆربەی میللەتانی دنیا هەن. بەڵام لە لای کورد بوونیان نییە، یان زۆر کزە. خۆ هەر ئەم جۆرە ئیدیعایانەش بوون وەرد وەردە گەورەبوون. تا ئەو ئاستەی گەلان لە نێو خۆیاندا کردوویانە بە ملانێ و پێشبڕکێی شێتانەی چەک و چۆڵ و سوپای تەیاریان پێکەوە ناوە و دواجار شاڵاویان بردووەتە سەر گەلانی دوور و نزیک و جەنگ و کاولکاریی ترسناکی لێ کەوتووەتەوە. لەسەر کەلاوە و ئێسک و پرووسکی گەلان چەندین ئیمپراتۆریا چێ کراون. یان ئەم ئیدیعایانە بوونەتە هۆی چێبوونی پێشبڕکێی وەرزش و زانست و هونەر لە نێو گەلاندا و لەم بوارانەدا داهێنانیان کردووە.

بەڵام ئێمە لە ئاستی داگیرکەرانی کوردستاندا قسە ناکەین بەیەک و ئێرەییشیان پێ نابەین. چونکە بە بەراورد لە چاو ئەواندا گوێڕایەڵیمان بۆ خاک و گەلی خۆمان کزە، یان ئاستی گوێڕایەڵیمان گەلێک لاواز و لە دوایە. مەبەستی ئێمەش ئەوە نییە دوژمنکاریی گەلانی دەوروبەرمان بکەین و کاولکاری بنێینەوە. وەلێ سەیرە، کە ئێمەی کورد بەداگیرکەرانی خۆمان دەڵێین برا. دیارە براکان جیاوازییان لە نێواندا نییە و یەک ڕەگیشەیان هەیە. کەواتە داوایماڵجیاییش ناکەن. لە دۆخی وەهاشدا، کە ئێمە و گەلی سەردەست برا بین، ئیتر وەک یەکین و ئێمە هیچمان لەلای ئەوان نییە و یەک ماڵین. وەلێ بیرمان لەوە نەکردووەتەوە ئەگەر ئێمە و ئەوان لەم دۆخی

ژێردەستەییدا برا بین، کەواتە ئێمە لە ئەواندا دەتوێینەوە، نەک بەپێچەوانەوە. ئەنجام ئێمە بەدەستی خۆمان، خۆمان بەو مەرەیە دەبەین. لە ڕاستیشدا ئێمە کاتیک لەتەک دراوسێکاندا دەبینە برا، کە هەردوو لامان وەک یەک ئازاد بین و ماڵمان جیا بێت.

تاکی خێڵەکیش خراپ دەورووژێت کاتێک خورتێک دێت و سەرنجی بەجۆرێکی کچەکەی، یانژی خوشکەکەی دەدات، تەنیا سەرنج. ئیدی ئەم سەرنجدانە گەلێک جاران شەڕی لێ بەرپا دەبێت. وەلێ کاتێک سوپای بیانی هەڵدەکوتێتە سەر وڵاتەکەی و تەڕ و وشکی پایەماڵ دەکات و بەجارێک هەزاران ئافرەتی کورد ئەنفال دەکات. نێرینەکان، وەک پێویست لە بەرانبەر ئەم شالاوەدا ناوەستن و وەک پێویست پەرچەکردار نانوێنن. چونکە بەهەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خۆیانی حیساب ناکەن.

## خێڵ و کۆمەڵگەی مەدەنی

"ودیع العبیدی" لە باسەکەی خۆیدا بەناونیشانی «مجتمعات الاغتراب والقرصنة: جڤاگەکانی هاڤیبوون و چەتەگەریی" دەڵێت: «ژیار و ڕووناکبیری و دەستکەوتەکانی دیکە، بەرئەنجامی داسەکنین و سەقامگیریی مرۆڤن لە دێهات و شاردا. دەستپێکی توێتکەخواردن و سەقامگیریش لە ڕێی گرێدانی پێوەندی لەگەڵ خاک و ئاودا، بەهۆی کشتوکاڵەوە سەری هەڵداوە. بەڵام تاکی خێڵەکی هەردەم کۆڵبەکۆڵ، بەدوای مەڕوماڵەتەوە بووە. دیارە بەو گەشت و گەڕانەشی لە ڕەوتی شارستانییەت دابڕاوە و دواکەوتووە. ئەم کۆچەڵکۆچ و ڕاکەڕاکەش ئەوەندە درێژەی کێشاوە، هەروا بەئاسانی ماوەکەی دیاری ناکرێت. لەم ماوە دوور و درێژەشدا خێڵ کولتوور و ڕێوڕەسم و نەریتی باوی خۆی بەرهەم هێناوە، کە زۆر لە کولتوور و مێنتەلێتیی شارستانی بەئامێر و دەزگەکانی دەوڵەت و دامەزراوە حوکمەتی و ناحوکمەتییەکان جیاوازە.»

کولتووری خێڵ لە ئەنجامی دوورەپەرێزییەوە شکڵگیر و ڕەگاژوو بووە. وەک خۆڕازاندنەوەی پیاوان بەچەندین جۆر چەک و چۆڵ، خۆبەزلزانین و گیانی تۆڵە، هەستیاری، فرسەت قۆستنەوە بۆ ڕاووڕووت، گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ خێڵ لە بری

نیشتمان، بەرز و پیرۆزڕاگرتنی هێزی ملهوڕی هەوسار پچڕاو، سوارچاکی، نیشانشکێنی، نانبدەیی، گەرمیان و کوێستانی بەدەوام و دانەسەکنان، هەڵچوون و ڕاڕایی و ناسەقامگیری لە کەسیەتیدا. هەروەک لەو سۆنگەیەوە، کە کەوتووەتە نێوان دوو جیهانی ناکۆکی دەژبەیەکەوە، جیهانی دواکەوتووی خێڵ و دنیای شارستان، لە دووفاقیی بەردەوامدا ژیان دەگوزەرێنن. وێڕای دڕدۆنگی و دوورەپەرێزی لە مەعریفەتی هاوچەرخ. هەموو ئەم ئاکارانە بۆ کۆمەڵگە و تاکی خێڵەکی بوونەتە مۆرک و خەسڵەتی تایبەت. لە زەینیاندا بنی ناوەتەوە و لێ دەرچوونیان هەروا ئاسان نییە. بۆ تێپەڕاندن لێیان، کاری جدی و پشووی درێژ و شۆڕشی ڕووناکبیریی گەرەکە.

لە ژێر سایەی ڕەشماڵدا دەزگە و پەیمانگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەمەڕەنگ و هەمە خولیا پێک نایەن. چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی سەرەکییان سنووورداکردنی دەسەڵاتی حکوومەت و چاودێرییەتی، نەبادا مافەکان پێشێل بکات و بداتە لایەنی ملهوڕی. بەڵام هەرچی سەرخێڵە خەونی پێوە دەبینێ ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت سەرۆکی وڵات ڕێی بکەوێتە کۆشکەکەی، تاکو ئەو مێواندارییەی جەنابی سەرکردە وەک کارتێکی گوشار بەکار بهێنێت. سەرخێڵ بەئاواتی دەخوازێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێت خۆی و جەنابی سەرۆکی وڵات یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی ڕیزی پێشەوەی دەسەڵات، لە چوارچێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافیی ڕەنگاوڕەنگدا کۆ بکاتەوە، تاکو بەرز لە دیوەخانەکەی خۆیدا هەڵی بواسێت و هەر میوانێکی هات ببینێت، تاکو ڕەشوڕووتی لای خۆی و هەم میوانی سەربە خێڵەکانی دیکەی پێ بکاتە گیسکەکەی هەیاسی خاس.

کشتوکاڵ و پیشەسازی پێویستییان بە دێهات و شارستانیی سەقامگیر هەیە. وەلێ خێڵ داناسەکنێت، تا بتوانێت وەک پێویست سوود لە بەخشندەییی زەوی و کەرەستە خاوەکانی سەر و بنی زەوی وەربگرێت و ڕێز لە خاک بنێت و بێ منەت بژێویی لێ بەدەست بهێنێت.

## ترس لە گۆڕان

خێڵ لەگەڵ گۆڕاندا نییە. هەردەم فۆبیای گۆڕانی لە کەلەدایە و سڵی لێ دەکاتەوە. باوەڕ ناکەم هیچ سەرخێڵێکی کورد، کە پڕانی وان موستەشار و مەفرەزە خاسسە بوون کەیفیان بەو گۆڕانەی، کە ڕاپەڕین لە کوردستاندا هێنایە ئاراوە، یان هەڵمەتی ڕزگارکردنی عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە هاتبێت. ئەگەرچی سەرکردایەتیی کورد بەبڕیارێکی مێژوویی لێبووردنی گشتیی بۆ دەرکردن، بەڵام ئەو گۆڕانە مەزنە لە چاوتروکانێکدا هەموو ئەو "میدالی بوێری: نوط شجاعة" زێڕانەی ئەوان لە ڕێژیمی پێشووەوە وەریان گرتبوو کردنی بەتەنەکەی ژەنگن و لەبەها بەتاڵی کردنەوە. ئەو میدالانەی، کە پێشتر جێی شانازی و کەشوفشی ئەوان بوون، لە هەناسەیەکدا بوون بە پەڵەی شەرمەزاری، کە بەئاسانی ناسڕێنەوە. میداله زێڕەکان و ئیمتیازەکانیان بەرەوڕووی زبڵدان کرانەوە. بۆیە وەک دەستوورێک، سەرخێڵ گۆڕانی جەوهەری و بادانەوەی مێژوویی پێ ناکەوێت. لێی دەترسێت و لەگەڵیدا نییە.

پشت بەستنی تاک بەخێڵ و گەڕانەوە بۆ دەرگانەکەی، بەلای ئەوەوە یەکسانە بەگەڕانەوە بۆ لای منێکی بەهێزتر و مەزنتر، کە خاوەنی توانایەکی ئەفسانەییی ئەوتۆیە، ئەوی تاک لە تەواوی کارەسات و ئەو ناحەزانەی لە تاریکیدا خۆیان لێ دانووساندووە و بۆی لە بۆسەدان و بوونیان بۆ سەر ئەم هەڕەشەیە، دەپارێزێت.

کوڕانی خێڵ، کە هێشتا لە جەنگێک نەبوونەتەوە، جەنگێکی نوێ چاوەڕانیانە، ئیدی جیهان لە کن ئەوان دابەش بووەتە سەر دوو بەرە، دۆست و دوژمن، بۆیە تۆ هەر دەبێت یەکێک لەم دوانە بیت. ئەم دۆخەش دوانەیەکی دیکە هەڵدەگرێت، یان بکوژ یاخۆ قوربانی.

خێڵەکییەکان بەدرێژاییی ساڵ، بە مانگی موحەڕەمیشەوە، شەڕ دەفرۆشن. ئەوان هەردەم لەسەر چز و ئامادەباشی جەنگن و خۆیان بەستووە. تاک لە مێنتەلێتیی هۆزدا پرۆژەیەکە بۆ کوشتن یان خۆبەکوشتدان. ئەو لە هەر سەردەمێکدا بژی، ئاشتی و ئارامی بەلایەوە هیچ مانایەک نابەخشێت. خۆ ئەو خاوەنی هیچ دامەزراوەیەک نییە تاکو ترسی ئەوەی هەبێت گڕ بگرێت و لەبەین بچێت. ئەو ماڵەکەی لە مووی بزنە، کە بەئاسانی قەرەبوو دەبێتەوە.

لە هەر کوێ ڕەشماڵی هەڵدا، بەعەرد و ماڵی خۆی دەزانێت. ئەو لە دۆخی ئاشتیدا دەستکەوتی نابێت. بەڵکو لە دۆخی ئاشتیدا بەناچاری لە مانۆڕ دەوەستێت. ناتوانێت ئەزموون و فێڵەکانی جەنگ، کە بەدرێژاییی چەندین نەوە لە لای خۆی کۆی کردوونەتەوە پێشانی ئەوانی دیکەی بدات و ترس و تۆقین بنێتە دڵی مەردمەوە. تاک لێرەدا کوڕی جڤاکێکە ڕۆژێک لە ڕۆژان هۆشیاریی کۆ نەکردووەتەوە و مەبەستیشی نەبووە. واتە ئەو بێ ئەوەی بەخۆی زانیبێت ناهۆشیارە. بۆیە هەمیشە بەمستێک دراو دەخلیسکێتە داوی خیانەتەوە و بەلاشیەوە نەنگی و کەمایەسی نییە.

کوڕانی خێڵ بەلای زانستدا دای ناشکێن. شتێک لە کن ئەوان بایەخی نەبێت فەلسەفە و هزر و تۆژینەوە و هونەری نوێیە، کە تاکو نهۆش ئەم لایەنە گرینگانە بە کۆمەڵگەی داخراوی خێڵ نامۆن. زۆر کەمن ئەوانەی سەر لەم بوارە گرینگانە دەربکەن و بەهەندیان بگرن. بۆیە ئاستی ڕووناکبیریمان هێشتا شتێکی ئەوتۆی لە شیعر تێ نەپەڕاندووە، کە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی ڕووناکبیریی خێڵە.

لە هەر جێیە خێڵ بەهێز بێت شیعر لەوێندەرێ هونەری باوە. چونکە شیعر تەواو لەگەڵ هەڵچوون و پەسندان و شانازی و شمشێری تازەساوی بەخوێن سووری کوڕانی خێڵدا دێتەوە و بەرزترین نموونەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی جڤاکی خێڵ پێک دێنێت. شیعریش مامەڵە لە تەک وەهمدا دەکات نەک لەگەڵ لۆجیک و خەیاڵی داهێنەرانەدا، تەواو وەک مێنتەلیتیی خێڵ.

لە پاژەکانی بەراییدا باسمان لەوەکرد، کە میرنشینەکان هەرخێڵ بوون و بەهەمان مێنتەلیتی کاریان کردووە. ئەوەندە هەبووە توانیویانە تاڕادەیەک سنووری خێڵەکەیان بۆ قەدەرئەیامێک فراوانتربکەن. وەک دیاردەیەکی زەق میستەر ڕیچ لە گەشتەکەیدا بۆ کن مەحموود پاشای میری بابان، چەند جارێک باسی دۆخی دواکەوتووی تەلارسازی و خانوبەرەی دێهاتی کوردەواری و خودی پایتەختیش "سلێمانی" دەکات. ئەوە دەدرکێنێت، کە خانووی میرەکانیش ناشایستەن و لە سلێمانیدا تەلارێک نەبووە سەرنجی ئەو ڕابکێشێت.

ئەم سەرنجەی میسەر ڕیچ ئەوە دەهێنێت هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین. چونکە تەلارسازی بۆی هەیە هونەر، هزر، ئابووری و ئاستی ژیاریی ئەو سەردەمەمان بە

بەرجەستەیی پێشان بدات. بنیاتنانی کۆشک و تەلار، قەڵا، پرد و مزگەوتی گەورە گەورە پێویستیی بەسەقامگیری و دەستڕەنگینی هەیە و لە کن ئەوان چنگ نەکەوتووە.

کوا کۆشک و قەڵای بابانەکان، تاکو بۆ ئێستای ئێمە و بۆ مێژووی ئەوان مایەی شانازی بوونایە؟ لەبەر پیرەمیدەکانە خەڵک لە چوارقورنەی دنیاوە سەردانی وڵاتی میسر دەکەن و ئەمڕۆکە بوونەتە مایەی شانازی و خێروبێر بۆیان. هەر ئەو پیرەمیدانەشە فیرعەونەکانی بەخۆیان و گەنج و گۆڕ و مۆمیاکانیانەوە بەزیندوویی هێشتووەتەوە. تۆ بزانە تاج محەل نیشانەیەکی چەند دیاری وڵاتی هیندستانە؟

بەڵام ئەوانەی ئێمە هەتا چاتۆڵ و ڕەشماڵ شارەزابوون. ئەگەر هیچ نەبوایە وەک یادگار قەڵایەک، یان مزگەوتێکی جوانیان لە پاش جێ بمایە، ئێستا دەمانتوانی بڵێین ئەندازەی تەلارسازییان زانیوە. دەکرا خۆمانی پێوە ڕابنێین. بەڵام ئەوان دووربین نەبوون. خاوەنی هزر و هونەر نەبوون. دەکرێت لە زۆر شوێنی ئەم دنیایەدا، لە ڕێی هونەری تەلارسازییەوە قۆناغە مێژووییەکان و بنەماڵە فەرمانڕەواکان جیا بکەیتەوە. چونکە هەر پادشا و میر و بەرەبابێک بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانی دیکە، دەماخیان سووتاندووە، تاکو بەشێوازی خۆیان، کەنیسە و مزگەوت و کۆشک و قەڵا بنیات بنێن. ئەوان هونەری خۆیان لەو کارانەدا ڕەعەمەل هێناوە. بۆیە تاکو نەهۆش وەک پەنجەمۆریان وان، کەسیەتیی ئەوانی پێ دەناسرێتەوە.

میرانی سۆرانیش بەدەر لە تۆپەکەی وەستا ڕەجەب، کە "فۆتۆکۆپی" بووە، هیچی وەهایان بۆ جێ نەهێشتووین جێی سەرسڕمانی خۆو بیانی بێت. ڕەنگە لە دەڤەری سلێمانیدا قەڵای شیروانە، کە پێ دەچێت یادگاری حەمە پاشای جاف بێت، یان ئەو لێ بڕابێت، نوژەنی کرد بێتەوە، جوانترین یادگاری سەرخێڵێکی کورد بێت. دیارە تەلارسازی وەک هونەرەکانی دیکە دەکرێت هەڵگری "ئەوێتی: پێناس"ی گەلێک بێت.

خێڵ لە بنیاتی کۆمەڵایەتیشدا بستێک نەچووەتە پێش. دیارە هیچ ئامارێکم لەبەردەستدا نییە تاکو بەزمانی ژمارە و ڕێژە بدوێم. بەڵام لەوە دڵنیام، کە ڕێژەیەکی زۆر خێزانی گەورەی لە باپیر و کوڕ و کوڕەزا پێکهاتوو، واتە سێ نەوە، کە دەکاتە بنەماڵەیەک، هێشتا هەر پێکەوە لە ژێر بنمیچێکدا ژیان دەگوزەرێنن. دیارە ئەمەیش

دیاردەیەکی تەواو نەرێنییە. جێی وتنە لە وڵاتی دانیمارک "تەنیا سێ تا چوار لە سەدی ئەوانەی تەمەنیان گەیشتووەتە ٦٥ ساڵان لەگەڵ منداڵەکانیاندا پێکەوە لەژێر بنمیچێکدا دەژین".

مرۆڤی خێڵەکی، هەر گۆڕانێک بەرەو دنیای نوێ، یاخۆ هەر بیرۆکەیەکی نوێ، کە لەودیو ڕەشماڵی خێڵەوە هاتبێت، بە دەستوەردانە کاروبار و تەسککردنەوەی سنووری ئازادی و سەروەریی خۆی زانیوە. ئەو ترس لە گۆڕان، بەجارێک خەوی لێ زڕاندووە. حەقیقەتیش ئەوەیە، کە باهۆزی گۆڕانە جەوهەرییەکان لەودیو ژێریی خێڵەکانەوە هەڵدەکەن. دەنا خێڵ گۆڕینی قەبووڵ نەبووە. بەڵکو بێ ئەوەی ساتێک بیری لێ بکاتەوە ڕەتی کردووەتەوە. چونکە یەکێک لە پاساوەکانی بەردەوامیی خێڵ پارێزگاریکردنی شێلگیرانەیە لە خدە و نەریت و ترادشیۆنە باوەکان. کولتوورێک هەرچەندە ڕزیویش بێت، لەگەڵ سەردەمیشدا نەیەتەوە، ڕەوشی دنیای نوێ، پووچ و بەتاڵیشی کردبێتەوە، ئەوانی خێڵەکی هێشتا هەر لەسەری مکوڕن و هەروا سووک و ئاسان دەستبەرداری نابن.

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف ئاوا باسی تایەفەی کەماڵەییی جاف دەکات: "ئەم تایەفەیە بەعومووم سەد سوار و سەد تفەنگداریان هەیە، زۆر ئازا و مەزبووتن. لەناو جافدا ئەدەبیان لێ دەکەن، ئەمما زۆر وەحشین، وەکو سێسەد ساڵ لەمەوبەر وان. دەتوانم بنووسم لەم گۆڕیانەدا، کە حوکوومەتی تورک ڕۆیی و ئینگلیس هات و حوکوومەتی عێراق تەشکیل کرا کەمتر خەبەریان ببێت و هەر تەکلیفێکی حوکوومەتی، کە بێتەسەریان دەیدەن بەدەست کوێخاکەیانەوە، هەر وادەزانن خەرج و پیتاکی زەمانی ڕەئیسی جاف مەحمەد پاشایە. ئەمما لە خوسووسی نوێژ و ڕۆژوو و ئەمانەوە زۆر قایمن و خەرافاتیان زۆرە. بڕوانە: تەئریخی جاف.. ل ١٣٦"

مێنتەلێتیی خێڵ ئەمەندە لە ناخماندا ڕەگاژووە، زۆر بە زەحمەت گۆڕینی ڕیشەییی بەسەردا دێت. بەڵکو دەکرێت بڵێم: خێڵ لەهەر گۆڕینێک سڵ دەکاتەوە و لێی دەترسێت. چونکە گۆڕین لە تەرەفی ئەوانی دیکەوە، لە دەرەوەی بنیاتی خێڵەوە دێت. هەرچییەک لە دەرەوەی داوونەریتی خێڵەوە لێی وەژوور بکەوێت، ئەم وەک دیاردەیەکی سوودمەند و ئاشنا نایناسێت. بەڵکو دڕدۆنگی و گومان لە ئاستیاندا

پیشان دەدات. خێڵ هەر دەستکارییەک لە بنەما نەگۆڕەکانیدا، ئەگەرچی ئەرێنیش بێت، بەدەست تێوەردان و شالاوی دەرەکی "غزو" لێکی دەداتەوە. بۆیە گەرەکە خێڵ پەرچەکرداری هەبێت و بەگژیدا بچێتەوە و کاردانەوەی توندی لە هەمبەردا پیشان بدات.

ئێمە چەندین دەورانمان تێ پەڕاند. چەندین کودەتای سەربازی و بادانەوەی تیژی مێژوویی و شۆڕشی خوێناویمان دی. چەندین جار تێکشکاین. کەچی دنیابینیی خێڵ، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. بنەماکانی خێڵ هەر لە جێی خۆیانن. نەمانتوانی تێیان پەڕێنین. وەک ئەوەی کاریگەرییە مێژووکردەکان، داوونەریت و نێرینە نەرێییەکان، خۆنەویستانە، بێ ئەوەی ڕایەکمان بەرانبەریان هەبێت، بەئارەزووی خۆیان ئێمە بەرەو داهاتوو پەلکێش بکەن. ئەوان خۆیان، وەک سێبەرمان وابن، قۆناخ بەقۆناخ لە تەکماندا هاتبن و لێمان جودا نەبووبێتنەوە.

ئەو نەختە گۆڕانەشی ڕووی دابێت ڕووکەش بووە. واتە کرۆک و گەوهەری پرسەکانی نەگرتووەتەوە. هەرگیز نەهاتووین گەنگەشەی بکەین بزانین داخۆ لەگەڵ دۆخی نوێدا گونجاوە یان نا. چونکە داوونەریتە سواوەکانن، کە بەزۆری وەڵامی هەوەس و بوغرایی و لەخۆباییبوونی پیاوی خێڵەکی دەدەنەوە و ئاروزووەکانی ئەو تێر دەکەن. فەرمایشتەکانی بەهەند دەگرن و دەمودەست جێبەجێی دەکەن.

ڕەنگە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو گرووپە سیاسییانەی، کە بە درێژاییی مێژوو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێوەیەکی کاتی سەریان هەڵداوە و بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆڵیان بینیوە، لە ڕووی مێنتەلێتییەوە، لەگەڵ خێڵدا، ئەوەندە بووبێت، کە هەردوو لایان دۆگما بوون. ڕۆژگار و گۆڕانی دەرەکی، کاری ئەوتۆی لە جیهانبینییان نەکردووە. بەڵکو، لە هەمبەر گۆڕانکارییە خێرا و جیهان هەژێنەکاندا یەکپا وەستاون. هەتا لافاوی سەردەم لە تووڕەبوونێکی مێژووییدا ڕای ماڵیون، ئەوان هەر لەسەر هەوا و هەوەسی خۆیان بوون.

## خۆ ڕازاندنەوە

ئەوەتا ئێستاش کوڕانی خێڵ وەک سەردەمی کەونە ئیمارەتەکان متووی هەڵگرتنی چەکن. دێن زەوییەکانیان بەکەچە تفەنگێکی خوازراو دەگۆڕنەوە و لە شاران دەبنە پۆلیس. تاکی خێڵەکی متووی چەکە. نانی نەبێت، وەلێ پارچەیەک چەکی هەبێت تاکو کەمەر و قەدوبالای پێ بڕازێنێتەوە. تاکی خێڵەکی هەردەم وێڵی دوای شکڵ و ڕوواڵەتە. ئەو مەبەستێتی جوان و پۆشتە و پەرداخ لە نێو کۆمەڵگەی خێڵدا دەربکەوێت، بەڵام هیچ گرینگییەک بەناوەڕۆکی خۆی نادات. گرینگ لای ئەودیوی دەرەوەیەتی، جوان دەربکەوێت. لای ئەو بۆدی لە مەکینە گرینگترە. ئەو نەخوێندەوارە و لێ نابڕێت خۆی خوێندەوار بکات. ئەگەر خوێندواریشی هەبێت، بەو مانایەی پەیمانگەیەک یان کۆلیجێکیشی تەواو کردبێت، هێشتا هەر ئامادەییی تێدا نییە بخوێنێتەوە. لە ناوەڕۆکدا کلۆرە و هەر قاپلووخەکەیە. ئەو تەنیا فۆرمە. بەناوەڕۆک بەتاڵە و هیچ لە ئەحواڵی دنیا نازانێت و تەواو ناحاڵییە.

سەردەمێک، هەندێک سەرخێڵی کود، تەواو دەستووری سەرخێڵ و پیاوماقووڵی عارەبان، کەوای مەرەزی شانسورمەیان بەسەرشاندا دەدا. هەتا شەستەکانی سەدەی ڕابردووش کۆلکە بەگزادەت دەبینی مشکیی مۆری لەسەر دەبەست و ڕستە گوڵینکەی گەورە گەورەی تێکەڵ بەمشکییە مۆرەکەی دەکرد. لە ڕاستیدا پیاوەیڵ پتر لە ژنەیل خۆیان لەتەل دەدا و دەڕازاندەوە. هەر لە فەقیانەوە "ئەنگوچک: سۆرانی" بگرە هەتا خەنجەری دەبانی بەگۆی زێڕ، یان زیو. هەندێک جار پلپلە و زنجیری زێڕ، یان زیویان لە گۆیەکانی خەنجەرەکەیان دەبەست. تەزبیحی کارەبای دەنک درشتیان لە مشتووی خەنجەرەکەیان دەئاڵاند و دەسرەی ئاوریشمیان لەبەر پشتوێن دەنا و تاوس ئاسا نمایشی خۆیان دەکرد. ئەوی ڕاستی بێت ئەم پارچانە هەموویان دیکۆر و ئێکسسوارن و لە کەش و فشی ڕازاندنەوە و جوانکاری بترازێت هیچ ڕۆڵێکی دیکەیان نییە.

لە سەردەمی عوسمانیدا، زۆرێک گەڕیدەی دەستڕەنگین ڕێیان کەوتووەتە کوردستان و پۆرتێتیان بۆ تاکی کورد، بەتایبەت بۆ جەنگاوەران کێشاوە. دەیانبینیت چەندین پارچە جلکی نایابیان پۆشیوە. هەیانە چەک و چۆڵی

مەفرەزەیەک سەربازی لە خۆی داوە.

سەرخێڵ ئارەزووی لە خۆدەرخستن و لە نێوان ئاپۆڕەی خەڵکدا بەسواری ئەسپی ڕەسەنەوە خۆنواندنە. ئەسپی بەزەمبەر ڕازاوە. ئەو حەزی لە پێدا هەڵدانە و ڕەخنە قەبووڵ ناکات، چونکە ئەو هەمیشە خۆی بەڕاست دەزانێت. بەڵکو ئەو پێوستیی بە شایەر و گۆیندە هەیە، بەندی پێدا هەڵبدەن و مەجلیسی گەرم بکەن. هەروەها پێویستی بە قسەخۆش و حیکایەتخوانە تا ڕازی بۆ بگێڕیتەوە. ئەوانەشیان، کە تاکو دوێنێ جووتیار بوون، کاتێک دەبنە میلیتار، بەچەکەوە گەنجەفە بەسەر خودی جووتیار و پاڵەدا لێ دەدەن.

لەم سەردەمەشدا. وەک ئەوسا، خێڵ ئەوەندە بەرهەم ناهێنێت هەتا ئابوورییەکی تۆکمە و مسۆگەری هەبێت. سەرنج بدە ئێستاش لە هەموو دنیادا، گەندەڵی و گزی و فزی لەو وڵاتانەدا زیاتر بڵاوە، کە خاوەنی جڤاکی خێڵەکین. ڕەگەمای ئەم دیاردەیەش هەر بۆ تاڵانی و ڕاووڕووتەکەی سەردەمی ڕەشماڵ دەگەڕێتەوە. دیارە کە وڵاتی عێراق لە ڕووی گەندەڵییەوە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم جۆرە جڤاکانەدایە.

ئەو گرینگی بەدیوی دەرەوەی خۆی دەدا و تیفتیفەی ڕووکەشانەی خۆی لەلا مەبەستە. گرینگ ئەوەیە چەکێکی لە شان بێت. بێگومان برنەوی پێ باشترە تا پێنج تیری ئینگلیزی. پێنج تیری پێ چاکترە تا یازدە تیر. لەم ڕۆژەدا کلاشینکۆفی ئەسڵی بەمەخزەنی حەفتا و پێنجیی بەلاوە نایابترە. یان ڕەنگە لە برنەو ماقووڵتر بەلایەوە سنایپەر "قناص" بێت. ئەگەر خەنجەری هەڵگرت، ئەوا بێگومان دەمەکەی دەبان بێت دەها لە شینەتیخ چاکترە، کە لە کەونە شمشێر چێ دەکرێت. سەبارەت بە مشتووەکەی، ئەوا "مشتوو ماهی" بێت، واتە لە ددانی فیل چێ کرابێت بەنرخترە هەتا لە شاخی گامێش. خۆ ئەگەر دەبانی جەوهەردار بێت، باوکی هەموویەتی.

تاکی خێڵەکی هەردەم دەبێت توندوتۆڵ بێت و پشتوێنی توند جەڕاندبێت، پشتوێن شل، کە بۆ ئافرەت پەسندانە، یەک لە باری خورت دەبێتە تانە و تەشەر. ئەو دەبێت سەری بەجامانە و مشکی بێت، سمێڵێکی گەورەی دانابێت، سمێڵی قەترانی لە خۆیدا پەسندانە بۆ خورت. بەپێچەوانەشەوە، سەرڕووت و سەرچەور و دەمڕووت "کە مەبەست پێ لاوی بێ موو یانژی کەسێکە سمێڵی تاشیبێت" لە ئۆرتی تاک کەم

دەکەنەوە. بەڵکو سەرڕووت و دەمڕووت زاراوەگەلێکن لەلای تاکی خێڵەکی دەچنە نێو فەرهەنگی جمێنەوە.

تاکی خێڵ دەبێت پێڵاو بەسەرپێوە نەکات و سەندەل بەکار نەبات. تەواو وەک جەنگاوەری ساز و ئامادەباش، دەبێت هەردەم قەیتانی پێڵاوەکەی توند گرێ دابێت. گەرەکە سەروبەست، مشکی یان جامانەی بەستبێ و دیارە ئەگەر وەک بەرسیلە گوڵینکەی پێد ابەردابێتەوە. واتە هەڵی بەستبێت دەها باشتر و جوانترە. وەلێ بەم دواییە بەگزادەی هەندێک خێڵ بەنیازی خۆجیاکردنەوە لە ڕەشوڕووت سمێڵیان پاک دەتاشی، کەچی وەکوتر ڕەشەخەڵکەکە هێشتا هەر بەلایانەوە، نەنگی بوو سمێڵیان بتاشن.

تاکی خێڵەکی نیشانئەنگێویی دەها بەلاوە گرینگترە تا ڕووناکبیری. بەم شێوەیە، لای تاکی خێڵ ڕووکەش و تیفتیفەدانی دیوی دەرەوە گرینگە. لە لای ئەم پێشنۆرە بۆ فۆرمە نەک ناوەڕۆک. گرینگ ئەوەیە ئەسپەکەی ژێری ڕەسەن بێت، نەک بۆڵە بارگیرێکی یەخە دادڕاو. ئەوەی بۆ حیساب ناکرێت و لەسەری ناکرێتە ماڵ، داخۆ چەند دەزانێت و چی لە مێشکدایە؟

ئەگەر ژن بە گوڵ و گوارە و خەزێم و کرمەک و هتد خۆی بڕازێنێتەوە و ژنێتیی خۆی پێ دەوڵەمەندتر و جوانتر بکات، ئەوا چەکی سووک، پیاوان پیاوانەتر و ڕازاوەتر دەکات. چەک جوانکارییەکی نێرانەیە. تەواوکەری جلک و بەرگەکانێتی. زۆر جار وەک شیربایی، کاتێک خوشکی یان کچی بەشوودەدات، داوای بڕنەو لە ماڵی زاوا دەکات.

چەک منێتیی لە لا قەبەتر دەکا و ئازاتری دەکات، یان چاونەترستر بەدیاری دەخات. چەکەکەی بەپشت و پەنای ڕۆژی دەعوا و تەنگانە دەزانێت. چەک لە زۆر لاوک و حەیران و گۆرانیی فۆلکلۆردا دووبارە دەبێتەوە. خێڵەکیی چەکدار لە چاو بێ چەکدا وەک جیاوازیی نێوان میلیتار و سڤیل وەهایە. هەمیشە یەکەم داشی بەسەر دووەمدا سوارە. تاکی سڤیل نەکردە و دەستوپێ سپییە.

چەک ڕۆڵی گرینگی لە پاراستنی سنوور و سەرحەدی خێڵ و سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بینیوە. چونکە سەردەمانێک تفەنگ نەختینەیەکی بەنرخ بووە،

بەهەمـوو کـەس نـەکراوە، هەمـوو کـەسیش نەیتـوانیـوە هەڵی بگرێت، هەندێک ئاغـا تفەنگانەیان لە ڕەشوڕووتی خۆیان سەندووە. ئەمەش مانای وایە چەکی ڕەشوڕووت لە بن کۆنترۆڵی ئاغادا بووە. دواتر بۆ ڕاگرتنی تەرازووی هێز لە نێو عەشایەر و هەم لە نێو توێژی جووتیاردا بە بەربلاوی پەیدایان کردووە، بەتایبەت ئەوانەیان کە دارا بوون.

لەو چەکـانەی کـە لـە نێـو عـەشـایەردا باو بووە، وەک داداش، کـە ئەڵمـانی بووە. مـاتلی، حـسکە، هۆرەندڵ، مـاوزەڕ، سـاڵدات، کـە چـەکـێکی ڕووسـیی سـەردەمی تزارەکان بووە. بڕنەویش چەکێکی لای خـەڵک دانسقە و بەنرخ بووە، تا ئێستەش لە لای عـەشـایەر بەرەمـێنـە. ئەم چەکـە سـێ جـۆری هەیە، کـورت، وەسـەت و درێژ. دروسـتکراوی شـاری برنۆی وڵاتـی چیکوسلۆڤـاکـیـایە. نـەخ ئەو شـارە لە کـۆمـاری چیکدایە. لـە کـۆندا بڕنەو بەقـاچاخ لـە دیوی ئێـرانەوە هاتووەتە دیوی باشـووری کوردستان.

لە سـەردەمی عـوسـمـانیدا سـەرچاوەی چـەک، سوپای عوسـمـانی بووە، کـاتێک لە شـۆڕش و یاخیبوونەکاندا دەست عەشایەر کەوتووە. لە سـەروبەندی شـۆڕشـەکانی شێخ مەحموودیشدا، دیسان سەرچاوەی چەک و تەقەمەنی، هەر جبەخانەی دەوڵەتی عوسـمانلیی داڕمـاو و ئۆردووی ئینگلیز بووە، کاتێک شـۆڕشگێڕانی کورد لە شەڕدا بەخورتی لێیان زەوت کردوون.

پێنج تیـر و یازدە تیـر، چەکی سـووکی سـوپای ئینگلیـز بوون. دواتـر، وەختـایێک ئینگلیز عێراقی داگیر کرد. بوونە چەکی سوپا و پۆلیسی شاهانەی عێراق. لە دوای شـۆڕشی چواردەی تەمووزیشـەوە ئیدی چەکی یەکێتیی سۆڤیـەت پەیدا بوو. بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە سوپای عێراق خۆی بووە سەرچاوەی چەکی پێشمەرگە و لێرەوە چەکی کـلاشنیکۆف و سـەمـینۆف کـەوتنە دەست خـەڵکی دێهـاتنشـین. ئیـدی وەک پێداویسـتـییـەک پیـشـەی "چەخمـاچی" واتـە تفەنگسـازیش لەگـەڵ هاتنی چەکدا هاتووەتە ئاراوە. تفـەنگسـاز تفـەنگی عـەیبـداری چاک کـردووەتەوە. لـە شـاری سلێمانیدا هەندێک چەخماخساز توانیویانـە تفەنگی سەرەتایی و بارووتیش دروست بکەن و فیشەکیش دابگرنەوە.

واتە قەوانە فیشەکەیان هێناوە و لە نوێ باروتیان تێ کردووە و تەرەقەیان لێ بەستووە. بەڵام دەیانگوت زیانی بۆ خانەکانی تفەنگەکە هەیە. ڕەخت یان خەریتە و فیشەکدان، زیندروو "سراج" لە شارەکان دروستیان دەکرد. دەمانچەش، یان شەش ئاگرە، لای ئاغاکان وەک نەختینە بووە. تفەنگ خاوێن و باوێن ڕادەگیرا، زەیت دەکرا و دوای تەقەکردن حەبلی لێ دەدرا. لە کیفی لباددا هەڵدەگیرا. خاوەن چەک بەشانازییەوە پەسەندی چەکەکەی خۆی دەدا و دەیگوت "برنەوەکەم تیژاییی گوللە دەخوات"

تفەنگ وێڕای جەنگ و بەرگری بۆ گەلێک مەبەستی دیکەش بەکار دێت و بەکار هاتووە. لە تافی بووک گواستنەوەدا و لەتاوی غاردا بەسواری ئەسپەوە، بۆ خۆشی تەقەیان دەکرد. شەوی یەکەم خەڵک گوێیان بۆ تەقەی زاوا هەڵدەخست. ئەگەر تەقەی کردبا مانای ئەوەبوو بووە بەزاوا، دەنا یان بەستراوە، یان لەوانەیە بووکێ پاکیزە نەبووبێت. وەلێ ئەمەی دواییان ئەگەرێکی زۆر دەگمەن بوو.

هەروەها چەک بۆ پاسی مەرەزە لە بەراز، بۆ پاسی دەوڵەت "مەڕومالات" لە گورگ و دەعبای کێو، بۆ ڕاوی مەڕەکێوی و ئاسک و هتد. بەکار براوە، کە لە خۆیدا وەک گەمەیەکی نێرانەش بۆیان ڕوانیوە. هەروەها نیشانەیان ناوەتەوە، بۆ پیشاندانی تیرئەندازی و مەعلانی، لە بەکارهێنانیدا. هەرچی ساچمەزەن و تاپڕیشە، بۆ ڕاوی باڵندە بەکاریان هێناوە.

## ئۆرتی ڕووناکبیری

بڕوابوون بەغەیب و خورافە و هێزە نادیارەکانی ئەودیو سروشت، لایەنێکی گرینگی مێنتەلێتیی خێڵی پێک هێناوە. ئێستاش فاڵ و داهاتووخوێندنەوە، کە لایەن دەجال و کتێبگرەوەکانەوە بەڕێوە، دەچێت، جێی بڕوای توێژێکی فراوانی کۆمەڵگەی خێڵە. بڕواهێنان بە بەرد و درەختی پیرۆز، بە شەخس و پیر و بە کانیاوی پیرۆز هێشتا هەر باوێتی. چونکە ئەو وەک سەردەمی کۆن لە دۆخێکی نەمەیو و نائارامدا ژیان دەگوزەرێنێت و خاوەنی هزرێکی دامەزراو و ڕەگاژووی ئەوتۆ نییە، متمانە و پشت ئەستووریی بە ژیان، بەئێستا و بەدوارۆژ پێ ببەخشێت. ئەوان هزریان بەزانست چەکدار نییە.

کێ هۆشیاری بڵاو بکاتەوە؟ خاکێک پێخوستی بیانی بووبێت. گەلێک دەیان سەدە بێت ژێردەستەبێت. لە داگیرکەر تێ نەگات و لێی تێ نەگەن. تەواوی ئەو دەورانەی کوردستانیان پێدا تێپەڕیوە، لە ڕۆژگاری ئومەوی، عەباسی، سەفەوی، قاجارییەوە تا عوسمانلی، یەک لە باری کورد دەورانی تاریکی بوون. ئەوان هیچ زادێکی مەعریفییان بۆ خۆشیان پێ نەبووە چ جای بۆ کوردی تەپەسەر. خۆشیان هەر غەیب و خورافە بەسەریاندا زاڵ بووە.

لە سایەی هەموو ئەم ڕێژیمانەدا، ئەگەر جارێک لە جاران، بزاڤێکی ڕیفۆرمخواز، یان تاکو تەرایەک منەوەر و هزرڤان هەڵکەوتبن، ئەوا خێرا ناوو ناتۆرەی دزێوی وەک: زەندیق و شعووبییان داونەتەپاڵ و بەفەتارەتیان بردوون. تەواوی ئەو داگیرکەرانە، لە جەهالەتی کوردان و تەواوی گەلانی بندەستی خۆیان سوودیان بینیوە. چونکە تێکڕای ئەو داگیرکەرانە، بەعەبا و عەمامەی ئاینەوە، تەنیا گوێڕایەڵی و کۆکردنەوەی باج و خەراجیان لەو گەلانە ویستووە. ئەوان مەبەستیان بووە و کاریشیان بۆ کردووە هەروا نوقمی غەیب و خورافە بن.

لە ڕاستیدا ئاینی ئیسلام بە وشەی "إقرأ: بخوێنە" دەست پێ دەکات، محەمەد خۆی لە فەرموودەکانیدا جەخت لەسەر زانست و خوێندن دەکات، بەڵام داگیرکەران ئاینەکەیان وەک دێوجامەیەک بۆ ڕاوی کورد بەگەڕ خستووە و پەیڕەوی فەرموودەکانی محەمەدیان نەکردووە.

ڕەنگە دیارترین ڕێبازێک لە ماوەی ئەو دەیان سەدەیەدا هەڵکەوتبێت، سۆفیگەری بووبێت. ئەویش لە سوودێکی ئەوتۆی نەبووە، چونکە شوێنکەوتووانی ڕێبازی سۆفیزم، لە بری ئەوەی لە هەوڵی گۆڕان و ڕیفۆرمدا بن، بەزۆری سەری خۆیان کز کردووە و پەنایان گرتووە و خۆیان چرووساندوە و لایەنگری گۆڕان نەبوون.

لە دەڤەری قەرەداخدا، چەند شەخس و پیرێک هەن؛ وەک شێخ ڕەزای دێلێژە، وەکاشە، مەزاری شێخ حەسەنی گڵەزەردە و پیری کۆکەڕەشە. جا ئەمانە مینا نوژدار هەریەکە لە نەخۆشییەکدا پسپۆڕە. وەک پەندە سەقەتەکە دەڵێت "خۆ تۆ وەکاشە نیت با لە پشتم دەربکەی" وەکاشە (با: ڕۆماتیزم) لە لەش دەردەکات. داربەڕوویەک لە نزیک قسنەکەی شێخ حەسەن و دایە خاسێی خێزانی، لە گوندی

گڵەزەردە هەیە. هەر لە بنکەکەیەوە، چوار مەزنە لقی لێ جیا بووەتەوە. نێوانی ئەو چوارپەلە، لەدەم زەویدا کلۆرە. دەمی کونەکە ئەوەندە هەیە دەستی پێدا بچێت. ئەم کلۆرە بەردەوام پڕێتی لە ئاوێکی مەیلە و قاوەیی، کە ڕەگەکانی درەختەکە هەڵی دەمژن و لەوێدا کۆ دەبێتەوە. ئەم داربەڕووە پەڕجووی "معجزة"ی ئەو دەڤەرەیە. بەردەوام خەڵک بۆ ئەو دار و شەخسە بەڕێوەن. ئەوان بوتڵەکانیانی لێ پڕ دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن. بڕوایان وایە، کە ئەم ئاوە بۆگشت دەردێک دەرمانە. سەیر لەوەدایە بەردەوام لێی هەڵدێنجن و کلۆرەکەش پڕ دەبێتەوە لە ئاو.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا نەخۆشیی لەرزوتا هێڵەی بەخەڵک دەکرد. لە شارۆچکەی "زەردیاوا: قەرەداخ"دا خەڵکەکە بڕوای سەیر و سەمەرەیان لەلا جێگیر بووبوو. بۆ نموونە ئەوەی لەرزوتای بگرتایە دەچوو لە ڕێگەیەکدا، کە هەردوو بەری باخ بێت، دەزووی ڕەشی "تاکو نەبینرێت" لە پەرژینی ئەم باخەوە بۆ پەرژینی ئەو باخ ڕایەڵ دەکرد. بەو نیازەی ڕێبوارێک بەوێدا ڕەت ببێت و خۆی لە داوە دەزووەکە بدات، گوایە ئیتر لەرزوتایەکە لە کۆڵ ئەم دەبێتەوە و دەچێت بۆ ئەو. ئەمە بێجگە لەوەی پیرێکی دەم و نەفەس پاک هەندێک دووعای بەسەر پارچە پەڕۆیەکی سەوزی بارکیدا دەخوێند و حەوت گرێی لێ دەدا. لەرزوتادار لە مەچەکی خۆی دەبەست بەو نیازەی لە کۆڵی ببێتەوە.

ئەوەشی سێبەڕۆی بگرتایە، چاوەڕوانی ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان سوارێکی ئەوتۆ ڕێی بکەوێتە قەرەداخ، کە خاوەنی دوو ژن بێت. گوایە پیاوی دوو ژنە بۆ نەخۆشیی سێبەڕۆ، کە جۆرێکی خراپە لە مەلاریا، دەم و نەفەسی لە کاردایە و قسەی، یان "ڕاچێتە"ی ئەو یەکاویەکە. ئیتر نەخۆش ڕێی بەسوارەکە دەگرت و لێی دەپرسی: «ئەی خاوەنی چوارچاو، دەرمانی سێبەڕۆ چییە؟» ئەویش دەبوو وەڵامی بداتەوە. سوار ناوی هەر خواردنێک یان خواردنەوەیەکی لە زار دەرهاتایە ئیتر دەبوو نەخۆش پەیدای بکات و لەسەری بەردوام بێت تاکو چاک دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بیگوتایە "ترخێنە" ئیتر دەبوو ئەو نەخۆشە سێبەڕۆدارە ترخێنە پەیدا بکات و ڕۆژانە بیخوات. "خاوەنی چوارچاو" مەبەست پێ هەردوو ژنی سوارەکەیە، کە پێکەوە چوار چاویان هەیە. تۆ هەروا زەینی بدەرێ، لێرەدا فرەژنی بووەتە سەرچاوە بۆ چارەسەری سێبەڕۆ.

نازانم لە سۆنگەی چییەوە بوو، کە دایکان زۆربەی نەخۆشیی منداڵەکانیان وەک ترس دەستنیشان دەکرد. ئیدی ترس لە مرۆڤ خۆی، ترس لە گیانداری کێوی و ماڵی، ترس لە "ئەوانگەل: جنۆکە"، واتە لە بوونەوەرە خورافییەکان. ئەوانەی لە تاریکیدا پەیدا دەبن. دایکان، دەهاتن لەسەر کوورەی خەڵووزینی چایی "مقەڵی"، بەرز بەبان سەری منداڵە ترساوەکەوە رایان دەگرت. ئەمجا لە نێو دەفرێکدا قورقوشمیان دەتاواندەوە. جا قورقوشمە تواوەکە، شێوە و بیچمی هەر گیاندارێکی بگرتایە، گوایە منداڵەکە لەو گیاندارە ترساوە و دوای ئەم سرووتە ئیدی نەخۆشییەکە دەپەڕێنێت.

تاکی خێڵەکی خۆ پەروەردەکردن و خۆ ڕۆشنبیرکردنی بەلاوە مەبەست نییە. هەمیشە بەرزترین ڕێژەی بێسەوادی لە نێو کوڕانی خێڵدایە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەوانەشیان، کە چوونەتە بەر خوێندن تاکە کتێبێک لە ماڵیاندا نییە. ڕواڵەت بینن. ئەوان لەو تەوژمە بەهێزەی لە بنکی ڕووباردایە بێ ئاگان و کەفەژیلەی سەرئاوکەتوو دەبینن. نازانن چی لە دەوروبەردا ڕوودەدات. ئەوان ئەوەندەی ئاگایان لە ئەنجامەکانە، کە هەموو ساکارێک هەستیان پێ دەکات؛ دەیەکی ئەوە ئاگەداری هۆکارەکان نین. ئەوان ڕووکەشی دیاردەکان دەبینن. بۆیە بەئاسانی بەهەموو دیاردەیەکی چاوخەڵەتێن دەخاپێن.

خێڵ ئەگەر سەگەرمی گەرمیان و کوێستان بێت و خەیاڵی هەر لای ڕاوی دەم نزار و قەدپاڵ و ئەسپی ڕەسەن و دەواری فرە ستوون بێت. چاوی لەوە بێت زیان بە جووتیاری نیشتەجێ بگەیێنێت. خولیا و ئاواتی سەرەکیی ئەوە بێت کە هەموو تەمەنی بەڕێی ئەو شاخ و کێوانەوە بێت. بەردەوام خۆی بدا لە تەل و لە فیشەکدا زەرد بچێتەوە. یان شیر و مەتاڵ و قەرەبینا حەمایڵ بکات. چاوی لە تالان و بڕۆوە بێت و پێیەکی لە دۆزەخدا بێت و تەشقڵە بەخاوەن پیشە و خاوەن بەهرەکان بکات و هەدادانی نەبێت، ئیدی چلۆن و کەی و لە کوێ پێوەندیی بەزانست و ڕووناکبیری و شارستانییەتەوە گرێ بدات؟ ئەوێک، کە خاوەنی زەینێکە، تژییە لە خورافە و داخران و گەڕانەوە بۆ داوە، بۆ ناخی مێژووی پڕ لە ڕاوڕووت و دنیای پڕ لە شەڕوشۆڕی خۆی.

هەر دامەزراوەیەکی مەعریفیش، کە لە تەرەفی دەستەبژێری ڕووناکبیرییەوە کاری بۆبکرێت، بێگومان لە دواجاردا دژ بە دەسەڵاتی شموولیی خێڵ دەوەستێت، یان سنووورداری دەکات و جێ پێی سەرخێڵ و سیستمی خێڵ لەق دەکات. چونکە هەردەم ئاوەز و لۆجیک، چەپاندن و سەرکوت ڕەت دەکەنەوە، لەمپەرەکان لەبەردەم ئازادییەکاندا ڕادەماڵن. دیارە دەسەڵاتی خێڵیش هەڵوێستی لە دژ وەردەگرێت، یان هیچ نەبێت ئەفرۆزی دەکات.

"ناصرالدین شای قاجار خەنجەرهێکی مورەسەع لەگەڵ عەبایەکی شانتورمە، کە یەخەکەی جەواهیربەند دەبێت و کتێبێکی خەتی سورەتداری عەجایبی کۆنی دەداتێ "بە محەمەد پاشای جاف"، ئەو کتێبە لە تەئریخی ١٩٢٧ی میلادیدا لە ماڵی خۆماندا بوو، محەمەد بەگی برام بردیە بەغدا و فرۆشتی بەشەش هەزار روپیە. تەئریخی جاف، ل ١٧٦»

سەرنج بدە. لەو سۆنگەیەوە، کە خێڵ خاوەنی کتێب نییە. ڕێزیش لە کتێب نانێت و نرخی پێ نازانێت، ئامادەش نییە کتێبی گەلانی دیکەش بەهەند بگرێت.

ئەو بەشدارییەشی، کە خێڵەکانی کورد لە بوارەکانی مەعریفەدا هەیانە، لە نێو تەمومژ و بوومەڵێڵی مێژوودا گومە. ئەوەتا ئەو توحفەیەیان بەچەند هەزار ڕوپیەیەک فرۆشتووە، لە کاتێکدا باوەڕ ناکەم ئەو بەگزادەیە پێویستیی بەو چەردە ڕوپێیە هەبووبێت. یەک لەباری کەریم بەگ، لەوەی گەڕێ وەک سەرخێڵی تەوای جاف، لە هەمبەر خێڵەکەیدا چ ڕاژەیەکی پێشکێش کردووە، وەلێ جوانترین کارێک کردبێتی ئەمەیە کە مێژووی خێڵەکەی نووسیوە. دیارە کەریم بەگ هەستی بەم دیاردەیە کردووە و لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا باسی دەکات. چونکە هەر ئەم دیاردەی بێ کتێبییەیە، کە بووەتە هۆی ئەوەی گەلێک جوامێری و بەشداریی خێڵی جاف، وەک بەدەنگەوەچوونی پاشاکانی بابان، بۆ نموونە بچێتە ژێر سەنگی لەبیر چوونەوەوە.

مێژووی ئێزدییەکان و ئۆلەکەیان وەک تەوای مێژووی کورد لێڵە. ڕابەرە ئاینییەکانیان، ئەو ئاینەیان چۆن و لە کوێوە هێناوە و پێک هێناوە؟ ئەدی کوان کتێبەکانیان؟ گەلێک پرسی دیکەش. زۆر نووسەری شۆڤێنی و ناحەز لە میللەتانی دەوروبەر، هەوڵیان داوە و ئێستاش دەیدەن لە ئەسڵی خۆیان دایانببڕن و بیانبەنەوە

سەر یەزیدی کوڕی معاویە و بە شەیتانپەرست تۆمەتباریشیان کردوون. هەموو ئەم درۆ و دەلەسە و شێواندنی واقیعە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوان تیرەگەلێک، یان ئۆلێکی زارەکیی "شفهي" بوون. مێژووی خۆیان و دینەکەیان وەک حیکایەت و ئەفسانە لە سینگیاندا هەڵگرتووە. ئەوان هیچ گرینگییان بەخوێندەواری نەداوە، تاکو مێژووی ئاین و تەواوی وردەکارییەکانی کولتووری خۆیان تۆمار بکەن. لێرەوە ناحەزان دەیان بەندوباویان بۆ هۆنیونەتەوە. لێرەوە هەر کۆلکە نووسەرێکی غەیری خۆیان هاتووە، بە پێی مگێزی خۆی مێژووی بۆ نووسیون.

جێی باسە لە ئێستاشدا ماکی ئەو بێدەربەستییە بەرانبەر پرسی ڕووناکبیری، لە نەستی زۆرینەدا لە کاردایە. گەر کەسێک هەوڵ نەدات خۆی ڕووناکبیر بکات، مانای وایە ڕێزی خۆی ناگرێت. خۆ پێداویستییەکانی ژیان تەنیا شوێنی نیشتەنی و پۆشاک و خۆراک نین. ڕووناکبیریش بۆ خۆ، یەکێکە لە پێداویستییە هەر گرینگەکانی سەردەم و گەرەکە بۆی دابین بکرێت تاکو هەڵبکشێت. بەبێ ئەم جومگە گرینگە، تاک لە چاو ئەوانی دیکەی ڕووناکبیردا دەکەوێتە ئاستێکی نزم و بێ ئۆرت بەدیار دەکەوێت. بەسەرێکی تر، ئەگەر رەگەزی مێیینە تەواوی ژیانی لە نێو چواردیواری ماڵێکدا بەسەر بەرێت، ئیدی چلۆن ببێتە خاوەنی ئەزموون و ڕووناکبیری؟

## حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە: ڕەش یان سپی

ئاوەزی خێڵ ڕەش و سپییە. واتە هەردەم لە بەرامبەر دوو ئەگەردایە و سێیەم لە ئارادا نییە. خێڵ هەردەم دیاردەکان بەدوو ڕەنگ دەبینێت. یان ڕەش یان سپی. خۆی بە سپی و بەرانبەرەکەشی بەڕەش دەبینێت. جیاوازییەکان نابینێت، تاکی خێڵەکی بەوێنەی مرۆڤی ڕەنگکوێر، بێجگەلە ڕەش و سپی، هیچ ڕەنگ و تۆنە ڕەنگێکی دیکە نابینێت. ئەم تێزە ڕێک لەسەر شێوەی گەمەی "شێر و خەت"ی منداڵانە، کاتێک منداڵ لە نێوان تەنیا دوو ئیختیاردایە و ئەگەری سێیەم لە ئاردا نییە.

با نەختێک لەسەری بڕۆین. وتاری خێڵ بەخوێن و توندوتیژی نووسراوە. مۆرکی تەنگە نەفەسیی پێوە دیارە و نوقمی جیهانی غەیبە. یەک لە باری ئاوەزی خێڵ، تۆ لە

یەکەم نیگاوە یان دۆستیت یان دوژمن. چونکە کاکی خێڵەکی لە نێوان دۆست و دوژمندا کەسی دیکە نابینێت و لەلای ئەو تەرەفی سێیەم لە ئارادا نییە. واتە یان دەبێت دەست بخاتە نێو دەستت و بڕوا و متمانەی کوێرانەت پێ بکات و سەری خۆیت پێ بسپێرێت، یان ئەوەتا بەچاوی دوژمنەوە، لە سێرەی کەچە تفەنگەکەیەوە دەتبینێت. لەم دۆخەشدا ئەفرۆزت دەکات. واتە لانی کەم لە خەیاڵی خۆیت دەردێنێت و پشتگوێت دەخات. واتە نە مامەڵەت لە تەکدا دەکات و نەژن و ژنخوازیت لەگەڵدا چێ دەکات و نە مەرحەباییشت دەکات.

زۆرتان میانە خۆشیی نێوان دوو خێزانتان دیوە، کاتێک هامشۆی گەرم و گوڕیان لە نێواندا هەبووە و بەردەوام لە کن یەکودوو ڕۆژیان کردووەتەوە. تا ئەو ئاستەی تۆ وەک کەسێکی خەڵکی گەڕەک نەتزانیوە ئەم کوڕە یان ئەم کچە سەربە کام خێزان و کام ماڵەیانە. بەڵام کاتێک ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیانەوە، بەڕادەیەک لە یەک دابڕاون، کارەکە هەر بەوەوە نەوەستاوە قسە لەگەڵ یەکدا داببڕن و ببڕێتەوە، بەڵکو گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەریەکە ویستوویەتی ئەوی دیکە ڕسوا بکات و لە شار هەڵی بکەنێت و وەدەری نێت و هەرچی نەشێت پێی بکات.

ئەم جۆرە تێ فکرینە لە هەر جڤاکێکدا باڵادەست بووبێت و جڵەوی دەسەڵاتی لە مست بووبێت ئەوا کۆمەڵگەیەکی ناجۆر و ناتەندروستی ئەوتۆی خوڵقاندووە، کە بێدادی و نابەرانبەریی لەوپەڕیدا بووە.

وەهابییەکانیش دنیا دەکەنە تەنیا دووبەش "دار الحرب ودار السلام" یان دەستەی موسوڵمان لە بەرامبەر دەستەی "الكفار والمشركين"دا، دادەنێن، واتە تەرەفی سێیەم لە ئارادا نییە. بەم دواییەش، لە سایەی مێنتەلێتیی خێڵی لە ڕەوتی شارستانییەت دواکەوتوودا، کۆمەڵگەیش خۆی بووە بەدوو پاژی تەواو لە یەک دوورەوە. پاژێک ئەوەندەیان هەبووە دڕاون. پاژێکیش ئەوەندە نەداربوون خێریان پێ ڕەوابووە. واتە پێودانگە "ڕەش و سپی"یەکەی لە مەڕ خێڵ لە نێو بژێوی و دەرەتانی کۆمەڵگەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئاغای سەرخێڵ، بەتایبەت دوای نیشتەجێبوون، خاوەنی کۆشک و تەلار و ئەسپ و ڕان و ڕەوگ و تفەنگ و دێبەرە. پاڵە و ڕەنجدەرانیش بەنانەسکی و لە کولانە سەگدا

ژیاون. لە نێوان ئەم دوو پێودانگ و دۆخەدا سێیەم، واتە چینێک یان توێژێکی مامناوەندیی ئاشکرا و کارا لە ئارادا نییە.

ئەم دۆخە ناجۆرە، لە نێوان رووناکبیرە خێڵەکییەکانیشدا هەمان سەمت و ڕەوش بەخۆیەوە دەبینێت. مەرج نییە تاکی خێڵەکی هەر دەبێت برنەوی لە شاندا بێت و کەمەری بە خەنجەری دەبان ڕازاندبێتەوە و وێنەی سەرخێڵەکەی بە سینەیدا دادووری بێت و چێودار بێت و گەرمیان کوێستان بکات.

چونکە کێشەکە ئەوەتا لە ئاوەز و مێنتەلێتیدا. بۆی هەیە تاکێکی نوژدار، مامۆستا، پارێزەر و پرۆفیسۆر بێت، کەچی خێڵەکییانەش بیر بکاتەوە و بڕوانێتە ژن و منداڵەکانی خۆی. هەموویان بەکارەکەر و خزمەتکاری خۆی بزانێت و نەهێڵێت کچەکەی لە ماڵ سەربەرێتە دەر و بڕوای بەگفتوگۆ و دانوستانیش نەبێت.

بەڵی تۆ یان جوانی یان ناشیرین. یان ئازای ئانکو ترسنۆک. یان تەمبەڵی یان زیرەک. یان زانای یان نەزان. یان مەردی یانژی نامەرد. ئەم مێنتەلێتییە بەرچاوتەنگە، کورتبینە پەریوەتە نێوەندی ڕۆشنبیریشەوە. تۆ ئەگەر بەشوێنداچوونت بۆ ئەدەب و هونەر هەبووبێت، هەڵبەتە ئەم ڕستە خێڵەکییەت لە نووسینی زۆر کۆلکە ڕەخنەگردا بەرچاو کەوتووە "حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە" بەو مانایەی، ئەو ژانرە ئەدەبییەی وا جەنابی شرۆڤەی کردووە، یان ئەوەتا بەرهەمی نووسەر خۆیەتی یان دزیوێتی. یان ئەدەبە یان ئەدەب نییە. یان ڕاستە یان درۆیە. یان ئەوتا سەد لە سەد مەبەستی پێکاوە یان حەرام هەر بەلاشیدا نەچووە. یان ڕۆمانە یان فڕی بەسەر ڕۆمانەوە نییە. لە کاتێکدا لەم سەروبەندەدا بەو پێودانگ و مێنتەلێتییە قسە لەسەر ئەدەب و هونەر ناکرێت. وەکی دی هیچ دەقێکی ئەدەبی نییە بە دەقگەلی پێش خۆی سەرسام نەبێت. خواستن و دەقئاوێزان و ئەدەبی بەراوردیش لە ئارادایە و هەموو دەقێکیش ڕەخنەی لێ دەگیرێت و کەم تا زۆر کەموکووڕیی تێ دەکەوێت و بەمەش کابە کەچ نابێت.

دیارە ئەم مێنتەلێتییە ڕێک لە ئاوەزی خێڵەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دنیا بەڕەش و سپی دەبینێت. ئەگەرچی لە دنیای ڕەنگدا ڕەش و سپی هیچ کامیان بەڕەنگ حیساب نین، وەلێ لە نێوانیاندا بەدەیان تۆن لە "رصاصیات" واتە: ڕەش،

تار، بۆر، خۆڵەمێشی، کەوە، سپیواش. هەتا دەگاتە سپیی تەواو هەیە. کەواتە لە ڕووی زانستیشەوە ئەم دوانەی ڕەش و سپییە تەواو هەڵەیە. لە ناخی هەموو تاکێکیشدا ماکی هەردوو لایەنی چاکە و خراپەش هەیە. بۆیە ئەم جۆرە مێنتەلێتییە، لە بەرچاوتەنگی و ئاسۆ تەسکی و تەنگەچیکڵدانەی بترازێ هیچی دیکە نییە. لێرەوە دەشێت بڵێین: چاری مامناوەندی "حل وسط" لە لای گرووپ و تاقمە خێڵەکییەکان بەدەگمەن ڕوودەدات.

ئەوەبوو کاتێک ئەم مێنتەلێتییە پەڕییە نێو دنیای سیاسەتەوە، جەنگی نێوخۆشی لێ کەوتەوە و ئەنجامەکانیشیمان بەچاوی خۆمان بینی. تۆ دەبێت یان لەگەڵ حزبی خۆماندابی یان لەگەڵ حزبی ئەولا. دیارە "ئەولا"ش یەکسانە بە دوژمن. ئەولا، ئەو تەرەفەیە، کە بەشەکەی من دەخوات. مادەم تۆ سەربەولایت کەواتە نابێت لەم سنوور و سەرحەدە نیشتەجێ بیت، بڕۆ گاڵت وەگوێزەرە ئەولا و لە بەرچاومان ون بە.

لە سەروبەندی جەنگی نێوخۆدا، لەو سۆنگەیەوە، کە "ڕامان" باشترین کۆواری ئەدەبیی ئەو سەروەختە بوو، هەندێک نووسەری دانیشتووی شاری سلێمانی بەرهەمەکانی خۆیان، لە شیعر، چیرۆک، توێژینەوی ئەدەبی و هونەری، بەرەوڕووی ئەوێ دەکردنەوە. ئێ ڕامانیش لە سایەی دەسەڵاتی هەولێردا دەردەچوو. ئەندامێکی سەرکردایەتیی ینک لە سلێمانی بەمەبەستی ئاگەدارکردنەوە و هۆشداری، ناردیە شوێن ئەو نووسەرانە و ڕێک ئاوای پێ گوتن: «ئێوە دەبێت خۆتان ساغ بکەنەوە، یان ئێمە هەڵبژێرن یان ئەوان. یان ڕەش یان سپی.» نووسەرێکیش ڕێک پێی گوت: «بەڕێز لە نێوان ڕەش و سپیدا سەدان تۆنی دیکە هەن، من نەڕەشم نەسپی.»

بەڵام بەگوێیدا نەچوو. ئەو دەیویست بڵێت "مادامەکی ئێوە لە سلێمانیدا دەژین، سلێمانیش لە بن کۆنترۆڵی ئێمەدایە، کەواتە خۆشتان بێت و ترشتان بێت، ئێوە ڕەشوڕووتی ئێمەن. کەواتە گەرەکە بەرهەمەکانیشتان لە کۆوارەکانی ئەم شارەدا، کە بەموڵکی خۆمانی دەزانین بڵاو بکەنەوە. با شیعر و چیرۆکەکان دەم لە خۆشەویستیشەوە بدەن؛ بەڵام ئەگەر هاتوو لەولا بڵاو کرانەوە مانای وایە خۆشتان سەر بەولان. واتە دەبنە ڕەشوڕووتی ئەولا. بۆیە خۆشتان لە سلێمانی جێتان نابێتەوە و گەرەکە باربکەن و گاڵتان بەرەو ئەولا وەگوێزن".

هەمیشە خۆت ساغ بکەوە، پرسی سەرەکی بووە. لە نێوان دوو ڕەنگدا سەرپشک بە، تاکو ئێمە بتوانین پۆلێنت بکەین و سەرمان مەیەشێنە. بەم شێوەیە مێنتەڵیتیی خێڵ دنیات لێ دەکات بە چەرمەچۆلەکە. گەردوونیش هەتا خەیاڵ و فانتاسیا بڕ بکات بەربڵاوە. کۆمەڵەی خۆری لەمەڕ خۆمان، لە چاویدا دڵۆپێک لە دەریاش نییە. کۆی زمان و شێوەزارەکانی دنیا وەک ڕێکخراوی یۆنسکۆ دەڵێت لە شەش هەزاریان تێ پەڕاندووە. ئۆل و ئاینەکان بەسەدانن. هەر ئاینە و چەندین لکی لێ بووەتەوە. ڕەنگەکان، کە لە تیشکی ڕۆژەوە پەیدا دەبن. کاتێ تیشک بەئاوێزەدا ڕەت دەبێت، لەسەری سەرەوە سوور و ئەوجا پرتەقاڵی و هتد. یان دەتوانیت لە پەلکەڕەنگینەدا بیانبینیت. نە ڕەشیان تێدایە و نە سپی.

بۆیە ئەو دووانە هیچ کامیان بەڕەنگ حیساب نین. چونکە تۆ هەرکام لە ڕەنگە بنەڕەتییەکان بگریت، کاتێک تەواو چڕ بووەوە دەبێتە ڕەش و کاتێکیش تەواو کاڵ بووەوە ئەوا دەبێتە سپی. بەڵام وەکی دی هەر ڕەنگێک بگریت هەزران تۆنی هەیە. تۆ کاتێک لە تەڕی بەهاردا سەرنجی سروشت دەدەیت؛ بەپێی ژمارەی گیا و بنچک و درەختەکان، تۆنی سەوز دەبینیت، کە سەوزاییی هەر گیایەک، هەر درەختێک، لەوی دیکە جیاوازە. فەلسەفەکان هەمدیس لە یەک ناچن و هەریەکە و بەجۆرێک دنیا دەبینن و بۆ ژیان دەڕوانن.

بەڵێ گەردوون لە هەر ڕوویەکەوە سەرنجی بدەیت بەو ئەندازەیە بەرفراوانە. فرە دەنگ و فرە ڕەنگە. کەچی زەین و مێنتەڵیتیی ڕەشماڵیش تا ئەو ئاستە بێ تامە، بەرتەسک و تەنگەبەرە و لەڕەش و سپیدا خۆی کورت کردووەتەوە. پێ دەچێت ئەو بۆ بینینی دنیای جوان و ڕازاوە هەردوو چاوی بەکار نەهێنێت و زەینێکی یەکەڵەچاوی هەبێت و تەنیا خۆی ببینێت. ئەو لەسەر ئەوە سوورە، کە حەقیقەت هەردەم لەلای خۆیەتی.

دنیا هەرچەند ڕوو لە گۆڕانیش بێت، بەڵام نۆرم و حەقیقەتەکەی لەمەڕ ئەو ناگرێتەوە. چونکە نێرین و زەینی ئەو جێگیر و نەگۆڕە. ئەو لەلای خۆیەوە لە سەرەتاوە نێتی لێ هێناوە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. ڕوو لە هەر کوێش بکات، دواجار هەر دەبێت بێتەوە سەر بای بەڕەکۆن. بۆیە لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا ئەستەمە گرووپە

سیاسییەکان بتوانن لەسەر پرس و لەسەر پلانێک چەند گەوهەرییش بێت، کۆک بن و بگەنە یەک. واتە بەدەگمەن "إجماع سیاسي" ڕوو دەدات. چونکە هەریەکە و لە ئاوازێک دەخوێنێت. بۆیە هەر کاتێک گرووپێکی خێڵەکی گەیشتە سەر کورسیی دەسەڵات ئیدی بەزەبری کوتەک فەرمانڕەوایی دەکات و دۆخەکە بەڕێوە دەبات.

سەرخێڵ هەردەم دەڵێت "یان خۆم و خێڵەکەم یان هیچ کەس" واتە ئەو دەیەوێت هەر لە پرۆژەیەکەوە هەتا دەگاتە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتێک، خۆی سەرەوکار بێت. بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک، ئەو سەرۆکایەتییەی پێ نەبڕا، ئەوا ئامادەیە تەواوی پرۆژەکە هەڵبوەشێنێت، یاخۆ کاولی بکات، چونکە ئەو بڕوای بەفرە دەنگی و بەهەڵبژاردن و زۆرینە و کەمینە نییە و کەسیش لە خۆی بەشیاوتر نازانێت و لە هەموو بوارێکیشدا خۆی بەپسپۆڕ دەزانێت. ئەو هەردەم ترسی لەوانی دیکە هەیە. ئەوانی دیکە ئەم دەشارنەوە. بۆیە دەبێت تۆ ئەوان بشاریتەوە، یان ئەگەر بۆت لوا، هەر بەتەواوی بیانسڕیتەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ساڵی ١٩٩٢، "ینک"، کە خۆی بەسۆسیال دیموکرات دەزانێت، بە جیاوازیی چەند هەزار دەنگێک بە "پدک"ی دۆڕاند. لە ڕاستیدا فرەیەک لە پارتەکانی ئەورووپا هەر بەو ڕێژەیە هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە و هیچیش لەوێ ڕوو نادات و بێ قڕە جڵەوی دەسەڵات دەگرنە دەست. "جۆرج دەبلیو بوش"ی کۆماری، لەو ئەمریکا گەورەیەدا بەجیاوازییەکی کەم پۆستی سەرۆکی ئەو وڵاتەی لە ڕکابەرە دیموکراتەکەی بردەوە. کەچی یەکێتیی نیشتمانی، بڕوای بە دیموکراسی نەبوو. خێرا بارودۆخەکەی ئاڵۆز کرد و ئەولای ناچار بە فیفتی فیفتی کرد. ئەوەبوو ئاکامەکەشی بەجەنگی ناوەخۆ شکایەوە.

فەلسەفە و ڕێبازە توندڕۆکان، لە هەر کوێی دنیا و لە هەر سەردەمێکدا سەریان هەڵدابێت بەهەمان شێوەیە دنیایان دیوە. یان ڕەش یان سپی. سەرنجی ئەم وتەیە بدە "دوو ڕێگە هەیە و سێیەمیان لە ئارادا نییە، یان دەبێت لەگەڵ سوسیالیزم یان لەگەڵ ئیمپریالیزمدا بیت". هیتلەریش گەلی ئەڵمانیای بەسەرباشەقەی هەموو نەتەوەکانی دنیا دەزانی. جووە توندڕۆکانیش، جوولەکە بە گەلی لەلایەن خواوەندەوە هەڵبژێردراو دەزانن. ئیسلامییە توندڕۆکانیش تەنیا خۆیان پێ ڕاستە. زمانی

عارەبیشیان پێ ڕەسەنترین زمانە و گوایە زمانی ئەهلی بەهەشتە. لە دیدی ئەوانەوە تۆ یان ئیسلامی یان کافر. بەلای ئەوانەوە "هەر دەستە و تاقمێک بەپێی دەقی قورئان فەرمانڕەوایی نەکات ئەوا بەکافر حیسابە". واتە بەپێی ڕێبازی ئەوان کوشتنیان بەجیهاد حیسابە و سەر و ماڵیشیان بەو گرووپە ئیسلامییانە حەڵاڵە. بەم پێیە هیچ حیسابێک بۆ ئۆل و ئاینەکانی دیکە ناکەن، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئیسلام کۆنترن.

سەدامیش هەردەم خۆی پێ ڕاست بوو. خۆی بە تاکە خاوەنی عێراق و سەرباشقەی هەموو نیشتمانی عارەب دەزانی و تاکە سوارچاکی نەتەوە بوو. ئەوانی دیکە دوژمن بوون. بەڵام خاوەنی ئەم جۆرە تێ فکرینە، واتە: یان ڕەش یان سپی، هەردەم پێیەکیان لە دۆژدایە و بەڕاست و چەپدا گۆتاوەڕۆ دەنێنەوە. هەموو ئەو نەسەب و پاشخانە پیرۆزەی ئەوان دەیدەنە پاڵ خۆیان بێ بناخە و وەهمە.

خێڵەکی هەردەم بۆچوونی خۆی پێ ڕاست و ڕەوایە و دان بەهەڵەکانی خۆیدا نانێت. سەدان جار بخیچێت و لە کایەکاندا بدۆڕێت، ئەو هەر خۆی بەبراوە یان بەغەدر لێکراو دەزانێت. چونکە هیچ سەرخێڵێک پێی قووت ناچێت سەرخێڵێکی دیکە ناوبانگی بەهۆشیارتر و شیاوتر بڕوا و بناسرێت. ئەو خۆی لە دەوروبەری بەمەزنتر دەزانێت. پیاوی مەزنیش ناکەوێتە هەڵەوە.

## گومان و تۆڵەی بەردەوام

تۆڵە یەکێکە لە خولیا و بنەماکانی خێڵ؛ بەڵام هەروەک چۆن لە هەمبەر مافەکانی ئافرەتدا خێڵ لە ئاین بەرچاوتەنگترە، لە پرسی تۆڵەشدا یاسا نەنووسراوەکانی خێل سنووری تۆڵە لە حوکمی ئایەتە پیرۆزەکان تێ دەپەڕێنێت. لە ئیسلامدا کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، چاو بەرانبەر بە چاو و ددان بەرانبەر ددان تۆڵە دەکرێتەوە. کەچی لای کوڕانی خێڵ جاری واهەیە لەسەر تەنیا گومانبردنێکی بێ بەڵگە چاوی بەرابنەرەکانیان دەکۆڵن. بۆیە دەبینیت زێدەڕۆیی لە بوارەکانی ژیاندا نەریتی باوی سەرخێڵ و میرانی کورد بووە، بە چەمکی تۆڵەشەوە.

دیاردەیەکی دیکەی زەق، کە بە مێنتەلێتیی خێڵەوە ئاشکرایە ئەوەیە، سەرخێڵ

یانژی میر، هەردەم کەسێکە لێوانلێوە لە گومان. لە برای خۆی دوودڵ و بەدگومانە، لە ڕاوێژکار و کارمەندانی هەرە نزیکی خۆی بەدگومانە. لە دەر و دراوسێی خۆی بەدگومانە. هەردەم لە ترسی ئەوەدایە ناخلاف خەنیمێکی لێ ڕاست ببێتەوە، بەڕەکە لە ژێر پێیدا دەربێنێت. لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوام خەڵکانێک هەن لە تاریکیدا و لە پشت میرەوە خەریکی پیلانگێڕانن. میر، کە هەر درێژەپێدانی سەرخێڵە، هەردەم وشەی پیلان و پیلانگێڕانی لەسەر زارە و لای خۆیەوە سزای ڕەوای بۆ ئەم تاوانە ناڕەوایە داناوە. لە ڕاستیشدا هیچ پیلانێک لە گۆڕێدا نییە. ئەم بەدگومانییە بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی پێشووی عێراق "صدام حسین" ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی خۆی بکوژێت.

بۆیە گەلێک جاران تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێت. خەڵکانی بێوەی دووچار دەکات. مام و برا و برازای خۆی دەکوژێت، یان ڕاو دەنێت. هەر بەئاستەم گومانی لە کەسێک پەیدا کرد ئیدی پێوەی دەدات. زۆربەی ئەو تاوانانەی، لە ژێر ناونیشانی پرسی شەرەفدا دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام دراون و دەدرێن پشتیان بەگومان بەستووە تا بەڵگە.

ئامانولا خانی والیی سنە، گومانی لە هەر سەرداریک پەیدا کردبا، بەکەسوکاریەوە قەتڵوعامی دەکردن. یان چاوی هەڵدەکۆڵین. بۆیە ئەو میرە خێڵەکییانە بەزۆری دەروون ئاڵۆز و خەوزڕاو بوون. زۆر بەدەگمەن دەنا میرە کوردەکان نەگەیشتوونەتە یەک و لەسەر ڕایەک کۆک نەبوون و بەردەوام شیر و تیریان لە یەکدی ساویوە. لە تەئریخی جافدا هاتووە:

«جیاوازیی بیروڕای سەرۆک و سەرکردەکانی کورد هۆی هەرەگەورە و کۆسپی سەرەکی بووە لە ڕێی یەکگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا. هەر بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری سەرۆکی شەمدینان شیر و تیری لە ئەمین بەدرخانی میری بۆتان دەسوو. ل ٨٠»

ئاینەکەی خۆمان دۆڕاند. بووینە ژێردەستەی ڕۆم و عەجەم و عارەب. هەرچی نەشێت پێیان کردین. دەیان جار لە سای دروشمی ئاینپیرۆزی و نەتەوەچێتیی تورک و عارەب و فارسدا، لە سایەی ئاڵای سۆسیالیزمی عەرەبیدا، ئەنفال کراین و دەرس

و ئەزموونمان وەرنەگرت. چونکە مێنتەلێتیمان، ئێستاشی لەگەڵدابێت، هێشتا هەر هی خێڵە و لە جێی خۆیەتی. ئەمەش مانای وایە، وەک نەبامان دیبێت و نەباران، ئامادەییمان تێدایە جارێک و دوانی دیکەش بە هەمان ئەو هەڵانەدا، کە جاران کردوومانن بچینەوە.

## مێنتەلێتیی دەستەجەمعیی و ئاوەزی میکانیکی

مێنتەلێتیی دەستەجەمعیی کورد هێشتا هەر یەکسانە بە مێنتەلێتیی خێڵ و هەمان ئەو نەخش و سیمایانەی ئاوەزی خێڵی تێدا پاتەدەبێتەوە و هێشتا لە جێی خۆیدا پێکوتەیەتی. یان دەکرێت بڵێین: ئەوەندە سستە، جووڵەیەکی ئومێدبەخشی تێدا بەدی ناکرێت. لە پاڵەوە خۆی کاوێژ دەکاتەوە. یان خۆی فۆتۆ دەکاتەوە. هەر دەڵێی مۆمیا کراوە.

چونکە چەق بەستووە، ڕەخنە لە خۆی ناگرێت و خوی نوێ ناکاتەوە. بەڵکو بەردەوام شانازی بەڕابردووی خۆیەوە دەکات. ئەو ڕابردووە تاریکەی، کە هەرچییەکی چاند سەوز نەبوو. کەچی ئێمە هێشتا هەر بەشان و باڵیدا هەڵدەڵێین. هەندێک جاران وەک پیرۆزیش بۆی دەڕوانین. تابۆیە ڕەخنەی لێ بگرین، یان بەچاوێکی ڕەخنەگرانە لێی بڕوانین. لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین: مێنتەلێتیی دەستەجەمعیمان سەلەفییانەیە. گەنگەشەی ناکەین و لێی ورد نابینەوە. ئێمە ئاوەزی شیتەڵکاریمان تەواو بێ هێز و لە دوایە، جورئەتی ئەوەمان نییە دەستبەرداری ئەو ڕابردووە سواوە ببین و تێی پەڕێنین. تاکو بکەوێنە تەک مێژوو یان پا بنێینە چەقی مێژووەوە.

چەند شاعیرێکی لێ بترازێت ویستوویانە ڕچەشکێنی بکەن، ئیدی بیرۆکەی نوێ نەهاتووە ئاراوە. جا چونکە هێشتا کورد میللەتێکی زۆرینە بێ سەوادە، نەیتوانیوە ئەو ئاماژە بروسکەییانەی ئەو شاعیرانە ورد بکاتەوە و بیانخاتە واری پراکتیکەوە و کاریان پێ بکات. یان لە لای خۆیەوە هزری نوێیان بهاوێتە سەر. بۆیە مێنتەلێتیی دەستەجەمعی هەروا لە دواوە تەکەتەکێتی و فریای گەشەی بەپەلەی مێژوو ناکەوێت. تاکو ئێستاش، ئەگەر ڕەخنە لە بەرپرسی حزبێکی کوردی بگری، کە هێشتا هەر

ئۆپۆزسیۆنە، لەوانەیە بیر لە سزادانت بکاتەوە. کورد بەگشتی لە ڕەخنە دەترسێت، ئەگەرچی هێمن و بنیاتنەریش بێت. چونکە لە کن ئەو سەرخێڵ لەسەروو ڕەخنەوەیە. دیارە هەر ڕەخنەیشە، بتوانێت کۆن بەنوێ بگۆڕێت و بووژاندنەوە و ڕابوون بەرپا بکات.

بەسەرێکی دیکە عەشرەت خاوەنی ئاوەزێکی میکانیکییە. بەو مانایەی خاوەنی مێنتەلێتییەکی فراوانی گشتگر نییە. هەر کارێک کە دەستی دەداتێ، نیوەناچڵ بەجێی دێڵێت. بیر لە گەشە و پێگەیشتن ناکاتەوە. هەردەم پێویستی بەوانی دیکە، واتە بەوانی دیکەی دەرەوەی خێڵ دەبێت هەتاکو بێنە کۆمەکی و کارەکانی بۆ تەواو بکەن. ئەوی خێڵەکی ئەگەر خاوەنی حەوت کوڕیش بێت، هەر حەوتیان یەک جۆرە خولیا و ئەزموونیان هەیە.. هەر حەوتیان لەسەر هەمان شارەزایی، یاخۆ ئەگەر بکرێت بڵێین لەسەر هەمان پیشە ڕاهاتوون. واتە هەر حەوتیان فۆتۆکۆپیی یەکترین. ئەوان بەگشتی سوارچاکن، نیشانشکێنن، شارەزای ڕەنێوهێنانی ئەسپ و شارەزای چێودارین و جەنگاوەرن. ئەگەر یەکێکیان خیچا، یان کوژرا ئەوی دیکە بەئاسانی و ئۆتۆماتیکی جێی دەگرێتەوە. ئیدی لەمانە بترازێت بەلای کار و پیشەی دیکەدا ناچن. واتە هەوڵ نادات پیشەیەکی دیکە، کە کەمێک ئاوەزی تێدا خرابێتە کار فێر ببێت.

ئەوان جیهانیان لەو چەند چالاکییەدا چڕ کردووەتەوە، کە ئاماژەمان پێ دان. هەروەک کۆمەڵگەی خێڵ پێویستیی بەنوژدار و ئەندازیار و مامۆستا و هتد نەبێت. ئەم تەرزە هزرە لەگەڵ ڕیاڵ و لۆجیکیشدا ناکۆکە. چونکە گەرەکە کۆمەڵگە فرە پیشە و فرەخولیا و فرە ڕەهەند بێت، نەک هاوشێوە و فۆتۆکۆپیی یەکدی. دەنا پێشڤەچوون ڕوو نادات.

## نابەرابەریی

لەم سەردەمەدا، ژیان لە سایەی سیستمی خێڵەکیدا لە خۆیدا مەرگەساتە. دەوڵەتی عەشیرەت تاریکی و نابەرابەری و بێدادی باڵی بەسەردا کێشاوە. چونکە پێوەرێک بۆ یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیاندا چێ نابێت. لێرەدا ئاوەز، حیکمەت و یاسا بوونیان هەست پێ ناکرێت و هەر بەناو هەن. چونکە مەرجەعییەتی باڵا، کەسی

یەکەمی دەسەڵاتە، جا ئەگەر سەرکۆمار یان پادشا بێت، تەواوی سەرەداوەکان لە دەستی ئەودان. ئەوەی مایەوە دەست و پێوەند و ڕەشوڕووتە، کە ناچار بە گوێڕایەڵیی بۆ شەخسی یەکەم کراون نەک بۆ یاساکان.

پێوەندییەکی نیمچە کۆیلایەتی دەکەوێتە نێوان چین و توێژەکانی خەڵکەوە، کە تەواو نائینسانییە. ئەمەش بەو مانایەی پێوەندییە گەرموگوڕەکانی نێوان مرۆڤەکان، بایەخ و بەها لە دەست دەدەن و لە بری ئەوانە پێوەندییەکان دەکەونە نێوان پۆست و پلە و پایەکانەوە، کە پێوەندیی میکانیکی و نامرۆڤانەن. ڕوانینەکان بۆ یەکتری، لە بنەبانەوەن بۆ سەربان و بەپێچەوانەوە. ئەم جۆرە هزر و ڕوانینەش، مرۆڤ لە ئینسانییەت ڕووت دەکاتەوە. لە جڤاکی وەهادا ئەوەی پلە و پایەی نەبێت، ئۆرت و کەرامەتیشی نییە.

لە جڤاکی نوێدا جیاوازیی نێوان خاوەن پۆست و هاووڵاتی بەو ئەندازەیەش زەق نییە. بەرپرسیش وەک هاووڵاتیی ئاسایی لە سەرەدا دەوەستێت و بۆی نییە نۆرەبڕی لەوانی دیکە بکات. دوای تەواوبوونی ماوەی پۆستەکەی دەگەڕێتەوە زانکۆ و مامۆستایەتی دەکات، یان لە شوقەیەکی چەند مەتریدا وەک ئەو خەڵکە، ئاسایی ژیان دەگوزەرێنێت و بەتەواوی تێکەڵ خەڵکەکە دەبێتەوە. پێچەوانەی سیستمی خێڵەکی، کە سەرۆک دەبێتە فیرعەون و لافی خواوەندێتی لێ دەدات. چونکە ئەو سەرۆکێکە یاسا ناتوانێت لە ئاستیدا ڕای هەبێت. سەرۆکێکە قابیلی گۆڕین نییە. لە دوای مەرگی سەرۆکیش نەوەکەی دێتە جێی، کە هەر درێژەپێدانی خۆیەتی.

## تاکێتی "ئیندڤیجوالیزم"

تاک بەردی بناخەی کۆمەڵە. بۆ ئەوەی کۆمەڵ بەرەوپێش هەنگاو بنێت، گەرەکە هەموو یاساکان لە خاک و پای تاکدا بن. بیپارێزن، پەرە بەتوانا شاراوەکانی بدەن و ئاوڕی جدی لە پێداویستییەکانی بدەنەوە. شۆڕشەکانی دنیاش لە پێناوی دابینکردنی مافەکانی تاکدا هەڵگیرساون. هەتا تاک ئاوڕی لێ نەدرێتەوە و نەبێتە خاوەنی مافەکانی، ناتوانێت داهێنان و کاری مەزن بەرپا بکات.

تاکی جڤاکی خێڵەکی لە نێوان خێزانی گچکە، واتە داک و باب و خوشک و

براکانیدا بەلایەک و خێزانە مەزنەکەیدا، واتە خێڵ، خاوەنی کەسیەتیی خۆی نییە و ئەم دوو لانەیە لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردووە. خێزان لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا، لە خۆیدا نموونەیەکی بچووکی خێڵە و دەستووری خێڵیش مامەڵە لە تەک ڕۆڵەکانیدا دەکات. خێزان سوود لە ئەندامانی خۆی دەبینێت. نێرینەکان دەرامەتی بۆ دابین دەکەن و دەبنە پشت و پەنا و لە مەترسییەکان دەیپارێزن و مێیینەکانیش وەختێک بەشوو دەدرێن، ئەوا بنکەی ئەو خێزانە فراوانتر دەکەن.

لە تافی ڕەوەندایەتی و چێوداریدا، تاکی نێرینە بەخۆی و بە تیر و کەوانی شانی، بەشمشێری تیژی کەمەری، یاخۆ بەم دواییيانە بەزبری لوولەی کەچە تفەنگەکەی، کە ئەمانە هەم ئامرازگەلێک بوون بۆ بەرگریی لە خۆ و بۆ مانەوە، لە هەمان کاتدا ئامرازێکیش بوون بۆ بەرهەمهێنان "وسيلة إنتاج" و بژێوییان بۆ خێزان مسۆگەر کردووە.

تاکی خێڵەکی زیاتر شانازیی بە ئازایەتی و سوارچاکی و سەخاوەتی باب و باپیرانیەوە دەکات تاکو خۆی. ئەو لە کۆڕ و کۆمەڵدا زیاتر بەوانەوە دەنازێت. کارە شایستەکانیان بەگوێی دەوروبەردا دەداتەوە و بیری هاوماڵ و دۆست و ئاشنای دەخاتەوە، لە کاتێدا جڤاکی نوێ جەخت لەسەر ئێستای تاکەکان خۆیان دەکات و هەر کەسە لە مێژووی خۆی بەرپرسە. تاکی سەردەم لە حیکایەتخوانییەکان، کە باسی ئازایەتیی لە ڕادەبەدەری کوڕانی کۆن دەکات تەواو بێزارە و گوێیان لێ ناگرێت، ئەو ئێستای دەوێت. چی لە ڕابردوو بکات؟ ئاگردانی ڕابردوو ناتوانێت زستانی ساردوسڕی ئەمڕۆ گەرم بکاتەوە.

خێزانی خێڵەکی تەواو پێچەوانەی خێزانی شارستانی بڕوای بەسنووردارکردنی نەوە "تحديد النسل" نییە. ژن و مێردی خێڵەکی دەخوازن نەوەیان زۆر بێت. چونکە لە نێو کۆمەڵگە خێڵەکییەکەدا ئۆرت و ئیعتیباریان هەڵدەکشێت و دەوروبەر سڵیان لێ دەکەنەوە و حیسابیان بۆ دەکەن. جگە لەوەی تاک لە خۆیدا بەشێکیشە لە ژێرخانی ئابووری. پەزەکان بەخێو دەکات و دەیانپارێزێت و ڕاووڕووتیش دەکات. خێزان دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەندامانی خۆیدا هەیە. دەبێت نەوەکان تەبابن و لە فرمانی باوکیان یان براگەورەیان دەرنەچن. بژێوی و کەرامەتی بپارێزن. لە

بەرانبەردا خێزان ژن بۆ نێرینەکان دەدۆزێتەوە و بۆیانی دێنێت. هەر خۆشی مێیینەکان بەشوو دەدات.

لە ڕۆژانی تەنگانەدا کۆمەکی دارایشیان پێشکێش دەکات. بەتایبەتی کاتێک دووچاری بێکاری دێن، لە بنباڵی خۆیدا جێیان دەکاتەوە، کاتێک ئەوان نەتوانن شوێنی حەوانەوە، یانژی خانووبەرە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. واتە خێزان جێی جومگەکانی دەوڵەت، وەک بانک و کۆمۆن و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەبینێت. چونکە ئەگەر هاتو ئەندامێکی ئەو خێزانە دووچاری هەر ستەمێک هات ئەوا ئەوانی دیکە لە بری پۆلیس و یاسا تۆڵەی دەکەنەوە.

خێزانی خێڵەکیش تەواو چون خێڵ، بەرژەوەندیی خێزان لە سەروو بەرژەوەندیی نیشتمانەوە دادەنێت. دیارە لە دۆخی وەهاشدا کۆمەڵ ناتوانێت بەرەوپێش هەنگاو هەڵێنێت. تاک بەحوکمی ئەوەی کوڕی خێڵێکی دیاری کراوە، دەبێت لەسەر هەق بێت یان ناهەق، هەردەم بۆ خێڵەکەی بەوەفا بێت، نەداتە پاڵ خێڵێکی دیکەی نەیار و خیانەتی لێ نەکات، دەنا بەر نەفرەتی خێڵەکەی دەکەوێت و حاشای لێ دەکرێت. وەکی دی، بەپێی چەمکی سەردەم بۆ تاک، مێنتەلێتیی خێڵ بڕوای بە تاکێتی Individualism نییە. تاک لە کەرەستەیەکی گچکەی بنیاتی خێڵ بترازێت هیچی دیکە نییە. ئەو لێرەدا ناتوانێت ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات و شوێن خەونەکانی بکەوێت و لەوانی دیکە جیاواز بێت.

نێرینە فۆتۆکۆپیی بابێتی و مێیینەش دایکی. ئەوان چۆنیان پۆشیوە چۆنیان ژیان گوزەراندووە، چ جۆرە کار و پیشەیەکیان گرتووەتە دەست گەرەکە منداڵەکانیشیان بێ کەم و زیاد وەها بن و شوێن هەمان کار و پیشە بکەون. گەرەکە نێر و مێیان گوێڕایەڵی بابیان بن، بابیان ژنیان بۆ دەهێنێت بابیان بەشوویان دەدات. گەرەکە لە بەردەم باب و برا گەورەیاندا یان لە پێش سەرخێڵدا دەستەوەنەزەر وەستابن و ئامادەی فرمانی سەروو خۆیان بن؛ ئەگەرچی لە ناخەوە بڕواشیان بەهیچ کام لەو فرمان و بڕیارانەش نەبێت.

باوک خۆی بەخاوەنی منداڵ دەزانێت. بەو مانایەی وەک چلۆن فلانە دوکان و بازاڕ یان مێگەڵ موڵکی ئەون، بەو ڕەنگە منداڵەکانیشی هەر موڵکی ئەون و ئەو خۆی ڕێ

و شـوێنیـان بۆ دیاری دەکـات. گـەرەکـە لە ئاسـتـی بابیـاندا بەپـێـوە ڕاوەستن و ئەو ئاماژەی دانیشتنیـان پێ بدات. مەسینە و دەستشۆریان پێ بێت، ئاوی دەسـتنوێژی بۆ دابین بکەن و بەرماڵی بۆ ڕابخـەن، سینیی خواردان و چایی لە پێشیدا دابینێن و بەنەزاکەتەوە لە دوایەوە بڕۆن. ئەوان هـەر بەڵێـیـان لەسـەرە. نابێت وشـەی نەخـێـر و نارەزایی بەگوێی بابیاندا بدەن.

تاک ناتوانێت هەمـەلایەنە هـەوڵی کامڵـبوونی خـۆی بدات. ئەو بێ پسـانەوە لە بن هەژمـوونی ڕای گـشـتی و چاودێریی وردی خـێڵـدایە. ئەوان لیـسـێـتکی درێژیان لە دەبێت و نابێت، لە پێـشـیـدا قـوت کـردووەتـەوە. گـەرەکـە دوور لـە گـەنگەشــە و چەندوچوون پەیڕەویـان بکات. بەڵام هەمیـشـە لادان، هەوێنی پێشـڤەچوون بووە. بەو مـانایـەی گـەرەکـە نەوەی نوێ لـە هـەندێک خـدە و شـێـوە ژیان و مـۆدیلـی بەرگ و کـەرەسـەکـانـی ناومـاڵ و داوونـەریتی شین و شـایی و لە تـەرزی بنیـاتنانی خـانوو بەرەشدا، هتد لەباوان و دەوروبەری جیاواز بێت و لەگەڵیاندا ناکۆک بێت.

هـەر ئەم لادانەیشـە دەبێتـە هەوێنی گۆڕان و مـلانێش دێنێتـە ئاراوە، کـە بەمـلانێی نێوان نەوەکان ناسراوە. وەلێ ئەم پرۆسەیە لە نێوەندی خێڵدا تەواو بەسـستـی ڕێ دەکـات. ئەمــەش ڕێک مـانای وایە مـێـژوو لەو بەسـتـێنەدا بەسـسـتـی بەرەوپێش هەنگاودەنێت.

خـێڵ، تایەفـە و بنەمـاڵە دەسـتیـان خسـتـووەتە ناو ورد و درشـتی کـارەکانێـوە. خێڵەکان دەستیان گەیشتبێتە هەر کاروبارێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، ژەهراوییان کردووە. دیارە ئەوان دەست دەخەنە پێوەندییە تایبەتییەکانەوە، بەخۆشەویستیشەوە، کە تەنیا بەدوو کەسـەوە پەیوەستـە. بۆیـە گەرەکە لاوانـی ئەمڕۆ بە "ئەوێتی: هویة"ی تەسکی خێڵ و تایەفە قایل نەبن، بەڵکو ئەوێتیی گەلەکەیان هەڵبگرن، تاکو لەوێشەوە ڕێز لە هزر و مافـەکانی مرۆڤ بگرن. تێکەڵ بەدنیای بەرین بن و خـاوەنی سـەروەریی خۆشیان بن.

زۆر لایەن لە ترادشیۆنەکان بوونەتە دۆگمـا. لە ڕۆژئاوای پیشەسازیدا، ڕۆشنگەری هـەوڵێکی زۆری بـۆ پشـتگوێ خسـتنی ترادشیـۆن دا، چونکە ترادشـیـۆن برێـتییـە لە هەژمـوون و کـاریگەریی نەرێنیـیـانەی کـۆن لەسـەر ئێسـتـاکـەی نرتونوێ. قـەید و

بەندەکانی کۆمەڵگەی سوننەتی، هەر لەئاینییەوە بیگرە تادەگاتە داوونەریت و یاسای نەنووسـراو، وەلێ پەیڕەوکـراوی خـێڵ، ئەمـەندە دڵڕەق و بێ مـروەتن، تاکـیـان بەگوریسی حـەوت باڵی بەستـووەتەوە. لایان لێ بڕیوە، ناهێڵن بەپێی ویستی خۆی بخوات و بخواتەوە و هاوسەرگیری پێک بهێنێت و کاروپیشەی گونجاو بۆخۆی هەڵبژێرێت. تەنانەت ناهێڵن بەدڵی خۆی پۆشاکی گونجاو بپۆشێت.

ئەو کۆت و بەند و دەبێت و نابێتانە. ئەو هەمـوو حەرام و عەیب و حەیاچوونە بێ مانایانە، کە زۆربەیان نەعەیبن و نەحەیابەر، دەست و پای تاکیان کەلەپچە و پێوەند کردووە، دەستپێشخەری و پڕکێشییان پێ نەهێشتووە. ناهێڵن هەنگاو بنێت. ئەم کۆسپانە ناخ وێران دەکەن و جەستە دەچرووسێنن و لێ ناگەڕێن مرۆڤ تاکایەتیی خۆی پیادە بکات؛ بەمەرامی خۆی بگات و لە توانای مرۆڤی کوردیان داشکاندووە. هەزاران کچ و کوڕ دەبنە قەیرەو پیرەکوڕ، ناتوانن هاوسەرگیری پێک بهێنن، کە مافی ڕەوای هەر تاکێکە. کەچی ئەوان هەناسە ساردانە ئاواتەکانیان دەبەنە ژێر گڵەوە و ناتوانن ڕەنگ بۆ ژیانیان، کە تەنیا موڵکی خۆیانە بڕێژن.

"لە کاتێکدا ڕووناکبیری لە کۆندا لە ڕێی ترادشیۆنەکانەوە پێناسە دەکرا، ئەمڕۆکە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ڕووبەرێکە لە ئازادی بۆ پاراستنی هەر کۆمەڵە تاکێک. هەروەها ڕووناکبیری توانای ئەوەشی هەیە بەرهەم بهێنێت و پاساو بۆ خولیای تاکایەتیی تایبەت بهێنێتەوە. بەواتایەکی وردتر، ڕووناکبیریی ئەو بوارەیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لە تواناد هەیە ئێمە پێکەوە یەکسان بژین، بەلام بێ ئەوەی لە یەکتر بچین. أنطونی جیدنز، عالم جامح. ص ١٣٧"

لە جڤاکی خێڵدا ڕووبەرێکی ئەوتۆ لە ئازادی بۆ منداڵ نەڕەخساوە تاکو بتوانێت توانا شاراوەکانی خۆی کەشف بکات و پاشان پەرەیشیان پێ بدات. کەس بیریشی لە مافی منداڵان نەکردووەتەوە. منداڵی زۆر بە مەبەستی ئابووری و زیادکردنی ژمارەی جەنگاوەرانی خێڵە. بەتایبەت ڕەگەزی مێ، لە لایەن خێزانەوە، وێنەیەک یان قاڵبێکی داڕێژراوی بۆ داتاشراوە.

مۆدیلێک لە ژن هەیە، مێینە ناچارکراوە لەسەر ئەو تەرزە خۆی ڕابهێنێت یان خۆی دابتاشێت. واتە لێرەدا لەمپەرێک، یان بەربەستێک لەپێش گۆڕاندا

بەرزکراوەتەوە، کە تێپەڕاندنی ئەستەمە. لە وەها دۆخێکدا، گیانی داهێنان و گەشەسەندن دەپووکێتەوە و دەمرێت. چونکە دایک و باب و دەوروبەر، پانتاییەکی ئەوتۆیان لە ئازادی بۆ کارەکتەر نەهێشتووەتەوە؛ ئیتر چلۆن بدرەوشێتەوە؟ چلۆن پشت لە پاشڤەڕۆیی بکات و بەپەرۆشەوە بەپیر نوێوە بچێت؛ ئەو کە دەست بەسەر مافەکانیدا گیرابێت و نەتوانێت بە ئاسانی گوزارشت لە خۆی بکات و بکرێتەوە. ئەوێک کە لە ژینگەیەکدا پەردەورده بووبێت ڕێز لە ڕا و بۆچوونەکانی نەگیرابێت، ئیدی چلۆن دەتوانێت هەنگاوی کاربڕ بنێت؟

ئەمڕۆکە، لەگەڵ ئەم هەلومەرجی خۆ بەڕێوەبردنەشدا، هێشتا پێناسەی هاووڵاتیی گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. هێشتا گوێڕایەڵیی تاک هەر بۆ خێڵ و تایەفە و ئاین و ئاینزا بە پلەی یەکەم دێت. کەچی لە کۆمەڵگەی نوێدا بەحیساب، دەبێت ئێمەش هاوشان لەگەڵ ئەم ڕەوتە نوێیەی وا لە ئەوروپاوە بەرایی گەیشتووەتە هەرێمەکەمان، ڕابێین و بڕۆین. دەبوایە گوێڕایەڵی لە ڕێی یاسا و دەستوورەوە بۆ گەلی کوردستان بێت. دەبوایە چەمکی هاونیشتمنانێتی وەک هزر چاوی لێ بکرایە. گەرەکە تاکەکان بەیەکسانی لە تەواوی مافەکانی مرۆڤ، بە مافەکانی ئابووری، شارستانی و ڕامیارییەوە، سوودمەند بن. بیر لە گفتوگۆی هێمنانە بکەنەوە نەک پێکدادان و توندوتیژی. پەنا وەبەر گیانی لێبووردەیی ببەن هەتا تۆڵە. هەموو ئەمانەش گەرەکە حکوومەتی کوردستان لە ڕێی یاساوە بۆیان دەستەبەر بکات. تاکو هاووڵاتییانی ئێمەش لە تاکی سەرەتاییی کاڵ و کرچەوە بەرەو تاکێکی دنیادیدەی شارستانی هەنگاو هەڵێنن.

ئێستاش دەستووری جاران، بەهەندگرتنی خێڵ باوێتی و لە جاران و بگرە خراپتریش سەرنجی ژن دەدرێت. نەهۆ لە هەر سەردەمێک زیاتر ژن لەسەر پرسی شەرەف دەکوژرێت و ساتوسەودا بەچارەنووسی دەکرێت و خاوەنی خۆی نییە. هەتا ژن ئاوەها بەکەم سەیربکرێت و سەربڕبڕێت، کورد هیچ بەهیچ ناکات. هەتا هاوسانیی ژن و پیاو بەکردەوە نەچێتە واری پراکتیکەوە کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێ چێ نابێت.

هەمیشە کێشەی گەورەی ئێمەی کورد لە چەمک و مێنتەلێتیدا بووە، نەک لە

جوگرافیا و جەوری ناحەزاندا. ئێمە وەک پێویست ئامادەییمان بۆ گۆڕان تێدا نییە، لەمێژە جیرێتی Flexibility لە زەین و ئاوەزماندا باری کردووە و نەمانتوانیوە بگەینە یەک. گەرەکە هەرچی زووە لە جوغزی مێنتەلێتیی بەرتەسک و ڕچیوی ڕەشماڵ دەربچین و باوەش بۆ گۆڕان لە گەوهەردا نەک لە فۆرمدا بکەینەوە. دەنا لەم جیهانە بەرژەوەندخوازە دڵڕەقەدا لە بەین دەچین. گەرەکە چیتر پرۆسەی گۆڕینمان لە کن نەبێتە فۆبیاو لێی بتۆقین.

گومانی تێدا نییە کە هەتا کۆمەڵگە شارستانیتر بێت ئەوا لەوێدا تاکەکان ئازادترن. خێڵ و خێزانیش هەژموونیان لەسەر تاک کەمتر دەبێت. بەڵکو هەژموونیان لە دەست دەدەن. چونکە لە جڤاکی مەدەنیدا خێڵ بەهاکانی لە دەست دەدات و دەسەڵاتی خێزانیش سنووردار دەبێت. تاکیش پێویستییەکی ئەوتۆی بەوان نابێت تاکو بیپارێزن. چونکە لە جڤاکی نوێدا دەزگەی تایبەتیی کارامە و شارەزا و خاوەن ئیمکانییاتی گەورەی بێلایەن هەن، کە بەیەک چاو سەیری هەموو لایەک دەکەن و کار و پیشەیانە تاکەکان لە هەموو جۆرە دەستدرێژی و گوشارێک، تەنانەت لە نەخۆشی و بێکاریش بپارێزێت، بێ ئەوەی لە بەرانبەردا شتێکی ئەوتۆشیان لەسەر بکەوێت.

لە جڤاک و حزب و دەوڵەتی خێڵەکیدا، تاک ناتوانێت گۆڕان چێ بکات. چونکە پرۆسەکان بەرێی دیموکراسی و دەنگدان یەکلایی ناکرێنەوە. بۆیە گۆڕانی گەوهەری لەو سێ ئۆرگانەدا "جڤاک، حزب، دەوڵەت" مەگەر بە خوێنرشتن دەنا لە ڕێی پرۆسەی دەنگدانەوە گۆڕان چێ نابێت. هەر بۆ نموونە، زۆرینەی تاکەکانی حزبێکی خێڵەکی ناتوانن، لە کۆنگرەیەکدا سەرۆکی حزبەکەی خۆیان بگۆڕن، هەروەک ناشتوانن سەرخێڵ یان سەرکۆمار و پاشا بگۆڕن. لە باشوور، تەنانەت حزبێکی گچکەش، ئەگەر زۆرینەی ئەندامانیشی لەسەر گۆڕینی سکرتێری حزبەکەیان کۆک بن، هێشتا هەر بەرێگەی دیموکراسی ئەم کارەیان لە دەست نایەت، چ جای حزبە گەورەکان.

لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا، کاتێک هەستیان بەوەکرد باب و دایک، لەبەر هەر هۆیەک بێت، منداڵی خۆیان دروست پێ پەروەردە ناکرێت، ئەوا کۆمۆن، کە جێگە و ڕێگەی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هەیە، منداڵەکەیان لێ دەستێنێت. پەروەردە و

فێرکردنیان لە ئەستۆ دەگرێت.

وەرگـرتنی پلە و پایەش هـیچ پێـوەندییـەکـەی بە خـزمـایەتی لەگـەڵ مـەزنە بەرپرسـانەوە نـامێنێت، بەڵکو توانـای "کـەفـائەت" تاک جێی گوێڕایەڵی لە بۆ خێڵ و تایەفـە و حـزب دەگرێتـەوە. هەمـوو پلـە و پایەکانیش کـاتین. ئۆرت و بەهـای تـاکیش دەکەوێتـە سـەر تاکەکە خۆی نەک سـەر باب و باپیرانی. چونکە کۆمـەڵگە، هـەژمـوون و سـایەی خـێڵ و تایـەفـەی لەسـەر نەمـاوە. لەمێژە تاکەکـان، لـە ڕەشـوڕووتەوە بوونـەتە هـاووڵاتی Citizenship واتە ئەوانە بەپێی دەستووری بنەڕەتیی وڵات هـەموو هـاوسـانن و ئەرک و مافەکانیان دیاری کراوە. بۆیە گوێڕایەڵیشیان بۆ نیشتمانە نەک بۆ فڵان و فیسار کەس یان خێڵ و تایەفە.

## عەیبە حەیامان چوو: لیستێکی درێژی هەیە

ئەگەرچی کورد لە بەرانبەر وشـەی "عیب"ی عارەبیدا لانی کەم وشـەکانی "شـوورەیی و نەنگ"ی هـەیە، کەچی تاکی کـورد لە زمـانـی ڕۆژانەی خـۆیدا بەزۆریی هـەر "عـەیب"ە عارەبییەکە بەکار دەبات. عەیبە، وشـەیەکی ئامـادە و زیندووی هـەمیشـە لەسـەر زاری خـەڵکە. هـەندێک جاران، بە تایبـەت لە دەڤـەری سلێمـانیدا "شـوورەیی"یشـی دەخرێتـە پاڵ و دەبێـتـە "عـەیب و شـوورەیی"، کـە لە ڕاسـتـیدا هاوواتان یان دەبێـتـە "عـەیب و شـــوورەیی و حـــەیاچوون و داڕزین" بەسـەر یەکـەوە. پێم وایە ئەمـیش وەک وشـەی (زەعیفە: ضعیفة) بەهۆی هاوئۆلی و دراوسـێتییـەوە لە زمانی عـارەبییـەوە پەڕیبێتە نێو زمانی ڕۆژانەی کوردەوە.

ئاین دەستی خستووەتە ناو ورد و درشتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە و ڕێ و شوێنی هـەتا هـەتاییی بۆ داناوە. سـەردەمـەکـان دێن و دەڕۆن، وەلـێ ئەم یاسـا و ڕێسـایانە نەگۆڕن. هـەر لادانێکیش لەو ڕێوڕەسـمانە بە عەیب یان بەحەرام لەسەر تاک حیساب کراون. بەمـەیش ڕووبەری ئازادییـەکان لە بەردەم تاکدا تـەسک بووەتەوە و بواری بۆ گۆڕانکارییـەکانی سـەردەم، مۆدە، زەوق و چێژی تاک و گەشـەی نەپسـاوی مێژوو نەهێشتووەتەوە. لە چەمکی عەیبەدا خێڵ و ئۆل بەم گەلەکۆمەکێیە، تاکیان بچووک کـــردووەتـەوە. بـووەتە بـوونـەوەرێکی شـــەرمـن و نـەوێری ئـەوتۆ، کـــە هـەردەم لـە قۆزاخەکەیدا، خۆی گۆشەگیر کردووە و لە درەوشانەوە کەوتووە.

بۆ نموونە لە پۆشینی جلوبەرگدا، لە ڕۆیشتندا. لە سڵاوکردن و دەست و مۆچدا، لە درێژی و پانی و ڕەنگکردن و هێشتنەوەی ڕدێندا. لە چوونە ژوورەوەدا، کە دەبێت پێی ڕاست پێش بخات، ئەگەرچی مارشی سوپاکانی دنیا، بەسوپای ئەمڕۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشەوە بەجووڵەی پێی چەپ دەست پێ دەکات. باسی عەتر لەخۆدان و نانخواردن و تەنانەت کاتێک سێکسیش دەکات و سنووری بۆ داناوە، واتە ماوەی بۆ چێژی تاک و هەڵبژاردن و داهێنانی نوێ نەهێشتووە.

لادان لە پیادەکردنی ئەم ئاکارە ساکارانە بە عەیب لەسەر مرۆڤگەل حیساب دەکرێن. بەڵام دەمگۆی "عەیب و شوورەیی"، هیچ گرینگییەک بە پێداویستییە ژیانی و ژیارییە هەنووکەییەکانی تاک نادات، هێندەی لە ڕووکەش دەدوێت، چواریەکی ئەوەش گرینگی بەئەرک و مافەکانی تاک نادات، بەڵکو هەر لاشی لێ ناکاتەوە. چەمکی عەیبە هەردەم تاک دەکوتێتەوە و سەرکۆنەی دەکات.

لیستی عەیبەیە ئەوەندە مەودا فراوان و گشتگرە، بەکەس سەرژمێر ناکرێت. لە گەورەترین بابەتەوە هەتا بچووکترین وردەکارییەکان ژیانی تاک دەگرێتەوە. چەمکی عەیبە ڕەگەزی نێر و مێی بۆ نییە. وەلێ بێگومان لیستی عەیبەکانی ڕەگەزی مێیینە لە هی نێرینە گەلێک درێژترە. لە شێوەی ئاخاوتن و پێکەنین و خواردن و بەڕێدا ڕۆشتن و وەرزش و پۆشینی پۆشاکەوە بگرە، هەتا دەگاتە پێوەندییەکانی نێوان خێزان و ئاشنا و دەر و دراوسێ دەگرێتەوە.

هەر بۆ نموونە، بنێشت جاوین هیچ زیانێک بەمرۆڤ خۆی تاکو دەوروبەریشی ناگەیێنێت؛ وەلێ لەو سۆنگەیەوە، کە بنێشت جاوین بەخوویەکی مێیینە لە قەڵەم دەدرێت، کەواتە بۆ پیاوەیل عەیبە. بەتەوسەوە پێی دەڵێن "بنێشت مەجوو، سمێڵت لار دەبێ" سمێڵ تاشین لە خۆیدا عەیب و شوورەییە "ئەم سمێڵە هی پیاو نەبێت ئەگەر نەیکوژم" یان "ئەگەر فلانە کێشە وەها نەکەوتەوە سمێڵی خۆم دەتاشم" وێڕای ئەوە، هەن بەسمێڵیان سوێند دەخۆن. واتە سمێڵیان دەخەنە ڕیزی ئیکۆنە پیرۆزەکانەوە. هەندێک سمێڵیان زۆر بەهەند گرتووە و حیسابی کۆی بۆ دەکەن، کاتێک ئاماژەی بۆ دەکەن و دەڵێن "بەم سمێڵانە درۆ ناکەم".

کڵاش بەسەرپێوە مەکە عەیبە. پشتوێنەکەت شل مەبەستە عەیبە. تەزبیحەکەت

بامەدە عەیبە. لەبەر دەرگە مەوەستە عەیبە. فیکە لێ مەدە عەیبە. چەند عەیبە دیواری حەوشەکەمان نزمە و ناوسکمان بەدەرەوەیە. لە مالان زۆر قسان مەکە عەیبە. دەنگ هەڵمەبڕە عەیبە. لەسەر نانخواردن قسان مەکە عەیبە. بەدەم ڕێوە شت مەخۆ و پێ مەکەنە عەیبە. لاق لەسەر لاق دامەنێ عەیبە... هتد. بەم شێویە چەمکی عەیبە لە خۆیدا بووەتە گوشارێکی دەروونی و منداڵ و گەورە دەچرووسێنێت و گوشاریان لەسەر دادەنێت.

تاک لە جڤاکی خێڵەکییدا بە "تابو، حەرام، قەدەغە" دۆڵپێچ کراوە. گەلێک جاران وتوویەتی جێی ڕاستییەکان دەگرێتەوە. بەر لەوەی دەست بۆ هەر کارێک، پڕۆژەیەک، چەند تایبەت و شەخسیش بێت ببات، ناچارە چەند جارێک ئەم پرسە لە خۆی بکات و وەڵامێکی قایلکەری خۆشی بداتەوە. داخۆ ئەم کارەی لە لایەن خەڵکەوە بە عەیب بۆ حیساب ناکرێت؟ ئا بەم شێوەیە تاک ڕێی داهێنانی لێ گیراوە. بۆ نموونە: تاچەند ساڵێک لەمەوبەر ئەگەر ژنێک بەنیاز بوایە ئارایشتگەی ئافرەتان "ساڵۆن" بکاتەوە، دەبوو چەند جارێک ئەو پرسیارەی لە خۆی بکردایە و چاوەڕانی کارەساتیشی بکردایە. ڕاستت دەوێت ئەم کارەش وەک، پیشەکانی دیکەیە، ژنیش بۆی هەیە بیگرێتە دەست و هیچ خەوشێکی تێدا نییە ژنیش سەرتاش بێت. کەچی یەک لە باری ژن، سەردەمێک ئەم پیشەیە چووبووە کۆڵی شێر. ژنی سەرتاش لەوە دەترسا جڤاکەکەی کارتی سووری بەڕوودا بەرز بکاتەوە.

ئەگەر ئافرەتێک لە کۆڵان یان بەدەم بەڕێوە زەردەخەنە بیگرێت، ئەوە دەچێتە خانەی عەیبەوە. چونکە ئێمە هەر بە منداڵی ئەو پەندە عارەبییە بەگوێماندا دراوە کە بەکوردی دەکاتە "پێکەنینی بەبێ هۆ لە کەمڕەوشتییەوە: الضحك بلا سبب من قلة الادب" وەلێ ئەم دیاردەیە هەرگیز وەها نییە. تۆ ئەگەر ڕێت بکەوێتە وڵاتێکی ئەوروپا و لەوێ ئافرەتێکت دیت بەدەم زەردەخەنەوە بەرەوڕووت دێت، ئەوە دەکرێت وەها لێک بدرێتەوە، کە ئەو زەردەخەنەیە، ئاماژەیەک، یان نامەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتبێت، بەم شێوەیە "من ئەمڕۆکە دڵشادم، هیوادارم تۆش دڵخۆش بێت" یان "ئەمڕۆ هەتاوە، بۆیە منیش دڵم خۆشە" ئیتر هیچ پێوەندیی بەئەدەب و ڕەوشتەوە "مۆراڵ" نییە.

لە داڕشتنی چەمکی عەیبەدا، گەلێک جاران خێڵ و ئاین هاوئاهەنگن. هاوکاریی

یەکودوو دەکەن و لیستی عەیبە لەسەر تاکە خێڵەکییەکان درێژتر دەکەن. تاک دەترنجێننە گۆشەیەکی ئەوتۆوە، نەتوانێت بەئاسانی خۆی لەو هەموو قەدەغە و هێڵی سوور و بڤەیە ڕزگار بکات. ئەو بچووک دەبێتەوە. بەناچاری لە قۆزاخەیەکی تەسکی داخراودا قەتیس دەمێنێت و وردە وردە لە درەوشانەوە دەکەوێت. "میز بەپێوە دەکات" گوایە ئەم ئاکارە ناتۆرەیە و خوویەکی دزێوە، ئەگەرچی بەنزیکەی هەموو دنیا میز بەپێوە دەکات. ئەگەر درایە پاڵ هەر کوڕەلاوێک ئیدی ئۆرت و ئیعتیبار لە دەست دەدا. دیارە ئەم عەیبەیەشیان لە داهێنانی ئاینە.

هەندێک جاران ئەم چەمکی عەیبەیە شتگەلی ئەوەندە ساکار و بێ مانا دەگرێتەوە، مایەی گاڵتە و پێکەنینە. بۆ نموونە سەردەمانێک چاویلکەی ڕەشی دژەهەتاو عەیب بوو. ئەو لاوەی لە هاویندا لە چاوی بکردایە لەسەری دەکەوت و بە تەوسەوە لێیان دەپرسی "ئەرێ ئەم چاویلەکەیە حوبییە یان طوبییە؟" لە کاتێکدا چاویلکەی دژی هەتاو، بۆ پاراستنی چاو لە تیشکی زیانبەخش پێویستە. بەسەرێکی دیکە سنووری ئازادییەکانی کەسانی دیکەش تێ ناپەڕێنێت.

قەوارەی ئەو دیوارانەی بەناوی دیواری حەوشەوە، بەتایبەت لە شارەکانی کوردستاندا، کە تەنیا لەبەر چەمکی عەیبە هەڵچنراون و بەرز کراونەتەوە، ئەوەندە دێژ و گەورەیە، ئەگەر بیاندەیتە دەم یەک، ڕەنگە هێندەی "شوورەی چین" درێژ بێت و تەنیا بە پێکهاتەی ئەو دیوارانە دەکرێت چەندین شار و شارۆچکەی دیکە بنیات بنرێت. ئەوانە دیواری درۆن و خەڵکانێک خۆیانی پێ دەخەڵەتێنن. چونکە دیوارەکان چەند بەرز و ئەستووریش بن، هێشتا هەر ناتوانن هەتا سەر لە پێش تێرکردنی ئارەزووەکانی تاکدا ببنە لەمپەر. لیستی عەیبەش چەندە درێژ بێت، هێشتا هەر ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم کاری ناڕەوادا. زۆرێک لەو بەناو عەیبانەش، گوشاری دەروونین، بەهرە و تواناکانی تاک دەچرووسێنن و کۆت و بەندی دەکەن.

ئەندامانی خێڵ، چونکە بە یەک زمان دەدوێن و لە سایەی هەمان داوونەریتدا پەروەردەبوون، هاوئۆلن و ئاستی ژیاری و ڕووناکبیرییان چونیەک داتەپیوە. پێوەندیی کۆمەڵایەتیش لە نێوان تاکەکاندا بەهێز و فرەڕەهەند و بەیەکداچووە، بۆیەکا ژینگەیەکی تەواو لەبار و لواویان بۆ بڵاوبوونەوەی مقۆمقۆ، وتی وتی، عەیبە و

نەکەی "حەرامە"دا هەیە. لە نێوەندی وەها ئاڵۆزدا، وتی وتیی خەڵکی، وەک ئاگر و پووشوو بڵاو دەبێتەوە، جا لە گوند بژین یان لە هەوار.

کانیی ژنان و مزگەوت دوو نێوەندی نموونەیین بۆ بڵاوبوونەوەی هەر عەیبەیەک، دەنگوباس، هاشە و هووشە و دەنگۆ "شائعە"یەک. ئەوان ئامادەییان بۆ قۆزتنەوە و بڕواکردنی خێرا و دوور لە لێکدانەوەی بابەتییانە تێدایە. بۆیە کاریگەریی نەرێنیش لەسەر زەین و دەروونیان دادەنێت. واقبوون، ترس، ڕاڕایی، شلۆقی، هەڵچوون و تووڕەییی لێ دەکەوێتەوە. کورانی خێڵ بەزۆری لە چاوەڕوانیی کارەساتی نادیاردان و لە نێوەندێکی پڕ لە دڵەڕاوکێدا ژیان دەگوزەرێنن. ئەم کەش و دۆخەش بۆ بڵاوبوونەوەی هەر عەیبە و دەنگۆ و مقۆمقۆیەک یەکاویەکە.

هەر تاکێکی کۆمەڵگەی بێکار و نەخوێندەواری خێڵەکی بگریت، بەخۆی ڕەوا دەبینێت و ماف بەخۆی دەدات بچێتە جێی "داواکاری گشتی: المدعي العام" یان دادگای بەرزی وڵات. لەوێوە بەڕاست و چەپدا ئەوانی دیکە دادگایی بکات و لە بری تۆمەتبارکردن، تاوانباریشیان بکات. بۆیە ئەم تاکە بێ ئۆقرەیە، بەردەوام لووت دەژەنێتە نێو ورد و درشتی کارە هەرە تایبەتییەکانی ئەوانی دیکەوە. ڕا لەمەڕ ئاکار و مۆراڵی ئەوانی دیکە دەردەبڕێت و وەک مامۆستای پسپۆڕ "ڕاستە یان چەوتە" لە بەرامبەر هەڵسوکەوتیاندا دادەنێت و نمرەی ڕەوشتیشیان دەداتێ یان لێ دەشکێنێت. ڕەنگە بەم ئاکارەی بیەوێت قەرەبووی مافە مەدەنییە زەوتکراوەکانی خۆی لە وانی دیکە بکاتەوە.

وتی وتی و مقۆمقۆ، سەری زۆر کەسی بەفەتارەت داوە. بەتابەتی، زۆر خراپ لەسەری ژندا شکاوەتەوە. زۆرێک لەو ئافرەتانەی لەسەر پرسی شەرەف کوژراون، سەرچاوەی سەرەکیی بۆ ئەو تۆمەتبارکردنەیان، وتی وتیی ناو خەڵک بووە و بەڵگەیەکی فەرمی وەک نوژداری یان شایەتحاڵ لە ئارادا نەبووە. بەزۆری دەم لێدان و مقۆمقۆی ناو خەڵکە، گومان لە لای پیاوی خێڵەکیی تەنگەنەفەس و پشووکورت دروست دەکات.

وەلێ جیاوازیی ئەم ئاکارەی خێڵ لەگەڵ دەنگۆی ئاساییدا ئەوەیە، دەنگۆ "دوای ئەوەی وەک پارچە بنێشتێکی گەورە هەموو لایەک دەیجوون، ئیدی شتێکی حەتمییە،

کـە تامـی نامـێنێت. ئەمـەش وەها پێـویست دەکـات بە دەنگۆیەکی دیکەی نوێ بیگۆڕنەوە، کە چێـژی هیچ لەوەی پێـشـوو کـەمـتـر نەبێت، تا بتـوانێت زاریان پڕ بکاتەوە. وەلێ ئەویش دوای ماوەیەک لە بەین دەچێت. بڕوانە: جان نویل کابفیرير، الشائعات.. ص ١٣٢"

وەلێ ئەگەر بەلای کوڕانی خێڵەوە ئەو دەنگۆیە ئابڕووبەرە بوو، ئەوا لە لای خۆیان دەیبەستنە پریاسکە و فایلی بۆ دەکەنەوە. لە کاتی هەستیاردا، دەیدەنەوە بە ڕووی خاوەنیدا. هەندێک جاران هەر لە ترسی قسە و قسەڵۆکی دەمی خەڵک، تاک، یان بەخێزانەوە ناچار بەسەرهەڵگرتن دەبن و لە نێوەندی خێڵ دووردەکەونەوە.

ئەم قسە و قسەڵکۆکە لە هەناسەیەکدا، تاک دوچاری هەڵچوونێکی کتوپڕ دەکات و بەپەلە، قـینێکی ڕەش لە ناخـیـدا دەچێنێت. مـرۆڤ دەکـاتە گـای هار، بە هەر چواردەوری خۆیدا شۆق دەوەشێنێت و تاوانی لە دەست دەقەومێت. زۆر جاران دوای ئەوەی ئافـرەتی بێ گـوناهـ بووەتە قـوربانی، واتە کـار لە کـار ترازاوە و لاشـەکـەی گەیشتووەتە لای نوژداری پسپۆڕ، ئەوجا بۆیان دەرکەوتووە، کە ئافرەتی تاین بێ بناخە لەسەر پرسی شەرەف کوژراوە. واتە کوژرا و گەلێک جاران قوربانیی دەستی وتی وتییە. ئەگەرچی بەپێی ئاینی ئیسلام، گەرەکە چوار شایەتحاڵ کردەوەکەی "زینا"یان بەچاوی خۆیان بینیبێت و شایەتییان لەسەر دابێت.

مەبەستی سەرەکیش لە بڵاوبوونەوەی ئەم وتی وتی و عەیبە و حەرامانە؛ بەزۆری داشکاندنی ڕێز و ئۆرتی ئەم و ئەوە، بەتایبەت لە ئاخۆران و بخۆران و سەروەختی دارمانی سەربازی و ڕامیاریدا، یان لە چاوەڕوانیی قەومانی پێشهاتێکی مەزندا، کە تەم و مژاوی بێت و ئەوسەری نادیاربێت و بۆیان نەخوێندرێتەوە. وەک بڵاوبوونەوەی پەتای ترسناک و ڕوودانی بشێوی و ڕاپەڕین و جەنگ. مێنتەلێتیی خێڵیش توانای شرۆڤە و لێکدانەوەی بابەتییانەی بارودۆخی ئاڵۆزی نییە. پرسیارەکانی ساکارن و نایخـەنە سـەر ڕێگەی ئەنجـامگیـریی ڕاست و دروست. دیارە لە نائامـادەیی یاساشدا، عەیبە دوای ئەم و ئەو خستن و نانەوەی مقۆ مقۆ باجیان لەسەر نییە.

هەندێک تاکی خێڵەکی، ڕاووڕووت و جاشایەتی و تۆڵەی بێ مانای ڕەشەکوژی و نەخوێندەوارییان بەلاوە ئاساییە، کەچی لەلای خۆیانەوە لیستێکی دوورودرێژ و بێ

مانا و بێ بناخەیان لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵک حەرام و ئەفرۆز کردووە، نابێت کەس توخنیان بکەوێت. ڕای گشتیی ناهەقیش لە کاردایە و پشتەوانیی لێ دەکات. هەر تاکە و لای خۆیەوە بووەتە ڕادیۆیەک و لەسەر چەند شەپۆلێک لە عەیبەی ئەم و ئەو دەدوێت. ئەو تاکەشی پرکێشیی کرد و لە ڕای گشتی لای دا، ئەوا بەئاسانی دەبێتە گەپجاڕ و جێی تیز پێکردن. لە پاشملەش لێی دەخوێنن.

ئەم لیستی عەیبەیە بەردەوام بابەتی دیکەی نوێی دێتە سەر و بووەتە کۆسپ لە ڕێی گەشەسەندنی کەسایەتیی تاکدا و دواتر کۆمەڵیشدا. لیستی عەیبە ناهێڵێ تاک ئارەزووەکانی خۆی تێر و پیادە بکات و ئازادانە تواناکانی باخاتەکار و پەرەیان پێ بدات. هەندێک جاران عەیبە دەبێتە ناتۆرە و ڕەگی گولی بۆ نەوەکانی ئەو خێزانە دەگوێزرێتەوە و مینا قیری کەوای سپی پێیانەوە دەلکێت و لە کۆڵیان نابێتەوە. هەندێک جاران ئەو عەیبەیە دەبێتە پاشناوی بەرەبابێک، هەتا عەیبەکەیان نەڵێیت خەڵک نایانناسێتەوە.

دەنگۆ سازکردن لە دژی ئەو تاکانەی وا لە داوونەریتی پاشڤەڕۆ لایان داوە، کارێکی دزێوی کوڕانی خێڵە. هەر دەنگۆیەکی خێڵەکییانەی دەم بەهاواریش لە دژی هەرتاکێک بەرپای بکات، تاکەکانی دیکە بێ لەسەر وەستان و چوونە بنج و بناوانی، بە ڕاست وەری دەگرن و وەک تووتی دووبارەی دەکەنەوە. هەڵبەت برێک جاران هۆکاری ئاینیش لە پشت سازدانی ئەم جۆرە دەنگۆیانەدا کایەیەکی گرینگی هەیە. لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا تۆ تاکێکیت، تەواوی هەڵسوکەوتت، پۆشاکت، خۆراکت، هامشۆت و تەواوی پێوەندییەکانی ڕۆژانەت لەژێر چاودێریی ورددان.

هەر تاکێک لە لای خۆیەوە کامێرایەکی نهێنییە و چاودێریی ئەوانی دیکە دەکات. چی دەخۆن؟ چی دەپۆشن؟ هامشۆی کوێ دەکەن و لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت دەکەن؟ چلۆن بیر دەکەنەوە؟ وەک ئەوەی ئەو تاکە ناوبژیوانی نیوگۆڕەپانی یاریی تۆپی پێ بێت، هەموو فاوڵێکت لەسەر حیساب دەکات. هەندێک جاران بۆت کەڕەتی دوو دەکات و کارتی زەرد یان سووریشت بەڕوودا بەرز دەکاتەوە. ئەم چاودێرییە جۆرێکە لە ئیرهاب "تۆقاندن"ی هەتا مردن بەردەوام.

تۆی تاکی دوور لە پشتیوانیی یاسا، ناچاری بەڕۆح لە دەمی ئەو خەڵکە بترسیت، کە بەچاوە تەلسکۆپییەکانیان گەمارۆیان داویت و فۆکۆسیان لەسەرت داناوە. تۆ دەبێت ئاکار و ئەتوارگەلێک بنوێنیت، کە لە ناخدا بڕواشت پێیان نییە و تەنیا لە ترسی خەڵک، کە ناتوانیت دەمیان بگریت، پیادەیان دەکەیت. ئەگەر نێرینە بیت، ئاوا هەر وەختیک ژن بخوازیت، هەن دێن ئاکار و هەڵسوکەوتت لە دەر و دراوسێکانت دەپرسن. ئەگەر ئەوان ڤیتۆیان لە دژت بەکار هێنا، ئەوا دەردی وتە میللییەکە دەبێژێت "فیلمت دەسووتێت" و "دار بە ڕۆحتدا دەدرێت".

خۆ ئەگەر مێیینە بیت ئەوا ئەم چاودێرییە هەواڵگرییە دەها خراپتر کارلە داهاتووت دەکات و لیستی عەیبەکانیشت دەها درێژترە. گوایە تۆ شەرەفی پیاوی خێڵەکیت و لەسەرتە ئەو ئەمانەتە هەرە بەنرخ و ترسناکەی وەک چاوەکانت بۆ بپارێزیت. گوایە تۆ هەموو جەستەت عەورەتە، لەسەرتە خۆت بشارییەوە. خێرا بەڕێدا مەڕۆ عەیبە. سەرت داخە عەیبە. قاقا پێ مەکەنە عەیبە. سڵاو لە کوڕان مەکە عەیبە و حەیاچوونە. پۆشاکی تەنک و تەنگ مەپۆشە، ئەگەر پلەی گەرما چل و پێنجی سەدیش بوو، چونکە عەیبە و حەیامان دەچێت. بەدەم ڕێوە نابێت دەمت بجووڵێت عەیبە. عەسری لێ هات مەچۆ دەرەوە عەیبە. ئەگەر چوویتە دەرەوە دەبێت برایەکت لەگەڵدا بێت ئەگەرچی بنەمۆمێکیش بێت، دەنا عەیبە. سەرت ڕووتە عەیبە. لەناو پاسدا قسە مەکە عەیبە. مەچۆرە سەربان عەیبە. لەدەم دەرگەوە سەرەتاتکی مەکە عەیبە. بەدەم ڕێوە بنێشت مەجوو عەیبە. دەنگت دەگاتە کۆڵان عەیبە. ئەگەر لە لادێ بژیت، ئەوا بەبێ کۆڵوانە مەچۆ دەرەوە چونکە پشتت ڕووتە عەیبە.

وەک دەبینیت لیستی عەیبەی مێیینە گەلێک درێژترە. بۆ نموونە، کۆمەڵگەی کوردەواری لەلای خۆیەوە جگەرەکێشانی بەخوویەکی نێرانە حیساب کردووە، بۆ نێرینە ئاساییە کەچی بۆ مێیینە عەیبە. بۆیە مێیینەی جگەرەکیش مەگەر تەواو چووبێتە تەمەنەوە، دەنا پرکێشی ناکات بەئاشکرا و لە شوێنی گشتیدا فیتەی جگەرەی بێت.

دۆخەکە تەواو لە وردیلە کامێراکانی چاودێریی نێو شارە گەورەکانی ئەورووپا دەچێت، کاتێ تۆ ڕوو لە هەرکوێیەک دەکەیت، بێ ئەوەی بەخۆت زانی بێت وێنەت

گیراوە. بەڵام ئەوان زیاتر لە ترسی دزی و تیرۆر ئەم کارە دەکەن. دەکرێت بڵێین: زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئاکار و مۆرالانەی، کە کۆمەڵگەی خێڵەکی پێی وایە حەیابەرەن و عەیبەیان لە دوایە، لە جڤاکێکی پەرەسەندوودا تەواو ئاساین. لە بەرانبەریشدا زۆربەی ئەو مۆراڵ و نۆرمانەی، کە ئەوان بەشایستەی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن دزێو و نائاساین.

بەڵام پرسی عەیبە لە ئاستی پایە و پارەدا دێتە سەرچۆک و هیچی وای لە دەست نایەت. مەی نۆشین قومار و سمێڵ تاشین و کرانەوەی ئافرەت، بنەماڵەی سەرخێڵەکان ناگرێتەوە. ئەوان هەندێک جاران پاک پاک سمێڵیان دەتاشن و کابەش کەچ نابێت. کەچی ئەگەر تاکێکی ئاسایی سمێڵ بتاشێت، ئەوا ڕۆژانە گوێی لە چەندین پلاری ناجۆر دەبێت. لای کاکەییە ئازیزەکان سمێڵ تاشین وەک کفر وەهایە: «سمێڵی تاشیگە، خۆی کردگە وە کەری سوننی» وەلێ پێ دەچێت پاڵنەرێکی ئۆلیی لە پشتەوە بێت.

هەندێک جاران، چەمکی عەیبە دیاردەی وەها دەگرێتەوە تەواو مایەی پێکەنینە. بۆ نموونە تۆ ئەگەر لە چلەی هاویندا بۆ خۆ پاراستن لە گەرما شەبقە لەسەر بنێیت، ئەوا دڵنیا بە دەکەویتە بەر تەشەری خەڵکی ئەگەرچی کارێکی ئەواو ئاسایی و دروستت کردووە. کەچی هەر ئەم کردەیە ئەگەر بەرپرسێک، پیاوێک یان ژنێکی سەر بەچینێکی باڵا بیکات تەواو ئاساییە.

ڕاکردن وەرزشێکە لە هەموو دنیادا باوە، غەیری پاراستنی تەندروستی هیچ نیازێکیشی لە پشتەوە نییە. لە تەواوی وڵاتانی دنیادا دەیانبینیت پیر و لاو، نێرینە و مێیینە بەسەر شۆستەکانی شاردا، بەنێو دارستانەکاندا، جلکی کورتی وەرزش لەبەردا، ئەگەر زستان بێت بەترەکسووتەوە، غار دەدەن. بەڵام لە شارێکی وەک سلێمانیدا، کە بەحیساب لە شارەکانی دیکەی باشوور کراوەترە، لەبەر پرسی عەیبە کەم کەس هەیە زات بکات بەم وەرزشە ساکارە شاد ببێت.

وەلێ هەتا کۆمەڵگە شارستانی بێت و لە مەدەنییەتەوە نزیکتر ببێتەوە، ئەوا هەموو ئەم چەمکانەش لە عەیبە و حەرام، بەتاڵ دەبنەوە. هاوکات کاریگەریی ئایدیۆلۆجیا و ئاین و خێڵ و هەموو گرووپە گوشارهێنەکانی دیکەش لەسەر تاک کەمتر دەبێتەوە.

نەهۆ زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەوار بەر گەلانی موسوڵمان دەکەوێت. بۆ نموونە لە جیهانی عەرەبیدا، کە بەشێکی زۆری کورد بەناچاری لەم سنوورەدا سەرژمێرکراوە، بەپێی ئامارەکان، تاک ساڵانە یەک لاپەڕە خوێندنەوەی بەردەکەوێت. دیارە ئەوەشی نەخوێنێتەوە، کاتی زێڕینی خۆی بە جاوینی گۆشتی ئەم و ئەو، بە وتی وتی و مقۆ مقۆوە بەسەردەبات. ئەوەی نەخوێنێتەوە، کاتی بێکاریی خۆی بەباس و خواسی بێ مانا و بێهوودەوە خەریک دەکات.

ئەم دەمگۆی عەیبەیە، تەگەرە دەخاتە ڕێی تایبەتمەندییەکانی تاک، لە کاتێکدا لە جڤاکی زیندوودا تایبەتمەندییەکانی پارێزراوە و ڕێزیشیان لێ دەگیرێت. لە کۆمەڵگەی عەیبەدا، گیانی لێبووردەیی دەمرێت. چونکە کەس ئەوی دیکەی بەو شێوەیەی کە هەیە قەبووڵ نییە. بەڵکو دەخوازێت ئەم لەلای خۆیەوە، بەپێی چێژ و سەلیقەی خۆی، لە نوێ لەو قاڵبەدا کە بەدڵێتی دای بڕێژێتەوە. تاکی پەڕاوێزخراوی ژێر باڵی خێڵ، خۆی دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە تاکو دەستکەوت و تایبەتییەکانی تاکەکانی دیکە بپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات. ئەوەندە هۆشیار نییە دەرک بەو فاکتە بکات، کە خەڵک ئازادن چی دەخۆن و چی دەپۆشن و چ ئاینێک پەیڕەو دەکەن و هتد.

## میرایەتی وەک تاڵانی و دەستکەوتی جەنگ

نزیکەی گشت لە گشتی ڕێژیمە پاشایەتییەکانی دنیا، لە بنەڕەتدا لە لایەن سەرەک هۆزەکانەوە دامەزراون. بەڵام دواتر لە پشت ئەو دەسەڵاتەی ئەوانەوە مێنتەلێتییەکی زیندووی ئەتۆ هاتووەتە ئاراوە، توانیوێتی داهاتوو بخوێنێتەوە، یان ڕەچاوی بکات. بۆیە ئەوان لای خۆیانەوە حیسابیان بۆ داهاتوو کردووە و ڕەچاوی مافی هاووڵاتییان کردووە و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مێژوودا، ئیدی لەبەر ڕۆشنایی دەستوورێک، کە هەموو لایەک ڕێزیان لێ گرتووە، یاساکانیان داڕشتووە و وڵاتیان بەڕێوە بردووە. هەر بەپێی ئەو یاسایانەش مافەکانی هاووڵاتی پارێزراون.

وەلێ زۆرینەی میرانی کورد، میرایەتی و حوکمڕانییان بە دەستکەوتێکی جەنگ "تاڵانی" لە بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان چاو لێ کردووە و ویستووە؛ نەک بۆ چێکردنی

دەوڵەتێک، یان وەک دەستکەوتێک بۆ سەرفرازیی یەکجاریی گەلی کورد. کام دێبەر ئاویژە و بەپیت بووبێت، لەسەر خۆیانیان تاپۆ کردووە. ژیانی کۆیلایەتی و کولەمەرگیشیان بە جەماوەر ڕەوا بینیوە. بەکووپە زێریان عەمبار کردووە و خەڵکەکەش لە برسانا مردوون.

ئەگەر وەها نییە، ئەدی وەک لە چەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا هاتووە، دەبێت چ حیکمەتێکی دیکەی تێدابێت، کاتێک "مەئموون بەگی ئەردەڵانی" لە بری ئەوەی لە هەوڵی تەبایی و یەکخستنی پارچەکانی کوردستاندا بووبێت، کەچی هێشتا لە ژیاندایە، دێت بەدەستی خۆی میرنشینەکەی لە نێوان منداڵە نێرینەکانیدا دابەش دەکات، هەورامان و دەڤەری زەڵم و شەمێران و نەوسوود و گولعومەر و هاوار دەداتە "بێگە بەگ"ی کوڕی؟

بە نزیکەی تەواوی جەنگەکانی خێڵ بێ نەخشە و پلان بوون. ئەوان بیریان لای داهاتوو نەبووە. ڕاستتر وایە بڵێین، لەسەر شێوەی غەزوی عارەبان هەڵکوتانە سەر و بەسەردادان بووە. لای ئەو میرانە، گرینگ سەرکەوتنێکی کاتی بووە بەسەر خێڵی نەیاردا، کە بەزۆری لە پێناوی تالانی و ڕاوڕووتدا بەرپایان کردووە.

بەواتایەکی دیکە لە جەنگەکانیاندا ستراتیج ڕەچاو نەکراوە. بۆیەکا بەزۆری، دەستپێکی داتەپین و هەرەسی میرنشینەکان لە خانەوادەی میران خۆیانەوە دیاری داوە. کاتێت لە نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەوادا بووەتە فڕێن فڕێن و ناکۆکی لەسەر پێگە و پایەی میرایەتی. لە پێناوی بەدەستخستنی ئەم پۆستەدا، برا برا و، مام برازاری لەسەر تەختی میرایەتی لاداوە، تاکو ئەو تالانییە، یانژی دەستکەوتی جەنگە تەنیا خۆی لێی بەهرەمەند ببێت. لەم پێناوەشدا بە هەڵەداوان پەنایان بۆ دژمنانی ئەملا و ئەولا بردووە تاکو بیانپارێزێت. لەم ڕووەوە دەیان نموونە لە بەردەستدان. هەر لە سەمتی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەک دراوە.

دوای ڕاپەڕینیش هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوە. دوو لایەنە گەورەکە، وەک تالانی بۆ ڕاپەڕینیان ڕوانی، نەک وەک دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد. هەریەکە و لای خۆیەوە چەندین هەنجەت و پاساوی دەهێنایەوە، تاکو بیسەلمێنێت، کە خۆی شایانی ئەو تالانییەیە. هەوڵی دەدا تەواوی دەستکەوتەکانیش بۆ خۆی بخاتە لاوە.

ئەوەبوو ژێرخانی ئابووریی کاولە مەفتەنیان تالانفرۆشی ئەودیو کرد و کردیانە نەختینە. کۆشک تەلاریان پێ بڵند کردەوە و هەر لەسەر مافی خاوەنداریەتیی ڕاپەڕینی "بەتالانیکراو" لێشیان بوو بەشەڕ.

دواتر جەماوەر نەیدەزانی داخۆ بڕی ئەو داهاتە چەند بوو کە لە ژێر ناونیشانی گومرگدا کۆ دەکرایەوە. چونکە گومرگیش وەک دەستکەوتی دوای ڕاپەڕین بە تالانی دەهاتە ژماردن و نەدەڕژایە بانکەوە. ڕوونی لە ئارادا نەبوو. لە کاتێکدا دەوڵەت لەهەر قەوارەیەکی بەڕێوەبردندا بێت، گەرەکە بە ژمارە و بەداتا بدوێت. ژمارەکانیش لەلای تەواوی خەڵک ئاشکرا بن. یاسا سەروەر بێت. گەرەکە سامانیش هەمووان لێی بەهرەمەند بن. لە ڕاستیدا ئەگەر هاوپەیمانان ئەم هەرێمەیان نەپاراستایە و دەوڵەتی نێوەندیش هێندە لاواز نەبوایە، تەواو وەک ئیمارەتە دوابڕاوەکانی ڕابردوو، لەو سۆنگەیەوە، کە ئەزموونەکە بە تالانی کرابوو، لەمێژ بوو سەری تێدا چووبوو.

دواجار پرسیارێکی لە جێ هەیە ئایا میر، سەرەکوەزیر، یان سەرکۆمار میلیشیایان بۆ چییە؟ میلیشیا لە خۆیدا هێزێکی خێڵەکییانەیە و ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکانی سەرکوت و تالانی بێت. چونکە لە دنیای نوێدا سوپا هەیە، کە دەزگەیەکی پسپۆڕی بێلایەنە. ئەو سوپایە ئەرکی پاراستنی سنووری جوگرافیای ئەو وڵاتەی لە ئەستۆدایە و لە مەترسیی دەرەکی دەیپارێزێت. هەر ئەو سوپایەشە، کە میر و سەرەکوەزیر و سەرکۆمار خۆیان دەپارێزێت. بۆیە هەر یەکێک لەو پۆستانە ئەگەر خاوەنی میلیشیابوون، ئەوا بێگومان بە، کە خاوەنی دەسەڵاتیکی خێڵەکی یان تایەفین.

بەسەرێکی دیکە، ئێستا دەوڵەمەندترین پاشا و سەرۆکەکانی جیهان، میر و پاشای هەرێمە خێڵەکییەکانن، کە بۆ خۆیان ڕۆژێک لە ڕۆژان کار و پیشەیەکیان نەگرتووەتە دەست. وەک پاشای سعوودیە و میرەکانی ئیماراتی عەرەبی و سوڵتانی برۆنای.

## ئەوێتی "ئایدێنتیتی" تاکەکان کۆ دەکاتەوە

ئەوێتی بزوێنەر و دەستەبەری ئەرکە هەرە قورسە دەستەجەمعییەکانە، چونکە پێوەندیی نێوان تاکەکان ڕێک دەخات و تۆکمەی دەکات. شانازی و سەروەری

دەبەخشێتە تاکەکان و هەست بە ئۆرت، ڕێ و جێ و ئەسڵ و فەسڵی خۆیان دەکەن. زۆرجار لە مێژووی کۆندا، پەرستنی خواوەندێک لە قۆناغی فرە خواوەندیدا، یان ئەو سەما و سرووت و چالاکییانەی، کە لە بۆنە ئاینییەکاندا نواندوویانە، بوونەتە مایەی چێبوونی پاژێکی بەرچاوی ئەوێتی. وەک ئەو دۆخەی ئێستا زۆرێک لە لاوانی کوردی ئەم سەردەمە شانازیی پێوە دەکەن، گوایە لە قۆناغێکی مێژووییدا، هەمەجۆر گەلان هەبوون بتیان تاشیوە و پەرستوویانە، کەچی باب و باپیرانی کورد، ئا لەو سەردەمە تاریکەشدا خاوەی کتێب و پەیامبەر و ئاینی خۆیان بوون و یەکتاپەرستیش بوون.

ئەم هەست و سۆزە، کە ڕیشەی کۆن و مێژوویی هەیە، گوزارشت لە ڕەسەنایەتیی گەلێک دەکات و تاکەکان پێکەوە گرێ دەدات. خواوەندەکانی مێژووی کۆن، ئاین، بەپەیامبەر، کتێبی پیرۆز، سەرکردەی مێژوویی و سروودەکان دەبنە کەلەپووری ناوکۆیی. دەکرێت بڵێین: ئەم فیگەرانە دەبنە ئەڵقەی نێوەندی بۆ تاکەکانی گرووپێکی ئۆلی و نەتەوەیی. ئەم ئیکۆنانە شکۆ و شانازیی دەبەخشنە هەر گرووپێک و دەکرێت لە سایەی هەڤۆتەکانیاندا کۆ ببنەوە. دەشێت ئەم مێژووە بەرچاوڕوونی ببەخشێتە تاکەکان، چونکە مانای وایە، باپیرانی ئەوانیش، لە دێرزەمانەوە بێداربوون. تێ فکریون. ئامادەی نێو مێژوو بوون و جێ دەستیشیان دیار بووە.

ئەوان هزر و ئاین و کتێبیان بەرهەم هێناوە، کە بەرهەمی ژیرین. خاوەنی دەستووری پیرۆزی نووسراون. ئەوان لە دێرزەمانەوە، لەبەر ڕۆشناییی ئەو دەستوورەدا خێزانیان پێکەوە ناوە و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ڕێک خستووە. ڕاژەی خۆیان و دەوروبەر و تەواوی توخماتی مرۆڤیشیان پێ کردووە.

گەلێک جاران ئەو کارەساتە مێژووییانەی، کە بەرەوڕووی گەلێک دەبنەوە، ئەوێتیشیان دەستنیشان دەکەن. سۆزبەندیی نێوان تاکەکان بەهێزتر دەکەن و پێیدا دەناسرێنەوە. وەک نەفیکردنی خێڵە کورد بۆ باکوری ئەفریکا. یان ئەنفالی ئەم دواییە، کە پرۆسەیەکی قڕکردنە و بە میللەتی کورد تایبەتە. ئیدی لە هەر بۆنەیەکدا، لە هەر جێیەک ناوی "ئەنفال" هات، خێرا تاکی کورد کسپە لە جەرگی هەڵدەستێت و مەزڵوومییەتی خۆی وەبیر دێتەوە. ئەم فیگەرە هاوبەشە، یان ئەم

هاودەردییە، تاکەکان بەیەکتر دەناسێنێت، چونکە ئەوان لەو سۆنگەیەوە ئەنفالکراون، کە بەئەوێتی کوردبوون.

زمانیش لەلای خۆیەوە پایەیەکی هەرە گرینگی ئەوێتییە. زمان هەموو مێژوو، یادەوەری، کولتوور و داوونەریت لە خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیانپارێزێت. پرۆسەی لێک تێگەیشتن و گفتوگۆش لە نێوان تاکەکانی ئەو گەلەدا چێ دەکات.

ئەوێتی، گەوهەر و پەنجەمۆری مرۆڤە. ئەو گرووپە مرۆڤەی، کە ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە لەوانی دیکە نەچێت؛ تاکایەتی ڕەنگ دەڕێژێت و جەمسەرەکانی بۆ دیاری دەکات و دەیپارێزێت. لە چوارچێوە و سنووری نەتەوەیەکدا شکڵگیری دەکات. تاکەکانیش لە وەها چڤاکێکدا خۆیان بە ڕێزلێنراو دەزانن. دوا جار، تەنیا بە"بەهادانان" بۆ تاک و ڕێزنان لە تاک دەکرێت یەکێتیی نەتەوە بپارێزێت.

تەپەسەری و چەوساندنەوەی بەردەوامی کوردستانیبوون، لە کاولکردنەوە هەتا قڕکردن و سڕینەوەی زمان، بەپای پیلان لەلایەن مەرکەزەوە کاری بۆ کراوە.. هەر جارێک ڕابەرانی وەک شێخ مەحموود و قازی و بارزانی ویستبێتیان پێناسەی ئەوێتیی کورد بکەن و ڕەهەندەکانی بخەنە ڕوو، مێژووەکەی بهێننەوە یاد، سۆزبەندی لە نێو کورداندا زیندوو بکەنەوە، لە مەرکەزەوە بەدژی ئەم ئاقارە کار کراوە.

ئایدێنتیتی پرسێکی جدییە. پاراستنی ئەوێتی گەلێک گرینگ و دژواریشە. ئێمە و ئەوان و کێشەکانی نێوانمان و تەرزی ژیان و پاراستنی تایبەتمەندییەکانمان کرۆکی ئەوێتین. خۆ ئەو ڕۆشنبیرییەی وا ئەمرۆ ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکات، لە دواجاردا هەر ئایدێنتیتی خۆیەتی و بۆ دەرەوەی سنووری خۆی هەناردەی دەکات، هەتاکو ئەو جۆرە ژیان و زمان و خۆراک و موسیک و هتد، بەسەر جیهاندا بسەپێنێت.

خێڵەکانی کورد کاتێک بەشەڕ هاتوون لەسەر ئەوە نەبووە، کە ئەوان خاوەنی ئەوێتیی جیاوازبوون و ئەوێتییە جیاوازەکان بەریەک کەوتوون. ئەوان لەسەر پاوانخوازی و لەوەڕگە و ئاو بەشەڕ هاتوون، کە ئەگەر عادیلانە بەش کرابان لێیان زیادە. عەرەب و تورک و فارس پێمان دەڵێن، ئێمە زۆربەین و ئێوە کەمینەن. ئێمە خاوەنی شارستانێتیی ئیسلام و ساسانی و عوسمانین، ئێوە شارستانییەت و

کولتوورتان نییە. ئێمە دنیامان پڕ لە ڕووناکبیر و زانا و داهێنان کردووە و ئێوە هیچ. سەردەمانێک لەشکری ئێمە گەیشتووەتە ئەوپەڕی ئاسیا و نێوەندی ئەفریکا و ئەوروپا، وەلێ ئێوە هەر ژێردەستەی خۆمان بوون. کوا ئەوێتیتان کوا ڕەمزەکانتان؟ کوا ڕۆشنبیری و کولتوورتان؟ ئەوەشی کە لافی پێوە لێ دەدەن، هی ئێمەیە، ئێوە ڕەنووستان کردووە.

بەسەرێکی تر، لە هەلومەرجێکی هاوساندا دەکرێت ئەوێتییە جیاوازەکان لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆ بکەن، وەک ئەمڕۆ لە دنیای نوێدا هەستی پێ دەکرێت. دەشێت کورد و دراوسێکانی لە نێوان خۆیاندا خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە. بەڵام ئەم پرسە بەکردەوە ڕووی نەداوە، چونکە کورد نەیتوانیوە سنووری خۆی جودا بکاتەوە، ئەوسا هاوسان و هاوشان لەگەڵیاندا دابنیشێت.

ئەمە ڕاستیی تێدایە؛ کە کورد هێشتا لە سنووری خێڵ و ناوچەگەریی تێ نەپەڕاندووە. نەیتوانیوە ئێمەیەکی لە قەد قەبارەی کوردستان پێک بهێنێت و پیشانی ئەوانی بدات. هەردەم منە بچکۆلەکان لە نێوان خۆیاندا جەنگاون. ئێمەیان پێ دروست نەبووە.

کورد لە نێوخۆدا یەکدییان خواردووە. لەم سۆنگەیەوە بچووکتر بوونەتەوە. خێڵ هەردەم وتوویەتی من؛ لە کاتێکدا ڕابەران و ڕووناکبیران جەختیان لەسەر ئێمە کردووە. بەڵام توێژی ڕووناکبیر هەردەم کەمینە بوون. منەکانی خێڵیش نەیانتوانی ببنە ئێمەیەکەی فراوانی ئیقلیمگیر.

لە ئاکامی ئەو کێشە درێژخایەنەی لە نێوان ئێمە و ئەواندا لە ئارادا بووە. کەسانی دنیادیدەی کورد جارێکی دیکە لەبان کەلاوەکانی ئاینی زەردەشتی، ئۆلی نوێ و کتێبی پیرۆزی نوێیان داهێناوە. ئۆلەکانی ئێزدی و کاکەیی سەریان هەڵداوە و هەڤۆتی تایبەت بەخۆیان نووسیوەتەوە و بانگیان بۆ داوە. تاکو بە ئەوان بڵێن، ئەمێستا ئێمەش خاوەنی ئاینی تایبەت بەخۆمانین و ئەوەتا ئەوێتیی خۆمان هەیە.

دەکرا ئەم کتێبە پیرۆزانە ببنە بناخە، یان پایە بۆ دەوڵەتی خاوەن ئایدێنتیتی و لێرەوە سنوورێکی کاربڕ لە نێوان ئێمە و ئەواندا بکێشێت و جیایان بکاتەوە. وەک ئەوەی پێیان بڵێت: بەم دوو هەوڵە دیارەی دوای هەرەسی ئاینی زەردەشتی ئیدی

ئێمە و ئێوە خاڵی هاوبەشمان لە نێواندا نەما. ئێستا ئێمە خاک و زمان و هەم ئاینیشمان لەیەک جودایە و ئیتر لە هیچ ڕوویەکەوە لە ئێوە ناچین. لە دراوسێتیی بترازێت پێوەندییەکی دیکە کۆمان ناکاتەوە. بەڵکو لە زۆر ڕووەوە ئاسمان و ڕێسمانمان نێوانە. ئەوا ئێمە لێتان دابڕاین و جودا بووینەوە. واتە: بووینە خاوەنی ئەوێتیی تایبەت بە خۆمان. چیتر ئێمە لە خۆتاندا مەتوێننەوە. ئێمە بەم ئاینە نوێیانەوە دەتوانین تاکەکانی خۆمان لە لارەملی و لانشینیی ئێوە ڕزگاربکەین. ئێمە لەمەولا تەنانەت ڕووگەشمان جیاوازە.

ئەم ئۆلانە ئۆرتێکی دیکەیان بەئێمە و بە زمانەکەشمان بەخشیوە و دەکارین بڵێین زمانی کوردی بۆ ئێمەی کورد زمانی بەهەشتە. چونکە لە بری یەکێک خواوەند سێ دانە کتێبی پیرۆزی بەم زمانە شیرینەی ئێمە دابەزاندووە. ئەم ئۆلانە، وەک ئەوەی لەمەڕ ئێوە لەئاسمانرا داباریون. بڕوا و هەڤۆت و ڕێنماییی پیرۆز و بەنرخن. سیستمی کامڵن و لایەنەکانی ژیانمان، لە هاوسەرگیری و نماز و ڕۆژ و ڕووگە و ئەوە دنیامان بۆ دیاری دەکەن و ڕەنگی ئابووریشیان بۆ ڕشتووین و ئیتر خاوەنی مەرجەعییەتی خۆمانین. خاوەنی ڕابەری ئاینیی پیرۆزی خۆمانین. یان ڕابەری ڕووحی و دنیاییمان لەم ئاینانەدا کۆبوونەتەوە.

واتە هێز و پیرۆزی لە دوو سەرچاوەوە وەردەگرێت نەک تەنیا سەرچاوەیەک. ئەمەش مانای وایە وەک پێگە، هیچی لە پێگەی ڕابەرانی ئێوە کەمتر نییە. ئێمە دەست ڕادەگرین هەتا ئەو ڕابەرانە بەسەریدا بڕۆن، چونکە نەۆ ئەم کەسە پیرۆزانە لەباریاندا هەیە گرێکوێرەکان بترازێن. چونکە بەناوی خواوەندەوە دێنە گۆ. ئەم ئۆلانە بۆ ژیان و مەرگ و بەردەوامی و بەرچاوڕوونیمان، دەستوور و یاساگەلی پیرۆزن. ئیدی بۆ فەتوایەک حەوەجەمان ناکەوێتە ئێوە، کە مێژوویەک بوو بەچاوێکی کەم و لە سەربانەوە بۆ ئێمەتان دەڕوانی. ئۆلەکان پیرۆزییان بەئێمەش بەخشیوە. ئۆلی ئێمەش دەتوانێت سنووری گەلانی دەوروبەر ببەزێنێت و قەڵەمڕەوی خۆی فراوانتر بکات و بەجیهانی ببێت.

ئایدێنتیتی ڕۆدەنرێت. نوێ دەکرێتەوە و لەبەینیش دەچێت. خۆ ئەم پێناسەی نەۆ ئەمریکا هەیەتی و گەنجەفەی بەسەر دنیادا پێوە لێ دەدا، تەمەنی نزیکەی پێنج

سەدەیە. ئەوێتییەکە، پێک هاتووە لە جێنز، کاوبۆی، ماکدۆناڵد، کۆمپانیاکانی چەک، مایکرسۆفت، موسیک و ئەکسانێکی تایبەت لە زمانی ئینگلیزی، کە وا خەریکە خودی زمانە ئینگلیزییە ستانداردەکەی دایک لە بەریتانیا بەژێرەوە دەکات. بەم پێیە، ئایدێنتیتی لە خۆیدا وزەیەکە بۆ ملانێ و خۆ بەدنیا ناساندن و خۆ سەلماندن.

بەڵام بۆچی ئەم دوو ئۆلە تا ڕادەیەک نوێیەی کورد نەیانتوانی بە تەواوی وڵاتدا بتەننەوە و جەماوەری هەراوی خەڵکی کوردستان بڕوایان پێ بهێنێت و لەم ڕێیەوە جارێکی دیکە کوردی بەژێر دەست و پێوەبوو، لە ژێردەستەیی ڕزگار ببێت؟ دەبێت بڵێم دیسانەوە خێڵەکان بوونەتە لەمپەر. ئەوان بوونە پوازی ئۆلی سەردەست. زۆرێک لە سەرۆکی ئەو خێڵ و تایەفە و ئۆلانەی چووبوونە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، نەک هەر ئامادە نەبوون بەرگری لە ئۆلە خۆماڵییەکان بکەن، بەڵکو هەر خۆشیان بوونەتە کەوا سووری بەر لەشکری ئیسلام، بۆ سەرکوت و سنووردارکردنی ئەم ئۆلە نوێیانە.

هەندێک شەجەرەی درۆیان بۆ خۆیان ڕۆناوە. ڕەگەمای خۆیان بردووەتەوە سەر خێڵ و سەرکردە بەراییەکانی ئۆلی سەردەست، تاکو پێگەی خۆیانی پێ بەهێزتر بکەن و خۆیان پیرۆزتر و باڵاتر لە کورد بەسەر ڕەشوڕووتدا بسەپێنن. وا دیارە ئەم ئۆلە نوێیانەش وەک ئیسلام پەنایان بۆ زەبری شمشێر نەبردووە. ئەمان ویستوویانە بەهێمنی و بەزمانی لۆجیک بچنە نێو هۆش و دڵی خەڵکەوە، لە زەمانێکدا، کە باوی هێز و بە شیر و تیر و ئەسپی ڕەسەنەوە خۆ ڕانان بووە.

مێژوو پێمان دەڵێت: خێڵە کوردی هاوزمان، هاومێژوو، هیچی وایان لە دوژمنی بیانی کەمتر بەئۆلی ئێزدی نەکردووە. لە سەمتی ئەم کتێبەدا چەند نموونەیەک هەیە و لێرەدا پێویستمان بەبەڵگەی پتر نییە.

گەڕان لە دووی ئەوێتی و کۆکردنەوەی پاژە پەرش و بڵاوەکانی و لە نوێ پێکەوە گرێدانیان، سەلماندنی خۆ دەگەیەنێت. ئەم پرۆسەیە لە خۆیدا بێلایەن نییە، بەڵکو هەڵوێست وەرگرتنە و داشکاندنە بەلای خۆی خۆماندا. هەروەک کاری لایەنێک، پارتێک و دوان نییە، بەڵکو گەرەکە هەموو لەم پرۆسەیەدا هاوبەش بن. جەختکردن لەسەر ئەوێتیی کورد و ناساندنی بەوانی تر، بۆ بەشداریکردن لەم شارستانییەتە جیهانییەی وا ئێستا لە هەڵکشان و گەشەسەندندایە، بەرپاکردنی ڕێنیسانسێک

پێویستە. مەرجە هەموو لایەک لەسەر سیما و ڕەهەندەکانی کۆک بین و یەک پێناسەمان بۆی هەبێت.

جەختکردن لەسەر ئەوێتی، بە ئاین و ئاینزا و کتێبە پیرۆزەکانیەوە، بەو بەشدارییە هەژارەی، کە کورد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیبووە، بە تەواوی کەلەپوور و ڕووناکبیریی هاوچەرخییەوە کارێکی هەروا سانا نییە. چونکە کورد بەشێوە زارەکانییەوە، بەئۆلەکانییەوە، بە خێڵەکی و ڕۆشنبیریەوە یەکڕەنگ و یەکدەنگ نییە. بەڵکو کورد ئەوێتییەکی فرەڕەنگ و فرەدەنگی هەیە و مۆزاییکە. یان دەکرێت بێژێن خاوەنی ماڵێکە وەلێ باخچەیەکی فرەڕەنگوبۆی هەیە. زمانێک، مێژوویەک، نیشتمانێک و خەمێکی هاوبەش ئەم پاژانە کۆ دەکاتەوە. بەسەرێکی دیکە ئەم فرەڕنگی و دەنگییە، لە فرەڕەنگی و دەنگیی هەموو دنیا جیاوازە.

ئێمە گەرەکە جەخت لەسەر ئەم جیاوازییەمان لەگەڵ دەوروبەرماندا بکەین. جەخت لەسەر ڕووناکبیری و بوون و مێژووی خۆمان، وەک هەین بکەین. ناکرێت گەلێکی هەزاران ساڵە بە ڕووناکبیری و کەلەپوور و مێژووی خوازراوەوە دەربکەوێت و خۆی بنوێنێت.

## ئەوێتییەکی کاڵەوەبووی شێواو

ئەوە سەدان ساڵە، لە هاتنی ئاینی ئیسلامەوە، پاشان بەلکاندنی پارچەکانی کوردستان بە ئیمپراتۆریای عەرەبی، سەفەوی قاجاری و عوسمانییەوە. دواتر و لە هەمووی خەتەرناکتر لکاندنی پاژێکی بەعێراقەوە، کە لێرەوە گۆڕین و شێواندنی ئەوێتی شێلگیرانە لە لایەن ڕێژیمە یەک لە شوێن یەکەکانەوە کاری بۆ کراوە و لە سەردەمی بەعسدا گەیشتووەتە لووتکە. عارەباندنی بەکوتەک و سەپاندنی ئەوێتیی گەلی عارەب بەتایبەت، بەباڵای ناوچە سنوورییەکاندا بڕاوە. پاژێک بەسوونە و پاژێک بەشیعە کراون. دابڕاندنی دوای دابڕاندن بەشێوەیەکی نامرووەتانە وەهای کردووە پرسی ئەوێتی لەلای پاژێکی بەرفراوانی کورد بشێوێنرێت، بەتایبەت لە کن ئێزدی و شەبەک و فەیلی.

ئێمە ئەوێتیمان هەیە، وەلێ پەرش و بڵاوە. یان لە بن کاریگەریی ئەوێتیی ئەوانی

دیکەدایە.. فیگەرەکانی بەئاسانی کۆ نابنەوە، چونکە خۆ بەخاوەنیان ناکەین و هەوڵ بۆ درەوشانەوەیان نادەین، یان بۆمان نالوێت ئەم کارە گرینگە لە هەندێک پارچەی کوردستاندا ڕاپەڕێنین. یان ناتوانین ڕابردوو جێ بێڵین و لە ئێستادا بۆ داهاتوو کار بکەین. کورد مێژووی هەیە وەلێ بەخورتی لێیان دابڕیوە.

ئەمڕۆ، نەوەی نوێ پتر پێ لەسەر ئەوێتی دادەگرێت. پێداگرتنیش لەسەر پرسی ئەوێتی نیشانەی هۆشیارییە. نەوەی نوێ وەهای بۆ دەچێت، کە ئاینی ئیسلام ئەوێتیی ئێمەی کاڵ کردووەتەوە. ئەوان پێیان وایە، کە ئەویتیی کورد لە ژێر باڵی ئاینی زەردەشتیدا لە ئێستا تۆختر و تۆکمەتر بووە. لێرەوە بەدیار دەکەوێت چلۆن ئاین لە توانایدا هەیە ئاوتلاینی ئەوێتی بکێشێت و ڕواڵەتەکانی بەرجەستە بکات، یان لانی کەم ئاین فیگەرێکی گرینگە لە کەڤاڵی فرەفیگەریی ئەوێتیدا.

ئەم دۆخەش وەها دەخوازێت بە نەخشە و پلانی داڕێژراوەوە کار بۆ ئەوە بکرێت جارێکی دیکە ئەوێتیی شێوێندراو و لە گرێژەنەچووی ئەو هەموو خەڵکە بهێنرێتەوە جێ. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت تاکو ئەوان بتوانن جارێکی دیکە گونجاندن و بەیەک ئاشنابوون Integration لە تەک گەل و کۆمەڵگەی ڕەسەنی بەری سەدان ساڵەی بەزۆر لە هاوڕەگەزی خۆیان دابڕاودا بکەنەوە و یەک بگرنەوە. بەیەک شاد و شوکر و ئاشنا ببنەوە.

واتە گەرەکە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر زمان و کولتووری خۆیان. لە نوێ ئەوێتیی کولتووری و ڕووناکبیری لە گرێژەنەچوویان بهێنرێتەوە جێ و ڕاست بکرێتەوە. بزانە ئەو ئازیزانە بەئەندازەیەکی ئەوتۆ ئەوێتییان شێوێندراوە، هەر لە دووڕرا بەشێوەیاندا بەدیار دەکەوێت و هەستی پێ دەکرێت. ئەگەرنا چلۆن ڕەوایە کەسێک بەڕەگەز کورد بێت، کەچی چەفتە و عەگال لەسەر بنێت. ئەو پۆشاکانە لە عارەب موبارەک بن. بەڵام ئەو پۆشاکانە پێناسی گەلێکی دیکەی غەیرە کورد دیاری دەکەن و هەر لەوانیش جوانە.

علی حرب، لە کتێبی "التأويل والحقيقة"دا دەڵێت: «زێدەڕۆیی نییە، کە مرۆڤایەتیی هاوچەرخ، مرۆڤایەتییەکە لە هەر سەردەمێکی دیکە ڕاڕاتر، ئەم ڕاڕاییە لەوەدا ڕوونە، کە مرۆڤی ئێستەکانێ لە دۆخی بشێویدایە لە ڕوانینیدا بۆ خۆی. گومان

لەتوانای خۆی دەکات و بەتیژی پرسیار لە چارەنووسی خۆی دەکات، کە ئەو تالاوی تەنگژەیەکی ڕاستەقینەی ئەوێتی دەنۆشێت.»

کەرتبوونی ئەوێتیی هاوولاتی، لە نێوان خێڵ و شێوەزار و ئۆلدا، لەسەر حیسابی نیشتمان کەوتووە و دەکەوێت. هاوولاتی دەکاتە خاوەنی ئەوێتییەکی کەرتوپەرتکراوی تارمایی ئاسا و کۆمەڵگەیەکی هەلارهەلاری ئەتۆی لێ گەلاڵە دەبێت، کە هیچ کامیان بەڕوونی لە پێش چاویدا ئامادە نین. ئەم دیاردە مەترسیدارەش دینامیکییەتی ژیان و گەشەی سست کردووە و بارگرژیی لە نێوان ئەو فیگەر و ئیکۆنانەدا چێ کردووە، کە ناومان هێنان.

پرسی نیشتمان لە فایلی هاوولاتیدا کاڵ بووەتەوە. ئەوەتا زۆر بەئاسانی ولات بەجێ دێڵێت. چونکە ئەو فیگەرانە "خێڵ، حزب، ئۆل" جێی ولاتیان گرتووەتەوە. لە وەها دۆخ و هەلومەرجێکدا. ژمارەی هاوولاتییان گرینگترە تاکو خۆیان. چونکە هەرکام لەو فیگەرانە، ژمارەی شوێنکەوتوویان پتر بێت، ئەوا گرینگی بەو دەدرێت و ئەو پشکی شێری پێ دەبرێت. لێرەوە دیارە، کە هاوولاتی خۆی وەک بنیات و بوونەوەرێکی بەهادار پەراوێز خراوە.

ئەم ناڕەوایییەش، ڕکابەری و قین لە سیستمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بەرهەم دێنێت و ئارامیی جڤاکیش، کە هێجگار گرینگە شلۆق دەکات. باوەڕنەمانی تاک بە ڕەمز و حزب و بە دروشمە ڕەنگاوڕەنگەکانی، کە چەندین ساڵە وەک مژدە بەگوێی تاکەکانیدا دەدات، کارێک دەکات هاوولاتی ڕۆڵی خۆی لە بەرهەمهێنانی بڕیارەکاندا لە دەست بدات. بۆیە زۆرن ئەو لاوانەی، وەک پەرچەکردار سەری خۆیان هەڵدەگرن.

گەرەکە دەستوورێکی ئەوتۆ پەیڕەو بکرێت، هاوسانی هەموو ئەو تاکانەی، کە لەسەر ئەم ڕووبەرە جوگرافییایە دەژین بپارێزێت، تاکو تاکەکان شانازی بەهاوولاتیبوونی خۆیان و بەو نیشتمانەشەوە بکەن کە لە سەری دەژین. لە ڕاستیدا هاوکوفی و هاوسانیی ئەرک و مافەکان، لە نێوان هاوولاتیاندا زەمانەتی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییشە.

لانی کەم دەبێت بڵێین کۆمەڵگەی کوردەواری، بەم هەمەڕەنگییەی ئێستای خۆیەوە، سوننە، شیعە، شەبەک، فەیلی، ئێزدی و کاکەیی، ڕەنگەکان تەواو پێکەوە گونجاو و

سازاو نین. ئەم دۆخەش دڵەڕاوکێی ئایدێنتیتیی لەلای خەڵکانێکی زۆر دروست کردووە. ئەوێتیی ڕامیاری و ڕووناکبیری دوو چەمکی تێکچڕژاو و بەیەکداچوون، گەرچی ئەوێتیی ڕامیاری دکارێت ئەوێتیی ڕووناکبیری و کولتووری گەلێک بەرز ڕابگرێت و بیپارێزێت، وەلێ ئەوێتیی ڕووناکبیریش دکارێت ئاستی هۆشیاریی سیاسی تاکەکان بەرزتر بکاتەوە و بۆ چەسپاندنی ئەوێتیی سیاسی ڕێ خۆشکەر بێت.

تۆ هەروا سەرنجی ئەم مەتەڵە بدە. ئاسایی، لەو دەڤەرانەدا، کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە ژێر سایەی هەرێم و کێشەیان لەسەرە، تاکی وەها دەبینیت بە زمان کوردە. بێگومان لە مێژووی کۆنیشدا باپیرانی هەر کوردبوون، کەچی بەهۆی ئۆلەکەیەوە، خۆی بە عارەب دەزانێت و دەناسێنێت. لە حزبێکی بەڕەگەز عەرەبی و ئاینیدا ئەندامە. یان با بڵێین گوێڕایەڵیی ئەو بۆ حزبێکی ئاینیی عارەبییە. واتە لە دەمی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بۆ دەدات و باکی بەکورد بوون و زمانی کوردیش نییە.

یان بە زمان و ڕچەڵەک کوردە و ئاینەکەیشی، کە ئێزدییە دیسان هەر کوردییە. کەچی وەک فۆرم، واتە دیوی دەرەوەی عارەبی هەڵکەوتووە. چونکە ئەو چەفتە و عەگال لەسەر دەنێت، کە سەد لە سەد عارەبییە. دیارە پۆشاک زمانی خۆی هەیە. لە دووڕا، بەر لەوەی خاوەنەکەی بێتە گۆ پۆشاکەکانی هاتوونەتە پەیڤین. ماهییەت، یاخۆ ئەوێتیی خاوەن بەرگیان پێ ناساندووین.

دەشێت مرۆڤ کەڕولاڵ بێت، وەلێ پۆشاک کەڕولاڵ نییە، زمانی هەیە و چاوی ئێمە دەدوێنێت. پۆشاک کۆنتاکتی لەگەڵ چاوماندا هەیە نەک گوێمان. پۆشاک بێلایەن نییە. ئەگەر تاکێک چەفتە و عەگالی لەسەر نا، واتە ئەوێتیی خۆی بۆ ئاشکرا کردین. مانای وایە ئەو تاکێکە سەر بەجڤاکێکی عارەبییە، وەلێ بەکوردی دەئاخڤێت.

لە دۆخی وەهادا لانی کەم دەبێت بڵێین: ئەو تاکێکە ئەوێتیی خۆی لە نێوان دوو گرووپی ئیتنیکیی جیاوازدا دابەش کردووە. یاخۆ تاکێکی "دووڕەگ: هجین"ە. خاوەنی ئەوێتییەکی نیوە ناتەواوە. نەک هەر خۆی، بەڵکو کەسایەتی و ئەوێتیی تەواوی ئەو نێوەندەشی، کە تێیدا دەژێ، کەرت کردووە. واتە ئەوێتیی

دەستەجەمعیشی لەت کردووە.

تاکی لەم جۆرە ڕاڕا و ناسەقامگیر، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوێتیی خۆی بەلایەکدا ساغ بکاتەوە. یاخۆ بەپێچەوانە. ئەو بەگوێرەی ڕۆژ و ئاڵوگۆڕی تەرازووی هێزەکان، یان بەحوکمی ئاستی گوشاری دەوروبەری. لەوانەیە ئەوێتیی سێ کەرتیش ببێت. واقیعی وەها لە جڤاکی فرەنەتەوەی ناسەقامگیردا ئەگەری ڕوودانی هەیە. چونکە جڤاکێکە بنەمای هاوبەش لە نێوان تاکەکانیدا هەیە. بنەما هاوبەشەکانی نێوان تاکەکانیش ئەوێتیی کۆمەڵگەیەک دەستنیشان دەکەن.

مێژووی هاوبەش، ڕەمزەکان، سرووت و کەلەپوو. ئەمانە کۆمەڵە کۆدێکن، ئەوێتیی گرووپێک شکڵگیر دەکەن، کە ئەم کۆدانە لە لای گرووپەکانی دیکە بەدی ناکرێن. حیکایەت، ئەفسانە، پەند، سەما و گۆرانیی میللی. لاوک و حەیران وەک نموونەی کۆدی ئەوێتین بۆ تاکی کورد. داستانەکانی مەم و زین و خەج و سیامەند، دوو کۆدی کوردین. ئەوەی خۆی لەم کۆدانە بەخاوەن بکات، یان بەهاوبەشیان بزانێت ئەوا تاکێکە، خاوەنی ئەوێتیی کوردییە. هەروەها بۆ کڵاش و شاڵ و شەپک و فەرەنجی "کوڵەباڵ". بەڵام عەگال و غوترە نا.

مرۆڤ گیانداریکی خاوەن زمانە. لەمێژە ئەم پێناسەیە بۆ مرۆڤ کراوە. زمان ئامرازی تەواوی زانستەکانە. مێژوو، بە کولتوور و جوگرافیا و ئاستی مەعریفەتەوە، بەهۆی زمانەوە خۆیان دەناسێنن و گوزارشت لە خۆیان و لە گەردوونیش دەکەن. کەواتە زمان کۆدیکی زێدە گرینگی ئەوێتیی تاک و دەستەجەمعییە.

ئاینی مووسایی دینێکی داخراوە. بەو مانایەی ئەوان لەمێژە کەس بەجوو وەرناگرن. جوو هەر ئەوانەن کە لە بابەلبابەوە وەک بۆماوە جووبوون. ئاینی مووسایی وەک ئیسلام نییە، چونکە تەوای میللەتانی دنیا بۆیان هەیە بێنە ژێر ئاڵایەوە. بۆیە ئاینی مووسایی لەگەڵ زمانی عیبریدا وەها بەیەکدا چوون لەیەک جودا ناکرێنەوە. ئاینەکە بووەتە گرینگترین پاژی ئەوێتی بۆیان و هێندەی زمانی عیبری گرینگە.

نسکۆی لە دوای نسکۆ، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا، کە مێژوویەکی نزیکە، بوونەتە هۆی ئەوەی زۆرێک کورد، ئەوێتیی خۆیان بگۆڕن. هەر کورد وەهای لێ

نەقەوماوە. بەڵکو دەیان گەلی خاوەن ئەوێتی و شارستانی لەسەر ئەم گۆی زەمینە بە هۆی شکستیانەوە لە بەرانبەر هێزی ملهوڕی پاوانخواز و داگیرکەردا، تەنیا لە دێرینخانە و لاپەڕەکانی مێژوودا ناو و ئاسەواریان ماوە. دیارە گەلانی "غال، سۆمەری، بابلی" بەهۆی شکستەوە دۆڕان و دەستبەرداری خاک و زمان و کولتووری خۆیان بوون و چوونە سەر زمان و ئاینی گەلی زاڵ و سەردەست. چونکە چی دی پشت و پەنایەن نەما، پاڵ بدەن پێوە.

دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئەوێتیی کوردیش لە بەرانبەر ئەوێتیی زاڵ و سەرکەوتووی عارەبی شۆڤێنیدا بەسەرۆکایەتیی بەعس شکستی هێنا. ئەگەر ڕاپەڕینی ١٩٩١ی بەشوێندا نەهاتایە، زمانی کوردی، کە کۆدی سەرەکیی ئەوێتیمانە لەوە دەکەوت چیتر زمانی نووسین و خوێندن بێت. بۆ خۆم چەند مانگێک دوای نسکۆی حەفتا و پێنج، لە نێو شاری سلێمانیدا، کە لانکەی کوردایەتییە، لەسەر شەقامی مەولەوی گوێم لێ بووە، چەند دۆڕاوێک بەدەم ڕێپێوانەوە یەک بەخۆیان هاواریان دەکرد "کل هورامان بعثیە، دارگوێزەکان بعثیە" ئەو دەستەیە ئەوەندە قایم هاواریان دەکرد لەوەدا بوو قیڕەگون ببن. سەرنج بدە چلۆن مرۆڤی شکستخواردوو بەئاسانی ئەوێتی وIdentitty کەسایەتیی Personality خۆی دەدۆڕێنێت و دێوانگۆڕ "مسخ" دەبێت.

لێرەوە دڵنیا بە، کە هەزاران کەس، لە پارچەکانی کوردستاندا، لە ژێر کاریگەریی فریو و گوشاردا، ئەوێتیی خۆیان بە فارس و تورک و عارەب دۆڕاندووە. بە درێژاییی مێژوو، دەیان تیرە و تایەفە و بەربابی بەڕەگیشە کورد، وەک خوێ، لە نێو گۆلاوی ئەو گەلانەدا تواونەتەوە و ئەوێتییان گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. چونکە ئەوان بەرگەی سێلاوی نەتەوە سەردەستەکانیان نەگرتووە.

تاکی کورد شتێکی ئەوتۆ لە مێژووی خۆی نازانێت، چونکە بەشێکی نەخوێندەوارە. ئەوەشی لە نەخوێندەواریی ئەلفابێت ڕزگاری بووە، واتە دەتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، ئەو بەشەش هەر ناخوێنێتەوە، جا خاوەنی هەر بڕوانامەیەک بێت. واتە نەشارەزای مێژووی خۆیەتی. لە ناودار و ڕەمزەکانی خۆی و جومگە گرینگەکانی مێژووی خۆی بێ ئاگایە. پاژەکانی کوردستانیش لەیەک دابڕاون.

پێم وایە لانی کەم گەرەکە هەر کوردێک، شانبەشانی ئاینی ئیسلام، چەردەیەکیش لەمەڕ ئاینەکانی زەردەشتی و یارسان و ئێزیدی بزانیت، تاکو ڕابردووی زەردەشتیمان بەئێستای ئیسلامبوونی خۆیەوە ببەستێەوە. بەڵام ئەگەر ئەم مێژووە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا نەبێت، چلۆن لەلای هاووڵاتیی بێ دەربەست دەچەسپێت؟

تاک پێویستی بە ئەوێتییەک هەیە ڕواڵەت و جەمسەرەکانی دیار و ئاشکرابن. ئێمە ئێستا لە ڕووی ڕووناکبیرییەوە کۆمەڵگەیەکی هەژارمان هەیە. بە سەرێکی دیکە ئەم فرە سەرچاوە و فرە ڕووناکبیرییە نەبەکامەی لە نێو هەرێمدا لە ئارادایە، لەیەک ناچن و پێوەندییان لەگەڵ یەکدا بێ هێزە. بەو مانایەی، داخۆ کاکەییەک تا چەند لەمەڕ ئێزدیایەتی و ئیسلام بە دوو پاژە سەرەکییەکەیەوە، سوننە و شیعە، دەزانێت؟

ئایا وەک پێویست، سۆزبەندی لە نێوان شەبەک و ئێزدی و کاکەیی و کوردانی شیعە و سوننەدا. لە ئارادایە؟ ئاخر خۆ ئەوێتیی شتێکە پارچە پارچە ناکرێت. جا بۆ ئەوەی کورد بەڕادەیەکی ئەوتۆ یەکێتی و تۆکمەیی ئەوێتیی خۆی بپارێزێت، گوشارە دەرەکییەکان کاری تێ نەکەن و جێی پێ لەق نەکەن. ئەوا گەرەکە بەبێ جیاوازی، تەواوی جۆگەلەکان بچنەوە سەر یەک و تەنیا ڕووبارێک پێک بهێنن. واتە گەرەکە کورد بە جیاوازیی ئۆل و شێوەزارەکانیەوە، خاوەنی یەک ئەوێتی بێت. بۆیە بەنیازی بەرەوپێشبردنی کارێکی وەها گرینگ، پرسی دیموکراسی، ناتوانێت ڕۆڵی باش بگێڕیت. بەو مانایەی، خۆ ناکرێت هەر تیرە و ئۆلێک بەپاساوی دیموکراسی، خۆی سەرپشک بێت و سەربەخۆ، جومگەکانی ئەوێتیی دەستنیشان بکات.

## سیمالێکی گەورەی هاوچەرخ

ئێمە چی تر ناتوانین بەسەر پشتی گا و کەر و ئەسپان گەشت بکەین. نەهۆ کوردستان فڕۆکەخانەی تێدایە. ئێمە ناتوانین وەک جاران بەدوای کوێستان و لەوەڕدا سنوورەکان ببڕین. ناتوانین چی تر دەوار بەماڵ بکەین. پرسی پێشکەوتن، ئاسوودەیی و سەقامگیریی گەرەکە و دەوار ماڵێکی پەرپووتی کاتییە، بەرگەی باهۆزێک ناگرێت. ئێمە وا خەریکین تەلاری چەندین نهۆمی بنیات دەنێین، بۆ خۆمان

و بۆ گەشتوگوزار. مالآت دەبێت لە کێڵگەی ئاژەڵدا بەخێو بکرێت و پێویستیشی بەشوان نابێت. گەرەکە ڕەشماڵ بەخۆی و مێنتەلێتییەوە ببێتە بەشێک لە مێژوو.

دەکرێت ئێمە وەک تۆژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی و مێژوویی باسی قۆناغی دەوارنشینی و چێوداری بکەین و توێژینەوەی لەسەر بنووسین. ئەو کالآ مادییانەی لە ژێر دەواردا بەرهەم هێنراون؛ هەوەها لەمەڕ گۆرانی و موزیک و سەما و پەند و سرووت و کەلوپەلی بەکارهێنراو، تفاقی سوارچاک و جلیتبازان، شەقبەند و زەمبەر و تەواوی تفاقی ئەسپ، پۆشاکی ژنان و پیاوانی دەوارنشین، تۆژینەوە بنووسین. لەسەر نەریت و ژیانی دەوارنشین و هەموو ئەو هونەرە سەرەتاییانەی کە لەوێدا ڕسکاون بدوێین و تۆماریان بکەین. ئەمانە هەموویان لە خانەی هونەری میللیدا پۆلێن دەبن.

دەکرێت شارەزا و پسپۆڕانی بوارەکە دەیان توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لە هەمبەر سەردەم و بارودۆخ و پاشخانە کولتووری و ڕووناکبیرییەکەی بنووسن. بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە، دەرچوونە لە مێژوو، یان مردنە. یەک لە باری هەر چوار پارچەکەی کوردستان، دەوار فیگەرێکی هاوبەشە.

بەنزیکەی هەموو کورد سالآنێک گەرمیان و کوێستانیان کردووە. بەنزیکەی هەموویان چێودارbوون و سەردەمێک لە بن سیاماڵدا ژیانیان گوزەراندووە. کەواتە نەهۆ پێویستیمان بە سیامالێکی مەزنتری هاوچەرخ هەیە تاکو کۆمان بکاتەوە، کە ئەویش نیشتمانە. چەمکی نیشتمانیش هێندە فراوانە جێی هەموومانی تێدا دەبێتەوە، ئەگەر بێتو لە سای دەستوورێکی مۆدێرندا کاروبارەکانی بەڕێوە بچێت.

## کوردبوون و جیهانیبوون

ئێمەی کورد ئەگەر بێتو لە بری ئەم هەلارهەلاربوونە، بتوانین وەک تاکە خێڵێکی هاوچەرخ خۆمان بەدنیا بناسێنین. دەکرێت هەم پارێزگاری لە زمان و کولتوور و مێژوومان بکەین و هەم وەک جۆگەلەیەک تێکەڵ بەڕەوتی جیهانگیریش ببین. واتە لەگەڵ ڕەوتی پێشڤەچوون و گەشەسەندنی جیهانیدا بین. ئەم ڕەوتەی وا دنیای کردووە بەخێڵێکی مۆدێرن و سەرۆکی ئەمریکا هەرکەس بێت سەرخێڵێتی. دەکرێت

بڵێین: بگۆڕێین بێ ئەوەی بدۆڕێین. جابری دەڵێت: «ڕەنگە وەها بۆ ئەوێتی بڕوانرێت، کە پێویستە بەسەر جیهانگیریدا بکرێتەوە، شانبەشان و تەواوکەری بێت، ئەگەر بیەوێت خاوەنی ئەوێتییەکی زیندووی خۆ نوێکەرەوە بێت.. "محمد عابد الجابري، العولمة ومسألة المواكبة"

جیـــهـانگیـری بەنیـازە لەگــەڵ گـشت ئەو ڕۆشـنبـیـرییـە جـیـاواز و پێکەوە نەگونجاوانەشدا هەڵبکات و خۆی لە تەکیاندا بگونجێنێت. چەکی دەستیشی بۆ ئەم پرۆســە ئاڵۆزە، دیموکـراسـیی پەرلـەمـانـیــیـە. لـە دۆخـێکی وەهاشــدا بـەتەنیـا فەندەمێنتاڵەکان، جا وشکە مارکسی بن، یان و شکە ئاینی، ئەوانن، کە ئەستەمە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا هەڵبکەن و خۆیان بگونجێنن.

ترسی لەبەینچوون و توانەوە لە نێو ئەم سیستمە نوێیەدا وەهای لەو دوو ڕەوتە کردووە لە جاران پتر خۆیان هەڵاوێرن. بە سڵکردنەوە پەنابگرن و بۆ کەلەپووری کۆنینە و دەقە دۆگما و پیرۆزەکانی لەمەڕ خۆیان بکشێنەوە بۆ ناو مێژوویان و لە واقیعی ئێستا دابڕێن. ئەمڕۆ لە هەموو دەمێکی دیکە پتر جیهانی سونەتی لەبن هەڕەشەی لەبەینچووندایە. ئەو پەرچەکردارە توندەی، کە دەینوێنێت پەلەقاژەی مان و نەمانە. ئێمە بۆ ئەوەی تا ئەو ئاستەی بۆمان دەلوێت خۆمان سەروەری خۆمان بین، گەرەکە ڕێگە چارەی شیاو بدۆزینەوە تاکو ئەوەندەی لە توانادایە ئەو جیهانەی، کە بمانەوەی و نەمانەوێ، بێ پەروا مل دەنێت، بخەینە بن دەسەڵاتی خۆمانەوە و کەویی بکەین.

ئێمە دەتوانین لە هەمان کاتدا لەنگەری کوردایەتی و جیهانیبوونیش ڕابگرین. ڕەنگە وەها بەدیار بکەوێت، کە کوردیبوون و جیهانیبوون دوو چەمکی ناکۆک بن. وەلێ ئەم دوو چەمکە لە هەمان کاتدا ناکۆک و گونجاویشن. وەک نموونەیەک، تۆ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆت هەیە کوردێکی موسوڵمان بیت، خاوەنی هەر مەزهەبێکیان هەی ئازادیت. لە هەمان کاتدا بۆت هەیە ئەڵمانی بیت. بەپێچەوانەی تورکیاوە "بۆ نموونە" کە لەوێ ناچار بەتوانەوە دەکرێیت. تۆ دەبێت لەوێندەرێ تەنیا تورک بیت. کــەچی لە ڕۆژئاوادا بۆت هەیە خـــاوەنی چەند پێناســێک بیت. بێ ئەوەی هیچ دەردیسەرییەکت بێتە ڕێ.

له وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپادا، بۆت هەیە وەک خێڵەکییەکەی سەدان ساڵ لەمەوبەر، وەلێ بەئاوەزی نوێوە بە ئارەزووی خۆت بگەڕێیت و تەڕاتێن بکەیت. لە کام وڵاتیان دڵت دەخوازێت لەوێ هەوارت هەڵبدەیت و بژیت. ئاسایی کارت دەست بکەوێت و سەرمایەگوزاری بکەیت و تەواوی کولتوور و سرووتە تایبەتییەکانی خۆشت پیادە بکەیت. لە هەمان کاتدا سەر بەو گوندە جیهانییەش بیت، کە دنیای گلۆبالیزم هێناویێتیە ئاراوە، بێ ئەوەی ترست لەوانی دیکە هەبێت، لەناوت ببەن، یان گوشارێکت بۆ بێنن.

ئەگەر تۆی کورد ترست لە ئەمریکا هەیە؛ سوور بزانە، کە ئەمریکا براگەورەی ئەوروپایە بەکەنەدا و ئوستڕالیاشەوە، بەو هەموو نەتەوە زیندووانەوە کە لەم ڕووبەرە فراوانەدا دەژین. ئەم براگەورەییەش بەزۆردارەکی بەسەریاندا نەسەپاوە بەقەدەر ئەوەندەی ئابوورییەکی گەشەسەندو کردوویەتی بەئەمری واقیع. ئەم نەزمە نوێیەش تاکو نەهۆ کارێکی ئەتۆی نەکردووە، بۆنی ئەوەی لێ بێت سنووری ئازادییەکان بەرتەسک دەکاتەوە، کە ئێمەی کورد لە هەموو دنیا زیاتر قوربانیمان لە پێناودا داوە. بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەم نەزمە نوێیە بەنیازە ئازادییەکان بگەیێنێتە وڵاتە شموولی و داخراوەکانی ئەفرۆئاسیاش. بەڵام هەندێک کەس و گرووپ هەن، لەبەر هەر هۆیەک بێت، تەنیا لایەنە نەرێنییەکانی زەق دەکەنەوە.

# پاژی یازدەیەم

## چارەسەر

ئەوەی وا ڕێی بۆ شوێنکەوتنی خێڵ و خێڵایەتی و پارچە پارچەبوونی کۆمەڵ خۆش کـردووە، بزربوون، یان پووکـانەوەی هزری نیـشـتـمـانی و نەتەوەیی و بیـری پێشکەوتنخوازە. لێرەوەیە، کە پشت و پەنایەک، مەرجەعیەتێک جێی بڕوا بێت، بۆ خەڵک نەماوەتەوە ڕووی تێ بکات، غەیری خێڵ.

زۆر گرینگە بۆ ڕزگاربوون لە لایەنە نەرێنییەکانی ڕابردووی خـۆی، کورد هەوڵی جدی بدا، لێیان دەرچێت. تاکو بە دنیای پێشکەوتوودا بگاتەوە. بەڵام ئەم تەقەلایە ڕەنجی زۆری دەوێت. بەڵکو برێک سەرەڕۆییشی Risk تێدایە. ناکرێت ئێمە بەخۆمان و ڕووناکبیریمانەوە تاسەر لە ڕابردوودا بژین. خۆ ئێمە بەڕێکەوت بندەست نەبووین. بە ڕێکەوتیش کەرتوپەرت نەبووین. هەروەک کەرتوپەرتبوونمان لە بەدبەختی یان لە موقەدەری ئیلاهیشەوە نەبووە. کەسیش جادووی لێ نەکردووین وەک لە بڕوای کۆنی هەندێک لە خێڵەکاندا هاتووە. بەڵکو هەرچیمان بەسەردا هاتبێت، لە ئاکامی ناهۆشیاری و ناکاراییی خۆمانەوە بووە.

چارەیەکی گونجاو، کە لە ئارادا بێت ئەوەیە، هەوڵی سڕینەوەی خێڵ و ئاسەواری خێڵایەتی، وەک سیستم بدەین و چیدی بەو مێنتەلێتییە کۆنە کار نەکەین. بە جورئەتەوە داوودەزگەکانی خێڵ لەبەریەک هەڵوەشێنین و لە بری ناونیشانی خێڵ، تەنیا وەک کورد یەکودوو بناسین و کاریشی بۆ بکەین. پێویستە ئەو سیستمە ئابوورییەی، کە سەرخێڵ پشتی پێ بەستووە لەبەریەک هەڵبوەشێنرێت، مووچەی

دیوەخانانە لە سەرخێڵەکان ببڕێت، تاکو چیدی وەک مشەخۆر لەسەر ڕەنج و ماندووبوونی هاوولاتیانی دیکە نەژین. بەڵکو ئەوانیش وەک هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە، قۆڵی لێ هەڵماڵن و دەست بدەنە کار و سەرەگوریسێک بگرن.

هەندێک وا بیر دەکەنەوە، گوایە هەر پۆشاکێک، هەر ژن و ژنخوازییەک، هەر ئاکارێک نەچێتەوە سەر عورف و عادەت و کولتووری کۆنی کورد بەنامۆ و گومان لێکراوی دەزانن، ئەگەرچی ئەو ئاکارە هاوچەرخ و سوودمەند و بێ زیانیش بێت و لە سەردەمیش نزیکمان بخاتەوە. ئەمانە بەتەواوی لە بن هەژمووونی کولتوور و داوونەریتی بۆماوەدان. یان با بڵێین لە بن هەژمووونی مێنتەلێتیی بۆماوەدان، کە مێنتەلێتیی خێڵە و نەوەی نوێ دێت دیسان فۆتۆی دەکاتەوە. ئەم لێ ڕاهاتنە بووەتە کۆسپێکی گەورە. چونکە نەیهێشتووە پێوەندی لەگەڵ ئەزموون، هزر و دیدی کراوەتردا گرێ بدەن و تاقی بکەنەوە. ئاستی هۆشیاریشیان ئەوەندە نییە بواری ئەوەیان پێ بدات دەرکی پێ بکەن و پرکێشی بکەن خۆیان لە داوونەریتە سواوە بێ کەڵکەکان ڕزگار بکەن. بۆیە گەرەکە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی تاکی کورد خەمی هەرە لە پێشی دەزگە بەرپرسە پێوەندیدارەکان بێت.

ئەوا پازدە سەدە دەچێت بێ پسانەوە بەگوێی ژنی کوردا دەدرێت، کە گوایە ئەو بوونەوەرێکی زەبوون و ئاوەز ناتەواوە. پاتەبوونەوەی ئەم بۆچوونە پتەوەی و نەتەوەی کاری لە ئاوەزی ژنی کورد کردووە. بۆیە پێویستە بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەم بۆچوونە ڕەت بکرێتەوە. لە وتە و ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا قاو بدرێت. هەڵسانەوەی باری کەوتووی ژن، تەنیا ئەرکی ژنان خۆیان نییە، بەڵکو ئەرکی هەردوو لایانە. هەڵسانەوە و کاراتربوونی ڕۆڵی ژنیش هەر بەچاکەی ژنان ناشکێتەوە، بەڵکو تەواوی جڤاکی لێ بەهرەمەندە دەبێت و پێی پێش دەکەوێت.

تۆ بزانە، لە زۆر سۆنگەوە کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە، کاتێک ژنێک لادەدات و دەبێتە فرۆشیاری سێکس، تەنانەت ئەم پرۆسەیەش پیاوێکی لە پشتەوەیە. چونکە پیاوێکیش لەگەڵیدا دەبێتە گەواد. ڕووی داوە، هەر ئەو سۆزانییە، پیاوەکەی خۆی بووەتە گەوادی و مزەی وەرگرتووە.

ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە پێکەوە ژن دەچەوسێننەوە. بۆیە گەرەکە بەگژ ئەو

مـێنبـەرانەدا بچـینەوە، کـە سـاڵانە ژن بەکـەم سـەیر دەکـەن. خـۆ لـە زۆر وڵاتی دواکەوتووشدا بەپێی یاسا ژن و پیاو یەکسانن، بەڵام بەتەنیا یاسا چاری ئەم پرسە ئاڵۆزە نـاکـات. ئـەگـەر بێـتـو هـەوڵی ڕووناکـبیـری و ڕۆشنکردنەوە وەلاوە بنێین، ئەم پرۆژەیە سـەرنـاگـرێت. هەروەک هەوڵ و کـۆشـشی ژنانی چالاکی ئەم بوارە، نابێت بەئاراستـەیەک بێت دژی پیاو بکەوێتـەوە، بەڵکو گەرەکە بۆ تەواوکردنی یەکدی و بۆ یەکسانیی ژن و پیاو بێت.

تاکو ئێستاش، لەناو شارەکانیشدا پیاوەیلی وا هەن ژنـەکانیان لە خزم و کەس و ناسـیاوی خـۆیان دەشـارنەوە. وەک ئەوەی ئەو ژنانـە کاڵای دزێتـی بن، بیـانەوێت لە پۆلیس و یاسـای بشـارنەوە، نەبادا بە دەستیـانەوە بگیـرێن و بناسـرێنەوە. یان وەک ئەو ژنانە تلیاک و ماڵی دیکەی قاچاخ بن و لەسـەر ئاشکرابوونیان بەرەوڕووی سـزا و لێپرسینەوەی یاسایی بىن.

گـەرەکـە چی زووە هـەوڵ بدەین جـیـاوازی لـە نێـوان ئۆل و ئاینـەکـانی سنووری کوردسـتاندا نەهێڵین، بەوەی کارئاسانی بۆ ئەوە بکەین، بەپێی یاسا لە نێوان یەکدا ژن و ژنخـوازی و هـاوسـەرگری بێـتـە ئاراوە و یاسـا ئـەم مـافـەی بە هـەمـوو هاووڵاتییەکی کوردستان دابێت و بیپارێزێت. دەنا ئێمە بەم جۆرەی کە ئێستا هەین، بەحاڵ هەین و بەئاستەم لە نەتەوە دەچین.

لە هـیچ گـۆشـەیەکی دنیـای نوێدا، باوی ئەوە نـەمـاوە، لاوێک نەتوانێت کـیـژێک بخـوازێت، هەر لەبەرئەوەی ئاین و ئۆلیـان جـیـاوازە. ئەگـەر لـە کن بیـانیـیـەکی ڕۆژئاوایـی ئەم باسـە بوروژێنی ئـەوق دەبێت و بڕواشت پـێ ناکـات نەتـەوەی وەها ئەنتـیک لەسـەر ئەم ئەسـتـێرە مـرۆڤنشـینە هـەبێت. بۆ نموونە، چلۆن دەبێت هەر لەبەرئەوەی کوڕەکە موسڵمانە و کچەکەش ئێزدی یان بەپێچەوانەوە ئیتر ئەم دووانە بۆ یەک نەبن؟ ئەم دیاردە عاجباتییە ڕێک مانای وایە ئێمەی کورد ناتوانین تەنانەت لەگەڵ یەکودووشدا هاوسـەرگریی بکەین. کەواتە چۆن دەتوانین بـەخۆمان بڵێین سەر بەیەک نیشتمان و یـەک گەلین؟ ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پرسێکی وەها گرینگدا ڕای ژنان خـۆیان وەرگـیـراوە، یان هیچ نەبێت ڕای ژنـە سـەلار و زانـاکـانی کـورد، کـە ئەمرۆکە دیارن و لە بەرچاون بەهەند گیـراوە؟ بۆیەکـا هـەمـوو پرۆژە و بڕیارەکـانی

دیکەی کە لە پشتی ژنەوە چێ کرابن و سەپێنرابن بەزیانی ژن تەواو دەبن.

ئێمەی کورد وەختایێک پەراگەندەی هەندەران دەبین؛ زۆرمان ژنی غەیرە کورد و ناموسوڵمانیش دەخوازین و بەو کارەش دنیا ئاخر نەبووە. بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی تەواو دروستە. چونکە خۆشەویستی سنوورەکانی نەتەوە و ئۆل و ئاین و تایەفە و جیاوازیی ئیتنیکی نازانێت. خۆشەویستی ڕەنگکوێرە، ڕەنگی پێست ناخوێنێتەوە. ئەدی لە نێوخۆدا لە نێوان ئۆل و تایفە جیاجیاکانی کوردستاندا بۆچی ئەم جۆرە ژنخوازییە نایەتە ئاراوە، ئەگەر بەڕاست ئێمە گەلێکی زیندووی داهاتووخواز و ئازادیخواز و بەرانبەرخوازین؟

ترس لەوانی دیکە هەر نەیسە، ترس لە خۆمان لە پای چی؟ بۆ ئەوەی ئۆل و ئاینەکانی کوردستان، کە لە چاو ئیسلامدا کەمینەکان، لە گرێی کەمینە و، زۆربەش لە گرێی زۆرینە ڕزگاریان ببێت و هەموو لایەک لە مافەکانیاندا هاوسان بن و دڵیان بەپێکەوەژیان لە کوردستاندا خۆش بێت، باشترین هەنگاو ئەوەیە هاوسەرگری لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە.

فرە تایفە و فرە تیرەیی کارێک دەکات پێناسەی جیاواز بۆ تەواوی چەمکەکان، هێندەی ژمارەی تیرە و تایەفە و ئاین و ئاینزاکان زۆر بن. لەم هەمەچیزەییەدا پێناسەی ڕاست و دروست ون دەبێت. پێناس دەشێوێت و لەم تێکەولێکەیەدا ڕاستەڕێ لە هاووڵاتی بزر دەبێت.

یەک لەباری ژن و ژنخوازی، بنەماڵەی پادشایانی دنیا، بە پاشاکانی ئەوروپاشەوە، وەک خێڵەکانی سەردەمی زوو مامەڵە دەکەن. بەو مانایەی گەرەکە یان لە نێو خۆیاندا واتە لەگەڵ بنەماڵەی پاشایاندا، یان هیچ نەبێت لە تەک بنەماڵە نەجیبزادەکاندا ژنخوازی چێ بکەن و تێکەڵ بن. تاکو بەپێی داوونەریتی خۆیان، لەگەڵ بۆرەپیاودا، "بەقەولی خۆیان" تێکەڵ نەبن و درەختی بنەماڵەیان هەر ڕەسەن و نەجیب بمێنێتەوە. بەڵام ئەوە چەند جارێکە لێرە و لەوێ ئەم داوونەریتە، یان ئەم دەستووره شایانەیە پووشێکی تێ دەکەوێت.

هۆکارەکان هەرچییەک بن، من لێرەدا گەنگەشەیان لە هەمبەر ناکەم. بەڵام گرینگ ئەوەیە، تەنانەت ئەو بنەماڵانەشی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لایەکی جیهانیان لە

بندەستدا بوو؛ لەم دنیا پان و بەرینەدا بکوژ و ببڕ خۆیان بوون؛ نەهۆ سەردەمێکی وا هاتووەتە پێش. ئەوانیش دەرکیان بەو فاکتە کردووە، کە ئەو مێنتەلێتییەی لە ڕۆژگاری زێڕینی خۆیاندا کاریان پێ کردبوو، بڕوایان پێی بوو، بەموو لێیان لانەدەدا و لە پێناویدا چەندین پاشا و جێنشین ناچاربوون دەستبەرداری تاج و تەختی شایانە ببن، وەختێک سەرپێچییان لێ کردووە. کەچی ئەمڕۆکە ئەم نەریتە، ئەو گرینگییەی جارانی نەماوە و چی دی پێی لەسەر داناگرن.

کەچی لە کن خۆمان، خێڵی بەئاین و برنەو چەکدار، ئێستاش لە هەندێک شوێن ماوە بەژن نادات، شانبەشانی پیاو بێتە مەیدانی کارەوە. هەر لەمەڕ پرسی ژنخوازی و بەپێی توژینەوەکەی "هاشم محمد علی"، کە بەناوی "بحوث حول الایزدیة"، کە لە ماڵپەڕی "الحوار المتمدن"دا، بڵاوی کردووەتەوە، هاتووە، کە لە نێو ئۆلی برا ئێزدییەکاندا، دۆخەکە هێشتا تەواو پێچەوانەی تەنانەت پاشاکانی دنیا و ڕۆژئاوایشە. ئۆلی ئێزدی، کە لە پێنج توێژی سەرەکی پێک هاتووە "پیر، فەقیر، قەووالەکان، کوچک و مرید" ئەم پێنج توێژە، بۆیان نییە لە نێو یەکدا هاوسەرگری چێ بکەن. تەنانەت لە نێوان بنەماڵەی پیرەکاندا، کە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە پۆلێن کراونەتە سەر پێنج شێخ یان "پیر"، دیسان هاوسەرگری چێ نابێت. واتە دەستەی شێخ حەسەن "بۆ نموونە" بۆی نییە لە دەستەی شێخ ناسرەدین و بەپێچەوانەوە ژن بخوازێت. "بحوث حول الایزدیة: الحوار المتمدن، العدد ١٧٤٨"

باشە لە دۆخێکی وەهادا، کە تەنانەت توێژەکانی سەربە ئاینێک، بەیەکودوو حەرام و قەدەغە بن. لەولاشەوە ڕۆڵەکانی هیچ ئۆلێکی پێکهاتەی کوردستان بۆی نەبێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تێکەڵ ببێت و ژنخوازی چێ بکات، ئیدی ئێمە بە چی حەقێک لافی ئەوە لێ دەدەین، گوایە سەرئازادین و شایستەی سەربەخۆیین؟ ئایا نموونەی ئەم تەرحە مێنتەلێتییە لە هیچ کەلێنێکی ئەم جیهانەدا باوی ماوە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەش ناگەیێنێت، کە ئێمە ترسمان لە خۆشمان هەیە؟ ئەوەتا لە ناو خۆماندا من و تۆ، ئێمە و ئەوان هەیە. ئایا بەم مێنتەلێتییەوە دەتوانین وەک گەلێکی یەکگرتوو خۆمان بەجیهان بناسێنین؟

چی خەوشێکی تێدایە ئەگەر لاوێکی ئێزدی کێژێکی موسوڵمان بخوازێت، یان

بەپێچەوانەوە؟ بام کوڕە لە لای خۆیەوە نوێژی خۆی و مەراسیمی ئاینی خۆی پیادە بکات و کچەش لە لای خۆیەوە هەمان دەستوور. ئایا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە بە مێنتەلێتیی خۆماندا بچینەوە؟ دیارە ئەم پرۆسەیە هەروا ئاسان نییە و پێوستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی ڕووناکبیری بەسەر هزر و مێنتەلێتیی خۆماندا هەیە. شۆڕشێک ڕووناکبیر و پارت و ڕەمزە ئاینییەکان تێیدا هاوڕا و ئالیکار بن.

مامەڵەکردنی بەچاوی غەریب، یان بیانی لەگەڵ کەمایەتییە ئاینی و ئیتنیکییەکانی کوردستاندا لەلایەن کورد خۆیەوە بەرئەنجامی باشی نابێت. بەڵکو ئازیزانی وەک یارسانیان و ئێزدییان نابێت هەستی کەمایەتیی ئاینی تێیان بئاڵێت. چونکە گرووپە کەمایەتییەکان، لەو جۆرە جڤاکانەدا، هەستی گوێڕایەڵییان بۆ نیشتمان بێ هێز دەبێت، چونکە نیشتمان لە وەها دۆخێکدا ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی مکووڕ بەسەرانی دەسەڵاتەوە گرێ دراون، کە هیچ کامیان لەوان نین، بەڵکو سەربە ئاینی سەردەستن. بۆیە ئەوان هەر بەوەی زمانیان یان ئاینیان لە ئاینی فەرمی جیاوازە، ئەگەرچی لە زێدی خۆشیاندان کەچی خۆیان بەغەریب دەزانن.

زاراوەی کەمایەتی لە خۆیدا نەرێیانە، هەستگەلی مرۆڤ بەرانبەر بەزۆرینەی بالادەست دەجوولێنێت. بەتایبەت ئەوان لە سەردەمەکانی پێشووتردا پشتگوێ خرابوون و پلە و پایەی گرینگی دەوڵەتیان پێ ڕەوا نەبینرابوو. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە زۆرینە پتر گوشاریان لەسەر بووە، بۆ گۆڕینی ئەوێتیی خۆیان.

گەرەکە ئەو خەرەندەی، کە داگیرکەر لە نێواندا دروستی کرد پڕ بکرێتەوە. خۆ ئەو ئازیزانە لە ئەنجامی جەنگ و کارەساتی سروشتییەوە لە جێی کۆنی خۆیان هەڵنەکەندراون و لە کوردستان گیرسابێتنەوە. ئەو ئازیزانە لە ماڵ و حاڵی خۆیاندان، لەسەر خاکی خۆیانن، بۆیە هەرگیز نابێت هەستی غەریبی دایان بگرێت. بەتایبەت ئێزدییەکان، کە بڕوایان وایە یەکەم پارچە زەوی لە لایەن خواوەندەوە ئەفرێندرابێت "لالش"ە.

واتە شوێن (مکان) بۆ یەکەمجار لێرەوە، لە لالشەوە لە دایک دەبێت و دەتەنێتەوە. لێرەوە ژیانی مرۆڤ بەڕێ کەوتووە. یەکەم ئاو کانیا سپییە. خولاسە توخمەکانی پێکهاتەی گەردوون لە "خاک، ئاو، هەوا و ئاگر" لەسەر زەمینی لالش دروست بوون.

کوردستان نیشتمانی خۆیانە و خاکێکی زێدە دێرین و پیرۆزە. ئێرە نیشتمانی یەکەم و هەتاهەتاییانە. زێدی ئاینی و نەتەوایەتییانە و ئەشکۆکانیان لێرە ژیاون و مردوون. ئەوانیش هەر لێرە دەژین و دەمرن. بیرت بێت، لەلای ئێزیدییان خواوەند بەزمانی کوردی دەئاخڤێت.

ئەم داخرانە بەسەر خۆی خۆماندا و بەسەر دنیادا، زۆرمان دوادەخات و لە ئەنجامدا کەرت و پەرتبوون و توندوتیژی بەرهەم دێنێت. ئێمە دەبێت سوود لە هەموو هزر و فەلسەفەیەکی کراوەی دەرەوەی خۆمان وەربگرین و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاریدا لێیان بەهرەمەند ببین. سەردەمی کرانەوەیە بەسەر دنیادا. ئەم هزر و کولتوورەی، کە لێی دواین وەک ژووژوو داخراوە. هەرچی مێنتەلێتیی خێڵیشە هاوسانە بە پاشڤەرۆیی، ستەم، نەزانین و ئیگۆییزم. هەر ئەم هۆکارانەش بووە، سەرپاکی ئیمارەتە کوردییەکانی، کە هەر هەموویان خێڵ بوون و برێک فراوانتر دەرکەوتوون، لە مێژوویەکی کورتدا بەرەو پووکاندنەوە و پاشتر بەرەو داڕمان پاڵ داوە.

مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت، داخۆ بەڵگەی کوڕانی خێڵ چییە کاتێک ئەوان مانا و ناوەڕۆکی شەرەفی بنەماڵە، لە جەستەی مێینەدا دەبینن؟ لە ڕاستیدا بەم بۆچوونەیاندا دیارە، کە ئەوان دوای وەهم کەوتوون. دەنا کوڕ و کچ هیچ کامیان هەڵگری شەرەفی بنەماڵە نین. هەر کەسە و هەڵگری شەرەفی خۆیەتی. لە دنیای نوێدا، بەپێی یاسا، هەر کەسە و لە جەستەی خۆی بەرپرسە. ناکرێت مرۆڤ کڕین و فرۆش بە ئەندامەکانی لەشی خۆیەوە بکات. چونکە مرۆڤ گەلێک لەوە باڵاترە بەپارە ئەندامەکانی لەشی بقەبڵێندرێن و وەک کاڵا نرخیان لەسەر دابندرێن؛ کەچی تاک ئازادە ئەگەر بەحوسن و ڕەزای خۆی ئەندامانی لەشی ببەخشێت، یان دەتوانێت وەسێت بکات دوای مەرگی بیانبەخشێت.

بەسەرێکی دیکە، بەشێکی ئەو مامەڵە و هەڵسوکەوتەی ئێستا لەگەڵ ژندا پەیرەو دەکرێت لە عورف و عادەتی سەردەمی جاهیلیی بەر لە پازدە سەدەوە سەرچاوەیان گرتووە. گەرەکە بەپێی یاسای سەردەمییانە ژن لە بەندی مێژوو، لە ژێر وسایەتی پیاوانی ئاین دەربهێنرێت و تەواوی مافە ئینسانییەکانی پێ ڕەوابببینرێت. لە مافی

ژنە موسوڵمانی سەلەفی و ژنی خێڵەکییەوە ڕزگاری بکەین و بۆ سەردەمی ئەمڕۆی بگوێزینەوە. ئەو داوونەریتە پاشڤەڕۆیەی خێڵ، کە دەڵێت ژن دەبێت هەمیشە پاشکۆ و گوێڕایەڵی پیاو بێت، بەپێی یاسا هەڵبتەکێنین و مافەکانی مرۆڤ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژندا پێودانگ بێت.

مێژووی ئێمەش وەک مێژووی گەلانی دەوروبەر نێرسالارە. وەلێ دەکرێت لەمەودوا گرینگی بەو مێینانە بدرێت، کە ڕۆڵی مێژوویییان دیوە. یان ئەو ئافرەتانەی، وەک ماه شەرەفخانمی ئەردەلان، کە لە بواری ڕووناکبیریدا شانبەشانی پیاو جێ دەستیان دیارە، بچنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە و مێژووی ژیان و بەرهەمەکانیان بخوێندرێت.

پێ دەچێت لە شارەکانیشدا پۆستی "موختار"، ڕێک بەرانبەر بە سەرخێڵ و ئەنجوومەنی خێڵ بێتەوە و بریکاری ئەوان بێت. دیارە ئیختیار و موختاریش هەر داهێنراوی مێنتەلیتیی خێڵن، دەنا بۆچی هەرکە پشتت کردە ئەم کاولە عێراقە، ئیدی ئەم پۆست و ناونیشانانە بەجارێک شوێن و هەتەریان نامێنێت.

مرۆڤ لەم چاخەدا، لە سا و پەنای کاری هەرەوەز و دەرفەتی کاری هاوسان بۆ هەمووان و دەزگە و دامەزراوەی بەپێی یاسا ڕۆنراو و سیستمی پەردوەردە و پرۆگرامی نوێی خوێندندا دەتوانێت موختار، سەرخێڵ و ئەنجوومەنەکەی ڕەوانەی ئەنتیکەخانەی مێژوو بکات و بۆ خۆشی کارا و ئازاد بێت. ئەگەرنا بۆچی هەر ئەو کوردە نەزان و ڕووت و ڕەجاڵەی کاتێک بەهەر پەلەقاژە و دەردیسەرییەک بووبێت، بەکەشوهەوای ئازادیی ڕۆژئاوا شاد دەبێت، ئیدی جیاوازییەکانی ڕەنگ و زمان و ئاین دەنێتە ئەولاوە و لەوێ دەبێتە خاوەنی هەردوو هێزی سامان و زانستیش؟

مەرجی بنەڕەتی بۆ دەربازبوونی تاکی کورد لە هەژموونی خێڵ تاکە بالادەستەکان ئەوەیە، یاسا بەجۆرێک ئەکتیڤ بکرێت ئەلتەرنەتیڤی هەموو ئەم هێزە بینراو و نەبینراوانەی ناو کۆمەڵ بێت. تاکو یاسا بتوانێت تاک لە دەسەلاتیان بپارێزێت. ئەگەر هاوولاتی ئازاد نەبێت، نیشتمانیش ئازاد نییە.

گەرەکە ماوە بەژیری بدرێت، ئازادانە گەشە بکات، هیچ لەمپەرێک لە ڕێیدا قوت نەکرێتەوە، بەڵکو هان بدرێت. با خەڵک ئازادانە ڕای خۆیان لەمەڕ تەواوی

دیاردەکان دەرببڕن و بنووسن. تاکو داهێنان لە تەواوی بوارەکاندا بێتە ئاراوە. بلا پڕۆژەی گەورەی ڕووناکبیری لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن دابمەزرێت و بەتەواوی پێویستییەکانی کامڵبوون و بەردەوامبوون، لە کادیر و سەرچاوەی زانستی دەوڵەمەند بکرێت. ئێمە لە ژێر کاریگەری و باری قورسی پێوەندیی بۆماوەداین و بەئاسانی ناگۆڕێین. هەروەک ئێمە بەبڕیارنامە و بەیاننامەش ناگۆڕێین. دەبێت لەگەڵ ڕۆژگاردا دەزگە ڕووناکبیرییەکان ڕۆڵیان هەبێت.

تەواو

٢٠٠٨/٨/١٠

# سەرچاوەکان

(1) Kurdere Truede Folk, Flemming Madsen Poulsen, Munksgaard,1993. s.15.

(2) Bernt Glatzer, Concept of Tribal Society, New Delhi, 2002. p.

(3) Heidi Laura, Storebyens Stammer, 1.udgeve 1. oplag. 2006.s. 15,

(١) نصر حامد أبوزيد، دوائر الخوف، ط ١، المركز الثقافي العربي، دارالبيضاء ١٩٩٩.

(٢) القبيلة، من أين إلى أين، ط ١، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت ، ايار ١٩٨١ "ناوی نووسەری لەسەر نییە"

(٣) بزووتنەوەی کورد، هیوا، ژمارە ٧ ساڵی ١٩٩١. ڕاپۆرتێکە لە لایەن "نەزەند بەگیخانی"یەوە کراوەتە کوردی.

(٤) فاخر قاسم، أسباب وآثار إنبعاث المؤسسة العشائرية في العراق، الثقافة الجديدة، العدد ٢٧٧ تموز، آب ١٩٩٧.

(٥) موسى برهومة، العشيرة أم المجتمع المدني، الحياة، العدد ١٢٦٠٨ في ١٩٩٧/٩/٦.

(٦) ب. ليرخ ، دراسات حول الأكراد الخالديين الشماليين وأسلافهم، ط ١، ترجمة: عبدي حاجي، دمشق ، ١٩٩٢، ص٤٧.

(٧) د. ئەمیر حەسەن پوور، کوردایەتی و کێشەی تیۆری، هاڤیبوون ، ژمارە ١١ ساڵی ٢٠٠٢.

(٨) برهان غليون، نظام الطائفية، من الدولة الى القبيلة ، ط ١، المركز الثقافي العربي، بيروت في نيسان ١٩٩٠.

(٩) نوبو أكي نوتوهارا، العرب، وجهة نظر يابانية، منشورات الجمل، ٢٠٠٣.

(١٠) هاشم طه عقراوي، الأسس النفسية والأجتماعية للقبائل الكوردية. مطبعة بلدية كركوك.

(١١) ئيَس. ظي. ظيگين، عند منابع دجلة، ترجمة: د. محمد البندر، دار النشر سركون، سويد، ٢٠٠٣.

(١٢) ابراهيم الداقوقي، عشائر كوردستان، رابطة كاوا للثقافة الكوردية، ط ١، بيروت ٢٠٠٢ .

(١٣) إبراهيم الداقوقي، أكراد تركيا، دار المدى، دمشق، ٢٠٠٣.

(١٤) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

(١٥) علي أكبر كوردستاني، الحديقة الناصرية في تأريخ وجغرافيا كردستان. ترجمة: جان دوست، اربيل، ٢٠٠٢.

(١٦) دانا ادمز شمدت، رحلة الي رجال شجعان في كوردستان، ترجمة و تعليق: جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية، اربيل ١٩٩٩.

(١٧) شۆڕش حاجی، تەعریبی کەرکووک، چاپخانەی دار الحکمە، لەندەن، ساڵی ٢٠٠٤.

(١٨) پەندی پێشینان، بەقەڵەمی: شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، ١٩٧١.

(١٩) عومەر شێخ الله علی، پەندی کوردی، دار الحرية للطباعة، بغداد.

(٢٠) عبدالله الغذام، ثقافة الوهم، ط ١، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء ١٩٩٨.

(٢١) هەژاری موکریانی، مێژووی ئەردەڵان، (وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە)، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(٢٢) زينب معادي، الجسد الأنثوي وحلم التنمية، دار البيضاء ٢٠٠٤.

(٢٣) عامر حسين، خلف الطواحين، "ناوی چاپخانە و شوێنی چاپی لەسەر نییە" ١٩٩١.

(٢٤) آمنة بو عياش، وضعية المرأة المغربية من خلال بعض الدراسات، أبحاث، العدد السابع، السنة الثانية، شتاء ١٩٨٥.

(٢٥) سمية نعمان جسوس، بلا حشومة، ت: عبدالرحيم حزل، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ط ١، ٢٠٠٣.

(٢٦) زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، دار سردم للطباعة والنشر، كوردستان، السليمانية، ٢٠٠٦.

(٢٧) خلف الطواحين، عامر حسين، الطبعة الأولى، آذار ١٩٩١.

(٢٨) دبليو. أي. ويگرام و إدگار. تي. أي. ويگرام، مهد البشرية ترجمة: جرجيس فتح الله، منشورات دار ئاراس، الطبعة الثالثة، أربيل، ٢٠٠١.

(٢٩) ئی. ئار. لیچ، ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەواندز، و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕوون ٢٠٠٥.

(٣٠) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، من منشورات آراس، الطبعة الاولى، أربيل ٢٠٠٢.

(٣١) حوسێن حوزنی موکریانی، عەشایری ڕەوەندی کورد ئیسکان بن چاکترە، کۆواری ڕووناکی، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٣٦.

(٣٢) شەهرەزاد موجاب – ئەمیر حەسەنپوور، بەربەرەکانی لە دژی کوشتنی نامووسی، بەشی یەکەم، کۆواری سروە، ژمارە ١٩٧، سەرماوەز، ١٣٨١.

(٣٣) کاوە فەریق ئەحمەد شاولی، إمارة بادينان، القسم السابع، گولان العربي، العدد ٥٠ في ٣١ تەمووز، ٢٠٠٠.

(٣٤) جان دۆست، حمزة آغا و عشيرته المنكوبة، گولان العربي، العدد ٤٨ في مايس، ٢٠٠٠.

(٣٥) کلۆدیۆس جێمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد

حەمەباقی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.
(٣٦) د. فؤاد قادر، جمهورية كوردستان، ترجمة: گولان العربي، العدد ٧٧ في تشرين الاول ٢٠٠٢.
(٣٧) محەمەد حەمەباقی، میرنشینی ئەردەڵان – بابان – سۆران، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.
(٣٨) مارتین فان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ، لە ئەڵمانییەوە کردوویە بەکوردی، بەرگی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ لە سوێد ١٩٩٦.
(٣٩) هاشم محمد علي، بحوث حول الايزدية، الحوار المتمدن، العدد، ١٧٤٨ في ٢٠٠٦/١١/٢٨.
(٤٠) هەژار، بۆ کوردستان، چاپی چوارەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
(٤١) وديع العبيدي، مجتمعات الاغتراب والقرصنة، العرب أونلاين في ٢٠٠٦/١٢/٦.
(٤٢) عزمي بشارة، طروحات عن النهضة المعاقة، رياض الريس، بيروت– لندن، الطبعة الاولى في آذار ٢٠٠٣.
(٤٣) شاكر فتاح، اليزيديون والديانة اليزيدية، ترجمة، فيصل شمو الحكيم، ط ١، بيروت١٩٩٧، ص ١١٠.
(٤٤) جوناثان راندل، أمة في شقاق، ترجمة، فادي حمود، دار النهار للنشر، بيروت، ط ١، ١٩٩٧.
(٤٥) هێنی هەرۆڵد هەنسن، کچانی کورد و. لە ئینگلیزییەوە، د. ناجی عەباس ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، بەغدا ١٩٨٠.
(٤٦) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، تەئریخی جاف، ساڵی ١٩٩٥.
(٤٧) کەمال خورشید میران، خۆشناو و خۆشناوەتی، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٥.
(٤٨) محەمەد فەریق حەسەن، مەملەکەتی ماسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
(٤٩) أحمد أبو مطر، أحداث الحادي عشر من سبتمبر ٢٠٠١، ط ١، دار الكرمل للتوزيع والنشر، عمان ٢٠٠٧.
(٥٠) محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، چاپی یەکەم، إنتشارات بلخ، ٢٠٠٠.
(٥١) عباس العزاوي، عشائر العراق. "دەقی کتێبەکە لە ڕێی ماڵپەڕی العراق للجميع"ەوە.
(٥٢) أنطوني جيدنز، عالم جامح، ت: عباس كاظم و زهير ناظم، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٣.
(٥٣) مقدمة إبن خلدون، الجزء الثاني، الفصل السادس عشر. "دەقی کتێبەکە لە ڕێی ماڵپەڕی التراث"ەوە.
(٥٤) فواز فرحان، المرأة الأيزيدية و حقوقها الضائعة، الحوار المتمدن، العدد، ٢١٣١، في ٢٠٠٧/١٢/١٦.
(٥٥) خليل جندي، الأيزدية الي الوراء درِ، الحوار المتمدن، العدد، ٢١٣٤، في ٢٠٠٧/١٢/١٩.

(٥٦) صاحب الربيعي، غريزة القطيع عند الكائنات الحزبية، الحوار المتمدن، العدد، ٢٢٣٣ في ٢٠٠٨/٣/٢٧.

(٥٧) جان بيير فرنان، الأسطورة في المجتمع اليوناني القديم، ترجمة، سبحان الحسين، ضمن "عناصر الكتابة الفلسفية" مؤسسة بنشرة للطباعة والنشر، دار البيضاء ١٩٨٧.

(٥٨) ر. ديكارت، مقال عن المنهج، ترجمة، محمود محمد الخضيري، ط ٢، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٦٨.

(٥٩) ف. هيجل، محاضرات في الفلسفة، الجزء الأول، العقل في التاريخ، ترجمة، عبدالفتاح إمام، دار الثقافة القاهرة ١٩٤٤.

(٦٠) إ. كانط، ماهى الأنوار؟ الاعمال الكامله، بلياد ج ٢، غاليمار، ١٩٨٥.

(٦١) علي حرب، التأويل والحقيقة، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٥.

(٦٢) ديكارت، "التأملات" التأمل الثاني، ترجمة، عثمان أمين، مكتبة الانكلومصرية، طبعة الثانية ١٩٧٤.

(٦٣) زكريا إبراهيم، برجسون Bergson ، سلسلة نوابغ الفكر ٣، دار المعارف، الطبعة الثانية ١٩٦٨.

(٦٤) جەمال نەبەز، پاش نیوەرۆیەک لە خزمەت شاری کوردستان "شێخ مەحموودی نەمر."، ئینتەرنێت، ماڵپەڕی کۆنگرە. ئەم نووسینە ١٩٩٧، لە ئەڵمانیا و ٢٠٠١، لە کۆواری کۆنگرەی ژمارە ٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(٦٥) محمد عابد الجابري، مفهوم الأنا ولآخر، سایتی تایبەتی نووسەر.

(٦٦) محمد عابد الجابري، العولة والهوية ومسألة المواكبة، سایتی تایبەتی نووسەر.

(٦٧) محمد عابد الجابري، المواطن والمواطنة. أمس واليوم، سایتی تایبەتی نووسەر.

(٦٨) عند منابع دجلة، تأليف: ئيَس. ظي. ظيطين. ترجمة: د. محمد البندر، دار سركون للنشر، الطبعة الاولى باللغة الروسية: ١٩٢٩، الطبعة الاولى بالعربية: ٢٠٠٣، سويد.

(٦٩) فاطمة الزهراء أزرويل، نساء ورجال، نشر الفنك، دار البيضاء، ١٩٩٢.

(٧٠) محمود مفلح البكر، العرس الشعبي، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت ١٩٩٥.

(٧١) جان نويل كابفيرير، الشائعات، ط ١، ترجمة: تانيا ناجيا، دار الساقي، لندن ٢٠٠٧.

(٧٢) عمر الأنصاري، الرجال الزرق، دار الساقي، ط ١، بيروت ٢٠٠٦.